# گەڕان بەدوای نەمرییدا

## لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی مێژوویی بەراوردکارییە
## لەنێوان ئەفسانەی (کوردی و فارسی)دا

**مەولود ئیبراهیم حەسەن**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

## پێشکەش:

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بەهەمــوو ئەو (مـرۆڤ)انەی کـە ئەگـەر (سەفەر)ی (دۆزەخ)یش بکەن! بەڵام، هەمیشە (گوڵ)ی (بەهەشت) لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە.

***

زانا ئەفسانە دەکات بەزانست، نەزان زانستی لێ دەبێ بەئەفسانە!!

مەولوود

کوردستان خەزینەیەکە هێشتا بە چاکی نەناسراوە

کامبانیلی



ناوی کتێب: گەڕان بەدوای نەمرییدا لەنێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا
نووسینی: مەولود ئیبراهیم حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٣٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# پەیڤی چاپ

لە کاتێکدا کە خەریکی نووسینی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بووم، بەتایبەت کە بەندی -مێژووی ئەفسانەی کوردی- هاتە پێش، سەیرم کرد ناتوانم ئەم مێژووە بنووسم، هەتا ئەگەر بەکورتیش بێ؛ تا چەند ئەڵقەیەکی تر هەیە نەیەنەوە سەر یەک، ئەویش ئەوەیە:

یەکەم: ئەم جوگرافیایە کوێندەرە کە لە کۆنەوە ئەو میللەت و هۆزانەی تێدا نیشتەجێ بووە کە کوردیان لێ پێکهاتووە؟

دووەم: ژیان لە کەیەوە لە کوردستان پەیدابووە، ئەو هۆز و میللەتانە کامانەن کە ڕۆڵی گرنگیان لە پێکهاتەی کورد و ناوچەکەدا بینیوە؟

سێیەم: ئایین لە کوردستان لە کەیەوە سەری هەڵداوە و ئایینەکان کامەن؟

واتە دەبێ مێژووی جوگرافیای کوردستان بزانین و بناسین، مێژووی کوردستان بخوێنینەوە، مێژووی ئایینەکان لە کوردستان بەسەر بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەر یەکێک لەم مێژووانەش بنووسین بێ شک دەبێ لە ئەفسانەی کوردییەوە دەست پێ بکەین، جا ئەو کاتە دەتوانین باس لە (مێژووی ئەفسانەی کوردی) بکەین.

ئەوەی من لە دەستم هات بەم توانای بێ توانایی خۆم و بەپێی بەرنامە و کاتی لێکۆڵینەوەکە کردم، هەرچەندە چاکیش دەزانم، ئەم کارە کارێکی سەرەتایە و لە کەموکورتی بەدوور نییە! بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە بتوانم چەند سەرنجێک بخەمە بەردەستی دەزگا زانستی و هونەری و ئەدەبی و ئەکادیمییەکانی کوردستان، بەتایبەت زانکۆکان، بەو هیوایەی کە بەکارێکی ئەستەمی نەزانن، چونکە لەمێژە گوتراوە: (ڕێگای هەزار میل بەیەک هەنگاو دەست پێدەکات).

خاڵەکانیش ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

١- کردنەوەی بەشی زمانە کۆن و مردووەکان، ئەو زمانانەی کە لە ڕۆژگارە جیاجیاکاندا زمانی دەوڵەت و ئایین و شارستانییەت بوون لە کوردستان، وەکو سۆمەری و ئیلامی و ئەکەدی و هەموو ئەو زمانانەی کە نووسراویان لە پاش بەجێماوە و ئێستا لە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێندرێن و پسپۆری تایبەت بەخۆیان هەیە، هەروەها زمانی سانسکریتی و ئاوێستا و پەهلەویش، بۆ ئەوەی لاوانی کورد بتوانن لەم زمانانەدا پسپۆری پەیدا بکەن، چونکە دەرکەوتووە، ئەگەر لێکۆڵەرەوەی کورد ئەم زمانانە بزانێ و بەزانستییەوە لێیان بکۆڵێتەوە، ئەوا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان زانستییانەتر راستییەکان ڕوون دەکاتەوە و ئەم ڕوون کردنەوەیەش لە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا دەبێ.

بۆ نموونە: لێکۆڵەرەوە (مەسعود سەعید یاسین) لە کتێبی (ئەرێ، سۆمەرییەکان ئەگەر کورد نەبن چ کەسن؟)دا چونکە لێکۆڵینەوەکەی لە ڕووی زمانەوە (واتە: زمانی سۆمەری)یەوە لەسەر سۆمەرییەکان کردووە، گەیشتووتە ئەو ڕایەی کە بڵێ: (ئەگەر زاناکان کاتی خۆی بەراوردێکیان لەنێوان زمانی



سۆمەری و کوردیدا دەکرد، کێشەکە دەبڕایەوە) واتە: کێشەی ڕەگەزی سۆمەرییەکان دەبڕایەوە، وەکو دەزانن هەتا ئێستا کێشەیەکی زۆری لەسەرە. ئەو لێکۆڵەرەوە لە لێکۆڵینەوەکەیدا گەیشتووتە ئەو ڕایەی کە پەیوەندییەکی زۆر و بەتین لەنێوان کورد و سۆمەرییەکاندا هەیە، لەو ڕایەشدا پشت بەزمانی (سۆمەری و کورد) دەبەستێ.

دیسان لێکۆڵەرەوەی کورد (عیمادەدین دەوڵەتشاهی) ئەویش کە لە ڕووی زمانەوە لە (ئاوێستا)ی کۆڵیوەتەوە، هەر ڕایەکی لەم جۆرەی بەدەست هێناوە واتە پەیوەندی (ماد و کورد) لە زمانی ئاوێستا و زمانی کوردیدا دەدۆزێتەوە و دەنووسێ: (چونکە زمانی یەکەمی ئاوێستا کوردی بوو، ئەو زانایانەی کە ئاوێستایان وەرگێڕاوە، کوردییان نەزانیوە، لە ئەنجامدا بەهۆی بەسەرچوونی ڕۆژگار وەرگێڕانی جیاجیای ئاوێستا پەیدا بووە) واتە: هەردوو لێکۆڵەرەوەی کورد، چونکە کوردن و کوردی چاک دەزانن و لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی سۆمەری و ئاوێستادا دەکەن، لە ئەنجامدا ڕەگەزی سۆمەرییەکان و زمانی ئاوێستا دەبەنەوە سەر کورد و زمانی کوردی و بێ ئەوەی ئاگاداری یەکتر بن زانینی زمانی کوردی بۆ ئەمجۆرە کارانە بەگرنگ دەزانن.

باشە! ئەگەر زۆر لێکۆڵەرەوەی تر، بەکوردی و بەزانستییەوە لە ڕووی زمانەوە لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەم زمانانە و هەموو زمانە کۆن و مردووەکانی تردا بکەن، ئەوا چەند راستی تر سەرهەڵدەدا و چەند کێشەی تر دەبڕێتەوە؟!

٢- زانا و شارەزاکانی کورد پێویستە بەوردی ئەو پاشماوە کۆن و نووسراو و وێنە کراوانە بخوێننەوە و شی بکەنەوە و بەچاوی خۆیان ڕاستییەکان ببینن، چونکە دەرکەوتووە لەبەر زۆر هۆ هەموو ئەو پاشماوە کۆنانە بەتەواوی نەخوێندراونەتەوە و هەموو ئەمانەش کە خوێندراونەتەوە، بەوردی شی نەکراونەتەوە، ئەوەش کە شی کراونەتەوە، ئێمەی کورد بەچاکی تێیان نەگەیشتووین. لەم نێوەدا زۆر ڕاستی هێشتا بەنهێنی و پەنامەکی ماونەتەوە، کە دەکرێ لەنێوان ئەو نهێنییانەدا سوودی زۆر بەمێژووی کورد و ناوچەکە بگات.

٣- پێگەیاندنی و ڕاهێنانی کادر و پسپۆر لە هەموو بوارەکانی شوێنەوارناسی، بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوەی زانا و دڵسۆز و دەست پاکی کورد بۆ خۆی خەریکی پشکنین و شوێنەوارە کۆنەکان بێت و چیتر (لەبەر زۆر هۆ) پاشماوە گرنگەکان تێکنەچن و نەدزرێن و نەشێوێندرێن و لە بێن نەچن.

٤- هەموو ئەو کتێب و لێکۆڵینەوە و نووسین و بەڵگە و وێنانەی لەبارەی مێژووی کۆنی کوردستان و ناوچەکە بەزمانی تر نووسراون، یەکسەر لەو زمانەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و بکەونە بەردەستی پسپۆرانی ئەم بوارە، چونکە هێشتا زۆر لەم کتێب و لێکۆڵینەوە و نووسین و بەڵگە و وێنانە کە بەکتێبخانە و مۆزەخانەکانی دنیادا پەرتن، بەئاسانی دەست لێکۆڵەرەوەی کورد ناکەون.

٥- کردنەوەی مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بۆ ئەوەی پاشماوە کۆنەکانی کوردستان و ناوچەکەی تێدا کۆبکرێتەوە و ئەوانەی بەدنیادا پەرت کراون هەوڵی گێڕانەوەیان بدرێ و ئەگەر نا وێنەی دەقاودەقیان لێ دروست بکرێ، بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوەی کورد لە نزیکەوە و ڕاستەوخۆ سوودیان لێ

ببینێ.

٦- مێژووی هەموو ئەو هۆز و نەتەوانەی پێش زایین، کە ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی میللەتی کورد، بەجیا بنووسرێنەوە و ئایین و فەرهەنگ و شارستانییەتیان دیار بکرێ و دەبێ بەشێوەیەکی تر و بەدیدێکی تر لە هاتنی ئارییەکان و ڕۆیشتنی سۆمەرییەکان بکۆڵینەوە.

ئەگەر ئەم کارانە و زۆری تر بەبەرنامە و زانستییانە ئەنجام بدرێن، ئەوا زۆر ئەڵقە و پاشماوەی گرنگی میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان بەدەردەکەون. کە زۆر گەورەتر و پیرۆزترن لەو شانازییانەی کە هەندێ کەس لە ڕووی دڵسۆزییەوە بەخەیاڵ دروستیان دەکەن.

لێکۆڵەرەوەیەک لەمێژە گوتوویەتی: (کوردستان خەزێنەیەکە هێشتا بەچاکی نەناسراوە). وەرن با کوردستان بەچاکی بناسین! لە ڕاستیدا کوردستان ناسین ئەرکی لێکۆڵەرەوەی کوردە، ئەگەر سیاسەتمەدارەکانی کورد، ئەرکیان ئەوەیە کە لەبارەی کوردەوە پرسیار لە دنیا بکەن! ئەوا ئەرکی لێکۆڵەرەوەی کورد ئەوەیە کە لە بارەی کوردەوە بەزانستییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دنیا بداتەوە!

لە کۆتاییدا دەزانم، بەڕێزی وا هەیە کە دەڵێ: (تۆ باسی ئەفسانە!! دەکەی چیت بەسەر ئەم هەموو کارانەوەیە) لە وەڵامدا دەڵێم: هەموو ئەم کارانە لە خزمەت ئەوەن کە بتوانین (مێژووی ئەفسانەی کوردی) بنووسین. هەر وەختێ مێژووی ئەفسانەی کوردیشمان نووسی، ئەوکاتە دەتوانین سەرەتا و پێشینەی مێژووی هەموو مێژووەکان بەتەواوی بنووسین، بەمێژووی کورد و مێژووی ئایینی کورد و مێژووی زمانی کوردی و مێژووی زانست و فەلسەفە و مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی هەموو مێژووەکانی کوردەوە. بەهیوای ئەو ڕۆژە.

*مەولود ئیبراهیم حەسەن*

*هەولێر ١١ی گەلاوێژی ٢٠٠١*



# پێشەکی

## هەڵبژاردنی ناونیشان

ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨ کە خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەی کتێبی (قەدەغە شکێنی)(*-١) بووم، هەر ئەو وەختە چەند ناونیشانێکی ترم پەراوێز کردبوو، حەزم دەکرد ئەگەر کاتێکی لەبارم دەسکەوێ کاریان تێدا بکەم. یەکێ لەم ناونیشانانە (گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانەی کوردی و فارسیدا) بوو، کە ساڵی ١٩٩٨ لە زانکۆی سلێمانی بەشی کوردی وەکو قوتابییەکی خوێندنی باڵا لەو بەشە وەرگیرام، وا ڕێکەوت ئەم ناونیشانە لەوانیتر بەخت یارتر بوو، بۆیە دواجار بوو بەناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لەوەش کە لە جیهانی فرەوانی ئەفسانە تەنیا مۆتیفی، Theme تیمەی(گەڕان)م هەڵبژاردووە لەبەر دوو هۆ بوو.

یەکەم: لەکاری زانستیدا ناونیشان زۆر گرنگە و دەبێ ناونیشانێک بێ کە پێشتر کاری تێدا نەکرابێ.

دووەم: ناونیشانێک بێ سنووری کارەکەت دیاری بکات و لەو سنوورە نەچیتە دەرەوە.

ئەگەر نا جیهانی ئەفسانەی کوردی وەک دەشتێکی بێ سنووری کارتێدانەکراو وایە، بەتایبەت کاری زانستی و ئەکادیمی، بۆیە لەهەر کوێ دەست بەکار بکەیت و لەهەر شتێک بکۆڵیتەوە هەر پێویست و گرنگە. لەوەش کە لێکۆڵینەوەکە بەراوردە لەگەڵ ئەفسانەی فارسی، هۆیەکەی ئەوە بوو کە ئێمەی کورد مێژوو و کەلتوورمان لەگەڵ زۆر نەتەوە و وڵاتدا و لە زۆر سەردەم تێکەڵ بووە، ئێمەش بۆ ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی ئەڵقە ونەکانی مێژوو و کەلتوورمان پێویستمان بەگەڕان هەیە لەنێو مێژوو و کەلتووری ئەم گەل و وڵاتانە. بەتایبەت وڵات و گەلانی ئێران و میللەتی فارس. لەوەشدا شتێک یارمەتیمان دەدات، ئەویش ئەو میرات و کەلەپوورەیە کە ئەمڕۆ فارس بە(ئێرانی) ناو دەبات. لێکۆڵەرەوەی کوردیش دەتوانێ و مافی خۆشییەتی کە زانستییانە سوودیان لێ ببینێ و لێکۆڵینەوەیان تێدا بکات و دواجار لەنێو ئەو میراتە ماڵی خۆمان بەسەر بکاتەوە.

هۆی ئەوەش کە لەنێو جیهانی ئەفسانەدا و لەنێو ئەم هەموو (کەسایەتی) و هێما و ڕووداوە گرنگانە تەنیا تیمە (Themeی گەڕان)م هەڵبژاردووە، هۆیەکە ئەوە بوو کە گەڕان لەنێو ئەفسانە و حەکایەتە میللییەکاندا تیمەیەکی سەرەکییە و لەنێو ئەفسانەی کوردیدا- وەک ئەفسانەی هەموو گەلان- زۆر جۆر (گەڕان)(*-٢) هەیە، هەر ئەم هۆیەشە کە وای لە زانای ڕووسی (برۆب) کردووە. کە لە ڕێبازە مۆرفۆلۆژییەکەی (*-٣) گەڕان- سەفەر- بەخاڵی یەکەم دابنێ و بەگرنگترین خاڵی بژمێرێ و بەیەکێ لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی میللی بداتە قەڵەم، کە (ئەفسانە)ش بەشێکی گرنگی چیرۆکە میللییەکانە. تیمەی (گەڕان) لەنێو چیرۆکە ئەفسانەکاندا وەک داوی ملوانکە وایە و هەموو خاڵ و مەرجەکانی تر، یان بەجۆرێکی تر هەموو ڕووداو و پێشهاتەکانی نێو چیرۆکی میللی- ئەفسانە- کە بەیەکەوە

دەبەستێتەوە، چۆن کە زۆرجار (گەڕان) سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆک و ئەفسانەکەیە، ئەوا (گەڕانەوە)ش دوا خاڵ و کۆتایی چیرۆکە میللی و ئەفسانەکانە.

**گیروگرفتەکان**

گیروگرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک گیروگرفتی هەموو خوێندکارێکی خوێندنی باڵا لەم وڵاتە دوو جۆرە؛ جۆری یەکەم ئەو گیروگرفتە گشتییانەیە کە هەر لێکۆڵەرەوەیەک لە زانکۆکانی کوردستان، لەگەڵ ئەم گیروگرفتانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. جۆری دووەم لە گیروگرفتەکان، ئەو گیروگرفتانەن کە هەر لێکۆڵەرەوەیەک بەپێی باری ژیان و تایبەتی خۆی گرفتی خۆی هەیە. لە گیروگرفتە گشتییەکان، ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە کەمیی ژمارەی کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکان و هەژاری و ناڕێکیی ئەو ژمارە کەمەش کە هەیە، لە ڕووی کتێبی پسپۆڕی تایبەت و سەرچاوەی تازە و پێویست، ئەو کتێب و سەرچاوانەش کە هەن، لەگەڵ کەمیی ژمارەکانیشیان بەشی هەرە زۆریان هی پێش ڕاپەڕین و کتێبی تازە زۆر بەدەگمەن دەست دەکەوێ، ئەوانەش کە دەست دەکەون، یان لە ڕووی ڕێکخستن و دابەشکردنەوە ناڕێکن و وەختی لێکۆڵەرەوە زۆر بەخەسار دەدەن، یا ئەوەتە کۆن و دەسکاری کراون و بە دانە کەمن. سەرەڕای ئەوەش ئەگەرچی کتێبخانەکانمان لە ڕووی کتێب و سەرچاوەی (اختصاصیە)کانەوە زۆر هەژار و کەم سوودن، ئەوا دیسان کتێبخانە کوردییەکان لە لێکۆڵینەوەی خۆماڵی لەسەر ئەفسانە، ئەگەر لە ئاستی نەبوون نەبێ؛ ئەوا بێشک لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان تێناپەڕێ، ئەم هەژارییەش ئەگەرچی هیچ یارمەتییەکی شیاوی لێکۆڵەرەوە نادا، ئەوا ئەرکی لێکۆڵەرەوەش گرانتر دەکات(*-٤).

**گیروگرفتە تایبەتییەکانی لێکۆڵەرەوە خۆی لە چەند خاڵێکدا کۆدەبنەوە.**

- یەکەم هەموو خوێندکارێکی خوێندنی باڵا (ماستەر) مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێ و تەواوی وەختی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەکە تەرخان دەکات، لێکۆڵەرەوەی ئەم (نامە)یە لەم مافە بێبەش بوو، ئەوەش مانای ئەوە بوو دەبێ ڕۆژانە وەک هەر (کارمەند)ێکی میری دەوام بکات و ئەو دەوام کردنەش ماوەی لێکۆڵینەوەکەی درێژخایەن کرد و سنووری گەڕان و پشکنینی بەر تەسک کردەوە.
- کەمیی ماوەی هاتنی وزەی کارەبا، بەتایبەت لە شەودا کە ئەمەش هۆیەک بوو شەو نەتوانرێ قەرەبووی وەختە لەدەست چووەکانی ڕۆژ بکاتەوە.
- ماوەیەکی زۆر لێکۆڵەرەوە چاوەڕێی سەفەری ئێران بوو، بۆ بەدەستهێنانی کتێب و سەرچاوەی پێویست، دواجار ئەم سەفەرە ڕێک نەکەوت و ئەمەش بووە هۆی لە دەستدانی ماوەیەکی دیاریکراو و هۆی زەحمەتی بەدەستهێنانی کتێب و سەرچاوەکان، ئەمەش ئەرک و ماندوو بوون و خەرجییەکی زۆری ویست تا توانرا بەپێی پێویست بۆ پلانی کارەکە کتێب و سەرچاوە بەدەست بهێنرێ.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (سێ بەش) پێکهاتووە:



بەشی یەکەم: گرنگیی بەپێناسە و پێکهاتە و چەمک و مێژووی ئەفسانە بەگشتی و ئەفسانەی کوردی بەتایبەت داوە. سەرەتا پێناسەی زانایانی جیهانی لە چەند ڕوویێکەوە بەسەر کردووەتەوە، پاش ئەوە ڕا و پێناسەی لێکۆڵەرەوە و نووسەرانی کوردی بەنموونە هێناوەتەوە، پاشان جۆر و پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی بە(تایبەتمەندی)یەکانیانەوە باس کردووە.

لە بارەی (مێژووی ئەفسانەی کوردی)یەوە(*-٥) پێویست بوو سەرەتا مێژووی کورد، کە ئەویش دەکاتە مێژووی ئەو گەل و هۆزانەی کە لەکۆنەوە لە کوردستاندا ژیاون و مێژوونووسان میللەتی کورد بەئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەم هۆزانە دەزانن. ئەو مێژووە بەسەر بکرێتەوە، ئەویش لە ئەشکەوت نشینەکانی کوردستانەوە دەستپێدەکات، لە پێش گشتیانەوە مرۆڤی ئەشکەوتی شانەدەرە، کە زانایان ژیانی نێو ئەو ئەشکەوتە بە(١٠٠،٠٠٠) (*-٦) سەد هەزار ساڵ مەزەندە دەکەن، هەر زاناکانیش دەڵێن: ئەم ئەشکەوت و دەوروبەرە بەردەوام مرۆڤی تێدا ژیاوە.

لە دوای ئەوانەوە، لەنێو ئەم هۆز و میللەتانەی کە وەک ئەڵقەیەکی زیندوو لە مێژووی ناوچەکە دیار و نووسراون، ئەوانیش شارستانییەتی سۆمەرییەکان و کۆچی ئارییەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ماد و زەردەشت و کتێب و ئایینەکەیەتی. ئەمانەش هەمووی پشت بەستن بەڕای لێکۆڵەرەوە تایبەتکارەکان، کە هێنانەوە سەریەکی ڕایەکان، ئەوە دەسەلمێنن، کە (میللەتی کورد) ئەنجامی پێکهاتەی ئەو هۆز و شارستانییەتییانەیە، کە لەم ناوچەیە (کوردستان) سەریان هەڵداوە. دیسان باسی کۆنترین و زۆرترین ئایینی میللەتانی کوردستان کراوە، لە لێکۆڵینەوەکەدا باس لەوە کراوە، ئەگەر میللەتی کورد ئەمڕۆ پێکهاتەی ئەو هۆز و شارستانییەتییانەیە، ئەوا ئەفسانەی ئێستای کوردیش هەر پێکهاتەی ئەفسانەی ئەم هۆز و میللەتانەیە کە کورد لەوانەوە پێکهاتووە، دیارە زانایان و لێکۆڵەرەوان زۆرچاک دەزانن، ژمارەی ئەو هۆز و میللەتانەی کە لە کوردستاندا ژیاون و ناویان هاتووە و مێژوو باسیان دەکات، زۆر لەوە زۆرترە کە لە توانای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بێ بەسەریان بکاتەوە، بۆ نموونە: کاردۆخییەکان و گوتییەکان و ئورارتووەکان و لولوبی و زاگرۆسی و زامواییی و ئیلامییەکان و زۆریتر... بەڵام، لێکۆڵەرەوە لە کۆنترین ئەشکەوتی ژیانەوە کە ئەشکەوتی شانەدەرە، ژیانی هێناوە و گەیاندوویەتییە پێش زایین.

ئەمەش خاڵی هەرە گرنگی بەردەوامی ژیانە، لە ناوچەکەدا، بەردەوامی واتە بەردەوامیی بوونی ئەفسانە و ئایین و بزاڤی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی شارستانییەت بەهەموو لقەکانییەوە.

ئەوەی شیاوی ئەوەبێ لە بارەی مێژووی ئەفسانەی کوردییەوە بگوترێ، ئەوەیە کە لە بنەچەدا مێژووی ئەفسانەی کورد لەگەڵ مێژووی مرۆڤی کورددایە، بەڵام، کە کورد وەکو میللەت پێکهاتەی چەند هۆز و نەتەوەیەکە، ئەوا مێژووی کورد و مێژووی ئەفسانەی کوردیش هەر بەم شێوەیە. بەڵام، لە بەشی ئارییەکان و بەتایبەت مادەکان، سەرەتایەکی دیاری سەرهەڵدانی ئەفسانەی کوردی لەوێوە دەستپێدەکات، کە هەر ئەو دەم (مادو پارس) بەرە بەرە لێک جیادەبنەوە، هەر ئەو ڕۆژگارەش بۆ گەلی فارس، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانەی تایبەتی گەلی (فارس)ە. لێکۆڵەرەوە بۆ سەلماندنی ئەم ڕایانە لەم بەشەدا پشتی بەچەندین سەرچاوە بەستووە و ڕای خۆی لەبارەیانەوە دەربڕیوە.

له بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، باسی گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا کراوە، لەوەشدا هەوڵ دراوە کۆنترین گەڕان دەستنیشان بکرێ، ئەگەرچی لەسەر ئاستی جیهانی ئێستا گەڕانی (گلگامش) بەکۆنترین گەڕان دادەنرێ، بەڵام، لێکۆڵەرەوە ڕای وایە، هەرچەندە داستانی گلگامش و گەڕانی بەدوای نەمرییدا کۆنترین دەقی بەردەستە، بەڵام ئەم بیری گەڕانە لای مرۆڤ کۆنە و چونکە تەمەنی مرۆڤ زۆر لە تەمەنی سۆمەرییەکان و گلگامش کۆنترە، دەبێ بیری ئەم گەڕانەش کۆنتر بێ، لە هەوڵێکی لێکۆڵینەوەکەدا لێکۆڵەرەوە، ئەو کابرا سەقەتەی ئەشکەوتی شانەدەر، بەیەکێ لەو کەسانە داناوە کە، ئەویش هەوڵی لەشساغی و تەمەن درێژی و نەمریی داوە، بەڵام، پاش ماوەیەکی زۆر لە هەوڵەکەی سەرنەکەوتووە، پەنای بۆ مەرگ بردووە.

دیسان هەر لەم بەشەدا لێکۆڵەرەوە هەوڵی داوە کە زۆرترین و کۆنترین گەڕانەکانی میللەتان بەدوای نەمرییدا کۆ بکاتەوە و لەو کارەشدا پشتی بەسەرچاوە مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینییەکان بەستووە، کە زاناکان و لێکۆڵەرەوەکان نووسیویانە و دۆزیویانەتەوە.

له بەشی سێیەمدا، لێکۆڵەرەوە سەرەتا بەکورتی باسی (خدری زیندە) و (ئەسکەندەر)ی کردووە و (فەڕی ئێزەدی)(*-٧) بەسەر کردووتەوە، پاشان کورتەی ئەو ئەفسانە کوردی و فارسییانەی نووسیوەتەوە کە لەنێو ئەفسانەی کوردی و فارسیدا دەسی کەوتووە، ئەوسا یەک یەک ئەفسانە کوردی و فارسییەکانی لە چەند ڕوویێکەوە شیکردووتەوە و کەسایەتی و چۆنیەتی گەڕان و بەدەست هێنانی هۆیەکانی نەمریی و دواجار چۆنیەتیی لەدەستدانی ئەو هۆیانەی باس کردووە، پاش ئەم کارانە خاڵە هاوبەشەکانی ئەفسانەکانی هەردوو میللەتی دەستنیشان کردووە و خاڵی جیاواز و تایبەتمەندی هەر یەک لە ئەفسانەکانی خستووەتە بەرچاو، ئەوسا ئەم بیرە کۆن و ئەفسانەییەی(*-٨)- گەڕان بەدوای نەمریی- لەگەڵ تازەترین هەوڵ و دەسکەوتی زانستی سەردەم بەراورد کردووە و وەک خەونێکی لەمێژینەی مرۆڤ و بەرهەمێکی تازەی زانستی بەرامبەر یەکی ڕاگرتوون لەوەشدا ئەوە ڕوون بووەتەوە کە مرۆڤ خەون- ئەگەر بتوانین بەئەفسانە بڵێین خەون- دەبینێ، ئەوا مرۆڤ لەسایەی هەوڵی بەردەوام و زانستییانەدا ئەو خەونە لەمێژینەی ئێستا لە زۆر ڕووەوە کردووە بەواقعی ڕۆژانە.

**هەوڵەکانی پێشتر**

ئەو کارانەی کە پێشتر لەنێو ڕۆشنبیریی کوردیدا کراون و پەیوەندیان بەکرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، واتە: (گەڕان) هەیە، کاری ئەم بەڕێزانەن کە لە خوارەوە زۆر بەکورتی کارەکانیان بەسەر دەکەینەوە.

– یەکەم مامۆستا (طارق جامباز)ە ئەو نووسەرە بەڕێزە کە گرنگییەکی زۆر بەئەفسانە دەدات، دەتوانین بڵێین پێشدەستییەکی چاکی کردووە و دوو لێکۆڵینەوەی لە گۆڤاری (کاروان)(*-٩)و (کاروانی فۆلکلۆر)(*-١٠)دا بڵاوکردووتەوە، یەکەمیان لەژێر ناوی (زیندە خەونی نەمری و نەمری لە هەقایەتی کوردیدا)(*-١١)و دووەمیان لەژێر ناوی (سەرقەڵەمانەی مەرگ و مردن لە کوردەواریدا) لەم دوو نووسینەدا نووسەر گرنگیی بەمردن و نەمریی داوە لە هەقایەتی کوردەواریدا، لە یەکەمیان باسی (گلگامش) و (میرمح)ی کردووە و نموونەی هەندێ لە هۆیەکانی نەمریی لە هەندێ چیرۆکی تری کوردی



هێناوەتەوە. لە دووەمیاندا باسی ڕەنگدانەوەی مردنی کردووە لە هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و چیرۆکی کوردیدا و دەقی (هەقایەتی سەرکە مردووی) بڵاوکردووتەوە، کە چیرۆکێکی ئەفسانەییە و کاری سێوی گەنج بوونەوە دیار دەکات و هەندێ نموونەی (کراسگۆڕین)ی تێدایە.

– دووەم، (حەسۆ هورمی) ئەم نووسەرەش بەلێکۆڵینەوەیەک و کتێبێک باسی مردن و نەمری کردووە، بەتایبەت لەکن ئێزیدییەکان، لێکۆڵینەوەی یەکەم بەزمانی عەرەبی و لەژێر ناوی (الموت وما بعده لدى الايزيدية)(*-١٢) دووەم، کتێبێکە لەژێر ناوی (مرن ل جەم ئیزدیان)(*-١٣) ئەمەیان کتێبێکە بریتییە لە چەند دەقێکی شیعری و پەخشانی کە باس لە حاڵەتی مردن و باوەڕی مردن دەکات لەلای ئێزدییەکان، هەندێ لەم دەقانە بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێنەوە و هەندێکیان پێشتر بڵاوکراونەتەوە.

– سێیەم، مامۆستا (سەلام مەنمی)ی نووسەرە، لە کتێبێکدا لەژێر ناوی (بەراوردی دە ئەفسانە و چیرۆکی میللی)(*-١٤) کە بریتییە لە بەراوردی دە ئەفسانەی هەمە جۆری کوردی لەگەڵ ئەفسانەی هەندێ نەتەوەی تر، یەکێ لەو دە ئەفسانەیە چیرۆکی (برزۆ کەڵەسەر)ە و پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی لەگەڵ گلگامش بەراورد کردووە. لە چیرۆکی (برزۆ کەڵەسەر) پاڵەوان سوود لە (گیای هێز و لاوێتی) دەبینێ و ئەویش وەکو گلگامش (مار) گیایەکەی لێدەخوات، ئەوەی نووسەر لەم دوو چیرۆکە گرنگیی پێداوە گیای هێز و گەنجی و کاری پاڵەوانییەتییە.

– چوارەم (مەولود ئیبراهیم حەسەن) لە کتێبی (قەدەغە شکێنی)(*-١٥)دا کە دە بەشە، بەشێکی بۆ (مردن!) تەرخان کردووە و لەم بەشەدا لەزۆر لایەنی مردن دوواوە و ئەویش بەراوردێکی لەنێوان (گلگامش و میرمح)دا کردووە و نموونەی مردن و نەمریی لە هەندێ چیرۆکی تری کوردیش هێناوەتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، هەرچەندە ئەم نووسەرە بەڕێزانە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا باسی مردن و نەمریی و هۆیەکانی نەمرییان کردووە! بەڵام، وەک کتێبی سەربەخۆ و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بەتێر و تەسەلی لە (مردن و نەمریی) نەدواون و هەر تەنیا بەلێکۆڵینەوەیەک و لەنێو گۆڤار و کتێبدا ئەم باسەیان بەسەر کردووەتەوە، لەگەڵ ڕێز و سوپاسی زۆری لێکۆڵەرەوە بۆ ئەرک و ماندووبوونیان، بەڵام، ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بەچەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەنێکی مردن و گەڕان بەدوای نەمرییدا بەسەر بکەینەوە و مافی خۆی بدەینێ، چونکە باسی مردن و نەمریی لە کەلتووری کوردیدا تەنیا لەنێو ئەفسانەدا نییە! بەڵکە لاوک و حەیران و شیعری فۆلکلۆری و پەند و گۆتە و دابونەریتی کوردەواری لەم ڕووەوە یەکجار دەوڵەمەندە.

**ئەنجام:** لەم نامەیەدا لێکۆڵەرەوە گەیشتووەتە چەند ئەنجامێک کە بەسەر دوو جۆر ئەنجام دابەش دەبێ. بەشی یەکەم: ئەو ئەنجامانەیە کە لێکۆڵەرەوە لەبارەی ئەفسانەی کوردییەوە بەگشتی پێی گەیشتووە. بەشی دووەم: ئەو ئەنجامانەیە کە لێکۆڵەرەوە، تەنیا لە بەراوردی تیمەی گەڕان لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدەستی هێناوە، لەم بەشەشدا لێکۆڵەرەوە تەنیا خاڵ و ئەنجامە هەرە گرنگەکانی دەستنیشان کردووە، چونکە لە کۆتایی بەشی سێیەم و پێکگرتنی ئەفسانەی کوردی و فارسیدا باسکراون و تایبەتمەندیی هەریەک لە دەقە ئەفسانەییەکان دیار کراوە.

**پەراوێزی پێشەکی:**

(*-١) سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دەستم بەنووسینی کتێبی قەدەغەشکێنی کرد و سەرەتای ١٩٨٨ تەواوم کرد. بەڵام، مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٠ لەژێر چاپ دەرچوو.

(*-٢) ئەوەی من سەرنجم دابێ لە ئەفسانە و چیرۆکی میللی زۆر جۆر گەڕان هەیە، گەڕان بەدوای نەمریی، گەڕان بەدوای بەخت، گەڕان بەدوای خودا، گەڕان بەدوای دەرمان، گەڕان بەدوای نهێنییەک، گەڕان بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێک، گەڕان بەدوای دڵداری و ژنخواستن و پاڵەوانییەتی و... هتد، هەروەها نابێ وابزانین کە دەقە ئەفسانەییەکانی گەڕان بە دوای نەمرییدا هەر ئەوەندەن کە لێرە باسکراون، بە دڵنیاییەوە لە نێو ئەفسانەی کوردی و فارسیدا زۆر دەقی تری ئەفسانەیی هەن، کە ئەوانیش پاڵەوانەکانیان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدوای نەمرییدا گەڕاون، بەڵام، بەداخەوە! بە هۆی چەند گرفتێکەوە بۆم نەکرا وەکو پێویست ئەو دەقانەش بەدەست بێنم.

(*-٣) سەیری کتێبی (د. نبیلە ابراهیم) بکە کە لەژێر ناوی (قصصنا الشعبیە من الرومانسیە الیٰ الواقعیە). بیروت.

(*-٤) لەبەر ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەفسانە بەگشتی و گەڕان لەنێو ئەفسانە بەتایبەت نەکراوە، لێکۆڵەرەوە ناچار بوو دەست بۆ هەندێ بەند و دەستەواژەی تایبەت ببات کە یەکەمجارە لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا باس دەکرێن، ئەگەرچی ئەمجۆرە کارانە دەبوایە زۆر لە زووەوە ساغ بکرێنەوە.

(*-٥) مێژووی ئەفسانەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی و تەواو ئەو کاتە دەکەوێتە بەردەست کە مێژووی ئەفسانەی هەموو ئەو هۆزە زانراوانە بنووسرێتەوە کە هەر یەکە و بەڕای زانایانی ئەم بوارە بەشێکن لە پێکهاتەی میللەتی کورد، ئەو کاتە مێژووی ئەفسانەی هەموو هۆز و نەتەوەکان پێکەوە و لەسەر یەک دەکاتە مێژووی ئەفسانەی میللەتی کورد.

(*-٦) لەم پێشەکییەدا هەندێ جار باسی شوێن و مێژووی ئەو شوێنانە دەکرێ، ئەگەر باسی سەرچاوەکان نەکراوە لەبەر ئەوەیە لەبەشی یەکەم هەموو ئەو سەرچاوانەش باسکراون.

(*-٧) سەیری سەرەتای بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکە.

(*-٨) هەموو ئەو بیر و کار و ڕووداوانەی نێو دەقە ئەفسانەییەکان ناشێ بە شتی خەیاڵی و دوور لە واقعی ژیان دابنێین، چونکە زاناکان لە زۆر ڕووەوە سەلماندوویانە، زۆر شت هەبوون لەنێو ئەفسانە بەخەون و خەیاڵ دادەنران. ئەوا زانست دەمێکە ڕاستیی ئەوانەی سەلماندووە، جامی جەمی نێو ئەفسانە ناکرێ هەر تەنیا بە شتێکی خەیاڵی تێبگەین، ئێستا تەلەفزیۆن و مانگی دەسکرد و ئەنتەرنێت و واقعی ئەم دووری بینینەیان سەلماندووە، کە بەرهەمی زانستین دەشێ لە ڕابردووشدا، ئەم ئاوێنەی جامی جەمە بەرهەمی جۆرە زانستییەکی سەردەمی خۆی بێ.

(*-٩) سەیری ل٩٧-١٠١ گۆڤاری کاروان ژمارە (٨٣) ١٩٩٠ بکە.

(*-١٠) سەیری ل١٥٤-١٧١ (کاروانی فۆلکلۆر) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٠ بکە.

(*-١١) زۆری ئەو بەڕێزانەی باسی نەمرییان کردووە، وشەی (نەمریی)یان بەشێوەی (نەمری) نووسیوە کە ڕاستییەکەی ئەوەیە بە دوو (یا) بنووسرێ...

(*-١٢) سەیری ل٦١ گۆڤاری (لالش) ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٦ بکە.



(*-١٣) سەیری کتێبی (مرن ل جەم ئێزدیان) نووسینی حەسۆ هورمی و چاڤدێریا (عەلۆ شێخ خەلەف) چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ بکە.

(*-١٤) سەیری ل٤٨-٥٤ کتێبی (بەراوردی دە ئەفسانە و چیرۆکی میللی) نووسینی سەلام مەنمی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٩ بکە.

(*-١٥) سەیری ل٢٦٨-٢٨٥ کتێبی (قەدەغەشکێنی) نووسینی: مەولود ئیبراهیم حەسەن، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠ بکە.

# چەمک و پێناسە و پێکهاتە و میژووی ئەفسانەی کوردی

### ١-١- چەمکی ئەفسانە:

ئەمڕۆ لە جیهاندا ئەفسانە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر دەکرێ «دەقەکانی ئەفسانە» بەشێوەی زانستی و بەزۆر ڕێگا کۆدەکرێنەوە، هەر ئەم گرنگی پێدانەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر "ڕێباز" و "قوتابخانە"ی جیاجیا لەم نێوەندە سەرهەڵبدەن و زۆر کەسیش لە مەیدانی ئەفسانە ناسیدا ناو پەیدا بکەن. ئەوە لە کاتێکدا چەند نەتەوە پێشکەوتووەکان و دەزگا تایبەتییەکانی جیهان گرنگی بەئەفسانە دەدەن و لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەفسانەوە دەخەنە بەردەست، دەبینن هێندەش "کورد" لەم مەیدانە هەژارە و لە جیهانی ئەفسانەی کوردیدا هێشتا کارێکی زۆر ماوە و نەکراوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموولایەک، چ بیانییەکان: بەتایبەت ئەوانەی لێکۆڵینەوە نووسینیان لەبارە جیاجیاکانی ژیانی کوردەوە پێشکەش کردەوە و، چ لێکۆڵەرەوە و نووسەرانی کورد خۆمان لەوەدا یەک ڕایان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کورد خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندە، بەتایبەت ئەفسانەی کوردی، ئەفسانەیەکی کۆنە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

جا هەر لەبەر ئەم هۆیە و "گرنگ"ی ئەفسانە و دەوڵەمەندیی کورد لەم بارەیەوە و کەمیی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئەفسانە بەگشتی و ئەفسانەی کوردی بەتایبەت لەنێو کورددا، لەم "لێکۆڵینەوە"یەدا ناچارین بەشێوەیەکی پێویست لە زۆر لایەنی وشە و -ناوی ئەفسانە-و- اسطورة= ئەفسانەی خواکان-و زۆر لایەنی تری ئەفسانە بکۆڵینەوە.

#### ١-١-١- وشەی ئەفسانە:

لە لێکۆڵینەوەکانی جیهاندا زۆر باسی وشەی ئەفسانە کراوە، لەبەر ئەوەی باسەکەی ئێمە بەکوردییە وامان بەباش زانی هەر لە کوردیدا باسی وشەکە بکەین. فەرهەنگە کوردییەکان، ئەوانەی مانای ئەم وشەیەیان لێکداوەتەوە، هەموویان بەمانای نزیک لەم دەربڕینەی کە دەڵێ: ئەفسانە، واتە: «چیرۆک و بەسەرهاتی پڕوپووچ»- فەرهەنگی کوردستان، گیو- مانایان شرۆڤە کردووە و هیچیان لە ڕەگی وشەی - ئەفسانە- یان نەکۆڵیوەتەوە، تەنیا (ج. مفرد) لە باسی مانای - ئاوێستا- دەنووسێ: «وشەی ئاوێستا هەروەکو لە وشەی کۆنی فارسی(*-١) آفدستا- (ستایشی لە دڵەوە - چاکترین ستایش) دێتە دەست. پێکهاتەیەک بووە لە وشەی «ئاڤد» avd لەسەر دەستووری هەمان ئافد afd، ئافس afs، چاوگی وشەی ئەفسانە و ئەفسوون) بەمانای کارلێکەری ئایینی و"ستا" کە بەمانای ستایش و بەدەستە و دوعا وەستان دێ، یانی لەسەریەک ئاوێستا خۆی بەمانای سرووده بەرزەکان و (خارق العادة)ی ئاینییە (٥٠ بخش دوم، ص١١٤) وەکو دەبینین (ج. مفرد) ڕیشەی وشەی ئەفسانە دەباتەوە سەر (ئاڤەدستا)ی کۆن



و ماناکەشی وا لێکدەداتەوە کە - کارلێکەری ئایینی و ستایشی بەدەستە و دوعا وەستانە، واتە بەجێهێنانی سروشی ئایینی بەپیرۆزی و هێمنییەوە. جا وشەی "ئەفسانە:" ڕەگەکەی هەر چییەک بێ و ماناکەی هەر چۆنێک لێکبدرێتەوە ئێمە بەوشەیەکی کۆنی کوردیی دەزانین و هەر لە کۆنەوە لەنێو کورددا بەکارهاتووە و لەنێو فەرهەنگی سەر زارەکی و لای نەخوێندەواران و لەنێو فەرهەنگی نووسراویش لای ڕۆشنبیران پتر لە مانایەکی بۆ خۆی پەیدا کردووە.

- ئەفسانە = ئەو چیرۆک و حەکایەتە کۆنانەی کە پاڵەوانی نائاسایی و دێو و ئەجندە و ئامێری جادوویی و پڕ هێزی وەکو، شوورِ و بەرماڵی فڕین و کڵاوی سەخرەجن و پاڵەوان و ئامێرە سەیرەکانی تر ڕۆڵی تێدا دەبینن.

- ئەفسانە = واتە (ئەفسانەی خواوەندەکان) ئەوەی کە عەرەب بە(اسطورة)ی ناودەبەن.

- ئەفسانە = فەسانە = واتە بڵاوکردنەوە.(*-١، أ)

ئەگەرچی ئێمە لێرەدا، تەنیا زیاتر ئەو مانایەمان مەبەستە کە -ئەفسانە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەییەکان دەگرێتەوە، ئەم وشە و ناوەش، تا ئێستا لەنێو کورددا بەکاردێ و هەموو جۆرە ئەفسانەکانی گرتووتەوە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی نەتەوەکانی تردا وشە و ناوی (ئەفسانە) و (اسطورة) لێک جیا کراوەتەوە و هەریەکە مانای تایبەت بەخۆی وەرگرتووە. دەبینین فارسەکان (افسانە) و (اسطورة) بەکاردێنن، ئەفسانە بۆ گشتییەکەی و (اسطورة) بۆ ئەفسانەی خواوەندەکان، هەروەها عەرەب (اسطورة) و (اسطورة الالهة) بەکاردێنن، و ئینگلیزەکان (Lengend) بەمانای ئەفسانە و (Myth)(٢٠٣) بۆ ئەفسانەی خواوەندەکان بەکاردێنن، ئەم بەکارهێنانە فەڕەنسییەکانیش دەگرێتەوە (Legende) بۆ ئەفسانە و (Mythe) (٢٠٤) بۆ ئەفسانەی خواوەندەکان، هەر بۆیە وا چاکە ئێمەش لە فەرهەنگە کوردییەکاندا (ئەفسانە) و ئەفسانەی خواوەندەکان لێک بکەینەوە، بەشێوەیەکی گشتییەکەی (ئەفسانە) بەکاربێنین و بۆ (ئەفسانەی خواوەندەکان) کە تایبەتە، هەر (ئەفسانەی خواوەندەکان) بەکاربێنین.

#### ١-١-٢- مانای (اسطورة):

لە فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە "اسطورة" ماناکەیان وا لێکداوەتەوە کە «چیرۆکی خواوەندەکان»ە(*-٢) واتە ئەو ڕۆژگارەی کە مرۆڤ خواوەندەکانیان لە نێوان خۆیاندا دەبینی و سەر زەمینیان بەجێگا و بارەگای ئەوان دەزانی و "اسطورة"یان وەک بەسەرهات و مێژوو "مێژووی پیرۆز"ی خواوەندەکان دەگێڕایەوە و دەبیست.

#### ١-١-٣- کۆنیی وشەی (اسطورة):

لەبارەی کۆنیی وشەی (اسطورة)ەوە نووسەری ئێرانی (علیقلی محمود بختیاری) دەنووسێ: «وشەی (اسطورة) بەپێچەوانەی ئەوەی کە فەرهەنگ نووسان، نووسیویانە عەرەبی نییە، بەڵکە ڕیشەیەکی ئارایی هەیە، لە سانسکریتی «(Sutra) بەمانای داستان و زۆرتر لە نووسینەکانی بودایی بەکاردێ» (٧٨، ص٩٩) کە (sutra) لە سانسکریتی بەمانای داستان دێت ئەوا لەگەڵ وشەی (ستران)ی کوردی

یەک ڕیشەیان هەیە، کە بەمانای گوتنی داستان دێت هەر ئەو نووسەرە (علیێقلی محمود بختیاری) لەبارەی وشەی (Mith= اسطورة) ڕای خۆی دەردەبڕێ و دەنووسێ «وشەی (میث= Mith) وشەیەکە لە وشە کۆنەکانی ئێرانی (*-٣) کە لە ئاوێستادا هاتووە و وشەیەکی تر بەناوی (اوخت= UXT) لە ئاوێستا پێکەوە لەگەڵ (میث) بەشێوەی "میثوخت" Mithutt بەکاردێ» (٧٨، ص٩٩) هەر ئەو نووسەرە خۆشی مانای "میث و اوخت"ی وا لێکداوەتەوە، دەنووسێ: «"میث" واتە نیشانە و هێما "اوخت" بەمانای گوتن و قسە دێت، کە لەسەر یەک دەکاتە «قسەی ڕاز ئامێز» یا «قسەکردن نیشانە» یا «قسەی- هێما»یە، ماناکەی کە ئێستاش لە هەندێ زاری کوردیدا بەچیرۆک دەڵێن "ڕاز"» (٧٨، ص٩٩).

وەکو دەبینین ئەم نووسەرە وشەی (اسطورة) و(Mith) لە زمانی "سانسکریتی و ویدا و ئاوێستا" هەڵدەوێنجێ و بۆ دوو ئایین و دوو کتێبی زۆر کۆنی دەگەڕێنێتەوە و دواجار لەگەڵ وشەی «ڕازی کوردی لێکیان نزیک دەکاتەوە، هەر بۆ کۆنیی بەکارهێنانی وشەی "اسطورة" وا چاکە بگەڕێینەوە سەدەی پێنجەمی پێش زایین، دەبینین باوکی مێژوو هیرۆدۆتس: «بۆ یەکەم جار وشەی (History) بەمانای "گەڕان و لێکۆڵینەوە یان ئەوەی لە پشکنین و گەڕاندا بەدەست دەکەوێ" بەکارهێناوە» (١٣٢، ص٩٥) هەندێک لایان وایە هەر لەو ڕۆژگارەوە وشەی -هیستۆری- اسطورة- جگە لەوەی بۆ مانای مێژوو بەکارهاتووە، مانای "ئەفسانە"ش بەتایبەت- ئەفسانەی خوداوەندەکان -یشی بەخشیوە ئەوەش ئاشکرایە "هیرۆدۆتس" لە سەدەی پێنجەمدا هاتووتە ڕۆژهەڵات و (ئێران)ی ئەو کات، دوور نییە، ئەم وشەی (History)ە لەگەڵ خۆیدا بردبێتەوە. کە (Hestory) لە (Sutra)ی سانسکریتییەوە هاتبێ و (اسطورة)ش لە (Hestory) ئەوا بێ شک (Myth)ی ئینگلیزی و (Mythe) فەڕەنسیش لە (Mith)ی ئاوێستاوە هاتووە و ئاوێستاش لەسەر قسەی زۆر لە زانایان زمانەکەی شێوەی کۆنی زمانی مادەکانە و ئاشکرایە مادەکان بەشێکی گرنگی میللەتی کوردن.

دیسان وشەی "اسطورة" بەشێوەی (اساطیر الاولین) زۆر جار لە (قورئانی پیرۆز)دا بەکارهاتووە، خودای گەورە دەفەرمووێ: (واذ قیل لهم ماذا انزل ربکم قالوا اساطیر الاولین) (النحل ٢٤) زۆر لەو زانایانەی کە مانای ئەم (اساطیر الاولین)انەیان لێکداوەتەوە، وەک شتی ناڕاست و پڕوپووچ شییان کردووتەوە، ئەوەش ئەگەر بۆچوونە ئایینی و ئیمانییەکەی لێ بەلا بنێین، هەر هەمان بۆچوونە کە پێشتر لێکۆڵەرەوەکان سەبارەت بەئەفسانە هەیان بوو، ئەوەتە زانایەکی وەکو (امام الفخر الرازي) دەنووسێ: «بەڵام (اساطیر الاولین) هیچ زانست و ڕەوانی و وردی و ڕاستییەکی تێدانییە (١٤٨، ص١٨) هەموو لایەک ئەوەش چاک دەزانین کە (قورئان) وەک بەڵگەی ئایینێکی نوێ هاتبوو دەیویست- ئایینە کۆنەکان (اساطیر الاولین) بەلابنێ و ئایینی تازە و نوێیی ئیسلام بڵاو بکاتەوە. کە زۆرجار هێمای - تازەیی و نوێیەتی- بۆ خۆی دەکا- هەرواش بوو- ئەوا ئەوانەش کە گران دەهاتنە ژێر بارو زوو باوەڕیان بە - قورئان و ئیسلام - نەدەهێنا، لەبەرامبەردا قورئانیان بە (اساطیر الاولین) واتە چیرۆک و ئایینە کۆنەکان دەدایە قەڵەم. ئەوەش لەگەڵ قسەی هەموو ئەو لێکۆڵەرانە تێکدەکاتەوە کە ئەفسانە (اسطورة)یان



بەئایینی کۆن و مێژووی کۆنی مرۆڤی ڕۆژانی زوو دەزانی.

ئێمە بەم بەڵگانەی سەرەوە دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنین کە وشەی (اسطورة) و ئەفسانە زۆر لەمێژە و نزیک بەهەزار ساڵ پێش زایین لەویدا و حەوت سەد ساڵ لە پێش زایین لە ئاوێستا -پێنج سەد ساڵ پێش زایین لە نووسینەکانی "هیرۆدۆتس" و زیاد لە هەزار و چوار سەد ساڵە لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتووە. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەفسانە (اسطورة) چ وەک دەقی ئەفسانەیی، چ وەک وشە ناوی ئەو دەقە هەر هەبووە و یەکجار کۆنە.

لەوەش کە نووسەر (ج. مفرد) وشەی ئەفسانە بەناوی ئاوێستا دەبەستێتەوە و (علیقلی محمدی بختیاری)ش "اسطورة" بەعەرەبی نازانێ و دەنووسێ: «(میث- Mith) لە ئاوێستادا بەکارهاتووە و "اسطورة-History"یش یەکەمجار "هیرۆدۆتس" بەکاری هێنابێ و مانای "می ثوخت - mithuxt" بکاتە «قسەی ڕاز ئامێز» و لەگەڵ «ڕاز - چیرۆک»ی کوردی ئەمڕۆ- کەش یەک مانابن ئەوا ڕێگەی ئەوەمان دەبێ، کە دەڵێین: "وشەی ئەفسانە وشەیەکی کۆنی کوردییە" لەم گوتنەدا خۆمان بەپشت قایمتر بزانین.

**١-١-٤- ئەفسانەبێژ:**

ئەفسانە کە هەر لەکۆنەوە لەگەڵ ئایین تێکەڵ بووبێ و "دەق"ی ئەفسانەییش وەک دەقە ئایینی و "مێژووی پیرۆز" سەیر کرا بێت ئەوا گێڕانەوە و گوێ لێگرتنیشیان بێ گومان هەروەک جۆرە پەرستنێک ڕێزی لێگیراوە، ئەوەتە: (ئوسترالی و پاپۆکان -Papous (...) و زۆر هۆزی تر ئەفسانە دەشارنەوە و بەنهێنیی دەزانن، ئەو ئەفسانانەی باسی - ئەفراندن-ی دنیا دەکات تەواو پەنادەدەن و ئەوان - ئەفسانەی خواوەندەکان- زۆر بەپارێزوە لەژن و منداڵان دەشارنەوە و بۆ ئەوان حەکایەتی تر دەگێڕنەوە» (٨٥، ص١٧٦).

کە ئەم بەنهێنی و پیرۆز- زانینەی ئەفسانە هەر لەکۆنەوە ڕەوشتی زۆر هۆز و میللەت بووبێ ئەوا کوردیش لەم ڕەوشتە بەدوور نەبووە کە سەرەتا گێڕانەوەی ئەفسانە کارێکی ئایینی -ئایینی- واتە: بەجێهێنانی جۆرە پەرەستنێک بووە- ئەوا دواجار بووە بەدابونەریتێکی کۆمەڵایەتی. لەنێو کوردیش ئەفسانە گێڕانەوە دەستووری تایبەتی خۆی هەبووە و (ئێستاش کەم و زۆر هەروایە) ئەفسانەبێژ خۆی پەیڕەوی دەکرد و بەسەر گوێگرەکانیشی دادەچەسپاند.

ئەوەتە (تاریق کارێزی) دەنووسێ: «کاک خدر دەگێڕتەوە کە منداڵ و زارۆیان بۆیان نەبوو بچنە کۆڕی حەکایەت دادان، ئەویش لەبەر حورمەتی ئەو کۆڕانە» (٥، ل٤) جێگای ئەو کۆڕ و حەکایەت گێڕانەوەش وەک (محەمەد کەریم شەریف) دەنووسێ: «دیوەخان جێگای لاوک و حەیران و هەقایەت "چیرۆک" و شەو ڕابواردن بوو» (٢٩، ل٣) کە ئەم دیوەخانە کۆڕی حەکایەت خوانانی دەشت بووبێ ئەوا لەسەر قسەی "هێمن": «لە شارەکانیش شەوانە خەڵک لە قاوەخانە کۆدەبوونەوە و تا شەو درەنگ دەبوو بەیت بێژ و حەکایەت خوان دەیخافڵاندن. قاوەچی ئەو هونەرمەندانەی بەکرێ دەگرت بۆ ئەوەی قاوەخانەکەی هەرمێن پەیدا بکات» (٣، بەرگی یەکەم، ل٩- ١٠) بۆ هونەرمەندی ئەو حەکایەت خوان و ئەفسانە

بێژانەش پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول دەنووسێ: «هەر حکایەت خوانە (چیرۆک بێژ)ە وشەی تایبەتی خۆی هەیە لە دارشتنا» (٢٣، ل٢٤) سەبارەت بەهونەرمەندی و لێهاتوویی ئەو حەکایەت خوان و ئەفسانە بێژانە و ئەفسانەکانیان دکتۆر کاوس قەفتان دەنووسێ: «ئەو هونەرمەندانەی گێڕاویانەتەوە ئەگەر ناوی خۆیان لەسەریان بنووسیایە ئەوە هەتا هەتا ئەو ناوانە بەنەمری دەمانەوە»، (٢٦ ل٤) ئەو هونەرمەندە نەمرانە، خوالێخۆش بوو (قەناتی کوردۆ) ئاوایان باس دەکات «چیرۆک بێژ و حەکایەت بێژێد ڤان ماتریالان ب خوە گوندی و شڤان بوون عەمرێ وان و حال و ئەحوالێ وان نەمینا هەڤ بوون. ل ناڤ واندا ژن بوون، مێربوون، پیرو کال بوون مەرڤێد وەسان بوون، یێد کو ب سالان پەی عەدەتێ بەرێ دەچوون. گەلەک ڕۆژێد گران ل عەمرێ خوەدا دیتبوون» (٢٤، ل١٨) کە بەڕێز قەناتی کوردۆ باسی حەکایەت خوانەکان دەکات لەبیری ناچێ باسی گوێگرەکانیش بکات دەنووسێ: «وەختێ وان چیرۆک حەکیات دگۆتن، واناتری (واتە گوێگرەکان) فکر و خەیالا چیرۆک و حەکیاتان، کرنا قەرەمانێد وان گشک ڕاستن و نە دەرەوەونە» (٢٤، ل١٨) کە (قەناتی کوردۆ) باسی جۆری حەکایەت خوان و تەمەن و ڕەگەزی کردن، ئەوا (جەلال تەقی) باسی یەکێ لەو ژنە حەکایەت خوانانەمان بۆ دەکات و دەنووسێ: «باجی ئامینەیەک دراوسێمان بوو- گۆڕەکەی پڕ بێ لە ڕووناکی- کانگایەکی کۆتایی نەهاتووی چیرۆکی کۆنی کوردەواری بوو هەموو شەوێک بەتایبەت شەوانی زستان، هەتا درەنگ چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوە. شێوەی گێڕانەوە و دەست جوولاندنی واقیان وڕ ئەهێنام» (٦، ل٣) (جەلال تەقی) کە باسی هونەری حەکایەت گێڕانەوەی "باجی ئامینە"مان بۆ دەکات، ئەوە لەبیر ناکا کاریگەریی ئەم هونەرەش لەسەرخۆی باس بکات، «فزەم لە خۆم دەبڕی هەتا لێ دەبووەوە و وەک سەر کاغەز ئەو چیرۆکانە لە مێشکمدا نەخش دەبوون» (٦، ل٣) ئەمە مامۆستا باسی کاریگەریی هونەری حەکایەت گێڕانەوەی کرد کە چۆن کاری لێکردووە، بەڵام، (عەبدولڕەحمان نەقشبەندی) باسی ئەو هونەری گێڕانەوە کاریگەرییەکەیمان بۆ دەکات، کاتێک کار لە منداڵ دەکات: (هەمی ڕهێن لەشێ وی ل ترسادا دێ ڕەپ بن و دێ دەست و پێن وی رەق بن و هێنە قالب دان و ژ قەستا دێ چاڤێن خۆ نقینیت و گەلە جارا ژی هەتا پشتی دنڤیست ژی دکەتە گری و دخریقێن دچێت ژ ترسادا چلفک فێ دکەفن» (٢٢، ل٨) ئەو کاریگەرییەی حەکایەت لەسەر منداڵان و هەتا ڕادەی گریان، هونەری جۆری گێڕانەوەی ئەفسانە بێژەکان بوو، ئەو ئەفسانە بێژانەی خەڵک خۆشیان دەویستن، "ئۆسکارمان" لە سەرەتای سەدەی بیست ئاوا باسی خۆشەویستیی ئەو خەڵکەمان بۆ دەکات سەبارەت بە"ڕەحمان بەکری" دەنووسێ: «لە سابلاخ ئەم ڕۆژانە کە ڕەحمان گۆرانییەکانی بۆ دەنووسیم، ڕۆژانی جەژن بوو، ڕەحمان کە ساڵێ جارێک و یەک ڕۆژ بۆ سابلاخ دەهات، کە ماوەیەکی درێژ بۆ من لە شار دەمایەوە، لەکاتی پشوودان و حەسانەوەی دەچووە یەکێ لە چایخانەکان و لەوێ گۆرانی دەبێژێ کە دەمی کارکردن بۆ من دەهات یەکێکم دەنارد تاکو بۆ لای من بیهێنن، بەڵام، ئەو کەسانە هەموو جارێ زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی لەدەس گوێگرە بەشەوقەکانی رابکێشن و بۆ کارکردن بۆ لای منی بهێنن» (٣، ل١٧٢).

(ڕەحمان بەکر) یەکێک بووە لەو گۆرانیبێژ و ئەفسانە بێژانەی کە (ئۆسکارمان)ێکی لێ ڕاست هاتووە



و هونەرەکەی تۆمار کردووە. خەڵکەکەش خۆشیان ویستووە و ڕێزیان لێگرتووە، بەڵام، زۆری تر بێ ناونیشان ماونەتەوە، ئەگەرچی حەکایەت ڕێوڕەسمی خۆی هەبووە و حەکایەت خوان ڕێزی خۆی لێگیراوە: «حەکایەت خوان کەسێکی دەگمەن و خاوەن شکۆ بووە، لەنێو خەڵکدا، شەوانی زستان داوەت دەکرا و سەربڕانەیان لە بۆ دەکوشتەوە، مەجلیسی حەکایەت دەستووری خۆی هەبوو، کەسێک گەر بیویستبایە لە دابەکانی دەربچێت نەفرەتی لێدەکرا، گەرچی لەبەر تام و چێژ و لەززەتی حەکایەت کەسی وا قەت نەدەبوو، حەکایەتخوان کۆڕی حەکایەتی بەتاڵ دەکرد گەر کەسێ حورمەتی کۆڕی بشکاندایە» (٥، ل٤) لەم نموونانەی سەرەوە ئەوە بەدەر دەکەوێ، کە لەنێو کوردیش (حەکایەت) شوێنی تایبەت و کاتی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ گێڕانەوە، لە گێڕانەوەشدا داب و دەستوورێکی پڕ ڕێز و پیرۆز پەیڕەو کراوە و، حەکایەتخوان دەسەڵاتی ئەوەی هەبووە و ئەگەر کەسێ لەدەستوور لایدابێ، لە کۆڕ وەدەری ناوە و ئەو دەستوورەی جێبەجێ کردووە، کە لەکن ئۆسترالییەکان و پاپۆکان ژن و منداڵ بۆیان نەبووە لە کۆڕی ئەفسانەی خواوەندەکان دانیشن، ئەوا منداڵانی کوردەواریش سەردەمانێک و لە گێڕانەوەی هەندێ ئەفسانە لە گوێگرتن بێبەش کراون، ئەوەش بۆ ئەوە بووە تا تووشی ئەو ترس و لەرزین و گریانە نەبن کە (نەقشبەندی) باسی دەکات، بەڵام، ژنانی کورد نەک هەر لەکۆڕی حەکایەت گێڕانەوە دانیشتوون، بەڵکە، خۆشیان وەکو پیاوان، حەکایەتخوانی هونەرمەند و ئەفسانە بێژی چاکیان لێهەڵکەوتووە.

**١-١-٥- جۆرەکانی ئەفسانە:**

کۆنیی و زۆریی ئەفسانە و لێکۆڵینەوەی هەمە جۆر لەسەر دەقەکانی ئەفسانە، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر "جۆر"ە دەقی ئەفسانەی جیاجیا دەستنیشان بکرێ و هەریەکە ناوی تایبەت بەخۆی لێبنرێ. ئەم دابەشکردن و لێک جیاکردنەوەیەش لەژێر کاریگەریی (ڕێباز) و (قوتابخانە) جیاجیاکانی نێوەندی ئەفسانەناسیدایە. لەبەر یەک ڕاگرتن و هێما بۆکردنی هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە واتە جۆرەکانی ئەفسانە -کارێکە لە توانا و بەرنامەی ئەم لێکۆڵینەوەدا نییە. بۆیە پێش ئەوەی (جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی) دیاری بکەین بەکورتی چەند نموونەیەک لە جۆری دابەشکردنی ئەفسانەی نەتەوە و وڵاتانی تر دەستنیشان دەکەین.

- هەر چەندە وەکو پێشتر باسمان کرد، ڕێبازەکانی دابەشکردنی جۆرەکانی ئەفسانە زۆر و لێک جیان، بەڵام ، لەڕۆژ ئاوادا بەگشتی- کە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئەفسانەناسییە- دەتوانین ئەم دابەشکردنە بخەینە بەر چاو کە (دکتۆر قەیس ئەلنووری) لە کتێبی (ئەفسانە و زانستی ڕەگەزەکان)دا بڕوای پێ هەبووە. دکتۆر دەڵێ: «لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەمەجۆرییە و لە بۆچوونی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئەفسانە، دەکرێ دەستنیشانی ئەمجۆرە ئەفسانانەی خوارەوە بکەین» (١٥٣، ص٢٨).

١- ئەفسانەی دیاردە سروشییەکان.

٢- ئەفسانەی گیانلەبەران.

٣- ئەفسانەی رووەکەکان.

٤- ئەفسانەی ئایینی.

٥- ئەفسانەی بنەچەوژیان.

٦- ئەفسانەی جنس.

٧- ئەفسانەی تەندروستی

٨- ئەفسانەی سروش و پەرستنەکان.

بەڵام (دکتورە نەبیلە ئیبراهیم) کە ناوێکی دیارە لە جیهانی ئەفسانەناسیی عەرەبدا ئەم پێنج جۆرەی خوارەوە دەستنیشان دەکات و دەنووسی:

١- ئەفسانەی سروشی؛ بەویرد و کردارەوە...

٢- ئەفسانەی ئەفراندن: وێناکردنی کاری ئەفراندنی جیهانی.

٣- ئەفسانەی شیکاری: دیاردەیەک شی دەکاتەوە کە جێی سەرنجە.

٤- ئەفسانەی هێماکاری: ئەو ئەفسانەیەیە کە هێمایەک دەگرێتە خۆ و کە پێویستی بەشیکردنەوەیە.

٥- ئەفسانەی پاڵەوانیی خواوەندەکان: ئەو ئەفسانەیەیە کە پاڵەوانی تێکەڵ لە خواوەند و مرۆڤ جیا دەکاتەوە "ئەو پاڵەوانەی بووە بە خواوەند"» (١٣٥، ص١٦).

بەڵام، هەر لەنێو لێکۆڵەرەوەکانی عەرەبدا، (دکتۆر ئەحمەد کەمال زەکی) بڕوای بە چوار جۆر هەیە، جۆرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئەفسانەی سروشی: کاری پەرستن بەچیرۆکەوە گرێ دەدا.

٢- ئەفسانەی شیکاریی: شیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان و گۆڕینی بەجادوویی.

٣- ئەفسانەی هێماکاریی: قۆناغێکی پێشکەوتووی ئەفسانەیەو نزیکە لەشیکاری.

٤- مێژووە ئەفسانە: «ئەمە مێژوو و خەرافەیە پێکەوە.» (١٣٥، ص١٧).

کەچی سەیر دەکەین نووسەری ئێرانی (جمال میر صادقي) گرنگترین جۆرەکانی ئەفسانە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

- ئەفسانەی گیانلەبەران.
- ئەفسانەی نمایشی.
- چیرۆکی ئەخلاقی(*-٤).
- ئەفسانەی پەرییان.
- ئەفسانەی پاڵەوانان.
- «اسطورة» (٥٦، ص١٠٤)

هەر چەندە لێکۆڵینەوەی کوردی گرنگییەکی بەرچاوی بەئەفسانە نەداوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا چەند نووسەرێکی کورد باسی جۆرەکانی ئەفسانەیان کردووە و لەگەڵ باسی (جۆرەکانی حەکایەت) باسی ئەفسانە و جۆری ئەفسانەشیان کردووە. سەرەتا (قەناتی کوردۆ) کە چیرۆکی کورد بەسەر چەند جۆرە چیرۆکدا دابەش دەکات، لەنێو چیرۆکەکاندا جێگایەکیش بۆ ئەفسانە دیاری دەکات؛ دەنووسێ: «چیرۆک



و حەکیاتێد کوردی پارڤە دەبن سەر ڤان کومێد ژێرین:

١- چیرۆک و حەکیاتێد دەرهەقا ژینا ئینسانەت، دەرهەق ژیان و ئایناوان.

٢- چیرۆک و حەکیاتێد تاریخی.

٣- چیرۆک و حەکیاتێد دەرهەق حەیوانان، تەیر و تەرەوالان.

٤- چیرۆک و حەکیاتێد ئەفسەنەیی و خەیالبازی.» (٢٤، ل١٨).

وەکو دەبینین (قەناتی کوردۆ) ئەفسانە و حەکایەتی لێک نەکردووتەوە و لەنێو دابەشکردنەکەیدا، تەنیا لە خاڵی چوارەم ناوی ئەفسەنە (ئەفسانە) دێنێ، کەچی دەکرا هەر هەموو خاڵەکان بەئەفسانە دابنێ و لە جیاتی (چیرۆک) بنووسێ (ئەفسانە). هەروەها (طارق جامباز) ئەویش (هەقایەتی) بەسەر چوار جۆر دابەشکردووە و تەنیا لە خاڵی سێیەم ناوی ئەفسانە دێنێ و دەنووسێ: «هەقایەت زۆر جۆری هەیە ئەوەی گشت لایێک لەسەری ڕێککەوتوون لەمەڕ ئەم بابەتانەی خوارەوەن:

١- گاڵتە و گەپ.

٢- گیاندار و ڕووەک.

٣- ڕووداوی ئەندیشەی لە ئەقڵ بەدەر و ئەفسانە.

٤- میللی» (١٩، ل١٢)

وەکو دیارە، ئەم نووسەرەش تەنیا لە خاڵی سێیەمدا ناوی - ئەفسانە و خەیاڵبازی دێنی. ئەوانی تر دەخاتە ژێر ناوی - هەقایەت وەکو دیارە مەبەستی لە هەقایەتیش (هەقایەتی نائەفسانەییە) ئێمە ئەگەر ڕەگەزەکانی ئەفسانە دیاری نەکەین، ناتوانین بەئاسانی، (جۆری حەکایەت)ەکان لێک جیابکەینەوە، بۆیە دەکرێ، لەنێو هەندێ هەقایەتی خاڵی یەکەم، گاڵتەوگەپ و هی دووەم، گیاندار و ڕووەک، تا (هەقایەتی میللی)یش ڕەگەزی ئەفسانە هەبێ و بۆمان هەبێ ئەوانیش بخەینە نێو جۆرەکانی (ئەفسانە):

هەروەها (عەلی جەزیری) لە بارەیی بەشەکان حەکایەتی کوردەواری دەنووسێ: «لە کۆمەڵی کوردەواریمان، حەکایەت جۆرێک بوو لە جۆرەکانی دەربڕین و پێشکەوتن و بەردەوامی، بۆیە زۆر جۆر حەکایەت پەیدا بوو، گرنگترینیان:

١- حەکایەتی خەرافی یان حەکایەتی جنۆکە یان حەکایەتی خەوارق (Lagends).

٢- حەکایەتی ئاژەڵی هێمایی.(Fablas)(Animaltale) .

٣- حەکایەتی ئەفسانەیی.

٤- حەکایەتی کۆمەڵایەتی.

٥- حەکایەتی مەیل و مەتەڵ.

٦- حەکایەتی پەند و هێما.

٧- حەکایەتی سەیر و مەلا مەزبوورانە.

٨- حەکایەتی پاڵەوانیەتی (السيرة الشعبية). (١٤٢ أ، ص١٩٠-١٩١).

له خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەی نووسەر (عەلی جەزیری) ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە ئەویش لە هەشت جۆر (حەکایەت) تەنیا یەکێکیان بە (ئەفسانە) دەزانێ و دەنووسێ (الحکایة الاسطوریة) ئەگەر نووسەر مەبەستی لە (الاسطوریة) ئەفسانەی خوداوەندەکان بێ، ئەوا ڕاستە، ئەگەر نا، جۆری یەکەمی حەکایەتەکان کە بە (خەرافی و جنۆکە و خەوارق) ناویان دەبا، ئەوانیش ئەفسانەن.

بەڵام، ئەگەر سەیری ڕایەکەی (کامەران موکری) بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، ئەو لە دابەشکردنەکەیدا، شوێنێکی تایبەتی داوەتە ئەفسانە و جۆرەکانی ئەفسانە بەم شێوەیە دیاری دەکات، دەنووسێ: «چەشنەکانی ئەفسانە:

١- ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینییەکان.

٢- ئەفسانەی گەردوونی.

٣- ئەفسانەی هێمایی.

٤- ئەفسانەی قارەمانیی خواوەند» (٢٨، بەشی یەکەم، ل٤١-٤٤).

ئەگەر سەرنج بدەینە دابەشکردنەکەی (کامەران موکری) و (چەشنەکانی ئەفسانە)ی کە دیاری کردوون، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە (نووسەر) ئەم دابەشکردنەی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر و هی نەتەوە و وڵاتانی ترەوە وەرگرتووە، نەک بەلێکۆڵینەوە و ورد بوونەوە لە دەقە ئەفسانەییەکانی کوردی گەیشتبێتە ئەو ئەنجامە. هەر ئەوەشە وامان لێدەکات کە بڵێین: دابەشکردن و دیاریکردنی جۆری ئەفسانەی کوردی، تەنیا بەپشکنین و وردبوونەوەی بەبەرنامە لە دەقە ئەفسانەییەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەتوانین لە دیارکردنی (جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی) نزیک بکەوینەوە(*-٥). ئەوەش لەبەر ئەوەی، هەر چەندە (هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان ئەفسانەکانی جیهاندا هەیە) بەڵام، دیسان هەر نەتەوە و هۆز و ئایینێک خاوەنی ئەفسانەی خۆیەتی، کە جیایە لە هی نەتەوە و هۆز و ئایینێکی تر. وەک جیایی (زمان) و(ڕەنگ و ڕوو).

بەپێچەوانەی (کامەران موکری) دەبینین (خالد حسین) بەم شێوەیەی خوارەوە ئەفسانەی کوردی دیاری دەکات و دەنووسێ: «چیرۆکێن ئەفسانەیی: شبتی چیرۆکێن ڕۆستەمی زال... دەما دبێژت کو گورزێ وی چەندە و ئەو بخوە چەندە هەروەها مەطال و شیر... یان چیرۆکێن پیر هەڤیا... چیرۆکێن دێوا... دێوێ سۆر... دێوێ... شین... دێوێ ڕەش». (١١، ل٢١).

ئەم نووسەرەش هەر چەندە ناوی هەندێک لە تایبەتییەکانی ئەفسانەی کوردیی هێناوە وەکو: ڕۆستەمی زاڵ و چیرۆکی پیرهەڤی و دێوەکان- بەڵام، ئەویش هەموو جۆرەکانی ئەفسانەی کوردیی دیاری نەکردووە، هەر چەندە لەسەرەوەش دەنووسێ: چیرۆکێن ئەفسانەیی- کەچی پاشتر دەنووسێ: چیرۆکێن پیر هەڤیا- کە چاکتر بوو نووسیبای -ئەفسانەی پیرهەڤیا- چۆن وەکو زانراوە هەموو- چیرۆک و حەکایەتێک: ئەفسانەنین، چونکە (پیرهەڤی) کە دەکاتە-داکە دێو- هەر بۆ خۆی کەسییەتێکی ئەفسانەییە.



**١-١-٦- ڕەگەزەکانی ئەفسانە:**

ئەو ڕەگەزانەی کە چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە چیرۆکەکانی تر جیا دەکاتەوە، کەسییەتی و بیر و کەرەستە و کات و شوێن و کارە ئەفسانەییەکانە، کە ئەمانەش یەکجار زۆرن و لە ژماردن نایەن، بەڵام هەموو ئەمانە واتە: (ڕگەزە ئەفسانەیی) و (نائەفسانەیی)یەکان خۆیان لەژێر وشەی (ئاسایی) و نائاساییدا کۆ دەکەنەوە کە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵەدا دەسنیشانیان بکەین.

١- پاڵەوان یان کەسییەتی ئەفسانەیی: وەکو، پەری، فریشتە، لاکەرتک، مرۆڤی سەر حەیوان، یان حەیوانی سەرمرۆڤ و... زۆری تر.

٢- کەرەستەی ئەفسانەیی: ئەنگوستیلەی حەزرەتی سلێمان، کڵاوی سەخرەجن، بەرماڵی فڕین، ئاوێنەی جیهانبین ئاوی حەیاتێ و... زۆری تر.

٣- بیری ئەفسانەیی: گەڕان بەدوای نەمریی، بیری مرۆڤ کردن بەخواوەند و.. زۆری تر.

٤- شوێنی ئەفسانەیی: ئەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا نەپیر دەبێ و نەدەمرێ و نەکار دەکات و زۆر جۆری تر...

٥- کاتی ئەفسانەیی: تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ لە چاوقووچێنێکدا، ڕاوەستانی کات، گەڕانە بۆ دواوە بەسەدان و هەزاران ساڵ.

٦- کاری ئەفسانەیی: چوونە ئاسمان، چوونە ژێر زەوی، دروستکردنی کۆشکێک لە خشتی زێڕ و زیو لە یەک شەودا. بەبەردکردنی مرۆڤ لە چاوقووچێنێکدا و... زۆری تر.

٧- خواوەندی پاڵەوان: ئەم ئەفسانەیە کە خواوەندەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و تایبەتە بە (اسطورة) ئەفسانەی خواوەندەکان(*-٦).

**١-٢-١- تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی:**

پێش ئەوەی بچینە سەر جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی، بەچاکی دەزانم، باسی ئەو خاڵە تایبەتییانە بکەم کە ئەفسانەی کوردی لە ئەفسانەی نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە، چۆن لەگەڵ ئەوەی زۆر خاڵ هەیە، کە ئەفسانەی گەلان پێک دەبەستنەوە، ئەوا هەرنەتەوەیەکیش دەتوانێ، تایبەتمەندەکانی ئەفسانەی خۆی دیاری بکات. کوردیش کە نەتەوەیەکی کۆنە و لەسەرزەمینێکی فراوان و دەوڵەمەنددا دەژی و خاوەنی کۆنترین ئایین و زۆرترین ئایینە کە بەدرێژایی مێژوو لە پانایی کوردستاندا سەریان هەڵداوە.

**١-٢-٢- خاڵە تایبەتییەکانی ئەفسانەی کوردی:**

١-٢-٢-١- تایبەتمەندیی زمانیی: ئەو ئەفسانەیەی کە کورد (واتە خەڵکی کورد) بەزمانی کوردی و شێوەیەک لەشێوە زارەکانی زمانی کوردی دەگێڕێتەوە، ئەو ئەفسانەیە ئەفسانەیەکی کوردییە. ئەگەرچی هەمان ئەفسانە لەنێو نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەی تر بەزمانی خۆیان لەنێو خۆیان بیگێڕنەوە، ئەم وێکچوونە دەچێتە خانەی بەراوردی. وەک ئەفسانەی خدری زیندە، ئەسکەندەر، لافاو... زۆری تر جگە لەوەی لە هونەری گێڕانەوە، زۆر تایبەتمەندی زمانەوانی و هونەری ئاواز و گۆرانیی تایبەتیی کوردی

تێکەڵ دەقی ئەفسانە دەبێ، کە وەرگێڕانی زۆر زەحمەتە و بچێتە نێو هەر زمانێک کوردی بوونی خۆی دەپارێزێ.

١-٢-٢-٢- تایبەتمەندیی مێژوویی: ئەو ئەفسانانەیە کە باسی واقیعی مێژووی کورد دەکەن بەشێوەیەکی ئەفسانەیی، وەک گێڕانەوەی دروست بوونی میلللەتی کورد و مێژووی کاوەی ئاسنگەر و، جەژنی نەورۆز، قەڵای دم دم و شۆڕشی شێخ مەحموود و(*-٧)... زۆری تر.

١-٢-٢-٣- تایبەتمەندیی ئایینی: ئەو ئەفسانەیەی کە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باس لە سەرهەڵدانی ئایینە کوردییەکان دەکەن و هێزی ئەفسانەیی دەدەن بەکەسایەتییە ئایینییەکانی هەریەک لەو ئایینانە، وەکو کۆنترین ئایینی کورد پاش سروشت پەرستن و ئاژەڵ پەرستن، ئایینی دایک خوایی و میهر پەرستی و ئیزیدی و زەردەشتی و جوو و مەسیحییەت و ئیسلامەتی و ئایینزا ئیسلامییەکان و زۆری تری.

١-٢-٢-٤- تایبەتمەندیی جوگرافی: ئەو ئەفسانەیەیە کە باسی جوگرافیای کوردستان بەگشتی یان شوێنێکی جوگرافیی تایبەت بەکوردستان دەکات بەشێوەیەکی ئەفسانەیی. وەک ئەفسانەی دروست بوونی دەریاچە و چیاکانی کوردستان، ئەفسانەی (پرا دەلال) لە زاخۆ و ئەفسانەی دروستبوونی (پەرستگای لالش) و ئەفسانەی (دروستبوونی شاری ئورفە) لە باکووری کوردستان و لەگەڵ ئەفسانەی دروستبوون و نغرۆ بوونی دەیان قەڵا و کۆشک و شاری تر. ئەمانە هەموویان شوێنی دیارن لە کوردستان و ئەفسانەی تایبەت بەخۆیان هەیە وەک زۆر شوێنی تر.

١-٢-٢-٥- تایبەتمەندیی دابونەریتی کۆمەڵایەتی: ئەو ئەفسانانەی کە باس لە دابونەریتە تایبەتییەکانی میللەتی کورد دەکەن و ئەو دابونەریتانە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان هەیە لە دروستبوون و ڕاگرتنی ئەفسانەکان، وەکو ژن بەژنێ، تۆڵە سەندنەوە، جلوبەرگ، دیوەخان و پەرستگاکان و کۆشک و ڕەز و باغ و ئەشکەوت و سواری و ڕاو و چەکداری کۆسەبەبە و بووکە بەبارانە... و زۆری تر.

مەرج نییە ئەم تایبەتمەندییانە هەموویان پێکەوە بن، لەنێو یەک ئەفسانەدا، بەڵکە تەنیا یەک تایبەتمەندی لەنێو یەک ئەفسانەدا، ئەو ئەفسانەیە تەواو دەکات بەئەفسانەیەکی کوردی.

**١-٣-١- جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی:**

ئەفسانەی کوردی ئەفسانەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و کۆنە، هەر ئەم دەوڵەمەندی و کۆنییەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر جۆرە ئەفسانە لەنێو ئەفسانەی کوردیدا کۆببێتەوە، بێگومان هەوڵدانمان بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بێ کەموکورتی نابێ چونکە تەواوی دەقەکان، دەقی هەموو زاراوەکانی کوردستان و هی هەموو سەردەمەکان کۆ نەکراوەتەوە و ئەوەش کە کۆکراوەتەوە دیارە ڕێژەیەکی زۆر کەمە و، لەگەڵ ئەو کەمییەشدا هەموو واتە: هەموو ئەفسانە بڵاوکراوەکان دەست من نەکەوتوون. بۆیە ئەو هەوڵەی لێرەدا دەیدەین بۆ خۆی هەنگاوێکە و دەکرێ هەنگاوی تری لە دوابێت.

جا لەبارێکی ئاوهادا کەس ناتوانێ لافی ئەوە لێبدا کە دەتوانێ ڕای تەواو و دوایین ڕا لەبارەی ئەفسانەی کوردییەوە دەربڕێ. بۆیە ئەوەی تا ئێستا گوتوومانە و نووسیومانە، ئەوەش کە لەمەودوا دەیڵێین و دەینووسین، هەر ئەوەندە خۆ دەگرێ، تا لێکۆڵەرەوەیەکی تر دێ و زانستییانە و وردتر و لەسەر



کەرەستە و لێکۆڵینەوەی زۆرتر ڕایەکانی خۆی دەردەبڕێ. ئەوەش کە لەمەودوا هەوڵدەدەین جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی دیاری بکەین لەو هەوڵەشماندا پشت بە دوو خاڵ دەبەستین: یەکەم: ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەی لەبارەی ئەفسانەی جیهانی و خۆماڵی نووسراون. دووەم: ئەو دەقە ئەفسانە کوردییە هەمە جۆرانەی تا ئێستا دەست من کەتوون و خوێندوومەتەوە. جۆرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١-٣-١-١- ئەفسانەی خواوەندەکان "اسطورة": (*-٨) ئەمجۆرە ئەفسانەیە، ئەفسانەیەکی یەکجار کۆنە و هی ئەو سەردەمانەیە کە خواوەندەکان، چ هەر خۆیان چ لەگەڵ فریشتە و پەری و دێو و مرۆڤی نیوە خواوەند و مرۆڤی ئاسایی ڕۆڵی تێدا دەبینن(*-٩ أ).

١-٣-١-٢- ئەفسانەی پاڵەوانییەتی: ئەو جۆرە ئەفسانەیەیە کە زۆرتر پاڵەوانییەتی و ئازایەتی پاڵەوان و کردەوە پاڵەوانییەکانی پاڵەوان دیاری دەکات و بەشێوەیەکی (مێرانی- حەماسی) باسی پاڵەوان و کارە ئەفسانەییەکانی دەکات.

١-٣-١-٣- ئەفسانەی دڵداری: ئەو جۆرە ئەفسانەیە کە لەسەر دڵداریی نێوان دڵبەر و دڵدار دامەزراوە و کێشەی سەرەکیی ئەفسانەکە عەشق و دڵداری و کێشە و کۆسپ و ڕێگرەکانی پێکگەیشتنی ئەم دوو دڵدارەیە: دڵداران زۆر جۆریان هەیە، دڵداریی نێوان کچە پاشا و کوڕە پاشا، کچە پاشا و کوڕە گاوان و جووتیار و هەژار، دڵداریی کوڕە پاشا و کچە هەژار، دڵداریی نێوان کوڕ و کچی نەتەوە و ئایینە جیاجیاکان، دڵداریی نێوان مرۆڤ و پەری و فریشتە و دێو و ئەجندە، کوڕ و کچ لەهەر دوو لایانەوە، دڵداریی نێوان مرۆڤ و ئەسپ و مار و کۆتر و بۆق و زۆر گیانلەبەر و بەستەزمانی تر.

١-٣-١-٤- ئەفسانەی ژنخواستن: ئەمجۆرە ئەفسانەیە، جیایە لەگەڵ، ئەفسانەی دڵداری، هەر چەندە ئەنجامی زۆر دڵداریی نێو ئەفسانەش پێکگەیشتن و شووکردن و ژن هێنانە: بەڵام، مەرج نییە، هەموو ژنخواستنێک لەسەر بناغەی دڵداری بێ، زۆرجار لە ئەفسانە ژنخواستنی وا هەیە، بەزۆری بازوو گورزی گران و شیری تیژ و کوشتن و خوێنڕشتنی زۆرە، چونکە نەکچە ڕازییە و نەباوک و دایک و کەسوکاری و نەوڵات و شارەکەش کەچی (ژن هێنانێکی بەگێچەڵە)(*-٩) جگە لەوەی زۆربەی جاران کوڕەی ژن هێنەر ئەو کێشەیە دەنێتەوە، جاری واش هەیە کە کچە لەپێناو شووکردنی خۆی خوێنێکی زۆر دەڕێژێ و لە زۆر تاقیکردنەوەدا سەر دەکەوێ.

١-٣-١-٥- ئەفسانەی گەڕان بەدوای بەختدا: لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا زۆر ئەفسانە هەر لە سەرەتاوە لەسەر گەڕانی پاڵەوان بەدوای بەختدا دامەزراوە، جا ئەم گەڕانە هەر هۆیەکی هەبێ، لە ئەنجامی هەرکێشەیەکەوە سەرهەڵبدا، وەک بەدوای ڕزقی زۆردا بگەڕێ، بەدوای بەختی چاکدا بگەڕێ، بیەوێ چارەسەری کێشەیەک، نەخۆشییەکی گران بکات، گرێی نهێنییەک بدۆزێتەوە، سەر هەڵدەگرێ و دەڕوا، هەموو جارێ: دەگاتە مەبەستی خۆی، بەڵام، زۆرجاریش وەک سروشتییەتی ئەفسانە، شتە بەدەست هێناوەکە لە دەست دەدا و ڕەنج بەخەسار و هەناسە سارد دەبێ.

ئەم گەڕان بەدوای (بەخت)ەش لە سەرەتادا واتە لە کۆنەوە و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانەکە گەڕان بووە بەدوای (خواوەند)دا چونکە پێشان و لە سەردەمی زۆر خوایی، هەر کێشە و کارێک خوای تایبەتی

خۆی هەبووە، جا ئەگەر کەسێک لەو کارە تایبەتەدا کەم و کورتیی هەبووایە، پەنای دەبردەبەر خوای تایبەت و داوای چارەسەری کێشەکەی خۆی لێ دەکرد. جا ئەو کێشەیە، نەخۆشی بوایە، وەک گڕوویێتی و سەرێشەی دایم و منداڵ نەبوون و کەمیی ڕزق و شکستی بەردەوام و هی تر، جا ئەم خواوەندە تایبەتانە، لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و ئایینەکان، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام- کە دوا ئایین و بەر بڵاوترین ئایینە لەنێو کوردا، ئەم ناوی (خوا) و( خواوەند) گۆڕاوە بە (بەخت) و هەندێ جاریش بەکەس و شتی تر، وەکو خدری زیندە و جبرائیل و شێخ و پیر و هەتا "جادوو گەر" یش.

١-٣-١-٦- ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمرییدا: هەر "بیرۆکەی نەمریی" بۆ خۆی بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە و گەڕانیش بەدوایدا کارێکی ئەفسانەییە. لەنێو ئەفسانە کوردییەکان، زۆر دەق هەیە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەوە بینادنراوە کە پاڵەوان بەدوای (نەمریی)دا دەگەڕێ، جا هۆیەکە هەر چییەک بێ و پاڵەوانەکە هەر کەسێک بێ. وەکو: میر مح و ئەسکەندەر و خدری زیندە و پیرەژن و... زۆری تر.

١-٣-١-٧- ئەفسانەی سرِ دۆزی. گەڕان بەدوای نهێنی: ئەمجۆرە ئەفسانەیەش وەک تایبەتمەندیی خۆی هەر لەسەرەتاوە حەکایەتی ئەفسانەکە لەسەر نەزانینی نهێنییەک و گەڕان بەدوای گرێ و هۆکەیدا دادەمەزرێ. ئەم نهێندۆزی و گەڕانەش کارێکی ئاسان نییە و پاڵەوان پێویستی بەپشوو درێژی و هێزی بازوو و عەقڵی سەر و فڕوفێڵی زۆر هەیە. وەکو ئەفسانەی (سینەم پاشا)(*-١٠). ئەو سینەم پاشایەی وەکو کوندەپەپۆ بەسەر کەلاوەی شارەکەیدا هەڵنیشتووە و نهێنیی خۆی بۆ هەر کەسێ بگێڕێتەوە، پاشان لەسەری دەدا.

١-٣-١-٨- ئەفسانەی ئەفراندن: ئەفسانەکانی (ئەفراندن) ئەفسانەی زۆر و کۆنن و بەزۆر شێوە دەگێڕدرێنەوە و باس لە ئەفراندنی زۆر شت دەکەن. وەکو ئەفسانەی دروست بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و گیا و ڕووەک و درەخت و خێوە، هەروەها، دروست بوونی، ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە و زەوی، دیسان ئەفراندن و دروستبوونی، چیا و دەریا و ڕووبار و ئەشکەوت و زێڕ و زیو و ئاسن و ئاو و ئاگر و با و... زۆری تر.

١-٣-١-٩- ئەفسانەی گیانلەبەران: لە زۆر ئەفسانان گیانلەبەر یان ئەوەتە ڕۆڵی سەرەکی هەیە و ئەفسانەکە لەسەر ڕۆڵی ئەو بەرامبەر بەمرۆڤ و کەسایەتییەکانی تری نێو ئەفسانە دامەزراوە، یان هەر سەرلەبەر گیانلەبەران ئەفسانەکە بەڕێوە دەبەن. لەم جۆرە ئەفسانانەشدا گیانلەبەران زۆر ڕەوشتی چاک و خراپی مرۆڤ لە کار و کردەوەکانیان پەیڕەو دەکەن و شێوەی سروشتی خۆشیان دەپارێزن، ئەگەرچی لە هەندێ ئەفسانە، بەتایبەت گیانلەبەران- چ بەجادوو چ بەهۆیە ئەفسانەییەکانی تر شێوەگۆڕکێ دەکەن و لە کراسێکەوە دەچنە کراسێکی تر. ئەم خۆگۆڕینە تایبەت نییە بە"گیانلەبەر" بەڵکو زۆر جار مرۆڤیش بەتایبەت مرۆڤی جادووگەر و بەدکار ئەویش ئەو خۆگۆڕییە دەکات و ئەم خۆ گۆڕییەش وەک هەموو کارە ئەفسانەییەکان زۆر لە پڕ و کتوپڕ ڕوو دەدات.

١-٣-١-١٠- ئەفسانەی لافاو: لەنێو کورد بەزۆر شێوە ئەفسانەی لافاو دەگێڕدرێتەوە، هەروەها زۆر شوێنی جوگرافیی وەکو کانی و ڕووبار و دەریاچە و گوند و شار و شاخ و لوتکە لە کوردستان تێکەڵ



بەدەقە ئەفسانەییەکانی لافاو بوون ناو و سیفەتی خۆیان لە ئەفسانەوە وەرگرتووە، چ پێش ڕوودانی لافاو، چ لەکاتی ڕوودانی چ لە دوای ڕوودان و نیشتنەوەی ئاو و جێگربوونی کەشتی و دابەزینی مرۆڤ و زیندەوەرەکان و بووژانەوەی "ژیان"ی نوێی مرۆڤایەتی.

**١-٤-١- پێناسەی ئەفسانە:**

ئەگەر لێکۆڵەرەوە بەدوای ئەو پێناسانەدا بگەڕێ کە زاناکانی قوتابخانە و ڕێبازەکانی جیهانی ئەفسانە ناسی و تایبەتکارەکانی ئەم مەیدانە لە ڕۆژگارە دوورەکان و وڵاتە جیاجیاکانەوە بۆ "ئەفسانەیان" بەچاک زانیوە، ئەوا لەنێو ئەم هەموو پێناسە زۆر و لێک جیا و هەتا ڕادەیەک (دژبەیەک)ەدا، تووشی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پێناسە دەبین کە کۆکردنەوەیان لەژێر یەک ناونیشاندا کارێکی ئاسان نییە. یان وەکو ئەفسانە ناسی ئێرانی (مهردادبهار) دەڵێ: «زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە، ئەگەر بڵێین هەر لێکۆڵەرێک لەم بوارەدا بەڕێگای خۆیدا دەڕوا و بڕوای بەرەسەنیی بۆچوونی خۆی هەیە و ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئەفسانە بەو ئاڵۆزییەی خۆی لە دەروونی یەک ڕۆشنبیریدا بەم هەمەجۆرییەی خۆی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی جیهانی دیاردەیەک نییە کە بەیەک پێناسە و دەربڕینی سادە پەیوەنددار بێ» (٩٨، ص٣٥٤).

هەروەها ئەم چڕی و ئاڵۆزییەی ئەفسانەشە وای کردووە لە نێو لێکۆڵەرەوانی ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی سێ دەستە پەیدا ببێ، کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: ئەو دەستەیەی کە پێی وایە ئەفسانە بەتەواوی دەناسێ و دەتوانێ دید و بۆچوون و پێناسەی خۆی بۆ ئەفسانە هەبێ و ڕێبازەکەی خۆی بەڕاستترین و تەواوترین ڕێباز دەزانێ.

دووەم: ئەو دەستەیەی کە هەرچەندە راو بۆچوون و دید و پێناسەی خۆی بۆ ئەفسانە هەیە، بەڵام، هێشتا دڵی بەوەندە ئاو ناخواتەوە و لای وایە هێشتا ئەفسانە زۆر لایەنی نادیاری هەیە و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زۆرترە.

سێیەم: ئەو دەستەیەی کە لای وایە (هیچ) یان زۆر کەم لە جیهانی ئەفسانە دەزانێ و ئەفسانە وەک نهێنی ژیان و مردن کەس ناتوانێ دوا قسە و دوا بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەفسانەوە دەربڕی و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەبارەی ئەفسانەوە دەکرێن.

ئەوەتە لێکۆڵەرەوەی عەرەب (صالح بن حمادي) دەنووسێ: «ئەم ڕاوبۆچوونانە هەمە ڕەنگن و بەنۆرەی خۆیان بوونەتە هۆی ئەوەی هەر ڕایە و ڕەنگی ئەو زانستە بەخۆیەوە بگرێ کە دانەرەکەی وەک بنەمایەک پشتی پێ دەبەستێ بۆ شیکردنەوە و یاسا ڕێژییەکەی خۆی، بەم شێوەیە قوتابخانە و ڕێبازی زۆر بۆ شیکردنەوەی ئەفسانە و خورافات و داستان و پەندی میللی سەری هەڵداوە» (١٢٩، ص٣٢-٣٣).

هەروەها (شتراوس) لە بارەی پێناسەی ئەفسانەوە دەنووسێ: «ئەو پرسیارەیە کەوا پێویست دەکات وەڵامی نەبێ» پێچەوانەی ئەوەش دەکاتە «ئەو وەڵامەی کە بێ پرسیارە» (١٧٢أ، ص٧٥) یان ئەوەتە (ئۆغستین) بەم شێوە ئاڵۆزە پێناسەی ئەفسانە دەکات: «ئەفسانە چییە؟ من زۆر چاک دەزانم چییە! بەو

مەرجەی کەس لێم نەپرسێ! بەڵام، ئەگەر پرسییان و ویستم وەڵام بدەمەوە، زمانم تێک دەگیرێ» (١٥٦، ص٩).

ئەم ڕاو بۆچوونە جیاوازانە لەبارەی (پێناسە)وە هۆی ئەوەیە کە ئەفسانە نهێنییەکی زۆر لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ و لە زۆر ڕووانیش زانای بەخۆیەوە خەریک کردووە، بۆ نموونە: زاناکانی دەروونناسیی وەکو (فنت و فرۆید) و زانایانی کۆمەڵناسی وەکو (دۆرگایم و هیوبرت) و لە ئەنثرۆپولۆژییەکان "کرۆلی" و زانا کلاسیکییەکان وەک خاتوو (چین هاریسۆن) و زۆر زانای تر، بەمەرجێک ئەمڕۆ هیچ زانستێک نەماوە کە زاناکانی بۆ زانستە تایبەتکارەکەی خۆیان سوودیان لە ئەفسانە نەبینیبێ. ئەمانەش هەر یەکە و بەڕێبازی خۆی و بۆ مەبەستی خۆی لە ئەفسانە دەکۆڵێتەوە، هەر ئەوەشە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی زۆر ڕێباز و کۆبوونەوەی زۆر پێناسە بۆ ئەفسانە، کە لە ئەنجامدا پێناسەی دژ بەیەک پەیدا بووە.

ئێمە لێرە بۆ ئەوەی خۆ لەم هەموو ڕێباز و پێناسەیە دوور بخەینەوە، بە کورتی چەند جۆر پێناسەیەک بۆ ئەفسانە دەگوێزینەوە ئێرەو دوا جار ڕای خۆمان لە بارەی ئەفسانەوە دەردەبڕین.

**١-٤-١-١- ئەفسانە و مێژوو:**

ئەفسانە وەکو ئاو وایە لەنێو هەموو جۆرە خواردنێکدا ڕێژەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، لە هەمووان زیاتر (مێژوو و ئایین)ە مێژووناسان، یان ڕاستتر، قوتابخانەی مێژوویی وای بۆ دەچێ کە ئەفسانە «تۆمارکردنی ڕووداوێکە کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە و کاریگەرییەکی مەزنی لە ژیانی ئەو کۆمەڵەدا هەبووە کە بەشێوەی چیرۆک دایڕشتووتەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی بپارێزرێ» (١٦٣، ص١٦٤) لەنێو ئەمجۆرە ڕایانەی کە ئەفسانە بەمێژوو دەزانن دەتوانین گوێ لە باوکی مێژوو (هیرۆدۆت) بگرین کە نزیک بە چوار سەدە پێش زایین گوتوویەتی: «ئەفسانە لە ڕووداو و گۆڕانە چارەنووسسازە مەزنەکانەوە گەشە دەکات» (٢١٧، العدد٢، ص٤٣). هەر لەو سەردەمەدا واتە سەدەی چواری پێش زایین (یۆمیهرۆس) ئەفسانە وا پێناسە دەکات کە «مێژوویەکی پیرۆزە» (٢٠٠) کەم نین ئەوانەی کە ئەفسانە بەمێژوو دەزانن و ڕایان وایە ئەفسانە واتە مێژووی سەرزارەکیی کۆنی مرۆڤایەتی، بەڵام ڕای پێچەوانەش هەیە، کە نەک هەر ئەفسانە بە(مێژوو) نازانێ، بەڵکە پێی وایە (مێژوویەکی درۆیە) ئەوەتە دەڵێن: «زەحمەتە مانای ئەفسانە دیاری بکرێ، هەندێ کەس ئەم وشەیە وا بەکاردێنێ کە مانای (مێژوویەکی درۆ) بدات، چیرۆکی ئەو سەردەمانەی کە دەزانین ڕاست نین!» (١٧٢أ، ص٦٥) هەندێ لە زاناکان خۆیان لەم نێوەندەدا دەبیننەوە، واتە ئەفسانە بەنیوە واقعی دەزانن و لایان وایە ڕاست و درۆ تێکەڵ بووە، «دەبێ ئەفسانە بەداستانی نیوە واقعی دابنێین کە دەشێ ڕاست یان درۆ بێ، بەڵام، بەوردی مەبەست لە "ڕاست" چییە؟» (٥٢، ص٢٢) وەکو بینیمان هەر لە (قوتابخانەی مێژووییدا) سەبارەت بەئەفسانە و پێناسەی ئەفسانە ڕای چەند لێک دوور هەیە. هەر ئەوەشە وای لە (جۆن ماکۆری) کردووە بڵێ: «ئەفسانە دیاردەیەکی ئاڵۆزە» و «هەر ئەفسانەیەک شیکردنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگری» (١٢٠، ص٤٥).



**١-٤-١-٢- ئەفسانە و زانست:**

ئەگەر ڕۆژێک ئەفسانە وەک شتێکی (پڕوپووچ) باس دەکرا، ئەوا ئەم تەمە ڕەوییەوە و ڕێک بەپێچەوانەی پڕوپووچ زۆر لە ئەفسانە ناسان، ئەفسانە بەزانست دەزانن و ئەوەش دەزانن کە (زانست) وەک هەر شتێکی تر لەگۆڕانە. سەرەتا وا چاکە ئەو ڕایەی زانای فەڕەنسی (ئۆغست کۆنت) بەسەر بکەینەوە کە لای وابوو (عەقڵی) بەشەرییەت لە شیکردنەوەی دیاردەکان بەسێ قۆناغدا ڕۆیشتووە: (قۆناغی ئەفسانەیی، کە یەکەمین و کۆنترین هەوڵدانە کە عەقڵی مرۆڤ بۆ ناسینی شتەکان پەنای بۆ بردووە، پاشان قۆناغی فەلسەفە- و پاشتر گەیشتە- قۆناغی زانستی» (١٢٩، ص٣٦) دیارە هەر ئەو زانایە قۆناغی دوایی واتە (قۆناغی زانست) بەدوا قۆناغ و پێگەیشتووترین قۆناغ دەزانێ، لە قسەکانیشیدا وا بەدەر دەکەوێ کە ئەم سێ قۆناغە هەرسێکیان تەواوکەری یەکترن. بۆ ئەوەی قۆناغی ئەفسانە و زانست لێک نزیک بکەینەوە، وا چاکە ئەم ڕایەی (فریزەر) بگوێزینەوە ئێرە، کە دەڵێ: «سەردەمی جادوو کە سەردەمی ئەفسانەیە، تەواو لە سەردەمی زانست دەکات» (١٠٩، ؟) هەر بۆ ئەم بەزانست زانینەی ئەفسانە زۆر زانا و لێکۆڵەرەوەی تر ڕای خۆیان دەربڕیوە، ئەوەتا (بی غریمال) دەنووسێ: «ئامانجی ئەفسانە، هەر وەکو ئامانجی زانست، شیکردنەوەی جیهانە و وا لە دیاردەکانی بکات؟ بزانرێ، وەکو زانست» (٢١٧- العدد الثاني ١٩٩١ ص٣٩) ئەگەر (بی غریمال) ڕای وایە ئامانجی ئەفسانە و زانست هەر یەک ئامانجە، ئەوەتا (ئەلیکساندەر کراب) ئەویش ئەفسانە و زانست بەبەرهەمی یەک شت دەزانێ و دەڵێ: (ئەفسانە هەروەکو زانست بەرهەمی عەقڵە» (٨٥، ص٥١) هەر لە بارەی ئەفسانە و زانستەوە زانایەکی وەکو (کلۆد لیڤی شتراوس) دەڵێ: «جیابوونەوە لە نێوان ئەفسانە و زانستدا نییە» (١٥٧، ص٤٢) هەر ئەم تێکەڵییەی نێوان زانست و ئەفسانە وای لە (جەلال تەقی) کردووە کە بڵێ: «لەوە دڵنیام ئەگەر لە ڕابردووی زۆر دووردا چیرۆکی ئەفسانەیی لەناو گەلاندا نەبووایە ئێستا نەدەتوانرا نهێنیی ئاسمان و گەردوون ئاشکرا بکرێت» (٦، ل٦) ئەوەی لەم ڕایە بەدەردەکەوێ، ئەوەیە کە بەلایەوە نەک هەر پەیوەندی لەنێوان ئەفسانە و زانستدا هەیە، بەڵکە ئەم هەموو بەرهەمە زانستییەش نەدەبوو ئەگەر ئەفسانە نەبووایە.

ئەگەر ئەم ڕایانە و ڕای زۆر لێکۆڵەرەوەی تریش لەسەر ئەوەن کە ئەفسانە و زانست پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە، ئەوە دیسان ڕای پێچەوانەی ئەم ڕایانەش هەیە کە ناتوانن - ئەفسانە- وەکو- زانست- سەیر بکەن، زانایەکی وەکو (ولیەم رایتەر) ڕای وایە: «ئەفسانە قۆناغی بناغەیی و بەکردەوەی نێوان تێگەیشتنی هۆشیاری و نا هۆشیارییە» (١٤٧، ص٣٦-٣٧) یان یەکێکی تر لە لێکۆڵەرەوانی ئەفسانە ڕای وایە ئەفسانە نەک هەر زانست نییە بەڵکە نیشانەی داماوی و سەرسوڕمانی مرۆڤیشە بۆیە دەنووسێ و دەڵێ: «ئەفسانە هەوڵی ناتەواوی مرۆڤە لە بەرامبەر داماوی و لاوازیی خۆی لە ڕووی بەدەستهێنانی ئارەزووەکان و ترسی خۆی لە ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان» (٦٦، ص٤) کە ئەفسانە بەقسەی هەندێ لە لێکۆڵەرەوان یەکەمین هەوڵی زانستییانەی مرۆڤ بێ بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی جیهان، یان ئەوەتا نیشانەی داماوی و لاوازیی مرۆڤ بێ لە بەرامبەر شت و دیاردە و ڕووداوە لە

ناکاوەکان بەڕای هەندێ لە کونجی فەلسەفەوە دەڕوانێتە ئەفسانە و بەهەوڵدانێکی سەرەتایی دەزانێ بۆ لە جیهان گەیشتن دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەنووسێ: «ئەگەر لە کونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە، دەتوانین بەجۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین. هەروەک بەهەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت.» (٢٣، ل١٥) بەم ڕەنگە دەرکەوت کە هەتا پتر بەدوای پێناسە ئەفسانەییەکاندا بچین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە هەر زانستە و ڕەنگی خۆی لە ڕووی ئەفسانە هەڵدەسوێ و هەر کەسە و بەچاوی خۆی ئەو جوانییە لەنێو ئەفسانەدا دەبینێ کە خۆی دەیەوێ «ئەفسانە هونەری مرۆڤی سەرەتاییە، کە تێکەڵە لە جادوو و ئایین و مێژوو و ڕامان و زانست» (١٣٥. ص١٨) چونکە وەکو دەرکەوتووە، ئەفسانە ناسیی بۆ خۆی «شوێنی پێکگەیشتنی ژمارەیەکی زۆری بەشە تایبەتکارەکانی زانستە» (٨٥، ص١٥٣).

### ١-٤-١-٣- ئەفسانە و هێماکاریی:

پێشتر گوتمان هەر لێکۆڵەرەوەیەک دەتوانێ بەچاویلکەی خۆی لە ئەفسانە بڕوانێ، بابزانین ئەوانەی کە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەفسانە بۆ خۆی بەشێکە لە (هێماکاری) لەمێژینەی مرۆڤ چی دەڵێن، زانایانی ئەنثرۆپۆلوجی پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن: «کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان (ئەفسانە و هێما) هەر لەبەر ئەوەشە- شیکاریی هێمایی- بووەتە ڕێبازێکی سەرەکی لە توێژینەوەی ئەفسانە» (١٦٣، ص١٦٥) ئەگەر هەندێ لەو لێکۆڵەرەوانە ئەفسانە بەگشتی واتە دەقی ئەفسانەیی- کە بەهێما دەزانن ئەوە هەندێکی تر کەسێتی نێو ئەفسانە بەهێما دەخوێننەوە و وەک هێما لێکی دەدەنەوە و دەڵێن: «بەرچاوترین تایبەتمەندی کەسێتی ئەفسانەیی ئەوەیە کە هێماکارییە و گرنگترین سیفەتەکانی هێماش ئەوەیە کە لەهەر چەرخێکدا مانایەکی نوێ دەداتە دەست» (١٣٠، ص١١٥) هەندێک ئەم هێماکارییە هەر بەتەنیا لەنێو ئەفسانەدا نابینن، بەڵکە بۆ ڕۆژگاری کۆن دەگەڕێتەوە و لایان وایە «مرۆڤی ڕۆژگاری زوو ئەوەی کە وای دەهاتە بەرچاو کە هێماکاری بەشێکی سروشتییە لە ژیانی ڕۆژانەی» (١٥٥، ص١٣٩) ئەمەش ڕای (یۆنگ)ە، کە زانایەکی دەروونناسی شیکارییە ئەمانە ڕای ئەوانە بوون کە ئەفسانەیان وەک هێما دەخوێندەوە دیارە وەک هەموو بۆچوونەکانی تر پێچەوانەی ئەم ڕایەش هەیە، واتە ئەوانەی کە ئامادەنین، ئەفسانە وەک هێما قبووڵ بکەن و شیکاریی هێمایی بۆ بکەن، ئەوەتا (مالینۆ سکی): «ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەفسانە هێما بێ، چونکە ئەفسانە لای ئەو دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی سەرەتاییە» (١٦٣، ص٦٥) وەکو دەردەکەوێ هەر لێکۆڵەرەوەیەک لەسەر ڕێبازێک و بەپشت بەستن بەزانستی تازە لەم ڕێبازەوە لە ئەفسانە دەدوێ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئێمە بەزانستی نوێ قسە لەبەرهەمێکی یەکجار کۆن دەکەین، جا لەم پشت بەزانست بەستن و بەکارهێنانی ڕێبازە تازانە، نابێ بمانخاتە سەر ئەو ڕایەی کە هەرچی ئێمە واتە لێکۆڵەرەوەکانی ئەمڕۆ لەبارەی ئەفسانەوە دەیڵێین ڕاست و بێ کەموکورتییە، بۆ هێماکاریی ئەفسانە کە هەندێ لە زاناکان ئەفسانە بەهێما ناو دەبەن، ئەم زمان و هونەری ئەفسانەیە لە ڕۆژگارانی خۆیدا و کاتی سەرهەڵدانی زمانێکی واقعی بووە، نەک (هێما) بێ و بەکار هاتبێ، ئەوە ئێمەینە ئێستا وای لێکدەدەینەوە، دەنا ئەوان زمانی بیرکردنەوەی خۆیان بێ پێچو



پەنا دەربڕیوە، بۆ نموونە: ئێستاش میللەتی وا هەیە (گا) دەپەرستێ، ئەوان ئەو گا پەرستییەی خۆیان، ڕاستە و ڕاست بەخوا پەرستی دەزانن، خوای خۆشیان بەگەورەترین هێز دەزانن و هەرچی لەبارەی ئەو خوا هێزەشەوە دەیڵێن، ئەویش بەڕاست دەزانن، لەوەش وەک هەر میللەتێک ئەوانیش ئایینەکەی خۆیان لە ئایینی هەموو دنیا بەڕاستتر!!، دەزانن، بەدوور لەوەی کە من و تۆ کامیان بەڕاستتر دەزانین لەو جێگایەی کە عەقڵ و عەقائید لەبارەی ئایین و زانست ڕادەوەستێ و دەق دەگرێ، (زمان)یش ڕادەوەستێ، یان ڕاستتر هەر ئەوە دەردەبڕێ کە (ئیعتیقاد) پێی گەیشتووە ، بۆیە، نابێ زمانی ئەفسانەی کۆن بە (هێما) بزانین، بەڵکە ئەو زمانە زمانی واقعی بیرکردنەوە و دەربڕینی- مرۆڤ-ی ئەو ڕۆژگارە بووە، بەداخەوە ئێمە زیاتر بەزانیاریی ئەمڕۆ بیر لە ڕۆژە ڕۆیشتوو و کۆن و پڕ نهێنییەکان دەکەینەوە، لەمەش ناحەق نین!! چونکە هەر مرۆڤە و بەعەقڵ و زانیاریی سەردەمی خۆی بیردەکاتەوە، چۆن مرۆڤی ڕۆژانی کۆن و زووش هەر بەزانیاری خۆیان بیریان کردووتەوە و بەزمانی خۆشیان ئەو زانیارییانەیان دەربڕیوە، ئەمەش کارێکی سروشتی مرۆڤی هەر چەرخ و ڕۆژگارێکە.

### ١-٤-١-٤- ئەفسانە و شیعر:

وەک زاناکان پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیە، سەبارەت بەئەفسانە، ئەدیب و لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەبیش لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە، ئەفسانە پێناسە دەکەن و بەچاوی ئەدەبەوە لە ئەفسانە. دەڕوانن، سەیرکە (فکتۆر شکلۆفسکی) نەک هەر تەنیا ئەفسانە بە شیعر دەزانێ، بەڵکە لای وایە کە ئەفسانە «شێوەی یەکەمی شیعرە» (٢١٧، العدد الثانی، ص٤١) هەن لەوەش زیاتر ئەفسانە بەلای شیعر و شاعیراندا دەشکێتەوە، ئەوەتا لێکۆڵەرەوەی -ئەڵمانی- (ئۆلاند) دەڵێ: «ئەوە تەنیا شاعیرەکانن دەتوانن بەشێوەیەکی ڕاست لە ئەفسانە بگەن» (٢١٧، العدد الثانی، ص٤١) ئەو دڵگەرمییەی ئەدیب و شاعیران بۆ ئەفسانە هەر تەنیا لەو سنوورە ناوەستێ، - ئەو زانایانەی کە لەسەر ئەو باوەڕەن ئەفسانە کۆنەکانی جیهان، نموونەی یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی ناخی گیانی مرۆڤایەتین، «ئەوە داهێنانێکی گرنگی عەقلییەت و ئەندێشەی داهێنەرانەی هونەرمەندە و ئەوەی تەوژمی پشکنینی زانستی و عەقلییەتی شیکاری تێکی نەداوە» (١٣٠، ص٢٣) لەوەی کەپێشتر گوتمان: هەر کەسەو دەتوانێ بەچاوی خۆی سەیری ئەفسانە بکات، شتێکی دوور لە واقعمان نەگوتووە، پێناسەی شاعیرانەش ڕێگە لە زانایانی بوارەکانی تری ژیان ناگرێت کە ئەوانیش ئەفسانە بەو شێوەیە پێناسە بکەن، کەخۆیان دەیانەوێ، وەک ئەوەش- زانا و ڕێبازە- زانستییەکان ئەوانیش ناتوانن، ڕێگا لە شاعیر و هونەرمەندان بگرن، دیارە شاعیر و هونەرمەندان و نووسەران سوودێکی زۆریان لە ئەفسانە بینیوە و زۆر شاعیر و هونەرمەند و نووسەری جیهانی لەسەر شانی ئەفسانە پێگەییوە و ناوبانگی پەیدا کردووە و هەندێکیش لەو داهێنەرانە هەر لەسایەی ئەفسانە گەیشتوونەتە- جائزەی نۆبڵ.

ئەم چەند پێناسەیەی کە لەنێو پێناسەکانی - مێژوویی-و- زانستی و-هێماکاری-و- شیعردا هەڵمانبژارد ژمارەیەکی کەمی ئەو پێناسانەیە کە هەر لەو زانستانەوە ئەفسانەی پێ پێناسە کراوە، ئەگەر بێ و هەموو بابەتە پێناسەییەکان کۆکەینەوە ئەوا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی دەوێ، لێکۆڵینەوەیەک

سەر و بنی دیارنەبێ، ئەوا کە وەکو بینیمان- یەک زانست و ڕێباز زیاتر لە پێناسەیەکی هەیە، کە ئەفسانەی پێ پێناسە دەکات. ئەوەش لەبەر ئەوەی – میتۆلۆژیا- ئەمڕۆ بووە بەزانستێک بەزۆر شێوە و ڕێباز لێی دەکۆڵرێتەوە، هەر شێوە و ڕێبازەش دەستوور و ئامانجی خۆی هەیە، کە جیایە لەگەڵ ئەوەی تر، ئەوەش مانای ئەوەیە کە – ئەفسانە- پتر لە زانستێک لەخۆیدا کۆدەکاتەوە لەسەر قسەی (کۆلن ولسن): «پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم جیهانە پڕە لە ملیۆنەها ڕاستی» (١٥٨، ص٣٤). هەر ئەو نووسەرەش دەڵێ «زانا مەزنەکان بۆ خۆیان بەتەمای ئەوە نین، بەهیچ شێوەیەک کە لەشتێکی کەم زیاتر لەو هەموو ڕاستییە بزانن کە پەیوەندیی بەو کەونەوە هەیە کەتێیدا دەژین» (١٥٨، ص٣٤) چونکە- تواناو- تەمەن-ی مرۆڤ بەشی ئەوە ناکات ئەو هەموو نهێنییە بزانێ بەقسەی (کلۆد لیڤی شتراوس) کە دەنووسێ: «من ناتوانم باوەڕ بەوە بێنم کە لەداهاتوودا ڕۆژێک دێت زانست تەواو بەدەست هێنرابێ» (١٥٧، ص٣٢) کە زانست نەتوانێ هیچ ڕۆژێک – تەواو- بێت، دیارە ئەو یاسایە – زانستی ئەفسانە-ش دەگرێتەوە، ئەگەر ئەوەش بزانین کە ئەفسانە شتێک نییە کۆتایی هاتبێ و دەقی گرتبێ: «ڕاستی ئەوەیە بڵێین: هەر سەردەمە و ئەفسانەی خۆی هەیە» (١٦٣، ص٢٦) کە ئەفسانە ئاوا زیندوو لەکاربێت و لە ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ لەهەر شوێنێک مرۆڤ بژی ئەویش بژی و لەسەر زاربێ، شتێکی ئاوا بڵاو وپڕنهێنی، پێناسە کردن و شیکردنەوەی کارێکی زەحمەتە چونکە لەسەر قسەی (یۆنگ) (*-١١أ): «هەموو ئەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ شیکردنەوەی ئەفسانە، نەبووەتە هۆی ئەوەی کە لەئەفسانە بگەین؛ بەپێچەوانەوە بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتر لە جەوهەری-ئەفسانە-و سەرسامییەکەی پتر کردووین» (١٥١، ص١٣) ئەم سەرسامی و دامان و تێنەگەیشتنە لە نهێنییەکانی جیهانی ئەفسانە زۆر لە تایبەتکارانیش هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە پێناسەکردنی ئەفسانە کارێکی ئاسان نییە! «بەدەست هێنانی پێناسەیەکی تەواوی ئەفسانە، کە هەموو مەبەستەکانی ئەو بگێڕێتەوە کارێکی ئاسان نییە!» (٦٦، ص٣).

**١-٥-١- هەندێ پێناسەی تایبەت:**

وەکو دەرکەوت هەرچی بمانەوێ پێناسەیەکی وا بۆ ئەفسانە بدۆزینەوە، کەهەموو لایەکی ئەفسانە بگرێتەوە و هەموو مەبەستەکان بداتە دەست لەسەر قسەی زانایان پتر لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەفسانە بەدوور دەکەوینەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە، کە واز لەپێناسە کردنی ئەم- ئەفسانە- بێ پێناسەیە بهێنین، چونکە ئەفسانە پاشماوەیەکی یەکجار کۆنی مرۆڤایەتییە و بەسەر زارەوەیە، لەژێر خاک و لەنێو ئەشکەوتەکاندا نییە! ئێمەش بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆمان و لەپێناو مەبەستی خۆمان. چەند پێناسەیەک بۆ ئەفسانە دەنووسین و دەیخەینە بەردەستی تایبەتکار و خوێندەواران، بەو هیوایەی کە ئەگەر – پێناسە- کەی ئێمە، ئەفسانەیان پتر لێ نزیک نەکاتەوە، ئەوا نەبێتە هۆی ئەوەی کە دوورتری بخاتەوە .

ئەفسانە: ئینسکلۆپیدیایەکی کۆن و دەوڵەمەند و پڕ نهێنیی هەموو مرۆڤایەتییە، هەموو هۆز و نەتەوە و ئایینێکی کۆن و تازە هاوبەشن لە دروستکردن و دەوڵەمەند کردنیدا.




ئەفسانە: «ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لەنێوکۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوەو کەسایەتیی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی لەکات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی تێدا دەکەن.) (٢٧ ، ل١٥).

**١-٦-١- ئەفسانەی کوردی:**

ئەفسانەی کوردی، بەگشت لایەنەکانییەوە مەیدانێکە کارێکی ئەوتۆی تێدانەکراوە، هێشتا زۆر پرسیار هەن بێ وەڵامن و زۆر گۆشە هەن نەک بۆ بێگانە و خەڵکی تر، هەتا بۆ کورد خۆیشی روون نییە! ئەفسانەی کوردی لەکەیەوە دەست پێدەکات؟ ئەفسانەی خواکانی کورد کامەیە؟ مێژووی ئەفسانەی کورد چۆنە؟ سەرچاوەکانی ئەفسانەی کوردی، بەهەردوو بەشییەوە ئەفسانەی خواکان و ئەفسانەی گشتی چین؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تر هێشتا لەنێو لێکۆڵینەوە کوردییەکان وەڵامێکمان دەس ناکەوێ، جا بۆ ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدا بیسەلمێنین کە – ئەفسانەی کوردی- مان هەیە، سەرەتا هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێ (جەمال نەبەز) لە نامیلکەی (سەرنجدانێک لە میتۆلۆژیای کورد) بەهێمایەکی کورت لەبارەی میتۆلۆژیای کورد، دەڵێ: «یەکێک لەو کەرەسە گرنگانە، بەڵگەنامە پیرۆزەکانی ئەو ئایینانەن کە لەکورستاندا پەیدا بوون وەک ئایینی ئێزدی و ئەهلی حەق (واتە کاکەیی یان یارسان) و شەبەک و سارەیی شەمسیە و حەققە، هەروەها ئەو ئایینانەی کە لە کوردستاندا هەر لەکۆنەوە هەبوون و تا ئێستا هەر هەن وەک ئایینی مووسایی و ئایینی دیانەتی ئایینی ئیسلام» (١٧أ، ل٤).

دکتۆر جەمال نەبەز لەوەدا کە ئایینەکانی کوردستان بەسەرچاوەیەکی گرنگی میتۆلۆژیا دەزانێ، چاکی بۆ چووە، بەڵام، لەرووی مێژووییەوە دەبوایە زووتر باسی ئایینە کۆن و بەراییەکانی کردبا و دواجار هاتبایە سەر ئایینەکانی ئەم دواییە، چونکە ئەگەر بمانەوێ بەتەواوی چاوگە و مێژووی ئەفسانەی کوردی دەستنیشان بکەین. ئەوا پێویستیمان، بەچەند مێژوویێکی تر هەیە، ئەویش مێژووی نەتەوەی کورد و مێژووی ئایینی کوردە ، لەپەنای ئەم دوو مێژووەوە دەتوانرێ زانستییانە مێژووی ئەفسانەی کوردییش دیاری بکەین.




(١) ئەم جۆرە چاوگە هەر تەنیا تایبەت نییە بە ئەفسانەی کوردی، بۆ زۆربەی هەرە زۆری میللەتان هەر بەم شێوەیە.
(٢) مەبەست لە بەردەوام، بەردەوامی وەرگرتن و کارلێککردنی ئەفسانەی میللەتانە، کە لەم بەردەوامی وەرگرتنە میللەتان ئەفسانەی تازە و نوێش لێک وەردەگرن.



### ١-٦-١-١- مێژووی نەتەوەی کورد:

ئەگەر بمانەوێ مێژووی (نەتەوەی کورد) بزانین ئەوا سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو جوگرافیایەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ (کوردستان) لەکەیەوە مرۆڤی تێدا دەژی؟ ژیانی ئەو مرۆڤی هەوەڵجارە چۆن بووە و چۆن گەشەی کردووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ئەشکەوتە ناودارەکان و پشکنینی شوێنەوارەکان و بەردە نووسراوەکانمان چاکتر دەس ناکەوێ.

#### ١-٦-١-٢- لە بن عەرد و لەنێو ئەشکەوتان:

لەکوردستاندا ئەشکەوتێکی یەکجار زۆر هەیە، کە هەندێکیان خۆڕسکن و هەندێکیان دەسکرد، ئەو ئەشکەوتانە هەر لەزووەوە مرۆڤ پەنای بۆ بردووە تێیدا ژیاوە. لەپشکنینە زانستییەکان و دۆزینەوە ڕێککەوتەکان، زۆر نهێنیی ژیانی کۆن لەنێو ئەم ئەشکەوتانە دۆزراونەتەوە (ئەلیکساندەر ئەلفریدۆ ڤیچ) دەڵێ: «ئەشکەوتە بەناو بانگەکەی " شانەدەر" لە شاخەکانی کوردستان وەک ئارشیفێکی نایابی پاراستنی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی و مرۆڤایەتییە بەدرێژایی "١٠٠٠٠٠ هەزار ساڵ"» (٢٠٦، ٨ ، ل٢٦) ئەوەی لە قسەی ئەم لێکۆڵەرەوەیە هەڵدەوێنجرێ، ئەوەیە کەبەدرێژایی (١٠٠٠٠٠ هەزار ساڵ) ئەشکەوتی "شانەدەر" نەک هەر تەنیا ئەرشیفێکی نایابی شاخەکانی کوردستان بووە، بەڵکە شوێنەواری شارستانییەتی مێژوویی مرۆڤایەتیش بووە، ئەوەش مانای وایە نەک هەر مرۆڤ بەر لەسەد هەزار ساڵ لەکوردستان ژیاوە، بەڵکە خاوەنی شارستانییەتیش بووە. هەر لەبارەی " شانەدەر"ەوە دەڵێن: «زاناکانی کۆنناسی لە ئەشکەوتی شانەدەر (لە پارێزگای هەولێر) کۆنترین پاشماوەی نیشتەجێ بوونیان دۆزییەوە لەباکووری وڵات (کوردستان) کە بۆ نزیکەی ٦٠ یان ٥٠ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە» (١٤٥، ص٢٣) هەر چەندە ئەمجارە ژمارەی ساڵ لەکەمی دەدات و لە سەد هەزارەوە دەبێتە پەنجا هەزار، بەڵام، دیسان بەڵگە و نیشانەی دووپات بوونەوەی بەردەوامیی ژیانە لەم ئەشکەوتەی کوردستان. ئەگەر لەم دووبەڵگەی پێشوو ژمارەی ساڵەکان باس دەکراو وەک نیشانەی نیشتەجێ بوون و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ خرایە بەرچاو، ئەوا ئەم جارە ژمارەی ساڵ و ناوی-جۆری مرۆڤ-ەکەش باس دەکرێ: «لەم وەختانە مرۆڤی -نیاندرتاڵ- بەدەرکەوت، ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی ناوچە شاخاوییەکان دەژیا(...) ئەوەی (٦٠ هەزار ساڵ) لەوە پێش پاشماوە و کەرەستەی ڕاو و کاری سەرەتایی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بەجێ ماوە» (١١٥، ص١٠٢) ئەمجارە دەگوێزینەوە بۆ خوارووی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی لوڕستان بابزانین پشکنینی کۆنناسەکان چی دەڵێ «لێکۆڵینەوە کۆنناسییە ئەشکەوتناسەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەشکەوتەکانی کونجی (Kongi)و قومری و گری ئارجنە و دوشە و ئەوانیتر نزیکەی چل هەزار ساڵ لەوەپێش مرۆڤیان تێدا ژیاوە» (٩٣، ص٤) کە ئەم مێژووانەی تائێستا باسی ژیانی نێو ئەشکەوتیان دەکرد، لەمەودوا کۆنناسان باسی هاتنە دەر لەئەشکەوتەوە و گۆڕانی ژیانمان بۆدەکەن: «(زاوی جمی)(*-١١) کە بەقسەی شوێنەوارناسان کۆنترین دێیە لەجیهاندا و دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ تێیدا فێری دروستکردنی خانوو بووە» (٢١، ل٤٥) ئەم ڕایە هەر تەنیا ئەوەنییە مرۆڤ لە ئەشکەوت دێنێتە دەرەوە و باسی فێربوونی خانوو دروستکردنی دەکات، بەڵکە بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کە ئەم دێیە

کۆنترین دێیە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکە لە جیهانیشدا، ئەگەر -زەڤیا چەمێ- کۆنترین گوندی جیهان بێ، دەبێ، خانوو دروستکردنەکەشی یەکەمین و کۆنترین خانوو دروستکردن بێ، هەر ئەم کۆنترین گوند و کۆنترین خانووە بەرەو سەرەتاکانی کشتوکاڵی و چاندنی گەنم و کۆنترین گوندی کشتوکاڵیمان دەبات: «سەرەتاکانی کشتیاری ئەگەڕێتەوە بۆ چاندنی گەنم و کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لە (٩٠٠٠) هەزار تا (١٢٠٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر کە دۆزراوەتەوە، لەگوندی چەرمـوو کەریم شارەی سەر بە چەمچەماڵ» (٣٢ أ، ل٦) دیارە ژیانی گوندو کشتوکاڵی وادەکات کە مرۆڤ پێویستی بەزۆر کەرەستە و پێویستیی تر ببێ بابزانین ئەمجارە لە دەوروبەری شاری کرماشان کۆنناسان چێ دەدۆزنەوە؟ ڕۆژنامەی (کیهان)ی ڕۆژی ٢٨ مردادی ١٣٥٣ دەنووسێ: «کۆنناسان سەردەمێکی دیاریکراویان بۆ گۆزەگەری دیاری کردبوو، سێ ساڵ لەوەپێش لە گەنج دەرەی کرماشان شارستانییەتی گۆزەگەری هی دە هەزار ساڵ دۆزراوە» (٨٢، ص٨٥) ئەگەر گۆزەگەرییەکەی گەنج دەرەی دەوروبەری کرماشان بەیەکەم پیشەی دەستی دابنێین کە لەکارگەوە دروستکرابێ، بەر لە دە هەزار ساڵ، ئەوا هەر لەم دەوروبەرە لە شوێنێکی تری کوردستان مرۆڤ بەشێوەیەکی تر پەرە بەژیانی دەدات، ئەو سەردەمەی پێی دەگوترێ -چەرخی بەردینی نوێ- لەم چەرخەدا ژیانی مرۆڤ گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینی، ئەویش ئەوە بوو پەنای بۆ ئەوە برد کە خۆراکی خۆی بەدەستی خۆی بەرهەم بێنێ و ژیانی خۆی بەهۆی کشتوکاڵ و ماڵی کردنی گیانلەبەران دابین بکات، ئەوەش وەک کوودەتایەکی ئابوورییە: «کە بۆ یەکەم جار لە ژیانی مرۆڤ لە پارچەیەکی ڕۆژهەڵات ڕوودەدا، ئەویش لە باکووری عیراق (کوردستان) و سەرەتای هەزارەی دەیەم یان نۆیەمی پێش زایین» (٢١١، ل٥٧٢) بۆئەوەی بیسەلمێنین کە هەر لە زووەوە ژیان بەنێو خاکی ئەوڕۆی کوردستاندا پەرت بووە، ئەم جارە دەچینە دەوروبەری شاری دهۆک و دەچینە گوندی "نەمرکێ" بۆ ئەوەی بزانین هەر لەو دەوروبەرە، واتە دە هەزار ساڵ لەوەپێش ژیان لەوێ چۆن بووە؟ زانای ئەرکیۆلۆجیی پۆڵەندی (ستیڤان کۆزۆڤسکی) و دەستەکەی ساڵی ١٩٨٥ لە ئەنجامی پشکنین دەگەنە ئەوەی بڵێن: «ئاکنجیبوونا مرۆڤارە (مرۆڤی دەسپێکێ) ئەم گوندە ڤەد گەڕێتە بەری (١٠) هەزار سالا» (٢٠٦، ل٢٩١) هەر ئەم زانایە دەڵێ: «لەسەردەمی پەیدا بوونی چاندن و کشتوکاڵ ژمارەی مرۆڤی ئەم گوندە پتر لە (٥٠) کەس بووە، ڕووبەری هەر خانووێکی ئەو گوندەی گەیشتووتە (٣٥- ٤٥) مەتر چوار گۆشە»، هەروەها دەڵێ: «لەژێر یەک خانوو ئێسک و پروسکی ٢٣ کەسان دۆزراوەتەوە، لەوەش گرنگتر هەر لەم گوندە چەند پەیکەرێکی جۆراو جۆر دۆزراوەتەوە، ئەگەر دروستکردنی پەیکەرەکان نیشانەی پێگەشتنی هونەر بێ، ئەوا مانای پەیکەرەکان، مانایەکی ئایینی و ئەفسانەییە. ژیان لە کوردستان هەر بەردەوامە و بەردەوامیش لەگۆڕانە»، هەر لەساڵی ١٩٨٥ لەناوچەی هەکاری دەستەیەکی کۆنناسی- ئەڵمانی، ئەمریکی، تورکی - لەباکووری کوردستان-تورکیا: «گوندێکیان لەژێر زەوی دۆزییەوە کە تەمەنی ٩٠٠٠ هەزار ساڵ بوو، خانووی بەردینی دەورەدراوی بە دیواریان دۆزییەوە کە بەرزییەکەی مەترێک بوو» (١٦٠، ص١٢) هەر ئەم دەستەکۆنناسەیە دەڵێن: پشکنین ئەوە دەسەلمێنێ کە خەڵکی ئەم گوندە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوویان هەبووە، ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕو ماڵات و بەکارهێنانی کەرەستەی لە مس دروستکراو بووە، ئەوەی ئەم گوندە لەگوندەکانی تر جیادەکاتەوە،



بەکارهێنانی بەردە بۆ خانوو، ژیانی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو بەکار هێنانی کەرەستەی مسینەیە، ئەوەش بۆ خۆی نیشانەی پێشکەوتنی پیشەسازییە.

هەر لە کوردستان و لە شوێنێکی تر، واتە لە گوندی (چەرموو) کە دەکەوێتە سەرووی شاری چەمچەماڵ ئەو گوندە واتە «چەرموو ئەوەی سەلماند کە جێگا نیشتەجێ بوونی- مرۆڤ- بووە، لە هەزارەی حەوتەم یان سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایین، لەگەڵ بەڵگەی ماڵێ کردنی دانەوێڵەو گیانلەبەران لەقۆناغی یەکەم» (١٢٥، ص١١٩-١٢٠) هەر لە نێوان هەزارەی حەوتەم و شەشەم، یا ڕاستتر ساڵی ٦٧٥٠ ی پێش زایین لەسەر قسەی (برید وود): «نیشانەی یەکەمین خانوو، بە بەراورد لەگەڵ- تەپەی گۆران- (*-١٢) لەلای ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس دەدۆزرێتەوە» (١٢٥، ص١٨١) ئەم بەردەوامیی ژیانە بەپانی و درێژیی کوردستان- دا پەرت بووە و هەموویان یەکتر تەواو دەکەن، کە تا ئێستا هەر باسی گوند و ژیانی سادەی مرۆڤ کراوە، لەگەڵ هاتنە پێشی ڕۆژگار نیشانەی زۆرتری پێشکەوتنی ژیان بەدەر دەکەوێ، هەر لەبارەی (دەریاچەی وان) باسی ژیانی (٧٥٠٠ ساڵ پێش زایین) دەکرێ: «لە ساڵی ٥٤٠٠ ی پێش زایین لەناوچەی وان ژیانی شار سەر هەڵدەدا» (١١٥، ص١١١-١١٢) هەر لەم ناوچەیە پاشماوەی خەتی بسماری لەسەر دیواری دۆزراوەتەوە کە هی ٢٨٠٠ ساڵ پێش زایینە، هەر لەم ناوچەیەش کۆنترین ئیمپراتۆریەتی ناسراو، کە ئیمپراتۆریەتی هیتی-یەکانە لەساڵی ١٦٥٠ی پێش زایین سەرهەڵدەدا، ئەگەر لەوانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بچین و گوێ لە (پرۆفیسۆر هرتسفلدو سر ئانورکیت) بگرین لە کتێبی لیکۆڵینەوەی هونەری ئێران دەنووسێ: «لەلای ڕۆژهەڵاتی دوو ڕووباران - واتە ئێران- لە کۆتایی چەرخی بەردین واتە نزیکەی کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، خاوەنی شارستانیەتێکی زۆر پێشکەوتووبووە کە گومانی تێدا نییە» (٧٨، ص٣١٩) ئەگەر سەرنج بدەین ئەو پێشکەوتنە گومان هەڵنەگرە لەکوردستان بووە، ڕۆژهەڵاتی دوو ڕووباران گومانی تێدانییە، ئەگەر لەپێش زایین بەئێران ناو برابێ، ئەوا ئەمڕۆ پشت بەمێژوو بەکوردستان دەژمێردرێ..

کە بەر لە سەد هەزار ساڵ کوردستان بەهۆی ئەشکەوتی شانەدەرەوە شوێنی ژیانی مرۆڤ بووبێ و جێگای شارستانیەتی مێژوویی مرۆڤایەتی و لەوێش بەدواوە ژیان لەهەموو ئەشکەوت و ناوچەکانی کوردستان گەرم و بەردەوام بووبێ و مرۆڤی ئەم وڵاتە لە ئەشکەوتەوە هاتبێتە نێو گوندو شار و دواجار ئیمپراتۆریەتی دروستکردبێ، ئەگەر لەبەرهەم خواردنەوە، بووبێتە ڕاوچی و جووتیار، ئەگەر لە بەرد و دار ڕاوەشاندنەوە بووبێتە هونەرمەند و پیشەکار و گۆزە و مس و زێڕی لەکار هێنابێ، ئەگەر لەبێ - زمان-ییەوە بووبێتە خاوەن زمان و خەت و نووسین، ئەگەر ئەم وڵاتە- کوردستان- بەڵکە لەسەر قسەی هەمو کۆنناس و مێژووناس و کۆمەڵناس و ئایین ناسان- لانکی مرۆڤایەتی- بێ، ئەگەر کوردستان کۆگای ئایینەکان- بێ! ئەی چۆن جێگای سەرهەڵدانی یەکەمین ئەفسانەش نییە!؟ بەتایبەت کە ئەم ڕێڕەوەی ژیان و سەرهەڵدانی شارستانییەت لەم ناوچەیەوە بێت، ئەم ناوچەیە زەمینەیەکی ئامادە و بەپیتی سەرهەڵدانی ئەفسانە بێ، کە ئەفسانە بۆ خۆی بەرهەمی ئەو سەردەمانە بێ، کە مرۆڤ تازە چاو و مێشکی دەکرێتەوە؟

**١-٦-١-٣- ئەفسانەی سۆمەرییەکان:**

پاش ئەوەی شوێن پێی هەوەڵین مرۆڤ و کۆنترین ژیانمان لە کوردستان دیاری کرد و لە تەمەنی سەد هەزار ساڵەوە هێنامان بۆ دەوروبەری پێنج هەزار ساڵی پێش زایین، ئەوەمان سەلماند کەلەو ڕۆژگارەوە- بگرە زۆر زووتریش - مرۆڤ لەو ئەشکەوتی - شانەدەر -ەو شوێنەکانی تری کوردستان ژیاوەو بەردەوام هەوڵی داوە ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی خۆی خۆشتر بکات و لە ئەشکەوتەوە گەیاندمانە -ئیمپراتۆرییەت- ئێستا وەختی ئەوە هاتووە باسی نەتەوەیەک بکەین کە خاوەنی کۆنترین و گرنگترین شارستانییەتن، نەک هەر لەنێوان دوو ئاوان و ڕۆژ هەڵات بەتایبەتی، بەڵکە لەسەر ئاستی هەموو جیهان ئەو نەتەوەیەش گوتمان (سۆمەرییەکان)ن. لەسەر قسەی (مەسعوود سەعید یاسین) کە دەنووسێ: «کۆنترین نەتەوەیەک کە لە خاکی دوو ئاوان نیشتەجێ بووبێ و پتر لە پێنج هەزار ساڵ واتە (٣٥٠٠پ. ز) ئەوە ئەو نەتەوەیە سۆمەرییەکانن» (٢١٣، ل١٤٩) کە ئێمە پێشتر لە باس - لە بن عەرد و لەنێو ئەشکەوتان - بەردەوامی ژیان و بوونی مرۆڤمان لە کوردستان گەیاندە پێنج هەزار ساڵ و دووهەزارو هەشت سەد ساڵ پێش زایین، ئەوا لە باسی سۆمەرییەکان لە مێژووی دیاریکراوی ٣٥٠٠ ساڵ پێش زایینەوە دەست پێدەکەین، ئەوە بۆ خۆی پێکەوە گرێدانی ژیانە لەم ناوچەیە، پێکەوە گرێدانەکەش بەئەڵقەی دیاری سۆمەرییەکانە، ئەو سۆمەرییانەی لەسەر قسەی (تاها باقر): «سۆمەرییەکان ئەوانەی هیچ لەبارەی لانکە و بنەچەیان نازانرێ، جگە لە مەزەندە و تەخمین» (١٣٣، ص٢٦).کە «تاها باقر» هیچ لەبارەی ڕەگەز و بنەچەی (سۆمەری!)یەکان نازانێ!! ئەوا - فریزەر - ئەویش باسی بنەچەیان ناکات، بەڵام، نیشتەجێ بوونیان لەناوچەکە بۆ- بەرەبەیانی مێژوو - دەگەڕێنێتەوە. دەنووسێ: «پەرستنی- تەمووز- یەکەمجار لەنێو سۆمەرییەکان دەستی پێکرد، ئەوانەی لە بەرەبەیانی مێژووەوە نیشتەجێی دەوروبەری سەرووی کەنداوی فارسن» (١٢٦، ص٤٢) بەرەبەیانی مێژوو زۆر لەو ڕۆژگارە لەپێشترە کە تا ئێستا ئێمە بەژمارە و بۆنە هێناومانەتەوە، ئەوەش ئەگەر شتێک بسەلمێنێ، ئەوە دەسەلمێنێ کەئەو سۆمەرییانەی کە (تاها باقر) هیچیان لە بارەوە نازانێ، ئەو - ڕەگەز نەزانراوانە!! - زۆر لەمێژە لەم وڵاتە نیشتەجێن، هەر ئەوانەش لەسەر قسەی (دکتۆر کەمال فوئاد) «لە کۆتایی هەزارەی سێیەم کە ناوچەکە داگیرکرا - واتە ناوچەی نێوان دەریاچیەی وان و چیای ئەرارات- لەلایەن سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکانەوە (نارام سین ٢٢٧٠-٢٢٣٣پ.ز» (١٦٠، ص١٢) هەرچەندە لێرەش هیچ باسی رەگەز و بنەچەی سۆمەرییەکان ناکرێ! بەڵام، ناوی - ئەکەدی- یەکان لەگەڵ ناوی سۆمەرییەکان دێ وەک هاوبەشێک و ساڵی داگیرکردنەکەش دیاری دەکرێ. ئەگەرچی (ستۆن لوید) ئەویش لەباسی سۆمەرییەکان، هیچ لەبارەی ڕەگەز و بنەچەیانەوە ناڵێ، بەڵام، گومان لەسەر هەندێ بۆچوون دەڕەوێنێتەوە کە هەندێ نووسەر دەریان بڕیوە، دەنووسێ: «لەنێوان دوو ئاوان هەموو پێشکەوتنە کلتورییەکان کە قسەیان لەبارەوە دەکەین، پابەندی زوو پێگەیشتنی سۆمەرییەکانە، کە ڕەگەزەکەیان نەهیندۆ ئەوروپی بووەو نەسامی» (٧٨، ص٣٢٢). ئەگەر چی (ستۆن لوید) ڕەگەزە ڕاستەقینەی سۆمەرییەکان دیاری ناکات، بەڵام بەئاشکرا دەڵێ: «رەگەزیان نەهیندۆ ئەوروپییە و نەسامی» جارێکی تر (ستۆن لوید) باسی ڕەگەزی سۆمەرییەکان



ناکات، بەڵام، دووبارە هاوبەشی ژیان و کۆنی نیشتەجێ بوونیان، دووپات دەکاتەوە دەنووسێ: «سۆمەری و ئەکەدییەکان زۆر لەمێژە کە دیار نییە لەکەیەوە لە وڵاتێک نیشتەجێن کەپاشتر ناوی لێنرا کلدە» (٧١، ص٣٩-٤٠) هەرچەندە تائێستا وەکو هاوبەش ناوی «سۆمەرو ئەکەد» دەهات ، کەچی ئەمجارە هەردووکیان بەیەک میللەت ناو دەبەن: «ئەو بۆچوونە گرنگە کە ئەکەدی و سۆمەرییەکان یەک میللەت بوون ئەکەدییەکان بەبۆنەی شارێکی سۆمەرییەکانەوە ئەم ناوەیان لێنرا» (٧١، ص٤٠) کە تا ئێستا بۆمان دەرکەوت سۆمەرییەکان لەمێژە لەو ناوچەیە نیشتەجێن و لەگەڵ ئەکەدییەکان یەک میللەتن و رەگەزیشیان لەگەڵ هیندو ئەوروپی و سامییەکان جیایە، ئەوا لەمەودوا هەندێ لە نووسەران، شوێنی هەوەڵی هاتنی سۆمەرییەکانمان بۆ دیاری دەکەن، بەو شوێن دیاری کردنەش بەرەبەرە لە ڕەگەز و بنەچەشیان نزیک دەبینەوە. لێکۆڵەرەوەی ئێرانی (مهردادبهار) دەنووسێ: «لە ڕاستیدا سۆمەرییەکان خەڵکی بەرزاییەکانی ئێرانن و لەوێوە بەڕێگای خوزستان هاتوونەتە وڵاتی دوو ئاوان» (٢١٢، ژ٦) هەر ئەم هاتنەی سۆمەرییەکان لە ئێرانەوە بۆ خوارووی - عیراق-ی ئەمڕۆ- لێکۆڵەرەوەیەکی تریش لە لێکۆڵەرەوە ئێرانییەکان پشتگیری دەکات و دەنووسێ: «-سۆمەرییەکان- لە خاکی پێشینەی خۆیان کەدەکاتە بەرزاییەکانی ئێران لەوێوە هاتوونەتە نێوان دووئاوان» (٧٨ ، ص٣٢٢) دیارە نابێ جوگرافیای ئێرانی ئەو سەردەمە تەواو بەجوگرافیای ئەوڕۆی ئێران بزانین، چونکە ئێرانی ئەو سەردەمە لە ڕۆژئاواوە تا سووریا دەڕۆیشت و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ئەفغانستان، کەواتە کوردستانی ئەودەم بەشێک بووە لەو سەر زەمینەی کە لەو سەردەمە بەئێران ناوبراوە، هەرلەم بارەوە (دکتۆر فەوزی ڕەشید) لە وەڵامی ئەوانەی کە دەڵێن: نازانن سۆمەرییەکان لەکوێوە هاتوون، دەنووسێ: «بەڵام، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە (سۆمەرییەکان) خەڵکی بەشی باکووری عیراقن و لەو بەشەوە بەشێوەی کۆچی کۆمەڵ کۆمەڵ هاتنە بەشی باشووری، ئەوەش بەهۆی زۆر بوونی دانیشتوان لە باکووری لە کاتی شارستانییەتی سامەرا و حەلەف» (١٥٣أ، ص٢٦) ئەوەتا ئەو لێکۆڵەرەوەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە باکووری عیراق- کوردستان-ەوە هاتوونەتە خوارەوە. جا با بزانین لێکۆڵەرەوەی کورد (مەسعوود سەعید یاسین)(*-١٣) لەبارەی سۆمەرییەکان و کوردستانی ئەودەم چی دەڵێ: «چونکە کوردستان لانکەی مرۆڤایەتییە (...) سۆمەرییەکانیش لەوێوە بەسەر ڕێگای ئاوی (دجلە)و بەسواری (کەڵەک) (بەرەو خواروو) کۆچیان کرد» (٢١٣ ، ص١٥٦) هەر چەندە ئەم لێکۆڵەرەوەیە لەم نووسینەی سەرەوە تەنیا ناوی کوردستان و کۆچی سۆمەرییەکانی هێناوە، بەڵام لە بەردەوامیی لێکۆڵینەوەکەیدا دەگاتە ئەوەی کە زۆر بەڕوونتر بدوێ و ڕای خۆی زانستییانە دەربڕێ، لەو لێکۆڵینەوەی کە لەژێر ناوێکی سەرنج ڕاکێشدایە، کە نووسیویەتی: «سۆمەرییەکان: ئەرێ ئەگەر کورد نەبن، چ کەسن؟» لێکۆڵەرەوە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی خۆی و سەلماندنی کوردبوونی سۆمەرییەکان زۆر بەڵگەی فەرهەنگی و زمانەوانی هێناوەتەوە لەو بەڵگە هێنانەوەیەدا هاوڕیشەیی و وێکچوونێکی زۆر دەبیندرێ، هەر ئەو لێکۆڵەرەوەیە دەڵێ:- «ئەوانەی نەیانزانیوە سۆمەرییەکان لە چ ڕەگەزێکن، لەبەر ئەوەیە کە زمانی کوردییان نەزانیوە، دەنا ئەگەر زمانی کوردییان زانیبا و لەگەڵ زمانی سۆمەری بەراوردیان بکردبا دەگەیشتنە قەناعەت، کە سۆمەرییەکان لە چ

ڕەگەزێکن» !! هەر ئەو لێکۆڵەرەوەیە دەنووسێ: «کوردەکان لەمێژە نیشتەجێی ناوچەی خوارووی – ئەنادۆڵ–و سەرووی دجلەن، بەهەردوو بەرییەوە، پتر لەشەش هەزار ساڵە، (...) دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەوان باپیرانی سۆمەرییەکانن، ئەوانەی لە سەرەتای هەزارەی چوارەم کۆچیان کرد بەرەو خوارووی عیراق» (٢١٣، ص١٥٨) ئەوەی لەم ڕایەی لێکۆڵەرەوەدایە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە ئەو – کورد– ەکان بەباپیرانی سۆمەرییەکان دەزانێ، نەک بەپێچەوانەوە. ئەو ڕایەش نابێ زۆر بەگومانەوە وەربگیرێ، کە مرۆڤ لەکۆنەوە لەکوردستانی ئەمڕۆ ژیابێ و بەقسەی مێژوونووسان (کوردستان لانکەی مرۆڤایەتی)بێ و ئەو مرۆڤانە بەردەوام، واتە بەبێ بچڕانەوە لەم وڵاتە ژیابن؛ چییان بەسەر هات؟ لەکاتێکدا یەکسەر و پەیوەندیدار بەو مێژووە درێژە باسی– سۆمەر – ییەکان دەکەوێتە سەر شانۆی ژیان و مێژوو.

کە بە وردبوونەوە لە مێژوو و لێکۆڵینەوەکان، بگەینە ئەوە کە بڵێین: سۆمەرییەکان هێندەی لەکوردەوە نزیکن، لەهیچ نەتەوەیەکی تر نزیک نین، بەڵام، هێشتا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە تابڵێین: سۆمەرییەکان بەتەواوی کوردن. بەڵام، ئەوە هەیە، دەتوانین بڵێین، ئەگەر (کورد) بەرهەمی بەردەوامی ئەو ژیانە دوورو درێژەی مرۆڤی ئەو لانکە مرۆڤایەتییە بێ، ئەوا –سۆمەرییەکان– ئەڵقەیەکی زیندوون، لە پێگەیشتنی ئەم بەرهەمە، ئەوا دەتوانین ئەوەش بڵێین: «ئەو دۆزینەوە زۆرەی عیراق و ئێران هەر ساڵە لەزانیارییەکانی ئێمە زیاد دەکات و دەشێ دڵنیامان بکات، هاوکاریی گرانبەهای سۆمەرییەکان بۆ پێشکەوتنی ژیان و شارستانییەت، یەکێ لەپێشکەوتنە مەزنەکانی هەموو مرۆڤایەتییە» (٨٧، ص هفت) ئەو پێشکەوتنە شارستانییەتەی هەموو مرۆڤایەتی، ئێستا ئێمەی – کورد– لە هەر نەتەوەیەک زیاتر مافمان بەسەرییەوەیە و میراتگری ئاسایی و یاسایی ئەو شارستانییەتەین. کە لەسەر قسەی (سمۆئیل نووح کریم): «ئەفسانەی سۆمەرییەکان کۆنترین نموونەی وێژەیی دۆزراوە بێ تا ئێستا» (١٣١أ، ص١٢) ئەم کۆنترین ئەفسانەیەش دیسان بەشێکە لەو میراتەی کە لە سۆمەرییەکانەوە بەر ئێمە دەکەوێ ئێستا ڕێگە بۆ ئەوە خۆش بوو کە بڵێین: ئەفسانەی سۆمەرییەکان بەشێک لە ئەفسانەی ئەمڕۆی کورد پێکدەهێنن، هەر چەندە وەکو لەدواتر لەم لێکۆلینەوەیە باسی دەکەین، ئەفسانەی کورد زۆر لە سەردەمی سۆمەرییەکان کۆنترە، کۆنیی ئەفسانەی کوردی، لەگەڵ کۆنیی ژیانی مرۆڤی کوردە بەمرۆڤ و خاکەوە، ماوەتەوە سەر ئەوە کە بڵێین: مێژووی ئەفسانەی سۆمەرییەکان، بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئەفسانەی کورد پێکدەهێنێ(*–١٤) هەروەها دەقی ئەفسانەی سۆمەریش بەشێکە لە دەقەکانی ئەفسانەی کوردی.

### ١–٦–١–٤– مێژووی ئارییەکان:

بەر لەوەی باسی ڕەگەز و کۆچی ئارییەکان بکەین، وا پێویست دەکات شتێک لەبارەی ناوی –ئاری– یەوە بزانین و بزانین– ئاری – لە چییەوە هاتووە و بەکێ دەگوترێت ئاری! لێکۆڵەرەوەی ئێرانی دکتور (بەهرام فرەوەشی) دەنووسێ: «وشەیەک کەوا پێویست دەکات کە زۆرتر روون بکرێتەوە، وشەی "ئێران"ە. ئێران لە زمانی ئاوێستایی بەشێوەی "ئێریە" airyaو لە فارسیی کۆن "ئەریە" ariya و لەسانسکریتی "ئارییە" هاتووە، لە ئاوێستا هەم ناوی میللەتی ئێرانە و هەم بەمانای شەریف و نەجیب



زادە و ڕەسەنە» (٤٢، ص١١) ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ناوە لە ئاوێستا و (فارسیی کۆن؟)و سانسکریتی–دا هاتووە و هەریەکە بەکەمێک گۆڕانەوە بەکاریان هێناوە، بەڵام ، لە ئاوێستا وەک ناوی تایبەت بۆ میللەتی ئێران بەکاردێ و وەک ماناش مانایەکی لێوەشاوە و مەزن دەدات بەناولێنراوەکە، لە کتێبی (ویدا) هەر ئەم ناوە، واتە – ئاری – بەکەمێک گۆڕانەوە ماناکەشی بۆ شتێکی تر بەکاردێ، بەڵام دیسان لەهەر دووباراندا هێندە لە بنەچەکەی خۆی دوور ناکەوێتەوە تا سەر بەلایەکی دیدا بکات. دکتۆر «محەمەد جەواد مەشکوور» لێکۆڵەرەوەی ئێرانی دەنووسێ: «لە کتێبی ویدا هاتووە کە –ئاریا– لەو سەردەمە لەسەر زەمینێک دەژیان بەناوی– ئاریەوەرتە– لەوە پێدەچێ ئەوە هەر ئەوە بێ کە بەشێوەی– ئێریانەوە ئجە– لە کتێبی ئاوێستا هاتووە» (٩٢، ص٦) وەکو خوێندمانەوە وشەی– ئاری– بەکەمێک گۆڕانەوە، هەم وەک ناوی–میللەت– بەتایبەت بۆ میللەتی ئێران و هەم وەک ناوی وڵات، دیسان هەر بۆ وڵاتی (ئێران) بەکار هاتووە ئەوەش شتێکی ئاساییە، کە زۆر جار لە کۆن و لە ئێستاش میللەت و خاک یەک ناویان بەسەردا بڕاوە بەڵام، ئەم وشەیە وەک وشەیەکی گرنگ پەرە دەسێنێ و مانای زۆرتر بۆ خۆی پەیدا دەکات، هەر دکتۆر (محەمەد جەواد مەشکوور) دەڵێ «ئاریەوەرتە واتە لەوەڕگای شوانکارانی ئاریانی چونکە ئارییەکان لەو سەردەمە بەشوانکارەیی دەژیان و مەڕو گایان بەخێو دەکرد» ئەم جارەش– ئاریەوەرتە– هەر بۆ ناوی زەوی و خاک بەکاردێ، بەڵام، زەوی لەوەڕگا و پاوان، وەکو دەرکەوت ناوی – ئاری– زۆرتر بۆ میللەتی ئێران و خاک لەوەڕگای ئێرانییەکان بەکار هاتووە، لێکۆڵەرەوە (برستید) لە کتێبی (سەردەمە کۆنەکان) دەنووسێ: «بەکارهێنانی وشەی – ئاریا– بۆ لقەکانی هێندۆ ئەوروپی کارێکی دروست نییە! پێویستە ئەم وشەیە، کە لە وشەی ئێران و ئێرانی جودابووەتەوە، بەتەنیا بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەکار ببرێ» (٨٦، ص١٣) جارێکی تریش پێویست دەکات ئەوە دووبارە بکەمەوە، کە مەبەست لە – ئێران– جوگرافیای ئێرانی ئەمڕۆ نییە و ئێرانی–ش هەر تەنیا فارسەکانی ئەمڕۆ ناگرێتەوە. ئەم وشەی– ئاری– یەی ئێران هەر تەنیا– فارسەکان– ناگرێتەوە و میللەتی تریش هەن ئەمڕۆ ئەو ناوەیان بەسەردا دەبڕێ، بەڵام، (برستید) بەپێویستی دەزانێ، کە هیندۆ ئەوروپییەکان، بەم ناوە، واتە –ئاری– ناو نەبرێن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە (برستید) ئەوان بەئاری نازانێ، (جان هینلز) بەشێوەیەکی دی بۆمەسەلەکە دەچێ، دەنووسێ: «لە رابڕدووی یەکجار دوور میللەتانێک کە ئێستا لە ئەوروپا و ئێران و هیند دەژین، هەموویان پەیوەندییان بە کۆمەڵەیەکەوە هەبووە کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن هێندۆ ئەوروپی» (٥٢، ص١٠) وەکو دەبینین (جان هینلز) بۆ ڕابردووی ئەم میللەتانەی کە ئەمڕۆ هێندۆ ئەوروپییان پێ دەڵێن: ناوی –ئاری– بەکار ناهێنێ، دەتوانین ئەوە وا بخوێنینەوە، کە ئەو سەردەمە، واتە سەردەمی پێش پەرت بوون و کۆچ کردنی ئەوانەی – ئەمڕۆ لە ئەوروپا و هیندو ئێران دەژین، ناوی–ئاری– بەم شێوەیە پەیدا نەبووە و بەکارنەهاتووە، یان ڕاستتر بەهیندی و ئەوروپییەکان نەگوتراوە ئاری، ئەوەش پشتگیرییەکە بۆ (برستید) کە ڕای وایە ناوی– ئاری– نابێ بۆ لقەکانی هیندۆ ئەوروپی بەکار بێ، لە بەکارهێنانی ویدا و ئاوێستا و سانسکریتیش هەر ئەوە دێتە دەست کە وشەی–ئاری– بەشێوە جیاجیاکانی بۆ– میللەتی ئێران و خاکی ئێران بەکار هاتوو،

– دیسان– ئێرانی ئەوسەردەم. لەبارەی شوێن و سەردەمی کۆچ و چەند جارەی کۆچ کردنی هیندۆ ئەوروپییەکان ڕاو بۆچوون زۆرەو، ئەگەر هەبن زۆرتر ڕایەکە بەلایەکدا بشکێننەوە، ئەوا ڕای تریش هەیە و دەتوانین بڵێین: کێشەکە هێشتا لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەڵدەگرێ(*–١٥) ئەوەی هەموو لایەک لەسەری کۆکن، ئەوەیە، کە میللەتێک، یان چەند هۆزێک هەن لە وڵاتێکەوە بەرەو هیندو ئێران و ئەوروپا کۆچیان کردووە و کۆچەکەشیان وا پێدەچێ بەیەکجار نەبووبێ و سەردەمی کۆچەکانیش زۆر روون نییە: دکتۆر (بەهرام فرەوشی) دەنووسێ: «لە ڕۆژگاری زۆر پێش مێژوو، وەختی هۆزە ئێرانی و هیندییەکان هێشتا لێک جودا نەبوونەوە، لە دەشتە بەربڵاوەکانی ئاسیای ناوەندی دەژیان و خاوەنی یەک بەڕێوەبەرایەتی بوون» (٤٢، ص٥) لێکۆڵەرەوە– فرەوشی– باسی هۆزە ئێرانی و هیندی دەکات و سەردەمەکەشیان زۆر بۆ– پێش مێژوو– دەگەڕێنیتەوە، کە هێشتا باسی کۆچ کردن لە گۆڕێ نییە! ئەو باسە، واتە باسی کۆچ کردن دکتور (محەمەد جەواد مەشکوور). ئاوای باس دەکات: «ئارياييیەکانی سەردەمی ویدایی زۆربوون و بوونە چەند دەستەیەک و تیرەیەک، دوو دەستەی گەورەیان کە یەکێکیان بەئاریایی ئێرانی و ئەوی تریان بەئاریایی هیندی ناسراوە، لەیەکتر جودابوونەوە» (٩٢، ص٧) لێرە هۆی کۆچ کردنەکەیان – زۆربوونی ژمارە– یە و، کۆچ کردنەکەش دوو دەستەی گەورەیە: هەر ئەو لێکۆڵەرەوە دەنووسێ: «دەستەی یەکەمیان ڕێگای ڕۆژئاوا و بەرزاییەکانی ئێرانیان هەڵبژارد، دەستەی دووەمیان بەرەو خوارووی ئەوبەری رووباری – سند– ڕۆیشتن و ناوی ئەو رووبارە سند– هیند– یان بەسەر دابڕاوە و هەریەکەیان ڕێگەیەکی تازەیان لە ژیانی خۆیان گرتەبەر، لێرە بەقسەی – فرەوشی– ئەو دەستەیەی کەچوونەتە (هند) و پاش نیشتەجێ بوونەکە ناوی – هیندی– یان بەسەردابڕاوە، بەڵام، لەبارەی– ئێران– ییەکانەوە لێکۆڵەرەوە بێ دەنگە و وەکو هیندییەکان باسی ناوی تازەی هەواری تازەیان ناکات. دکتۆر (محەمەد جەواد مەشکوور). باسی ژمارەی کۆچ کردنەکەیان ناکات، بەڵام ، فرەوشی– دەنووسێ: «بەپشت بەستن بەوەی کە (وندیداد)(*–١٦) دەیگێڕێتەوە، بەدرێژایی نزیکەی هەزار ساڵ لە سێ کۆچی جیا وڵاتی خۆیان فراوان کرد و پەڕاگەندەی دەوروبەر بوون» (٤٢، ص٥) لێرە ماوەی کۆچەکەیان بەهەزار ساڵ دیاری دەکا و لەو هەزار ساڵە بەسێ جار بڵاوبوونەتەوە، کە پێشتر هۆی کۆچی – ئارياييیەکان!!– زۆر بوونی ژمارە بوو، بەڵام، لێکۆڵەرەوە (مهردادبهار) ڕای وایە هۆی کۆچەکان، هاتنی میللەتی نوێ بوو. لێکۆڵەرەوەکان – وەکو پێشتر گوتمان – چەند زەمەنێکی جیایان بۆ کۆچەکان دیاری کردووە، وا چاکە بۆ ئەوەی زەمەنەکان پێک ببەستینەوە، چەند ئەڵقەیەک لەو زەمەن و زنجیری کۆچانە بەسەر بکەینەوە. لێکۆڵەرەوەی ئێرانی، پەرویز پژوم شەریعەتی لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (زەمەنە مێژووییەکان لە شانامەی فیردەوسی–دا) دەنووسێ: «زۆربەی لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسان، کۆچی ئارياييیەکان بۆ بەرزاییەکانی ئێرانی بۆ هەزارەی پێنجەم تا سێیەم دەگێڕنەوە» (٨٠، ص٧٥٦) کە سەرەتای کۆچ کردنەکە بۆ هەزارەی پێنجەم دەگێڕتەوە، ماوەی کۆچ کردنەکەش دەکاتە دوو هەزار ساڵ، بەڵام (عەباس قدیانی) بەشێوەیەکی تر باسی کۆچ کردنەکە دەکات: (ڕۆژگاری لێک جیا بوونەوەی ئەو خەڵکە، ناکرێ بەدڵنیاییەوە دیاری بکرێ، بەڵام، هەندێک پێیان وایە لەدەوری سێ یان چوار هەزار پێش زایین بووە»



(٧١، ص٢٠) ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، ئەم لێکۆڵەرەوەیەش لە ڕادەربڕینەکەی خۆی زۆر دڵنیا نییە! کەچی (یوونس جەعفەری) پشت بە ڕای مێژوونووسان – کەمێک بەدوودڵییەوە– یەک مێژوو دیاری دەکات: «مێژوونووسان، کۆچی نەژادی ئارییەکان لە باکووری ئەوروپاوە بۆ لای ئاسیا، لە دەوروبەری سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زاییندا دەخەنە بەرمەزەندە» (٨٠، ص٤٤٩).

هەر لەبارەی ئەم کۆچەوە لێکۆڵەری ئێرانی دکتۆر خاتوو (ژاڵە) لای وایە ئەم کۆچە مێژووسازەی ئارياييیەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو خاکی دایک «لەدەوروبەری دوو هەزار ساڵ پێش زایین ڕووی داوە» (٦٦، ص١٠) کەچی (عەباس قدیانی ) جارێکی تر ڕای خەڵکی تر دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ: «هاتنی ئارياييیەکان بۆ ئاسیای ڕۆژئاوا لە سەدەی ١٤ی پێش زایین هەندێک بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایینی دەگێڕنەوە» (٧١، ص٢٢) دوا لێکۆڵەرەوە کە مێژووەکەی باس بکەین (میهر داد بەهار)ە کە لای وایە: «لەنیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین (...) هاتنی ئارياييیەکان بەرەو ئێران و هند دەستی پێکردووە» (٩٨، ص٣٨٨) بەم ڕیز کردنی مێژووە جیاجیایانە، گەیشتینە سەر ئەوەی کە بڵێین، کۆچی– ئەو خەڵکە– ماوەیەکی زۆر دوورو درێژی خایاندووە، ماوەی پێنج تاهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایینی دەگرێتەوە، کۆچەکەش پتر لەجارێک ڕوویدا و، ئەو شوێنەش لە ئێران کە– خەڵکە کۆچ کردووەکە – ڕوویان تێکردووە، بەقسەی لێکۆڵەرەوەکانی وەکو (تیل یۆستی)، (مارکوارت)، (ئەندریاس): «ڕایان وایە کە نیشتمانی ناوبراوان دەکەوێتە تەنیشت (خوارزم)و (خێوە)ی ئێستا.. بەمانا ئەو شوێنەی کە (ئاڤێستا)ی پەرتووکی زەردەشتی پیرۆز ناوی (ئائیرین واجە)ی لێ دەنێ»(*–١٧). (٢١٤، ١٠، ل٦٩) کە کۆچەکە بەم شێوەیە بێ و شوێنی تازەی کۆچ کردووەکانیش لە ئێران، ئەو شوێنە بێ کە لێکۆڵەرەوەکان باسیان کرد و زەمەنی هاتنە کەشیان لەنێوان پێنج هەزار ساڵ تا هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین بێ، با بزانین پێش، ئەو زەمەنە، مرۆڤ و ژیان لە– ئێران–ی ئەو سەردەمەدا هەبووە، ئایا: ئەو کۆچ کردووانە بۆ یەکەم جار و هەر خۆیان ئێرانیان ئاوەدان کردووتەوە، یا ئەوەتە خەڵکی تر هەبوون و پێشوازییان لێکردوون؟

ئێمە پێشتر لە باسی– لەبن عەرد و لەنێو ئەشکەوتان – نموونەی ئاوامان هێنایەوە کە دەیسەلمێند ژیان زۆر لەو مێژووە لەپێشتر هەبووە و خەڵکانێکی تر لێرە لە –ئێران– ی ئەوێ ڕۆژی ژیاون. (میهر داد بەهار) دەنووسێ: «یەکەم دانیشتووانی بەرزاییەکانی ئێران (٠٠٠) لە دەوروبەری پازدە تا بیست هەزار ساڵ پێش زایین، لەو خاکەی کە لەژێر ئاو هاتبووە دەرێ(٠٠٠) کەسانێک لەکێوە دارستانییەکان لەنێو ئەشکەوتدا دەژیان، ئەو خەڵکە کە پاشماوەیان لە – تنگ بدبان– (*–١٨) و کێوەکانی بەختیاری دیتراوە» (٤٢، ص٢١) لەوەوە بۆمان دەرکەوت کە زۆر پێش کۆچی –ئاری–یەکان، ژیان لەسەر خاکی ئەوێ ڕۆژی ئێران دەستی پێکردووە، بابزانین (عەباس قدیانی) دەڵێ چی؟: «کۆنترین بەڵگەیەک کە لەناوچە جیاجیاکانی ئێرانی ئەمڕۆ لەبەردەستە، بەڵگە و مێژووی – عیلام–ە، هەر چەندە عیلامییەکان لە نەژادی ئارياييیەکان نەبووینە و وەکو بەدەردەکەوێ زۆر پێش ئارياييیەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، لە خوزستان جێگای خۆیان گرتبوو» (٧١، ص٥٨) لێرە ڕایەکی تازەو نوێ سەری هەڵدا، ئەویش جیایی

ڕەگەزی "عیلام"ییەکان لە ئارییەکانی ئێران، ئەویش زیاتر پشتگیری ئەوە دەکا، کە یەکەم: ئێرانییەکان هەموویان هەر ئاریایی نین، مەبەست ئەو ئارییەی کە گوایە لە کۆچەکانیاندا بەرەو ئێران هاتوون، لە بەکارهێنانی ناوی -ئاری-یش بۆ ئەو کۆچکردووانە نابێ خۆمان زۆر بەپشت قایم بزانین. دووەم: پێش هاتنی ئاریاییەکان خەڵکی تر لەم وڵاتە ژیاون و وڵات ئاوەدان بووە، بۆ پەیوەندیی کورد بەم خەڵکە دەبێ بڵێین کە هەموو بەڵگەکان بۆ ئەوە دەچن کە کورد پێش هاتنی -ئاریاییەکان- ڕیشەی لەنێو خەڵکەکەدا هەبووە، ئەو کوردەی ئێستا بە -کورد- دەناسرێ، ڕەگەزێکی تێکەڵە لەو ئاریاییانەی کە هاتوون و لەو خەڵکەی پێشتر لەئێران و کوردستانی ئەوێ ڕۆژێدا ژیاون، ئەگەرچی بۆ پەیوەندیی کورد و ئارییەکان (فۆن لوشان و سولاک) ڕایان وایە لەسەر ئەو ڕایەش پێ دادەگرن و دەڵێن: «ئەگەر کورد ئاریایی بن پتر لەهەر هۆزێکی تر بە پاکی ماونەتەوە» (٥٨، ص٩٠) لە ناوی - ئاری - دەبێ مەبەست ئەو خەڵکە بێ کە لە ( ئیریەن ویچ) ژیاون و ئاوێستا بە نەجیبزادەترین و کۆنترین میللەتیان ناوزەد دەکات و خاکەکەشیان بە هەوەڵین خاک دادەنێ کە ئاهورامەزدا دروستی کردووە. هەر چەندە ڕایەکەی ئەو دوو لێکۆڵەرەوەیە وشەی - ئەگەر- ی تێدایە، بەڵام ، دیسان کاریگەری و تێکەڵ بوونی -ئاری-یەکان بەسەر خەڵکەکەی پێشتر پیشان دەدا و ئەوە دەسەلمێنێ کە لەهەموو ئەو نەتەوانەی لەگەڵ ئارییەکان, تێکەڵ بوون کورد لەهەمووان پتر کاریگەریی ماکی ئەو خەڵکە بەو درەنگەوە هاتووە یان، بەسەرەوەیە، کە بە- ئاری- ناو دەبرێن. لەوە دەگەینە ئەوە کە بڵێین، ژیان لە ئێران بەهەموو ناوچەکانییەوە بەتایبەت، ئەو بەشەی لەمێژوودا بەکوردستان دەناسرێ زۆر لەمێژە دەستی پێکردووە، ئەگەر لە هەندێ شوێنی کۆنناسی بەڵگەی دە هەزار و بیست هەزار باسکراوە، کەچی لێکۆڵەرەوەی ئێرانی (فەرەیدوون جونەیدی) دەنووسێ: «لەدەوروبەری بیهشەهر -بهشهر- پاشماوەی ژیانی حەفتا و پێنج هەزار ساڵەی نێو ئەشکەوت دەرکەوتووە» (٨٢، ص١٢٦).

ئەم قسەیە بۆ ئەوەیە کە بڵێین: کۆچ کردووەکان بەرەو ئێران لەهەر کۆچێکیاندا کە بەرەو ئێرانی ئەو وەختە هاتوون، لەگەڵ خەڵکەکەی پێش خۆیان تێکەڵ بوون و هەردوولا کاریان لێک کردووە ئەوی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ: "کوردو فارس" پاشماوەی ئەو کارلێک کردنەیە دیارە ئەگەر لە ڕووی ڕەگەز و خوێنەوە تێکەڵ بوون، ئەوا لە ڕووی فەرهەنگیشەوە بەئایین و ئەفسانە و داب و نەریت و زمانیشەوە کاریان لێک کردووە و ئەمڕۆ لێکۆڵەرەوە لەهەر ڕوویێکەوە بیەوێ دەتوانێ ڕیشەی هەردوولا بدۆزێتەوە. ئەو ئەنجامەش ڕێگەی ئەوەمان پێدەدا کە بڵێین: ئەفسانەی ئەمڕۆی میللەتی کورد، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی نیشتەجێکانی سەد هەزار ساڵی پێش زایینی کوردستان و کۆچ کردنی بەر لە (پێنج هەزار ساڵی پێش زایینی) کۆچ کردووەکان.

ئێستا بە خراپی نازانم، لەبارەی کۆچی ئارییەکانەوە ئەم چەند خاڵە بخەمە بەرچاوی مێژوونووسان و ئەو بەڕێزانەی کە گرنگی بە میللەتی (ئاری) دەدەن و دەیانەوێ بگەنە ڕاستییەکان.

١- زۆربەی ئەو مێژوونووسانەی باسی زەمەنی کۆچی ئارییەکانیان کردووە و من نووسینەکانیانم خوێندوونەتەوە، ماوەی پێنج تا هەشت سەد ساڵی پێش زایینیان دەست نیشان کردووە و باسی چەند



جارەی ئەم کۆچەش دەکەن. ئەگەر ئەم ماوە درێژە و ئەم چەندجار کۆچکردنە نیشانەیەکی گرنگی کۆچکردنەکە بێ! ئەی ناکرێ بپرسین ئەرێ ئەم کۆچانە هەمووی هەر لەیەک وڵاتەوە بووە و کۆچەکانیش هەمووی کۆچی یەک میللەت و هۆز بووە؟

٢- ڕایەک هەیە دەڵێ: (نابێ بە هیندو ئەورووپییەکان بگوترێ ئاری!) یەکێکی تر دەڵێ: «ئاری تەنیا بەوانە دەگوترێ کە لە (ئێریەن وێج) واتە -ڕۆژهەڵاتی کوردستان- نیشتەجێ بوونە» ئەگەر لێرەدا (ئیر- ئار) مانای میللەت و هۆز و دانیشتووان بدا، ئەوا -ڤێج- وێج- مانای نیشتمان و وڵات دەدا، بۆیە دەتوانین بەهۆی ئەم -وێج-ە پەیوەندییەک لەنێوان (بوهتان ویج -بۆتان وێج-)و ئەو بەشە چیایەی کە لە کێوەڕەش پێی دەگوترێ (وێج) بدۆزینەوە و جوگرافیای ئەو نیشتمانە فراوانتر بکەین کە وشە و ناوی وێج پێکیان دەبەستێتەوە و ئەم -وێج-ە بەوشەی (زمان)ێک و (میللەت)ێک و (زەمان)ێک- بزانین و کە ئەمەش پەیوەندییەکی توند لە نێوان ئەم سێ ناوچەیە پەیدا دەکات و لەدیارکردنی بنەچەو ڕەگەزی- ئاری-ییەکان بێ سوود نابێ. ئەوەش لەبیر نەکەین کە -ویچ- واچ- قاچ- مانای -زمان-یش دەدات واتە ئەوانەی بەشێوە زمانی واچ دەدوێن. ئەمەش لەهەردوو باری -نیشتمان و زمان-دا یەکێتییەک دەدات بە دانیشتووان و هۆز و میللەتەکە، واتە ئەو میللەتەی لەو نیشتمانە دەژی و بەو زمانە قسان دەکات. ئەو میللەتەش ساغ بووەتەوە کە میللەتی کوردە.

٣- هەندێ لە مێژوونووسان ڕایان وایە کە (سۆمەرییەکان لە ڕەگەزی ئارین) ئەگەر ئەم ڕایە بە خاڵێکی گرنگ وەربگرین، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەر مێژوونووسان دەڵێن: «سۆمەرییەکان لە بەرەبەیانی مێژووەوە نیشتەجێی ئەم خاکەن» و کە چوونەتە خوارەوەش هەموو مێژوونووسان شوێنی ڕۆیشتن و کۆچکردنەکەیان دەگەڕێننەوە سەر ئەو خاکەی کە لەمێژوودا نیشتمانی کوردەکان بووە و لەمێژیشە بە -کوردستان- ناسراوە. ئەوەتە دوو پرۆفیسۆری سۆمەری ناس لاند سبرگر و کریمەر بەجووتە دەڵێن و دەسەلمێنن کە بنەچەی سۆمەرییەکان لەو ناوچەیەیە کە دەکەویتە خوارووی ڕۆژئاوای دەریای قەزوێن لە شاری ئەڕاتا و دەوروبەری و هەر لەوێشەوە هاتنە خوارووی دووئاوان و لە ڕێگای باکوورەوە لە باشوور گیرسانەوە (١٠٩أ، ٤٥).

ئەگەر ئەم دووە باسی خوارووی ڕۆژئاوای دەریای قەزوێن دەکەن، ئەوا (عەتا بەکری) لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبی(چیرۆکی شارستانییەتی سۆمەر و بابیل)دا دەنووسێ: «سۆمەرییەکان لە سەرەتاوە لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان دەژیان و پەنایان بۆ ئەشکەوتەکانی دەبرد» (١١٥أ، ٤) وەک دەبینین ئەم نووسەرە ڕاستەوخۆ ناوی چیاکانی زاگرۆس و وڵاتی کوردستان دێنێ. ئەو دوو ڕایەش ئەوە دەسەلمێنێ کە جێگای یەکەمی سۆمەرییەکان هەر ئەو جێگایەیە کە میدییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سۆمەری و میدییەکان هەبووبێ.

٤- هەندێ لە مێژوونووسان بۆ کۆچی ئارییەکان دەڵێن: «کۆچەکە لێرەوە -واتە لە کوردستان-ەوە بووە نەک بەپێچەوانە، واتە ئارییەکان لێرەوە بەرەو هیندو ئاسیای ناوەڕاست ڕۆیشتوون» ئەمەش ڕایەکی گرنگە، چونکە هەندێ کە باسی کۆچی ئارییەکان دەکەن دەڵێن: «گەڕانەوە خاکی باپیرانیان» واتە پێشتر

لێرەوە لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە و دواجار گەڕاونەتەوە نیشتمانی خۆیان. هەر بۆ پشتگیری ئەم رایە ئەفسانەیەکی کوردی هەیە و لەنێو برا ئێزدییەکان دەگێڕدرێتەوە، ئەو ئەفسانەیە باسی کۆچی هۆزێکی گەورەی کوردەکان دەکات پێش ئەوە -لافاو- روویدا، ئەفسانەکەش بە ئەفسانەی -مالاڕەش- ناسراوە.

ئەو ئەفسانەیە باسی ئەوە دەکات کە بنەماڵەی -مالاڕەش- گەورەی هۆزی (دنا) لە ترسی لافاو بەرەو هیند کۆچ دەکەن و خۆیان و هۆزەکەیان لە مەترسی لافاو دەپارێزن. ئەگەرچی ئەمە وەک ئەفسانەیەک باس دەکرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە -ئەفسانە- لە رەگەزی مێژووی خاڵی نییە! یەکێ لەپێناسەکانیش بۆ ئەفسانە ئەوەیە کە (ئەفسانە: مێژوویێکی پیرۆزە) ئەگەر ئەم مێژووە ئەفسانەیی و پیرۆزەش لەگەڵ رای مێژوونووسان یەک بگرێتەوە، ئەوا خاڵی بەهێزی خۆی زۆرتر و بەهێزتر دەکات. ئەو خاڵە بەهێزانەش ئەگەر پشتگیری ئەوە بکەن کە ئارییەکان لێرەوە لە کوردستان بەرەو هیندو ناوچەکانی تر کۆچیان کردووە، ئەوا گەڕانەوەشیان بۆ (خاکی باپیرانیان) زۆر بەهێزتر دەبێ. واتە سەرەتا کۆچکردنەکە لێرەوە بووە و دواجار گەڕانەوەش، گەڕانەوەی -ئاری-یەکان هەر بۆ ئێرە بووە.

ئەم خاڵانە هەمووی داوای ئەوەمان لێدەکەن، کە بەشێوەیەکی تر -کۆچ و هاتنەوەی- ئارییەکان بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بگەینە راستییەکی جێگیرتر چونکە ساغکردنەوەی ناوی ئاری و کۆچی ئارییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ رەگەز و نیشتمانی کۆنی کورد.

**١-٦-١-٥- مێژوو و ئەفسانەی (ماد)ەکان:**

مادەکان- هۆز - یان- نەتەوەیەکی دیار و خاوەن مێژوون و یەکەم ئیمپراتۆرییەت لە ئێرانی پێش زایین لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی لەسەر دەستی ئەوان دامەزرا و پایتەختەکەی-ئەکبەتانا- هەمەدانی ئەمڕۆ بووە. سەرەتا بۆئەوەی لە مانای وشەی- ماد- بگەین و بزانین یەکەمین جار لەکوێ و کەی بەکارهاتووە. بابزانین لیکۆڵەرەوەکان چی دەڵێن: لە وتاری - زەمەنە مێژوویییەکان لە شاهنامەی فردەوسیدا- لێکۆڵەرەوە (پەرویز پژوم شەریعەتی) بۆ مانای ماد دەنووسێ: «همای ئاوێستایی هومایا Humaya بەشی یەکەمی ئەو ناوە، (هو) کە ماناکەی دەکاتە (باش- چاک) و بەشی دووەمی(مایا)یا(مای)یەکە شێوەیەکی ترە لە (مات)و(ماد)ەکە ئیشارەتە بۆ سەرزەمین و میللەتی ماد کە لە رۆژئاوای ئێران دەسەڵاتی پەیداکرد و دەوڵەتی مادی پێکهێنا» (٨٠، ص٧٥١) لێرەش مانای- ماد- مانایەکی جوان- باش- دەدا و دەبێتە ناوی میللەتێک و ئەوەش لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکانەوە- ئاوێستا-وە سەرچاوە دەگرێ، هەر لێکۆڵەرەوە (ج.مفرد) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەنووسێ: «لە ئاوێستا ناوی ماد بەشێوەی (مئیدیە)(یعنی نێوەڕاست) هاتووە» (٤٩، جلد اول، ص١١٧) ئەوەش نیشانەی کۆنیی ناوی مادە بەوەی کە لەئاوێستا باسکراوە، دەبێ پێش ئاوێستا ئەو ناوە شوێنێکی دیاری لە ناوچەکەدا هەبووبێ، بەوەش کە ماناکەی دەکاتە- نێوەڕاست- دیسان ئیشارەتە بۆ شوێن خاک- وڵات، کە ئەوەش لەگەڵ مانای پێشتر یەکتر دەگرنەوە، بۆ کۆنی ئەم ناوەش ئەو لە دەقە- ئاشووری- یەکانەوە بۆ یەکەمین جار باسکراوە: «یەکەمین ناو هێنانی ڕاستەوخۆ بۆ هۆزێکی



ئێرانی، واتە مادەکان، لە دەقە ئاشوورییەکانی سەدەی نۆیەمی پێش زایینیدا نووسراوە» (١٠٤، ص٤؟؟) هەر بۆ ناو هاتنی مادەکان و یەکەمین جار لە ٨٣٦ی پێش زایین لەمێژوودا باس دەکرێ» (١٩٧) ئەمانە هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە مادەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە و پێش پێکهێنانی- دەوڵەت-یش دیار و ناسراو بوون، لێکۆڵەرەوەی ئێرانی(محەمەد جەواد مەشکوور) ئاوا باسی ناوهێنانی مادەکان دەکات لەلایەن ئاشوورییەکانەوە: «لە نووسراوە ئاشورییەکان (ئامادانە) هاتووە، چونکە ئاشورییەکان بە - ماد- ەکانیان دەگوت (ئامادا) و پاشگری(نە) پاشگری شوێنە، هەر بەو دەستوورە هەمەدان واتە جێگا و شوێنی مادەکان» (٩٢، ص٢٠) وەکو دەردەکەوێ ناوە کۆنەکان (ئاری و ماد بۆ ناوی خاک و میللەت) بەکارهاتوون.

ئێستا بابزانین خاک و وڵاتی مادەکان کوێندەرە؟ چونکە ئێمە دەزانین پاش ئەوەی -دەوڵەت- ئیپراتۆرییەتیان- پێکهێنا سنووری دەسەڵاتی خۆیان زۆر فراوان کرد. «ئەو میللەتە لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایین، یەکەمین دەوڵەتی ئێرانیان دامەزراند و یەکێ لەپاشا گەورەکانی ئەو زنجیرەیە هوخشترە (کواکسارس) بوو لەگەڵ دەوڵەتی بابل یەکی گرت و ئاشوورییەکانیان شکاند و مەملەکەتی ئاشوورییەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد، دەسەڵاتی دەوڵەتی"ماد" هەر تەنیا بەسەر ئێراندا نەبوو، بەڵکە ئەرمەنستانی رۆژئاوا و کەیدوکیەشی گرتەوە» (١٩٧) ئەم شکاندنەی ئاشورییەکان و فراوان کردنەی سنووری دەسەڵات، لای مادەکان نیشانەی خاوەن پێشینەیی قەومی ماد و رێکخراوەیی ئیمپراتۆرییەتییەکەیانە، کە ئەمەش مێژووناسان زۆریان باسکردووە.

لەبارەی کۆچی(ماد و پارس)ەکانەوە زۆر نووسراوە، یەکێ لە لێکۆڵەرەوەکان کە(فرەوشی)یە دەنووسێ: «ئەم دوو هۆزە لەگەڵ هەموو- تایفە-(*ـــ١٩) ناوبراوەکانی خۆیان، ڕوویان کردە ناوچەی بەپێتی دەوروبەری دەریاچەی رەزاییە (ئورمیە- شهراب) هۆزی ماد لەناوچەی خوارووی رۆژهەلاتی دەریاچە و نێوان هەمەدان و تەورێز جێگای خۆیان گرت و پاشان تا ئەسفەهان چوونە پێش، هۆزەکانی پارس لە بەشی خوارووی دەریاچە و ناوچەی ئەردەلانی(*ـــ٢٠) ئێستا نیشتەجێ بوون» (*ـــ٢١) (٤٢، ص٢٨) هەر خۆی واتە (فرەوشی) شوێنی هاتنی ئەم دوو هۆزە واتە ماد و پارس ئاوا دیاری دەکات: «ئەم دوو هۆزە پێ بەپێ لە دەربەندەکانی قەفقاز تێپەڕین و لەدەوروبەری دەریاچەی ڕەزاییە (ئورمییە) کە فراوانییەکی لە ئەمڕۆ زیاتری هەبوو و خاوەنی دەشتاییەکی سەوزو خۆش بوو دامەزران و خەریکی جووتیاری و شوانکارەیی و بەخێوکردنی ئەسپ بوون» (٤٢، ص٢٥) بۆ زەمانی هاتنی ئەم دوو هۆزە- وەکو پێشتر باسمان کرد- ڕای جیاواز هەیە، بەڵام، هەن کە ئاوا باسی زەمەنی ئەم هاتنە دەکەن. «ئەگەرچی مێژوونووسان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد ساڵی ٧٠١ یا ٧١٨ی پێش زایینییان نووسیوە، بەڵام سەردەمی جێگیربوونی هۆزی ماد لەناوچەی ئازەربایجان و کوردستان و لێک راست هاتنی ئەم هۆزانە لەگەڵ هۆزە هێرش بەرەکانی(*ـــ٢٢) ڕۆژئاوا بەپێی نووسراوە دەست کەوتووەکانی ئاشوورییەکان لە دەوروبەری ٨٤٤-٨٣٨ی پێش زایینی بووە، بەو پێیە دەورەی همای(ماد)ەکان دەتوانین بەدەوروبەری ٨٤٠ پێش زایین بزانین» (٨٠، ص٧٥٤) هەر چەندە ئەم مێژووەی هاتنی مادەکان

و لەگەڵ مێژووی دامەزراندنی- ئیمپراتۆرییەتی ماد زۆر لێک نزیکە، پیاو دەپرسێ، ئەم دەوڵەتە مەزن و پێشکەوتوو و بە یاسایە لە هەموو ڕوویەکەوە، هی ئەوە نییە لە ماوەیەکی ئاوا کەم هاتبێتە بەرهەم. ئەوە ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەتی ماد تەنیا بە بەرهەمی- مادە- هاتووەکان بزانین!! وەکو دەرکەوت کە مادەکان لە هاتنیان زۆر هۆزی تریان لەگەڵدا بوو، ئەوا لە دامەزران و نیشتەجێبوونیش تێکەڵی زۆر هۆزی تر بوون، کە ئەوانیش خاوەنی شارستانییەت و پێشکەوتنی ڕۆژگاری خۆیان بوون. مێژوو سەلماندوویەتی کە ناوچەی زاگرۆس و دەوروبەری شاری ورمێ و هەموو ناوچەکە زۆر پێش هاتنی (کۆچ کردووەکان) ئاوەدان بووە. ئەو شوێنە ئاوەدانە کە دەکاتە وڵاتی دواتری مادەکان(ئی. م. دیاکۆنۆف) ئاوای باس دەکات: «بەشی ڕۆژئاوا یان(مادی ئاتروپاتین) بەشی ژووررووی ڕووباری ئاراسە و تا کێوی ئەڵوەند لەخوارەوە درێژ بووەتەوە، ناوچەی دەریاچەی(ورمێ)(...)و ڕووباری(جەختەتو)و ڕووبارەکانی تر کە شان بەشانی ئەو ئەڕژێتە ناو دەریاچەی ناوبراوەوە، هەروەها ناوچەی دەراوی ڕووباری قزل ئۆزون (ڕووباری سپی)ی ئێستا و، ئەڕژێتە دەریای خەزەر، ئەم ناوچەیە ئەگرێتەوە، سەرانسەری ئەم ناوچەیە ئەکەوێتە ناوچەکانی ئازربایجان و کوردستانی ئێرانەوە» (٢، ل١٢٧) کە ئەمە جوگرافیای مادەکانە، هەر لەم جوگرافیا و وڵاتەش دەوڵەتی مادیان دامەزراند، (شاهروخ مسکوب) دەنووسێ:«مادەکان یەکەمین شاهەنشاهییەتیی مێژووی ئێرانیان دروستکرد، ئەوان لەڕووی ڕێکخستن و پەیوەندی و تەبایی هۆزەکان بۆ حکومەتی پێش پارسەکان کەوتن پاشان هەر ئەوان بوونە یار و پشتگیری زۆرباشی پارسەکان، پارسەکان بەهاوکاری ئەو خزمە نزیکانەی خۆیان یەکەمین ئیمپراتۆرییەتی چەند میللەتی و چەند فەرهەنگیی مێژووییان هێنایە وجود». (٦٨، ص١٣-١٤) دیارە لێرە مەبەست ئەوەیە کە پاشتر پارسەکان دەوڵەتی مادیان ڕووخاند، هەر بەهاوکاریی مادەکانیش دەوڵەتی یەکەمی خۆیان- هەخامەنشیی- یان دامەزراند، دیارە ماوەی حوکم کردنی مادەکان پتر لە دوو ئەوەندەی ماوەی حوکم کردنی هەخامەنشییەکان بوو. چونکە ماوەی حوکم کردنەکەیان هەر سی و دوو ساڵ بوو. بۆ ئەم هاوکاری و خزمایەتییەی ماد و پارس ڕیشەیەکی زۆر هەیە، کە خزم و هاوکار بوون. «ڕایەک هەیە دەڵێ: هەردوو تایفەی ماد و پارس بەیەکەوە هاتنە ئێران لەڕێگای شاخەکانی قەفقاسەوە، دوای ئەوەی ماوەیەک بەیەکەوە ژیاون و لەیەکتر جیابوونەتەوە» (٢١٤، ١٠، ل٧٥) وەکو زانراوە، مادەکان ئەگەر لەپارسەکان جیا بوونەتەوە، بۆخۆشیان، سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆر هۆز و تایفە پێک هاتبوون، بوون بە دوو دەستەی ماد، دەنووسرێ: «سەرزەمینی دایک"وڵات"یان کردە دوو بەش، یەکەم: مادی گەورە. کە بریتی بوو لەناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران تا سنووری کوردستان لە چیاکانی زاگرۆس(.....)کە(ڕەی) و دەوروبەری ئەوی دەگرتەوە، دووەم: مادی بچووک کەتەواوی ئازەربایجانی دەگرتەوە» (٩٢، ص١٩) لەبارەی پێکهاتەی مادەکان. هیرۆدۆتس: باسی شەش هۆز دەکات و دەڵێ: «بریتی بوون لە بوسیان، پارتاکتیان، ئستروخانیان، ئریزانتیان، بۆدیانی موغەکان» (٨١، ص٢٨) دیارە هەر بەقسەی ئەم سەرچاوەیە پێدەچێ هۆزی تریش لە وڵاتی مادەکان هەبووبن، بەڵام ناوی ئەو هۆزانەی کە هاتووە، نیشانەی ناوداری و شوێنی گرنگیان بووە لە کۆمەڵگاکەدا. ئەوەش هەر زۆر ڕاستە، لە هەموو



سەردەمێک ناو ناوی هەندێکە و کار کاری هەمووانە، دوور نییە کارکردووەکان زۆرتر ماندوو بن و ئارەقە و خوێن بڕێژن، بەڵام، زۆر کەمتر بەرهەم بچێژن. دەسەڵاتی دنیا لەهەوەڵەوە هەر وا دەمەزراوە. لەو چەند دێرەی سەرەوە کە باسی هاتنی ئاری و مادەکانمان کرد، مانای ئەوە نییە ئێمە هاتووەکان تەواو بە - ئاری- دەزانین! ئێمە ناوی ئاری زۆرتر بەدانیشتووانی (ئیریەن ویچ) ڕەوا دەبینین و مادەکانیش بەبەشێک لەو خەڵکە دەژمێرین، بەڵام، ئەم ڕایە چونکە تەواو جێگیر نەبووە، بۆیە ڕایەکانی پێشووترمان بەسەر کردەوە.

**١-٦-١-٦- کورد و (ماد)ەکان:**

ڕەنگە کەسانێ هەبن، زۆر لایان خۆش نەبێ کە دان بەو ڕاستییەدا بنێن، کە کورد و ماد تەواوکەری یەکترن، کەچی، بەڵگە مێژووییەکان بەپێچەوانەی خواستی ئەو زاتە هاوچەرخانە، زۆر لەکۆنەوە ئەوەی سەلماندووە. (ج. مفرد) دەنووسێ: «بۆ ئەوەی ئاگاداری مێژووی کورد بین، پێویست دەکا مێژووی میللەتی مادەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین بخوێنینەوە» (٤٩، جلد اول، ص١١) لەبارەی بەڵگە کۆنەکانەوە زانای کورد (تۆفیق وەهبی) دەنووسێ: «لەو نصە (دەق)ە پەهلەوییانەی پێشووتر وەرمان گرت، پیاو تێدەگا، دانەری(کارنامەک) کە لە دوایی چەرخی شەشەمی پاش عیسادا ژیاوە ماد و کوردی بەیەک نەتەوە داناوە» (١٨٣، ، ص٢٧) هەر لەبارەی کورد و مادەوە پرسیارێکی ڕەوا هەیە، کە بۆ خۆی وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە (پرۆفیسۆر مینۆرسکی) دەنووسێ: «ئەگەر کورد نەوەی مادەکان نەبن ئەدی نەتەوەیەکی وا کۆن و بەدەسەڵات چی بەسەر هات، ئەو هەموو هۆز و تیرەی کورد، کە بەیەک زمانی ئێرانی و جیاواز لە زمانە ئێرانییەکانی دیکە قسە دەکەن لەکوێوە هاتوون؟» (١٨٣، ، ل٣٣) وەکو پێشتر گوتمان، ئەم پرسیارەی مینۆرسکی زۆرتر وەڵامەکەی دەسەلمێنێ تا پرسیار بێ. بۆ سەلماندنی ئەم یەک بوونەی مادو کورد وا چاکە (کارنامەء اردشیر بابکان) بخوێنینەوە، لە بەشی پێنجەم ئاوا ناوی کورد و ماد پێکەوە هاتووە: «پاش ئەوەی سوپا و لەشکرێکی مەزنی لە زابل کۆکردەوە ملی لەبەر ملی- کردان شاه مادی__ کوردان شاهی مادی نا، شەڕو خوێن ڕێژییەکی زۆر رووی دا سوپای ئەردەشێر تەنگی پێ هەڵچنراو شکا» (٩٩، ص٤١) ئەگەر لە سەرکەوتنی کوردان و شکانی ئەردەشێر باسی کورد کراوە، لە شکانی کوردان و سەرکەوتنی ئەردەشێر زۆر چاکتر ناویان هاتووە: «ئەردەشێر سوپایەکی چوار هەزار (نەفەر)ەی ئامادە کرد و شەو بەشەبەیخوون هێرشی کردە سەریان و یەک هەزاری لە کوردەکان کوشت و ئەوی تری بریندار و دەستگیر کرد لە (کوردان شاهی) کوڕ و برا و نەوە و ماڵ و حاڵێکی زۆری-گرت- و بۆ پارس شۆڕی کردەوە» (٩٩، ص٤١) بەڵگەی ئەوە کە کورد و ماد یەکن لەوە چاکتر بەدەست ناکەوێ کە کارنامە-ی ئەردەشێر خۆی ناوی ماد و کورد بە- کوردان شاه مادی- دێنێ کە دەکاتە شای کوردە مادەکان، ئەوە جگە لەوەی کە- پاشای ساسانی-(*٢٣) کە لەشەڕی ئەسکەندەر دەشکێ خۆی لەنێو شوانکارە کوردەکان دەشارێتەوە، دیارە ئەو شوانکارە کوردانەش هەر هەمان شوانکارە مادەکانن، کە ئەم بەڵگە کەمەی کە لەنێو زۆر بەڵگەی تردا هەڵمان بژارد، ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد و ماد یەکن، ئەوا دەبێ- فەرهەنگی مادەکان بەئایین و زمان و ئەفسانەوە بەشێکی گرنگ بێ، لە فەرهەنگی بەر بڵاوی

کورد و ئەفسانەی مادەکان بەشێک لە ئەفسانەی کورد بزانین.


لە چیرۆکی ٣٥٠٠ ساڵەی تەمەنی ئێران- دا هاتووە کە:«ئەم تایەفەیە (ماد) گرنگییەکی تری هەیە ئەویش دانانی کەرەسەی بنەڕەتیی مێژوو و ئەفسانە و داستانە گەلییەکانی ئێرانە، بەشێک لەو مێژووی ئێرانی داستانە ئەفسانەییەکان هاتووە کە بۆ پێش سەردەمی هەخامەنشییەکان دەگەڕێتەوە.» (٢١٤، ١٠، ل٧٧) لێرە ئەوە بەدەردەکەوێ، نەک هەر بنەڕەتی ئەفسانەی ماد و کوردان لەو سەردەمە داندراوە، بەڵکە ئەفسانە و داستانە گەلییەکانی ئێرانییەکانیش هەر بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. نموونەیەکی ئەفسانە دروست بوون لە سەردەمی مادەکان. گریمانەی (تۆفیق وەهبی)یە کە دەڵێ:«لە ئەفسانەیەکدا هاتووە کە «ئەژدەهایەکی حەوت سەر» ئاو لە شارێک دەگرێ، دانیشتووانی شارەکەش ناچار ناوە ناوە کچێکی پێشکەش دەکەن تا تۆزە ئاوێکیان پێ ببەخشێ/ ١٢٧/١٣٤-١٣٠/ تۆفیق وەهبی گریمانەی ئەوە دەکات ئەو ئەفسانەیە هی ڕۆژگاری مادەکانە، «ڕەنگبێ ئەمە خواوەندی (ئەژی دەهاک) بووبێ، ئەوەی دەیتوانی باران ڕاگرێ، کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات و ئادەمیزاد لەناوبەرێ، بۆیە خەڵکەکە لێی دەترسان دەیانپەرست قوربانییان پێشکەش دەکرد» (١٣، ل٢٣).

ئێمە کە سەردەمی مادەکان بەسەردەمێکی گرنگی دروست بوونی ئەفسانە بزانین، لەخۆوە نییە، ئەوەتا یەکەمین پاشای مادەکان، پاش ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، لە هەمەدان. پایتەخت و قەڵایەکی- ئەفسانەیی دروست دەکا و ئەفسانەوار تێیدا دەژی، ژیانێک کە خەڵکی ئاسایی نەیبینن، چونکە ئەگەر ببینن ئەوا بەمرۆڤێکی ئاسایی تێدەگەن و ئێرەیی پێدەبەن و دوور نییە لێی هەڵگەڕێنەوە، بەڵام، لەنێو ئەو کۆشکە پێچاوپێچە ڕەنگاو ڕەنگەدا هەر ناوی ببیسن، بەشێوەیەکی ئەفسانەیی بیری لێدەکەنەوە و هیرۆدۆتس دەنووسێ: «بەڵام، ئەگەر کەس نەیبینێ ئەفسانەکە دەڵێ دەبێتە پیاوێکی تر و جیا لە پیاوانی تر» (٢٢٠، ص١٩).

لەم نووسینەدا ئەوە سەلمێندرا، کە پێشتر زۆر کەسی تریش سەلماندوویەتی ماد و کورد یەکن، ئەوا ئەفسانەی مادەکان ئەویش بەشێکی گرنگی سەردەمێکی گرنگی میللەتی کوردە، کەواتە ئەفسانەی کورد لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ لە کوردستان ژیاوە و زار و بیری ئەفسانەسازیی کەوتووتە کار هەبووە و پێبەپێ لەگەڵ هاتنی هیند و ئەورووپییان -ئاری- یەکان گەشەی کردووە و لە سەردەمی دەوڵەتی ماد گەیشتووتە ئاستێکی بەرز و لە ڕۆژگاری سۆمەرییەکان گەیشتووتە ئاستی نەمریی. هەر لە سەردەمی مادەکانیش یەکەم ئیمپراتۆرییەتی کوردی دامەزرا و نەتەوەی کورد تەواو یەکی گرت و پێگەیشت.



کۆچی درێژخایەنی ئەوانەی کە پێیان دەگوترێ، هیندۆ ئەورووپی یان ئاری(١)! و
دروست بوونی میللەتی کوردو فارس.




١- دوور نییە دواڕۆژ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنینی ورد ناوی ڕاستەقینەی ئەم کۆچ کردووانە بەدەر بکەوێ.
٢- لەبەر ئەوەی جێگای کۆچ کردنەکە جێگیر نییە، بۆیە هێمای جووڵەدارم داوەتێ.
٣- پێش دروست بوونی دەوڵەتی ماد و سەرەتای کۆچەکەیان ئەم هۆزانە لەنێو یەکدا یەک کۆمەڵگابوون. ⟵

### ١-٧-١- كوردستان سەر زەمینی مێژوو و ئەفسانەی لافاو:

لافاو وەک ڕووداوێکی واقعی، تەواوی مێژوو و ئەفسانە و کتێبە ئایینی و پشکنینە (ئەرکیۆلۆجی) کۆنناسی و لێکۆڵینەوە زانستییەکان پشتگیریی لێدەکەن. کە لافاوێکی گەورەیە__ بگرە پتر لە یەک لافاو__ ڕوویداوە و تەواوی زەوی، یان هەر جارەی بەشێکی زەویی گرتووەتەوە و بووەتە هۆی لەنێوچوون و وێران بوونی ئاوەدانی و خنکانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر سەرلەنوێ وەک یەکەمجار، پاش دروست بوون و پێگەیشتنی مرۆڤ و چیرۆکی هاتنی ئادەم و حەوا-ی نێو قورئان و ئینجیل و تەورات و(مەشی و مەشیانە)ی(*-٢٤) ئاوێستای زەردەشتیان، ژیان سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە، بۆ ئەم ژیان دەست پێکردنەوەش، ئەم سەرچاوانە زۆربەی هەرە زۆریان باس لەوە دەکەن کە ژیان ئەمجارە لەنێو (کەشتی)یەکەوە دابەزیوەتەوە سەر زەوی، وەک لە قورئاندا هاتووە، سەرزەمینێکی پیرۆز. لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر (لافاو)ی نێو کتێبە ئایینییەکان زۆرە و لە زۆر ڕووەوە باسی ئەو دەقە ئایینییانە کراوە، بۆ ئەوەی ئەم کارەی ئێمە نەبێتە هۆی دووبارە بوونەوە و -درێژدادڕی - یەکی لە ڕادەبەدەر، هەوڵدەدەم باس لە سەرچاوە مێژوویی و ئەفسانەیی و زانستییەکان بکەم و زیاتر ئەو هەواڵ و ئەفسانانە بەسەر بکەمەوە کە لافاو بە - کورد و خاکی کوردستان دەبەستنەوە.

بەهۆی ئەوەی کە کتێبە ئایینی و ڕۆشنبیرییە ئایینییەکان، بەتایبەت، ئایینی جوو و مەسیحی و دواجار موسڵمانەکان، سەرچاوەکانی دوایین و تا ئێستاش بەردەوامن و زۆریش بەر بڵاون، ئەو سەرچاوانە بوونەتە- چاوگەیەکی - دەوڵەمەند بوونی ڕۆشنبیریی میللی- کە لەمێژە خەڵکی ئەو ئایینانە و دەرەوەی ئەم ئایینانەش- ئەفسانەکانی خۆیان لەسەر هەڵدەنێن، هەربۆیە ئێستا لە جیهاندا زۆر دەقی ئەفسانەی لافاو هەیە، کە لەزۆر ڕووەوە لێک دەچن و لە زۆریش لێک جیان، (*-٢٥) دیارە پێش ئەو ئایینانەش زۆر دەقی تری -لافاو- کەوتوونەتە دەست، هەر بۆ نموونە، لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکاندا، باس لەم داستان و ئەفسانە و چیرۆکانە دەکرێ و ناوی ئەم پاڵەوانانە دێ، -داستانی لافاوی گلگامش، (داستانی لافاوی زیو سەدرا)، (داستانی لافاوی بیرۆسس)، (داستانی لافاوی ئەتراهاسیس)، ئەمانە هەموو لە مێژوویەکی کۆنەوە باسی لافاویان کردووە و دەقەکانیان، بەشێوەی جیا جیا کەوتووتە دەست. ئەو هەموو دەق و ناوە بۆ لافاو نیشانەی دوو شتە، یەکەم: ئەوەیە لافاو وەک واقع ڕووداوێکە ڕووی داوە و خەیاڵ و ئەفسانە نییە، دووەم: ئەوەیە کە یا ئەوەتا لافاوێکی زۆر گەورە و گران ڕووی داوە کە هەموو جیهانی گرتووتەوە، بۆیە لە زۆر لا و لە زۆر سەردەم باس دەکرێ، یان لافاو زۆرجار قەوماوە و شوێنی جیا جیا و ڕۆژگاری جیا جیای گرتووەتەوە، ئەگەرچی بەدووری نازانم، کە هەردووکیان

٤- لەگەڵ گەیشتنی هۆزەکانی (پارس) تێکەڵ بوونێک هاتە ئاراوە لەنێوان هاتووەکان و هۆزە نیشتەجێکان.

٥- لەگەڵ هاتنی (ماد) ئەوانیش تێکەڵی ئەو هۆزانە بوون کە پێشتر لەناوچەکەدا دەژیان، هەر ئەو وەختەش (کورد) وەک ناوێکی دیار لە ناوچەکەدا هەبووە.

٦- ئەم مێژوو دانان و هێڵکارییە، ئەنجامی خوێندنەوەیەکی گشتیی سەرچاوە مێژووییەکانە.



ڕوویان دابێ، واتە لافاوێکی گەورە هەموو جیهانی گرتبێتەوە و زۆر لافاوی بچووکتریش ناوە ناوە هەڵسابێ. ئەوەتە(جیمس فرێزەر) دەنووسێ: «ئەوەی زانراوە و لەمێژە کە ئەفسانەی لافاوی گەورە. ئەوەی کە بووە هۆی لەنێوچوونی نزیکەی تەواوی خەڵک، بەبڵاوبوونەوەیەکی زۆر بڵاو جیهانی گرتووەتەوە» (١٢٢، ص١٦٠) ئەوەی__ جیمس فرێزەر- دەیەوێ بیڵێ ڕوودانی لافاوی گەورەیە، ئەو لافاوەی کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە و نزیکەی تەواوی خەڵکی لەناوبردووە، هەر ئەوەشە هۆکەی، کە لە ئەفسانە جیهانییەکاندا باس دەکرێ، هەر بۆ ئەم پشتگیرییە و یەک بوونی لافاوەکان(تاها باقر) دەنووسێ: «ئێمە دەتوانین بەکەمێک دڵنیاییەوە بڵێین کە لافاوی ناوبراو لە سەڵماندنی پاشا سۆمەری و بابلییەکان یەک لافاو بوو» (١٣٢، ص٣٠٠) هەر بۆ پشتگیریی ئەوەی کە لافاوی گەورە ڕوویداوە لەڕووی زانستی و مێژووییەوە لێکۆڵەرەوەی کورد (میرزا حەسەن ئەلدنادی) دەنووسێ: «سەرچاوە مێژوویی و زانستییەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە لافاو (لە ڕاستیدا ڕوویداوە) و ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە کە بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، بەڵام نەگەیشتۆتە هند و یەمەن» (٢١٢، ل٦، ٨٠) ئەو لافاوەی کە ڕوویداوە لەسەر قسەی لێکۆڵەرەوەی عیراقی(تاها باقر): «زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەو لافاوەی لەکتێبە پیرۆزەکان بەتایبەت «تەورات» باسی دەکات، هەر ئەو لافاوەیە کە پاشماوە شارستانییەتەکەی نێوان دوو ئاوان باسی دەکات» (١٣٢، ص٣٠١) ئەگەر ئەم لافاوە گەورەیە پشتگیری زۆری هەیە. لەڕووی مێژووی ئەفسانەیی و زانستییەوە، ئەوا زانست ئەوەش دەسەلمێنێ کە زیاتر لە لافاوێک لە جیهان ڕوویداوە: (دیفیدو جوان ئۆتیس) پشت بەبیردۆزی لافاو- دەنووسێ: «لەو گفتوگۆیەدا کە لەسەر بنەمای زەمین ناسی -جیۆلۆجی- نوێ بیردۆزی (لافاو) لایەنگرەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە لە لافاوێک زیاتر جیهانی گرتووەتەوە و، ئەوەی کە لە تەوراتیشدا باس دەکرێ دواییەکەیانە» (١٢٥، ص٥٣) دووریش نییە کە هەر ئەو لافاوەی دوایی لافاوە گەورەکەیان بێ.

زۆر پێویستمان بەبەڵگە نابێ، بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین کە لافاو ڕوویداوە و زۆربەی ڕووی زەویشی گرتووەتەوە، وا چاکە ئەو بەڵگانە بخوێنینەوە کە لە مێژووی کۆن و ئەفسانە و پاشماوەکان باس لە«لافاو» دەکەن.

سۆمەرییەکان زۆر دەقی ئەفسانەییان بۆ بەجێهێشتووین کە باس لە لافاو دەکەن. «لە لەوحەی دوازدەمی بەڕەسەن سۆمەری، هەر دەڵێی وەرگێڕانی دەقی ئەکەدی (بابلی) یەکەیە» (١٣٣، ص٥٥) لەو پێکچوونەشدا دەبێ مانای ئەوە بدۆزینەوە کە هەموویان باسی یەک «لافاو» دەکەن، هەر لە دەقێکی سۆمەری کە دەقی گلگامشە. ئاوا باسی پێشبینیی لافاو دەکات، کە (ئەرداتسی پاشا) خەون دەبینێ: «خواوەندی کرۆنۆس لەخەودا ئاگاداری کردەوە، کە لافاو لە ڕۆژی یازدەی مانگی(دسیۆس)(*__٢٦) ڕوودەدا و بەشەرییەت لەنێو دەبات» (١٣٣، ص٢١١) هەر لەو خەوەدا پێی دەڵێ: لە شاری (سپار) چاڵێک هەڵکەنێ و هەموو زانیارییەکانی لەنێودا بشارێتەوە، ئەم دەقەش وەک دەقەکانی تر وردە باسی زۆری تێدایە، بەڵام با جارێ بزانین هیچ مێژوو و سەردەمێک بۆ ئەو لافاوانە دیاریکراوە، ئایا مێژووەکان زۆر لێک دوورن، بەڵگەکان چین بۆ ئەم زەمەنە دیاریکراوانە؟

لەسەر قسەی «تاها باقر» لێکۆڵەرەوەی ناسراو «وولی ــ Wooley» ئەوەی لە(ئوور) پشکنینی کردووە، دەڵێ: لافاوێکی کاریگەر لە ڕۆژگاری – دور العبید– دەوروبەری ٤٠٠٠ پ.ز ڕوویداوە» (١٣٢، ص٣٠١) هەر نزیک لەم مێژووە لە بەڵگەیەکی پێش زایینیدا هاتووە دەڵێ: «بەسوود وەرگرتن لە فەهرەستی ڕێکخراوی مێژوونووسی کلدانی(دەوروبەری ٢٨٠ پ.ز) کە ڕۆژگار دابەشی سێ قۆناغ کردووە، دەوڵەتەکانی پێش لافاو، دەوڵەتەکانی پاش لافاو، مێژووی دابەشکراو و یەکەمین قۆناغی مێژوویی بەناوی زنجیرەی یەکەمی(ئوور) ناسراوە کە لە ساڵی ٣١٠٠ پ.ز دامەزراوە» (٨٠، ص٧٥٦) ئەم مێژووەش زۆر لە مێژووی یەکەم واتە (٤٠٠٠) ساڵە دوور نییە، ئەم لێک نزیکییەش بۆ ئەوەمان دەبات کە هەردوو لا باسییەک ڕووداو بکەن دیارە ئەگەر ٣١٠٠ ساڵ پ.ز ساڵی یەکەمین زنجیرەی شاهەنشاهی ئوور بێ، دەبێ لافاوەکە ماوەیەکی زۆر پێش ئەم سەرەتای شاهییە ڕوویدابێ.

لێکۆڵەرەوەی عەرەب (عەلی ئەلشۆک) لەبارەی لافاوی (سفر التكوين) دەنووسێ: «بیرەوەرییەکی مێژووییە، کە بارانێکی بەخوڕ لە چیاکانی ئەرمینیا (؟) ڕوویداوە بەهۆیەوە هەردوو ڕووباری«دجلەو فورات» هەڵساوە و بووە هۆی لافاو ئەوەش لە دەوروبەری٣٢٠٠ ساڵ پێش زایین بوو» (١٤٢، ص١٠٠) ئەم مێژووەش زۆر لەوانەی سەرەوە دوور ناکەوێتەوە، هەر لەبارەی مێژووی لافاو(م. ئاورنگ) دەنووسێ: (لافاوی نووح، ١٦٥٦ساڵ پاش ئادەم و ٢١٠٥ ساڵ پێش مەسیح بوو» (٨٦، ص٢٣) زۆر نزیک لەم مێژووە(فرێزەر) دەنووسێ: «لەوحەیەکی٢١٠٠ ساڵ پێش زایینی پاش لافاو دۆزراوەتەوە، کە باسی لافاو دەکات» (١٢٢، ص١٧٣) ئەم مێژووانەش زۆر لێک نزیکن، ئەگەر نێو لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەلافاو بپشکنین، دەتوانین زۆر مێژووی تریش ببینینەوە، بەڵام، وا چاکە کۆتایی مێژووەکان بەمێژوویێکی ئەفسانەیی ببینین کە لە «الاصحاح الثامن»ی تەورات– دا دەڵێ: «کەشتییەکە لە مانگی حەوت لەڕۆژی حەڤدەهەم لەسەر چیای ئەرارات(*–٢٧) نیشتەوە» (١٣٣، ص٢٤٩) کە مێژووەکانی تر هەموویان پێکەوە نیشانەی ڕوودانی لافاو بن، بەڵام، هیچیان مێژوویێکی دیارمان نادەنێ، تا بەدڵنیاییەوە، مێژووی ڕوودانی دیاری بکەین، ئەم مێژووەی نێو «تەورات»یش ڕۆژ و مانگی دیاری کردووە و باسی ساڵ ناکات، بەمەش زیاتر مێژووەکەی لە تارماییدا هێشتۆتەوە. هەرچۆنێ بێ ئەم هەموو مێژوو دیاریکردنە (با یەکیش نەگرنەوە) نیشانەی ڕوودانی لافاوە، ئەگەر هێشتا کارێکی ئاسان نییە بتوانین ڕۆژ و مانگ و ساڵی لافاوەکە دیاری بکەین، با بەهۆی بەڵگەکانی تر زیاتر واقعی ڕوودانی لافاوەکە بەرجەستە بکەین.

**١-٧-١-١- هۆی ڕوودانی لافاو:**

کتێبە ئایینییەکان و هەموو ئەو ئەفسانانەی کە پشت بەدەقە ئایینییەکانەوە باس لە لافاو دەکەن، هۆی لافاوەکە بۆ خراپی و لەڕێگا و ئایین لادانی خەڵکەکە دەگێڕنەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی شیکردنەوەیەکی ئایینییە، کە خوا وەکو سزایەک بۆ خەڵکەکە و پاککردنەوەی زەوی لافاوی هەڵستاندووە، لە دەقە سۆمەرییەکانیش هۆکەی، هەر شتێکە و لەوەی کە خواوەندەکان لە«بەشەر» تووڕە دەبن و بەلافاو سزای دەدەن، «لافاو بۆ لەنێو بردنی بەشەرە، لەبەر ئەوەی بەدەنگە دەنگ و هەراو هۆریای



خۆیان خوداوەندیان نیگەران کردووە» (١٣٣، ص٢١٥) یەک لە ڕەوشتی ئەفسانە ئەوەیە کە هەمیشە مانای دینی و ئەخلاقی دەداتە ڕوودانی شتەکان بەڵام، زانست و لێکۆڵینەوە زانستییەکان زیاتر بەدوای هۆکاری زانستیدا دەگەڕێن، بۆیە زاناکان زۆرتر بۆ ئەوە دەچن، کە هۆکەی، واتە هۆی لافاو، گۆڕانی پلەی گەرمی ئاو و هەوا و توانەوەی بەفر و بەستەڵەکەکان بووبێ، چونکە لە ڕووی زانستییەوە سەلمێندراوە، پلەی گەرمای زەوی بەردەوام لەگۆڕانە، نەک هەر زەوی بەگشتی، بەڵکە هەر ڕووبەرێکی زەوی، ئەویش گۆڕانێکی بەردەوامی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم گۆڕانەش هۆیەکە بۆ جێگۆڕکێی سەرما و گەرما لەسەر ڕووی زەوی، ئەگەرچی ئەم جێگۆڕکێیە زۆر لەسەرەخۆش بێ.

**١-٧-١-٢- سەرچاوەی لافاو:**

هەر چەندە دەقەکان زۆرتر باس لە بارینی زۆر و هەڵسانی رووبار وتوانەوەی بەفر و بەستەڵەکەکان دەکەن، وەک هۆیەکی راستەوخۆ بۆ لافاو، ئەوا ئەفسانەیەکی کوردی بەشێوەیەکی تر لێکی دەداتەوە: «لە عەین سفنی کە بەناوی سەفینەی نووح (د.خ) کراوە، کانییەکی تێدایە ئاوەکەی بۆ نەخۆشیی پێستە بەکاردێ و باوەڕ وایە کە سەرچاوەی لافاوە» (٢١٢، ل٢٣) واتە بەڕای خەڵکەکە ئاوی لافاو لە کانییەکە هەڵقوڵاوە.

**١-٧-١-٣- ئەفسانەی ترس و تەماع:**

لە شاری ئورفەی باکووری کوردستان دوو ستوونی کۆن هەیە و ڕووت ماونەتەوە و کراون بەهێمای ئەفسانە، خەڵکەکە دەڵێن: «ئەم دوو ستوونە یەکێکیان پڕ زێڕ کراوە و ئەوەی تریش بەردەمی هەڵچوونی ئاوی گرتووە، ئاوی ئەو کانییە دەکرێ لافاوێکی وەکو ئەوەی نووحی لێ بکەوێتەوە، ئەوەی ستوونە پڕ لە زێڕەکە خراپ بکا سامانێکی وای گیر دەکەوێ. لە خەیاڵی هەر چاو چنۆکێک بەدەرە، بەڵام، جیهان ژێر ئاو دەکەوێ، ئەگەر دووەم زیانی پێبگا» (١٢٤، ص٢٤) لەبەر ئەوەی هەردوو ستوون زۆر پێک دەچن کەس لەخۆی ڕا نابینێ ئەو سەر کێشییە بکات. چونکە ئەگەرچی یەکێک لە ستوونەکان زێڕی تێدایە، ئەوا ئەوی تر سەرچاوەی لافاوە.

**١-٧-١-٤- پاڵەوانی لافاو:**

ئەگەرچی دەقە ئایینییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ئەو کەسەی کەشتییەکەی دروست کرد(نووح) پێغەمبەر بوو (د.خ) لەپاڵ ئەم ناوە، لە دەقە سۆمەری و بابلی و ئەکەدی–یەکانیش ناوی(ئۆتۆ__ ناپشتم) و(زیۆ سەدرا) و(هیسۆتروس)یش ناو دەبەن، کە لێکۆڵەرەوەکانیش ئەم پاڵەوانە جیا و ناوە لێک دوورانە، بەیەک کەس دەزانن، ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکە بۆ ئەوەی بڵێین کە ئەم دەقانە باسی یەک ڕووداو و دوا ڕووداوی لافاو دەکەن.

**١-٧-١-٥ نیشتنەوەی کەشتی:**

لەناوهێنانی شوێنی نیشتنەوەی کەشتییە سەر ئاوەکە، دەقەکان هەر لە دەقە ئایینییەکانەوە، تا مێژوویی و کۆنناسی و زانستیی ئەفسانەییەکەوە هەر هەموویان، باسی چیاکانی کوردستانی ئەمڕۆ

دەکەن. ئەوە لە قورئان زۆر بەئاشکرا باسی چیای (جوودی) دەکات و تەوراتیش باس لە «ئەرارات» دەکات، با بزانین هەواڵەکانی تر چی دەڵێن: مێژوونووسێکی بابلیشساڵی ٢٧٥ پێش زایین لە نووسینێکدا کە لەلایەن یۆنانییەکانەوە پارێزراوە، دەڵێ «کەشتیی هیۆترۆس (مەبەستی کەشتیی نووحە) ئەتوانرێ لە شاخەکانی کورد نشین لە ناوچەی ئەرمەنستان ببینرێ» (٢٠٥، ٣٢، ٣٣، ل٥١) ئەو مێژوو نووسە باسی ئەوە دەکات لەسەردەمی ئەودا، واتە ٢٧٥ ساڵ پێش زایین پاشماوەی کەشتییەکە لە چیاکانی کوردستان بەئاشکرا بینراوە، (یوسفۆس) لە(بیرۆسۆس) دەگێڕێتەوە، «کە پاشماوەی کەشتییەکە لە ئەرارات چیای جوودیی نزیک دەریاچەی وانە، هەر بیرۆس دەڵێ: کوردەکانی ئەو ناوچەیە ئێستاش- مەبەست سەردەمی ئەوە- پارچەی لێدەکەنەوە و بۆ خۆیان بەکاری دێنن» (١٤٢، ص١٠٠-١٠١) هەر -عەلی ئەلشۆک- دەنووسێ: دەستەیەکی ئەمریکی دەڵێن: پارچە تەختەی بە بەرد بوویان دۆزیوەتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین، ئەم بەڵگانەش هەموویان، ئەگەر شتێک بسەلمێنن، ئەوەیە کە کەشتییەکە لەو ناوچەیە نیشتووەتەوە و هەر لە داستانی گلگامش لەدەقە شعرییەکەی ئاوا باسی نیشتنەوەکە دەکات:

*«سەیری قەراغەکانی دەریا ) (*-٢٨ )م کرد*

*لە هەر چوار کەنارانەوە*

*چیای(جەزیرە) (*-٢٩ ) دەرکەوت*

*کەشتی لەسەر چیای (نصیر) نیشتەوە» (١٣٣، ص١٨٠).*

(تاها باقر) لە پەراوێزدا دەنووسێ(- ناگۆ- Nagu واتە(جەزیرە)و مانای (ناوچە و قەراغ)یش دەدا، دەکرێ ئەم-ناگۆ-یە- جەزیرە- هەر بەناوچەی جەزیرەی باکووری کوردستان بزانین، کە هەموو ناوهێنانەکانی تریش، بۆ نیشتنەوەی کەشتی لە دەوروبەری ئەم- جەزیرە- ناگۆ- یە دەسووڕێتەوە. بۆ چیای- نصیر- دیسان هەر (تاها باقر) دەنووسێ: «(چیاي نصیر) واتە(چیای ڕزگاری) کە باسی ئەو چیایە لەگەڵ باسی(ئاشوور ناسر بال)ی دووەمی ٨٨٣-٨٥٩ی پێش زاییندا هاتووە و دەکەوێتە خوارووی زێی بچووک، هەر ئەو ناوە واتە- نصیر- لەگەڵ (الكوتيين) پێکەوە هاتووە، لێکۆڵەرەوان ئەم چیایە بە- پیرە مەگروون- تێدەگەن، هەر ئەو چیایەیە، (بیروسۆس) بەچیای کوردان ناوی دێنێ، ئەو چیایەی کە قورئان ناوی دەنێ(جودی))».

وەکو دەردەکەوێ کەشتییەکەی (نووح)، (ئۆتو- ناپشتم) بەپێی دەقەکان لە یەکێ لەم چیایانەی کوردستان نیشتووتەوە، (ئەرارات، جوودی، پیرەمەگروون) ئەگەر ئەمە لەدەقە کۆن و ئایینییەکانەوە باس کرابێ، ئەوا لەنێو- کورد-یش بۆ خۆی زۆر ئەفسانە هەیە کە باسی لەشوێنێکی دیاری کوردستان دەکات کە کەشتییەکە ڕێی تێکەوتووە وەک ئەم شوێنانە:-

**١-٧-١-٦- چیای بێخێر:**

وەرگێڕی(گلگامش) بۆ زمانی کوردی کە(سەلاّح سەعدوللا)یە لەپێشەکییەکەیدا و لە باسی لافاودا دەنووسێ: «ئەفسانە یێت تۆفانێ هێشتا ل دەڤەرێ زندینە، بۆ نموونە ئەفسانەیا چیایێ(بێخێر) ل زاخۆ،



چەوا چیایێ نەشیا گەمی راکت ڤێجا گوتنێ (بێخێر) چەوا گەمی چوو سەر چیایێ (جوودی) وێڤەتر ئو ل سەر راوەستا» (١٨، ل٦) ئەو چیایە ئێستاش ناوی (بێخێر)ە و بێخێرییەکەشی لەوە هاتووە، نەیتوانیوە کەشتییەکەی نووح کە پڕ بوو لە(ژیان) لەسەر شانی خۆی ڕابگرێ.

**١-٧-١-٧- چیایێ سنجار (ژەنگار):**

ئەو چیایەش بۆ خۆی بەبارێکی خراپ تێکەڵ ئەفسانەی نووح پێغەمبەر بووە، ئەم ئەفسانەیەش زۆرتر لای برا ئێزیدیەکانمانە: «لە لوتکەی چیای سنجار ئەوەی (سندل کلوب) ئەوەی کەشتییەکەی نووح خۆی لێدا، - سەردەمی لافاو- نووح ناوی لێنا (سن جار) واتە سەر ڕەق ئەوەی بۆ کەشتییەکەی نووح (د.خ) سەری نەهێنایە بەری، نووح رووی تێکرد و گوتی: «باشتر وابوو سەر دانەوێنی لە بەرامبەر کەشتییەکەی ژیان، دوعای ئەوەت لێدەکەم هیچ درەخت و دارێکی بەردارت لەسەر سەوز نەبێ» لەوێ ڕۆژێوە، ئەم لوتکەیە ڕووتەنە» (٢١٢، ل٥٤) ئەگەر چیایی بێخێر پاشتر خەڵک ئەم ناوەیان لێناوە، ئەوا(سنجار) (*- ٣٠) نووح خۆی دوعای لێکردووە.

**١-٧-١-٨- ئاڤا کانیا سپی:**

هەر تەنیا چیاکان تێکەڵ بەئەفسانەی لافاو نەبوونە، ئەوەتا ناوی کانییەکیش لە گەلیی لالش خۆی لەنێو ئەفسانەکەیدا هاوێشتووە، (حەسۆ هورمی) دەنووسێت: «میتۆلۆژیا مە دبێژیت: دەما ئاڤا رەش(تۆفان) ڕا بوویە بتنێ ئاڤا کانیا سپی مابو زەلال و پاقژ، ژ تەنی قورِ و شۆپیاتی قورتال ببوو دباوەڕیا ئێزیدیا تێدا ئەڤ کانیا هیڤینێ لالشێیە و لالش هێڤینێ عەردی-یە» (٩، ص٣٤) وەکو دەردەکەوێ لەنێو- ئاڤارەش- تەنیا ئاوی- کانیا سپی- بەپاکی و ڕوونی ماوەتەوە. ئەوەش هێندەی تر ئەو کانییە بەلای برا ئێزدییەکان پیرۆز کردووە، کانیا سپی کراوە بەهەوێنی- لالش- پەرستگای خۆیان و لالشیش کراوە بەهەوێنی هەموو زەمین.

**١-٧-١-٩- مالا ڕەش:**

کە چیاکانی ئەرارات و جوودی و بێخێر و پیرەمەگروون ئەفسانەی ڕۆژانی لافاویان هەبێ ئەوا مرۆڤیش، لەم ئەفسانەیە بێ بەش نەبووە، «لەنێو خەڵکدا دەگێڕنەوە، مەزنایەتیی بنەماڵەی(کۆک ئاغا) بەسەر هۆزەکەیەوە (هۆزی دنا) ریشەی بۆ سەردەمی لافاو دەگەڕێتەوە، ئەو بنەماڵەیە بە- مالا ڕەش- بەناوبانگن، لەو سەردەمەدا باپیرە گەورەی ئەو خێزانە (سلیمان ئەیوب) لەگەڵ هۆزەکەی لە- زۆزان-ەوە بەرەو هیند(*__٣١) کۆچیان کرد، پێش ئەوەی لافاو دەست پێبکا» (٢١٢، ٦، ل٧٣) زۆرتر دەقەکان باس لەوە دەکەن کە، جگە لەوانەی ناو کەشتییەکە کەس لە لافاو ڕزگاری نەبووە، کەچی لێرە باسی هۆزێک دەکرێ، کە لە ترسی لافاو لە کوردستان- زۆزان- بەرەو هیند کۆچیان کردووە، ئەوەش پشتگیریی ئەو ڕایە دەکات کە پێشتر گوترا- لافاو- هیند و یەمەن-ی نەگرتووتەوە.

**١-٧-١-١٠- ژیان پاش لافاو:**

ئەگەر دەقەکان باسی ئەوە بکەن کە نووح و ئەوانەی لەنێو کەشتییەکەدا بوون، پاش نیشتنەوەی ئاو

جارێکی تر ژیانیان دەست پێکردەوە، ئەوا لە داستانی گلگامشدا باسی بنەماڵەیەکی تر دەکات تێیدا دەوترێ: «یەکەمین بنەماڵەی کە پاش لافاو حوکمیان کرد بنەماڵەی (کیش)بوو» (١٣٣، ص١٥)، لێرە باسی حوکم کردن دەکات، وەک ئەوەی رەعیەتێکی زۆر هەبووبێ و بنەماڵە حوکمیان بەسەردا کردبن.

**١-٧-١-١١- یەکەمین گوند:**

هەر لەبارەی دەستپێکردنی ژیان پاش لافاو(ابن قتیبة) لەکتێبی (عیون الاخبار) دەنووسێ: «یەکەمین گوند کە پاش لافاو ئاوەدان کرایەوە (بقردی) بوو کە ناوی(بازاڕی هەشتایان)ە ناوەکەشی بەهۆی ئەوەیە کە نووح لە کەشتی دابەزی ئەوێی ئاوەدان کردەوە، بۆ هەر پیاوێک کە لەگەڵ ئەو بوو خانووێکی دروست کرد، چونکە هەشتا کەس بوون ناویان لێنا (بازاڕی هەشتایان) (کردستان- حبیب الله تابانی) هەرچەندە دەقەکان زۆرتر باسی-جووت، جووتی زیندەوەران دەکەن، کەچی لێرە تەنیا بۆ مرۆڤ باسی هەشتا- پیاو -دەکات، ئەگەر هەر پیاوە و ژنێکیشی لەگەڵ بووبێ، دەبێ ژمارەکە دوو ئەوەندە بکات، ئەگەرچی (ابن قتیبة) لە ئاوەدانکردنەوەکەدا باسی شوێنەکە ناکات، ئەوا کورد زۆر بەروونتر ئەم ئەفسانەیە باس دەکەن و دەوترێ: «گوندەک ل زاخۆ هەیە بناڤێ (هەشتیان) دبێژن ئەڤ گوندە ب ناڤێ هەشتی مرۆڤێت ژ گەمی یا(نووح)ی داکەتین سەر ئەردی، پشتی تۆفانێ، هات ئاڤاکرن» (١٨، ل٦) لێرە ناوچە و گوندەکە شوێنی دیاری کراوە، ئەویش دەوروبەری (زاخۆ)یە. هەر لەبارەی گوندە ئاوەدانکراوەکانی پاش لافاو(ضیاء الدین پاشا الخالدی المقدسی) دەنووسێ: «جێما گوندێکە لە نزیک- جوودی- کوردەکان دەڵێن یەکەمین گوندە پاش لافاو ئاوەدانکراوەتەوە.» (١٨٢). دەکرێ مانای ناوەکە واتە- جێما- بەجێی مە، جێگای ئێمە، جێیا مە- لێکبدەینەوە، ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین، کە پیاوەکان کاتێ لە کەشتی دابەزیون گوتبیان: ئێرە- جێیا مە- یە!! دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین کە کەشتیسوارەکان بەکوردی قسەیان کردووە!؟ یان ئەوەتە پاشتر هەر کورد ئەو ناوەیان لێناوە؟!

**١-٧-١-١٢- یەکەمین شار:**

ئاوەدانکردنەوەی پاش لافاو هەر تەنیا لە سنووری گوندەکان راناوەستێ و باسی یەکەمین- شار- یش دەکرێ، «(ئەریدۆ Aridou) یەکێ لە شارە ناسراوەکانی سۆمەرییەکانە، بەپێی ئەفسانەکانی ئەم میللەتە لەپاش لافاو دروستکراوە، ئەو شارە گرنگترین نێوەندی شارستانی کۆنی سۆمەرییەکانە» (٤٦، ص١٩) سۆمەرییەکان زۆر دەقی گرنگیان هەیە لەبارەی لافاوەوە، چونکە بەپێی مێژووە زانراوەکان، رووداوی لافاو لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە نزیکە، یان راستتر ئەوان خۆیان بەو میللەتە دەزانن کە لافاو لە سەردەمی ئەواندا روویداوە.

ئەگەر ئەریدۆ شارێکی سەردەمی سۆمەرییەکانە و ئێستا ئەو شارە نەماوە ئەوا- بەدلیس- شارێکی ئەمڕۆی کوردستانە، ئەویش بەپێی ئەفسانەی کوردەکان و دروستکردنی بۆ ڕۆژانی پاش لافاو دەگەڕێتەوە:

(ف. مارمۆکی F.c.Marmocchi) لە نووسینێکدا کە باسی مێژووی کۆن دەکات، دەنووسێ:



«بەدلیس بەڕای کوردەکان بەماوەیەکی کەم پاش لافاو دروستکراوە» (١٧٠، ص٢٨٩).

وەکو دەرکەوت- لافاو- لەهەمەوو ڕووێکەوە تێکەڵ ئەفسانە و ئایین و جوگرافیا و مێژووی کورد بووە و، هیچ پارچەیەکی کوردستان نەماوە کە لە ڕوویێک لەو ڕووانەوە ئەفسانەیەکی لەگەڵ- ئاڤا ڕەش- بۆ خۆی چێ نەکردبێ.

**١-٧-١-١٣- پاراستنی هەوێنی سەرو ماڵ:**

لەزۆربەی هەرە زۆری دەقەکان- لێکۆڵەرەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لافاو کارەساتێکی کتوپڕ نەبووە. بەڵکە بەزۆر هۆوە پێشتر خەڵکەکە لەو ڕوودانە ئاگادار کراونەتەوە، ئەوەندەی بۆشیان کراوە خۆیان پاراستووە. ئەگەر(نووح) پێغەمبەر بووە (خودا) خۆی پێشتر ئاگاداری کردووتەوە، یان ئەوەتە (خوداوەند کرنۆنۆس) چووەتە خەونی پاشا و ئامۆژگاریی کردووە، ئەوانیش هەر یەکە و لەهەر سەردەمە بەشێوەیەک هەوڵیان داوە- لەهەر شتێک هەوێنێک بپارێزن، زۆربەی هەرە زۆریشیان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە پەنایان بردووەتە بەر دروستکردنی (کەشتی)یەکی گەورە کە جێگەی- هەوێنی ژیانی تێدا ببێتەوە، وەکو دەرکەوت ئەم کەشتییەش لە چیاکانی کوردستان نیشتووتەوە و تا سالآنی پێش زایین، کوردەکان تەختە و قیریان لێدەکردەوە و وەک پێویستی و موتفەڕک بەکاریان هێناوە، ئێستاش کۆنناسەکان ناوە ناوە بەڵگەیەک لەو کەشتییە دەدۆزنەوە، بەڵام، لە ئەفسانەی -ماڵاڕەش- باس لەوە دەکات کە باپیرە گەورەیان بەهۆزەوە بەرەو هیند کۆچی کردووە و خۆی و هۆزەکەی لە مەترسیی لافاو ڕزگار کردووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو لافاوە- مەبەست ئەو لافاوەی ماڵاڕەش- هەموو جیهانی نەگرتووتەوەو ئەوانیش بەهەر هۆیەک بێ، لەمەترسییەکە ڕزگاریان بووە.

لە دەقێکی تر کە ڕۆژگارەکەی زۆر کۆنە و هی سەردەمی- جەمشید-ە ئەویش باس لە لافاو دەکات کە وەک مەترسییەکی گەورە مەترسیی خستە سەر ژیان، بەڵام، وەکو دەردەکەوێ لافاو- واتە هەڵسانی ئاو- تەنیا هۆیەک نەبووە، بەڵکە لافاوی بەفر و سەرمایەکی گرانیش هەڵیکردووە و زۆربەی گیانلەبەر و خەڵکەکەی لەنێو بردووە، بەڵام، - جەمشید- کە وەکو مێژووە ئەفسانەییەکان باسی دەکەن خاوەنی (فەڕ)ی خوایی بووە، پێشتر تەگبیری خۆی کردووە: «جەمشید لە باغێکدا کە پێشتر بۆ پێشگیری لە لافاو دروستی کردبوو، مرۆڤە لەش ساغ و بەهێز و جوانەکانی لەوێ پەنادا، ناویان لەو باغە ناوە وەزە جەمکەرد، بەم شێوەیە ڕەگەزی مرۆڤ و مەخلوقاتە بەسوودەکانی لە لەنێوچوون پاراست» (٩٢، ص١٠).

لێرە چەند خاڵێک ئەم لافاوە لەوانی تر جیا دەکاتەوە. کە بەم شێوەیە:

یەکەم: لافاوەکە بەباران و هەڵقوڵینی ئاو نییە! بەڵکە لافاوی بەفر و سەرمای گرانە.

دووەم: لە مرۆڤەکان کامەی جوان و ساغ و بەهێزە ئەو هەڵدەبژێرێ و لە گیانلەبەرەکانیش کامەی بەسوودە، کەچی لە دەقە ئایینییەکان، مرۆڤە ئیماندارەکان، جگە لەوەی ژمارەی پەنادراوەکان لە هی دەقەکانی تر زۆرترە.

سێیەم: جێگای پەنادانەکە، نەکەشتییە و نەکۆچ و ڕەو، بەڵکە باغێکە، کە هەر تەنیا بە (باغی)

رووت ناوی دێنێ، باسی هیچ کۆشک و قەڵایەکی لەگەڵدا ناکات.

لە دەقی لافاوی گلگامش ، کە خوداوەند (کرۆنوس) دەچێتە خەونی پاشا و باسی ئەوەی بۆ دەکات، لافاو هەڵدەستێ و مرۆڤ لەنێو دەبات و ڕۆژ و مانگەکەشی دیاری دەکات- لە ١٥ی/ مانگی دسیۆس- ئایار- هەر خوداوەند فەرمانی پێدەدا: «کە لەشاری(سپار) چاڵێک هەڵبکەنێ شاری خوداوەندی خۆر و ئەو نووسراوانەی تێدا بشارێتەوە، ئەو نووسراوانەی کە هەموو شتە (زانیاری)یەکانی لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوەیە» (١٣٣ ، ص٢١١) پاش ئەمە داوای لێدەکات کەشتی دروست بکات، بەڵام، لێرەش چەند خاڵێک خۆ دەنوێنن:-

یەکەم: هەڵکەندنی چاڵە بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان.

دووەم: لە شارێک ناوی (سپار)ە و بەشاری خوداوەندی خۆر دەناسرێ، ئەوەش مانای ئەوە دەدا کە ئەو شارە(خۆر- هەتاو)ی لێ هەیە و ئاو و باران کاری لێناکات و نووسراوەکان دەپارێزرێن، جێگای ئەو شارەش کوردستانە.

سێیەم: باسی (نووسراو)ە کان دەکات، واتە نووسین و خەت و ئەلف و بێ و زانیاری هەبووەو ئەو سەردەمە، ئەوەش لەگەڵ شتە دۆزراوەکانی پێش لافاو یەک دەگرێتەوە، کە زۆرجار(نووسراو) یشی تێدایە.

لە بەسەرکردنەوەی لافاو لە چەند ڕوویێکەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەندەی لافاو تێکەڵ بەمێژوو و جوگرافیا و ئەفسانەی کورد بووە، بەو ئەندازەیە لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەکی تردا نییە! کە لافاو بۆ خۆشی نیشانەی قۆناغێکی گرنگ و دەستپێکردنەوەی ژیانی سەرلەنوێیە، ئەم دەستپێکردنەوەش لە نیشتنەوەی کەشتی و دروستکردنی گوند و شارەوە دیارە کە ڕیشەکەی لە کوردستانە. جارێکی تریش زانست و مێژوو پشتگیری ئەفسانەکانی لافاو دەکەن و شوێن و سەردەمەکەی دەسەلمێنن. ئەم گەڕان و پشکنینە ڕێگەی ئەوەمان دەدات کە بڵێین: ڕووداوی لافاو ئەگەر بووە بەخاڵێکی دیاریکراو و سەردەمی پێش لافاو و پاش لافاوی داهێنا، ئەوا لەگەڵ ئەو سەردەمانەشدا، سەردەمێکی تری بۆ ئەفسانە رەخساند، ئەفسانەی هەموو جیهان بەگشتی و ئەفسانەی کورد بەتایبەتی، ئەمەش قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ئەفسانەی کوردی دیاری دەکات و دەچێتە سەر قۆناغەکانی تری مێژووی ئەفسانەی کورد، ئەم قۆناغەش لە هەموو قۆناغەکانی تر پڕ بەڵگەترە و ئەگەر ڕیشەکەی زۆر کۆنە و بەناخی زەوی و مێژوودا چووەتە خوارەوە، گوڵەکانی بەدەرەوە و گەش و بەرچاون.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە دەبێ دواجار ئاماژەی بۆ بکەین، هەموو ئەم ژیان دەست پێکردنەوەیەی پاش لافاو لە کوردستان بووە، هەر ئەو ڕزگاربووانەی لافاو و هەوێنی ژیان، هەوێنی دروست بوونی میللەتی کوردیشن، ئەگەر ئەفسانەی- ماڵا ڕەش- بەچاکی بخوێنینەوە، ئەوا دەتوانین راستە و راست بڵێین: کورد وەکو میللەت پێش لافاویش هەبوو، بەڵگەش هەبوونی هۆزی ماڵا ڕەشە، ئەو بەڵگەیە با بەڵگەیەکی ئەفسانەیی بێ، ئەی ئەوە نییە، زۆر لە لێکۆڵەرەوان ئەفسانە بەڕووداوی مێژوویی و مێژووی پیرۆز دەزانن؟!



**١-٨-١- بەرەو پێگەیشتنی میللەتی کورد:**

پێشتر باسی سەرەتای ژیان و قۆناغە دیارەکانی ژیانمان کرد لە کوردستان، لە پێکبەستنەوەی زنجیرە زیندوو و ئاوەدانەکانی ژیان ڕێگامان بۆ ئەوە خۆش کرد کە بڵێین. کورد پاشماوەی ئەو ئەشکەوت و هۆز و گوند و شار و ئیمپراتۆرییەتانەیە کە لە کوردستان بەردەوام وەک هەوێن و دڵی زیندوویی ژیان گەرم و لەگەڕدا بوون، ئێستاش ئەو بەڵگە کۆنانە بەسەردەکەینەوە کە لە کۆنترین ڕۆژگاردا ناوی -کورد- یان هێناوە، چ ڕاستەوخۆ، چ بەشێوەی جیا ، هەروەها گوێ لەو زانایانە دەگرین کەباس لە دروستبوونی میللەتی کورد دەکەن.

(م. ئاورنگ) دەنووسێ: «لە ڕووی بەڵگە مێژووییەکانەوە ئەوەمان سەلماند کە ڕۆژگاری کیومەرث(*-٣٢) نزیکەی ٩٥٠٠ ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیحە، واتە سەرەتای مێژووی کوردەکان کە ئەوانیش تیرەیەکی ئێرانین، بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە». (٨٦، ص٤٢) ئەگەر بەڕای ئەم لێکۆڵەرەوە سەرەتای مێژووی کورد بۆ ئەو ڕۆژگارە- واتە ڕۆژگاری- کیومەرث دەگەڕێتەوە و باسی ٩٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەکات، ئەوا (فیردەوسی)یش لە شاهنامەکەی خۆی و باسی زوحاک(ضحاک) و زۆرداربیەکەیدا وا ڕێگە بۆ دروست بوونی میللەتی کورد خۆش دەکات. کە مارەکانی سەر شانی(ضحاک) خۆراکی ڕۆژانەیان دەبێتە مێشکی دوو گەنج.(ئەرمایل و گەرمایل)ی ئاشپەز وەک ڕێگا خۆشکردنێک بۆ(شۆڕش) هەر ڕۆژەی گەنجێک ئازاد دەکەن. بەقسەی (فیردەوسی) لەوەیان پتر لەدەست نەدەهات و ئەو ئازادکراوانەش باپیرانی کوردن.

*کنون کرد از ان تخمه دارد نژاد*

*که اباد نايد بدل برش ياد*

دکتور(عزیز الله جوینی) ئاوا مانای ئەم بەیتە لێک دەداتەوە: «ئێستا کوردەکان لە تۆخمەی ئەوانەن و لە دەستی (زوحاک) ڕزگاریان بوو. هەر لەو ڕۆژگارە بەدواوە لەبیری ئەوە دانین بێنەوە شار و ئاوەدانی«*-٣٣» (٧٣، ص٧٨) لێرە هەرچەندە لەڕووی زانستییەوە- ماناکە- زۆرتر پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، بەڵام، ئەوەی گرنگە ناوهێنانی- کورد- و بەستنەوەی نەژادیانە بەو مێژووەوە. دکتۆر(سپایزەر) لە باسی گۆڕانکارییەکانی زاگرۆس، ئەم سەرهەڵدانە بۆ پتر لە شەش هەزار ساڵ دەگێڕێتەوە. دەنووسێ:«مێژوو میللەتێکی کۆنتر لە کورد لەو سەرزەمینە نیشان نادا» (٥٨، ص٨٥) قسەی (سپایزەر) ئەوە دەسەلمێنێ کە نەک مێژووی کورد زۆر کۆنە، بەڵکە مێژوو هەواڵی میللەتێکی لە کورد کۆنتری پێ نییە لەم ناوچەیە، (ج مفرد) دەنووسێ: «نزیکەی بیست ساڵ پاش مەرگی ئاشوور بانیپال کیمریان و ساکارتیان- کە گوتمان- لەگەڵ خەڵکەکەی کە پێشتر لەوێ نیشتەجێ بوون. پێکهێنەری میللەتی کوردن، لەژێر فەرماندەیی (کەیخوسرەو) پاشای مادەکان دەوڵەتی زۆرداری کۆیلەداری ئاشوورییان بۆ هەمیشە لەنێو برد» (٥٠، بخش دوم، ص١٧) هەرچەندە لەو بەڵگانەی سەرەوە ڕیشەی کورد باس دەکرێ و ڕۆژگارەکەش دیاری دەکرێ، بەڵام، ناوهێنانی- کورد- وەک وشە و ناو هی ئەو دواییانەیە، بەڵام«کۆنترین شێوەی وشەی کورد لەنێو نووسراوانی مێخیدا لە فۆرمی(مات

کورداکی(*-٣٤)دا هاتووه، کە بۆ هەزارەی سێی پ.ز دەگەڕێتەوە» (١٨٥، ص٣) هەر لە هەزارەی سێیەم «سووسەن پاشا(٢٠٣٨-٢٠٣٠پ.ز) لەنووسراوەکانی خۆی باسی ئەوە دەکات کە حاکمێکی خۆی لەناوچە کوردییەکان دامەزراند» (٢٠٧، ٥، ل٦١).

هەر لەبارەی ناوی- کورد- گوایە لە:«نووسراوێکی (واردانز) کە هی٢٢٧٢ پ.ز» هاتووە (٥٨، ل٨٥) ناوی کورد هاتووە ئەمەش لەلایەن کۆنناسەکانەوە پشتگیریی لێکراوە. هەر لەبارەی وشەی- کورد-ەوە بەشێوەی- کارداکا(Kar–da–Ka)لە: «دوو نووسراوی سۆمەری. کە مێژووەکەیان بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، وەک ناوی وڵاتێک کە دەکەوێتە سەرووی ئاوڕێژی ڕووباری دجلە و فورات (١٦٠، ص ١٨) ناوی کورد هاتووە. دەوروبەری هەزارەی یەکەم (تیگلات بیلاسەر) پاشای ئاشوور(١٠٩٨-١٠٦٨پ.ز) لە کێوەکانی ئازو لەگەڵ کۆمەڵێک بەناوی (کورتی) جەنگاوە و خراپ تێکشکاوە» (٨٦، ل٣٥) هەروەها مێژوونووسی کورد دکتۆر (کەمال مەزهەر ئەحمەد) دەنووسێ: «شایانی باسە- هێرۆدۆت-(٤٨٠- ٤٢٥ پ.ز) بەدرێژی باسی میدییەکانی باپیرە گەورەی کوردیشی کردووە» (٢٥، ل٤٦) دیسان هەر لەبارەی ناوهێنانی کوردەوە گەزنەفون(٤٣٠-یا ٣٥٤ پ.ز) زۆر بەڕوونی باسی کورد و وڵاتی کوردانی کردووە.

هەروەها مێژوونووسی یۆنانی دیۆروس ٩٠-٢١پ.ز ئەویش باسی (کاردۆخییەکان) دەکات. دیسان (سترابۆ)ی یۆنانی(٦٦ یان ٦٤-٢٤ی زایینی، لە کتێبی- جوگرافیا- دەڵێ: «هەندێ لە کاردۆخییەکان لە چیای توورووس دەژین» (٢٠٧، ل٤١).

ئەمانە بەشێک لەو مێژووانە بوون کە لەپێش زایین باسی کورد و نیشتمانەکەیان کوردستانیان کردووە، ئێستاش هەندێ ڕای تر بەسەر دەکەینەوە کە لێکۆڵەرەوان لە بارەی پێگەیشتن و جێگیربوونی میللەتی کورد دەریان بڕیوە.

پرۆفیسۆر(سایس- Sayes)دەڵێ:«مادا، عەشایری کورد بوون لە شەرقی سووریەدا جێگیر بوون وڵاتانیان تا جنووبی بەحری خەزەر ئەچوو» (٣١، جلد١، ل٧٤) مادەکان سەرەتای قۆناغێکی گرنگن لە مێژووی ڕۆژهەڵات و قۆناغێکی گرنگترن لە مێژووی کورد. لەسەر قسەی لێکۆڵەرەوانی شارەزای وەکو(هەمارتۆن)و(نۆلدکە)و(وایسباخ) دەڵێن: «میللەتی کورتی- کە مێژوونووسانی یۆنانی کەون- لەگەڵ هۆزەکانی ماد و پارس ناویان بردوون، ڕاست ئەو کوردانەی ئەمڕۆکەن» (٥٨، ص٨٠) هەر لەبارەی مادەکانەوە دکتۆر(کەمال فوئاد) دەنووسێ:«لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین هۆزە میدییەکان بەسەرۆکایەتیی دەهیاوکا Deiokes نزیکەی ٧١٥ پ.ز ناوچەکانی مەڵبەندی ئێرانی لەدەست ئاشوورییەکان دەرهێنا و- هەگمەتان، ئەکباتان (هەمەدانی ئێستای)کردە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەی(....) سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەی لەناوەڕاستی ئێران گەیاندە سنووری ئەرمینیا لە نزیک دەریاچەی وان، هەموو سنووری کوردستانی ئەمڕۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی میدییەکان و دەتوانین بڵێین مێژووی پێگەیشتنی نەتەوەی کورد، ئەوەی لەتێکەڵ بوونی میدییەکان دانیشتوانە ڕەسەنەکەی پێکهات لەو سەردەمە بوو» (١٦٠، ص١٣) دیسان ڕای مێژوونووسان، دکتۆر(جەمال ڕەشید)و



دکتۆر(فەوزی ڕەشید) لەو رایە دوور نییە کە دەڵێن: «ئەوە پەیوەندیی بەدەرکەوتنی کوردەوە هەیە، بەرهەمی گۆڕانە مێژوویی میللەتەکانە و کاریگەرییە دەرەکییەکان و زۆریش ڕێی تێدەچێ کە پاشماوەی میدییەکان و لۆلۆبییەکان و گوتییەکان و خورییەکان بن» (١١٨، ص١٣٦). لەتێکەڵ بوونی زۆر هۆز و لە ئەنجامدا دروستبوونی میللەتی کورد زۆر لێکۆڵەرەوەی تر ڕایان دەربڕیوە لەسەر قسەی (واسیل نیکیتین) دانیشتوانی کێوەکانی زاگرۆس، بەپشت بەستن بەنووسراوەکانی بابلی و ئاشووری و عیلامییەکان چەند هۆزێک بوون وەکو:«لولو، گوتی، کاسی، مانائی، نایری، سوباری، ئۆرارتۆ، میتانی، کوردۆک، ماد، کە هەموو ئەمانە بەباپیرانی کۆنی کورد دەژمێردرێن» (١٨١، ص٧) ئەو هۆزانەی کە لە کوردستان ژیاون و لە ئەنجامدا میللەتی کورد لەوان پێکهاتووە زۆرن:«کلدیا: هالدی، کالدی، خالتی لقێکن لە میللەتانی حوری و یەکێ لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کوردە ناسراوەکانی کۆنی مێژوون» (٢١٢، ل٧٣) لەو تێکەڵ بوونە، هەم باسی هۆزی جیا جیا دەکرێ و هەم باسی دانیشتووانی ناوچەی جیا جیا دەکرێ، دکتۆر(شاکر خصباک) دەنووسێ:«کوردەکان ئەو نەتەوەیەن کە لەتێکەڵ بوونی دانیشتووانی ڕەسەنی چیاکانی زاگرۆس و شەپۆڵە کۆچ کردوەکانی ئارییەکانەوە ناوچەکەی گرتەوە"پێکهاتوون"» (٢٠٧، ٧، ل٤٦) هەر لەبارەی دانیشتووانی زاگرۆسەوە دکتۆر(ڕەشاد میران) دەڵێ:«میللەتانی ڕێزە چیای زاگرۆس، توخمێکی کۆن و گرنگی پرۆسەی مێژووی دروستبوونی میللەتی کوردن» (١٣، ل٢٠) لەبارەی شوێن و ناوچەی کاریگەر لەسەر دروستبوونی میللەتی کورد(حبیب الله تابانی) پێ لەسەر ناوچەی موکریان دادەگرێ و دەنووسێ:«سەلماندنی پەیوەندی ناوچەی (ماننائی) بەکوردەکان کە نیشتمانی ڕەسەنی ئەوانە، مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرەوان دەتوانن ڕای بگەیەن کە توخمی نێوەندی پێکهاتەی(کورد) لە یەکەمین قۆناغی پەیدابوونیان لە هەمان خاکی موکریان (ماننائها) سەری هەڵداوە» (٥٨، ص٩٣) لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان هەر لەکۆنەوە ئاوەدان بوون و بەردەوامیش بەئاوەدانی ماونەتەوە و هەریەکەی لە قۆناغێک یا چەند قۆناغێکدا کاریگەریی مێژوویی هەبووە، بۆیە دەتوانین بۆ زۆر مەڵبەند و ناوچەی کوردستان، بەڵگەی مێژوویی بێنینەوە کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەدروستبوونی میللەتی کورد و زۆریش لەو ناوچە و هۆزانە مێژوونووسان باسیان کردوون.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم بەڵگە کۆن و ڕا زانستییانە، دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: بۆ دروستبوونی میللەتی کورد ئێمە ئەم خاڵانە بەگرنگ دەزانین.

یەکەم: ئەو خاکەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کوردستان، هەر لە کۆنەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە، لە مرۆڤی- سەرەتاوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ئەم ئاوەدانییە بەردەوامییەش هۆیەکی گرنگە بۆ دروستبوونی میللەت. بۆ کوردستانیش میللەتەکە هەر دەبێ کورد بێ.

دووەم: زۆر پێش کۆچی (ئاری- هیندۆ ئەوروپی!!)یەکان لە کوردستان هەر لە ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆسەوە، هەتا شاخەکانی سووریا، هەر لە ئەرمەنستانەوە هەتا یەکاوێ (کەنداو!) ئاوەدان بووە و هۆز و نەتەوەی جیا جیای لێ ژیاوە و لە مێژوودا شارستانیەتی دیار و مەزنیان دامەزراندووە. ئەم هۆز و

نەتەوانەش پەیوەندی بەهێزیان بە میللەتی کوردەوە هەیە.

سێیەم: کۆنترین بەڵگەی بەکارهێنانی ناوی- کورد- بەشێوە جیا جیاکانییەوە، تا ئێستاش هی هەزارەی سێیەمی پێش زایینە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە هۆزێکی گەورە و دیار لە کوردستاندا ژیاوە و کاریگەریی لەسەر دەوروبەر هەبووە و ناوی(کورد) بووە. (کاردا، کورتی، کاردۆ، کیرتی، گوتی و.... تا دوایی) لە ئەنجامدا هەر ئەو هۆزە- ناوە- واتە- (کورد)ە هەموو هۆزەکانی تری لەژێر ناوی خۆیدا کۆکردووتەوە، چۆن مادەکان لە سەدەی حەوتەمی پ. ز بۆ ماوەیەکی زۆر- ناوی- ماد-یان کرد بەناوێکی سەرەکی. ئاواش ئەو(کورد)انە توانییان هەتا هەتایێ ناوی هۆزەکەی خۆیان بکەن بەناوێکی سەرەکی و لە ئەنجامدا میللەتێک دروست بوو بەناوی (کورد) کە هەر ئێستا دەیان هۆزی گەورە و بچووک لەنێو خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

چوارەم: کورد بەشێوەیەکی سەرەکی لەتێکەڵبوونی دوو جۆر مرۆڤ دروست بووە(١) تێکەڵ بوونی هۆزە جیا جیا و ڕەسەنەکانی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان. (٢) لەتێکەڵ بوونی دانیشتووانە رەسەنەکە و ئەوانەی کە وەک دەڵێن: هیندی و ئەورووپی- ئاری!!یەکان کە هاتوونەتە کوردستان. لە نیشتەجێیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سۆمەرییەکان و عیلامییەکان و زاگرۆسییەکان، هەر ئەوانەش لەگەڵ هاتووەکان- مادەکان- یەکیان گرتووە.

پێنجەم: پەیوەندی(کوردو فارس) بۆ(ماد و پارس) دەگەڕێتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە لەپێکەوە هاتنی ماد و پارس و دواجار دروستبوونی ئیمپڕاتۆرییەتی ماد، مادەکان کەمینەیەکی پێکهاتەی هۆزە زۆرەکانی ژێر ئالاّی مادن و مادەکانیش- بەهەموو هۆزەکانیانەوە- بەشێکی پێکهاتەی کوردن، هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن: سۆمەرییەکان و هۆزەکانی دەوروبەریان و عیلامییەکان و هۆزەکانی دەوروبەریان هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ- ئارییە هاتووەکاندا نییە! هەندێکیش لە مێژوونووسان سۆمەرییەکان بە ئاری دەزانن، ئەگەر ئاری نەبن، ئەوا ئەو ئارییەن کە سەر بە ( ئیریەن ویچ)ن. کەواتە کاریگەریی ئارییەکان- هیندۆ ئەورووپییەکان- لەسەر بەشێکی کوردە هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی کە هۆزی جیا جیا لەنێو کوردا زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئێران- ئێرانی پێش هاتنی پارسەکان و مادەکان و دوایی هاتنیان لە پێکهاتەی کورد کاریگەرییەکی دیارە، بەتایبەت لە ڕێگای ئایینی (زەردەشت)ەوە کە لەنێو مادەکان سەری هەڵداوە و پێشینەی ئایینە کۆنەکان و دواتر قبووڵ کردنی ئایینی زەردەشت وەک ئایینی هەخامەنشییەکان و لەسەر ئاستی دەوڵەت و میللەت.

ئێستاکە گەیشتینە ئەو زەمەنەی کە بتوانین ناسنامەی میللەتی کورد بناسین و لە قۆناغێکیداین کە میللەتی کورد تەواو پێگەیشتووە، دەشتوانین قسەیەک لەبارەی ئەفسانەی کوردییەوە بکەین. ئەگەر کورد ئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەم هەموو هۆز و تیرە و بنەماڵەیە، ئاری و ماد و زاگرۆسی و سۆمەری و عیلامییەکان و زۆری تر بەدرێژایی ڕۆژگار تێکەڵ بوون و ئەم میللەتە کوردەی ئێستای لێ هاتووتە بەرهەم، ئەوا بێشک ئەفسانەی کوردیش، پێکهاتەی تێکەڵی ئەفسانەی هەموو ئەمانە و ئەفسانەی گەلانی دەوروبەریشە، چونکە، باری پێکهاتەی خوێن، لەگەڵ باری پێکهاتەی فەرهەنگ جیایە، دەکرێ



فەرهەنگی نەتەوەیەکی خوێن جیا، کار لە فەرهەنگی نەتەوەیەکی تر بکات. بێ ئەوەی تێکەڵی خوێن و جوگرافیا لەنێوانیاندا هەبێ، ئەوا ئەفسانەی کوردیش ئەمڕۆ پێکهاتەی ئەفسانە خۆماڵی و بیانییەکانە و مێژووی ئەفسانەی کوردیش لەگەڵ مێژووی گەلی کورددایە.

**١-٨-١-١- مێژووی ئایینی کورد:**

**١-٨-١-٢- لەئەشکەوتەوە بۆ ئاسمان:**

لە بەشی مێژووی کورد، لەسەرەتا باسی مرۆڤی نێو ئەشکەوتمان کرد، ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ لەسەرەتای سەردەمی ئەفسانەییدا بوو، هەموو لێکۆڵەرەوەکانیش، ئەوانەی لەئایین و ئەفسانە-ی مرۆڤی کۆنیان کۆڵیوەتەوە هاتوونەتە سەر ئەوە کە ئەفسانە و ئایین، بەشێوە سەرەتاییەکەی پێکەوە سەریان هەڵداوە، لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیدا نووسراوە: (بەدڵنیاییەوە، هیچ تقووسێکی ئایینی بەبێ ئەفسانە نییە: بەڵام، زۆر ئەفسانە هەیە بەبێ تقووسی ئایینی» (١٤٠، ص٦٠) زۆر لێکۆڵەرەوەی تریش وەکو (فنت) و (دورکایم) و (هیویورت)و خاتو(جین هاریسۆن) دەڵێن: «پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان ئەفسانە و تقووسە ئایینییەکاندا هەیە» ئەو ئایینە سەرەتاییە و ئەفسانە لەمێشک و دڵ و خەیاڵی مرۆڤی نێو ئەشکەوت سەری هەڵداوە، (شارل دیو بیوی) دەڵێ: «پەرستنی سروشت لە ئەشکەوتەکاندا ئایینێکی سەرەتایی و خۆڕسکی لەکار و بەربڵاوی جیهانی کۆن و تازەیە» (٢١٢، ١١، ل٦٧) ئەگەر مرۆڤ بەگشتی هەر لەئەشکەوتەوە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی بیری لە ئایین کردبێتەوە، ئەوا سەلمێندراوە کە مرۆڤی کوردستانیش سەرەتا لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر و چەرمۆ و هەزار مێرد و ئەوانی تردا ژیاوە، ئەگەر زانایان سەرەتای ژیان لەئەشکەوتی (شانەدەر) بۆ سەد هەزار ساڵ لەوەو پێش بگێڕنەوە، ئەوا بێشک، سەرەتای ئایین و ئەفسانەش هەر لەو دەوروبەرەدایە، مرۆڤی ئەشکەوتی شانەدەر زۆری لەبارە نووسراوە «ئەوەی شایانی باسە مرۆڤی نیاندەرتاڵ " نیاندەرتاڵی شانەدەر" یەکەمین مرۆڤە کەلەپێش مێژووەوە مردووی خۆی شاردووتەوە، هەروەها یەکەمین مرۆڤە کە بەخاوەن هەستی رۆحی و ئایینی ناسراوە، هەروەها باوەڕیشی بەژیانی پاش مردن هەبووە» (٢١٤، ١٠، ل١٩١) دیارە نیشانەکانی باوەڕی ئایینی لە هەموو شوێنە کۆنەکان پاشماوەی دۆزراوەتەوە، کە ئایینیش بەپێی سەردەم و پێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤەکان گۆڕاوە: «ئایینی ئارییەکان لە سەردەمی ویدایی، باوەڕێکی سادەو ڕووت بوو، زۆرتر دیاردە سروشتییەکانیان دەپەرست، مانگ و ئەستێرە و ئاسمان و کێو و رووبار و کازیوە کە قوربانییان بۆ دەکردن» (٩٢، ص٦) ئەوە هەر ئارییەکان وانەبوون، بەڵکە هەموو مرۆڤایەتی بەقۆناغی جیا جیای ئایینی و پەرستن و دیاردەی جیا جیادا تێپەڕیوە، (ئیبراهیم پێغەمبەر د.خ) بۆ خۆی نموونەیەکی ئەم گەڕانەی مرۆڤە بەدوای خوای خۆیدا، لە قورئان لەسەر زاری ئەو پێغەمبەرە دەفەرمووێ: «اني وجهت وجهي للذي فطر السماوات والارض حنيفا وما انا من المشركين » ( الانعام، ٧٩) واتە من رووی خۆم لەو کەسە دەکەم کە زەوی و ئاسمانەکانی جوان لێک کردۆتەوە، من لەوانە نیم هاوبەش بۆ خودا پەیدا بکەم، ئەم باوەڕەش کەی هات، پاش ئەوەی کە کڕنۆشی بۆ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە برد، بەڵام، ئەمانە هەریەکەو پاش ماوەیەکی کورت ئاوابوون. جا(ئیبراهیم پێغەمبەر) گەیشتە خوای خۆی ،

ئەمەش نموونەیەکی زیندووی هەموو مرۆڤایەتییە کە چۆن ئایین گۆڕی و خوداگۆڕی کردووە، مرۆڤی کوردستانیش لەم یاسایە بەدوورنەبووە، (تۆفیق وەهبی) دەنووسێ: «کوردەکان هێزە سروشتییەکانیان دەپەرست و باوەڕیان بەزۆر خوایی هەبوو، واتە هەر دیاردەیەکی سروشتیی لای ئەوان خوایەکی هەبوو، مەزنترین خوداوەندیان (دیاوس) بوو، ئەوەی ئێزدییەکان پێی دەڵێن (تاوس)، » (٢١٢، ٦، ل٥٩) ئەم ڕایەی (توفیق وەهبی) بەوە چاکتر پشتگیری لێدەکرێ، ئەگەر ژمارەی ناوی خواوەندەکانی کوردستان لە سەردەمە جیاکان و ئایینە جیاکان بەسەر بکەینەوە. «ژمارەی ئەو خودایانە بەقەد ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانی بوو، لەکۆمەڵەی خواوەندە سەر ژمێرکراوەکانی سۆمەری و ئەکەدی زیاد لەچوار هەزار ناو دەکەوێتە بەرچاو، کەهەر یەکێکیان بەرجەستەکردنی دیاردەیەکی سروشتی بوون» (٧١، ص٤٧) جگە لەوەی ژمارەکان زۆرن، ئەوەش دەسەلمێنی کە هەموو خواوەندەکان هێمای دیاردە سروشتییەکان بوون ئەوەش سروشت پەرستییەکەی کورد دەسەلمێنێ کە ڕۆژانی زوو لەجیاتی خودا پەرستوویەتی ، لە مێراب – محراب- ێکی چیای نزیک دەریاچەی وان کە بە "میهری" ناسراوە: «دەقێکی لەسەر نووسراوە، بە دووزمان، کە باسی (٧٩) خواوەند دەکات) (٢١٢، ٧، ل٤٨) لەم زۆر خواییییە و زۆر ناوییەشدا تایبەتمەندیی میللەتی کوردیش بەدەردەکەوێ، دکتور (محەمەد عەلی سەجادیە) دەنووسێ: «لەناو خواوەند و کەسایەتییە ئیلامییەکان، ئەوە کەی کە زانراوە، (ناوی نازی– Nazi، کوردی – Kurdi) ئەوەی ناوی (کورد)مان بیر دەخاتەوە، هەروەها کوردیە خوشکی بەهرام چوبین بوو» (٢١٨، ٤٥، ص٤٥) ئەوەی لێرە گرنگ و تازەیە، ناوی خواوەندێکە بەناوی (کوردی) کە میللەتی کورد لە قۆناغێک لەقۆناغە ئایینییەکانی خۆی پەرستوویەتی. ئەگەر – ناو و ژمارە–ی خواکان لە کوردستان زۆر و زانراو، ئەوا هەر ئەو- خواوەند- انە، بەشێوەی پەیکەرو وێنەی سەر ئەشکەوت و ڕووی دیواری پەرستگا و کۆشک و قەڵاکانیش بەرجەستەکراون و هەر ئێستا پەیکەرێکی زۆر لە مۆزەخانەکانی جیهان نوێنەری خواوەندەکانی کوردستانن، ئەوە جگە لەوانەی هێشتا لە ژێر زەویدا نەدۆزراونەتەوە و ئەوانەش کە لە نێوچوون یەکێ لە خواوەندەکان کە (دایکە خوا)یە، کە لە کوردستان پەرستراوە، لەزۆر ناوچەی کوردستان پەیکەری دۆزراوەتەوە، لە (تەپەسەراب)ی کوردستانی ئێران پەیکەرێکی ئەم خواوەندە دۆزراوەتەوە کە هی سەردەمی (نیۆلیتیک ٦٠٠٠پ، ز) بەشێوەیەکی هونەری و لەقوڕی سوورەوەکراو دروست کراوە، ئەمجۆرە خواوەندە دانیشتوانی گوندی چەرمووش پەرستوویانە کە هیمای پیت و بەرەکەت بوو، ئەم پەیکەرانەش: «لە خاکی نێوماڵەکانیان دۆزراونەتەوە کە دەتوانین لەمەوە جۆری ژیانی ڕۆژانە و جۆری ئایینی خەڵکی چەرمو بزانین» (٢١١، ل٦٠٧) دەبێ ئەوە بزانین کە دۆزینەوەی ئەم پەیکەرانە، نیشانەی کۆنترین پەرستنە کە مرۆڤی چەرموو پەرستوویەتی و: «بێگومان پەرستنی (خودای دایک) لە وڵاتی کورداندا بەکۆنترین پەرستن دەژمێردرێت و پاشماوە دۆزراوەکانی گوندی (چەرموو) (٠٠٠) گەورەترین بەڵگەی ئەمجۆرە پەرستنەیە» (٧، ل١٢٧) ئەم دایک پەرستن و دایک سالارییە تەنیا لە یەک ناوچەی کوردستاندا نەبووە و پەیوەندیی ئایینی وەک هەموو پەیوەندییەکانی تر هەر هەبووە (میهرداد بەهار) دەنووسێ: (لە بواری ئایینیشەوە، عیلامییەکان پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ نێوان دوو ئاواندا هەبوو،



کۆمەڵگای پێشووی دایک سالاریی سۆمەری و عیلامی هەردوو خواوەندێکی بەهێزیان دەپەرست» (٩٨، ص٤٣) ئەو خواوەندە بەهێزەش دایکە خوای (پەی نیکەر) دایکی خوداوەندان بوو، ئەم یەک خواوەند پەرستن و پەیوەندە ئایینییە بەردەوام بووە و لەزۆر ڕووەوە ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە پەرستگاکانیان پێکدەچوون، بەتایبەت لە: «ئەریدۆو تەپەگەورا (؟) ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی ئەو پەیوەندییەی نێوان باکووری (نێوان دوو ئاوان و خواروویەتی، هەروەها پێکچوونی بنەما و شێوەی تقووسە ئایینییەکانیان لە هەزارەی پێنجەمی (پ.ز) بەدواوە» (١٢٥، ص٢٨٢) کە خواوەندی یەکتریان دەپەرست و لێکیان دەخواستنەوە ئەوا هەر دوو لاش واتە: «ئیلامی و بابلییەکان دەیانتوانی خوداوەندکانی خۆیان و خوداوەندەکانی تری نێوان دوو ئاوان لە یەک پەرستگادا بپەرستن» (٨١، ص٢١) بەناوبانگترین خوداوەندەکانی ئیلام لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین (شالێ) و خێزانەکەی (شوستیاک) بوون. هەر بۆ پەیوەندی ئایینی نێوان ناوچەکانی کوردستان، دەتوانین بەڵگە لەنێوان (لوڕستان و نێوان دووئاوان) بێنینەوە، دکتۆر (محەمەد جەواد مەشکوور) دەنووسێ: (گلگامش، یەکێ لەو خوداوەندانەی کە لە لوڕستان زیاتر لە هەمووان پەرستوویانە گلگامشە، کە لە دەشتەکانی نێوان دوو ئاوان لە نیوە خوداوەندەکان دەژمێردرا، بەڵام لە لوڕستان و لەکن خەڵکەکەی پێشانی لای کاسییەکان گەیشتووتە پلەی خوداوەندی» (٩٢، ص٢) کە گلگامش وەک خواوەندێکی تەواو خوداوەند لەلوڕستان پەرستراوە، ئەوا –مەردۆخ لە سەردەمی (حەمورابی ١٧٩٢-١٧٥٠ پ، ز) «لەگۆڕانکارییە ئایینییەکان ئاسیای ڕۆژئاوا کە بەرەو یەک خواوەندی دەچوو، مەردۆخ یەکێ بوو لەو خوایانەی بابلییەکان کە بووە سەر دەستەی بێ هاوتای خوداوەندەکان» (٩٨، ص٣٩٩) بەڵام، دەسەڵاتی تەواوی ئەو خوداوەندە پاش ڕووخانی بنەماڵەی حەمورابی بوو، هەر ئەو وەختە توانی کەسایەتیی هەموو خواوەندەکانی تر لەخۆیدا کۆبکاتەوە و ناوی هەر یەکێکیان وەک سیفەتێک بۆ خۆی بەکاربێنی.

یەکێکی تر لە خوداوەندە ناودارەکانی کوردستان، (عەشتار)ە، کە لە زۆر سەردەم و لە زۆر ناوچەدا پەرستراوە، دکتۆر (فاضل عەبدولواحید عەلی) دەنووسێ: «شاری نەینەوا و ئەربیل –هەولێر- هەریەکێکیان بوونە نێوەندێکی گرنگی پەرستنی، ناوی ئەم خوداوەندە بەناوی ئەم دوو شارەوە نووسا و لە دەقە میخییەکاندا بە (عەشتاری نەینەوا)و(عەشتاری ئەربیل) ناسراوە» (١٤٥، ص٤٩) ئەم خوداوەندە ژنە، زۆر بەگەرمی و کاریگەری تێکەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکە ببوو، دڵداری و سەرکێشییەکانی زۆر بەناوبانگە ساڵانە شا و حکوومەت و خەڵک ڕێ و ڕەسمیان بۆ دەگێڕا.

یەکێکی تر لە خوداوەندە ناودار و ناسراوەکانی کوردستان (ئاناهیتا)یە، کە هەر ئەم خوداوەندە لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە؟ «مەعبەدی گەورەی ئاناهیتا لە کوردستاندا و لە شاری (کەنگاوەر)دایە و وشەی (کەنگاوەر)یش کە بەمانای (کچی گاور)ە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئاناهیتادا هەیە» (٢٠٦، ژ ٤٣). هەندێ لە لێکۆڵەرەوان (عەشتار) و (ئاناهیتا) بە یەک خوداوەند دەزانن.

خوداوەندە پەرستراوەکانی کوردستان زۆرن، یەکێکی تر لەو ناودارانە (میترا)یە(*-٣٥) کە لەزۆر بەڵگە و نووسراو ناوی هاتووە، : (لەنووسینێکی چەرخی هیتییەکان (١٤٠٠ تا ١٣٠٠ پ. ز) ی کە

لە ئاسیای بچووک دۆزراوەتەوە هیما بۆ (میترا) کراوەو بەشێوەی (میدارشیل) ناویان هێناوە، وەک پێدەچێ «"میتانییەکان" واتە هۆزە ئارياييیەکانی نیشتەجێی کێوەکانی کوردستان عیراقی نێوان دوو ئاوان بوون» (٧١، ص٢٧) هەر لەناوی خوا و پەرستگاکان و هی پێش زەردەشت و ئایینە ئاسمانییەکانی تر، هەندێ پەرستگا پەیوەندیی زۆریان بەئاگرەوە هەبووە، بۆ یەکێ لەو پەرستگایانە (بەهرام فرەوشی) دەنووسێ: «لەوەی باسکرا ئەوە دێنە دەست کە جێگای خورە برزە (خۆرە بەرزە) و جێگای ئاتەشکەدەی کۆنی - اذرگشنسب- پێویستە لەجێگایەکی ڕۆژهەڵاتی مهاباد و خوارووی ڕۆژئاوای میاندواو خوارووی لەیلان بدۆزرێتەوە» (٤٢، ص١٦٤) ڕیشەی ئایین و بەربڵاوی ئایین لەکوردستان زۆر کۆنە هەر ئەوەشە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە نووسەران کوردستان بەگەنجینەی ئایینان دادەنێن ئەم بەڵگە هێنانەوانە بەشێکی کەم و کورتیی مێژووی پڕ لە ئایین و خوداوەند و پەرستگای کوردستانە، (فەرەیدوون جونەیدی) لەبارەی کۆنیی ئایینی کوردان دەنووسێ: «هەرچەندە نووسەران لاوانی کورد داب و نەریتی خۆیان بە داب و نەریتی زەردەشتی دەبەستنەوە، بەڵام تا ئەو جێگایەی کە لێکۆڵینەوەی من ڕێگام پێ دەدا داوەری بکەم ئەوان کاریگەری ئایینی یەکجار دوورتر، هەتا دوورتر لە میهر پەرستیشیان بەسەرەوە دەبینم» (*-٣٦) (٨٢، ص١١٢) ئەو ئایینەی کە لاوانی کورد خۆی پێهەڵدەدەنەوە زەردەشتییە، وا چاکە بەهۆی کۆنی و کاریگەرییەوە بەسەر میللەتی کورد کەمێک باسی ئەو ئایینە و پەیامبەرەکەی بکەین.

**١-٨-١-٣- زەردەشت:**

زەردەشت وەک پەیامبەرێکی ناودار و دامەزرێنەری ئایینێکی کۆن و بەربڵاو، پێش هەموو شتێک وا چاکە بزانین ئەو کەسایەتییە مەزنە کوڕی چ هۆز و نەتەوەیەکە و دوایی بزانین لە چ ساڵ و سەردەمێکدا ژیاوە.

زەردەشت وەک پەیامبەر و ناودارێک زۆری لەبارەوە نووسراوە، بە هۆی کۆنی و بەربڵاویش وەک هەموو کەسایەتی و ڕووداوە مێژوویییەکانی پێش زایین، ڕای دژبەیەکی لە دەورەدا کۆبووتەوە. بەڵام، ئەگەر کەسێ بەوردی لە ژیان و ئایینەکەی بکۆڵێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەگاتە ڕاستی، برۆسۆس (Berossus) کە لەسەدەی سێیەمی پێش زایین-دا ژیاوە: «لای وایە زەردەشت یەکێکە لە بنەماڵەی شاهانی ماد» (٤٤، ص٢٧) هەروەها مێژوو نووسی کورد (ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی) دەنووسێ: «زەردەشت یەکێکە لە زاناکانی کورد...) زۆرترین لێکۆڵەرەوان (ماد)ی بوونی ئەو بەڕاست دەزانن و لایان وایە لەکوردە مادەکانە و ئاوێستای بەزمانی نیشتمانی خۆی بەمانا زمانی مادی نووسیوە» (١٨١، ص١٥) دیارە کورد بوونی مادەکان ئەمڕۆ شتێکە کەس ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە لێکۆڵەرەوەی ناوداری ئێرانی "پورداود" ئەگەرچی ناوی ماد ناهێنێ، بەڵام بەئاشکرا نیشتمانەکەی دیاری دەکات، دەنووسێ: «بەکورتی دەتوانین بڵێین کە زەردەشت لەڕۆژئاوای ئێران یان باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی بەخوارووەوە نییە: هەروەها باوەڕی ڕۆژهەڵاتی ئێرانیش بە لا نراوە و ئەمڕۆ کەس باوەڕی پێ نییە!» (٤٤، ص٢٦) لەوەی کە "پورداود" بەدڵنیاییەوە دەڵێ



زەردەشت خەڵکی ڕۆژئاوای ئێران - کوردستان- دەوروبەری دەریاچەی ورمێ-یە ئەگەر هەندێ کەس باسی ڕۆژهەڵاتی ئێرانیان کردووە، ئەوا پورداود، ئەو ڕایە بە -بەلانراو- دەزانێ و دەڵێ: کەس باوەڕی پێ نییە! ڕۆژئاوای ئێرانیش لە باسی مادەکان دەرکەوت کە جێگای کوردەکانە، چ لەپێش هاتنی مادەکان و چ لەگەڵ نیشتەجێ بوونی مادەکان، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ و دەسەلمێندرێ کە زەردەشت کوردە و لە کوردستان لەدایک بووە و زمانەکەشی هەر زمانی ئەو گەل و نیشتمانەیە کە تێیاندا لەدایک بووە، ئەگەر (ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی) دەنووسێ: «کیتابی ئاوێستا بەزمانی نیشتمانی خۆی واتە زمانی مادی نووسراوە» لەوە لە ڕاستی دوور نەکەوتووتەوە، ئەوەتە: «پلینۆسی گەورەش زەردەشتی بەناوی زەردەشتی مادی ناوبردووە» (١٧، ل٩) کە مادەکان کورد بن، دەبێ زمانەکەشیان کوردی بێ جا کام زاراوە بووە، ئەوە شتێکی ترە، خۆ لە نێو کوردان ڕایەکی وا هەیە: «کە گوایە "ئاڤێستا" بەدیالێکتی گۆرانی نووسراوە» (١٣، ل٢٢٧).

لەبارەی زمانی ئاوێستا و کوردبوونی ئەو زمانە (م. ئاورنگ) ئەویش دەنووسێ: «لەسەرقسەی زانایانی کورد، بەزمانی کوردی هەورامی یان کوردی کرمانجی هاوڕیشە و هاوئاهەنگە» (٨٦، ص٣٩) ئەگەر ئەو ڕاستییە زانستییە لەبیر نەکەین کە زمانیش بۆ خۆی لەگۆڕانە، ئەوا دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە زمانی ئاوێستا کورد- مادی کۆنە: چونکە لێکۆڵەرەوەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون - کە- گاتەکان- نووسراوی زەردەشت خۆیەتی و دەستی لێنەدراوە. هەر لەبارەی کورد بوونی زەردەشت و کوردی ئاوێستا: (عیمادوددین دەولەتشاهی) لەبارەی وەرگێڕانەکانەوە دەڵێ: «چونکە زمانی یەکەمی ئاوێستا کوردی بوو، ئەو زانایانەی کە ئاوێیستایان وەرگێڕاوە کوردییان نەزانیوە، لە ئەنجامدا و بەهۆی بەسەرچوونی ڕۆژگار وەرگێڕانی جیاجیای ئاوێستا پەیدا بوو» (٧٩، ص٣٨) ئەو لێکۆڵەرەوەیە ئاوێستا ناسێکی چاک بوو، بۆ ڕایەکانی خۆی بەڵگەی زانستی و بەهێزی هەیە.

**١-٨-١-٤- ناوی زەردەشت:**

ناوی زەردەشت بەزۆر شێوە نووسراوە، لە ئاوێستا خۆی ئاوای نووسیوە (زەر توشتەر) هەندێ جار ناوی خانەوادەکەشی دەنووسێ کە (سپیتمە)یە لە مانای (زەردەشت)یش زۆرتر بۆ ئەوە دەچن کە دەکاتە (زەردوشتر) و ناوی باوکی (پورشاسبا، پورووش ئەسپ) کە ئەویش واتە خاوەنی ئەسپی پیر. (*-٣٧) بەڵام (عیمادوددین دەولەتشاهی) دەنووسێ: «لەشێوە زاری کوردی - هەورامی- ناوی ئەو کەسایەتییە بەمانای تیشکی زێڕینی ڕۆژ دەبارێ و دەگەشێتەوە لێکدەدەنەوە» (٧٩، ص٣٥) هەروەها دەڵێن ئەم ناوە پاشتر خەڵک لە زەردەشتیان ناوە، لەزمانی کوردی "هەورامی" (زەرە پاو شەترائی) یان ئاوا لێکداوەتەوە (زەرە zara) واتە وەک تیشکی زێڕین (Thal) واتە تیشکدان (وەشتە- VASH-TARA) واتە بارین (ئائی AI) واتە هاتووی یان دێی، هەر ئەو وشەی شەتەر بووەتە هۆی بەهەڵەچوونی باوەڕدارانی زەردەشتی کە بەخاوەن وشتری زەردە زێڕین ناویان بردووە.

لەبارەی دایکی زەردەشتەوە کە ناوی (دوغدە)یە دەڵێن: «لە نزیک ڕەزاییە(ورمێ) دێیەک هەیە بەناوی (ئەمبە) لەو دێیە گۆڕێک هەیە، خەڵکەکە دەڵێن ئەمە گۆڕی دایکی زەردەشتە» (٨٦، ص١٩)

ئەوە زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ کە بنەماڵەی زەردەشت لەو ناوچەیە ژیاون و مردوون.

**١-٨-١-٥- سەردەمی زەردەشت:**

لەبارەی سەردەمی ژیانی زەردەشت، دیسان ڕای زۆر لێک دوور، هەیە، لە ٧١٢٩ساڵی پێش زایینەوە تا ٥٨٣ ساڵ پێش زایین دەگرێتەوە، ئەگەرچی ڕایەکان زۆرتر لەنێوان ١٠٠٠ تا ١٤٠٠ پێش زاییندا خۆ دەبیننەوە، وەک ئەوەی:«کە زانایان کۆنی و سەردەمی نووسینی ئاوێستا و دەرکەوتنی زەردەشت لە ١٠٠٠ تا ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین دەزانن»(*-١٣٧أ) (٩٢، ص٧) بەڵام، تازەترین لێکۆڵینەوە ساڵنامەی ژیانی زەردەشت ئاوا دابەش دەکات:

«، (٦٦٠ پ. ز) لەدایک بووە.

(٦٤٠پ. ز) دەستی بەگۆشەگیری کردووە.

(٦١٨ پ. ز) گوشتاسپ پەیڕەوی ئایینەکەی کردووە.

(٥٨٣ پ.ز) لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا بەدەستی تۆرانییان کوژراوە» (٨٠، ص٧٥٩).

**١-٨-١-٦- پەیامبەریی زەردەشت:**

وەکو لە ساڵنامەی ژیانی زەردەشت دەرکەوت، لە تەمەنی بیست ساڵیدا گۆشەگیریی هەڵبژاردووە و بۆ ماوەی دە ساڵ خەریکی خۆ پێگەیاندن بووە، ئەم دە ساڵەش ماوەیەکی باشە بۆ هەردوو بواری ، چ لە بواری زانستی و فەلسەفییەوە، چ لە بواری ڕامان و ئایینییەوە تا لە سی ساڵی بووە بەپێغەمبەر و بەزمانی گەل و نیشتمانەکەی خۆی (ئاوێستا)ی نووسیوە، لەمەشدا نابێ دوودڵ بین، چۆن لەڕووی واقعی و مێژووییەوە سەلمێندراوە کە زەردەشت (ماد- کورد-ە) و زمانەکەشی کوردییە. لە رووی ئایینیشەوە هیچ ڕێگرێک نییە کە زەردەشت (کورد) بێ و (کتێبە ئاسمانی) (٩٢، ص٧)یەکەشی (کوردی) بێ، خودای گەورە لە (قورئان) دەفەرمووێ: [ وما ارسلنا رسولا الا بلسان قومه ليبين لهم فضل الله من يشاء ويهدي من يشاء وهو العزيز الحكيم ] ( ئیبراهیم ، ٤) ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە خودا خۆی دەفەرموێ هیچ پێغەمبەرێکمان نەهەناردووە ئەگەر بەزمانی میللەتەکەی خۆی گەورەیی خوای بۆ روون نەکردبنەوە، وەختێ بیەوێ گەورەیی لەگەڵ یەکێکدا بکا و یەکێک ڕاستەڕێ بکا، هەر خۆشی خۆشەویست و دانایە، ئەو فەرموودەیەی خوا، بەڵگەیەکی ترە کە هەر پێغەمبەرە و بەزمانی میللەتەکەی خۆی کتێب و دەستووری بۆ هێناون، زەردەشتیش "ئاوێستا"ی بەزمانی میللەتەکەی خۆی هێناوە، هیچ ئایینێکیش نەهاتووە ئەگەر کاریگەریی ئایینەکانی پێشە خۆی لەسەر نەبێ و پاشتریش کاری لەوانەی دوای خۆی نەکردبێ «ئایینی زەردەشت کە وەک بلێسەی گەش وڵاتی پان و بەرینی ئێرانی ڕۆشن کردەوە، هەڵبەت ئەو ئایینە لە ناکاو پەیدا نەبووە، بەڵکو ئەنجامی پێگەیشتنی باوەڕ و ئایینە کۆنەکان بووە کە لەئێران-دا هەبوون» (٥٣، جلد یکم، ص٤٢). دیسان لەناوی ئێراندا، نابێ جوگرافیای ئێرانی ئەوڕۆمان بێتە بەرچاو، چۆن زانایان پەیوەندی و کاریگەریی ئایینەکانی پێشتر، بەتایبەت کتێبی (ویدا)ی هیندییان لە سەر ئاوێستا ڕوون کردووتەوە، چونکە، بەڕای هەندێکیان: کۆنترین بەشی ویدا



کە (ریک ویدا)یە لە (٢٥٠٠ پ.ز)دا نووسراوە، هەروەها کۆنترین بەشی ئاوێستا کە "گاتەکان"ە لە (١١٠٠پ.ز) نووسراوە» (٢١٢، ١٢، ل١٥) هەر لەبارەی کۆنیی زەردەشتەوە، زۆر لە لێکۆڵەرەوان ڕایان وایە کە ئایینی ئێزدی کاریگەریی زەردەشت و پێش زەردەشتیشی بەسەرەوەیە، (ب.ش دلکوڤان) دەنووسێ: «زۆر دوور نارۆین کاتێ دەڵێین باوەڕی ئێزدیاتی میراتگری کۆنترین باوەڕی ئارییە کۆنەکانە و داسنی- (ئێزدی )(*-٣٨) یەکان لەکۆنترین شەپۆڵی هیندۆ ئەوروپی دەژمێردرێن پێش میتانی و حوری و کیشییەکان بەدووهەزار ساڵ» (٢١٢، ١٢، ٢٠٠٠ ل١٤)، ئەم قسانە ئەگەر شتێک بسەلمێنێ، ئەوەیە کە ئایینە کوردییەکان ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە و زەردەشتی و ئێزدیش لەو ئایینە کۆنانەن و لەسەر قسەی (کامبانیلی): «کوردستان خەزینەیەکە هێشتا بەچاکی نەناسراوە».

**١-٨-١-٧- ئاوێستا:**

ئاوێستا کتێبی پیرۆزی زەردەشتییانە کە زەردەشت پێغەمبەر بۆ میللەتەکەی خۆی هێناوە میللەت بەمانا ئایینییەکەی ئەو ئاوێستایەی ئێستا لەبەردەستە، ئاوێستای سەردەمی زەردەشت نییە! تەنیا بەشێکی ئەویش کە (گاتەکان)ە زانایان بە هی زەردەشت خۆی دەزانن ئەوەی تر پەیڕەوانی زەردەشت لە قۆناغی جیاجیا بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی پەیڕەوانی وەک مانا لێدانەوە و شیکردنەوە لێیان زیاد کردووە باسی ئاوێستا بۆ خۆی باسێکە دوور و درێژ بۆیە واز لەو وردەکارییە دەهێنم و تەنیا باسی نووسینەوە و پاراستنی دەکەم، ئەویش بەکورتی:

**نووسینەوەی ئاوێستا:**

نووسینەوە و زمان و خەت و زەمانی ئاوێستا کێشەی زۆری لەسەرە (جەلیل دوستخواە) دەنووسێ: «مێژووی دانانی کۆنترین بەشی ئاوێستا (گاتەکان) لەگەڵ زەمانی ژیانی زەردەشت یەکە و هەر ئەو زەمانە دەتوانرێ نزیکەی ١٥٠٠ تا ٨٠٠ ی پ.ز دیاری بکرێ، بەڵام هێشتا نازانین کە ئەو سروودانە (ئایەت) یەکەمین جار لە چ زەمانێک و بەچ خەتێک نووسراوە!» (٥٣، جلد یکم، ص سزدە)، ئەو ئاوێستایەی ئێستا لەبەردەستە لە شەش بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن: ١- گاتەکان. ٢- یەسەنە. ٣- یەشتەکان. ٤-ویسپەردە. ٥- خوردە ئاوێستا ٦- وەندیداد.

زەردەشتییەکان لە نووسینە کۆنەکانی خۆیان کە باس لە ئاوێستا دەکەن، دەڵێن: «بەخەتی زێڕین و لە ڕووی دە (دوازدە) هەزار پێستەگای خۆشکراو نووسراوە و ئەو نووسراوانە لە (دیژنپیشت)(*-٣٩) هەڵگیرابوو هەر زەردەشتییەکان بەو پێیەی کە لە کتێبەکانیان (دینکرد) و (بەند هشن) و (وارداویرافنامە)دا هاتووە و کە بە (پەهلەوی) نووسراون، دەڵێن: کە (ئەسکەندەر -٣٥-٣٢٣پ.ز) ئێرانی داگیرکرد ئەو پێستە بەزێڕ نووسراوانەی لەگەڵ زۆر نووسراوی تر سووتان و هەندێ کتێبیشی لەگەڵ خۆی برد، هەر بەهۆی ئەم (ئاوێستا) سووتاندنەیە، زەردەشتییەکان ناویان لە ئەسکەندەر نا (گچستک) واتە نەفرەت لێکراو.

زەردەشت خۆی وەکو پێغەمبەرێکی کۆن و کتێبەکەی (ئاوێستا) و ئایینەکەی زەردەشتییەت، وەک

واقعێکی ئایینی ڕاستییەکی مێژووییین، بەڵام چونکە ئەفسانە و ئایین زۆر تێکەڵن، ئەوا ژیان و مردن و کاروبیری زەردەشت و ئاوێستا لە هەموو ڕوویێکەوە و ئایینەکەی بەبەربڵاوی بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و فراوانکردن و بڵاوکردنەوەی ئەفسانەیەکی یەکجار زۆر، ئەمڕۆ هەریەک لەم زەردەشت و ئاوێستا و ئایینە ئەفسانەی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە نێوان خەڵکدا بڵاو و لەسەر زارن، ئەمەش بۆ خۆی دەمانگەیێنێتە ئەوەی کە بڵێین: «زەردەشت و ئایینەکەی قۆناغێکی گرنگ و فراوانی سەرهەڵدانی ئەفسانەی زەردەشت- کوردی»ن و ئەو ئەفسانانە وەکو دەق وەکو مێژوو بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەفسانەی کوردی بەکۆکردنەوەی ئەفسانەکانی نێو ئەشکەوت لە "شانەدەر" ەوە کە کۆنترینیانە، تا دەگاتە زەردەشت کە ئێمە مەبەستمانە- مێژوویێکی دوورودرێژ و جوگرافیایەکی پان و بەرین و پڕ لە دەقی ئەفسانەییمان بۆ ئاشکرا دەبێ، کە سەرمایەیەکی گرنگە و جێگای شانازییە، نەک هەر بەتەنیا بۆ کورد ، بەڵکە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. سەرمایەیەک کە کەس ناتوانێ داگیری بکات.

**١-٨-١-٨- زمانی کوردی:**

مێژووی زمانی کوردی لەگەڵ مێژووی ژیانی مرۆڤ و میللەتی کوردە، پێکهاتەی ئەو زمانەش هەر هەمان پێکهاتەی میللەتەکەیە، ئەو میللەتەی لە ئەشکەوت و خێزان و هۆزەوە گەیشتووتە نەتەوە و وڵات و ئەمڕۆ زمانێک هەیە پێی دەگوترێ (زمانی کوردی) ئەو زمانەش لە چەندین (زار)و (بن زار) پێکهاتووە ئەو زارانە هەریەکەی لە(سەردەمێک) و لە (ناوچە)یەک برەو و دەسەڵاتی خۆی هەبووە ئەگەر پێشتر باسی کۆنیی ژیان و هۆز و شارستانییەتەکانی کوردستان کراوە، دەبێ ئەوە بزانین کە لە هیچ ڕۆژێک ئەو خەڵکە بێ زمان نەبوون ئەو زمان و زارانە چی بوون و چۆن بوون؟ لەبەر ئەوەی (زمان) وەکو (دەنگ) بەڵگەی سەرەتایی سەرهەڵدانیمان لەدەستدا نییە، ئەگەرچی کەس ناتوانێ ئینکاری بکات! بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی خەت- کۆنترین خەت- سەردەمی تۆمارکردن و چەسپاندنی (زمان)ە کە داهات ئەگەر بتوانین کۆنترین- خەت- بدۆزینەوە، دەتوانین لەویشەوە بۆکۆنترین (زمان) بچین، (دێڤید وجوان أوتیس) نووسیویانە: «لەگەڵ هەموو ڕاستییەکاندا، کۆنترین دەقێک کە بخوێندرێتەوە بەزمانی سۆمەرییە» (١٢٥ ، ص٢٩٤) لەم قسەیە ئەوە دەردەکەوێ، کە سەرەڕای کۆنیی زمانی سۆمەرییەکان، (خەت)ەکەشیان کۆنرتین خەتە: ئەگەر ئەوەش بزانین کە کورد ئەمڕۆ لەهەموو میللەتێکی تر زیاتر میراتگری سۆمەرییەکانن، دیارە ئەو (خەت) و(زمان)ەش بەشێکە لەو میراتە کە (تاها باقر) بەو سۆمەرییانە دەڵێ: «زمانەکەیان لە زمانی نەتەوە (سامی)یەکان نییە! (عەرەبیی کۆن(...) هەروەها لەخێزانە ناسراوەکانی تریش نییە، وەکو خێزانی زمانە (هیندۆ ئەوروپی)و نەخێزانە (الاورال -ألطای) لەوانە ترک (یش) نییە» (١٣٣ ، ص٢٦) ئەو زمانەی نەهیندۆ ئەوروپی بێ و نە سامی و نەئۆرال ئەلتای و تورکی لەسەر قسەی (مەسعوود سەعید یاسین) «ئەگەر زاناکان لەکاتی خۆی بەراوردێکیان لەنێوان زمانی سۆمەری و کوردیدا دەکرد، کێشەکە دەبڕایەوە(*- ٤٠) (٢١٣ ، ٧٤) هەر ئەو لێکۆڵەرەوەیە دەڵێ: نهێنی نەزانراوی ڕەگەزی سۆمەرییەکان لەوەدایە، کە ئاوڕ لە زمانی کوردی نەدراوەتەوە، لێکۆڵینەوەی ئەو نووسەرە و زۆر نووسەری تر کە لەڕووی زمانەوە لە ڕەگەزی سۆمەری و



کوردییان کۆڵیوەتەوە، گەیشتوونەتە ئەوە کە، سۆمەرییەکان بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی میللەتی کورد، بەخوێن و زمانەوە، ئەو زمانەی (دۆسان) دەنووسێ: (سۆمەری توانی ببێتە زمانی زانست و ئایین لە تەواوی ئاسیای کۆن و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، نەک هەر لەسەر جیهانی ڕۆژهەڵات بەتەنیا ، بەڵکە لەو سنوورەش تێپەڕی» (١٦٦ ، ص٣٨) زمانێک ئاوا کۆن و گرنگ و خاوەن نووسین بووبێ، ناکرێ باوەڕ بکرێ بەتەواوی لەناوچووە.

بەشێکی تر ئەوەی لەپێکهاتەی میللەتی کورد- بەزمان و خوێن-ەوە ئەو ئیلامییانەی لەسەر قسەی دکتۆر (محەمەد عەلی سەجادیە) «زمانی ئیلام (عیلام) بەیەکێ لە کۆنترین زمانەکان دەژمێردرێ، ئەو زمانەی کە خاوەنی خەت (پیت - ئەلف و بێ)ی خۆی بووە» (٢١٨ ، ص٤٥) ئەو زمانەی واتە ئیلام - کە نووسەران دەیخەنە نێو خێزانی زمانە زاگرۆسی خەزەری (القزوینیە)ەو زۆرتریش بەزمانێکی ئاسیایی کۆنی دەزانن کەپەیوەندیی بەخێزانی زمانە (هیندو ئەوروپی)یەکانەوە نییە! لێرە دەسەلمێندرێ کە جگە لەوەی زمانی ئیلام لەو زمانە کۆنانەیە کە خاوەنی (خەت)ی کۆنی خۆبەتی ئەوەش ئاشکرا دەبێ، کە - هیندۆ ئەوروپی نییە واتە- زمانی ئیلام وەکو زمانی سۆمەری- هەردووکیان پەیوەندییان بەهیندۆ ئەوروپییەوە نییە هەردووکیش بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی زمانی کورد پێک دێنن. ئەوە جارێکی تر پشتگیری لەو ڕایە دەکات ( کە زمانی کوردی زمانێکی - تەواو هیندو ئەوروپی- ئاری) نییە بەڵکە(ئاری و هیندو ئەوروپی)یش وەک سۆمەری و ئیلامی چەند زارێکی تر بەشێکن لەپێکهاتەی زمانی کوردی، وەک پێکهاتە نەتەوەیییەکەی.

دکتۆر (جەمال ڕەشید) دەنووسێ: «لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆکۆمێنتانەی کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت ، کەوا لە هەزارەی سێیی پ .ز دا واتا بەر لە هاتنی هۆزانی ئاری زمانی وەک میتانی و هۆزانی ئێرانی زمانی وەک ماد و پورت و سەکەس و .. بۆ کوردستان، مرۆڤێکی کوردستان بەزمانی خووری- هوری - دواوە، کە زمانێکی زاگرۆسی بووە، لەدواییدا شێوە پەرەسەندووەکەی نێوی ئۆرارتووی لێندراوە» (١٨٥ ، ل٣) ئەوە هەر تەنیا زمانی خووری برەوی نەبووە، زۆر (زمان -زار)ی تر لەناوچەو سەردەمە جیاجیاکانی کوردستان خەڵک پێیان دواون. میتانییەکان کە لەسەر قسەی دکتۆر (جەمال ڕەشید) کورد تاقە میراتگری ئەو زمانەیە، کە ئەو: «ناوی میتانییان هەر بە شێوەکەی خۆی بۆ ناوی کێوی (مەتینا -ماتینا) کە نزیکی شاری ئامێدییە ماوەتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا گوندێکی کوردی هەیە بەناوی مەتینا (٠٠٠) دەکەوێتە ناوچەی جەزیرە» (٧، ل١٥١) لەبارەی لەنێو چوون گۆڕانی - زار و زمانان- هەر دکتۆر (جەمال ڕەشید) دەنووسێ: «دەبێت ئەم زمانە فراوانەی هوری و کوتی و لولوییە، کە لەکۆندا زمانی خەڵکی کوردستان بووە چۆن لەناوکوردا توابێتەوە و چ کەلەپوورێکی زمانەوانیی خۆی تێدا بەجێ هێشتبێت؟» (٧، ل٢٩٤) ئەم زمانە کۆن و نەماوانە هەر تەنیا بەهۆی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، لەسەر بناغەی شارەزایی لەزمانە کۆن و مردوو و لە نێوچووەکان دەناسرێن و پەیوەندییان دەدۆزرێتەوە.

### ١-٨-١-٩- ئاوێستا و زمانی کوردی:

پێشتر بەهۆی زۆربەڵگە و ڕای زۆر لە زانایان ئەوەمان سەلماند کە زەردەشت ئاوێستای بەزمانی نەتەوەیی خۆی نووسیوە و بۆ خۆشی یەکێکە لە بنەماڵەی شاهانی مادەکان، مادەکانیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کوردن بە- خوێن و زمان -ەوە لێرە دەمەوێ ئەو ڕایە بە ڕاستتر بزانم کە دەڵێ ئارییەکان لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەستیان بەکۆچ کردن کردووە، لەنێو ئارییەکانیش -ماد-و - پارسەکان لەوانە بووینە کە زووتر هاتوون، بەڵگەش ئەوەیە، کە مادەکان ئیمپراتۆرییەتیان دروست کرد لەسەر شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بوو، ئەو پێشکەوتنەش- بەتایبەت بۆ ئەو ڕۆژگارە- لە کتوپڕ دروست نەبووە و سالآن و نەوەی ویستووە، دیسان زەردەشت وەکو -پیاوێکی زانا- بەرهەمی زانیاری و شارستانییەتێکی بەڕیشەیە، ئەگەر ئەو ڕایەش بەتەواوی ڕەت نەکەینەوە کە دەڵێن: «ئاوێستا لە ٢٥٠٠ تا ١٤٠٠ ساڵ پێش زایینییەوە نووسراوە» ئەوا پشتگیریی ئەوەمان بۆ دەکات کە مادەکان زۆر پێش دروست بوونی دەوڵەتی ماد و سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی لە ناوچەکە نیشتەجێ بووین و لەگەڵ هۆزەکانی تر پێشینەیەکی مێژوویی بەهێزیان هەبووە، کە لەو پەیوەندی و پێشینەیە بەهێزتر بوو. کە(ماد)ەکان لەگەڵ (پارس)ەکان هەیان بووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکە دواجار پارسەکان یەکەمین دەوڵەتی دامەزراوی ئێران -ماد-یان لەنێو برد و یەکەمین شاهەنشاهییەتیی خۆیان لەسەر شارستانییەتیی ئەوان دامەزراند (عیمادوددین دەولەتشاهی) لێکۆڵەرەوەی ئاوێستاناس کە (فەروەردین یەشت)ی وەگێڕاوەتە سەر فارسی و کوردیی ئەمڕۆ لەبارەی ئەو وەرگێڕانانەی کە بۆ ئاوێستا کراوە دەنووسێ: «چونکە زمانی یەکەمی ئاوێستا کوردی بوو، ئەو زانایانەی کە ئاوێستایان وەرگێڕاوە، کوردییان نەزانیوە، لە ئەنجامدا و بەهۆی بەسەرچوونی ڕۆژگار وەرگێڕانی جیاجیای ئاوێستا پەیدا بوو» (٧٩، ص٣٨) وەکو دیارە ئەم لێکۆڵەرەوەیە ئاوێستا تەواو بەکوردی دەزانێ و بەڵگەو ڕایەکانیشی لەڕاستییەوە دوورنین، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە ڕۆژگاری نووسینی ئاوێستاوە تا ئەمڕۆ گۆڕانێکی زۆر بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە، بۆیە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمانی ئاوێستا -ماد- ەکان و کوردی ئەمڕۆدا هەیە، پەیوەندیی مێژوویێکی پڕ لەگۆڕانە.

هەر لەبارەی پەیوەندیی -ماد -و- ئاوێستا-و کوردەوە ئێرانناس (دار مستەر-Darmesteer) دەنووسێ: «ئاوێستا لە زمانی مادەکان هاتووتە خوارەوە و زمانی مادەکان هەر ئەو زمانەیە کە ئاوێستای پێ نووسراوە دەکرێ زمانی کوردیش بەپاشماوەی ئەو زمانە بزانین» (١٨١، ل٢٢) هەر ئەو زانایە ڕای وایە ئەگەر ڕۆژێ بەردە نووسراوەکانی مادەکان لەناوچەی هەمەدان بکەوێتە دەست، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە. هەر لەبارەی پەیوەندیی کوردو مادەکان (مینۆرسکی) دەڵێ: «ئەو میللەتەی کە ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین چەند سەدەیەک پێش لەدایک بوونی مەسیح لە بەرزاییەکانی کوردستان دەژیان، چاک دەشزانین کە کوردەکان هەر تەنیا بەزمانی ئارییایی قسە ناکەن، بەڵکە زمانەکەیان بەشێکە لەخێزانی زمانە ئێرانییەکان وەک نیشتمانەکەشیان و ریشەی زمانەکەشیان پەیوەندیی بەئێرانەوە هەیە» (١٦٩ أ، ص٨). ئێرانی کۆن پێش هاتنی - هیندو ئەوروپی-یەکان زمان و خێزانە زمانی تری تێدا بوو، وەک



ئەوەی پێشتر باسی زمانەکانی زاگرۆس و- عیلاممان کرد.ئەوەی لەم قسەیەی (مینۆرسکی) زۆر مەبەستە ئەو پەیوەندییەیە کە ئاری! "ماد" لەگەڵ "ئاوێستاو"، ئاویستاش لەگەڵ کوردیدا هەیەتی، کە زۆرتر ڕووی بەڵگەکان بەولایەدا نزیکی دەبێتەوە کەپشتی ڕایەکەی (دارمستەر) بگرێ، کە دەڵێ: ئاوێستا بەزمانی مادەکان بووە و کوردیش پاشماوەی ئەو زمانەیە. ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین کە مادەکان زۆر زووتر لەو ڕۆژگارەوە هاتوون، کە ئاوێستای تێدا نووسراوە، ئەوە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دروستبوونی زمان و میللەتی کورد لەنێوان هاتووەکان و نیشتەجێیەکانیش زۆر زووتر لەو ڕۆژگارە زەمینەی بۆ خۆشکراوە، بەتایبەت ئەگەر شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی سۆمەر و ئەکەد بابل و ئیلام و زاگرۆسمان لەبیر نەچێتەوە، لەو چەندو چۆنە دەگەینە ئەوە کە بلێین: ئاوێستا وەک کتێبێکی ئایینی کۆن و ئێستا لەبەر دەستە زمانەکەی کە زمانی مادەکانی دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی مادە، بەشێکی گرنگە لەمیراتی زمانی کوردی، هەروەها مێژووی زمانی مادەکان، وەک مێژووی زمانی سۆمەری و عیلامی و زاگرۆسییەکان، بەشێکی گرنگ و دیاری مێژووی کوردن.

(پور داود) دەڵێ: «ئایین و مێژوو و زمان هەرسێک پێکەوەبەندن» (٤٤، ل١١) هەروەها پێشتر باسی ڕای ئەو زانایانەشمان کرد، کە ئایین و ئەفسانە و مێژوو بەیەکەوە دەبەستنەوە، لەوەش پەیوەندیی گرنگی زمان و ئەفسانەمان بۆ بەدەردەکەوێ کە هەندێک دەڵێن:«ئەفسانە زمانی پیرۆزی خودایە» دەگەینە ئەوەی ، کە زمانی کوردی لەم زار و زمانە کۆنانە پێکهاتووە و لەخۆی زیاتر کەسێکی تر- زمانێکی تر- نییە، هێندەی ئەو میراتگری یاسایی و ئاسایی ئەو زمانانەبێ، کە ئەو زمانانەش، سۆمەری و ماد و عیلام و زاگرۆسییەکان و نیشتەجێیەکانی تری کوردستانی ئەو ڕۆژە خاوەنی مێژوویێکی پڕ ئەفسانە و ئەفسانەیەکی یەکجار کۆن و دەوڵەمەند بێ، ئەوا کورد ئەمڕۆ خاوەنی ئەو ئەفسانە مێژوویی و گرنگ و دەوڵەمەندەیە کە لەو هۆز و نەتەوانە بەجێ ماوە، وا چاکە ئەوەش بزانین کە سۆمەرییەکان خاوەنی کۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەفسانەن لەجیهان، ئەوا ئەمڕۆ کورد خاوەنی ئەفسانەی سۆمەرییەکان و زەردەشت و مادەکان و هەموو ئەو هۆز و نەتەوەوزمان و ئایینانەی ترە، کە بەشێکن لەپێکهاتەی زمان و خوێنی میللەتی کورد، بەشێکیشن لەپێکهاتەی مێژوو-و-دەق- ی-ئەفسانە-ی کوردی.

### ١-٨-١-١٠- کۆنترین یەکەمین:

لەکاتی پشکنین و گەڕان بەدوای سەرچاوە و بەڵگەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەیش وشەی «کۆنترین یەکەمین» بوو، کە لە هەر بوارێکدا کنەم دەکردو بەدوای مێژووی هەر شتێکی کوردستاندا دەگەڕام. تووشی ئەم دوو وشەیە دەهاتم، ئەوەش کێ گوتوویەتی؟ ئەگەر نەڵێم هەمووی، ئەوا بێ شک زۆربەی هەرە زۆری، بیانییەکان ئەو بیانییانەی کە لە مێژوو و جوگرافیا و شارستانییەتی ناوچەکە و کوردستان و کوردییان کۆڵیوەتەوە، ئەوەش کەکوردەکان گوتوویانە، ئەویش زۆربەی دووبارەکردنەوەی ڕای بیانییەکانە، ئەو بیانییانەی کە من دەستم بەنووسراوەکانیان ڕانەگەیشتووە، ئێستا با (کەمێک) لەو یەکەمین و کۆنترینانە بەسەربکەینەوە.

ئەگەر ئەشکەوت یەکەمین ماڵی مرۆڤ بێ ئەوا: «ئەشکەوتی شانەدەر، یەکەمین و تەنیا ئەشکەوتە کە ژیان تێیدا بەردەوامە لە ٦٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە» (١١٨، ص٢٨) بێ شک لە ئەشکەوتەوە دەچینە گوند، ئەوا گوندی "زەڤیاچەمێ" «لەجۆری خۆی یەکەمین گوندە کە دەگەڕێتەوە سەردەمی بەردین (...) کە بەیەکەمین ئاوەدانی دادەندرێ لە باکووری عیراق (کوردستان) و یەکەمین گوند لەجۆری خۆی لە جیهاندا» (٢١١، ل٥٩٥) ئەگەر لەگەڵ دروستبوونی گوند کشتوکاڵ دەست پێدەکات: «ئەوەیش بۆ یەکەم جار لە گوندی چەرموو جایۆ نوو دەدۆزرێتەوە» : (١٢٥، ص١٨٠) هەر گوندی چەرمووش: «کە دەکەوێتە کوردستانی عیراق باشترین و یەکەمین جێگای کشتوکاڵییە بێ گومان» (١٢٥، ص١٧٩) هەر لەسەر قسەی ئەو سەرچاوەیە: «لە تەپەگەورە (؟) یەکەمین جارە بەڵگەی گرنگ دەست دەکەوێ کە لەو کۆمەڵگایە جیاوازیی باری ئابووری و گرێییەکانی کۆمەڵگا هەستی پێ دەکرێ» (١٢٥، ص٢٧٢) ئەگەر گۆزەگەری یەکەمین پیشەسازی بێ و نیشانەی سەرەتاییترین کارگە بێ: «ئەوا لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین، کۆنترین نیشانەی بەکارهێنانی قوڕ لە کەرەستەی ناو ماڵدا دۆزراوەتەوە، ئەویش لەگوندی چەرمووی ڕۆژ هەڵاتی کەرکووک» (١٤٥، ص٢٤) کە پیشەسازی بەرە بەرە پێشدەکەوێ و لە بەکارهێنانی قوڕەوە دەچێتە سەر ئاسن و مس و زیو و زێڕ و، ئەوا: «شارەزایانی کۆنناسی لایان وایە کە بۆ یەکەمین جار (فلز) لە لوڕستان بەکار هاتووە» (٨٢، ص١٢٨) هەر بۆ بەکارهێنانی مس: «لە چاویۆنوو بەڵگەی ئەوە دۆزرایەوە کەکۆنترین بەکارهێنانی (مس)ی ناوچەیی لەو گوندەبووە» (١٢٥، ص١٦٥) مرۆڤ کە ژیانی پێشدەکەوێ بیر لەهونەر دەکاتەوە ئەوا: «کۆنترین ئامێری مۆسیقا کە شمشاڵێکی لەئێسک دروستکراو بوو، لەتەپە گەورە (؟) دۆزراوەتەوە» (١٢٥، ص٢٦٧) ئەگەر ئایین یەکجار کۆنە، ئەوا نیشانەکانی ئەو کۆنییە زۆربەی لەو پەیکەرانە بەدەردەکەوێ کە دۆزراونەتەوە: «ئەوەش لە گەنج دەرو دواتر لە زاگرۆس بەشێوەیەکی بێ وێنە دۆزراوەتەوە» (١٢٥، ص١٦٧) کۆنترین و یەکەمین هەر لەسنووری کەرەستە و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕاناوەستێ، دروستکردنی یەکەمین پەرستگاش دەگرێتەوە، (لالش) یەکەمین پەرستگایە و پێش هەموو شوێنێکی تر دروستکراوە، لەسەر قسەی برا ئێزدییەکان، دیسان: «یەکەمین نەتەوەش کە دەقە میخییەکان باسی دەکەن، (...) ئەوا دەگەڕێنەوە ناوچەی ڕۆژئاوا و خوارووی ڕۆژئاوای دەریاچەیی وان» (١١٨، ص٣٩-٤٠) دوا جار لەسەر قسەی "ئاوێستا": ئاهورامەزدا دەفەرموێ «یەکەمین جێگا و وڵاتی باش کە من ئاهورامەزدا دروستم کردبێ (ئێران ویج بوو» (٤٢، ص٧) ئەو ئێران ویجەی کە ئەو سەردەمە بەشێکی گرنگی کوردستان دەگرتەوە.

ئەمانە بەشێکی کەمی ئەو یەکەمین و کۆنترین- انەن کە لەبارەی مرۆڤی کورد و کاروپیشەی مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان گوتراون، ئەگەر نەتەوە و وڵاتێک، ئەم هەموو یەکەمین و کۆنترین-ەی تێدا کۆبێتەوە، ئایا: ناکرێ ئەوەش بڵێین کە یەکەمین ئەفسانەش لەنێو ئەم خەڵک و ئەم وڵاتەدا سەری هەڵداوە؟ کۆنترین ئەفسانەش هی ئەم خاک و وڵاتەیە؟! دەکرێ جارێکی تریش ئەوە بەبیر بێنینەوە، کە ئەفسانەی سۆمەرییەکان، کۆنترین ئەفسانەی هەموو جیهانە کە تائێستا بەتەواوی کەوتبێتە بەر دەست، دەرکەوت ئەو ئەفسانەیەش بەشێکی گرنگی ئەفسانەی کوردی پێکدەهێنێ.



**١-٨-١-١١- لەبارەی ئەفسانەی کوردییەوە:**

کورد وەکو مرۆڤ وەکو میللەتیش ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەگەڵ ئەو کۆنییەدا، ئەفسانەیەکی کۆنیشی هەیە، لێرەدا نامانەوێ بە (گریمانە) قسەبکەین، بەڵکە باسی ئەو کەس و دەقانە دەکەین کە باسی (ئەفسانەی کورد)یان کردووە- لەو سەرچاوانەی کەدەس من کەوتوون- هەروەها هەندێک لەو ڕایانەی کە باسی کۆنی (فۆلکلۆر- ئەفسانەی) ناوچەکەیان کردووە، دکتۆر (داوود سەللووم) دەنووسێ: «ئەدەبی حیکایەتی گیانداران بۆ یەکەم جار لەلای مرۆڤی شارستانی و دۆڵی - میزۆپۆتامیا- بەدیارکەوت» (٣٢، ل٢٢) دیارە ئەدەبی گیانداران بەشێکە لە فۆلکۆر و، دیسان ئەفسانەش بەشێکە لە فۆلکلۆر کەواتە دەبێ، ئەفسانەی ئەگەر نەڵێین پێش ئەدەبی گیانداران- ئەوا بێ شک پێکەوە سەریان هەڵداوە، هەر ئەو نووسەرە لای وایە بۆ یەکەمجار بابلی و سۆمەرییەکان ئەو ئەدەبەیان داهێناوە و لێرەوە پەڕیوەتەوە یۆنان، هەر لەبارەی کۆنیی ئەدەبی ئەم ناوچەیە (تاها باقر) دەنووسێ: «کۆنترین ئەدەبە لەجیهانی کۆندا» (١٣٣، ص١٢) دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئەم ئەدەب- فۆلکلۆر-ەی میزۆپۆتامیا و نێوان دوو ئاوان ڕیشە و بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەفسانەی ئەمڕۆی کوردییە. لەبارەی ئەفسانەی -ماد- ەکان (تئو دۆر نۆلدکە) دەنووسێ: «چەند کەسێکی یۆنانی لە زەمانی هەخامەنشییەکان، ئەفسانەی (مێرانی- حماسە) و تەواویان لەبارەی ڕۆژگاری ڕابردووی نزیک لە زمانی پارسی و مادەکانی (ڕۆژئاوای ئێران) بیستبوو، یەکەمجار واچاکە ناوی (کەتزیاس) بێنین کە پزیشکی تایبەتی (ئەردەشێری دووەم) بوو لەسەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایین کتێبەکەی خۆی نووسیوە» (٤٧، ص٣) هەر لەسەر قسەی (کەتزیاس) «ئەم ئەفسانانە لە بەرژەوەندیی پارسەکان نەبوون، بەپێچەوانەوە شای مادەکانی بەچاکی بەرجەستە دەکرد» لێرە ئەوە دەردەکەوێ کە لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ماد بەدەستی هەخامەنشییەکان، -ماد-ەکان واتە خەڵکەکە، لە فۆلکلۆری خۆیدا - بەئەفسانەشەوە بە مادەکانیاندا هەڵگوتووە لەدژی -پارس-ەکان فۆلکلۆریان هۆنیوەتەوە. ئەمەش کارێکی ئاساییە و لەنێو هەموو میللەتێک هەروا بووە و ئێستاش هەروایە بۆ نموونە: لە فۆلکلۆری ئەم دواییەی کوردی بەلاوک و ئەفسانە و حەیران و پەندەوە زۆر بەشانازی و مێرانییەوە بە (قەڵای دم دم)دا هەڵدەڵێین و فارسەکان سەرزەنشت دەکەن. (کازم سەعدەددین) دەنووسێ: «هیرۆدۆتس. ئەوەی ئەو ناوچەیە گەڕاوە کە ئەمڕۆیە بەتورکیا و عیراق و ئێران و مصر و وڵاتانی عەرەبی دەناسرێن و باسی زۆر ئەفسانە و حەکایەتی لە مێژووەکەیدا تۆمار کردوون» (١٥٤، ص١١) دیارە ئەفسانە و حەکایەتی، تورکیا و عیراق و ئێران، بەشێکی گرنگی ئەفسانەی کوردیش دەگرێتەوە، هەر (هیرۆدۆتس) لەبارەی ئەفسانەی میدییەکانەوە کە باسی پاشاکەیان (دێوسس) دەکات وشەی "ئەفسانەی" بەکاردێنێ، لەوەی کە ئەو پاشایە دەیەوێ تەمێکی ئەفسانەیی بەدەوری خۆیدا بڵاوبکاتەوە، ئەفسانەکە دەڵێ: «بەڵام، ئەگەر کەس نەیبینێ، ئەفسانەکە دەڵێ دەبێتە جۆرە پیاوێک جیا لەپیاوەکانی تر» (٢٢٠، ل١٩) ئەوەی لێرە زۆر مەبەستە بەکارهێنانی وشەی - ئەفسانە- یە، کە هیرۆدۆتس ئەو دەمە لەبارەی - ماد-ەکانەوە بەکاری هێناوە، هەر لەپێش زایین و زۆر ڕاستەوخۆتر (گەزنەفۆن) باسی

ئەفسانەی کوردان دەکات لەکاتێکدا بەهونەری هەڵاتن خۆ لەدەست کوردەکان ڕزگار دەکات، دەنووسێ: «دواجار ئێوارەیەکی ڕۆژە پاییزییەکان لە خوارەوەی خۆمان و لە قەراغ ڕووباری (سان تری تس – خابوور) خۆمان بینی، هەناسەیەکی خۆشیمان هەڵکێشا و چونکە خواردنێکی زۆرمان هەبوو شەو بەچاکی و خۆشی و گوتن و بیستنی ئەفسانە لەبارەی کوردەکانەوە ڕۆژمان کردەوە» (٥٧، ص٧٨) دیسان گەزنەفۆنیش باسی- ئەفسانە-ی کوردان و ئەفسانە لەبارەی کوردانەوە دەکات، ئەم ناوهێنانی ئەفسانەی ناوچە و هۆز و نەتەوەکانی کوردستان دواجار ئەفسانەی کوردی- خۆی، ئەمەش بۆخۆی نیشانەیەکی تر و بەڵگەیەکی زیندووی ئەفسانەی کوردییە بەتایبەت ئەوانەی پێش زایین باسیان کردووە، دیارە ئەگەر شتێک نەبێ و زۆریش گرنگ و بەرچاو نەبووبێ، لەو ڕۆژگارە گرنگی پێ نەدەدرا و باس نەدەکرا. ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە بۆ زیندوویێتی ناو و ناوەڕۆکی ئەفسانەی کوردی پێکەوە.

ئەو ئەفسانەیەش وەکو نەتەوەکەی ئەفسانەیەکی خۆڕاگر بوو ئۆردیخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل گوتوویانە: «زاڵمان و زۆرداران گەلێک سامانی گەلی کوردیان زەوت کردووە، بەڵام ـ شایانی باسە کە فۆلکلۆرەکەی یەکێکە لەو میراتە، بەرز و جوانەی کەبەر هێرشی بێگانە نەکەوتووە و بۆ کورد ماوەتەوە» (٢٤، ل٥) ئەو فۆلکلۆرە کوردییەی کە ناتوانرێ بدزرێ ئەوا بەشێکیشی – ئەفسانەیە، ئەو ئەفسانەیەی لەسەر قسەی (عەلی ئەشرەف درویشیان) کە دەڵێ: «لەنێو ئەفسانەی میللەتان، ئەفسانەی ئێرانی شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، لەو نێوانەشدا ئەفسانەی کوردی خاوەنی ڕەنگ و بۆنی خۆیەتی» (٧٧، ل١٩) ئەو ئەفسانەیەی کە زانایان و ڕۆژهەڵاتناسان وەک "مار"و "نیکیتین" و "مینۆرسکی"و "سیمنۆف"و" ڤیلچیڤسکی" و لاسکو"، هەروەها نووسەری گەورەی کورد (عەرەب شەمۆ) بگرە "بۆڤیان"یش: «ئەفسانەیان کردووە بەکەرەستەیەک بۆ ساغکردنەوەی هەندێ بیرو باوەڕی ئایینیی – کۆن و تازەی کورد» (٢٣، ل١٤) ئەمەش نیشانەی کۆنی و گرنگیی و پڕ زانیاریی ئەفسانەی کوردییە، کە زانایان کردوویانە بەکەرەستەی لێکۆڵینەوەی ژیانی گەلی کورد، ئەو کەرەستەیەی بۆخۆی- ئینسکلۆپیدا- یەکی دەوڵەمەندی میللەتەکەمانە.

**١-٩-١- مێژووی ئەفسانەی (فارس)ەکان:**

مێژووی هاتنی -ئاری-و هیندۆ ئەوروپییەکان بۆ ئێران، مێژوویێکی هاوبەشە لەنێوان – ماد و پارس و هەموو ئەو نەتەوانەی دواتر لەو هاتن و تێکەڵبوونە کەوتوونەتەوە، ئەوەی ئێرانییەکان بەناو (مێژووی ئەفسانەی ئێران) و دەقی ئەفسانە و ئەفسانەی خواکانی ئێرانی باسی دەکەن، لەپێش زایین، تاوەکو دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی، ئەو مێژوو و ئەفسانانە، ئێمەی کوردیش، وەکو فارسەکان خاوەنی ئەو مێژوو و دەقە ئەفسانەییانەین، بەشێکی ئەفسانەی ڕاستەقینەی فارسەکان، لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی دەست پێدەکات، هەروەک مێژووی ئەفسانەی کوردیش بەشێکی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ماد دەست پێدەکات ئەوەی پێشتر ریشەی دروست بوونە! هەر چەندە هەندێ جار ڕیشەیەک ڕاست لە ڕووباری سەرەکی دەکاتەوە، هەندێ جاریش ڕیشەی هاوبەش هەیە، وەک ئەو ڕیشە هاوبەشەی نێوان کوردو فارس، لە(مادو پارس)دا، دیارە ئەم کۆچ و هاتنەش، ئەگەرچی بۆ ماد و پارس



پێکەوە بووە و زۆریش لێک نزیکن، بەڵام هەر لە ئەوەڵەوە، هەریەکە و بەناو و هۆزی تایبەتی و جیای خۆی هاتووە (بەهرام فرەوشی) دەنووسێ: «ئەم دوو هۆزە گەورەیە بەهەموو تایفەکانیانەوە ڕوویان کردە ناوچەی بەپیت و بەرەکەتی دەوروبەری دەریاچەی ڕەزاییە (ئورمیە- شهراب) هۆزی "ماد" لە دەوروبەری خوارووی ڕۆژهەلاتی دەریاچە لەنێوان تەورێز و هەمەدان گیرسانەوە، دواتر تا ئەسفەهان چوونە پێش هۆزەکانی پارس لە ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای خوارووی دەریاچە- لەناوچەی ئەردەڵانی ئێستا جێگیر بوون» (٤٢، ص٢٨) لەم نووسینە ئەوە بەدەردەکەوێ کە هەر لەکاتی هاتنیان- هەر چەندە پێکەوە هاتوون- دوو هۆزی لێک جیابوون و هەتا گیرسانەوە و جێگا گرتنیشیان لەگەڵ یەک نەبوو، هەر چەندە زۆریش لێک دوورنەبوون. ئەم دوو هۆزە هەر لەسەر قسەی فرەوشی- «ماد و پارس هەندێک جیاوازییان لە گەڵ یەکدا هەبوو، بەتایبەت لە شێوە زارەوە» ئەو هۆزە جیاو لێک نزیکە لەسەر قسەی (شاهروخ مسکوب): «-پارسەکان- لەسەردەمی پاشایەتی مادەکان پێگەیشتن و پەڕو باڵیان گرت، » (٦٨، ص١٤) ئەو جیاییەی کە لەنێوان – ماد-و- پارس دا هەبوو لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی "ماد" زیاتر پەرەدەسێنی، بەتایبەت پارسەکان لەژێرەوە بۆ ئەوە کاردەکەن کە دەسەڵات بگرنە دەست (سیرۆس) سەرکردەی پارسەکان، لەوکاتەی "ماد" ەکان لە سەر حوکم بوون، ئاوا هانی پیاوانی خۆی دەدا: «... بەگوێی من بکەن و ئازادیی خۆتان بەدەست بێنن، دژی میدییەکان بجەنگن، ڕاستییەکەم پێگوتن و خۆتان دوامەخەن، ڕاپەڕن بۆ لەنێو بردنی بەندایەتی» (٢٢٠، ص٢٣) ئەوەی لێرە گرنگە (سیرۆس) خەڵکەکە دژی میدییەکان هان دەدات و خۆیان -پارس- بەبەندە و ژێر دەستی میدییەکان دەزانێ، ئەوە هەر تەنیا پارسەکان خۆیان بەجیا نەدەزانی؛ بەڵکە "ماد"ەکانیش "پارس"ە کانیان بەغەریب دادەنا، (ئیستیاگس) کە دەگیرێ ڕوو لە سەرکردە "ماد"ە خیانەتکردووەکە دەکات و دەڵێ: «تۆ بەدکاری بەم کردەوەیەت کوڕانی میللەتەکەی خۆت- میدییە پیاوچاکەکان- ت لە سەرداریییەوە کردە بەندە، چونکە تۆ دەسەڵاتت دایە پیاوێکی تر لەجیاتی ئەوەی بەخۆت بیگریە دەست زۆر چاک دەبوو ئەگەر بتدابایە گەلەکەت مدییەکان نەک بۆ پارسە غەریبەکان میدییەکانت کردە ژێردەستە» (٢٢٠، ص٢٣) ئەوەتە ئیستیاگس پاشای میدییەکانیش کە دەگیرێ -پارس- ەکان بەغەریب دەزانێ و سەرەنشتی (هارباکۆس) دەکا لەوەی کە دەسەڵاتی بۆ خۆی گیرنەداوەتەوە، بەڵکە داویەتە دەست غەریبان، پاش ئەوەی دەوڵەتی مادەکان دەڕووخێنن، (داریۆش) پاشتر دەبێتە پاشای پارسەکان، ئەو پاشایە زۆر بە(پارس)یەتی خۆی دەنازێ، کە من باوەڕناکەم، تا ئەو دەم هیچ (پارس)ێک هێندەی ئەو شانازیی بەمیللەتەکەی خۆی کردبێ، لەسەر قسەی (شاهروخ مسکوب): «داریۆش، خۆی بەپارسی کوڕی پارسی دەزانی» (٦٨، ص١٦-١٧) ئەم خۆ بەجیا زانینە لەنێوان ماد -و- پارس-دا دەگاتە رادەی جیای ڕەگەز. هەر (هیرۆدۆتس) کە باسی خەونی (ئیستیاگس) دەکات و ئیستیاگس خەونەکەی بۆ خەڵک و خەونزانان دەگێڕێتەوە دەڵێ: «خەونەکەم بەشێک لەڕاستی کۆتایی هات ئەو منداڵە(٨-٤١) بەپاشا ناودێر کرا ، ئەوە هەر تەنیا بۆ من جێی مەترسی نییە: لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێوەم دەوێ ڕێگایەکی ڕاستم بۆ دیاری بکەن بۆ سەلامەتیی بنەماڵەکەم و ئێوەش، خەونزانەکان گوتیان: گەورەم بۆ ئێمە هەلێکی گەورەیە کە سەرکەوتنی

شایەتییەکەت ببێنین. ئەو منداڵە بەڕەگەز پارسییە، ئەگەر دەسەڵاتی کەوتە دەست ئەوە ئێمە تەواوی میدییەکان ئەوانەی لە رەگەزدا لەگەڵ ئەوان جیاین سووکایەتیمان پێ دەکرێ و بەدەست ئەو پارسانە دەچەوسێینەوە، بەڵام تۆ نەوەی نیشتمانەکەمانی ئەگەر ئێوە لەسەر کورسیی پاشایەتی دابنیشن ئەوا لەلای ئێوە شوێنێکی پیرۆزمان دەبێ(٠٠٠) ئەو منداڵە لای باوکییەتی لە هەرێمی پارس» (٢٢٠، ص٢٢) ئەوەی لێرە جێگەی سەرنجە لەباسی - ئەو منداڵە پارس-ەی کە جێگای مەترسییە دووجار باسی (ڕەگەز) ی جیا دەکرێ، جیا لەگەڵ میدییەکان ئەو جیاییەی نێوان-ماد-و-پارس-ەکان (گەزنەفۆن)یش باسی دەکات، کاتێ لەگەڕانەوەی لە کوردستان کوردەکانی ئەوێ ڕۆژێ سەرێشەی زۆری بۆ دروست دەکەن و بەشەڕ چاریان ناکات دەیەوێ سیاسەت بەکاربێنێ دەزانێ جیایی و ناکۆکییەک لەنێوان ئەوان و - ئێران- پارس-ەکاندا هەیە دەیەوێ سوود لەو جیایی و ناکۆکییە وەربگرێ. دەڵێ «تووشی هەر کوردێک دەهاتین دەمانگوت ئێمەش وەکو ئێوە دوژمنی پاشای- ئێران- (پارس)ین، بەڵام، وەڵامێکمان نەدەبیست» (٥٧، ص٧٢) هەر بۆیە پشتگیری جیایی کوردەکان و پاشای ئێران، دەڵێ پاشای ئێران سەدو بیست هەزار شەڕکەری ناردبووە سەر ئەو کوردانە، کەسیان لێ نەگەڕابووەوە. ئەو جیاییە هەر لەڕەگەز و مێشکدا نەبووە، بەڵکە لەژیانی واقع و ڕۆژانەشدا هەروا بووە، ئەوەمان خوێندەوە کە پاشای ماد باسی منداڵەکە دەکات، خەڵکەکە دەڵێن: ئێستا ئەو منداڵە لەلای باوکییەتی لە هەرێمی پارس، واتە ئەو دەمە هەرێمی ماد و پارس لێک جیابووە، نەک هەر جیابووە بەڵکە نێوان ئەو دوو هەرێمە پڕ لە پاسەوان و خاڵی بازگە بووە، ئەوەتە هیرۆدۆتس دەنووسێ: «وەختێ هارباکۆس (سەرکردەی خایینی مادەکان) دەیەوێ سیرۆس ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لێی دوور دەبێ و ڕێگای نێوان میدیا و پارس پڕ لە خاڵی چاودێری دەبێ بۆیە بیری کردەوە نامە بنێرێ (*-٤٢) نامەکە دەخاتە نێو زگی کەروێشکێک و دەیدوورێتەوە و دەیداتە دەست ڕاوچییەک تا کەروێشکەکە بداتە سیرۆس» (٢٢٠، ص٢٢). ئەم نێوانە پڕ لە بازگە و پاسەوانەش بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کەئەو دەم کە مادەکانیش لەسەر حوکم بوون - ساردە شەڕ- ێک لەنێوان ماد و پارسەکاندا هەر هەبووە.

لەم هەموو بەڵگە هێنانەوە بۆ سەلماندنی جیایی ماد و پارس، بۆ ئەوەیە بیسەلمێنم کە - ئەفسانەشیان جیا بووە، دەنا ئەگەر میللەتێک هەبێ، بەخوێن و مێژوو نزیک لە ماد -کورد- ئەوا ئەو میللەتە پارس - فارس -ەو هیچ میللەتێکی تر لەوان نزیکتر نییە بۆ سەرهەڵدانی مێژووی ئەفسانەی (فارس)ەکان. ناڵێم ئێران و پارس، بەلای منەوە ئەو مێژووە لەدروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشییەوە دەست پێدەکات و بەنووسین دەقی نووسراوی ئەفسانەی فارسیش بەزمانی فارسی، ئەوا لەگەڵ نووسینی (شاهنامە) لەسەردەستی (فیردەوسی) سەرهەڵدەدا، دیارکردنی ئەو مێژووی سەرهەڵدان و نووسینە، بەو مانایە نییە کە فارس پێشتر ئەفسانەیان نەبووە-، بەڵکە دەتوانن__ وەک ئێستاش کردوویانە__ ڕیشەی ئەفسانەی خۆیان لەنێو ئەو مێژووە ئەفسانەیەدا بدۆزنەوە کە لەهیند و ئێران و کۆچ ئارییەکانەوە دەست پێدەکات وەک ئەوەی کە کوردیش دەتوانێ ئەمە بکات. مێژووی پێش دروستبوونی دەوڵەتی ماد بۆ ئارییە هاتووەکان و ئێرانییە نیشتەجێکان، مێژوویەکی هاوبەشە ئەوەتا پارسەکان بەشێکن لە سوپای



ئیلامییەکان هەر بەهۆی بەشداری لەو سوپایە بۆ یەکەمین جار لە مێژوو ناوی (پارس) دێتە ناوەوە (شاهروخ مەسکوب)ی لێکۆڵەرەوەی ئێرانی دەنووسێ: یەکەمین جار کە ناوی پارس- ەکان دەبیسین لە ٦٩٠ پ.ز یەوەیە کاتێ لەنێو سوپای ئیلامییەکان لەگەڵ ئاشوورییەکان دەجەنگن، واتە ئەو کاتە ناوی تایبەتی خۆشیان هەبووە؛ بەڵام؛ وەک مادەکان و زۆر هۆزی تر تێکەڵاو بوون و لەژێر فەرمانی شای ئیلامییەکاندا بوون.

لەبارەی مێژووی ئەفسانەیی و ئەفسانەی ئێرانییەکان- بەهەموو هۆز و نەتەوەکانییەوە (تئۆدۆر نۆلدکە) دەنووسێ: «ئێستا دەتوانین بەئاسانی ئەوە بسەلمێنین کە هەر لەو کاتەی ئاوێستا پەیدا بوو کە (کتێبێ؟) لە مێژووی ئەفسانەیی ئێران کەبەڕێکی پەیوەندیی پێکەوە هەبووە، کە زۆریش ڕێی تێدەچێ نووسرابێتەوەش» (٤٧، ص٢) ئەوەی لێرە گرنگە (تئۆدۆر نۆلدکە) باسی مێژووی ئەفسانەیی و ئەفسانەی پێش پەیدابوونی ئاوێستا و سەردەمی ئاوێستاش دەکات و ڕای زۆر بەلای ئەوەشدا دەچێ کە ئەو مێژوو و ئەفسانەیە نووسرابێتەوەش، لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەفسانە و مێژووی (ئێران) دەکات، نەک پارس و ماد.

دروستبوونی میللەتی کورد و فارس، لە یاسایەک دروست نەبووە کە جیابێ لە یاسای دروستبوونی میللەتانی تر، بەڵکە زۆربەی میللەتان هەروا دروست بوون. ئەوەش ئاشکرایە، چ کورد، چ فارس، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی نیشتەجێکانی ئێرانی ئەو سەردەم و هاتنی کۆچ کردووەکان بووە، ئەوتێکەڵبوونەش ماوەیەکی زۆری ویستووە تا لەژێر ناوی کورد و فارس دەقی گرتووە، ئەم دروستبوونی میللەتەش لەگەڵ خۆی هەموو سیما نەتەوەییەکانی تریشی دروست کردووە لەوانە -ئەفسانە-ش. بۆ ئەفسانەی فارسەکان- جارێکی تر دەیڵێمەوە- لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشییەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ نووسینی (شاهنامە)ش تەواو دەچەسپێ. هەر بۆ پشتگیریی پێگەیشتنی زمانی (فارسی) بەهۆی شاهنامەوە لێکۆڵەرەوەی ئێرانی (نیهال تجدد) دەنووسێ: «لەکاتی رووخانی ساسانییەکان زمانی ئەدەبی ئێران زمانی عەرەبی بوو، فارسی میانە چەرخی ڕەسەنی شارستانیەتی ساسانییەکان، لەبەردەمی لەنێوچوون بوو، لەو کاتەدا لەڕۆژهەڵاتی ئێران ئەدەبێکی نوێ بەزاراوەی ئێرانی سەر هەڵدەدا و زمانی فارسی پەیدا دەبێ، شیعرەکانی فیردەوسی هەوەڵین شاکاری ئەو ئەدەبە نوێیەیە» (٢٢١، ٣١، ص٢٩) ئەو نووسەرە دەڵێ زمانی فارسی (شاهنامە) یەکەم شاکاری پەیدابوونییەتی. بۆ ئەفسانەی کوردیش بەشێکی گرنگی لەگەڵ دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی ماد سەرهەڵدەدا و بەشەکانی تریش لە سۆمەر و عیلام و ئەوانی ترەوە سەری هەڵداوەو هەمو و بەشەکان تێکەڵ بوون و ئەفسانەی کوردییان پێکهێنا، ئەوەی گرنگە (فیردەوسی) بە شاهنامە، زمانی یەکگرتووی فارسی دامەزراند و خۆی گوتەنی (فارسی زیندوو کردەوە) بەڵام، تا ئەمڕۆکەش بەزمانی یەکگرتوو، بۆ کورد ئەوە نەکراوە.

ئەوەی پێشتر لە بەشی ئێراندا بەشێوە جیاکانی- پەهلەوی- نووسراون، میراتی هەردوو لامانە و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو دەتوانن ڕای جێگیرتر دەربڕن، چونکە یاسای دروستبوونی زمان، یاسایەکی کتومت یاسای دروستبوونی میللەت نییە! زۆر نەتەوە هەن خوێنێکیان لە دەماردا دەسووڕێ و زمانێکی

تریان لە دەمدا دەگەڕێ.

**پەراوێزی بەشی یەکەم:**

تێبینی: لەبەر ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرچاوەکان ژمارەیان بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ پەراوێزەکان تێکەڵ نەبن ژمارەی پەراوێزەکان بە (*-) جیاکراونەتەوە لەگەڵ داوای لێبوردن.

(*-١): ئەو سەردەمەی کە(ج مفرد) باسی دەکات. هێشتا وشەی (فارس) بەکار نەدەهات، بۆ ئاوێستاش زۆرتر زمانی ئاوێستا بەکاردێ، زمانی ئاوێستاش ناکاتە زمانی فارسی ئەمڕۆ.

(*-١، أ) ئەحمەدی خانی لە مەم و زین-دا وشەی (فەسانە)ی بەکارهێناوە، (هەژار) بە(چیرۆک) مانای لێکداوەتەوە، کەچی (دکتۆر عزەدین مستەفا رەسول) بە (بڵاوکردنەوە) وەریگێڕاوە (سەیری مەم و زین) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی دکتور عزەدین (١٠٩أ) بکە.

(*-٢): (چیرۆکی خواکان اسطورە = ئەفسانەی خواوەندەکان، واتە ئەو چیرۆکەی باسی کار و ژیانی ڕۆژانەی خواوەندەکان دەکات.

(*-٣): ئێران، بۆ ئەو سەردەمە ناوچەیەکی زۆر نەتەوە و جوگرافیایەکی فراوانی دەگرتەوە، کە ناکاتە (فارس) و (ئێران)ی ئەمڕۆ.

(*-٤): بەڕای من دابەشکردنی چیرۆکی ئەفسانەکان لەسەر ئەم بنەمایە شتێکە دەرگا بۆ زۆر جۆر دابەشکردنی تر دەکاتەوە، کە لە خزمەتی (زانستی ئەفسانە)دا نییە.

(*-٥): کۆکردنەوە و چاپکردنی ئەفسانەی هەموو ناوچەکان و هەموو زارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی کارێکی پێویستە، چاپکردنەوە و کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی تا ئێستاش بەشێوە جیا جیاکان بڵاوکراونەتەوە، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات و کاری لێکۆڵەرەوە ئاسان.

(*-٦): ئەفسانەی خواوەندەکان لەنێو کورد، بەشێوە فۆلکلۆرییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خۆی لەگەڵ بیری سەرەکیی ئیسلام گونجاندووە؛ بەڵام، لەئەفسانەی ئەو هۆزانەی کەلەپێش زایین ژیاون و دواجار بوونە بەشێک لە کورد ئەمجۆرە ئەفسانەیە هەن.

(*-٧): یەک لەهۆیەکانی دروستبوونی ئەفسانە بەرزکردنەوە و پیرۆزکردنی مێژوو کەسایەتییەکانە، شێخ مەحموودیش وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی، زۆر کاری ئەفسانەیی دراوەتە پاڵ. بۆ نموونە دەڵێن: «کە دەچووە شەڕ و دەهاتەوە، بەر پشتی خۆی دەکردەوە گوللە تفەنگ بەر دەبوونەوە، چونکە گوللە شێخی نەدەبڕی» کەچی هەموو خەڵک دەزانێ شێخ لەپشت (بەردەقارەمان) بریندار بووە.

(*-٨): لە ئەفسانەی خواوەندەکان بۆ دەقی کوردی دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو دەقانەی سۆمەرییەکان و پێش ئایینی زەردەشتی و دوایی ئەو ئایینە، کە لەنێو -ئەفسانەی ئێرانی- دا زۆر باسکراون، ئێمەش حەقمان هەیە، ئەو ئەفسانانە بەمیراتی خۆمان بزانین، چۆن دواتر هەر لەم لێکۆڵینەوە، ئەم ڕایە دەسەلمێنین.

نموونە بۆ ئەم باسانە زۆرن. بەڵام، قەوارە زیادبوونی باسەکە کەنامەیەکی زانستییە ڕێگەی لێ گرتین، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم زۆرتر لەسەر ئەم بابەتە بوەستم.

(*-٩): لەنێو زۆر دەقی ئەفسانەیی پاڵەوان - کوڕەی ژنخواز دەڵێ: ( ئێمە ژنی بەگێچەڵمان دەوێ) بۆ نموونە سەیری (چل کەزی) بکە- کۆمەڵە هەقایەتێکی کوردییە- طارق جمباز کۆی کردووتەوە.

(*-١٠): سینەم پاشا: بەسەرهاتی ئەو پاشایە، ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ژنەکەی ناپاکی لەگەڵدا دەکات، هەموو



ناپاکەکان دەکوژێ و لە ئەفسانەیەکدا ژنەکەی دەکاتە سەگ و لە یەکێکی تر بەتەنیا لە ئەشکەوتێی بەند دەکا و دەرگای لەسەر دادەخا، بۆ نموونە سەیری(تێکستی قەناتی کوردۆ- ل٩٥-١١٤) بکە.

(*-١١أ) لەبەر ئەوەی ئەو کتێب و سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار هاتوون وەرگرتن و وەرگێڕانی زۆر زمانی جیاجیایان تێدایە، بۆیە هەندێ لەناوی شوێن و کەسەکان شێوەی جیا جیایان بۆ پەیدا بووە، وەک (یۆنگ - یۆنغ) و زۆری تر، تکا دەکەم خوێندەواران ئاگاداری ئەم گۆڕانانە بن.

(*-١١): مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) لە ٢٠٠٠/١/١٥ لە تەلەفزیۆنی گوڵان- هەولێر- گوتی: (زەڤیا چەمێ) ڕاستە، نەک (زاوی جمی).

(*-١٢): زۆر لە بێگانەکان لەکاتێکدا ناوی شوێنێکی کوردی، یان کەسێکی کوردی دەنووسنەوە، بەهەڵە و بەفۆنەتیکی خۆیان گوێ دەکەن، کاتێ هەر ئەو ناوە جارێکی تر دێتەوە ناو خۆمان، شێوە ڕەسەنە کوردییەکەی لەدەست دەدا. بۆ ناوە جوگرافی و مێژووییەکان پێویستمان بەلیستی ڕاستکردنەوە هەیە.

(*-١٣): سەیری گۆڤاری مەتین بکە ژمارەکانی ٧٣، تا ٩١ کە زنجیرە وتارێک بڵاوکراوەتەوە، لێکۆڵەرەوە (مەسعوود سەعید یاسین) بەعەرەبی لەژێر ناوی (سۆمەرییەکان: ئەرێ ئەگەر کورد نەبن، چ کەسن؟) بڵاوی کردووتەوە.

(*-١٤): کۆی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەگەیەنێ کە سۆمەرییەکان بەشێکی گرنگن لەپێکهاتەی میللەتی کورد، هەر بەم شێوەیە، ئەفسانەکانیشیان بەشێکە لە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی.

(*-١٥): هەندێ ڕای وا هەیە، کە لەنێوان (دوو ئاوان) و (ئێران)ی ئەو سەردەمە کۆچەکە بەرەو هیند چووە، لێکۆڵەرەوە (دکتۆر فەوزی ڕەشید) یەکێکە لەوانەی ئەم ڕایەی هەیە و دیسان ئەفسانەی (ماڵاڕەش) کە لە داهاتوو باسی دەکەین، باسی ئەوەدەکا لەسەردەمی لافاوی گەورە بنەماڵەی (ماڵاڕەش) بۆ دەرباز بوون چوونەتە هیند.

(*-١٦): (وندیداد): کتێبێکە پەیوەندیی بەڕێو ڕەسمی ئایینی زەردەشتی هەیە، هەندێ ڕەگەزی ئەفسانەی تێدا لە بیست و دوو (فەرگەرد) بەش پێکهاتووە. (تاریخ اساطیری ایران ص٧).

(*-١٧): (ئائیرین واجە) و (بوختان ویج) پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی هەیە، کە دوور نییە زۆر نهێنییان لەنێو خۆیاندا شاردبێتەوە.

(*-١٨): (تنگ پدبان) ئەم ناوەش وەک زۆر ناوی شوێنە کۆنەکانی کوردستان ناوەڕاست و ناوچەییەکەیان نەزانی، ئەمە گرفتێکە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە.

(*-١٩): (مێژوونووسان باسی زۆر هۆز و تایفە دەکەن لەکاتی کۆچکردنیان بەتایبەت ئەوانەی بۆ ئێران هاتوون، لەگەڵ ماد و پارسەکان، بۆ- ماد -ەکان دەڵێن شەش تیرە بوون: بوئوسائی، پارتاکنوئی، ستروئوخانس، ئەریزانتوئی، یوئودیوئی، مگوئی، هەروەها بۆ پارسەکان، ئەمانە هەندێک لەناوی ئەو تیرانەیە: پانپیلایوئی، دروئوسی یوئی، گەرماپیوئی، دئوئی، مردوئی، دروپیکۆئی، ساگارتوئی...هتد» ( سەیری - ایرانویج، ل٢٦- بکە).

(*-٢٠): «هەزاران ساڵ لەوە پێش لە کەناری دەریاچەی(ئورامیە URAMIH ) کە بەهەڵە ئەمڕۆ- ئورمیە-ی پێ دەڵێن و بەرۆمی دەزانن، تیرەیەک لە مادەکان لەو ناوە دەژیان و پێیان دەگوتن (ئەورام) ئەمڕۆ بە(ئەورەمانی) هەورەمانی دەناسرێن». (ایرانویج. ص٣٤).

(*-٢١): (ئەردەڵان) وشەی ئەردەڵان دەتوانین بیگێڕینەوە سەر شێوە کۆنەکەی، art-aranکە (artalan)و ماناکەی دەکاتە(ئێرانی پیرۆز). تەماشای- (ایرانویج ل٢٨- بکە).

(*-٢٢): ڕستەی (لێک ڕاست هاتنی ئەم هۆزانە لەگەڵ هۆزە هێرش بەرەکانی ڕۆژئاوا)، بەپێی نووسراوە دەست کەوتووەکانی (ئاشوورییەکان) ئەوە دەسەلمێنێ کە لەکاتی هاتنی کۆچکردووەکان هۆزی نیشتەجێ هەبوون، کە هاتنی هۆزەکانیان قبووڵ نەکردووە و هێرشیان کردوونەتە سەر، ئەمەش هۆیەکە بۆ درەنگ تێکەڵبوونی، هاتووەکان و نیشتەجێکان.

(*-٢٣): لەبارەی ساسانییەکانەوە ڕایەک هەیە دەڵێ: ساسانییەکان کوردن، لەکتێبی (الرسل والملوک) ئەردەشێری بابکان نامەبەری ئەردەوان نامەیەکی بۆ دێنێ و ئەویش خەڵکەکە کۆ دەکاتەوە و نامەکەیان بۆ دەخوێنێتەوە، کە لەنامەکەدا هاتبوو «ئەوە لەخۆت گۆڕاوی ئەی کوردی لەنێو ڕەشماڵی کوردان بەخێوکراو کێ ڕێگەی بەتۆ دا تاج لەسەر بنێی و دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگری؟» (گۆڤاری کۆڕ بەرگی سێزدەهەم ١٩٨٥ ل٣٦٦) کورد هەمیشە وەختێ جوێنی پێدەدرێ بەجوانی ناوی دێت، بەڵام، کەپێدا هەڵگوترابێ ئەوا باسی ڕەگەزەکەی ناکەن.

(*-٢٤): کە توخمی (کیو مرث) دەڕژێتە سەر زەوی، لەپاش چل ساڵان کەلەڕێواسێک سەوز دەبێ و دەبێتە دوو لق و هەر لقەی پازدە پەلک دەگرێ، ئەو پازدە پەلکە بەرامبەر پازدە ساڵی مەشیە و مەشیانەیە، ئەو مەشیە و مەشیانەیە لە ئایینی زەردەشتی بەرامبەر(ئادەم و حەوا)یە، بەڵام، ئەم دووانە لە ڕێواس پەیدا دەبن و نەوە دەنێنەوە، بەپێی ئەفسانەی زەردەشتی.

(*-٢٥): لە ئەفسانەیەکی مانی، باسی ئەوە دەکات کە لافاو لە ئەنجامی کوشتنی تیمساحێک ڕوو دەدا، لافاوێک کە نیشانەی کۆتایی جیهانە.

(*-٢٦): مانگی دسیوس-ی مەکەدۆنی بەرامبەر مانگی ئایاری بابلییە و دەکاتە مانگی دووەمی بابلییەکان.

(*-٢٧): چیای ئەرارات: د. جەمال ڕەشید دەڵێ: ئەم ناوە لەناوی قەومی - ئۆرارتو- وە هاتووە کە ماوەیەک لەو ناوچەیە حوکمیان کردووە.

(*-٢٨):وا دێتە بەرچاو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاو. کەشتی سەرئاوکەوتوو ڕێگە بۆ ئەوە خۆش بکات دەریاکانی دەوروبەری کوردستان بەرچاو کەوتبن.

(*-٢٩): هەرچەندە ئێمە دەقە سۆمەرییەکەمان بەزمانی سۆمەری نەخوێندووتەوە، بەڵام، لەناوی -جەزیرە- وا دێتە بەر زەین کە مەبەست -ناوچەی جەزیرەی کوردستانی باکوور بێ کە لە چیای (جودی)یەوە نزیکە-.

(*-٣٠): (ئەگەر -سن جار) مانای سەر ڕەق و لامل بدا ئەوا ئەو وشەیە سن جار - سن جاڕ- سنجاڕ- منجاڕ- منجڕ- دەکرێ ئەم گۆڕانەی بەسەرداهاتبێ، کە ) منجڕ ( ئێستا مانای لامل و سەرڕەق دەدا، (ئەمە هەر تەنیا ڕایە و بەس).

(*-٣١): ئەم کۆچ کردنەی -ماڵا ڕەش- بەرەو هیند لەپێش وەختی لافاو بەپێی ئەفسانەکە، پشتگیرییەکی بەهێزی ئەوانە دەکات کە دەڵێن: لە ڕاستیدا، خەڵک لێرەوە بەرەو هیند کۆچیان کردووە، نەک بەپێچەوانەوە، دڵنیام لێکۆڵینەوەی زۆرتر لەم بارەیەوە ڕای تازە دروست دەکات.

(*-٣٢): کیومرث: لە زمانی ئاوێستا (goyehe-marathon) لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم گیە واتە ژیان و ڕۆح و جان بەشی دووەمی مەرتنو، واتە مردن کە سفەتی جانە. لە پەهلەوی gayomartی پێ



دەڵێن، کە باوەڕی ئایینی وایە کە خودا خۆی کیومرثی دروست کرد و سی ساڵ لە چیاکان ژیا کە مرد پاش چل ساڵ لە خاکی ئەو ڕێواس سەوز بوو لەم ڕێواسە مەشی و مەشیانە پەیدابوون.

(*-٣٣): فیردەوسی ئەو رزگارکراوانە بەباپیرانی کورد دەزانێ، کە لە مەرگی مســــــۆگەر رزگاریان بووە، ئەگەر هەر بەمەنتیقی ئەو دەمەی فیردەوسی بیر بکەینەوە، ئەوا دەبێ ئەو ڕزگارکراوانە، هێزی شۆڕش و پشتگیری کاوە بن، چونکە ئەوانە لە مەرگی مسۆگەر ڕزگاریان بووە و ئەوانەش کە سەربڕاون و کەسوکاری ئەوان بوون، تۆ بڵێی ئەو کوردانەی هەموو مێژوو باسی ئازایەتییان دەکات، پاش رزگاربوونیان پشتیان لە ژیان و خەڵکەکە کردبێ؟!

(*-٣٤): مات کورداکی، ئەم ناوە لێکدراوی مات -ماد- و -کورداکی- کورد، بەڵگەیەکی گرنگی کورد بوونی مادەکانە.

(*-٣٥): میترا: خوداوەندی تیشک و ڕاستی و لە ئەفسانەی ئێرانی، لە ئەوەل لە هێلکە بەردێک سەری دەرێنا و بەدەستێکی بلێسەی ئاگری هەڵگرتبوو دەستەکەی تر کێرد.

(*-٣٦): میهرپەرستی: ( Mitherasim ) میهر یەکێ لەو خودایانەیە کە لەڕۆژگارێکی زۆر زوو لە ئێران و هیندستان پەرستراوە و ڕێزی لێگیراوە، باوەڕ وایە لەزەمانی مادەکان پەرستراوە و لە ئایینی زەردەشتی ڕەنگی داوەتەوە.

(*-٣٧): لەناولێنانی زەردەشت و باوکی بەوشتر زەرد و ئەسپی پیر، کارێکی زۆر دوور نییە، لەکاتێکدا مێژوو ئەوەی سەلماندووە خەڵکی ناوچەکە ئەسپ و وشتریان بەخێو کردووە، ئەم ڕەوشتە ئێستاش باوە، کە خەڵک بەپیشەکەیەوە ناو دەنرێ، جگە لە ئاژەڵەکان وەکو، حەمەکەردار و قالەمەڕێ، ئێستا ناوی ماشێنی وەکو، عەلی بەرازیلی و حەسەن شۆفەرلێت و سەمیر کوپەش زیادی کردووە.

(*-٣٧أ): لەم لێکۆڵینەوەدا و لە باسی (ماد)ەکان و (زەردەشت و ئاوێستا) چەند مێژوویەکی لێک جیا دەکەونە بەرچاو، ئەمەش بەڵگەی ئەمەیە کە هێشتا لێکۆڵەرەوەکان نەگەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە یەک مێژوویان بۆ دیاری بکەن.

(*-٣٨): ناوی - ئێزدی «یەکێ لە شارەزایانی زمانە کۆنەکانی - سۆمەری و بابلی و ئاشووری دەڵێ: (ئێزیدی) بەخەتی مێخی و سەردەمی سۆمەرییەکان ئاوا نووسراوە و ماناکەی واتە گیانی فەڕ و پیس نەبووی ئەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆن، بەڕای ئەو زانایە مێژووی ئێزیدییەکان دەگەڕێتەوە هەزارەی سێیەمی پێش زایین و کۆنترین ئایینی کوردە لەناوچەی شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵات» (دراسات الميتولوجيا ص٣١).

(*-٣٩):دیژنپیشت: دژ نقشت: ئەو کتێبخانەیەی کە ئاوێستای بەئاوزێڕ نووسراوی تێدا هەڵگیرابوو، دژ واتە قەڵا، نپشت، نقشت، نوشتە، نووسراو، واتە قەڵای نووسراوی پیرۆزو ئەو قەڵایەش بە لەشکر پارێزراوە، ئەسکەندەر ئەم قەڵاو ئاوێستایەی سووتاند.

(*-٤٠): ئەم دوو لێکۆڵەرەوە (مەسعوود سەعید یاسین) و (عیمادوددین دەولەتشاهی) هەردووکیان دەڵێن زاناکان ئەوانەی لە سۆمەری و زەردەشتییان کۆڵیوەتەوە، ئەگەر کوردییان زانیبا، دەگەیشتنە ئەو ڕایەی کە زمانەکان واتە سۆمەری و ئاوێستایی کوردین، ئەوەش هەردووکیان پاش لێکۆڵینەوەی -زمانی- گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە و هیچیشیان ئاگایان لە یەکتر نەبووە.

(*-٤١): ئەو منداڵەی کوڕی -مەندانە-ی کچی ئوستاگی شای مادەکانە و باوکی پیاوێکی فارسە ناوی -

قەمبیزس-ە، ئەو منداڵە لە خەوندا پاشا وەک مەترسییەک دەبیبنێ و دەیەوێ بیفەوتێنێ، کەچی ئەو منداڵە کە ناوی (سیرۆس) بوو دواجار بەسەر شای مادەکان دا زاڵ بوو و دەسەڵاتی گرتە دەست.

(*-٤٢): لەو نامە ناردنە مانای وایە نووسین هێندە پێشکەوتوو بووە، بە شێوە و ئامرازەوە کە نامەی هێندە بچووک بنووسرێ، لەنێو زگی کەروێشک جێگای ببێتەوە، ئەوەش نیشانەیەکی پێشکەوتن و پێگەیشتنی لەمێژینەی (ماد)ەکانە.



بەشی دووەم

# گەڕان بەدوای نەمریی لەئەفسانە جیهانییەکاندا

**بەرەو پێگەیشتنی مرۆڤ :**

٢-١- مرۆڤ یەکەمین "گیانلەبەر"و لێوەشاوەترین "گیانلەبەر"ە کە دەتوانێ پرسیار بکا و بەدوای وەڵامدا بگەڕێ و نهێنییەکان بدۆزێتەوە. نهێنییەکانی ئەم گەردوونە بێ سەرو بنە! یەکێ لەو نهێنییانەش "مرۆڤ!!" خۆیەتی. مرۆڤ لەکوێوە هاتووە؟ چۆن هاتووە؟ کەی هاتووە؟ هەندێ لە ڕێبازە زانستییەکان و هەندێ لە زانایان، مرۆڤ بۆ پەرەسەندنی(شانە) دەگێڕنەوە، شانەی زیندووی زیندەوەر و رووەکەکان، ئەم پەرەسەندنەش لە شانەوە بۆ مرۆڤ بەملیۆنان ساڵ دەقەبلێنن و قۆناغەکانی دەستنیشان دەکەن و بیردۆزان بۆ قۆناغەکان دادەمەزرێنن.

ئەگەرچی ئەم زانایانە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ئەمڕۆ هەیانە، هەوڵدەدەن تازەترین و زانستیترین وەڵام، بۆ پرسیارەکان ئامادە بکەن، بەڵام، هێشتا ئەو وەڵامانە هێندە خۆڕاگر و بەتەمەن نین. لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆژگار و دروستبوونی پرسیاری تازە و پێشکەوتنی زانست بەگشتی و ئامێرە زانستییەکان بەتایبەتی، ئەم وەڵامانە کۆن دەبن و مرۆڤ تێر وەڵام ناکەن. هەر بۆیێ "مرۆڤ" جارێکی تر و بەشێوەیەکی تر بەدوای وەڵامێکی تازەتری پرسیارە کۆنەکاندا دەگەڕێ.

هەر ئەم پرسیارانە ئایینەکان، لە سەرەتاییترین ئایینەوە تا تازەترین و تەواوترین ئایین، ئەوانیش هەوڵیان داوە، بۆخۆیان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. هەر لە ئایینە خاوەن کتێبەکان، ئەوا ئایینی زەردەشتی، بەشێوەیەکی ئەفسانەیی و ئایینی، بیردۆزە زانستییەکانی تێکەڵ کردووە و دروستبوونی مرۆڤ، بۆ "ڕێواس" دەگەڕێنتەوە، ڕێواسیش هەر لای ئەو لە توخمی -کیومرث -ەوە سەوز بووە و کیومرثیش، ئاهورەمەزدا- دروستی کردووە، ئەم ڕێواسە دوو لکی پێکەوە نووساوی لێ پەیدا دەبێ و دەبن بە -مەشیە -و- مەشیانە- کە هەر ئەم دووەش، واتە مەشیە و مەشیانە وەکو - ئادەم و حەوا- دەبنە هۆی زۆر بوونی مرۆڤ. هەر لەم وەڵامەی زەردەشتییەت، ئەگەرچی، کیومرث لەهێزی خوداییەوە پەیدا دەبێ! بەڵام، قۆناغەکانی تر، لەسەوز بوونی -توخم-ەوە، تا گیان وەبەر هاتنی ڕێواس، پێگەیشتنی مەشیە و مەشیانە ئەگەر بەشێوەی مەنتقی ئەفسانەییش بێ، ئەوا، دەتوانین، -توخم-ەکە بە شانە دابنێین و سەوزبوونەکەش بە قۆناغە ڕووەکییەکە بژمێرین و گۆڕانی ڕێواس بۆ - مەشیە و مەشیانە- بەگۆڕانی ڕووەک بۆ گیانلەبەر لێکبدەینەوە، وەیا وەک هەموو- حاڵەتە ئەفسانەییەکان زەمەنی ئەم گۆڕانە، لەم وەڵامەی زەردەشتییەت، تەمەنی گۆڕانەکە تەمەنێکی کورتە! دیارە -زەمەنی ئەفسانەیی-یش دەکرێ بەشێوەیەکی تر لێکبدرێتەوە، کە ئەویش، هەزاران، بگرە ملیۆنان ساڵە. هەر ئەمەشە خۆ لەپەرەسەندنە درێژخایەنە زانستییەکە نزیک دەکاتەوە.

هەرئەم - مەشیە و مەشیانە-یەی زەردەشتیان، لە تەورات و قورئاندا دەبن بە - ئادەم و حەوا و-

دروستبوونەکەیان بەشێوە زانراوەکە باس دەکات، ئەویش دروستکردنی ئادەم- لە قوڕ-و حەوا لە پەراسووی ئادەم. ئەگەر لە زانست و زەردەشتییەت، مرۆڤ قۆناغەکانی دروستبوونی لەسەر زەوییە و لەسەر زەویش پێدەگات، ئەوا بەپێی- وەلامی- تەورات و قورئان- پاش ئەوەی ئادەم و حەوا ماوەیەک کە- نازانرێ چەندە؟- لە بەهەشت دەمێننەوە، دواجار بەهۆی -قەدەغە شکێنی(*-١) لە بەهەشت دەردەکرێن و دێنە سەر زەوی، ئەگەرچی هاتنەکەیان بە شێوەی - تەن-ی تەواوە و لەڕووی- زانست-ەوە بوون بە -مرۆڤ، بەلام، لەم قۆناغە نوێییە و هەوارە تازەیە، بەتاقیکردنەوە و بەقۆناغ فێری ژیانی نوێ دەبن لە هەوار و قۆناغی نوێ لەبەخێوکردنی مەڕو مالات و کشتوکالّ شاردنەوەی -لاشە- کە لەئەنجامی یەکەمین تاوان، ئەم -مردووە -دەکوژرێ- لەوە گەڕێ ئەوەی کوشتوویەتی برایەتی- ئەوە مرۆڤە! زانیویەتی مرۆڤ بکوژێ، بەلام، نازانێ! پاشماوەی تاوانەکەی بشارێتەوە، ئەم نەزانینە، ئەگەر بەڵگەیەک بێ بۆ هەرشتێک ئەوا بەر لەهەموو شتێک بەڵگەی سەردەمی (دڕندە)یی مرۆڤە و سەرەتای - فێربوونی مرۆڤە- فێربوونی بەقۆناغ و بەتاقیکردنەوە و بەچاولێکەری.

ئەم قۆناغ و تاقیکردنەوە و چاولێکەرییەش، پێویستی بە -زەمەن- هەیە، سەد سالّ هەزار سالّ ملیۆن سالّ؟!

هەر زاناکان، بۆ ئەم زەمەنە زۆر تەمەن و ژمارەیان دیاری کردووە «ئێمە دەزانین کە مرۆڤناس و کۆنناسان ڕۆژگاری پەیدا بوونی مرۆڤیان بە یەک تا سێ ملیۆن سالّ دیاری کردووە و کیومرثیش بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگێڕنەوە.» (٨٠، ص٧٥) خۆ ئەگەر -کیومرث-یش بەڕاست بزانین، ئەوا ناتوانین زەمەنێکی دیاریکراوی لەنێوان یەک ملیۆن و سێ ملیۆندا بۆ دیاری بکەین، هەرچی لەوە بەدەردەکەوێ ئەوەیەکە تەمەنی "مرۆڤ" لەسەر ئەم زەوییە تەمەنێکی دوور و درێژە، لێکۆڵەرەوەی ئێرانی دکتۆر (یەدوللا سەحابی) لە کتێبێکدا بەناوی (خلقت انسان) زۆر زانستیانە -بەپێی توانای خۆی- زانست و قورئان پێکەوە شرۆڤە دەکات و لە (شانە)وە دەیگەێنێتە (ئادەم و حەوا). دەنووسێ «قۆناغێکی کۆن کە باس لە چەند ملیۆن سالّی دروست بوون دەکات، لەم سووڕە مرۆڤ تەنیا شێوەی بەژن و بالای مرۆڤی هەبووە، بەلام هێشتا توانای دیاریکردن و لێک جیاکردنەوەی "شتەکان" ی نەبووە، بۆیە بەرپرس نەبووە» (١٠٦، ص١٠٨) ئەم قۆناغەش هەر قۆناغی پێش تاقیکردنەوە و چاولێکردنە -ئەم قۆناغەش هەر دکتۆر (یەدوللا سەحابی) ناوی لێدەنێ قۆناغی پێش قۆناغی هەڵبژاردنی ئادەم و قۆناغی - ئادەم-یش بەقۆناغی دووەم ناودێر دەکات و دەنووسێ: «قۆناغی دووەم لە ژیانی مرۆڤ -بشر- لە هەڵبژاردنی ئادەمەوە دەست پێدەکات، لەم قۆناغەدایە کە مرۆڤ بەهۆی دیاریکردن و هەڵبژاردن کەبەدەستی دێنێ دەبێتە کارکەر و بەرپرس، لەم قۆناغەشدایە مرۆڤ دەگاتە پێگەیشتنی تەواوی بیر - فکر» (١٠٦، ص١٠٩).

لە بەسەرکردنەوەی چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤ، بەم شێوە کورتە، مەبەست ئەوەیە، کەتەمەنی ژیانی مرۆڤ- بەهەموو قۆناغەکانییەوە تەمەنێکی دوور و درێژە. ئێمە پێشتر لە -بەشی یەکەم- باسی ئەوەمان کرد کە، زاناکان لە ئەشکەوتی -شانەدەر- تەمەنی مرۆڤیان بۆ سەد هەزار سالّ لەوە پێش



دەگێڕنەوە و لەو زەمەنەش باس لە مرۆڤی سەرەتایی کرا! ئەگەرچی لەپێکبەستنەوەی (سێ ملیۆن) و (یەک ملیۆن) و (سەد هەزار) سالّ ڕێژەیەکی نەگونجاو دورست دەبێ، بەلام، دیسان هەر باس لەتەمەنێکی دوور و درێژی مرۆڤە، دیارە لێکۆڵینەوەی زۆرتر و وردتر ژمارەی نوێترمان دەداتێ کەبەداخەوە لە کوردستان، هێشتا ئەو بوارە نەڕەخساوە، لەنێو ئەم هەموو تەمەن و ژمارە زۆرەدا، پێگەیشتن و تەواو بوونی(فکر) لەسەر قسەی (یەدوللا سەحابی) کەی بووە؟ ئەوەش دیاریکردنی کارێکی ئاسان نییە! بەلام، پاشماوەکانی شوێن پێ و جێ دەستی مرۆڤ زۆر شتمان بۆ دیاری دەکەن، کە لەنێو ئەم شتانەش قۆناغەکانی پێگەیشتنی بیر- فکر-ە پاشماوەکانی قۆناغەکانی بیریش، لە پاشماوەکانی- ئایین و ئەفسانە-دا بەدەردەکەوێ، کە ئەفسانە و ئایینی سەرەتایی مرۆڤیش بەشێک بووە لە هەوڵە زانستییەکانی مرۆڤ، بۆ گەیشتن بەوەلامی پرسیارەکان، لە پرسیارە سادە و فەلسەفییەکانەوە تا دەگاتە پرسیارە ئالۆز و زانستییەکان.

ئەو قۆناغانەی کە ژیانی مرۆڤ پێیدا تێپەڕیوە، پێش ئەوەی چاو و مێشکی بکرێتەوە، قۆناغێکی درێژخایەنە، لەو قۆناغە مرۆڤ بێ شک بەردەوام بەسەر لاشەی برای خۆیدا پازی داوە و هەستی بەبەزەیی نەکردووە و ترسی مردنی لێ نەنیشتووە! ئەو بەسەر مردوودا پازدان و - خۆبەبەرپرس نەزانینە- ئەگەر زۆریشی خایاندووە کەچی هێشتا مرۆڤ هەر تەنیا بە -شێوە- مرۆڤ بوو! پاش ئەوەی ئەم قۆناغە بەسەردەچێ و بەرەبەرە مرۆڤ چاوی دەکرێتەوە و هەست بە ترس!!-ی مردن دەکات، ئەو کات یادەوەری پڕە لە دیمەنی- کوژران و مردن و لاشەی کەوتوو. بۆیە هەر زوو بیر لە (مردن) و چارەسەرکردنی (لاشە) دەکاتەوە. هەر ئەوەشە. کە سەرەتاییترین چارەسەرکردنی لاشە وەکو بیروباوەڕی ئایینی و بیری ئەفسانەیی لێکدەدرێتەوە ئەگەر ئەو دەم (تا ئێستاش) مرۆڤ لە بەرامبەر مردن هیچی بۆ نەکرابێ هەر زوو ئەو وەختە مردنی بەهێزێکی گەورە و بێ بەرابەر هاتووتە بەرچاو، (ئۆلی بیبر Ullibeier) دەنووسێ: «لە ئەفسانەیەکی هۆزی کۆنۆ لەسەر ئەفراندن، سەیر دەکەین مردن هێزێکی ڕەسەنە لە جیهان و پێش خوداوەند هەبووە» (٢١٧، العدد ٢، ص٧٨) ئەم بێ هێزییەی مرۆڤ بەرامبەر گەورەیی و سامداری هێزی ڕەسەنی مردن، بووە هۆی ئەوەی کە ئەگەر مرۆڤ چارەسەری مردنی بۆ ناکرێ بیر لە ڕێگای تر بکاتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە «مرۆڤی پێش مێژوو باوەڕ بە ژیانی پاش مردن بکا» (٩٢، ص٣) ئەوەش هەر لەشاردنەوەی مردووەکان بەدەردەکەوێ، کە لەنێو ماڵەکانی خۆیان مردووەکانیان بەدوولاکردنەوە دەناشت و گۆزەی پڕ ئاوو خواردنیان لەبەردەم دادەنان بۆ ئەوەی - کە زیندووبوونەوە- بیخۆن و بیخۆنەوە چونکە پێویستیان پێی دەبێ. لێرەوە لەگەڵ ئەم قۆناغە، ئایین و ئەفسانە سەر هەڵدەدەن.

**٢-١-١- ترسی سەرەتا:**

ئەو مرۆڤەی کە گەیشتە ئاستی (تەواو- کامل) بوون و چاو و مێشکی کرایەوە و سەرەتای ئەفسانە سەری هەڵدا وەک (دایڤید هیوم - David Hune) دەنووسێ: «ئەو بنەمایەی کە ئەفسانەی لە سەر پەیدا بوو، ئەوە ترسە» (١٤٠، ص٣٧) ئەو ترسەش هەر لەمردن بووە، ئەو مرۆڤەی گەیشتە ئاستی

ئەوەی بترسێ!! ئەو مرۆڤە ئەگەر بەدرێژایی هەزاران و ملیۆنان ساڵ پێگەیشتبێ، یان بە (کن فیکون)ێک پەیدابووبێ؛ لە ئەفسانە و لە ئایینیش هۆی دروست بوونەکەی دیاری کراوە، ئەوەتا لە ئەفسانەی گلگامش خوداوەندەکان دەڵێن: «ئەو بارە هەڵگرێ کە "ئەنلیل" بەسەر ئێمەیدا سەپاندووە، با مرۆڤ ئەو کاری خوداوەندان بگرێتە ئەستۆ» (١٣٣، ص٢٢٤) واتە ئەو کارەی کە (ئەنلیل (*-٢) بەسەر خوداوەندەکانیدا سەپاندووە، بامرۆڤ- ئەو مرۆڤەی دروستی دەکەن- بەو کارە هەڵسێ و لەجیاتی ئەوان ماندوو ببێ و ئارەقە بڕێژێ، واتە خوداوەندەکان بۆ ئەوە مرۆڤیان دروست کرد کە بۆ خۆیان بسێنەوە و مرۆڤ خزمەتیان بکات. بەڵام لە قورئانی پیرۆز (خوا) مرۆڤی بۆ شتێکی تر دروست کردووە، خودای گەورە دەفەرموێ: )وماخلقت الجن والانس الا لیعبدون( (الذاریات "٥٦".) ئەوا لێرە خودا مرۆڤی بۆ ئەوە دروست کردووە تا بیپەرستن، وەک دەردەکەوێ «خودا پێویستی بەمرۆڤ هەیە و هەروەها مرۆڤیش بەخودا» (٥٢، ص٩٥). ئەم بوونی -خودا- و - مرۆڤ-ە بووە هۆی بوونی -ژیان- یش، ژیانیش لەجیهان ئامانجی خۆی هەیە: «ئامرازی بەئاکام گەیاندنی هێزی خواوەند لەجیهان، تەنها مرۆڤە» (٩٥ص١٠٥) ئەو مرۆڤەی کە ئەگەرچی دەیەوێ لە نهێنییەکانی ژیان بگات و خۆی بناسێ، بەڵام، وەک خوداوەند لەقورئان-دا دەفەرمووێ : (وما اوتیتم من العلم الا قلیلا) (الاسراء "٨٥") لە ڕاستیشدا هەر وایە تەمەن و توانای مرۆڤ بەشی ئەوە ناکات کەپەی بەهەموو نهێنییەکان ببات، هەر ئەو ڕایە زاناکانیش دەیسەلمێنن، کە دەڵێن: «کەس بەتەمای ئەوە نەبێ کە ئێمە هەموو زانیارییەکان بزانین» ئەو یەک گرتنەوەی فەرموودەی - خوا-و ڕای زاناکان بۆ سەلماندنی کەم توانایی مرۆڤ واقعی ژیانیش پشتگیری دەکات، بۆ کۆی زانیاریی هەموو مرۆڤایەتیش، ئەوە ئاشکرایە، -زانست-ە داهاتووەکان هەندێکیان پاش ماوەیەک لەکەڵک دەکەون و ناتوانن لەگەڵ ڕۆژگار بەرەو پێشەوە بچن و هەندێکیشیان لەبێن دەچن و ئەوەی کە دەشمێننەوە، لە بەرامبەر کێوی بەرز و دەریای قووڵی نهێنییەکان بچووک و کەم دەسەڵاتە.

ئەو مرۆڤە بچووک و کەم دەسەڵاتە، کە چاوی کرایەوە بەر لەهەر شتێک لەگەڵ مردن ڕووبەڕوو بوو. چونکە خوداوەند کە مرۆڤی دروست کرد «مەرگ»یشی داهێنا، خودا دەفەرمووێ (تبارك الذي بیده الملك وهو على كل شي قدير، الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم ايكم احسن عملا وهو العزيز الغفور) (الملك "١-٢") ئەو خودایەی کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ کە (ژیان - مرۆڤ)ی دروست کرد، هەرخۆشی مردنی داهێناوە، مردن بۆ کێ؟ بۆ مرۆڤ. بەڵام، خودا خۆی "هو الباقي"یە چونکە مرۆڤ لە هەر کوێ بێ مردن دەیدۆزێتەوە، (اینما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشيدة) (النساء "٧٨") هەر ئەو دۆزینەوەی مردن، کە (ژیان -مرۆڤ) دەدۆزێتەوە، لەگلگامش خوداوەندان بەئاشکراتر دەیلێین: «خوداوەندان هەر تەنیا ئەوانن کەهەتا هەتایێ دەژین، لەژێر هەتاوێ، بەڵام،مرۆڤ ژیانیان پێنج و دوو ڕۆژێکە» (١٣٣، ص٩٧) ئەم ژیانە کورتەی مرۆڤ، ڕۆژانە لەگەڵ مردن ڕوو بەڕوو دەبێتەوە. مەرگی کەسوکار و دۆستانی، مەرگی خۆشەویستانی. ئەم مەرگی بەردەوامەش بووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ، بەزۆر شێوە بیری لێ بکاتەوە. مرۆڤ لە سەرەتای بیرکردنەوەی هەموو شتێکی بە -گیان- دار



دەزانی، لەوانە "مرۆڤ" خۆیشی، ئەو گیاندارەش کە دەمرد، وای لێکدەدایەوە کە -گیان- لە- تەن- جیا بووەتەوە. هەر ئەو باوەڕ بە "گیان"ەش بوو کە لەنێو ئەفسانە و ئایینەکانیدا بەتێری ڕەنگی داوەتەوە لە واقعی ژیانیش مرۆڤ هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی تەن و گیان بپارێزێ و خۆ لە «ترس!»ی مردن ڕزگار بکات.

**٢-١-٢- نیگەرانیی مردن:**

مرۆڤ لەو قۆناغەی کە تازە چاو و مێشکی دەکرایەوە و ماوەیەکی درێژ بوو، بەسەر لاشەی هاوڕەگەزانی خۆیدا پازی دەدا، هێشتا چرای زانستی دانەگیرساندبوو لەنێو جیهانی تاریکی و بیرکردنەوەی تاریکدا دەژیا وەک ئەفسانەی (کۆنۆ -غینیا) باس دەکات: «لەسەرەتادا هیچ شتێک نەبوو، مەرگ لەگەڵ ژن و کیژە تاقانەکەی لە تاریکاییدا دەژیان» (٢١٧، العدد٢،ص٨٢) ئەو - مەرگ- ەی نێو تاریکایی بەرەبەرە لەمرۆڤ نزیک کەوتەوە و لەسەر قسەی (هایدگەر) «ترس لە مردن، لای مرۆڤ کێشەیەکە هیچ کێشەیەکی تری ڕۆژانەی تاک نایگاتێ، بەڵکە هەموو مرۆڤایەتی، دواجار دەزانێ ئەو "داری مردنێیە"» (١٢٦، ص٢٧) ئەو مرۆڤەی کە تێگەیشت خۆی -داری مردنێیە- ناچار وەک ئایین و ئەفسانە و فەلسەفەش بیری لە مردن کردەوە و وەک (هیرکلاتس) لە پێنج سەدی پێش زایین گوتوویەتی «هەموو ئەوەی کە دەیبینین هەر مردنە» (١١٢، ص٣٨) ئایینەکانیش ئەو حەتمیەتی مردنەیان لەسەر مرۆڤ کردە ماڵ خودا لە قورئاندا دەفەرموێ: (كل نفس ذائقة الموت) (آل عمران "١٨٥") ئەگەر هەموو ئایین و باوەڕ و ئەفسانە و فەلسەفەکان مردنیان دەسەلماند، ئەوا واقعی ژیان لە هەموان لە بەرچاوتر بوو، مرۆڤ ڕۆژانە مرۆڤی وەکو خۆی دەدی، کە لەگیانەڵادایە، خەڵکی دەدین مردوون، لاشەکانیان تێکچووە و خراپ بووە و تەیر و دڕندەکان دەمیان تێناوە، ئەم دیمەنانە هەمیشە -خود-ی خۆی بەم شێوەیە دەهێنایە بەرچاو. ئەم ئامادەییەی -مردن- لە واقیع و لە خەیاڵدا بووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەزۆر شێوە بیر لە مردن بکاتەوە. ئەو مردنەی وەک کتێبی سەردەمی کۆن دەڵێ: «زاناکان دەمرن. هەروەها نەزان و گێلەکان لەنێو دەچن و میراتەکانیان بۆ خەڵکی تر بەجێ دێڵن» (المزامیر-٨٤٩) ئەو زانا و نەزان و گێلانە بەر لە هەموو شتێک وەک پێویستی -ژیان- کە پێچەوانەی - مردن-ە و بۆ لەبیرکردن و خۆ دوورخستنەوە لە -مردن- پەنایان بۆ (کار) برد، وەک لە ئامۆژگارییەکانی ئایینی زەردەشتییەوە هاتووە «کار خوێی ژیانە، ژیان بەبێ کار بێ سوود و بێ هوودەیە، ئایینی ئێمە پێمان دەڵێ(کار) مەبەست و ئامانجی ژیانە» (٥٢، ص٢٠١) کە زەردەشتییەت -کار- بەخوێی ژیان دەزانێ! ئەوا (بیشا Bichat)ش ئاوا پێناسەی -ژیان- دەکات «کۆمەڵە ئەرکێکە بەرگری مردن دەکات» (١١٢، ص١٥) ئەو کارکردنە هەر تەنیا لەسنووری کاری دەست و بازوو نەمایەوە بەڵکە مەیدانی کاری بیر و ئاوەزیشی گرتەوە. ئەو بیروئاوەزە لە نێو -ئایین- ە سەرەتایی و -ئەفسانە -کان لە هەوڵەوە بەچاکی دیارە. ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی بەردەوامی نیگەرانیی مرۆڤ بوو، نیگەرانی لە ترس و ئەنجامەکانی مردن، نیگەرانییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ.

**٢-١-٣- گیان:**

لەنێـو کورددا ئەمـڕۆ «ڕەوان» (١٨٦) بەرامـبـەر «جـان» (١٨٢) و«گـیـان» (١٨٧) و «نەفـەس» «هەناسـە»و «پشـوو»و «با» ڕادەوەسـتێ و هەمـوویان بۆ «رووح» (٢٠١) ی عـەرەبی بەکـاردێن، هەر هەمووشـیـان بەو هێـزە دەگوترێن کـە لەنێو ئەندامـەکانی زیندەوەردایە و هۆی کارکردن و زیندوویێتی ئەو ئەندامانەیە. (علی الشوك) دەنووسێ «وشەی رواح بەروح مانای لێدەدرێتەوە لەڕاستیدا دەکاتە "ریح" "با"» (١٤٢،ص٣٥) هەر ئەو لێکۆڵەرەوە دەڵێ: «لە دەقـێکی بابلیدا هاتووە، تێیـدا Baou و لە ریح (با) باردار دەبێ، کـە بەرامـبـەر- خـوداوەندی Baouی ژنی کـۆلبـیـا colpia - خـوداوەندی بایە و خوداوەندی ئەغریقی نیکس Nyx (اللیل niqht)ی کە هزیودی شاعیر بەدایکی هەموو شتێکی دەزانێ» (١٤٢، ص٣٥) ئەوەی لێـرە مـەبەسـتـە وشـەی–Baou باۆو- و مـاناکـەیەتی کـە (مێ)یە وەک هزیۆدی شاعـیریش دەڵێ: «دایکی هەمـوو شتێکە» ئەو وشە و ناوەی بابلی Baou= باۆ و ماناکەی دەکاتە (ریح - با) و بۆ گیان بەکاردێ، لە دوو لا لە مەبەستە کوردییەکە نزیک دەبێتەوە. یەکەم: لەڕووی دەنگەوە (باۆ و = (Baou) ی بابلی لەگـەڵ (با)ی کـوردی وەک یەک ڕیشـە بن ئاوان. (*- ٣) دووەم: ماناکـەیەتی کە دەکاتە گیان و دایکی هەمـوو شتێک، ئەو - دایکی هەموو شتێک - ە ئەوەش زیاتر پشتگیری وشەکە دەکات کە- Baou باۆ و- با= گیان هۆی زیندوویێتی و سوودی هەموو شتێکە. هەر ئەمـەشـە کـە وای لەمـرۆڤ کـردووە، جگە لەوەی هەمـوو زیندەوەرێـک بە(گـیـان)دار بزانێ! لەڕووی مەجازەوەش گیان دەدات بەهەموو - بێگیان -ێکیش، بۆ نموونە دەڵێ: " ئەم کانییە گیانێکی تایبەتی هەیە". " گیانی ئەم کێوە مەزنە".

**٢-١-٤- گیان چییە؟**

مرۆڤ پاش ئەوەی چاو و مێشکی کرایەوە و دەوروبەری خۆی بینی و هەستی بە - مردن- کرد، هاتە سـەر ئەو باوەڕەی کـە" جیـهـان پڕ لەگـیـانی بێ ژمـارە"یە (٦١، ص ٢٠٤) هەر ئەم باوەڕەش: «باوەڕ بەبوونی- گیان- لەهەموو شتێکدا وەک قۆناغی یەکەمی ئایین وابوو» (٢٠٠) چونکە ئایین خۆی باوەڕ هێنانە بە" گیان، خدا، ژیان، مردن، جیهانی پاش مردن، بەهەشت و دۆزەخ" (٦١، ص ١٧) هەر ئەم ئایین و باوەڕبوون بەگیانە هۆی ئەوە بوو کە موسڵمانەکان لە سەرەتای ئیسلام لە پێغەمبەر(د.خ) بپرسن، گیان چییە؟ ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە قورئاندا خوا ئاوا وەڵام بداتەوە. (ویسألونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما اوتیتم من العلم الا قلیلا) (الاسراء "٨٥"). خودا دەفەرموێ لەبارەی (رووح = گیان)ەوە پرسیارت لێدەکەن، بڵێ خوا خۆی دەزانێ رووح چییە؟. ئێوەش تەنیا کەمێکتان لەزانیارییەکان پێگەیشتووە. ئەو وەڵامەی ئەو کات و سەردەمە کە لەڕووی حیکمەتی ئایینییەوە، رووی قسـەی لە خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی جەزیرەی عەرەبی بوو، وەڵامێکی مەنتیقی بوو، هەر ئەو خۆدوور خستنەوەی قورئان لە وەڵامی- وردو باریک- بۆتە هۆی ئەوەی تا ئێستاش زاناکان بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێن- ئەگـەرچی زۆربەی هەرەزۆری - زانایان- بڕوایان بەوە هەیە. کـە - گـیـان- هەیە، بەڵام، لەپێناسەکردنیدا، یەک ڕا و یەک دڵ نین، (ویلفرید. بڤلو) دەنووسێ: « سی و دوو ساڵی کارکردنم



لەبواری نەشتەرگەریدا هیچ گومانێکی بۆ نەهێشتمەوە، کە گیان هەیە» (١٧٧أ، ص ١٤) زۆربەی زانایان باوەڕیان بەهەبوونی گیان هێنا، پاشتر هەوڵیان دا بزانن گیان چییە؟! هەردوو زانای فەرەنسی دکتۆر(ئۆڤیل Ouvill- و- ئەلبێرتە ڕۆشا " :( Albertde Rochas هەوڵی زۆر زانستیانەیان دا و گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە لاشەی مردوو ٥٠- ٧٥ گرام لەکێشی کەم دەبێتەوە (پاش ئەوەی دەمرێ). (٢١٢،٦،ص٦٧) کە ئەم ڕایەش ئەوە دەسەلمێنێ کە گیان- گرانایی -ثقل-ی هەیە، ئەوا زاناکان هەربەوەندە نەوەستاون بەڵکو هەوڵیان داوە شێوە و شوێن و ژمارەی گیانیش بزانن.

لەبارەی شوێنی گیان لەنێو لەشدا، «هەندێ لە زانایان لەوانە (ابن سینا) دڵ و بەڕای (دیکارت) و هەندێکی تر مێشک بەجێگای گیان دەزانن» (٥٩، ص ٥٧) بەڵام، هەر لەبارەی شوێنی گیان لە لەشی مرۆڤدا (ویلفرید. ج، بڤلو) ڕایەکی تری هەیە و دەنووسێ: " «گیان لەجێگایەکدا نییە کە وەک جوگرافیا دیاری بکرێ، ئەو لەشوێنێکە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهیچ جێگایەکی لەشدا نییە» (١٧٧أ، ص ٤٥) ڕای ئەم زانایانە هەمووی لەسەر ئەوە یەک دەگرنەوە کە - گیان- لە لەشی مرۆڤدا هەیە، بەڵام لەدیاریکردنی جێگاکەدا دیسان یەک ڕا و یەک بڕیار نین. ئەم یەک ڕا نەبوونە بۆ (شێوەی- گیان-)یش هەر ئاوایە، هەندێ لە زانایانی کۆن و نوێ دەڵێن: «گیان تەمێکی ناسک و جوانە» (٥٩، ص ٤٥) ئەم شێوە دیاریکردنەی گیان، کە زۆرتر بە- هەناسە- ی دەزانن، هەندێک شێوەی ئەو - رووح = هەناسە- یە بەقەد شێوەی لەش دەزانن واتە لەشی خاوەن گیان. کە لایان وایە: «جەوهەری گیان، مەعنەوییە و بەو شێوەی ئەو بەپێی ئەو (بۆتە - قالب)ەیە کە تێیدایە» (٦١، ص٢٠٤) هەر لەم ڕووەوە باوەڕی ئایینی ئەویش شێوەی گیان ئاوا بەرجەستە دەکات «ان في جسد ابن ادم خلقا من خلق الله کهیئة الانسان ولیسوا بناس» (٥٩، ص٦٤) خواوەند لەلاشەی مرۆڤدا بوونەوەرێکی لەسەر شێوەی مرۆڤ دروست کردووە، بەڵام، مرۆڤ نییە! ئەوەی لێرەدا مەبەستە، شێوەکەی وەکو شێوەی -مرۆڤ-ەکە بەرجەستە دەکات. بۆ شێوەی گیانیش ڕایەکان هەموو یەکتر ناگرنەوە، تەنیا لەوەدا نەبێ، کەدەبێ شێوەیەکی هەبێ- کە ڕایان وایە شێوەی هەیە، بەڵام، چۆنە؟ یەک جۆر وەڵام نابیسین. ئەگەر لەشێوەشدا ڕایەکان یەکتر ناگرنەوە ئەوا بۆ ژمارە-، واتە ژمارەی گیانی یەک مرۆڤ. ئەویش ڕای جیاواز هەیە: (دیکارت) ڕای وایە: «سروشتی مرۆڤ لە دووانەی لەشی ماددی و ئەقڵی نامادی پێکهاتووە» (١٧٣، ص٨٦) زاناکان هەرتەنیا بەدووانە ڕازی نەبوون و هەوڵ و بیرکردنەوەکان گەیشتە ئەوەی کە (لەشی سێیەم)یش دیاری بکەن: «هەر مرۆڤێک پێکهاتەی سێیەمیشی هەیە، ئەویش لەش -جسد-ی سێیەمە، ئەوەی دەکاتە لەشی بەهەواوە، هەندێ جاریش لەشی تیشکاویشی پێ دەڵێن، ئەو لەشە دەقاو دەقی لەش گۆشت و خوێنە، بەڵام، لە ماکێکی پێشکەوتوو- ناسک- تر پێکهاتووە» (١٥٨، ص٥٩) ئەوەی زاناکان بۆی دەچن و هێشتا لەسەری جێگیر نەبوون، ئەفسانەی نێو خەڵک زۆر زووتر بیری لێکردووتەوە، ئەسکیمۆییەکانیش پێشتر بڕوایان بەم سێیە هەبوو، دەڵێن: «مرۆڤ لەم سێ شتە پێکهاتووە، گیان و لەش و ناو» (٧٦، ص٦٣) ئەگەر ئەمانە واتە ئەسکیمۆییەکان، سێینەیان بە- ناو-و- لەش-و گیان- دیاری کردووە، ئەوا بەپێی باوەڕی هۆزی (یانومانی -Yanomani) (سێ) جۆر

-گیان- هەیە: «ڕەوانێکی سێبەری کە لەکاتی خەو و نەخۆشی لەش بەجێ دێڵێ، گیانێک کەپاش مردن لە لاشە جیا دەبێتەوە، سێیەم ئەوەیە کە لەپاش ڕێ و ڕەسمی شاردنەوە، پەیوەندی بە- هەمیشە -یی دەکات» (٤٨، ص١١٧) بیری کردنەوەی مرۆڤ لە -گیان- ی پڕ نهێنی و گرێچن، لە ئەفسانەش وەک هەوڵە زانستییەکان، ڕای لێک جیای هەیە، هەر (ئەمەزۆن)ییەکان، ژمارەی گیانیان گەیاندووتە پێنج و گیان و کار و ئەرکەکانیان دیاری کردوون «ئەو گیانانە لە لەشی مرۆڤ سێبەرسایە ئاسا دەمێنن و دواجار سێیانیان دەبنە باڵندەی ڕاوچی و چوارەمی لە کلێوەی ئەژنۆ شاردراوەتەوە و پێنجەمی کە لە هەمووان پتر لەگەڕانە، ڕێگای- کاکێشان- دەگرێتە بەر و لە زەمین دوور دەکەوێتەوە» هەر ئەم زۆر ژمارەییەی گیان لەنێو خەڵکدا وای کردووە، کەوا بیر بکەنەوە، هەندێ گیانلەبەر لە یەک گیانیان زیاتر هەیە، بۆ نموونە، پشیلە لە زۆربەی وڵاتان و لەنێو زۆربەی میللەتان بە(حەوت ڕووح) ناسراوە. هەر ئەم زۆر ژمارەییەی گیان لایەنێکی تری بیرکردنەوەی مرۆڤی گرتووەتەوە. ئەویش -چاک- خراپ، پیس- پاک، ڕەش- سپی، و تاریک -ڕووناک، و ئیماندار و بێ ئیمان، کە هەر ئەم باوەڕە، ئایینەکان زۆر پشتگیری دەکەن و بڕوایان (بەگیانی چاک)و (گیانی خراپ) هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە، کە گیانی بەهەشتی و دۆزەخیش پەیدا ببێ و خەڵک، کە بڕوایان بەگیان و زیندوویێتی گیان هەبێ و چاک و خراپیش هەبێ، دەڵێن. دواجار ئەم گیانانە هەر یەکە و بەپێی چاکی و خراپی کردەوەکانی خۆی لەو دنیا جێگای بۆ دیاری دەکرێ، هەر ئەم باوەڕی مانەوەی گیان وای لەهەندێ باوەڕ و ئایین کردووە کە گرنگییەکی زۆر بەلەش بدەن و وەک گیان بەگرنگی بزانن، زەردەشتییەکان جیاوازی لەنێوان گیان و لەشدا ناکەن و دەڵێن: «بۆ ئەوەی بگەینە مانەوەی هەمیشەیی. پێویستە ئەم دووانە وەکو یەک ڕابگرێ» (٥٢، ص٩٦) هەر ئەم باوەڕەش وای لە (مصر)ییەکان کردبوو، بەکردەوەیەکی زانستی گرنگییەکی زۆر بەلەش بدەن، ئەوەبوو زانست و هونەری مۆمیاکردنیان داهێنا! «ئەوەش وای لێکردن کە گرنگییەکی زۆر بەلاشەی مردوو بدەن و بگەنە هونەری مۆمیاکردنی لەش و بۆ مسۆگەر کردنی مانەوەی گیان» (١٧١، ص١٠٧) ئەم پاراستنی لەشە لەوەوە هاتبوو کە بڕوایان بەهێز و توانا و کاری گیان هەبوو، چونکە زۆربەی میللەتان لەسەر ئەو باوەڕەن کە: «گیان جێگای هەموو زانیارییەکانە و هەمیشە دەمێنێ و دەتوانێ هەرشتێک لەبارەی ئێستا و ڕابردوو بزانێ، کە پێشتر زانیبووی و هەروەها ئاگاداری داهاتووش بێ» (٦٢،جلد دوم،ص٤٧١) هەر ئەو گیانە، کە هەمیشەییە و دەمێنێ دواجار دەچێتەوە نێو جیهانی گیانان «گیان دەچێتەوە جیهانی گیانان کە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەوێی جێ هێشتبوو» (٣٤، ص١٣٣) ئەو جیهانەی کە لەسەر باوەڕی (مصر)یە کۆنەکان کە «دادگای ئۆزیر بەس خونت ئومنت، لە چل و دوو قازی دۆزەخیی پێکهاتووە» (١١١، ص١٣٨) لەو دادگایە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. بەڵام، ئەوەی دەگاتە جێگای لێپرسینەوە لەسەر قسەی (مەولانا) هەر تەنیا گیانە «ئەوەی تر پێکهاتەی مرۆڤ هەر گۆشت و پێستەو هێسک و دەماری لەنێو چوون و ڕزینە» (٧٢، ص ٢٧٣) ئەم هەموو بیر کردنەوە و لێکدانەوەی ئایینی و ئەفسانەیی و زانستییە بۆ گیان، بەخۆڕایی نییە! هەر ئەو گیانە هۆی سەرهەڵدانی کۆنترین ئایینە و هەر خۆشی یەکەمین پەرستراوە، کە ڕۆژانی گیان پەرستی باوبوو.



ئەوە وەک دوا وشە بمانەوێ لە بارەی -گیان-ەوە بینووسین، ئەوەیە؛ کە ئەم جیهان و بوونەوەرە پڕاو پڕە لە نهێنی، زۆر شت هەبوون ڕۆژانێ، نهێنییەکی ئەفسانە ئامێز بوون، بەردەوامی مرۆڤ و پێشکەوتنی زانست دواجار نهێنی پێکهاتەی لێک کردەوە و ڕێژەی پێکهاتەی ماک -مادە-کانی زانی و پلەی ساردی و گەرمی دیاری کردوو بوون بەشتێکی ئاسایی، ئێستا ئەو نهێنییە منداڵان ڕۆژانە لەنێو یارییەکانیاندا دووبارە و سێ بارەی دەکەنەوە، بەڵام، لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتن و دەستهاتە زانستییە هێشتا زۆر شت ماوە و هەتا پتریش هەوڵ بۆ ئاشکراکردن و پەردە هەڵماڵینیان بدرێ، زۆرتر خۆ لە تەمی ئاڵۆزیدا لوول دەدەن، گیانیش یەکێکە لەو نهێنییانەی کە -تائێستا- بەتەواوی نەهاتووتە نێو تاقیگەی زانستی و وا پێدەچێ ڕۆژگارێکی زۆرتریشی بوێ تا دەگەینە وەڵامێکی ڕاست، ئەگەر زانست زۆری هەوڵداوە، ئەوە ئایین و فەلسەفەش لەو هەوڵە بەدوورنەبوون، ئەوانیش وەڵامی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام، وەڵامی ئەوان لەپێناسە- کردنی - گیان- دا نییە! بەڵکە باوەڕ هێنانە، بەئایین و فەلسەفەکە، هەر ئەوەشە جارێکی تر پێناسەی - گیان-ی زۆر بەزەحمەت خستووتەوە.

**٢-٢-١- کراسگۆڕین (التناسخ):**

لە باسی (گیان)دا گوترا کە مرۆڤ زۆر زوو باوەڕی بە بوونی گیان پەیدا کرد و ئەم باوەڕ پەیدا کردنە سەرەتاییترین ئایینی داهێنا و زۆر لە لێکۆڵەرەوان،- گیان پەرستی- بەیەکەمین ئایین دەزانن، واتە مرۆڤ لە سەرەتادا- گیان-ی پەرستووە. ئەگەر باوەڕی بوونی گیان بەشێوەیەکی گشتی چەسپا و پەرستن و بیرکردنەوە لەگیان، زۆر ڕای لەبارەی ژمارە و شێوە و جێگای گیاندا پەیدا کرد، تا لەنێو لاشەی (مرۆڤ) دایە، ئەوە هەر مرۆڤ بیری لە دوارۆژی گیانیش کردەوە، چونکە مردن کارێکی ڕۆژانەیە و لاشەکان بێ هێز و بێ جوولە دەکەون، لەسەر زەوی باڵندە و زیندەوەرەکان و لەنێو ئاودا ماسی دەیانخوات و لەژێر زەویدا دەڕزن، ئەی گیان چی بەسەردێ؟ ئەگەر توانی بەشاردنەوە و ناشتن و سووتاندن، چارەسەری لاشەکان بکات! ئەی گیان کە شتێکی ترە و لەگەڵ لەشدا یەک شت نین، چی بەسەر دێ و کێوە دەچێ،؟ دەبێ ئەوەش بڵێین هەر لەسەرەتای باوەڕبوون بەگیان، باوەڕێکی هەمیشەیی بوو، واتە زیندوو مانەوە و نەمریی گیان، باوەڕێک بوو، گیان هەر سەرەتا لەگەڵ خۆیدا هێنای، دیسان ئەم زیندوویێتییەی گیان بووە هۆی بیرکردنەوە و بەرجەستەکردنی -ژیان-و بەردەوامیی گیان پاش جیابوونەوەی لە لاشە و تەن. ئەمەش بووە هۆی داهێنانی بەشی دووەمی باوەڕی ئایین و بتەوکردنی ئەو ئایینە لەقۆناغی دوایی قۆناغی (ژیان =سەر دنیا) بۆ قۆناغی دوای (مردن) بەمانای لێکجیابوونەوەی (لەش و گیان) و بەردەوامییەتیی گیان لە جیهانێکی تر کە جیایە لەگەڵ جیهانی یەکەم و لاشەیەکی تر، کە ئەویش جیایە لە لاشەی سەر دنیا و ئەم جیهانە. لێرە ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە، ئەو جیهانە کوێندەرە کە گیان تێیدا بەردەوام دەبێ و ئەو لاشەیە چییە کە گیان تێیداجێگیر دەبێ؟ هەر ئەم پرسیارانەش بیری -ئەودنیا-و-قیامەت-ی داهێنا و بووە هۆی سەرهەڵدانی باوەڕی (کراسگۆڕین- التناسخ) چونکە وەک دکتۆر (عەلی شەریعەتی) دەڵێ: «کراسگۆڕین بەو مانایەیە، کە گیان پاش مردنی لەش دەمێنێ و لەشێکی تر هەڵدەبژێرێ و ژیانی خۆی لە ژیانی دووەمدا بەردەوام دەکات» (٧٦،

ص٦٤) ئەگەر ئایینە کۆنەکان بوونی گیان و بەردەوامی ژیانی گیانیان لەو دنیادا بەڕاست دەزانی، ئەوا زاناو فەیلەسووفەکانیش زۆر و هەر زووش ئەم بیرەیان بەزانست و فەلسەفەکانی خۆیان پشت ئەستوورکرد. لە سەدەی (شەشەمی پ.ز) (ئەفلاتوون) ئەویش وەکو مامۆستاکەی (سوقرات) «بڕوای بەکراسگۆڕینی (گیان) هەبوو لەم جیهانەدا» (٥٩، ص٧) ئەم بڕوا بە کراسگۆڕینە هەر تەنیا لە ولاتێک و لەسەردەمێکدا جێگیر نەبوو (هیرۆدۆت ٤٢٥-٤٨٤ پ.ز) دەگێڕێتەوە کە: «میسرییەکان هەوەڵین مرۆڤن کە بڕوایان بەنەمریی گیان هەبوو(*-٤) لەسەر ئەو باوەڕەبوون کەمرۆڤ پاش ئەوەی دەمرێ، گیانی لە لەشێکی تر و بەزنجیرە لە هەموو گیانلەبەرەکاندا دەسووڕێتەوە ئەوانەی کە لەسەر زەمین و نێو دەریادا هەن، ئەوسا جارێکی تر دەگەڕێتەوە نێو لەشێکی ئادەمیزادی و ئەو هەموو کراسگۆڕینە سێ هەزار ساڵ دەخایەنێ» (٥٩، ص٤) ئەم باوەڕەی میسرییەکان بەگیان بووە هۆی ئەوەی گرنگی بەلەشیش بدەن، چونکە وایان دەزانی گیان دەتوانێ لەشگۆڕی بکات و بچێتە نێو ئەو لەشەی خۆی دەیەوێ، هەتا دەتوانێ بگەڕێتەوە نێو لەشی یەکەمی، «بۆیە گرنگییان بەمۆمیاکردنی لەشی مردووەکانیان دەدا و هەوڵێکی زۆریان بۆ ئەوە دەدا کە لەش هەتا هەتایێ بمێنێ» (١١١، ص١٣٩).

ئەم باوەڕی کراسگۆڕینە زۆر لک و پەلی لێ بووەوە و بەزۆر شێوە لە نێو ئایین و فەلسەفەکاندا تەشەنەی کرد، (فیتاگۆرس) و لایەنگرانی ئەوانیش بڕوایان بەکراسگۆڕین هەبوو، هەر ئەوەش بوو وای لێکردبوون کە خۆ لەگۆشت خواردن بەدوور بگرن، هەر ئەم باوەڕە، واتە باوەڕی کراسگۆڕین ئێستا لەنێو کوردە ئێزدییەکاندا ماوە، کە ئێزدییەت یەکێکە لە ئایینە کۆنەکانی جیهان، هەر چەندە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەلام، هێشتا زۆر باوەڕی کۆنی خۆی پاراستووە «کراسگۆڕینی گیان وشەیەکە بەرامبەر وشەی مردن دەوەستێ لای ئێزدییەکان» (*-٥) (٦،٢١٢ ،ص٥٩) واتە ئەوان بڕوایان بەمردن نییە! بۆیە وشەی مردن لای ئەوان نییە، ئەگەر یەکێ بەتێڕوانینی ئێمە دەمرێ، ئەوان واتە ئێزدییەکان دەڵێن: کراسی خۆی گۆڕی. هندۆسەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن (ئەبولڕەیحان بیروونی) دەنووسێ: «کراسگۆڕین نیشانەی هندۆسەکانە و کەسێک کە باوەڕی بەکراسگۆڕین نەبێ، ئەوان ئەو کەسە لەخۆیان ناژمێرن» (٣٦، ص٥٧) هندۆسەکانیش ئایینەکەیان لە ئایینە کۆن و لەمێژینەکانی جیهانە.

**٢-٢-٢- جۆرەکانی کراسگۆڕین:**

کە کراسگۆڕین بووە باوەڕێکی باوو لە نێو زۆر ئایین و ئایینزادا بەدەرکەوتووە، ئەم کراسگۆڕینەش بەشێوەی گشتی لە دوو شێوەدا خۆی نواند، ئەویش گیانی پاک و ئیماندار و گیانی پیس و بێ ئیمان بوو، گیانی پاک لەکراسگۆڕیندا دەچێتە نێو تەنی مرۆڤێکی تر لەقۆناغی دووەمدا، بەلام، گیانی پیس و بێ ئیمان، بەپێی کردەوە خراپەکانی خۆی دەچێتە نێو لەشی حەیوانێک. هەندێک لەوانە لەسەر ئەو باوەڕەن، کە گیانی پیس لەسووڕێکی بەردەوامدایە و لەو سووڕەدا هەموو گیانلەبەرەکان دەکات و هەتا رووەک و بێ گیانەکانیش دەگرێتەوە.

ئەگەرچی ئیسلامەتی هەر لەبنەڕەتدا بڕوای بەکراسگۆڕین نییە! لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەدەستە و تیپە بڕوا پێنەکراوەکانی نێو ئیسلام بەلای باوەڕی کراسگۆڕیندا دەشکێنەوە و هەندێ لە نووسەرانی ئیسلام



باسی چوار جۆر- کراسگۆڕین- یان کردووە، ئەویش ئەمانەی خوارەوەن:

«١- نسخ: واتە گیانی مرۆڤێکی مردوو لە لەشی مرۆڤێکی تردا بەدەر دەکەوێتەوە.


٢- مسخ: واتە گیانی مرۆڤێکی مردوو لە لەشی حەیوانێکدا بەدەر دەکەوێتەوە.

٣- فسخ: واتە گیانی مرۆڤێکی مردوو لە شێوەی رووەکێکدا بەدەر دەکەوێتەوە.

٤- رسخ: واتە گیانی مرۆڤێکی مردوو لە شێوەی بێ گیانێکدا بەدەردەکەوێتەوە.» (٥٩، ص٨-٩)

ئەم جۆرە کراسگۆڕینانە دەتوانین لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا جوانتر بەرجەستەیان بکەین:

کراسگۆڕین




**٢-٢-٣- هەندێ لەکراسگۆڕەکان:**

کراسگۆڕین هەر تەنیا لە سنووری باوەڕی ئایینی و بیردۆزی فەلسەفیدا نەمایەوە. بەڵکە هەر لە زووەوە باوەڕێکی بەکردار و واقعی ڕۆژانەی بەرچاوی ئەو ئایین و ئایینزا و کۆمەڵ و دەستەی ئەو کەسانەیە کە بڕوایان پێ هەبووە. بۆیە بەچاکی دەزانین چەند نموونەیەک لە شوێن و ڕۆژگاری جیاجیادا بێنینەوە لەو کەسانەی کە نەک هەر تەنیا باوەڕیان بەکراسگۆڕین هەبووە، بەڵکە ژیانی خۆیان بەنموونەیەکی زیندووی چەند جارەی ئەم کراسگۆڕینە دەزانن:

-فیتاگۆرسییەکان: بڕوایان بەکراسگۆڕین هەبوو زیندوویێتیی گیان لای ئەوان باوەڕێکە گومان هەڵناگرێ، هەتا (فیتاگۆرس) خۆی: «دەیگوت من پێنج جار کراسم گۆڕیوە و ژیانی خۆی لەشێوەی گیانلەبەر دەهاتەوە بیر» (٦،٢١٢، ص٥٩) فیتاگۆرس نەک لەداهاتووی خۆی بڕوای بەکراسگۆڕین هەبووە، بەڵکە گوتوویەتی، لەرابردوو، واتە پێش ژیانی -ئێستا-ی ئەو دەمی فیتاگۆرس چەند کراسی

گۆڕیوە ئەمەش باوەڕی هەموو ئەوانەیە کە بڕوایان بەم بیرە هەیە.

– ئەفسانەی بوودییەکان: لەبارەی (سیدهارتا= بوژا وە دەڵێ: «بودا- پێش ئەوەی ببێ بەڕێگا پیشاندەر پێنج سەد و سی ساڵ ژیاوە(*-٦)، چل و دووجار بەخوداوەندی، هەشتا و پێنج جار بەپاشایەتی، بیست و چوار جار بە -میر- ایەتی، بیست و دوو جار بە -زانا-یی و دووجار بە -دز- ایەتی و جارێک بە -بەندە-یی و جارێکیش بە -سەرکێش-ی، زۆرجاریش لەشێوەی شێر و ئاسک و ئەسپ و هەڵۆ و گاو مار و بۆق-دا ژیاوە» (١٧٦، ص٩٦) ئەوەی لێرە بوودا باسی دەکات، تەنیا کراسگۆڕین و زۆری و جۆرەکانی کراسگۆڕین نییە! بەڵکە باسی ئەوە دەکات کە-چل و دوو جار لەشێوەی خوداوەند-یدا(*-٧) ژیاوە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری کراسگۆڕینە(*-٨).

–هەروەها شاعیر و فەیلەسووفی ئیتالی (جیور دانۆ برۆنۆ) کە بڕیاری سووتاندنی بەسەردا درا، لەسەر ئەوەی بڕوای بەکراسگۆڕین هەبوو. لەدوا وەڵامی بۆ ئەو تاوانەی کەبەسەریدا سەپابوو گوتی: «(نەفەس = هەناسە)= گیان "لەش نییە!" و لە لەشێکی تر جێگا دەگرێ و لە لەشێکەوە دەچێتە لەشێکی تر» (١٧٧، ص٦).

– ئەگەرچی وەکو گوتمان ئیسلام خۆی باوەڕی - بەکراسگۆڕین- نییە! بەڵام هەندێ ئایینزای بڕوا پێنەکراو و هەندێ کەسایەتیی موسڵمانان، لەنووسین و بەرهەمەکانیاندا باسیان کردووە و ئەو باسکردنە لەبڕوا بوون بەدوور نەبووە. (شێخ شەمسەددین تەبریزی) لە قەسیدەیەکیدا دەنووسێ:

«گر بگویم شرح جان خویش را نهصد هفتاد قالب دیدەام» (١٢،٢١٢، ل٢)

واتە ئەگەر باسی -جان = گیان-ی خۆم بکەم و سەربردەی بگێڕمەوە نۆ سەد و هەفتا -قالب= بۆتە - شێوەم دیوە، سەیر دەکەین ئەم زانایە زۆر لە بوودای تێپەڕاندووە، هێندە هەیە باسی جۆرەکانی کراسگۆڕینەکەمان بۆ ناکات.

ئەگەر ئەم نموونانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن لە ڕۆژگاری دووربوون و هەندێکیان هی ڕۆژانی پێش زایین بوو، ئەوا دەتوانین لەم سەردەمەش نموونەی ئەم جۆرە کەسانە بێنینەوە کە ئەم باوەڕەیان هەیە(*-٩).

– کۆلن ولسن لە کتێبی (مابعد الحیاە) دەنووسێ: «لە ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ کچێک لەدایک بوو، ناوی لێنرا (کۆماری شانتی دیفی) لە شاری (دەلهی) لە هیند، کە گەیشتە چوار ساڵی، دەستی بەوەکرد کە سەربردەی ژیانی پێشووی خۆی لە شاری (مۆنرا) بگێڕێتەوە، کە سەد میل لە دەلهی-یەوە دوورە، گوتی: ئەو لە هۆزی (شوبان) بوو، لەماڵێکدا دەژیا کە ڕەنگی زەرد بوو، مێردەکەی بازرگان بوو و ناوی (کیدار نان جۆبی) بوو (...) کە کیدار نان ئەم هەواڵەی زانی، زوو بەرەو هیند هات و منداڵەکە زوو خۆی هاوێشتە باوەشی و دەیتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بداتەوە، وەڵامی گومان هەڵنەگر، وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە باسی ژنایەتی پێشووی خۆی دەکات و باسی ئەو سندووقەشی کرد کەسەد ڕوپیەی تێدایە و کاتی خۆی لە ژوورێکی ماڵەکەیدا شاردوویەتییەوە» (١٥٨، ص١٧٣) ئەم کچە و زۆری تر لەوانەی باسی ژیانی ڕابردوویان دەکەن، بەڵگەی دۆزینەوەی شتی ژێر



زەوی دێننەوە، لەنێو ئەم بەڵگانەش زۆرجار زێڕ پارە و شتی بەنرخ باس دەکرێ، کە ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکە جێگای بەهەند هەڵگرتنە.

– پێشتر باسی برا ئێزدییەکانمان کرد، کە ئەوانیش بڕوایان بەکراسگۆڕین هەیە، ئەوەتە (خەلیکۆ) وەک نموونەیەکی بەرچاو لەناوچەکەدا ناسراوە، خەلیکۆ دەڵێ: «ئەو گیانی خۆی دەناسێ و دەزانێ پێشتر دوو جار ژیاوە، دەڵێ کابرایەکی خاوەن ژن بوو، ژنەکەی پێش ئەو مردووە و گۆڕەکەی دەناسێ، جارێک دەچێتە ماڵی برادەرێک و دەڵێ پێشتر لەو شوێنە دەژیا و باوکی دەمی بیرێکی داخستووە پێش ئەوەی کۆچ بکەن و ئێستا جێگاکەی دەناسێ، خاوەن ماڵ لەگەڵ خەلیکۆ بیرەکەیان دۆزییەوە، بیرێکی تەواو، کوڕی ئەو (خەلیکۆ) یە ئێستا لە کۆمەڵگەی (خانە سۆرێ) لە قەزای سنجاردا دەژی و زۆری پێیە کە لەبارەی باوکییەوە بیلێ» (٦،٢١٢، ص٦٥).

ئەگەر باوەڕی کراسگۆڕین باوەڕێکی زۆر کۆنە، بەو مانایە نییە، ئەمڕۆ کەس نەبێ بڕوای بەکراسگۆڕین نەبێ! بەڵکە هەر ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا، لەنێو زۆر هۆز و نەتەوە و وڵات، زۆر ئایین و ئایینزاو باوەڕ هەن، بڕوای تەواویان بەکراسگۆڕین و جۆرەکانی کراسگۆڕین هەیە و نموونەش لە دنیادا یەکجار زۆرە و لە کوردستانیش ئەم جۆرە کەسانە کەم نین.

### ٢-٢-٤- دوا وشە لەبارەی (گیان و کراسگۆڕین)ەوە:

بوونی گیان و زیندوویێتی گیان، ئەگەر لەسەرەتاوە ئایینی دانەهێنابێ ئەوا بێشک بووەتە هۆی پەرەپێدان و زۆربوون و بەرنامە ڕێژکردنیشی، هەر ئایینیش بووە هۆی پەرەپێدانی گیان و ژمارە و نرخ بۆ دانانی، سەرەکی ترین شت گیانی پاک و گیانی پیسە! کە ئەمەش بەرامبەر بە گیانی ئیماندار و گیانی بێ ئیمان ڕادەوەستێ، ئەم ئیماندار و بێ ئیمانەش بیری پاداشت و سزای هێنایە پێشەوە، لەمەشدا دادگایی کردن و پەڕینەوە لە(پرد)(*-١٠) و بەهەشت و دۆزەخ داهات(*-١١).

میسرییەکان هەر لەکۆنەوە بڕوایان بەو دادگایی کردنە هەبووە ئەم دادگاییە لە چل و دوو ئەندام پێکهاتبوو: «ئۆزیریس سەرۆکی قازییەکان و چل و دوو قازی ئەرکی دادگایی کردنی گیانیان پێ سپێردراوە» (١١١،ص١٤١) ئەم دادگایی کردنەش ڕێ و ڕەسم و شوێنی تایبەتی هەبوو. هەروەها لە ئایینی زەردەشتیش ئەم دادگایی کردنە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تر، لە (ئەرداویراف نامە) زۆر بەچاکی باسی (چینود پل) واتە پردی جینود کراوە، ئەو پردەش شوێنی دەرکەوتنی چاکە و خراپەی مردووە بەرامبەر بەگیان، کە دەیەوێ لەسەر ئەم پردە بپەڕێتەوە، ژێرەوەی ئەو پردە دۆزەخە و ئەوبەریشی بەهەشتە، کردەوەکانی گیانی مردوو بەچاک و خراپییەوە دێنە پێشوازی، ئەگەر چاکەکاربێ، کردەوەکانی لەسەر شێوەی کچێکی جوان و ئەگەر کردەوەکانی خراپ بێ، لەسەرشێوەی پیرەژنێکی ناشیرین بەرەو پیری دێن، کە لە کچە جوانەکە دەپرسێ تۆ کێیی؟ دەڵێ من کردەوە چاکەکانی تۆم. کە لە پیرەژنەکەش دەپرسێ، لە وەڵامدا دەڵێ: من کردەوە خراپەکانی تۆم. لەو (بندهش)ەی کە باسی پردی چینود و گیانی مردووان دەکات، ئاوا باسی ئەو پردە دەکا: «.. گیانی مردووەکان لە بەیانی ڕۆژی چوارەمی پاش مردن، دەگاتە ئەوێ، ئەگەر بەهەشتی بێ بایەکی بۆن خۆش و نوێنەری کردارە چاکەکانی دێتە پێشوازی، ئەگەر

دۆزەخیش بێ بایەکی بۆن ناخۆش و نوێنەری کرداره خراپەکانی، ئەوان گیان تا بن کێوی ئەلبورز دەبەن، ئەگەر گیان بەهەشتی بێ، ئەو پردە، کە تیخێکی تیژە، بەپانی رادەوەستێ و رێگا بۆ گیان دەکرێتەوە، کرداره چاکەکانی لەشێوەی کچێکی بەهەشتی، ئەو دەگەێنێتە پلەکانی بەهەشت، ئەگەر گیان دۆزەخی بێ، تیخ لەسەر تیژی خۆی دەمێنتەوە و کرداره خراپەکانی لەشێوەی دێوەژنێک ئەو بەسەر ئەو (پرد)ەدا دەبا و بەری دەداتەوە قوولایی دۆزەخ، ئەوانەش کە چاکە و خراپەیان بەرامبەره دەیانباتە (همستگان) کە جێگایەکە وەکو سەر دنیا» (٩٨، ص٣٣٥).

**٢-٣-١- ناشتنی مردوو:**

لەو ڕۆژگارەی کەگیان بوون و مانای خۆی پەیدا کرد و رێ و رەسمی ئایین سەری هەڵدا، بەرنامەو دەستووری ئایینەکان ئەرک و پەرستنی خستە سەر پەیڕەوانی ئایینەکان، (مردن و لاشە)ش کەوتنە بەر خوێندنەوەی ئایینی، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەر ئایین و باوەڕێک بەشێوەی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ لاشەی مردوودا بکات. کە لاشەی مرۆڤ پاش مردن بەماوەیەکی کەم. شێوەیەکی جیا لەشێوەی زیندووێتی وەردەگرێ و لەسەر قسەی گلگامش (کرم لە کونەلووتییەوە دێتە دەرێ) ئەم کرماوی بوون و تێکچوون و بۆگەن کردنەی لاشەی مردوو. ئەوەی کە زانایانی مێژوو و لێکۆڵەرەوان دەستیان گەیشتووتێ و باسیان کردووە، دیمەنی جۆراوجۆر و داب و نەریتی سەیر هەبووە، کە هەر داب و نەریتە رەنگدانەوەی ئەفسانە و ئایینی ڕۆژگارێک و میللەتێک و هەوارێک بووە.

-شاردنەوەی مردوو لە خاکی نێومالّدا کۆنترین شاردانەوەیەکە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) پەیڕەوکراوە،! «هەڵکۆڵینی بەردەوام لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە (کوردستان) باکووری عیراق نۆ پەیکەرە ئێسکی دۆزیییەوە کە حەوتیان گەورەبوون و دووانیان منداڵ، لە جۆری مرۆڤی ناسراو بە (نیاندرتال) لە چینی پێنجەمی ئەشکەوت کە دەگەڕێتەوە سەردەمی بەردینی کۆن و ناوەڕاست نزیکەی ٦٠ هەزار ساڵی رابردوو» (١٧١، ص٢٢٣) ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو مرۆڤەی شانەدەر گوڵێکی زۆری لەگەڵدا لەنێو گۆڕ شاردراوەتەوە. ئەمەش نیشانەی پێگەیشتن و جۆری زەوقی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە. کە لە شانەدەردا ژیاوە.

ئەو مردوو شاردنەوەی نێو ماڵ لە (چەرموو)ش پەیڕەوکراوە، کە گۆڕیان لەخاکی ماڵەکانیان هەڵدەکەند و مردووەکانیان تێدا دەشاردەوە کە دەکرێ هەر ئەم جۆرە مردوو ناشتنەش لە نێو ماڵ وا لێکبدرێنەوە کە لەوەوە هاتووە، چونکە باوەڕیان بە گیان و زیندووبوونەوە هەبووە، تا کە لە داهاتوو مردووەکان کە جارێکی تر زیندوو بوونەوە، هەر لەنێو ماڵی خۆیان زیندوو ببنەوە و دەست بە ژیان بکەنەوە.

لە(حەسوونە)ی باکووری دوو ئاوان: «قابی خواردن دۆزراوەتەوە، لەڕۆخ مردووەکان، کەوا پێدەچێ هێمای بڕوابوون بێ بەژیان پاش مردن لەو سەردەمە» (٩٨، ص٤١٦) هەر لەنێو دوو ئاوان شتی تریش لەگەڵ مردوو شراوەتەوە: «لەوانەیە سەیرترین تایبەتمەندیی مردووان ئەوەبێ، کە ژمارەیەکی زۆر مۆرە، لە گۆڕێکدا (٣٠٠٠) سێ هەزار و لەیەکی تر (٧٥٠) مۆرە دۆزراوەتەوە» (٨٧، ص٨٣-٨٤) لەگەڵ



مردوو شاردنەوە، هەر تەنیا لە سنووری خواردن و مۆرە نەمایەوە، بەڵکە زێڕ و زیو و لازوەردیشی گرتەوە لە (تەپە گەورە) سێ گۆڕ دۆزراوەتەوە کە زۆر دەوڵەمەندن : «ژمارەیەکی زۆر و بەشێوەیەکی نائاسایی، زێڕ و تێکەڵەی زێڕ و زیو و لازوەرد و عاجی تێدایە، تەنیا گۆڕێکیان زیاتر لە ٢٠٠ پارچە زێڕ و نزیکەی ٤٥٠ دەنکە لازوەردی تێدابوو (١٢٥، ص٢٧٢).

مردووشاردنەوە و مردوو ناشتن زۆر شێوەی بەخۆیەوە دیوە، هەندێ جار و لە هەندێ سەردەم خەڵکانێک هەبوون: (مردووەکانی خۆیان لە نێو چینی دیوار دەشاردەوە» (٨٧، ص٨٣) ئەوەش لەسەردەمێکدا بووە کە خەڵکەکە لەبەردەمی ترس و هێرشدا بوون. چونکە زۆرجار کە خەڵکی ناوچەیەک دەشکان، خەڵکە سەرکەوتووەکە مردووەکانی نێو گۆڕیان وەکو زیندووان ئازاردە دا، (ئاشوور پانیبال) گۆڕی شای ئیلامییەکانی هەڵکەند و لەگەڵ خۆیدا بردییە ئاشوور، لەدەقێکدا هاتووە: «گۆڕی پاشا کۆن و تازەکانیانم هەڵکەند، ئەوانەی لەشان و شەوکەتی ئاشوور و عەشتار دوو خوداوەندی پارێزگاری نەدەترسان، ئەوانە شاکانی پێش منیان نیگەران کردبوو، هەڵمکۆڵی و پەیکەرەکانیانم خستەبەر هەتاوێ، ئێسکەکانم بردە ئاشوور من بێزاریم بەسەر گیانیاندا چەسپاند لە قوربانی و خواردن و ئاو ڕشتن بێ بەشم کردن» (١٧١، ص١١٦) لێرەدا ئەو پەیوەندییە بەدەردەکەوێ کە لەنێوان لەش و ئێسک و گیاندا هەیە، بەپێی باوەڕی ئاشوورییەکان، بۆیە بەئازاردانی گۆڕ و ئێسک وایان دەزانی گیانیشیان ئازار دەدەن.

میسرییەکان، بەتایبەت (فیرعەون)ییەکان کتێبێکیان هەبوو پێیان دەگوت (کتێبی مردووان) ئەو کتێبە باسی قۆناغەکانی مردنی دەکرد، ئەو قۆناغانەی کە گیان پاش مردن دەیبینێ: «هەروەها دەقەکانی ئەو کتێبە کە لەگەڵ مردووان دەشاردرایەوە، بۆ ئەوەی رێگای راستیان نیشان بدا» (١٥٩ ،ص٤).

لە شاردنەوەی مردوودا، جیاوازی لەنێوان چینەکاندا دیارە، پاشا و دەوڵەمەند و پیاوانی ئایینەکان، تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو، لەگۆڕ و شاردنەوەدا: «سک-ەکان وەختێ کەپاشای مردووی خۆیان دەشاردەوە، زگی مردووەکەیان دەدڕی و جەرگ و هەناویان دەردێنا و ورگ و سینەیان پڕ لە دەرمان و کەتیرەی گیای بۆن خۆش دەکرد و بەدەنی پاشایان مۆمیا دەکرد و لەچواردەوری وڵاتیان دەگێڕا و پاشان لەگۆڕستانی پاشایانیان دەشاردەوە، لەگەڵ شای مردوو یەکێ لە ژنە بێ مارەیییەکان و دەست و پێیەکانی تری و ئاشپەز و خولام و نامەبەری ئەویان بەئەسپ و جەواهێراتەوە لەگۆڕ دەنا» (٧١، ص٦٨).

ئەوەی لێرە سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە، کە(سک)ەکانیش شای خۆیان مۆمیا کردووە، ئەوانیش وەکو میسرییەکان، بەڵام میسرییەکان سەرەڕای مۆمیاکردنی تەنی پاشا گۆڕەکەشیان بەشێوەی (هرم) دروستکردووە کە تا ئەمڕۆ تێکنەچووە و ماوەتەوە. ئەو هەرەمانە هێندە گەورە و سەیر دروستکراون، تا ئێستاش زۆر لایەنیان بەنهێنی ماوەتەوە، ئەگەر تەنی پاشا مۆمیاکراوەکان ماوەتەوە و لەبێن نەچووە، ئەو گۆڕ- هەرەم-ە کانیش ماونەتەوە و لەبێن نەچووین، گەورەترین هەرەم (خۆفۆ)یە کە: «بەرزییەکەی ١٤٦ مەترە و ٢٥٦٢٥٧٦ مەتر دووجا بەردی تێدا بەکارهاتووە» (١١١، ص٦١).ئەو هەرەمە گەورە و پڕ نهێنییانەش زۆر تر بۆ شاردنەوەی مردووەکان کراوە و وەک گۆڕ بەکار هاتووە.

ئەگەر مردوو شاردنەوەو مۆمیاکردن سەردەمێک باوبووە، ئەوا ڕۆژگارێکی زۆریش لاشەی مردوو هاوێشتراوەتە نێو ئاو و ڕووبار، (گلگامش) کە دەچێتە (خاکی ژیان) بە(ئۆتۆنا-بشتم) دەڵێ: «ئەوەتا من لەسەر شوورەکانەوە سەیر دەکەم، لاشەی مردووان دەبینم کە سەرئاو کەوتوون» (١٣٣، ص١٩٨). ئەوەی کە گلگامش بەچاو دەیدی، بەواقیع بەسەر (تەمووز) دەهات: «لەو سروشەدا ئەوە سەرنج ڕادەکێشێ کە تەمووز لەخاکدا ناشاردرێتەوە، بەڵکە لاشەکەی فڕێ دەدرێتە نێو ئاو» (١٢٦، ص٤٣) ئەو لاشە فڕێدانە نێو ڕووبار و ئاوە تا ئێستاش لای هەندێ هۆزی هیندی ماوە و مردووەکانیان داوێنە ناو رووباری (کنج).

ئەگەر ئاو هیمای زیندوویتی و ژیان بێ، هەر بەو مانایەش لاشەی مردووەکانیان تێهاویشتبێ، ئەوا ئاگریش بێ بەش نەبووە لە لاشەی مردووان: «رۆمانییەکان هەر زوو بەزوو لاشەی مردووەکانی خۆیان دەسووتاند، بۆ ئەوەی بەتەواوی لەنێوی بەرن» (١١١، ص١٤٢) ئەو مردوو سووتاندنە لەسەردەمانێکی کۆن لەدەوروبەری دەریاچەی (چیچست- ورمێ) مەزدا پەرستەکان ئەوانیش مردووی خۆیان سووتاندووە، مووغەمادەکان کە مەزداپەرست بوون: «مردووەکانی خۆیان لەجێگایەکی تایبەتدا دەسووتاند، ئەو خۆڵەمێشە جێماوی دار و چیلەکەیە کەلاشەیان لە نێواندا دەسووتاند، بەپێی داب و نەریت کەسانی مردووەکە قاپ و گۆزەی گڵ یان مسیان دەهاوێشتە نێو ئاگرەکە و نەرمە خۆڵیان بەسەر خۆڵەمێشەکە دادەکرد» (٤٢، ص١٥٤) ئەم مردوو سووتاندنە هەر ئەمڕۆ لای زۆر ئایین و ئاییـنزا ماوە لەوانە هەندێک لە هیندییەکان و هەندێکی تر.

جگە لەم جۆرە ناشتنەی کە باس کرا، جۆری تریش هەیە، یەکێ لەوانە، مردوو خستنە بەردەمی باڵندە کێوی و گۆشت خۆرەکانە: «ئەو نەریتە کەدارمەیت لەبەردەم باڵندەکانا دائەنێن - ئەوەش لەدواییدا بووە بە یاسایەک لەیاساکانی زەردەشت، لەناو هۆزە ئێرانییەکاندا باوی پەیدا کرد» (٢، ل٥١٦) هەر ئەو نەریتە لە سەردەمی ساسانییەکانیش پەیڕەو کراوە «لە سەدرەمی ساسانییەکاندا ئەوەی مردووە تەرمەکەی لە شوێنێکدا دانراوە بۆ دڕندە و باڵندەی کێویی گۆشت خۆر تا هەموو گۆشتەکەی بخۆن و پاشان تەنیا ئێسکی مردووەکە لەتاقێک یا لە چاڵێکدا کە لەسەر گابەردەکاندا دۆزراوەتەوە، دەشاردرایەوە، ئەو چاڵە پێی دەوترا (ئستودان)،» (٢١٤، ١٠، ل١٠٥) ئەم گۆشت و ئێسک لێکردنەوە بەشێوەیەکی تر لای (بۆڕۆڕۆ- Bororo)کان پەیڕەو دەکرا، «مردووەکە لە گۆڕێکی کاتی دەشارنەوە تا گۆشت دەڕزێ و ئێسکەکە ڕەنگ دەکەن و بەپەڕ دەیڕازێننەوە و لەبەردەمی ماڵەکەیان هەڵی دەواسن و هەموو ئەم ڕێ و ڕەسمە بەئاوازەوە دەکرێ» (٤٨، ص١٢٢).

شتێکی تریش هەیە کەلەگەڵ لاشە و گۆڕدا دەکرێ، ئەویش هێما و نووسینە لەسەر گۆڕ و کێڵەکاندا. (ئاشوور پانیبال) لەسەر گۆڕی یەکێ لەپیاوەکانی کۆشکی خۆی دەقێکی نووسیوە ئاوا کەوتووەتە دەست: «... با خەڵکی هەموو واز لەوە بێنن بەخراپە دەست لەو شوێنەبدەن، پیاوێکی چاک و ئازابوو، هەر کەسێک بێزاری بکات کە لەگۆڕدایە، پاشای گەورەی لەمە بێزار دەبێ، بەزەیی بەو کەسە ناکات کە دەبێتە هۆی بێزاری» (١١٩، ص٤٩٣) لەسەر زۆر گۆڕ و کێلی کۆندا دەستەواژە و نزای ئاوا نووسراوە،



کە ڕێبوار لەوە ئاگادار دەکاتەوە، دەسکاری گۆڕەکە نەکات- کە زۆر جار گۆڕەکان پڕ لەزێڕ و شتی بەنرخ بوون- ئەوەش بە دوعای ئایینی و ترساندنێکی دەروونی دەژمێردرێ.

ناشتن جگە لەبارە کۆمەڵایەتییەکەی، وەک ئەرکێکی ئایینیش حسابی بۆ کراوە، ئەوانەی کە ڕێ و ڕەسمی ناشتنیان بەجێهێنراوە و کفن کراون، کەم گوناهترن لەباسی چینەکانی دۆزەخ (ئیناس) دەبینێ هەندێک بەسواری بەلەم دەپەڕنەوە، هەندێکیش لێناگەڕێن سواری بەلەم بێن، دەپرسێ ئەوە چییە؟ (سیبۆل) وەڵامی دەداتەوە: «ئەوانەی سواری بەلەم دەکرێن گیانی ئەوانەن کە بەڕێ و رەسمی ئایینییەوە کفن و گۆڕکراون، بەڵام ئەوانی تر ئەوانەی نەناشتراون، ناتوانن لە رووبار بپەڕنەوە، سەد ساڵان لەڕووی خۆیان دەدەن و لەسەر قەراغ دێن و دەچن و دەپاڕێنەوە، تا دواجار دەپەڕنەوە» (١١٦، ص٣٦٨) ئەوەی گرنگە رێ و رەسمی شاردنەوەی مردوو وەک چاکەی خۆی بۆی حساب دەکرێ. نەشاردنەوەشی وەک خراپە و بەدی و سزای بەدواوەیە هەر بۆیە ئەوان بەدەن بەپاک ڕاگرتن و هەوڵدانی پاک کردنەوەیان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانی..

ئەگەرچی بەپێچەوانەی ئەم ڕایە زەردەشتییەت تەن بەپاک نازانێ و دەڵێ «چونکە بەدەن نێوەندی پیسییە، بەخاک سپاردنی جایز نییە» (٥٢ ،ص١٨٢) نەک هەر ئەوەندە نابێ بشسووتێنرێ چونکە ئاگر ئاڵوودە دەکات.

### ٢-٣-٢- **شینگێڕیی**:

ماوەیەکی زۆری ویست تاوەکو مرۆڤ هەستی بەمەترسیی مردن کرد. مردن بەمانای لێکدابڕان و جیابوونەوەی خۆشەویستان، ئەو لێکدابڕان و یەکتر نەبینینەوەیە، بێ کاریگەری نەبوو، لەزۆر ڕووەوە مرۆڤ، هەوڵی دا چارەسەری ئەم مردنە بکات، یەک لەو هەوڵانە گەڕان بەدوای نەمریی بوو، یەکێکی تر لە هەوڵەکان خۆگونجاندن بوو لەگەڵ واقعی مردن، کە ئەمەیان پشتی بەبیر و باوەڕە ئایینییەکان بەست. هەوڵێکی تر کە دەتوانین بەکاردانەوەیەکی کاتی سۆزی دابنێین، ئەوەش شینگێڕیی و تازییەبارییە. کە کەسوکاری مردوو بۆ مردووەکەی دەکەن، چونکە لەسەر قسەی دکتۆر (خەلیل سەعید): «مەرگ هەر لە چەرخی مرۆڤی یەکەم کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کردووە، مرۆڤی سەردەمی چەرخی بەردینی کۆن وای لێکدایەوە کە جۆرە پەڕینەوەیەکە بۆ ژیانی ئەو دنیا، بەم شێوەیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مردنی ڕەت کردەوە، بەڵام مرۆڤی چەرخی بەردینی نوێ باوەڕی بەزیندوو بوونەوەی مردوو هەبوو، هەر بۆیە هەندێ کەرەستە و ئامێری لەگەڵ مردوو شاردەوە» (١٢٣، ص١١٩) ئەوەی لێرە مەبەستە بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمانەیە لە مردن و گۆڕانی لێکدانەوەی مردنە، بەوەی مردوو زیندوو دەبێتەوە وەیان نا؟ لەهەردوو باراندا مردنی مردوو کاریگەری بەسەر سۆز و دەروونی کەسوکارە جێماوەکەی هەبوو، هەرچەندە، ئەم کاریگەرییە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ؛ بەڵام هەرچۆنێ بێ کاریگەریی سۆز و دەروونی، کەسوکاری مردووی وا لێکردووە، کە فرمێسک بڕێژن و دڵگرانیی خۆیان بەزۆر شێوە دەرببڕن.

ئەوەتا دایک و خوشکی (ئەسفەندیار) کە هەواڵی مەرگی ئەو پاڵەوانە دەبیسن سەیرکە چی دەکەن:

«سەرکۆت و پێخواس بە غار چوونە پێشوازیی جەنازەکەی، روویان خستە سەر سمی ئەسپی ڕەشی ئەسفەندیار و تووک و نزایان لە گوشتاسپ کرد، خەڵکەکە یەخەی خۆیان دادڕی و بەدەوری ئەسفەندیاردا پەرت بوون، پیاوان خۆیان لە خاک و خۆڵ وەردا و قوڕە سووریان لەنێو چەوانی خۆیان هەڵسووی و بەچاو خوێنیان باراند» (٥٢، ص٣٦) شینگێڕی زۆرجار بەئازاردانی -خود- تەواو دەبێ، واتە کەسوکاری مردوو بەزۆر شێوە ئازاری خۆیان دەدەن، ئەم خۆ ئازاردانە هەر لە زووەوە پەیڕەوکراوە، لەنێو- سک-ەکان وا باو بوو: «ئەندامانی هۆز پاش ئەوەی کەمێک مووی سەری خۆیان دەبڕی، بەگریانەوە دوای جەنازە دەکەوتن و بازووی خۆیان بریندار دەکرد و تیریان لەدەستە چەپی خۆیان گیر دەکرد» (٧١، ص٧٠-٧١) ئەم شینگێڕییە خوێناوییە مرۆڤ لە زۆر سەردەم وەک هۆیەک بۆ دەربڕینی کاریگەریی مردوو غەمباریی مردوو لێمردووەکە پەنای بۆ بردووە.

هەتا مردووش مەزنتر و بەناو و دەنگ و لێهاتووتر بێ، شینگێڕییەکە گەرمتر بووە.

ئەو شینگێڕییە هەر تەنیا کاری مرۆڤ نەبوو، بەڵکە خواوەندەکانیش دەگریان و خۆشەویستەکانی خۆیان دەلاواندەوە، -ئانات-ی خوداوەند بەم شێوەیە شینگێڕیی بۆ بەعل دەکرد: «لەو فرمێسکانەی کە خەڵکە ئیماندارەکەی ئۆگارین دەیانڕشت، هەرکاتێ بیریان لەچارەنووسی ناخۆش و پڕ غەمی بەعل دەکردەوە، بەچەپەڵۆکان سەرو رووی خۆیان دەکوتییەوە، چونکە ئەو لەپێناو مانەوەی ئەوان خۆی کردە قوربانی، لەخۆوە ئەم فیداکارییەی کرد» (٤٥، ص٩٨) گلگامش، گلگامشی پاڵەوان و دووبەش خوداوەند ئەویش شینگێڕی دەکات، ئەوکاتەی (ئەنکیدۆ) نەخۆش دەکەوێ ئەو نەخۆشییەش پاش بینینی خەونەکە، ئەو خەونەی پێشبینیی مردنە! لە خەودا ئەنکیدۆ باڵندەیەکی شووم کە جینجڕۆکی وەک هەڵۆ تیژ بوو، ئەنکیدۆ رووت دەکاتەوە و بەو پەنجانە هەناسەبڕی کرد و بردییە ئەو جێگا و ماڵەی کە کەسی لێناگەڕێتەوە. پاش ئەو خەونە ئەنیکدۆ دوازدە ڕۆژان بەنەخۆشی لەنێو جێگادا دەکەوێ، ئەنکیدۆ خەمی ئەوەیەتی وەک پاڵەوانێک لەمەیدانی شەڕیدا نامرێ، چونکە ئەو لای وایە هەرچی لە شەڕێ بمرێ پیرۆزە، هەر ئاواش قسە لەگەڵ گلگامش دەکات، پاشان گلگامش روو لە هەڤاڵی خۆی دەکات و دەڵێ:

«هۆ(ئەنیکدۆ) دایکاتە پەزکێڤییە و بابێ تە کەرێ هوڤە،/

تو ل بەر شیرێ کەرێت هۆڤی مەزن بویی» / (١٨، ل٩٧).

پاش ئەوەی گلگامش خۆزگەی ئەوە دەخوازێ شین و گریان لەسەر ئەنکیدۆی بەردەوام بێ، داوا لە ژن و منداڵ و پیرەمێردان دەکات بۆ ئەنکیدۆ بگریێن، داوا لە ئاسمان و زەوی و عەرد و رووبار و دارستان و شێر و پڵنگ و هرچ و مامز دەکا بۆ ئەنکیدۆی بگریێن پاشان خۆی دەست بەگریان و شینگێڕی دەکات بەم شێوەیە،

*«ژبۆ(ئەنکیدۆ) یار و هەڤاڵێ من ئەز دگریم.*

*ئەز دل سوتی هاوار دکەم*

*ئەو بڤرێ ب تەنشتا منڤەیە و هێزا زەندێ منە*

*خەنجەرا بەر شوتکا منە و نڤشتی یامن د پارێزت*



*شار یا من خوشیا من جلێت چەژنا من*

*شەیتانەک کەمباخ هات و ئەو ژ من دزی*

*هۆ یار و برایی بچوک*

*من بەردا کەرێ هۆڤی ل زیران*

*من پلنگ گرتن ل دەشتان*

«ئەنکیدۆ» هەڤال و برایێ منێ بچوک» (١٨، ل٩٨) گلگاش زۆر بەخۆیی و بەئەنکیدۆدا هەڵدەڵێ، کە دواجار هەست دەکات دڵی (ئەنکیدۆ) لێنادا و مردووە، ئیتر ئەو پاڵەوانی وا ئازا وەک بووک بۆ زاوای بگریێ ئاوا لەخۆی دەدا:

*«دەست پێکر وەکو شێری ل دورا وی نڕە نڕکر*

*هەر هات و چول بەرجهی دنێڕی وی*

*پرچا خۆ دەهەڵکێشا و دهاڤێتە سەر ئەردێ*

*جلێت جوان د دڕاندن دهاڤێتن مەچکو پیسن*

*هەما تیریژا ڕوناهی یا سپێدێ دیار بو گلگامش ڕابو»* (١٨، ل٩٩ ).

پاشان گلگامش بانگی زێڕینگەر و پەیکەرتاشان دەکات تا لەزێڕ و زیو و لازوەردی پەیکەرێک بۆ هەڤاڵەکەی دروست بکەن. پاش ئەوە جارێکی تر گلگامش داوا لە خەڵک دەکات تازییەی بۆ دابنێن و شینی بۆ بگێڕن.

*«ئەز دێ ب خۆ ژی (پشتی تەڤە شێرن ل بن ئەردێ) دێ پرچا خۆ درێژکم*

*کەڤلێ شێری دی کم بەر خوو دێ کەڤم چولێ/* (١٨، ل٩٩)

گلگامشی پاڵەوان و پاشا و دووبەش خوداوەند، بەم گەرمی و توندییەوە ئاوا شین بۆ ئەنکیدۆی هەڤاڵی دەگێڕێ، شینگێڕییەکان لە توندی و گەرمیدا وەکو یەکن، ئەگەرچی هەندێ جار شێوەکەیان دەگۆڕێ. ئەم جارە بابزانین دایکێک چۆن بەدوای کوڕەکەیدا دەگەڕێ، ئەو گەڕانەی لە تەراتیلی کەنیسەی کاتۆلیکی ئاوای بەرجەستە کردووە: «دەڕوا دەگری و دەناڵێ، دەستەکانی هەڵدەشەقێنێ رووە سپییەکانی خۆی دەڕنێتەوە، بەچاوە رەشەکانی فرمێسکان دادەبارێنێ، لە دڵدا ئاخان هەڵدەکێشێ، بەڕێگادا دەڕوا و بە دوای کوڕەکەیدا دەگەڕێ» (١٢٦، ص٤٩).

ئەگەر ئەم شینگێڕییانەی کە باسکران تا ئێستا لەسەر جەنازەی مردوو لە کاتی مردنی خۆشەویستاندا بووبێ ئەی لە ساڵڕۆژی مردنی شا و خۆشەویستان چی دەکرێ؟!: «لە یەکەمین ساڵوەگەڕی پێشەوای کۆچکردوو، داب و نەریت وا بووە کە پەنجا کەس لە پاسەوانانی ئەو، وەک خزمەتچییەکانی لەسکە ئازادەکان بوون، بەهەیبیەتەوە سواری ئەسپانیان دەکردن و دەیانکوشتن، پاشان لاشەکانیان پاک دەکردنەوە و بەڕێکی باریان دەکردن، ئەسپە کوژراوەکانیشیان بەزین و لغاو و چەکەوە تەواو لەمیل دەدا و بەشێوەی بازنەیی لەدەوری گۆڕ و گردەکەیان دادەنان» (٧١، ص٧١-٧٢) سەیر لەوەدایە، ئەگەر لەکاتی

مردنی پاشاکان دەست و پێوەندەکانیان لەگەڵ زیندە بەگۆڕ دەکردن، کەچی لێرە لەیادی سووڕانەوەی ساڵێک بەسەرمردنی پێشەوا، پەنجا سواری ئازا بە ئەسپەوە دەکەنە قوربانی، قوربانییەکانیش بەهەموو ئاگاییەوە ئەم گیانفیداییە قبووڵ دەکەن.

که تا ئێستا شینگێڕییەکان، بەم شێوە توند و خوێناوییە بوو کە بینیمان. ئەوا هۆز و نەتەوەی واش هەن کە تەواو بەپێچەوانەی ئەم شینگێڕییە هەڵسوکەوت دەکەن و بەشێوەیەکی تر مردوو بەڕێ دەکەن: «ڕێ و ڕەسمی Yuccaییەکان بۆ خەڵکی (Uitito بەمانای چەژنی مردووانە. ئەو چەژنە لەکن هۆزی Shipaya بەسەما و هەڵپەڕکێ و خۆشی بۆ مردووان بەڕێوەدەچێ، جەژن شەوانە هەفتەیەک بەردەوام دەبێ، بەئاواز و سازی ئایینی، گیانی مردووەکان لەشێوەی پیاوچاکان و پیاوانی دەمامکداری هۆز بۆ سەما و خواردنەوە دێنە نێو کەس و کارەکانیان» (٤٨، ص١٢٢). ئەو ڕێ و ڕەسمی مردوو بەڕێکردنە، چ بەشێوە شینگێڕی و بارە خوێناوییەکەی، چ بەشێوەی بەئاسایی وەرگرتنی مردن و چ بەشایی و هەڵپەڕکێ مردوو بەڕێکردن، لە ئەفسانەکاندا باس کراوە، ئەو باس کردنەی ئەفسانە لە واقعی ژیان بەدوور نییە: چ لە رابردووی ژیانی نێو کۆمەڵ چ لە داب و نەریتی ئەمڕۆی مرۆڤ، ئەم ڕێ و ڕەسمانە ئێستا هەن، ئەگەر گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ، ئەوا ریشە کۆنەکەی هەر ماوەتەوە، گریان و لەخۆدان و یەخە دڕین و ڕوو رنینەوە و جل ڕەش کردن و ریش بەردانەوەو پرچ ڕنینەوەی ژنان و قوربانی بۆ کردن و ڕێ و ڕەسمی سێ ڕۆژە و حەوت ڕۆژە و چلە و جەژن و ساڵە وەختان، لەنێو هەر نەتەوە و لەنێو هەر ئایینێکدا بە شێوەیەک پەیڕەو دەکرێ. هەر ئەم واقعەی نێو کۆمەڵیشە، ئەفسانە بەزمان و شێوازی خۆی باسی دەکات و دەیگێڕێتەوە. ئەگەر هەندێ جار کاری نێو ئەفسانەمان زۆر لا سەیرە! ئەوا لە واقعیشدا کاری ئاوا سەیر هەیە.

**٢-٣-٣- بەهەشت و دۆزەخ:**

لەو ڕۆژەوە مرۆڤ باوەڕی ئایینیی پەیدا کرد، ئایین لەگەڵ خۆی مانای تایبەتی بۆ زۆر شت هێنا، لەش و گیان، دنیا و قیامەت، ژیان و مردن، حەلاڵ و حەرام، چاکە و خراپە پاداشت و سزا بەهەشت و دۆزەخ. ئەم بەهەشت و دۆزەخەش مرۆڤ بەزۆر شێوە بیری لێکردووەتەوە و هێناویەتییە بەرچاوی خۆی، هەندێ جار لەسەر زەویدا بەدوای گەڕاوە، هەندێ جاریش لە ئاسمان، جاری واش هەیە، لە ژێر زەوی. بەهەشت و دۆزەخ لەهەر جێگایەک بووبن، لەشێوە و باسکردندا هەروەکو یەک بووە. بەهەشت لە پاداشتی چاکەو ئیمانداریی‌یەوە مرۆڤ بەدەستی دێنێ و خودا پێی دەبەخشێ، دۆزەخ لە ئەنجامی خراپە و بەدکرداری وەک سزایەک مرۆڤ پێی دەگات. زۆر جاریش جێگای ناوەڕاست هەیە، جێگای ئەو کەسانەیە کە چاکە و خراپەیان بەرامبەرە.

لەباوەڕی هیندییەکان، جیهانی سەروو (سەفەرلۆک)ی پێ دەڵێن واتە بەهەشت، هەروەک جیهانی خواروو (ناگلۆک)ی پێ دەڵێن، کە جێگای مارانە واتە دۆزەخ. بەڵام، جیهانی ناوەڕاست کە ئێمە تێیدا دەژین پێی دەڵێن (مادەلۆک) ئەم جیهانە جێگای چاکە و جیهانی خواروو جێگای سزایە: «کەسانێ کە نەتوانن بۆ بەهەشت سەرکەون، یان بۆ دۆزەخ دابەزنە خوارەوە جێگایەکی تریان هەیە کە (تەرجەکلۆک)ی



ناوە، ئەو جێگایە پڕە لە ڕووەک و گیانداری بەستەزمان کە گیانی کراسگۆڕین لەنێو ئەواندا دێ و دەچێ، تا بەزنجیرە لە نزمترین ئاست کە ڕووەکە بگاتە بەرزترین ئاست. کە دەبێتە خاوەنی هەست و پایە، کە پایەی مرۆڤە» (٣٦، ص٦٥) هیندییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەر گوناهێک دۆزەخی خۆی هەیە، لەکتێبی (بشن پران) باسی هەشتاو هەشت هەزار دۆزەخ دەکات. بۆ نموونە: «کەسێ کە درۆ لەگەڵ یەکێکدا بکات، یان شایەدی بەدرۆ بدات، یان کەسێ یارمەتی ئەم دووە بدات، یان کەسێ سووکایەتی بەخەڵک بکات، دەچێتە (ڕوڕو) کە یەکێ لە دۆزەخەکانە» (٣٦،ص٦٦) ئەم دۆزەخەش لەسەر قسەی (سوقرات): «بڵێسەی ئاگری لێ هەڵدەستێ».

ئەگەر لە باوەڕی هیندییەکان باسی دۆزەخمان هەڵبژارد، با لە (ئەفسانەی بەهەشت)یش باسی بەهەشت بگوێزینەوە ئێرە، کە باسی (بەهەشتی دەیلەموون) دەکات:

*«لەو سەرزەمینە هێشتا ژیان پەیدا نەبوو بوو*
*لە دەیلەموون قەلەڕەشکە قاڕەیان لێوە نەدەهات*
*کەڵەشێر بانگی کەڵەشێرانە دەرنادات*
*شێر کەس ناکوژێ*
*گورک بەرخێک ناخوا*
*سەگ پارێزگاری لە کارە بزنان ناکا*
*چاوێشە گرتوو ناڵێ من چاوێشەمە*
*سەرێشە گرتوو ناڵێ من سەرێشەمە*
*پیرەژن ناڵێ من پیرە ژنم*
*پیرەمێرد ناڵێ من پیرەمێردم»* (٤٥، ص٢٣)

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لەو بەهەشتە، وەک هەموو بەهەشتە باسکراوەکان گۆڕان نییە و زەمەن راوەستاوە، ئەو بەهەشتی دەیلەموونەش (ئەنکی) خوداوەند و هاوسەرەکەی بۆ ئەوە دروستیان کردووە تاوەکو ژیان لەوێ لەدایک ببێ.

ئێستاش با باسی بەهەشت و دۆزەخ لە (ئارداو یراف نامە)ی(*-١٢) زەردەشتییەکانەوە بخوازینەوە کە ئەویش (میعراج)ێکە بەنێو بەهەشت و دۆزەخدا.

**١- بەهەشت**

باسی بەهەشت لە نووسراوی ویرافی پیرۆز (*-١٣) ئاوا هاتووە، (ویراف) وەختێ لەجیهانی بەرچاو دەچێتە بەهەشت و دۆزەخ و چینە جۆراو جۆرەکانیان دەبینێ.

یەکەم: چینی ویراف لە چینی (ئەستێرەکان)ە کە «لەوێ پێشوازی لەبیری چاک دەکەن» (٥٢، ص١٠١) کە لەم جێگایە -گیان -ەکان وەک تیشکی ئەستێرەکان گەشاوەن. لە چینی دووەم: واتە چینی (مانگ)ە، لێرە-گیان- ێک هەن «پێشوازی لەگفتاری چاک دەکەن» ئەمانە جێگایان لە بەهەشتە و

«تیشکیان وەک تیشکی مانگ وایە». چینی سێیەم: چینی خۆرە، لێرە کاربەدەستانی چاک، کە بەباوەڕەوە کارە پڕ زەحمەتەکانی خۆیان ئەنجام داوە، پاداش دەکرێن. چینی چوارەم: چینی بەهەشتی بەرینە، لێرە (بەهمەن) واتە «ئەندیشەی چاک» پێشوازیی لێ دەکرێ و دەیبەنە خزمەت ئاهورامەزدا. پاشان ویراف دەبردرێتە جێگای جۆراو جۆر، ئەوانەی کە دەستبڵاوبوون و ئەوانەی کەبە ئیمانەوە فەرمانی زەردەشتیان بەجێ هێناوە، ئەو ژنانەی کە هاوسەری چاک و وەفاداربوون و ڕێزیان لە مێردەکانی خۆیان گرتووە، هەروەها ویراف چووە سەیری جێگای جووتیار و کاسبکار و ئەو کەسانەی کە ئەرکی خۆیان بەچاکی بەجێ گەیاندووە، جێگای شوانان، کێخوایان، مامۆستایان، پیاوانی ئایینی و ئاشتی خوازان، هەموو ئەمانە لەسەر فەرشی جوان بەخۆشییەوە دەژیان.

لێرە دیارە بەهەشتیش چین چین و پلە پلەیە، کە هەرجێگایە و بۆ کەسێکە کە چاکەکەی ئەوەندەی لێدەوەشێتەوە.

**٢- دۆزەخ**

پاش ئەوەی (ویراف) لە سەیری بەهەشت دەگەڕێتەوە، دەیبەنە سەر (پردی دۆزەخ = پردی چینود) بۆ ئەوەی ئەنجامی بەدکاران ببینێ، ئەو بەدکارانە لە سێ شەوی یەکەمی پاش مردن ئەوەندەی تەمەنی مرۆڤێکی ئازار چەشتوو ئازار دەچێژن، لەسەر پرد و بەردەمی دۆزەخ پیرە ژنێکی ناشرین کە بەرجەستەبووی (ویژدان)ی کەسی بەدکارە ڕێبەری ویراف دەکا و بەنێوان جێگاکانی (بیری خراپ، قسەی خراپ، کرداری خراپ»دا دەچێتە نێو دۆزەخ؛ «لێرە تووشی سەرما و گەرمایەکی توند دەبێ، تاریکییەک دەبینێ کە هێندە چڕ و تاریکە کە دەکرێ بەدەست بیگری، بۆن بۆگەنییەک هێندە توندە کە دەکرێ بەکێرد بیبڕی» (٥٢، ص١٢) پاشان ویراف چاڵە ترسناکەکانی دۆزەخی بینی، لەو چاڵە خەڵکانێک بەشێوەیەکی وا بەسەریەکدا پەسترابوون و لە ژیانێکدا بوون کە هی ئەوە نەبوو تەحەمول بکرێ، لەگەڵ هەموو ئەوەشەوە ئەو خەڵکەی دۆزەخ وا دەزانن کە تەنیان، زەمەن هێندە لەسەرەخۆ دەڕوا، پاش سێ ڕۆژ وا دەزانن کە (قۆناغی نۆ هەزار ساڵە)(*-١٤) بەسەرچووە. هەموو جێگایەک پڕە لە ئافەریدەی بەترس، وا دێنە بەرچاو کە لەگەورە و گرانیدا ئەوەندەی کێوێکن. ئەو ترسناکانە گیانی گوناهکاران دەدڕن و دەیبەن، ئەو بەدبەخت و بێچارانە لەنێو بەفر و بارانی زۆر و گەرمایی ئاگری سووتێنەر و بۆن بۆگەنی توند و بەرد و خۆڵەمێش-دا ئازار دەدرێن. هەر گیانە و بەقەد خراپەکانی خۆی سزا دەدرێ.

دوو نموونە لە ئازاری تایبەت:

یەکەم: «فەرمانڕەوایەکی دڵڕەق لەو نێوە هەڵواسرابوو، پەنجا دێو بەردەوام لەپاش و پێش بەماری عەجووڵ لێیان دەدا- هوگ ١٧٣» (٥٢، ص١٠٣).

دووەم: «پیاوێکی کە لەکڕین و فرۆشتندا فێڵی لەتەرازوو کردبوو ناچاریان دەکرد بەردەوام خۆڵ و خۆڵەمێش بە تەرازوو بکێشێ و بیانخوا- هوگ،٢٧٢» (٥٢، ص١٠٣).

چیرۆکی بەهەشت و دۆزەخ لەنێو ئەفسانە و ئایینەکاندا چیرۆکێکی درێژە، لە ئەفسانە و ئایینی هەموو زەمەنێک و هەموو میللەتێکدا هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە مرۆڤ هەر لەزووەوە، بەهەشت بەو



خۆشی و جوانییەوە، دۆزەخ بەو ناخۆشی و پڕ ترسییەوە لە زیهن و ئیمانیدا جێگیر ببێ.

هەر ناشیرینی و ناخۆشییەکانی مردن و بێ دەسەڵاتی مردوو لەنێو گۆڕی تەنگ و زەحمەتی و ئەستەمی پەڕینەوەی سەردەمی تیژی شمشێری پرد و گران بەدەست هێنانی خۆشییەکانی بەهەشت، وای لە مرۆڤ کردووە، هەر لەزووەوە بەدوای ڕێگاچارەیەکدا بگەڕێ کە خۆ لەم تاقیکردنەوە پڕ زەحمەتە بدزێتەوە یەکێ لەم ڕێگاچارانەش گەڕانە بەدوای نەمریی و هۆیەکانی نەمریی-دا.

**٢-٤-١- خودا و (خوداوەند):**

ئایین و ئەفسانە بەبێ - خودا و خوداوەند- نابن، مرۆڤ لە سەرەتای چاو و مێشک کرانەوەی، لە سەرەتای ئایین و ئەفسانە و زانستییەوە بەدوای -خوا- دا گەڕاوە، زۆر شتی بە خودا زانیوە و پەرستوویەتی، زۆر ئایین و باوەڕی گۆڕیوە، بەو ئایین و باوەڕ گۆڕینە زۆر -خودا و خوداوەند -یشی گۆڕیوە، هەرچی لەم بوونەوەرەدا هەیە، هەرچی بەردەست و بەرچاوە، هەرچی خەیاڵ پێی دەگات، ڕۆژانی مرۆڤ کردوویەتی بە- خودا و خوداوەند-ی خۆی و کڕنۆشی بۆ بردووە، ئەو شتانەی جوان بوون و خۆشی ویستوون و پێویستی پێیان بووە، ئەوانەی ناشیرین بوون و ڕقی لێیان بووەتەوە و لێیان ترساوە، هەمووی پەرستوون، لەپێناو ئەو -خودا و خوداوەند-انە ئارەقە و خوێنی زۆری ڕشتووە، قوربانی زۆری داوە، خوێن و گیان و سەروماڵی زۆری کردووتە قوربانی. هەر بۆیە ئەوهەموو خودا و خودا وەندەی کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەپانایی زەویدا پەرستوونییەتی نایەنە ژماردن.

پێویستی. خودا و خوداوەند- بۆ ئایین و ئەفسانە، وەک پێویستی -گیان- بۆ لەش وایە چۆن ئەگەر گیان نەبێ، لەش هیچ هێز و جووڵەیەکی نامێنێ، ئاواش ئایین و ئەفسانە بەهێزی (خودا و خوداوەند) لەگەڕن و زیندوویتی بەردەوامیان هەیە، چونکە -خودا- نەک هەر بۆ خۆی هێزێکی کاریگەرە! بەڵکە هەر خودا هێز دەدا بەهەموو شتەکانی تر بەهێزی چاک و خراپییەوە، ئەوە نەک هەر هێزە گیانلەبەرەکان، بەڵکە مردوو و بێ گیانەکانیش، لەسێبەری ئایین و ئەفسانەدا مانا و بوونیان لە خودا و خوداوەندەوەیە، سەرەڕای مرۆڤ، مرۆڤی هەموو قۆناغەکانی ژیان هەمیشە و بەردەوام پێویستیان بەخودا و ئایین هەبووە.

کە دەڵێین مرۆڤ، نابێ وا بێتە بەرچاو کە هەموو مرۆڤایەتی بە یەک پارچەیی و یەک باوەڕی قۆناغەکانی ڕۆژگار و ئەو مێژووە دوور و درێژەیان بڕیوە. بەلکە هەر شوێنە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی بە جیا لەوەی تر ئایین و خوداوەندی خۆی ناسیوە، لەوەش زیاتر زۆرجار لە یەک وڵات و لە یەک شار هەر یەک میللەت دوو ئایینی جیاو دوو خوداوەندی جیایان هەبوو. ئێستاش هەر وایە هەر ئێستا لە نێو کورد ئەگەرچی ئایینی سەرەکی- ئیسلامەتییە، بەڵام هەر لە نێو میللەتی کورد ئایین و ئایینزای تر زۆرن، خۆ ئەگەر باسی هەموو میللەتە جیاکانی کوردستان بکەین ئەوا ژمارەی ئایین و ئایینزاکان زۆر زۆرتر دەبێ.

ئێستاش هەندێ لەو خودا و خوداوەند-انە بەسەر دەکەینەوە، کە هەریەکە و لە هەوارێک و ڕۆژگارێک مرۆڤ بەدڵی پڕترس و خۆشەویستییەوە پەرستوونیەتی.

**٢-٤-٢- گیانپەرستی :**

زۆری زاناکان دەڵێن گیانپەرستی ئایینێکی یەکجار کۆنە و مرۆڤ هەر لەزووەوە گیانی پەرستووە، جا ئەو گیانە، گیانی پیرۆزی کەسە پیرۆز و شتە پیرۆزەکان بووبێ، یا ئەوەتە، گیانی بەدی و تاریکی و شتە ناشیرین و بەترسەکان بووبێ. هەربۆیە گیانی مرۆڤە خۆشەویست و پاکەکانی پەرستووە، گیانی بەد و دێو و لووتکە بەرز و دەریا قووڵەکانی پەرستووە، مار و ئەجندە و سەگ و گای پەرستووە، ڕووەک و گوڵ و داری بەردار و میوە و بەرهەمیشی پەرستووە و هەمووشیانی بەخودا و خوداوەند زانیوە.

**٢-٤-٣- دایکپەرستی :**

دایکپەرستیش لەو ئایینانەیە کە مێژووەکەی بۆ ڕۆژانێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە، لەی ەکەمین کۆمەڵگای ئایینی کۆمەڵگای دوو ئاوان: «کە لەبواری ئایینی لەدوا ئەڵقەی سەردەمی بالیۆلیتی(٠٠٠ر٣٠- ٠٠٠ر١٠پ.ز) هێزی خودای لەسەر شێوە و ماهیەتی مێینە بەرجەستەکرد، ئەویش دایکە گەورەی ئەم بوونەوەرەیە» (١٥٠، ص٢٤) چونکە مێینە بەهۆی منداڵ بوونیەوە وەک چاوگەی ئەفراندەیی و فراوانی سەیر دەکرا، هەر ئەو -دایک-ەش بەخوداوەند ناسرا و لەسەر ئەو بناغەیە دەپەرسترا: «خودای ئەو چەرخە (پێش مێژوو) مێینە بوو، پێیان دەگوت دایکە خوا خودای فراوانی، ئەو خودایەیان لە شێوەیەکدا بەرجەستە کردووە بەدوو دەست مەمکەکانی خۆی گرتووە و شیری خۆی دەبەخشێ، واتە نعمەت و فراوانی بە مرۆڤ دەبەخشێ» (٩٢، ص٣) ئەو دایکپەرستییە زۆر شێوە پەرستن و زۆر جۆر پیرۆز بوونی گرتووتەوە، ئەگەر لە هەندێ پەیکەر مەمکە پڕ شیرەکانی لە هەموو ئەندامەکانی بەدەنی زیاتر بەرچاو خراوە، ئەوا هەندێ جار ئەو گرنگی و پیرۆزییە بەر ئەندامی مێینەی دایک کەوتووە، چونکە جگە لەوەی دایک وەک پێکهاتە هەموو ئەندامەکان هێزی ئەفراندەیی تێدایە، ئەوا ئەو هێزە ڕاستەوخۆ لەو ئەندامی مێینەییەدایە، کە ژیان لەوێوە پەیدا دەبێ و مرۆڤ لەوێوە دێتە ژیان.

**٢-٤-٤- مرۆڤپەرستی :**

پێشتر گوتمان مرۆڤ هەموو شتەکانی ئەم بوونەوەرەی پەرستووە، لەوانەی لەسەر زەوی هەن و لەوانەی لە ئاسماندان و، لەوانەی بەچاو دەبیندرێن و لەوانەی بەخەیاڵ دەزاندرێن، بۆیە پەرستنی هەریەک لەمانەش مرۆڤ بۆ ڕۆژانی پەرستنیان بەڵگەی خۆی هەبوو، کە بەڵگەیەکی بەهێزتر و بەردڵتری لە شتێکی تردا دەدۆزییەوە، وازی لەوەی پێشوو دەهێنا و دەستی بەپەرستنی شتە تازەکە کردووە ئەگەر لەدایک-دا هێزی فراوانی و ئەفراندەیی دەدی و ئەوهێزەش هۆیەک بوو بۆ پەرستنی ئەوا ئەو هێزەی بەجۆرێکی تر لە (پیاو)انیشی بەدی کردووە، هەر بۆیێ لە درێژایی مێژوو زۆر -پاشا و پیاوی ئایینی- وەکو پیاو پەرسترا‌ون. لە ڕۆژگاری کێشەی نێوان مەسیحی و بت پەرستەکان (بۆ هومیرۆس) ئەوی ئاشکرا کرد: «کە خوداوەندی مەزنی بت پەرستەکان مرۆڤ بووە، مرۆڤێکی ڕاستەقینە، هەر ئەوە گۆڕاوە و بووە بە (بۆل) بەناوی بۆ هیمیریە» (١٥٦، ص١٥) هەر لەم بارەوە کابرایەکی وەکو (کلیمنت



ئەلئەسکەندەرانی) وەکو ئامۆژگاری پێی گوتن: «ئەوەی ئێوە دەیپەرستن ڕۆژێ لەڕۆژان مرۆڤ بووە» هەندێ جار ئەو مرۆڤە زۆر بەئاسایی و لەنێو کۆمەڵەوە سەرهەڵدەدا و دەبێ بەخوداوەند (جیمس فریزەر) دەڵێ: «بۆ نموونە لە هیند یەکێ لە خواوەندە مرۆڤەکان سەرەتا ژیانی خۆی لە لۆکە چنینەوە دەست پێکرد و یەکێکی تر لە دارتاشییەوە» (١٢١، ص٣٣٦) ئەوەی لێرە جێی سەرنجە ئەو -مرۆڤ- پیاو-ە کاسبکارانە لەنێو خەڵکەوە بە ئاسایی ژیاون و دوایی بووین بە خوداوەند و پەرستراون. ئەو گۆڕانی -مرۆڤ- پاشا- بەخواوەند لەم بەڵگەی خوارەوە چاکتر ڕوون دەبێتەوە، لە ساڵی (٦٦ز) شای ئەرمەنستان دەچێتە ڕۆم تا تاجی شاهی بەدەستی (نیرۆن) بنێتە سەر، کە دەگاتە بەردەمی ئیمپراتۆر دەڵێ: «من هاتوومەتە لای ئێوە، بەڵێ هاتوومەتە لای خودای خۆم تابتپەرستم، بەم شێوەیەی کە میهر دەپەرستم، بەم شێوەیە دەبێ کە ئێوە فەرمانتان لەسەر بێ، لەبەر ئەوەی ئێوە (چارەنووس)ی من و (بەخت)ی منن» (٥٢، ص١٢٧) ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە ئەوەتە شا -پیاو-ێک بە شا- پیاو-ێکی تر دەڵێ تۆ خوداوەندی منی و من هاتووم بتپەرستم. ئەگەر شایەک ئاوا بەشا بڵێ، ئەدی بابایەکی بازاڕی و هەژار کە هەر لە دوورەوە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باسی شا دەبیسێ دەبێ، چی بڵێ و چی بکا؟ چۆنی بپەرستێ؟ هەر ئەو پەرستنە کە دەچێتە نێو چیرۆکان و کەسایەتییەکە: «کەسایەتی نێو حەکایەت خوداوەند و باپیرانی ڕۆژانی زوون، ئەوانەی هێزی بەردەوامی زیندوویێتییان تێدایە لەنێوان خوداوەند و مرۆڤدا» (١٢،٢١٩، ص١٣) ئەو مرۆڤە ئەگەر هەر تەنیا پاشا بێ بپەرسترێ، ئەی کاتێ پیاوی ئایینی و پاشا و نوێنەری نێوان خودا و مرۆڤ سەرچاوەی رزقی مرۆڤ بێ، مرۆڤی ئاسایی: «پاشاکان ڕۆژانێ دەپەرستران، نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوی ئایینی بوون، یان کاهن و نوێنەری نێوان خوداوەند و مرۆڤ، بەڵکە لەبەر ئەوەی خۆیان خوداوەندن و بابایەکن دەتوانن ئەو هێز و فەڕە بەبەندەکانیان بدەن، ئەو فەڕەی لەتواناى مرۆڤەکانی تردا نییە، ئەو مرۆڤانەی داری مردنێن» (١٢١، ص١٠٠) ئەو خوداوەندانەی کە ڕۆژانێ دەپەرستران، وەکو دەرکەوت هەر مرۆڤی ئاسایی بوون، ئەوەتە ئەو -خوادوەند- ە مرۆڤە- پاڵەوانە ئاساییە، بریندار دەبێ و لەبەر ژانی برینەکەی هاوار دەکات: «کاتێ دیومیدیس خوداوەندی جەنگ بریندار دەبێ لەکاتی جەنگ، خوداوەندی جەنگ لە حەژمەتان هاوار دەکات» (١٣٨، ص١٠٤) لێرە خوداوەندی جەنگ بریندار دەبێ و وەکو مرۆڤ هاوار دەکات ئەوا لەداستانی (ئەترا -حاسس) لە باسی لافاو باسی جیاوازی و چینی خوداوەندان دەکرێ. لە سەرەتای داستانەکە ئاوا دەست پێدەکا:

*«کاتێ خوداوەندەکان وەکو مرۆڤ*

*کاریان دەکرد و ڕەنجیان دەدا و ماندوو دەبوون*

(بەڵێ) ئەرکی خوداوەندان زۆر گران بوو.» (١٣٣، ص٢١٩) پاشان خواوەندە مەزنەکان کار و پیشەیان دابەشکرد و خواوەندە بچکۆڵەکان، ئەرکی کارکردنیان کەوتە سەرشان و ئەوانیش وڵاتی خوداوەندانیان لەنێوان خۆیان دابەش کرد:

*«ساڵانی کارکردنیان دیاری کرد*

*له ڕاده بەدەر گران بوو.. ماوەی ٤٠ ساڵ*
*زۆریان چەشت بەدەست کارەوە شەو و ڕۆژ*
*بێزارییان دەردەبڕی و شکاتیان دەکرد»* (١٣٣، ص٢٢٠)

خواوەندە چکۆڵەکان لەکاتی کارکردن و زەوی هەڵکۆڵیندا هانی یەکتریان دەدا و دەیانگوت با دەنگی خۆمان بگەینینە خوداوەندی مەزن، با وەزیر و راوێژکاری ئاگادار بکەینەوە:

*«با جەنگ ڕابگەینین و دەست بەشەڕ بکەین*
*خوداوەند گوێی لە قسەکانیان بوو*
*ئاگریان لە کەرەستەکانی خۆیان بەردا»* (١٣٣، ص٢٢١)

کاتێ کۆدەبنەوە بلێسە ئاگرەکانیان بەدەستەوەیە و روو لە پەرستگای (ئەنلیل) دەکەن و کات نیوە شەو دەبێ، دەورەی پەرستگای (ئی- کور) دەگرن، (ئەنلیل)ی خوداوەند ئاگای لەم هەرایە نییە! بەڵام (کاڵ کاڵ)ی پاسەوان ئاگادارە و دەترسێ و دەرگا کلیل دەدا و بانگی (نسکۆ)ی پەردەدار دەکات ئەویش خوداوەند- پاشا- ئاغا-ی خۆی لەنێو نوێنی نووستنێ بە ئاگا دێنێ و پێی دەڵێ:

*«گەورەم پەرستگاکەت دەورەدراوە*
*شەڕ لە دەرگاکەت نزیک کەوتەوە*
*هۆ ئەنلیل پەرستگاکەت دەورە دراوە*
*شەڕ گەیشتە بەردەرگات»* (١٣٣، ص٢٢١)
*خۆپیشاندان بەردەوام دەبێ و ئەنلیل ڕوو لە (نسکۆ)ی وەزیر دەکات و دەڵێ:*
*«ئای نسکۆ دەرگا بەکلیل دابخە.*
*چەکەکەت ئامادەکە و لەپێشم راوەستە»*
*ئەنلیل چی دەڵێ، نسکۆ ئاوا دەکات و پاشان رووی تێدەکا و دەڵێ:*
*(گەورەم ئەوانە کوڕی خۆتن*
*بۆچی لە کوڕانی خۆت دەترسێی؟»* (١٣٣، ص٢٢٢) پاشان کە ئەنلیل دەیەوێ هۆی ئەو شەڕە بزانێ و نسکۆ دەنێری و لێیان دەپرسێ:

*«کێ ئەو شەڕەی هەڵگیرساند؟*
*کێ ئەو دوژمنایەتی و جەنگەی نایەوە؟)* (١٣٣، ص٢٢٣)

خواوەندە بچکۆلەکانی کە سوغرە و بێگاری هیلاکی کردوون، هەموویان پێکەوە دەڵێن:

*«ئێمە هەموومان خوداوەندان، شەڕمان ڕاگەیاند.*
*کاری زەحمەت و باری گران ئێمەی کوشت*
*کارمان گران بوو، بارمان گەورە»* (١٣٣،ص٢٢٣).



**٢-٤-٥- ئەفراندنی مرۆڤ:**

چیرۆکەکە درێژە دەکێشی و هەتا خواوەندان هەموو لە سەر ئەوە رێک دەکەون، کە مرۆڤ دروست بکەن و ئەو مرۆڤە ئەرکی خوداوەندەکان بگرێتە ئەستۆ و لەجیاتی ئەوان کاربکات. (*-١٥) بانگی (بعلە)ی خوداوەند دەکەن و خوداوەندی منداڵ بوون، داوای لێ دەکەن:

«با خوداوەندی لەدایک بوون قوربانییەک دابێنێ
لێی گەڕێ (لولو)ی مرۆڤ دروست بکات
تانیر هەڵگرێ و کاری گرانی خوداوەندان بکات» (١٣٣ص٢٢٤).

دواجار ئەو مرۆڤە دروست دەکەن، کە لەجیاتی خوداوەندان کار بکا و ئارەقە بڕێژێ ئەوەی لەم نموونە هێنانەوەدا مەبەستە زۆری خوداوەندەکان و جۆری ژیانیانە، کە هەر تەواو وەک یەک میللەت دێنە بەرچاو و پاشا و وەزیر و پاسەوان کارەکەریان هەیە، هێندە هەیە، لەجیاتی ئەوەی بڵێین «مرۆڤ» دەڵێین (خوداوەند) خوداوەندی ئەو سەردەمانەی کاریان دەکرد، وەک داستانەکە دەڵێ، یان راستتر ئەو دەمانەی کە خوداوەندەکان (مرۆڤ) بوون، وەک لە کار و گۆتەیاندا دیارە. ئەوەتە لە سەردەمی کلاسیکی کۆن «ئەمبادۆقلیسی فەیلەسووف) کە باسی خۆی دەکا و دەڵێ: «من ئێستا مرۆڤ نیم، بەڵکو خوداوەندی مەزنم و نامرم» (١٢١، ص٣٤٥) بەم شێوەیە لە سەری دەڕوا و دەڵێ: بچمە هەر جێگایەک خەڵک دەورم دەدەن و دەمپەرستن، هەزاران هەزار دوام کەوتن و داوای ڕێگا پیشاندانیان لێ کردم. ئەم خۆ بەخوداوەند زانین و خەڵک بەدوا کەوتنە بەڵگەی ئەوەیە، کە لەنێو عەوامدا خەڵکانی وا لە هەموو سەردەمێکدا هەن، ئەوە قبووڵ بکەن! کە دەکرێ خوداوەند وەکو مرۆڤ لەنێوانیاندا بژی. ئەوەش یارمەتیی ئەوەمان دەدات کە ئەم هەموو خودایەی سەردەمی سۆمەرییەکان و سەردەمەکانی تر، بەمرۆڤ بزانین و ئەوانەش کە بەخوداوەندیان زانیون هەروەک ئەوانەن کە لە سەردەمی کلاسیکییەت دوای ئەمبادۆقلیس کەوتوون.

ئەو ڕۆژانەی کە خوداوەندەکان وەکو مرۆڤ لەسەر زەوی بوون مرۆڤ ئاسا دەژیان و دەمردن، ئەو هەموو خوداوەندە بێ (دایکی خوداوەندان) و (باوکی خوداوەندان) نەبوون ئەو دایک و باوکە بەپێی هەندێ باوەڕ لە ئاوەوە پەیدا بوون پێش پەیدایوونی (دایک و باوک)ی خوداوەندان ئەو ڕۆژگارە بەم شێوە شیعرییە باسکراوە «ئاسمان لەسەر سەری ئێمە ناوی نەبووە، زەمین لەژێر پێمان ناوی نەبوو» (٤٥، ص٣٧) لەپاش ئەو سەردەمە، لەو چەرخەی کە ئاوەکانی ئاپسووی هەمیشەیی: «دروستکەری خوداوەندان و ئاوەکانی تیامات کە هۆی هێنانە جیهانی خوداوەندان بوو» (٤٥، ص٣٧) ئەو دەمەی کە ئاپسووی خوداوەندانی هێنایە جیهان، پێش ئەو «هێشتا خوداوەندێک نەبوو و ناو و چارەنووسی بەکەسێ نەدابوو» (٤٥، ص٣٧) ئەو خوداوەندانەی کە لە ئاوەوە هاتنە وجوود، هەر جارەی جووت دەبوون و دوو خوداوەندی تر پەیدا دەبوون، بەردەوام ئەم خوداوەندانە، لە خوداوەندانی پێشوو بەهێزتر بوون، پاش ئەوەی خوداوەندان زۆر دەبن و (ئاپسوو) لە زۆری و بێ سەرو بەریان بێزار دەبێ و خەو و خۆراکی لێ هەڵدەگیرێ و دەکەوێتە بیری ئەوە کە لەنێویان ببات و ئاسوودەیی خۆی بەدەست بێنێتەوە

دەڵێ: «ئەو بێ سەروسامانییە بۆ من بووەتە هۆی ناخۆشی، بەڕۆژ ناتوانم ئارام بم و شەو ناتوانم بخەوم، پێویستە ئەو خودایانە لەنێو بەرم و کۆتایی بەو هاتووچۆیە بێنم» (٤٥، ص٣٩) بوون و ژیان و مردنی خوداوەندەکان، تەواو وەکو بوون و ژیانی مرۆڤ باس دەکرێ، تەنیا ئەوە هەیە، کە یەکەم: بە (خوداوەند) ناویان دەبەن و دووەم: لە زۆر کاردا هێزێکی وایان پێدەدرێ، کە لە هێزی مرۆڤی ئاسایی بەدەرە.

**٢-٤-٦- گەیشتن بەخودا:**

مێژووی میللەتان و ئایینەکان و ئەفسانەکانی تەواوی مرۆڤایەتی پڕاو پڕە لە خوداوەندی هەمە جۆر و هەمە ناو و هەمە توانا، لەناو توانا و جۆری خوداوەندانی سروشت و رووەک زیندەوەر و گیانلەبەرەکانەوە بیگرە، تا دەگاتە بت و پەیکەر و خوداوەند و- پاشا و کاهن و پاڵەوان-ە مرۆڤەکان. ئەم (خوداوەند) گۆڕین و گەڕان بەدوای (خودا)دا، دواجار مرۆڤی گەیاندە (خودا)یەک کە بەیەکانە و هەمیشەیی و بێ هاوتایی پێناسە دەکرێ.

میسرییە کۆنەکان لە(ویرد)ی ڕۆژانەی خۆیان لە پەرستگای (ئامون) خودای خۆیان بەم شێوەیە پێناسە دەکرد.

*«خودا یەکە و تەنیا و بێ هاوبەشە*

*خودا یەکە و بەتەنیا ئافەرینەندەکانی داهێنا*

خودا گیانێکی نەزانراوە و کەس نایبینێ، لە هەموو شتێک بزرە خودا گیانی گیانەکانە، گیانی میسری پیرۆزە.

خودا هەر خۆی خودایە لە هەوەڵەوە، ئەو خودایە پێش بوونی هەرشتێک ئەو مەزنی ئافەرینەندەکانە و باوکی هەمووانە، ئەو خوداوەندی هەمیشەییە خودا هەمیشە و نەمرە و لەنێو ناچێ، بێ سەرەتا و بێ کۆتاییە.

خودا سەرەتای نەبووە، کۆتاییی نیە، بەردەوام بەم شێوەیە دەمێنێتەوە» (١٥٩، ص؟)

زیندوویێتی و توانایی مرۆڤ لە پرسیاری بەردەوام و گەڕان بەدوای وەڵامدایە! بەڵام، هەمیشە لەبیستنی وەڵامێکەوە، پرسیارێکی تری بەخەیاڵدا هاتووە، بەدرێژایی مێژوو، بەدوای (خودا)دا گەڕاوە و هەمیشەش پرسیویەتی، خودا چۆنە و چییە و لەکوێیە؟ هیندییەکان لەسەر زاری ئەو هێزەوە ئاوا خۆی دەناسێنن: «من هەموو بوونەوەرێکم و سەرەتای بوونی من لەدایک بوونەوە دەستی پێنەکردووە، هەرگیز بوونی من بەمردن و لەنێو چوون کۆتایی نایێ، بۆ کاری خۆم چاوم لە پاداش و مەبەستێک نییە، سەربەچینێکی تایبەت نیم تا دوژمنایەتیی کەسێ بکەم و دۆستیی تایەفەیەکی تر. هەریەک لەئافەریدەکانی خۆم ئەوەی بۆ بەردەوامیی ژیان پێویستە پێم بەخشیون، هەر کەسێ کە بەو سفەتانەوە من بناسێ و لەو سفەتانە لەمن بکات و کاری بۆ قازانج و مەبەست نەکا، کۆتێک کە لەپێیەتی دەکرێتەوە و ئازادی ئەو ئاسان دەبێ» (٣٦، ص ٣٦-٣٧) هەر لە هیندەوە کە باسی (ئاگنی)ی(*-١٦) خوداوەندی سەر زەوی دەکەن ئاوای باس دەکەن: (ئاگنی، لەنێو ناچێ، بەردەوام گەنجە، بەهێزە، بەشان و شەوکەتە، سەرکەوتن بڵاودەکاتەوە و ماڵ و خواردن و گا دەبەخشێ، ئەو بەدووچەرخەیەک دەسووڕێتەوە کە ئەسپی



سوور رایدەکێشن» (١٩٣أ، ص١٥) بەڵام پرسیاری بەردەوام و دڵ ئاو نەخواردنەوە بەوەڵامەکان. مرۆڤ وا لێ دەکات کە لە خۆی بپرسێ: «کێیە کە بەیەقین بزانێ (ئەو) کێیە و ئەو لەم شوێنە بەدەربێخێ، لەکوێ لەدایک بووە و لەکوێ ئەو هاتووەتە بوون؟ خوداکان پاش دروستبوونی جیهان پەیدا بوون؟ باشە کێ دەزانێ سەرەتای دروستبوون چۆن بووە؟» (١٩٣أ، ص٩٢) بەڵێ ئەم پرسیارانە وەکو پێشتر گوتمان بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن، جارێکی تر لە ئایینی هیندییەکان وەڵامێکی تر دەخوێنینەوە لە پارچەی (١٢٩)ی ماندالای دەیەم لەڕیگ ویدا نووسراوە: «لەو زەمانەی نەمردن هەبوو نەنەمریی، ئەو وەختە خۆر نەبوو تا ڕۆژ لە شەو جیا بکاتەوە، نەوجوود هەبوو نەعەدەم و نەئاسمان، لەو زەمانە تەنیا (یەکێ) هەبوو، کە هەناسەی دەخواردەوە بێ ئەوەی نەفەسی هەبێ، جگە لەو هیچی تر نەبوو» (١٩٣أ، ص٢٨٣-٢٨٤) ئەم پرسیار و وەڵامانە، ئەگەرچی مرۆڤ ڕۆژانێ، لەو پرسیارانەی گرانتر پێ نەبووبێ و دەستی بەوەڵامی لەوە چاکتریش نەگەیشتبێ، بەڵام هەرچییەک بێ! نیشانەی نیگەرانی و بەردەوامیی پرسیارکردنی مرۆڤە.

لەئێرانی کۆن و لە (یەسەنای ٤٤) زەردەشت ئاوا دەپرسێ: (لە تۆدەپرسم ئەی ئاهوڕمەزدا کێیە باوکی راستەقینە، کێیە ئەو یەکەمین کەسەی کە ڕێگای سووڕانەوەی ڕۆژو ئەستێرەکانی دیاری کرد، کێ هۆی ئەوەیە کە مانگ جارێک پڕ و جارێک بەتاڵە، کێیە ئاگاداری زەمینە لەخوارەوە و راگری ئاسمانە لەسەرەوە، کێیە ئاو و گیانی دروست کردووە کێیە گەڕ و سووڕی توندی بەبا و هەور داوە، دروستکەری رووناکیی بەسوود و تاریکی کێیە، کێ خەو و بێداریی هێناوە، کێیە کە بەیانی و نیوڕۆ و شەوی داناوە و پەرستنی لەسەر ئیمانداران واجب کردووە، کێیە دروستکەری فریشتەی میهر و خۆشویستی، کێیە لەڕووی عەقڵ و زانستەوە ڕێزی باوکی خستە دڵی کوڕ؟» (٤٤، ص٧٠-٧١) پاش ئەم هەموو پرسیارە، زەردەشت خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: «خودایە، من هەوڵدەدەم بەپشتیوانیی عەقڵی پیرۆز، پەروەردیگاری گەورە، بەڕاستی بناسم» (٤٤،ص٧١) هەرچەندە زۆر کەس و زۆرجاریش رای وایان هەبووە، کە لە ئایینی زەردەشت (ئاهوڕمەزدا و ئەهریمەن) دوو هێزی وەک یەکن، بەڵام لەڕاستیدا لەسەرتاسەری گاتەکان وەک (پورداود) دەنووسێ: «ئاهوڕمەزدا تەنیا دروستکەری جیهانی ماددی و مەعنەوییە» (٤٤،ص٧١) هەر واشە چونکە بەپێی باوەڕی ئایینی زەردەشت، دواجار سەرکەوتن بۆ هێزی رووناکییە و هێزی تاریکی، واتە (ئەهریمەن) تێکدەشکێ. زەردەشت لە(گات)ەکان، لەو گاتانەی کە لەخودا دەپاڕێتەوە و داوای یارمەتی دەکات، لە نێو تەواوی -گات و نزاکانی- سیفەتەکانی خودا-ئاهوڕمەزدا- هەمووی باس دەکات، کە بریتییە، لە تەنیایی و توانایی و هەمیشەیی و بێ سەرەتا و کۆتایی پڕ ئاگاداری و دادپەروەری. هەموو سفەتە جوان و پاک و هەمیشەییەکان دەژمێرێ. ئەو سیفەتانەی کە خودا هەیەتی ئەو خودایەی: «کە هیچ شتێک لەو پەیدا نەبووە و ئەو لە هیچ شتێک پەیدا نەبووە» (١٩٣أ، ص٨٨) لەوەی کە دەڵێ: هیچ شتێک لەو پەیدا نەبووە، دەبێ مەبەست ئەوەبێ، کە هەرچی ئەو پەیدای کردووە، لەسایەی دانایی و توانایی ئەو بووە.

هەندێ باوەڕیش لەسەر ئەو قەناعەتەن کە: «بەرهەمەن -خودا- لەباری یەکەمدا ناتوانرێ ببیندرێ و

بەهۆی هیچ دەستەواژە و نیشانەیەکی زمان و بەهیچ هۆیەک ناسینی ئەو مومکین نییە! بەڵام، لەباری دووەمدا، بەرهەمەن ناسی، خوداناسی، بەیارمەتی هەندێ گەواهو نیشانەی تایبەت دەکرێ پێناسە بکرێ و بەهۆی تایبەتمەندییەکانی پەی بە -بوونی ببردرێ: (شنگر ئاچارج) دەنووسێ: «بەرهەمەن نەهەمووە و نەبەش، نەکورتە و نەدرێژ، نەتەڕەو نەوشک، نەسێبەرە و نەتاریکی، نەهەوایە و نە(ئاکاش؟)، بەدەست ناگیرێ، هیچ شتێک بەوەوە گیر نییە! بێ بۆنە؛ چاو و گوێی نییە...» (١٩٣، ص٨٩) لەنێو ئەم هەموو ناوو پێناسە و شێوە بەرجەستەکردنەی خودا- مرۆڤ هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە (خودا)هەیە، بەڵام چۆنە؟ ئەوا ئەم چوارینەی (خەیام) کە جۆرێکە لەوەی بڕوای بەبوونی هەیە، بەڵام، بێ توانایە لەوەی کە بڵێ، چۆنە!

*«یارب خردم در خور اثبات تو نیست*
*واندیشه و من بجز مناجات تو نیست*
*من ذات ترا بواجبی کی دانم*
*داننده و ذات توبجز ذات تونیست»*
(١١٣، ص٢١٠)

خودایە عەقڵی من هی ئەوە نییە بوونی تۆ بسەلمێنێ، ئەوەی من بیری لێ بکەمەوە هەر پاڕانەوەیە لەتۆ، من کەی دەتوانم وەکو پێویست تۆ بناسم ئەوەی تۆ بناسێ لەزاتی خۆت زیاتر کەسی دی نییە! ئەم چوارینەیەی خەیام بۆنی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ)ی مەزنی لێ دێت، کە دەفەرموێ: « خودایە، ئێمە تۆمان وەکو خۆت کە هەی بە تەواوی نەناسی».

زانایان زۆر پێ لە سەر ئەوە دادەگرن، کە ئەفسانە و ئایین پێکەوە سەریان هەڵداوە و تێکەڵییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەش ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکات کە بڵێین: گەشت و گۆڕانی خودا و خوداوەند زۆر لێک نزیکە، ئەوەی لە سەرەتاوە لە باسی -خودا- ی ئایین گوتراوە، هەر ئەمەش لە باسی خوداوەند- ی ئەفسانە گوتراوە، لە خودا گۆڕی و زۆریش هەرهەمان ڕەوشە بۆ خوداوەند. دواجار ئەگەر ئایینەکان لە بەرامبەر پێناسەی - ئایین - بۆ - خودا - ڕاوەستان و وەک بەهێزترین پێناسە قبووڵیان کرد، واتە -یەک- خودایی و ئەو خودایە بە هەموو سفەتەکانی خۆیەوە، بەرجەستەبوو، لە نێو ئەفسانەشدا، ئەو باوەڕە بە شێوەی جیاجیا و هێماکارییەوە هەبووە و جێگای خۆی کردووتەوە، لە ئەفسانەدا - خودای خودایان- و ئەو خودایەی هێز وتوانای لە سەروەی هەموو خوداوەندەکانی ترە، هەمیشە ئامادە و لەسەر زار بووە، هەر لە بەر ئەوەشە، گرنگی و پێویستی - خودا - بۆ ئایین چەند گرنگییەکی لە پێش و بناخەییە، گرنگیی - خوداوەند - یش بۆ ئەفسانە لەو پێویستی و گرنگییە کەمتر نییە: چونکە چۆن هێزی - خودا - هەمیشە بە سەرسەری ئیماندارەوەیە، هێندەش هێز و کاریگەیی خوداوەندی ئەفسانە، بە سەر ئەفسانەبێژ و ئەفسانە بیسەوەیە. هەر ئەو گرنگی و پێویستییەشە بووەتە هۆی زۆر شێوەیی و زۆر پێناسەیی خوداوەندی نێو ئەفسانە.



٢-٥-١-: **گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا** :

٢-٥-١-١- **نەمریی چییە**؟

مرۆڤ زۆر لەکۆنەوە، لەسەرەتای چاو و مێشک کرانەوەی، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایین و ئەفسانە، بەردەوام لەگەڵ وشەی (نەمریی!) ڕووبەڕوو بووەتەوە، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ وشە و حاڵەتی نەمریی، بەردەوام لە باسی خوداوەند و خوداوە هاتووە. بەپێی باوەڕی ئەفسانە و ئایینەکان، خودا و خوداوەند هەمیشە و بەردەوام نەمرن! جگە لەوەش خودا و خوداوەند دەتوانن بەندەکانی خۆیان ئەوانیش بکەن بەنەمر! وەک ئەوەی خوداوەندانی سۆمەری (ئوتۆ- ناپشتم و ژنەکەی)یان گەیاندە حاڵەتی نەمریی و خودای مەزنیش- خدری زیندە-ی کرد بەیەکێ لە نەمرەکان، هەروەها لە زۆر ئەفسانە و ئایینی تریش ئەوە دەخوێنینەوە کە، کەسانێ هەبوون لەسایەی ئەوانەوە گەیشتوونەتە حاڵەتی نەمریی.

هەروەها هەموو ئایینە کۆن و تازەکان، ئەوانەی کە ئایینی ئاسمانین، وشە و حاڵەتی نەمریی بەو کەسانە ڕەوا دەبینن، کە لەسایەی چاکە و پەیڕەوکردنی دەستووری ئایینەکانیان، لەو دنیا لە (بەهەشت) هەمیشە و نەمر دەبن. هەروەها ئەوانەش کە لە ئایین لا دەدەن و سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان دەکەن. ئەوانیش لە دۆزەخدا بەردەوام و نەمر دەبن.

**نەمریی چەند جۆرێکی هەیە:**

١- نەمریی، بەناو، واتە ئەوەی لەسایەی ناوەکەیەوە بەنەمریی دەمێنێتەوە، جا بەناوی چاک، ئەگەر بیر و کردەوەی چاک بێ، یان بەناوی خراپ ئەگەر بیروکردەوەی خراپ بێ!!

٢- نەمریی بەجەستە و گیان، واتە مرۆڤ بەجەستەی خۆی بەزیندوویی و نەمریی لەم دنیایەدا بمێنێتەوە، لە ئەفسانەشدا ئەم جۆرە نەمرییە مەبەستە، ئەوەی کە گلگامش بەدوایدا گەڕا.

**پێناسەی نەمریی:**

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی جۆری نەمریی و ئەو کەسانەی کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون. گەیشتینە ئەوەی کەبەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی (نەمریی) بکەین:

نەمریی ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ بەگەنجی و لەشساغی و سەر ساغی و هەمیشەیی بمێنێتەوە و نەپیر ببێ و نەنەخۆش بکەوێ و نەمرێ.

پێشتر گوترا، مردن مەسەلەی گیان و ناشتن و شینگێڕی بەدوای خۆیدا هێنا، (گیان)یش مەسەلەی کراسگۆڕین و بەهەشت و دۆزەخی برەو پێدا، ئەمە لایەکی هەڵوێست و وەرگرتنی (مرۆڤ) بوو لە بەرامبەر (مردن)دا، بە لاکەی تری، مرۆڤ بەجۆرێکی تر بیری لە مردن کردەوە ئەویش دوورخستنەوەی مردن بوو، بە دوو ڕێگا، یەکەم: لەش ساغی و تەمەن درێژی، دووەم: نەمریی. مرۆڤ لە سەردەمی یەکەمی سەرهەڵدانی ئایین و ئەفسانە لە قۆناغێکدا دەژیا، کە باری ژیانی ڕۆژانەی پێویستی بەلەشێکی ساغ و پتەو هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانی خۆراکی ڕۆژانەی خۆی پەیدا بکا و خۆ لە دڕندە و جانەوەرەکان بپارێزێ و بەرگەی گەرماو سەرمای ئەو وەختە بگرێ. چونکە ئەو وەختە مرۆڤ خۆراکی خۆی جەم بەجەم

پەیدا دەکرد و لەمەش ڕۆژانە ڕوو بەڕووی مەترسی گران دەبووەوە و ڕێگای دووری دەبڕی و هەوراز و نشێوی زۆری دەدی، جگە لەوەی لە بەرگ و لانە، هێندە هەژار و سەرەتایی بوو، زیاتر لە ڕووت و بێ بەرگ و بێ خانە و ماڵ دەچوو، پەناگەیەکی ئەگەر هەبووبێ، بێ شک ئەشکەوت بووە.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر لەو ڕۆژگارەدا، کەسێک نەخۆش و لاواز و نەقوستان بووبێ، جگە لەوەی نەیتوانیوە خۆی بژێنێ ئەوا نەشی توانیوە خۆ لە دڵڕەقی دەوروبەر و سروشتیش ڕزگار بکات، بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر ئەو ڕۆژگارە کەسێک نەخۆش و پەککەوتە بووبێ، کێ نان و ئاوی داوەتێ و کێ پاراستوویەتی؟ ئەگەر کەسێ پێی ڕۆیشتن و دەستی کارکردنی نەبووبێ چاوی بینینی نەبووبێ، چۆن ژیاوە؟ دیارە کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارە لەهەر ئاستێکی ژیاندا بووبێ و هەر جۆرە ناوێکی لێبندرێ، کەس ناتوانێ، بڵێ: ئەو ڕۆژگارە و کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارە لەم جۆرە نەخۆش و نەقوستانانە خاڵی بووە، بەڵام چونکە، ئەو سەردەمە زۆرتر سەردەمێکە بۆ ئێمە، یادگاری زۆر کەمی لێ بەجێماوە، ئەوەش کە هەیە زۆرتر بۆ ئەوە بەکاردێ کە ژیانی ئەشکەوت و کۆمەڵگای ئەو ڕۆژەی پێ بخوێنینەوە، هەتا باسی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی نێو ئەشکەوت و دارستان. هەربۆیە ئێستا ژیانی پڕ ئازار و کوێرەوەریی هەزارانی نەخۆش و بێ دەست و پا کەوتووتە نێو تاریکایی ڕۆژگار و ژێرخۆڵی لەبیرچوونەوە، مەگەر پێشکەوتن و بەدەستهێنانی ئامێری وردبین و بەهەست و گەڕان و پشکنینی زانا ماندوونەناسەکان لە داهاتوویێکی دوور یا نزیکدا، هەواڵی تازە و نهێنیی کۆنمان بۆ ئاشکرا بکات!

### ٢-٥-١-٢- لەش ساغیی:

مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە، چ بەغەریزە و چ بەهۆی تاقیکردنەوەی ڕۆژانە تێگەیشتووە لەشی ساغ یەکە سەرمایەی ژیان و کارکردنییەتی، کارکردن بەمانای ژیانی بێ بەرهەم و ڕازی بوون بە (بخۆ و بڕۆ)ی ئەو سەردەمە. چونکە هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ خۆراکی خۆی لە بەرهەمی سروشت بەدەست هێناوە و (حازر خۆر)(*-١٧) بووە. بۆیە دووبارە بوونەوەی بەردەوامی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لەو بەرهەمە سروشتییانە، شارەزاییەکی زۆری پێدا لەوەی کە بەرهەمەکان، بە (تاڵ و شیرین)ییەوە بناسێ و بەرەبەرە بزانێ، کامەیان بەسوودە و کامەیان بێ سوود، کامەیان لەوەی تر بەسوودترە و کامەیان بۆ کامە نەخۆشی و کامە حاڵەت پێویستە، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەکی، ڕووەک ناسی بوو بۆ مرۆڤ، چ وەکو خۆراک، چ وەکو دەرمان، بەرەبەرە ئەم ڕووەک ناسییە، بەرەو ئەوەی برد، کە تایبەتمەندیی گیاو گوڵ و بەرهەمەکان بناسێ و بتوانێ لەجێگای خۆیدا بەکاریان بێنێ، هەر هۆی ئەم هەوڵە سەرەتاییەی مرۆڤ بوو، ئێستا مرۆڤایەتی سەرمایەکی زۆری لە ڕووەکناسی، بەهەموو بوارەکانییەوە لەبەردەستە، هەر ئێستا، لە فەرهەنگی ڕووەکناسی و گیا دەرمانیدا، دەیان و سەدان، گیا و ڕووەک و بەرهەم ناسراون، کە هەریەکە بەجۆرێک، کاریگەریی لەسەر بەهێزکردن و تەمەن درێژکردنی جۆرە شانە و ئەندامێکی لەشی مرۆڤدا هەیە. بەخۆڕا نییە لە ئەفسانەکانی جیهاندا، هی هەموو نەتەوەکان ناوی سەدان و هەزاران گیا و بەرهەم دێ، کە هەریەکەی دەرمانی دەردێکە و هەریەکەی هێزی ئەندامێکە، بڕوا ناکەم ئەمڕۆ کەسێک لەم جیهانەدا هەبێ بڕوا بەگیا دەرمانی نەکات و ئەوە ڕەت بکاتەوە کە مرۆڤ وەک دەرمان سوودی لەم



ڕووەک و بەرهەمانە بینیوە، بۆیە پێویست بەنموونە هێنانەوە ناکات. بەڵام نموونەیەک هەیە، کە زاناکانی (ئەرکیۆلۆجی) زۆریان باس کردووە، ئەویش ئەو کابرا (سەقەت)ەی ئەشکەوتی (شانەدەر)ە کە بەسەرهاتی ئەو کابرایە بۆ ئێمە و ئەم نووسینە، بەتایبەتی لە بەشەکانی (لەش ساغی)و (تەمەن درێژی) و هەتا ڕادەیەکیش (نەمریی)دا زۆر بەکەڵکە.

### ٢-٥-١-٣- کابرای سەقەت:

ئەشکەوتی (شانەدەر) یەکێ لە ئەشکەوتە گرنگەکانی کوردستان و جیهانە، کە لەنێو ئەم ئەشکەوتەدا نهێنییەکی زۆری ڕابردوویێکی دووری مرۆڤ، ئاشکرا بوو، لەساڵی ١٩٥١تا ١٩٦٠ پشکنین لەم ئەشکەوتە بەردەوام بووە، لەساڵی ١٩٥٣ ئێسکبەندی چەند مرۆڤێکی لێ دۆزرایەوە، یەک لەوانە منداڵێکی شەش مانگان بوو، پیاوەکانیش یەکێکیان کە ئێسکەکانی پتر بەساغی مابووەوە و تەمەنی بە (٣٥ ساڵ) مەزەندەکراوە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە (تاها باقر) دەنووسێ: «پاش بەسەریەک گرتنەوە و لێکۆڵینەوەی (ئێسکبەند)ی ئەو مرۆڤە لەرووی پێکهاتەی بەدەنییەوە زۆر شتی گرنگمان بۆ ئاشکرابوو، لە نهێنییە سەیرەکان باسکی یەکێ لەو مرۆڤانە بەزگماک سەقەت بووە، پاشان بە بەردە چەقۆ بڕاوە» (٢١١، بەشی یەکەم، ص٥٩٠) زەمەنی ئەو ئێسکبەندانەش لەنێوان (٤٥) هەزار و (٦٠) هەزار ساڵدا بوو. لێکۆڵینەوەی زۆرتری دواتر دەری خست ئەو دەست سەقەتی زگماکە، هەروا بێکار دانەنیشتووە و بەو سەقەتییەوە هەوڵی زۆری داوە، بەتایبەت کە لەنێو گۆڕەکەدا لێکۆڵەرەوان، توخمی هەشت گوڵیان دۆزیوەتەوە: «لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە تازەکان دەرکەوت کە ئەو دانە توخمانە، هی گوڵن، حەوتیان بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاردێن و هەشتەمیان جۆری ژەهرە (...) مرۆڤی شانەدەر گوڵەکانی دەناسی و جۆری دەرمانەکانی پزیشکی لێکدەکردەوە و دەیزانی کامەیان یارمەتیی چارەسەری نەخۆشی دەدا، دەرکەوت ئەو کابرای سەقەتی زگماک، ئەو گوڵانەی وەکو دەرمان بەکاردەهێنا بەهیوای چاک بوونەوە، کە لە چاک بوونەوە بێ هیوا بوو، پەنای بۆ ژەهرەکە برد و کۆتایی بەژیانە ناخۆشەکەی خۆی هێنا» (١١٨،ص٢٦).

ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە زۆر گرنگن و شیکردنەوەی زۆر هەڵدەگرن، بەتایبەت بۆ ئەو زەمەنەی کە زاناکان پشت بە لێکۆڵینەوە مەزەندەیان کردووە، ئەویش نێوان (٤٥ تا ٦٠ هەزار ساڵ پێش زایین)ە، کۆبوونەوەی ئەم هەموو توخمە گوڵە و دابەش بوونی بەسەر دوو بەشدا، بەشی یەکەم: حەوتیان گوڵە دەرمان بوون و بەشی دووەم: یەکێکیان گوڵە ژەهرە! نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤی شانەدەر گوڵ و گیاکانی ناسیوە و جۆرەکانی دیاری کردوون و بەکاری هێناون، لەوەش کەحەوتیان گوڵە دەرمان بوون، مانای ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە ماوەیەکی زۆر پشت بەگیاناسی و گیادەرمانی هەوڵی چارەسەرکردنی خۆی داوە و هەوڵەکانیشی لە جارێک زیاتر و لە گوڵێک زیاتر بووە، لەوەی کە هەرجارەی کام گوڵی بەکار هێناوە و هەر گوڵەی چەند جار بەکارهاتووە و چەند جار گوڵی تەنیا تەنیا و چەند جاریش گوڵی تێکەڵی بەکارهێناوە. ئەمەش مەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وردتر و لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی سبەینێ بەدەربکەوێ. بەردەوامی هەوڵدانەکەی بۆ بەکارهێنانی- حەوت دەرمان- نیشانەی ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە

بڕوای زۆری بەگوڵەکان هەبووە و پێشتر کاریگەریی ئەم گوڵانەی بەچاو دیوە، خۆی یان خەڵکی تر، هەر بۆ سەقەتیی زگماکی یان نەخۆشی تر بەکاری هێناون و لە بەکارهێنانەکەشدا ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە، بەڵام ئەم سەقەتی زگماکە، کە تا تەمەنی (٣٥ ساڵ)ی هەر بەدوای چارەسەریدا گەڕاوە، بەتایبەت کە سەقەتییەکەی ئەو زگماک بووە، مانای وایە، زۆر زوو کابرا بیری لە چارەسەری کردووتەوە و بەردەوامیش هەوڵی داوە، لەوەش دوور نییە! هەر دەبێ واش بێ، لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی دەرمانەکان خەڵکی تر یارمەتییان دابێ، ئەگەر یارمەتییەکی زۆر سەرەتاییش بێ. ماوەی هەوڵدانەکەش بەڕێژەی تەمەنەکەی کە (٣٥ ساڵ)ە، ماوەیەکی زۆرە و لای کەم دوو لەسەر سێی تەمەنی دەگرێتەوە. ئەگەر مەزەندەی ئەوەشی بۆ بکەین کە هەر لە منداڵییەوە، باوک و دایکی و کەسانی تر هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە، ئەوە ماوەی هەوڵدانەکە، هی کەسوکاری و هی خۆی نزیکەی هەموو تەمەنی دەگرێتەوە، ئەو ماوەیەش بۆ هەوڵدان و چارەسەری و بەدەست نەهێنانی ئەنجام، ماوەیەکی شیاوە، بۆ بێ هیوا بوون و وازهێنان و بیرکردنەوە لەرێگای ترو ئەنجامی تر، ئەویش (ژەهر خواردن)ە کە هۆیەکە بۆ خۆ رزگارکردن لەو بازنە پڕ لە سەرێشەیە، وەک زاناکان دەڵێن و گەیشتوونەتە ئەنجام، ئەنجامەکەشی هەروا بووە، خۆی کوشتووە.

ئەم هەوڵدانە دەکرێ بەبارێکی تریش بخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەوڵدانی، ئەم (شانەدەر)ییە، سەرەتا بۆ لەش ساغی بووە، واتە ویستوویەتی، بەبەکارهێنانی ئەم دەرمانانە، بتوانی چارەسەری نەساغییەکەی خۆی بکات و ئەویش وەکو لەش ساغەکان ببێتە خاوەنی لەشێکی ساغ و بەلەشێکی ساغەوە ڕۆژانە خەریکی بەدەست هێنانی، پێویستییەکانی ژیانی خۆی بێ و لە کەس دوا نەکەوێ و هەرچی بیەوێ بیکا بتوانێ بیکا و لەدڵدا نەمێنێ. ئەگەر لەم هەنگاوەی بەدەست هێنانی لەش ساغییەدا سەرکەوتبا، بێشک ئەو سەرکەوتن و لەش ساغییە زەمینە و هاندەرێکی باش دەبوو، بۆ هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی تەمەنێکی درێژ و لەشێکی ساغ، ئەگەر لەم هەوڵدانەش واتە بەدەست هێنانی تەمەنی درێژیش سەرکەوتبا و لە ماوەی ئەم سەرکەوتن و تەمەن درێژییەدا، هیچ شکی نییە! بیری لە (نەمریی) و بەدەست هێنانی هۆیەکانی نەمریی دەکردەوە و هەوڵی بۆ دەدا، دیارە هەوڵدان و سەرکەوتن، هەوڵدانی تری بەدواوەیە. ئەگەر لە هەنگاوی یەکەم سەرکەوتبا، بۆ هەنگاوی دووەم و سێیەمیش بەردەوام دەبوو، چونکە ئەمە سروشتی مرۆڤە، چ وەک تاک، چ وەک کۆمەڵ. زانست و سەرکەوتنە گرنگ و بەردەوامەکان ئاوا بەدەست هاتوون. بەڵام، کە بۆ ماوەیەکی درێژ و هەوڵدانێکی زۆر و زۆر جۆر تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووە، کاردانەوەی سەرنەکەوتنەکەی وەک هەموو مرۆڤێک و زۆرجاریش زانایان، بەلایەکی تریدا بردووە، ئەویش بەکارهێنانی گوڵی هەشتەمە، گوڵی ژەهر، بۆ خۆکوشتن و خۆ دەرباز کردن، لە ژیان بەسەقەتی و هەوڵدانی بێ ئەنجام.

لێکۆڵینەوەی زاناکانی (کۆنناسی -ئەرکیۆلۆجی)و شیکردنەوەکەی ئەم نووسینە، رێگەی ئەوەمان بۆ خۆش دەکات کە بڵێین ئەم (مرۆڤی شانەدەر)ە و ئەم کابرا سەقەتە زگماکە، یەکەمین کەسە. هەوڵی داوە، لەش ساغی و تەمەندرێژی و نەمریی بەدەست بێنێ، ئەویش بەهەوڵدانێکی زانستییانە و تاقیگەیی



(*-١٨) کە ئەم هەوڵدانەش تەمەنی بۆ (٤٠ هەزار ساڵ) زیاتر دەگەڕێتەوە و هەوڵدانەکەش لە (شانەدەر- کوردستان) بووە. لەنێوان هەوڵدانی سەقەتی شانەدەر و شای سۆمەری (گلگامش) زەمەنێکی یەکجار زۆر هەیە، کە نزیکەی (٤٠ هەزار ساڵ) دەبێ، بەڵام، ئەگەر ماوەی ڕۆژگارەکە زۆرە، ئەوا ماوە جوگرافییەکە یەکجار کەمە، ئەگەر ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئێستا زاناکان و مێژووناسەکان زۆریان ڕایان لەسەر ئەوەیە کە، سۆمەرییەکان لە بەرزاییەکانی ئێران، چیاکانی باکووری عیراق- کوردستان-، سەرووی نێوان دوو ئاوانەوە چوونەتە خواروو، ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: هەوڵدان بۆ لەش ساغی و تەمەن درێژی و نەمریی میراتێکی لەمێژوویینەی ناوچەکەیە بەتایبەت کە گلگامشیش هەوڵی بۆ مانەوەی گەنجی- لەش ساغی- دەدا و هیوای تەمەنێکی درێژی دەخواست و بەدوایی (گیای نەمریی)دا دەگەڕا. لەگەڕانەکەشدا بەدەستی هێنا، بەڵام، چونکە قەدەری مرۆڤ- قەدەری مردنە- و خودا و خوداوەندەکان هەر لە ئەوەڵەوە (ژیان- نەمریی) یان بۆخۆیان داناوە و، (مردن!)یش بۆ مرۆڤ، گلگامش ئەویش وەک هەموو، ئەوانەی بەدوای نەمریی-دا گەڕاون، دواجار هۆیە نەمرییە بەدەست هاتووە کە دەدۆڕێنێ. بۆ ماوە زەمەنییەکەی نێوان کابرای شانەدەر و گلگامشی سۆمەری، نابێ ئەم ماوەیە، بەماوەیەکی وشک و برینگ دابنێین، چونکە مادام مرۆڤ لێرە ژیاوە و ژیان بەردەوام بووە و کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەبووە، ئەو کۆمەڵە، لە سەقەتی وەکو کابرای شانەدەر و گەنج و پاڵەوانی خورت و لەمردن ترساوی وەکو گلگامش خاڵی نەبووە. ئەگەر تا ئێستا لەم نێوانەدا، واتە نێوان کابرای سەقەت و گلگامشی پاڵەوان، هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە، بەڵام زۆر چیرۆک و ئەفسانەی تری گەلانی ناوچەکە هەن، کە پاڵەوانەکانیان بەدوای نەمرییدا گەڕاون، ئەم چیرۆک و ئەفسانانەش زۆریان مۆرکی کۆنی یەکجار کۆنیان پێوەیە، ئەم ئەفسانە زۆر و کۆنانەش ریشەیان بۆ ئەو ڕۆژگارانە دەگەڕێتەوە کە ئەمانەش بەجۆری خۆیان بەڵگەی زیندوون.

**٢-٥-١-٤- هەمیشە گەنجیی:**

سەرەڕای هەوڵی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی، لەش ساغی و تەمەن درێژی و نەمریی، شتێکی تریش هەیە کە مرۆڤ هەوڵی بۆ داوە، ئەویش (هەمیشە گەنجی)یە. پەندێکی دوعا ئامێزی کوردی هەیە، دەڵێ: (مردن هەبوایە، پیربوون نەبوایە) ئەم پەندە کوردییە، مانای ئەوە دەدات کە، مرۆڤ بە(مردن!) ڕازییە، کە کارێکە، مرۆڤ ناتوانێ پێشی لێ بگرێ، جا مادام کە (نەمریی!) بەدەست نایێ، با پیری نەبوایە؛ واتە مرۆڤ هەمیشە گەنج بوایە. ئەم هیوا خواستنە بۆ گەنجییەتیی بەردەوام. هەر لە سنووری هیوا و نزا نەماوەتەوە، بەڵکە مرۆڤ هەوڵی زۆری بۆ داوە و لەنێو حیکایەت و ئەفسانان زۆرجاریش، بەو (گەنج)ییە گەیشتووە.

گلگامش پاش ئەوەی (گیانی نەمریی) بەدەست دێنێ، بەم شێوەیە باسی ئەو گیا گرنگ و ئەفسانەییە دەکات:

*«پاشان گلگامش بە (ئور- شەنابی) بەڵەمەوانی گوت*
*هۆی (ئور- شەنابی) ئەو گیایە سەیرە*

*پیاو دەتوانێ چالاکییەکانی ژیانی پێ بەدەست بێنێتەوە*
*ناوی لێدەنێین (پیر دەگەڕێنێتەوە سەردەمی لاوی)*
*با لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە (ئوروک)ی شوورەدار*
*تا (خەڵک) هاوبەش بن و لەگەڵمان بیخۆن*

منیش لە ڕۆژەکانی دوایی تەمەنمدا دەیخۆم، تا گەنجیم بگەڕێتەوە» (١٣٣، ص١٦٥-١٦٦)

وەکو دیارە گلگامش بۆیە ئەم گیایەی لا سەیرە، چونکە چالاکییەکانی دەژێنێتەوە و پیاو دێنێتەوە سەر تەمەنی ڕۆژانی گەنجی! سەخاوەت و دڵکراوەیی گلگامش لەوەدایە، ئەو گیاسەیرە هەڵدەگرێ و دەیەوێ بهێنێتەوە شاری (ئوروک) بۆ ئەوەی هەموو خەڵک هاوبەشی بن لەخواردن و ئەوانیش وەکو ئەو سوود لەم گیایە ببینن. هەر خۆشی دەڵێ: ڕۆژانی دواییی تەمەنم ئەو گیایە دەخۆم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر تەمەنی گەنجی و چالاکییەکانم لە پیرییەوە بگەڕێتەوە سەر شێوەی ڕۆژانی پڕ هێز و توانایی لاوی. هەر خۆشی ناوێکی تر جگە لە (گیای نەمریی) بۆ ئەم گیایە پێشنیار دەکا و دەڵێ: ناوی دەبێتە «پیر دەگەڕێنێتەوە سەردەمی لاوی» چونکە وەکو دەردەکەوێ، (نەمریی) بەپیری و بێ هێزی لای گلگامش هیچ سوودێکی نییە! ژیان بەگەنجی خۆشە، چونکە گلگامش گەنجێکی چالاک و پاڵەوانێکی ئازابووە، نەیویستووە، ئەو گەنجی و چالاکی و پاڵەوانییە لە دەست بدا، بەوەش هیوایەکی یەکجار مرۆڤانە و شیاوی خواستووە، یەکەم: بەگشتی کردنی موڵکییەت و هاوبەش بوونی خەڵک و سوود وەرگرتن لە گیایەکە.

دووەم: گەیشتن بەگەنجی هەمیشەیی وەک ڕۆژانی لاوی. بەپێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی کە داوای نەمریی دەکەن، هەر تەنیا باسی نەمریی دەکەن و هەندێکیان دواجار لەو نەمرییە پەشیمان دەبنەوە چونکە بەشێوەیەکی شیاو بەدەست ناهێنن. (لە بەشی سێیەمدا بەدرێژی باسی ئەم حاڵەتە دەکەین).

ئەگەر هەموو لایەک ئەو ئەنجامە ناخۆشە دەزانین، کە دواجار گلگامش ئەو گیا سەیر و گیای نەمرییە لەدەست دەدا، پاش ئەوەی (مار) بۆ خۆی دەیخوا، هەر ئەم گیا خواردنەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک (کراس فڕێدان)ی مار بەنوێ بوونەوە و خۆگۆڕین و تەمەن درێژی لێکبدەنەوە، گوتمان ئەگەر گلگامش گیای نەمریی و گەنج بوونەوە لەدەست دەدا، ئەوا (زەمبیل فرۆش) ئەو گەنجییە تەواو وەک خواستی گلگامش بەدەست دێنێ، واتە پاش پیری و بێ هێزی دەگەڕێتەوە سەر تەمەنی گەنجی و پڕ هێز و چالاکی. (زەمبیل فرۆش) پاش کێشەیەکی زۆ رو تەمەنێکی دوورودرێژ و لە پیرییەکی یەکجار پیر لەگەڵ خاتوون دەگەنە ئەو بارەی کە هەردووک یەکتر قبووڵ بکەن، یا ڕاستتر، زەمبیل فرۆش خاتوون، قبوول بکات، بەڵام خاتوون -ئێستا - لە تەمەنێکدایە، نایەوێ بەم تەمەن و پیرییە بەزەمبیل فرۆش بگات، بۆ پێکەوە ژیان و (مارە بڕی) یەک مەرجی دەبێ، ئەویش داوا لە (زەمبیل فرۆش) دەکات بیگەڕێنێتەوە سەر تەمەنی گەنجی، پاش ئەوەی زەمبیل فرۆش کۆشکێکی شیاو دروست دەکات، دەچێتە سەر بەرماڵی نوێژێ و سەردەباتە سەر سەجدەی و دەڵێ: «یارەبی ئەمن و خاتوونێ بێنەوە سەر حەددی چاردەساڵەی» جێبەجێ هاتنەوە سەر حەدی چاردە ساڵە، خاتوون ئەوجار خۆی لێ مارەکرد، پێکەوە



دانیشتن» (٤،ل٣٢٢-٣٢٢).

ئەوەی لێرە، لە پاڕانەوە و خواستی خاتوون و زەمبیل فرۆش سەرنج ڕادەکێشێ هەردووکیان، داوای گەڕانەوەی سەر تەمەنی گەنجی دەکەن، نەک داوای نەمریی، داوا و دوعاکەشیان گیرا دەبێ و دواجار بەگەنجی- گەنج- گەنج بوونەوەی جاری دووەم- دەگەنەوە یەک.

ئەگەر زەمبیل فرۆش و خاتوون بەنوێژ و نزای سەر سەجدەی دەگەڕێنەوە، سەر تەمەنی لاوی، ئەوا (میرمح) و ئەسپ و تاژییەکەی، هەر سێکیان، دەگەنە جێگایەک، هەر چەندە ساڵان بەسەر دەچن، ئەوان هیچ پیر نابن و هەر لەسەر ئەو تەمەنە دەمێننەوە، کەپێیەوە چووینە ئەو جێگایە، ئەویش تەمەنی گەنجییە! بەڵام کە (میرمح) دواجار غەریبی ماڵ و وڵاتی خۆی دەکا و پێ دادەگرێ بۆ گەڕانەوە، پەرییەکان (سێ سێو)ی دەدەنێ و دەڵێن: (هەرە، خوەدێ ب ریبیا تەڕابە، تەڕا ئۆغربە، ڤان سێڤان نەدە کەسەکی» (٢٤،ل١٥٩) بەڵام، لەگەڕانەوەیدا (شەیتان) خۆی لێ دەکاتە پیرەمێرێکی ڕیش سپی زاڕۆک نەخۆش و داوای (سێو)ێکی لێ دەکات، (میرمح)یش بەهەستی پڕ سۆزی مرۆڤایەتی - کە لێرە خاڵی لاوازی (میرمح)ە- سێوێکی دەداتێ، هەر کە سێوەکەی دەداتێ، یەکسەر: «ئەوێ کو سێڤ دا پیرێ چۆکە وی سست بوون، مویێد وی سپی د روویی ویدا هاتن» واتە گەنجی لەگەڵ سێوەکە ڕۆیشت و پیری دەرکەوت، بەسستی چۆک و سپی بوونی ریش، لەگەڵ دۆڕاندنی، دوو سێوەکەی تر، نەک هەر گەنجی و جوانی دەدۆڕێنێ، بەڵکە (ژیان)یش لەدەست دەدا و دەمرێ، نەک هەر (میرمح) خۆی، بەڵکە ئەسپ و تاژییەکەشی وەکو خۆی پیر دەبن و گیانیان دەردەچێ.

**٢-٥-١-٥- تەمەن درێژیی:**

مرۆڤ لە واقعدا هیوای زۆرشت دەخوازی و هەوڵی زۆرشت دەدا، بەڵام هەموویان بەدەست ناهێنێ، کەچی، ئەم هیوا و هەوڵە بێ ئەنجامانە زۆر بەئاسانی لەنێو مێژووی ئایین و ئەفسانەدا بەدەست هاتوون و گەیشتوونەتە ئەنجام هەر لە جیهانی ئایین و ئەفسانەیە کە مرۆڤی هەمیشە ساغ و سەلامەت و هەمیشە گەنج و مرۆڤی نەمر هەن، جگە لەوەش هەر لە ئەفسانە و ئایینە کە مردووی سەد ساڵە و مردووی کفن هێشتا زەرد نەبوو زیندوو دەکرێنەوە. جگە لەوانە هیوایەکی تری لەمێژینەی مرۆڤ هەیە، ئەویش هیوای (تەمەن درێژی)یە.

تەمەنی ئاسایی مرۆڤ بەشی ئەوە ناکات کە مرۆڤ لەم تەمەنەدا هەموو هیوا و ئامانجەکانی خۆی بەدی بێنێ، دووەم مرۆڤ لەوانە نییە کە هیوا و خواستەکانی کۆتایی بێت، بۆیە هەوڵەکانی بۆ تەمەندرێژی و لەش ساغی و نەمریی و زیندوو بوونەوەی جارێکی تر، بێ پسانەوە بووە، ئەگەر لە واقع و بەزانست هیچی بۆ نەکراوە، ئەوا لە ئەفسانە و خەیاڵ زۆری بەدەست هێناوە، ئەم ئەفسانە و خەیاڵە هەمیشە ئایین پشتگیریان بووە، واتە چیرۆکە ئایینییەکان نموونەی زۆر لەم بەدەست هاتووانەی تێدایە، ئەوانەی کە لە واقع بەدەست نایەن. هەر ئەوەشە هۆی تێکەڵی پێکچوونی ئایین و ئەفسانە لە رووی جۆری پاڵەوان و ڕووداو و ئامرازەکانەوە.

ئەم هەوڵە زۆرەی مرۆڤ بەردەوام بۆ بەدەست هێنانی ئەو هیوا ئەستەمانە، تەنیا لەنێو چیرۆکە

ئەفسانەیی و چیرۆکە ئایینییەکان ماونەتەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە هەندێ لەو چیرۆکە ئەفسانەیی و ئایینی و مێژووییانە بەسەر بکەینەوە.

سەرەتا با گوێ لە (لۆگال زاگیزی، ٢٤٠٠-٢٣٧٠پ.ز) ڕابگرین و بزانین بە چ ڕێگایەک هەوڵی تەمەندرێژیی خۆی دەدا: «وای دەنا ئەنلیل پاشای هەموو وڵاتان لەبەر خاتری من نوێژی کردبا و لە بەرامبەر (ئان)ا پاڕابوایەوە و بەڵکە تەمەنێکی دەهاوێشتە سەر تەمەنم» (*-١٩) (١٧١، ص٩٥-٩٦) ئەم پاشایە بەنزا و لە ڕێگەی خوداوەند و ئایینی سەردەمەکەی خۆیەوە هەوڵی تەمەندرێژی داوە، لە نزای ئەم پاشایە ئەوە بەدەردەکەوێ، کە ئەو پاشایە یەکەمین کەس نییە، ئەم نزای تەمەندرێژییە دەکات و-بەدووریشی مەزانە- کە خەڵک هەبووبن لەپێش ئەو و سەردەمی ئەو دوعاکەیان گیرا بووبێ و ئاواتەکەیان بەدەست هاتبێ!! ئەگەر لوگال زاگیزی دەیەوێ تەمەندرێژییەکەی لە ڕێگای خوداوەند بەدەست بێنێ! ئەوا چیرۆکە ئەفسانەییەکان زۆر جار وەک کارێکی ئاسایی باسی تەمەندرێژان دەکەن ساڵانێکی ئەوەندە زۆریان بۆ داوێنە سەریەک، کە زۆر لە تەمەنی ئاسایی مرۆڤ دوورە.

مەگەر ئەو (ساڵ)انە بە پێوانەیەکی تر لێکبدەینەوە، با گوێ لە (ڕۆستەم) بگرین بزانین لەبارەی تەمەنی خۆیەوە چی دەڵێ: «ڕۆستەم، بەهیوای ئامۆژگاری کردنەوە ڕووی لە (ئەسفەندیار) کرد و (گووتی): «ڕۆڵە هەزار و سەد و شەست ساڵ تەمەنم بەسەربردووە، کەس نەیتوانیوە دەستی من ببەستێ، ئەو تاج و تەختە من پاراستوومە» (٥١، ص٣٧) ئەوەی ئێمە مەبەستمانە (١١٦٠ ساڵ تەمەنی ڕۆستەم)ە کە لێرەدا لەسەر زاری ڕۆستەم خۆی دەیخوێنینەوە. ئەم تەمەنە زۆرە، نیشانەی هیوا خواستنەیان بەدەست هێنانی هیوای داهاتووە لە رابردوودا؟! هەر لە وڵاتی (ئێران ویج)دا ئەو وڵاتەی ئەو وەختە زۆربەی کوردستانی ئەمڕۆی دەگرتەوە، لەو وڵاتە و ئەفسانەی ئەو سەردەمە، ناوی کەسانێکی زۆر دێ، لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە تەمەنی ئاسایی مرۆڤ زۆر بەسەرەوە بووە، هێندە هەیە ئەم تەمەن درێژانە، جگە لەوەی شاە و هەندێ جار خواوەند بوون، بەڵام، هۆی تەمەندرێژییەکەیان زۆرتر هۆی بوونی (فەڕ) بوو، بەمانای (نور- ڕووناکی) (١٩٠) و (پیرۆزی) (١٨٩) و (شان و شەوکەت) (١٩٠ + ١٩٣) وا ئەم شان و شەوکەت و ڕووناکییە پیرۆزە لە خواوەیە و هەموو کەس و بنەماڵەیەک ئەم (فەڕ)ەیان بەرناکەوێ، ئەم وشەیە هەر ئەمڕۆ لەنێو کورد بەکاردێ لە شێوەی (بەدفەڕ) کە تەواو بەدژی پیرۆز و ڕووناک و شان و شەوکەت دێت، کە هەر ئەم وشەیە لە (ئاوێستا) و (پەهلەوی)دا بەکارهاتووە و هەر ئەم مانایەی هەبووە، کەئێستا لەنێو کورد بەکاردێ، ئەم فەڕە زۆر تایبەتمەندیی هەیە، کە دەتوانین تەواو بەهێز و پیرۆزی و ڕووناکیی خوداوەندی ناو ببەین، هەر ئەوەش بوو، هەرکەسێک ئەم فەڕەی هەبوو بێ، هیچ هێزێک کاری لێ نەکردووە، (جەمشید) شای ناوداری (ئێرانی کۆن) هەتا مەیلی لەسەر چاکە بوو، ئەم فەڕی خوداییە لە یارمەتییدا بوو، وەک هێزێک هەم جەمشیدی دەپاراست و هەم وەک هێزێک خواستەکانی بۆ جێبەجێ دەکرد، ئەو هێز -فەڕ- تەواو هێزێکی خوایی بوو، خودای چاکە و خێر، چونکە کە (جەمشید) پاش کارە گرنگەکان لەخۆی بایی بوو و خۆی بەخوداوەند ناو برد و گوتی:

*«جهان را به خوبی من اراستم*



*چنان است گیتی کجا خواستم»* (١٨٣أ، ص٣٨).

واتە ئەم جیهانە بەجوانی و چاکی من ڕازاندوومەتەوە، گێتیش هەر بەو شێوەیە کە من ویستوومە، لەوەشی تێپەڕاند و گوتی:

*(خور و خواب وارامتان ازمن است*

*همان کوشش وکامتان ازمن است»* (١٨٣أ، ص٣٨).

واتە خەو و خواردن و حەسانەوەتان لەمنەوەیە، هەر ئەو ڕەنج و ئاواتەتان ئەویش هەر لەمنەوەیە. پاش ئەو لێگۆڕان و خۆ هەڵنانە کەس بەدەنگ نەهات هەتا پیاوانی ئایینیش سەریان بۆ لەقاند و نەوێران لێی بەدەنگ بێن.

بەڵام، وەک لە چیرۆکەکەدا بەدەردەکەوێ، ئەو خوداوەندەی ئەم هێز و (فەڕ)ەی بەو داوە هەر ئەویش لێی دەستێنێتەوە،

*«چو این گفته شد یزدان ازوی*

*بگشت وجهان شد پڕ ازگفت وگوی»* (١٨٣أ،ص٣٩)

واتە: پاش ئەوەی ئەم قسانەی کرد- قسەی خۆ بەخوداوەند زانین- فەڕی خودایی لەو دوورکەوتەوە و دنیا پڕ بوو لە چپە چپ، واتە خەڵک لەنێو خۆیان کەوتنە گلەیی و بێزاری دەربڕین لە (جەمشید)و لە ئەنجامدا خەڵک و خوا کەوتنە دژایەتیی (جەمشید).

*«بەجمشید بر تیره گون گشت روز*

*همی کاست أن فرگیتی فروز»* (١٨٣أ، ص ٣٩)

واتە: ڕۆژ لە جەمشید وەرگەڕا و دنیایی لێ تاریک داهات کە ئەو (فەڕ)ی جیهان ڕووناک کەرەوەی لێ دابڕا.

ئەژدیهاک (ضحاک) لەرووی خوێن و ئایینەوە کوڕی هەر نەتەوەیەک و لەسەر هەر ئایینەک بێ، زۆرتر وەک پاشایەکی زۆردار و خوێنڕێژ ناسراوە، ئەم پاشایە، تەمەنێکی درێژی هەبووە: «پاشایەتیی زوحاکی تازی (عەرەب) (*-٢٠) هەزار ساڵ و یازدە مانگ و حەوت ڕۆژ بوو» (٧٣، ص٧٥) کە لێرە ئاوا ساڵ و مانگ و ڕۆژی تەمەنی زوحاک باس دەکرێ، بەڵام زۆرتر نووسەران هەرباسی (هەزار ساڵ) دەکەن بۆ تەمەنی ئەو پاشا زۆردارە، (جەمشید) کە بەدەستی زوحاک بەمشار دوولەت کرا، چونکە ئەویش تەمەنێکی درێژی هەبووە، زۆر تەمەنی بۆ دیاری دەکرێ: «لە فەرمانڕەوایی جەم نۆ سەد زستان تێپەڕی و جەم زەویی سێ بەقەد ئەوەی کە هەبوو فراوان کرد» (٤٢، ص٦) ئەگەر لێرە باسی ٩٠٠ ساڵەی تەمەنی -جەم- جەمشید دەکرێ، بەڵام نۆ سەدەکە بەزستان دەژمێرێ، کە ئەم جۆرە ژماردنە، واتە تەمەن بە کەژەکانی ساڵ ژماردن، شێوەیەکی یەکجار کۆنە و هی سەردەمی مەڕداری و کشتوکاڵی یەکەمە، هەر ئێستا لەنێو کورد، ئەم جۆرە ساڵ ژماردنە بەکاردێ (*-٢١) پاش (جەمشید) تەمەنی (فەرەیدوون) دێت کە ئەویش (٥٠٠ ساڵ) ژیاوە، پاشان (کەیخسرەو) کە (٢٦٠ ساڵ) ژیاوە هەروەها (کەیکاوس) کە (١٥٠ ساڵ) ژیاوە، کە ئەم تەمەنەی دوای واتە ١٥٠ ساڵ تەمەنی کەیکاوس، تەمەنێکی زۆر نییە و

خەڵک هەن بەئاسایی گەیشتوونەتە ئەم، تەمەنە.

هەندێ نووسەر ئەم تەمەندرێژییە بۆ تەمەنی سەردەمێک دەگێڕنەوە، نەک تەمەنی پاشایەک: «ئەو ٧١٦ ساڵەی جەمشید و ١٠٠٠ ساڵەی زوحاک و ٥٠٠ ساڵەی فەرەیدوون هێمایەکە بۆ سەردەمانێک نە ئەوەی کەسانێ بەو ناوەوە لەم ماوە درێژەدا حوکمیان کردبێ» (٨٠، ص٧٥١) لە ئەفسانەی کوردی، زۆر جار باسی کەسانی تەمەندرێژ دەکرێ ئەم تەمەندرێژییەش، هەروەها بەخۆڕایی نایەتە ناو ئەفسانە بەڵکە مەبەستێکی بەدواوەیە، زۆر جاریش باسی چۆنیەتی بەدەست هێنانی ئەم تەمەندرێژی و هۆ و مەبەستی تەمەندرێژییەکەش دەکرێ.

هەر لە ئەفسانەی (میرمح) ئەو دەقەی (قەناتی کوردۆ)(*-٢٢) بڵاوی کردووتەوە، (میرمح) کە بەدوای نەمریی-دا دەگەڕێ، لە رێگا تووشی سێ جۆر تەمەندرێژان دەبێ، یەکیان جووتیارێکە خەریکی زەوی کێلانە، هەتا کێلانی زەوی مابێ، ئەویش دەمێنێ، دووەمیان، (مار)ێکە هەر ساڵەی جارێک کراسی خۆی داوێتە دۆڵێک، کە دۆڵەکە پڕ بووەوە ئەویش دەمرێ. سێیەمیان، باڵندەیەکە خەریکی (گاڕس)(*-٢٣) خواردنە، کەی گاڕسەکەی تەواو بوو ئەویش دەمرێ. ئەم سێ نموونەیە، مردنیان بەم کارانە دوا دەکەوێ و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێ، بەڵام ژمارەی ساڵەکان باس نەکراوە. هێندە هەیە، تەمەنیان زۆر زۆر لەسەرەوەی تەمەنی ئاسایی خۆیانە، یاڕاستتر، تەمەنیان تەمەنێکی ئەفسانەییە. لە ئەفسانەیەکی تری کوردی کە (عەبدول شارباژێڕی) (*-٢٤) بڵاوی کردووتەوە، باسی سێ کوڕ و باوکێک دەکات، کە ئەوانیش تەمەنیان زۆر لە سەرەوەی تەمەنی مرۆڤی ئاساییە. کوڕەکان تەمەنیان بەم شێوەیە گەورەکەیان تەمەنی (٧٥٠ ساڵ)ە و ناوەنجییەکەیان (٥٥٠ ساڵ) و بچووکەکەیان (٤٥٠ ساڵ) تەمەنیەتی، بەڵام باوکیان (٨٠٠ ساڵ) ژیاوە، لە ئەفسانەکە هۆی تەمەندرێژییەکەیان بۆ ژنەکانیان دەگەڕێتەوە، هەر یەکە تەمەنیان بەقەد باشی و خراپیی ژنەکانیانە هەتا ژنەکانیان باشتر بووبێ، تەمەنیان زۆرتر بووە، ژنیش لێرە هۆی ئاسوودەیی دڵ و دەروون و ژیانە، واتە مەبەست ئەوەیە کە پیاوی ئاسوودە و بێ خەم لەنێو ماڵی تەبا و رێک تەمەنی لە پیاوی نیگەران و خەماوی نێو (ماڵی بەجەنگ)(*-٢٥) پترە، ئەم تەمەندرێژییە هیوا و خواستێکی هەمیشەیی مرۆڤە، بۆیە لە ئەفسانەی هەمو گەلێکدا، چیرۆک و ئەفسانەی تەمەندرێژان زۆرە و بەدەست دەکەوێ لەنێو (عەرەب)یش نموونەی ئەم جۆرە تەمەندرێژانە لەنێو فولکلۆر و ئەفسانەیاندا زۆرە، (تاها باقر) دەنووسێ: «هەواڵی تەمەندرێژان و زۆری ئەوانەی کە رێگای پڕ ئەستەمیان گرتووتەبەر لەپێناوی بەدەست هێنانی مانەوە و نەمریی. وەکو چیرۆکی (لوقمانی حەکیم) و ذولقەرنێن و خدر و سەرگەردان و تەبعلئە و سەت و شەممەر و بەرعش و قەیس و بن زوهەیر» (١٣٣، ص٤٣) هەندێک لەمانە نەمرییان بەدەست هێنا و وەکو خدر و هەندێکی تریان تەمەندرێژی وەکو لوقمان کە تەمەنی حەوت باز ژیاوە. هەر چەندە ئەم تەمەندرێژانە، لە دەقە ئایینییەکانیش وەکو پێغەمبەر و پیاوی ئایینیش ناویان هاتووە، بەڵام هەر ئەم ناوانە، بەشێوەی تر لە دەقە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکان باس دەکرێن، چونکە کەسایەتیی مێژوویی و ئایینییەکان کە دەکەونە نێو دەقی ئەفسانە و فۆلکلۆرەوە گۆڕانی زۆریان بە سەردادێ، ئەمەش لە ئەفسانەی هەموو گەلان هەروایە.



هەندێک لەو پیاوە ئایینییانەی کە وەک تەمەن درێژ باسکراون، ئەمانەن: «ئادەم (٩٣٠ ساڵ) ژیاوە، شیت (٩١٢ ساڵ) ئەنوش (٩٠٥ساڵ)و نوح (٩٥٠ ساڵ)،» (٨٦، ص١٥)

**٢-٥-١-٦- یارانی ئەشکەوت: (اصحاب الکهف):**

لە قورئان و سوورەی (الکهف)دا باسی دەستەیەک ئیماندار دەکات، کە ژمارەکانیان زۆر تر بەحەوت کەس دەزانن و لەگەڵ سەگەکەشیان دەبنە هەشت: «ویقولون سبعة وثامنهم کلبهم » (الکهف "٢٢") وەک لە سوورەتەکە باس دەکا سێ سەد و نۆ ساڵ خەوتوون: «ولبثوا من کهفهم ثلث مائة سنین وازدادوا تسعا» (الکهف "٢٥") ئەگەر ساڵی خەوتنەکەیان بە سێ سەد و نۆ ساڵ باس دەکات، بەڵام نازانین ئەو یارانەی ئەشکەوت لەکاتی خەوتنەکەیان هەر یەکە و تەمەنیان چەند بووە؟ هێندە هەیە کە باسی ئەوە دەکات ئەوەندە ساڵە بەزیندوویی و خەوتوویی و چاوکراوەیی ژیاون ئەمەش تەمەنێکە زۆر لەتەمەنی ئاسایی مرۆڤ بەسەرەوەیە، بۆیێ دەتوانین ئەم خەوتووە زیندووانەش بەتەمەندرێژ ناوببەین، کە جۆرە تەمەندرێژییەکی تایبەتە، جیایە لەگەڵ هەموو تەمەندرێژەکانی تر.

جگە لە مرۆڤ بۆ تەمەندرێژی لەنێو دەقە ئەفسانەییەکان باسی هەندێ گیانلەبەریش دەکرێ، کە ئەوانیش تەمەنێکی زۆر دەژین لەوانە: «(گوور) هەندێک دەڵێن دووسەد ساڵ و هەندێک دەڵێن هەشت سەد ساڵ دەژی» (٢٠٠) باڵندەیەکی ئەفسانەیی تر هەیە، ئەویش (قەقنەس)ەکە : «باڵندەیەکە یەکجار زۆر سەیرە، دەڵێن هەزار ساڵ تەمەنییەتی» (١٩٠) مارێکی گەورە هەبووە، بەناو (عوج) کە گوایە : (لەپاش لافاو ٥٠٠ ساڵ ژیاوە دواجار بەدەستی مووسا کوژراوە» (٢٠٠).

وەکو لەنێو ئەفسانەکاندا بەدەردەکەوێ، مرۆڤ زۆری هەوڵداوە و بە دوای هەموو ئەم لەش ساغی و تەمەندرێژی و زیندووبوونەوە و نەمرییەدا گەڕاوە، ئەگەر هەموو ئەمانەی بەدەست نەهێنابێ هەندێ جار یەکێکیانی دەست کەوتووە، جا هەر کامێکیان بێ، گرنگترینیان، نەمرییەکەیە کە ئەویشی زۆرجار دەستی کەوتووە، بەڵام بەقەد ئەوەی لە بەدەست هێنانیدا ئازا و یەک را بووە، لەپاراستن و مانەوەیدا هێندە لێوەشاوە نەبووە. (میرمح) دایک و باوک و هەموو خەڵکی شارەکەی لێی دەپاڕێنەوە و لەبەری دەخوێنن کە واز لەم بیرە بێنێ کەچی، بەقسەی هیچیان ناکات، کەچی کە (سێو)ی تەمەن و نەمریی لا دەبێ، لەگەڕانەوەیدا، تەنیا یەک پیرەمێرد بە دوو قسەی سۆزدار هەر سێ سێوی لێ دەستێنێ، کەچی سەیر لەوەدایە؛ لەگەڵ ئەوەی کە یەکەم سێوی دەداتێ، چۆکی شل دەبێ و سەروڕیشی سپی دەبێ، کەچی هێشتا پەند وەرناگرێ و دوو سێوەکەی تریشی دەداتێ و بەمەش لەش ساغی و گەنجی و نەمرییەکە هەرسێکیان پێکەوە دەدۆڕێنێ.

**٢-٥-١-٦- زیندوو بوونەوە :**

مردن بەم هەموو ناشیرینی و سامەوە کە هەیەتی، وای لە مرۆڤ کردووە، بە زۆر رێگا هەوڵبدات خۆ لە دەست مردن رزگار بکا، جگە لەوەی کە هەوڵی داوە (نەمر) بێ و لەگەڵ حاڵەتی مردن رووبەڕوو نەبێتەوە، ئەوا کە مردنیش هاتووە و خۆشەویستەکانی گرتووتەوە، بێکارە نەبووە و پاش مردنیش هەوڵی

داوە مردووەکە زیندوو بکاتەوە، لەم هەوڵدانەش پەنای بۆ زۆر شت بردووە، هەر لە جادوو و ئەفسوون و هونەر و ئایینەوە بیگرە، تا دەگاتە زانستی سەردەم. جگە لەو هەوڵدانانەی لەجێوە کردوویەتی، بۆ ئەوەی هونەری زیندووکردنەوە بەدەست بێنێ، هەندێ جار بەدوای ئەو شت و شوێنانەشدا گەڕاوە کە هۆی زیندوو بوونەوەن، وەک (ئاوی نەمریی)و (سێوی نەمریی) و (ئاوازی نەمریی) و (گیای نەمریی) و (وڵاتی نەمریی). دیارە ئەمانەش هەر چەندە سفەتی (نەمریی!!) یان بەدواوەیە، بەڵام توانایی ئەوەیشیان هەیە، کە مردوو زیندوو بکەنەوە، لەچیرۆکی (بولبولی خۆشاواز)(*-٢٦) پاش ئەوەی کچە بە (شووڕ) سەدان لاوی عاشق بەئەسپەوە دەکاتە بەرد، دواجار پاڵەوانی لە هەموو پاڵەوانان ئازاتر و عاشقتر ئەو تەلسمە دەشکێنێ و بە (ئاوی حەیاتێ) کە تەواو بەپێچەوانەی شووڕی مردنێیە، هەموو سوارەکان زیندوو دەکاتەوە، پاش ئەوەی عاشقی سەرکەوتوو، ئاوەکە بەدەست دێنێ و هەر سوارە بەبەردبووەی کەمێکی لەو ئاوە پێدادەکات و زیندوویان دەکاتەوە، ئەوانی تریش هەر بەم شێوەن، جا یان مردووی مردوو یا مردووی بەئەفسوون و جادوو زیندوو دەکەنەوە، وڵاتی نەمرییش وەک ناوچەیەکی پارێزراو لە مردن وایە، هەرکەسێ بگاتە ئەو وڵاتە، حەوت ساڵ بێ مردووبێ، دەست بەجێ زیندوو دەبێتەوە، لە چیرۆکێکی تری کوردەواری، مرۆڤ ئەم هونەری زیندووکردنەوە لە باڵندە فێر دەبێ، کە دەبینێ، باڵندەیەک گیایەک دێنێ و لە ملی باڵندەیەکی کوژراوی هەڵدەسوێ، باڵندە مردووەکە دەسبەجێ زیندوو دەبێتەوە، کابراش هەمان گیا لە ملی کوژراوەکە هەڵدەسوێ و ئەویش واتە مرۆڤە کوژراوەکەش زیندوو دەبێتەوە.


لێرە بەپێچەوانەی (هابیل و قابیل) کە قەلەڕەشکە هاوڕەگەزە کوژراوەکەی خۆ دەشارێتەوە، واتە زیندووێک دەکوژرێ و دەشارێتەو، بەڵام ئەم باڵندەیە کابرا فێر دەکات مردوو زیندوو بکاتەوە.

ئەم مردوو زیندووکردنەوەیە، لە ئەفسانەی خۆمانی و بیانی نموونەی زۆری هەیە، وا چاکە، لە کۆتاییەکەی باسی ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی بکەم، کە کۆنییەکەی زۆر پێش ئیسلامە، بەڵام وەک هەموو ئەو ئەفسانانەی کە بیری ئیسلامەتی کاری لێ کردوون، ئەویش کەسایەتیی ئیسلامی تێ کەوتووە و خودی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، هاتووەتە نێو ئەم ئەفسانەیە، چیرۆکەکە زۆر درێژە، بەڵام (*-٢٧) بەکورتی باسی دەکەین، لە وڵاتی فەرەنگستان، کچ و کوڕێکی عاشق کە ئامۆزای یەکترن، پاش ئەوەی باوکی کوڕە دەمرێ، مامی، باوکی کچە دەست بەسەر پاشایەتیی شار و وڵاتدا دەگرێ و کچەش ناداتە کوڕە کوڕەش ئیسلام دەبێ و پاش کێشەیەکی پڕ پاڵەوانیەتی و کاری عاشقانە، کچە و کوڕە دێ پێکبگەن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە یەک کوڕە دەکوژرێ و کچەش لە حەژمەتان خۆی دەکوژێ. پاش دەیان ساڵ وەک چیرۆکەکە باس دەکا، خۆشەویست ئەم بەسەرهاتە دەبیسێ و لە(ئیمامی هەمزە) دەخوازێ، گۆڕی ئەم دوو عاشقە نامرادەی پیشان بدا، کە دەچنە سەر گۆڕەکان، خۆشەویست دوو رکات نوێژ دەکات و لە خودای خۆی دەپاڕێتەوە، هەر دوو گۆڕ شەق دەبن و کچە و کوڕە وەک خەویان لێ کەوتبێ، نێو چەوانیان تەنکە ئارەقەیەکی کردووە، چاو دەکەنەوە و دەپرسن، چییە قیامەتە؟ پاش ئەوەی تێیان دەگەیەن، کە ئەوە خۆشەویستە ئەوانی زیندووکردووتەوە، ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن ئێستا لەسەر دنیا بژین، بەڵام، دەپرسن، پاشان جارێکی تر دەمرینەوە؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ، جا هەر دووکیان، دەڵێن



لێمان گەڕێن، ئاوامان خۆشترە و نامانەوێ جارێکی تر ئازاری مردن بکێشین، جارێکی تر هەردوو عاشق هەر لەگۆڕەکانی خۆیان دەشارنەوە. ئەوەی لێرە مەبەستی ئێمەیە، بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکە کۆنە لەگەڵ سەردەمی ئیسلامەتی بگونجێ، ئەقڵی گشتی و لەسەر یاسای ئەفسانە پەنای بۆ کەسایەتییەکی وەکو پێغەمبەر بردووە، تا مردووی پێ زیندوو بکاتەوە، چونکە هیچ موسڵمانێکی عەوام، ئەم زیندووکردنەوەیە، لەتوانای خۆشەویست بەدوور نازانێ. شیاویش نییە، کارێکی ئاوا پڕ موعجیزە لەسەردەمی ئیسلامەتی و لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامدا بدرێتە پاڵ غەیرە دینێک، ئەمەش هۆیەکی گونجاندنی، ئەفسانەی کۆن و هی وڵاتانی جیایە لەگەڵ عەقڵی باو و سەردەمی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەفسانەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە.

زیندووکردنەوەی مردووان لەنێو ئەفسانە بەزۆر شێوە دەکرێ و زۆر جۆرە کەس دەیکات، هیچ کارێک نییە! لەنێو ئەفسانەدا تایبەت بێ، بەچینێک و ئایینێک. ئەوەی لە رێگای ئایین و پیاوی ئایینەوە دەکرێ، جادووکار و بتپەرستیش دەیکات، ئەوەی دێو و ئەجندە دەیکەن، پیاوی زانا و هونەرمەندیش دەتوانن بیکەن, هەر ئەم زیندووکردنەوەی مردوو. ئەوەی لە ئەفسانان باس دەکرێ، لە کەسایەتییە ئایینییەکان موعجیزەی پیاوە ئایینییەکان، وەک کارێکی ئاسایی دێتە بەرچاو ژیننامەی پێغەمبەران پڕە لەم جۆرە موعجیزە و کار و رووداوانە.




درەختی کاردانەوەی مردنی مرۆڤ!!



**٢-٦-١- گەڕان بە دوای نەمریی-دا:**

مردن رووداوێکی ڕۆژانەی هەر کۆمەڵگایەکی گەورە و بچووکی مرۆڤایەتییە، هەر مرۆڤێکیش لە ژیانیدا جارێک دەمرێ. بەهۆی نەخۆشکەوتنەکان و مردنی بەردەوامی نێو کۆمەڵ، (مرۆڤ)ی تاک ڕۆژانە بەردەوام حاڵەتی مردن دەبینێ و شت لە بارەی مردنەوە دەبیستێ. لە ڕۆژانی یەکەمی چاو و مێشک کرانەوەی مرۆڤ، مرۆڤایەتی لە ژیانێکی ساکاردا دەژیا و هێشتا لاشەی مردووەکان نەدەشرانەوە، لەو ڕۆژانەوە کە جەنازەکان لە دەوروبەری مرۆڤ دەکەوتن و تەیر و دڕندەکان دەمیان تێدەنان و بەهەفتە و مانگ ئێسک و پروسکی -مردووە-کان کە دوور نەبوو- جەنازەی باوک و دایک و خوشک و برا و کەسانی خۆشەویستی خۆی بووبێ، ڕۆژانە مرۆڤ ئەم دیمەنە ناشیرین و ترسناکەی (مردن و مردووەکان)ی دەدی و لە نێو خەیاڵیدا خۆی ئاوا دەهاتە بەر چاو، لێرەوە کاردانەوەکانی (مردن) سەریان هەڵدا، سەرەتا مرۆڤ بیری لە چارەسەرکردنی جەنازەکان کردەوە کە دوور نییە، یەکەم جار مرۆڤ بیری لەوە کردبێتەوە، جەنازەکان بە ئاودا بدا، ئاوی رووبار و دەریاچە و دەریاکانی دەوروبەری، پاشان سووتاندن و پاشتریش ناشتنی جۆراو جۆر، ئەوە هەر لەم کاتەش،سەرەتای ئایین و ئەفسانە سەریان هەڵدا، کە مرۆڤ هۆی مردنی(مرۆڤ)ی لە-جیابوونەوە-ی-گیان-و-لەش-زانی. ئەمەش بووە هۆی بەرنامەڕێژکردنی ئایین و باوەڕی بوونی-خوداوەند-کە هەر مرۆڤ، ئەو خوداوەندەی لەنێو سروشت بە گشتی و شوێنە تاریک و نەزانراو و نەناسراوەکاندا دەدی. ئەم بڕوا بوون بە گیان و خوداوەندە بەرە بەرە پەرەی بەئایینەکان دەدا و، مرۆڤ ئایین گۆڕی و خودواوەند گۆڕیی دەکرد، ئایینەکان و بیری بوونی گیان و خوداوەندیش بیری زیندووێتیی گیان و حەشر و حسابی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخی هێنایە پێشەوە، دیمەنەکانی مردن، لە نەخۆشی و کوشتن و گیاندان و پەل کوتان و دەم و پل و دەست و پێ خواربوون و چاو و دەم داچۆڕانی کاتی مردن و تێکچوون و بۆگەنکردنی لاشە و دیمەنی تەیر و دڕندە خواردنی مردووانی سەر زەوی و سەر ئاو و رزیبوونی لاشەی نێو ئاو دەم تێنانی ماسییان و سووتاندنی لاشە و لەگۆڕنان و بێ هێزی و بێ جووڵە و بێ دەسەڵاتی مردوو، پاش ئەوەی کە لە ژیان، تەواو پێچەوانەی ئەم حاڵەتە بووە، ئەم هەموو دیمەنە ناشیرین و پڕ مەترسییەی کە لەئەنجامی مردنی مرۆڤی زیندووی وەکو خۆی دەکەوتنە بەرچاو، جگە لە دیمەنی پڕ مەترسی و ناخۆشی نێو دۆزەخ، ئەمانە هەمووی ترسێکی گران و هەمیشەییان لەنێو مێشک و دڵی مرۆڤی تاکی نێو کۆمەڵدا پەیدا کرد، لەبەرامبەر ئەوەشدا ژیان زۆر شتی جوان و خۆشی هەبوو، کە مرۆڤ دەستی لێ بەرنابێ، جگە لەوەی کە هیواکانی داهاتووی مرۆڤ هەمیشە لە هیوا ڕابردوو، بەردەستەکان خۆشتر بوو، ئەمەش هۆیەکە، کە مرۆڤ ئامادەی مردن نەبێ، لەولاشەوە گرانی و زەحمەتی بەدەست هاتنی ئەو بەهەشتە خۆشەی کە(دەڵێن!)(*-٢٨) هەیە، تێکەڵ بوونی ئەم هەموو دیمەنە سارد و گەرم و جوان و ناشیرین و خۆش و ناخۆشە، مرۆڤی خستە نیگەرانییەکی بەردەوام و بیرکردنەوەیەکی هەمە لایەنە، لە(مردن)، پێشتر باسی زۆر لەم لایەنانەمان کرد (سەیری درەختی کاردانەوەی مردن بکە)، مرۆڤ هەوڵی بەردەوامی داوە، بۆ بەدەست هێنان و خۆپاراستنی تەواوی لایەنەکان، یەکێ لەو لایەنەی کەبیری لێ دەکردەوەو بەدوایدا دەگەڕا، بەدەست هێنانی(نەمریی) بوو.

نەمری بەمانای لێک جیانەبوونەوەی (لەش و گیان) و خۆپاراستن لە حاڵەتی مردن و دوای مردن، بۆ بەدەست هێنانی ئەو نەمرییەش مرۆڤ، وەک هەموو خواستەکانی خۆی، پەنای بۆ زۆر(هۆ) و زۆر(رێگا) بردووە. کە ئێستا ئەم هەوڵدانانە، لەنێو چیرۆکە ئەفسانەیی و پەندە فۆلکلۆرییەکاندا ماونەتەوە، لە هەندێ پەیکەر و نووسینی کۆنی پێش زاییندا، ئەم بیرو کار و هەوڵدانانە، بەزۆر شێوە بەرجەستەکراون. لەوانەی کە(زەمەن)یان دیاری کراوە، دەتوانین باسی کۆنترین و دیارترینیان بکەین. کۆنترینیان، بەسەرهاتی کابرای سەقەتی ئەشکەوتی(شانەدەر)ە، دیارترینیشیان (داستانی گلگامش)ە. کە یەکەمیان بۆ (٤٠ هەزار ساڵ پێش زایین) دەگەڕێتەوە، کەهەوڵێکی سەرەتایی داوە، بۆ رزگاربوون لە سەقەتی و دواجار لە مردن! وەک دەرکەوتووە، کە سەرنەکەوت خۆی کوشت، کەچی(گلگامش) سەرکەوت لەوەی کە هۆی نەمریی واتە (گیایی نەمریی) بەدەست بێنێ، کەچی، وەک ئەنجامەکەی زانراوە لە دەستی دا و دۆڕاندی! بەڵام، گلگامش خۆی نەکوشت، بەڵکە هەوڵی دا، بەجۆرێکی تر نەمریی بەدەست بێنێ، خۆی رێگای زیندوو هێشتنەوەی ناوی خۆی هەڵبژارد، بەڵام، هەوڵدانەکەی بۆ بەدەست هێنانی نەمریی، بوو بە بابەتێک کە شاعیر و داهێنەری سۆمەری(*-٢٩)، بەداهێنانێکی ئەفسانەیی، نەمرییەکی هەمیشەیی پێبەخشی، نەمرییەک کە بەهەموو دنیادا بڵاوبووەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش زیندووتر دەبێتەوە و هەتا(مرۆڤ) و مرۆڤایەتی بژی ئەویش هەر دەژی.

داستانی گلگامش، کۆنترین و تەواوترین و گرنگترین نموونەی پاڵەوان و چیرۆکی گەڕانە بەدوای نەمریی-دا، کە ئەمڕۆ وەک دەقێکی ئەدەبی ئەفسانەیی مێژوویی جیهانی لەبەر دەستە و دەتوانین وەک بەڵگەیەکی زیندوو لەم رووەوە سوودی لێ ببینین.

گلگامش وەک پاڵەوانێکی بێ هاوتا و پاشایەکی بەدەسەڵات و مرۆڤێکی دووبەش خوداوەند، (*-٣٠) لە ژیانێکدا دەژیا کە هەرچی بیویستبا دەیکرد و هەرچی حەزی کردبا بەدەستی دەهێنا و لەهیچ شت و هیچ کەسێک نەدەترسا، سەرەڕای ئەوەش لەشێکی ساغی هەبوو لە تەمەنێکی گەنجیدابوو. کۆبوونەوەی ئەم هەموو هێزە لە یەک کاتدا لەسەر گەرمێکی وەکو گلگامش، گلگامشی وا لەخۆبایی کردبوو، هەتا لە خواوەندەکانیش نەدەترسا!! ئەوەبوو خوداوەندەکان هاوتایەکی وەکو (ئەنکیدۆ)یان بۆ پەیداکرد، پاش ئەوەی ملیان لەبەر ملی یەک نا، بوونە هاوڕێی گیانی بەگیانی، کە ئەم هاوڕێ تازەیە هێندەی تر گلگامشی دڵخۆش و لەخۆبایی کرد، لەگەرمەی ئەم لەخۆبایی بوون و خۆشییەدا، ئەنکیدۆ نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ، مردنی ئەنکیدۆ زەنگێکی زۆر گرنگی پڕ مەترسی بۆ گلگامش لێدەدا، ئەویش زەنگی (مردن!!)ە. گلگامش کە ئەنکیدۆی پاڵەوانی خۆشەویستی بەمردوویی دەبینێ و لەخۆی دەپرسێ: «ئەگەر مردم منیش وەکو ئەنکیدۆم بەسەردێ؟» (*-٣١) (١٣٣، ص١٢٨) لێرەوە بۆ یەکەم جار گلگامش لە مردن دەترسێ و خەم دایدەگرێ.

پاش گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر(گلگامش) لە وەڵامی ژنەی (خودان خانە)و لە باسی دیمەنی مردنی ئەنکیدۆ دەڵێ: «حەوت ڕۆژ و حەوت شەوانم هێشتەوە، کرم لەسەر رووی کۆبوونەوە، مردن تۆقاندمی» ئەوجارە گلگامش لەو خانمە دەپرسێ: «ئەرێ دەکرێ و من دەتوانم مردن نەبێنم (نەمرم) ئەو مردنەی لێی



دەترسێم و زرێشکی رژاندم؟» ئەو خانمە لە وەڵامدا وەک هەموو ئەوانەی تر ئاوا ئامۆژگاریی گلگامش دەکات: «ئەو ژیانەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێی نایدۆزیتەوە، خوداوەندان کە ئێسکی مرۆڤیان ئەفراند، مردنیان کردە قەدەری مرۆڤ و ژیانیان (نەمرییان) بۆ خۆیان هەڵبژارد»

بەڵام، گلگامش ئەم قسانە هیچ کاری لێ ناکەن چونکە بەبڕوای ئەو قسەی(ئۆتۆ- ناپشتم) راستە کە دەڵێ: «مردن دڵ رەق و بێبەزەییە» ئەو(ئۆتۆ- ناپشتم)ەی کە وەکو گلگامش مرۆی مردنی بووە و ئێستا (نەمریی) بەدەست هێناوە، گلگامش لێی دەپرسێ: «پێم بڵێ چۆن چوویتە نێو کۆمەڵگای خوداوەندان و ژیان (نەمریی)ت بەدەست هێناوە؟» ئۆتۆ ناپشتم وەڵامی گلگامش دەداتەوە و دەڵێ: «نهێنیی ژیانت بۆ ئاشکرا دەکەم» واتە ئەو نهێنی و هۆیەی کە ئەو پێی گەیشتووتە (نەمریی)، نهێنییەکەش ئەوەیە، کەشتی دروست دەکا و خەڵک و زیندەوەران لە خنکان رزگار دەکات و لە پاداشتا(ئەنلیل)ی خوداوەند بەناوی هەموو خوداوەندان دەڵێ:

*«پێش ئێستا (ئۆتۆ- ناپشتم) و هەر تەنیا مرۆڤ بوو بەڵام لێرە بەدواوە (ئۆتۆ -ناپشتم) و ژنەکەی وەکو ئێمە دەبنە خوداوەند»*

*ئۆتۆ- ناپشتم ئاوا چیرۆکەکە بۆ گلگامش دەگێڕێتەوە و پاشان لێی دەپرسێ:*

*دوایی دووریان بردم لەکن دەمی رووباران دایانمەزراندم ئێستاکێ بۆ تۆ خوداوەندان کۆ دەکاتەوە، تا کۆڕ بگرن، گلگامش! بۆ ئەوەی ئەو ژیانەت دەسکەوێ، کە بەدوایدا دەگەڕێ؟»* (١٣٣، ص١٦٢)

دواجار ئۆتۆ- ناپشتم، روو لە گلگامش دەکا و دەڵێ! «وەرە تاقیت بکەمەوە!» لە تاقیکردنەوەکە سەرناکەوێ. خەو دەیباتەوە و حەوت ڕۆژ خەوی لێدەکەوێ و بەئاگا نایێ، روو لە ئۆتۆ- ناپشتم دەکا و دەڵێ: نازانم چبکەم؟

*«ئەوەتا مردن لەنێو جێگاکەمدایە. پێ لەهەر کوێ دادەنێم. مردن لەوێ وەرکەوتووە؟!»*

*ئەم جارە پاش بێنە و بەردەیەکی زۆر، (ئۆتۆ- ناپشتم) دەڵێ: گلگامش وەرە نهێنییەکی خوداوەندانت پێ بڵێم!*

*«رووەکێکی دڕک ئاسا هەیە و لەنێو ئاودا دەڕوێ*

*دڕکێک وەکو گوڵ دەستت بریندار دەکا*

*ئەگەر ئەو رووەکەت بەدەست کەوت ژیانی (نوێت) دۆزییەوە»*

هەر زوو گلگامش بەردی گران لەپێی خۆی دێخێ و شۆڕ دەبێتەوە بن ئاوێ و رووەک (گیایی نەمریی) دێنێ و دەگەڕێتەوە و زۆر بەو رووەکە سەیرەدا هەر دەڵێ، ئەو رووەکە (پیر)ان (گەنج) دەکاتەوە و دەیبەمەوە شاری (ئۆروک) و با هەموو خەڵک لەگەڵم هاوبەش بن و من لەڕۆژانی پیریدا دەیخۆم تا گەنج ببمەوە. بەدڵی پڕ لەو خۆشییە دەگەڕێتەوە و زۆر دەڕوا لەسەر ساردا و (بیر)ێک رادەوەستێ و دەیەوێ مەلە بکات،

*«مار بۆنی گیایەکە دەکا و*

*دەخشێ و رووەکەکە دەدزێ*

*کراس فڕێ دەدا»* (*-٣٢)

گلگامش ئەمە دەبینێ دەس بەگریان دەکا و فرمێسکان دادەبارێنێ روو لە(ئور- شەنابی) بەلەمەوان دەکا و دەڵێ:

*«هۆ (ئور- شەنابی) ئەو دەستانەم بۆ کێ ماندوو بوون؟*

*لەپێناوی کێ خوێنی دڵم داچۆڕا؟*

*بۆ خۆم هیچم بەدەس نەهێنا؟!*

*بەڵێ، ئەوەی بەدەستم هێنا (مار = شێری گڵێ) بردی»* (١٣٣، ص١٦٧)

پاش ئەوەی مار- بەپێی ئەفسانەکە: نەمریی-یەکەی بەدەست هێنا گلگامش هەناسە سارد. گەڕایەوە شاری (ئۆروک) و بەم واقعە رازی بوو، کە ئەویش وەکو هەموو خەڵکەکە ڕۆژی د« دەمرێ، دەمرێ و دەچێتە ئەو دنیا، «جیهان لەبەرچاوی سۆمەرییەکان پاش مردن زۆر تەنگ و تاریک بوو، چونکە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە مرۆڤ پاش مردن جگە لە ئێش و ئازار برسییەتی و تێنوێتی هیچی تر نابینێ، لەبەر ئەوەش بوو سۆمەرییەکان بەردەوام بۆ سەلامەتیی کەسوکاریان دەپاڕانەوە و قوربانییان دەکرد» (٧١، ص٤١) هەر ئەو باوەڕەش لە هەوەڵەوە زەمینەیەکی باشی خۆشکرد بۆ گلگامش کەپاش مردنی ئەنکیدۆ بیر لە نەمریی و خۆ دەربازکردن لە مردن بکاتەوە، بەڵام پاش بەدەست هێنانی هۆی نەمریی (گیایی نەمری ) و دۆڕاندنی گەڕایەوە ئەو شوێنەی کەلێیەوە هاتبوو.

ئەگەر داستانی گلگامش هەموو لایەنەکانی نەمریی و گەڕان بەدوای نەمرییدا باس دەکات، ئەوا لە ئەفسانەی هەموو گەلان- بەهی کورد-یشەوە باسی زۆر هۆی نەمریی تر دەکرێ، واتە ئەو شتانەی دەبنە هۆی بەدەست هێنانی نەمریی و ژیانی هەمیشەیی، ئێستا هەندێک لەو هۆیانە باس دەکەین.

**ئاوی ژیان:**

لەنێو ئەو چیرۆک و لە چیرۆکی زۆر لەو کەسانەی کە باسی نەمریی و گەڕان بەدوای نەمرییدا دەکەن، باسی (ئاوی ژیان- ئاوی حەیاتێ)ش دەکرێ، ئەو ئاوەش: «شلەیەکی ئەفسوناوییە و مردوو زیندوو دەکاتەوە و چارەسەری نەخۆش دەکات و پیاو نەمر دەکات» (٢٠٠) چەند ئەو ئاوە نایاب و ئەفسووناوییە، هێندەش ڕێگای بەدەس هێنان و شوێنی پەیدابوونی سەیر و ئەفسانەییە.

ئەگەر گلگامش بەدوای (گیایی نەمریی)دا گەڕا، بەڵام هەر لە سەردەمی ئەو و سۆمەرییەکانیشدا (ئاوی ژیان) ناسراو بووە، لە چیرۆکەکاندا باس دەکرا. لە مردنی ساڵانەی (تەمووز) کە دەمرد و دەچۆوە- جیهانی ژێرەوە- خۆشەویستەکەی (عەشتار) بەدوایدا دەچوو، پاش ئەوان جیهان سۆزی نەدەما و دەکەوتە بەردەمی لەنێو چوون: «خوداوەندی مەزن (ئایا ) یەکێکی دەنارد بۆ رزگارکردنی، خواوەندی دۆزەخ (ئالاتۆ) لەسەر پۆڵوانە تا (عەشتار) بە (ئاوی ژیان) خۆی دەشوا و لەگەڵ خۆشەویستەکەی (تەموز) دەگەڕێنەوە سەر زەوی» (١٢٦، ص٤٢) سەیرکە (ئاوی ژیان) کە تەموز دەژیێنێتەوە و لەگەڵ عەشتار دەگەڕێتەوە سەر دنیا، ئەو ئاوە لە جیهانی ژێرەوەیە.



ئەم ئاوە -واتە- ئاوی ژیان- لە (ئاوێستا )و ئایینی (زەردەشت)یش باس دەکرێ، بەڵام هێندە هەیە، ئەو ئاوە -شلە-یە وەکو خۆشاو دروست دەکرێ و دەگیرێتەوە، وەک (ئاوی ژیان) ئامادە و سروشتی نییە.

ئانوش: «لە ئاوێستا (ئان ئاوەش) واتە (بێ مەرگ) لە پەهلەوی بەمانای هێزی تریاک و ئەکسیر هاتووە، لە (بندهش) ئەم وشەیە ناوی خواردنەوەیەکە لە دروستکردنی جیهان (لە ڕۆژگاری سوشیانت)(*-٣٣) لەتێکەڵ کردنی بەزی گا و (هەدەیوش) و (گەوکرنە) یا (هومی سپی) دروستی دەکەن و دەیدەنە خەڵک، خەڵکەکە بەخواردنەوەی جاویدان و نەمر دەبن» (٥٤، جلد دوم، ص٩٢٨) وەک دەبینین، ئەو ئاوی ژیان- شلە- یان- خۆشاوی- نەمرییە دەگیرێتەوە، وەک ئەوە وایە، پێمان بلێ: ئەو ئاوی حەیاتە، بەرهەمێکی زانستییە، مرۆڤ دەتوانێ بەزانست بەدەستی بێنێ.

هەر لە باوەڕی زەردەشتیدا باسی جۆرێکی تری ئەو(شلە)یە دەکرێ، کە ناوی (مەرگ دوور خەرەوە)یە: «خۆشاوێکی سەرخۆشکەرە لە بۆنە ئایینییەکانی (دیو یە سەنا ) بەکاری دەهێنن» (٤٤، ص٤١) ئەوەتە دیسان ئایین ئەو شتانە دەکاتە شتێکی ئایینی و بەردەست کە ئەفسانە بەدوایاندا دەگەڕێ، ئەوەی لە ئایینی سۆمەرییەکان لە هەندێ حاڵەتدا لە - جیهانی ژێرەوە- بەدەست دەکەوێ ئەوەتا لە باوەڕی ئایینی زەردەشتی لە بۆنە ئایینییەکان و - لەسەر دنیا- دروستی دەکەن و دەیخۆنەوە.

مەسیح (د.خ) ئەویش زۆرجار باسی ئاوی ژیان و نانی ژیانی کردووە. لە یەکێ لە راسپاردەکانی روو لە ژنە (سامری)یەکە دەکات و دەڵێ: «هەرکەسێک لەو ئاوە بخواتەوە، ئەویش تینوو دەبێ، بەڵام، ئەو کەسەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من داومەتێ هەتا هەتایێ تینوو نابێ، بەڵکە ئەو ئاوەی من داومەتێ، هەر کەسێ باوەڕ بەمن بێنێ، دەبێتە کانییەک و (وەک کیتابەکە دەڵێ): لە سکیدا دەبێتە رووباری ئاوی زیندوو» (١٢٦، ص٤٨) ئەگەرچی لێرە مەسیح زیاتر وەک باوەڕی ئایینی و باری مەعنەوی باسی ئاوەکە- واتە ئاوی ژیان دەکات، بەڵام، هەرچۆنێ بێ ناوی (ئاوی ژیان) دێنێ و وەک هۆیەکی نەمریی و ژیانێکی هەمیشەیی باسی دەکات. هەر لە (ئینجیل)دا هاتووە: «هەروەها یۆحەناش لەکانی نون لە نزیک سالیم، چونکە لەوێ ئاو زۆر بوو دەهاتن و پیرۆزیان دەکرد» لێرە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پەیوەندیی ئاو و پیرۆزکردن بەماسییەوە. کە ماسی دەبێتە هێمای ئەو ئیماندارانەی کە بەپیرۆزکردنی (ئاو) ژیانی هەمیشەیی بەدەست دێنن» (١٢٦، ص٦١) ئەگەر لەم نموونانەی سەرەوە (مەسیح) باسی (ئاوی ژیان) دەکات، ئەوەتا وا لە یەکێ لە راسپاردەکانی باسی (نانی ژیان) دەکات و دەفەرمووێ «ئەوە منم نانی ژیان» (١٢٦) ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی (نەمریی) زۆرن و بەزۆر شێوە باس کراون، هەمووشیان یەک ئەرکیان هەیە، ئەویش نەمرکردنی مرۆڤە، جا شێوەکەیان هەر چۆن بێ و پێکهاتەیان هەرچییەک بێ و بەهەر ڕێگایەک بەدەست بێن.

لە باسی (نانی ژیان و ئاوی ژیان) سۆمەرییەکانیش ئەو باوەڕەیان هەبووە، کە ئەم نان و ئاوە هەن،(ئادابا ) کە دەچێتە جیهانی ژێرەوە، پێش چوونی باوکی ئامۆژگاری دەکا و دەڵێ: خوداوەندان خواردن و خواردنەوەی مردنێت دەدەنێ، نەکەی وەریبگری. بەڵام کە دەچێتە ئەوێ: «ئانۆ نان و ئاوی

ژیانی پێشکەش دەکا، کەچی ئادابا لەسەر قسەی باوکی وەریان ناگرێ و نایانخوات و گەڕاوە سەر زەوی و نەمـریی دۆڕاند» (١٤٢، ص٦٧) ئەم هۆیانەی نەمـریی، چەند کـەم و نایاب و گـرنگن، کـەچی لە ئەفسـانەکـاندا زۆرجار زۆر بەئاسـانی بەدەست دەکـەون، بەقـەد ئاسـان بەدەست کـەوتنەکـەش بەئاسـانی لەدەست دەچنەوە، ئەوەتا (ئادابا) بەیەک (نا) خۆی لە پیت و بەرەکەتی نان و ئاوی ژیان بێبەری کرد.

بەپێچەوانەی (ئادابا) سیمرخ، نەمریی بەدەست دێنێ، کاتێ (حەوا هەمـوو دڕندە و باڵندەکانی هێنا رایێ کە بەرهەمی دارێک بخۆن، هەموویان خواردیان سیمرخ نەبێ، خۆی پاراست و لەو ڕۆژەوە نەمریی بەدەست هێنا» ( ١٤٢، ص٦٦)

بەڵام، هۆی نەمـریی بەدەست هێنانەکـەی، نەخـواردنی بەرهەم-ی دارێکە، کـە کـاریگەرییـەکـەی بەپێچەوانەی ئاوی ژیانییە، واتە هۆی مردنە، یان هۆی لەدەست دانی نەمرییە. هەر لەوانەی کە دەبنە هۆی لەدەسـتدانی نەمریی، باسی (جێگا- شوێن)یش دەکرێ؟ «هەرقـەل چووە (دوورگەی مـردن) چۆن گلگامش لە (دەریای مردن) پەڕییەوە» (١٣٣، ص٤٨) ئەوەی لێرە، خۆی لە هۆکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کـە، هۆیەکـە (خـواردن و خـواردنەوە) نییـە، نەبۆ مـردن و نەبۆ نەمـریی، بەڵکە شـوێنە، ئەویش (دوورگەی مردن) و (دەریای مردن) کە یەکەمیان هەرقەل بڕیویەتی و دووەمیان گلگامش.

هەر لەبارەی شـوێنی مـردنەوە لە(مـهریشت) باسی کـێـوێک دەکات، کـە مـردنی تێـدا نییـە: «مـیـهـر کـۆشکێکە لەسـەر لوتکەی کـێـوی هەرا- Hara- لە ئەلبـورزا هەیە، جـێگایەکـە لەوێ نەشـەو هەیە، نەتاریکی، نەسـەرما هەیە و نەگـەرمـا، نە نەخـۆشی هەیە نـەمردن» (٩٨، ص٢٢٤) هەر لە فـەرهەنگی کۆنی ئێران و زمانی ئاوێستادا باسی کێوێک دەکرێ بەم سفەتەوە، واتە بێ مەرگی لوتکەی کێوەکە، کە ناوی (هەرایتی، هەرە بەرزایتی= ((34-*) Haraiti , haraberzaiti یە، لە (زامیادیشت) بەم شێوەیە باسی ئەو کـێـوە دەکـات: «یەکـەمین کـێـوە لە زەوی بەرزبووتەوە، هەمـوو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژ هەڵاتی دەورەداوە، لە (شن یشت) دەبینین کە ئەستێرە و مانگ و خۆر بەدەوری لوتکەی ئەو کە ناوی (تاریرا)یە خەریکی سووڕانەوەن، لە مـهریشت-دا هاتووە کە بارەگای مـیـهر (جێگایەکە نەشەوی هەیە، نەتاریکی، نەبای گـەرم دەبزوێ نەبـای سـارد، نەنەخـۆشی هەیە، نەمـردن، (یان هەر کـارێکی ترو خـراپی ئەهریمەن) لەسەر ئەو کێوە میهرخودای تیشک و رۆشنی، یەکەمین خوداوەندە کەپێش هەڵاتنی خۆر لەسەر ئەو کێوە و بەسـەر تەواوی وڵاتی ئاریایی-دا هەڵدێ» (١٩٥ص١١) ئەوەی لێـرە مـەبەسـتـە نەبوونی (مـردنە)، لەسەر لوتکەی بەرزی ئەو کێوە، واتە کێوەکە وەک جێگا، جێگایەکە بێ مردنە و ژیان لەوێ بەردەوامە.
ئەگەر لە زۆر ئەفسانان (گا) نیشانەی هێزە، زۆرجاریش هەر ئەو گایە پەیوەستە بەژیان و نەمریی: «زۆر جار کوشتنی گا بەمانای ئەفراندن لێک دراوەتەوە، هێزی خێر (لەشێوەی سەگ بەرجەستە کراوە) و هێزی شەڕ (لەسەر شێوەی دووپشکەمار)و لە سەروچاوەی کانی ژیان، واتە خوێن و توخمی ژیان بەخشی گا، لەشـەڕدان» (٥٢، ص١٣) ئەم دوو هێـزە، واتـە (خێـر و شـەڕ بەردەوام لەشـەڕدان، بەڵام، ئەمـجـارەیان لەسـەر بەدەست هێنانی (کـانی ژیان)ە هێندە هەیە لەباوەڕی زەردەشـتی و ئێـرانی کـۆن، هەمـیـشـە دواجار(خێر) سەردەکەوێ.



ئەم هێزی شەڕە بەزۆر شێوە باس کراوە: «وەکو دەزانین تیشتەر تا قوربانی پێشکەش نەکرێ ناتوانێ دێوی وشکەساڵی ببەزێنێ و ئاوی ژیان بەخش بەدەست بێنێ» (٥٢، ص١٧٩) لێرە هێزی شەڕەکە وەک دێوێک باسکراوە کە لەراستیدا وشکەساڵی و بێ بارانییە، هێزە خێرەکەش (ئاوی ژیانبەخش)ە کە مەبەست (باران)ە کە زەوی دەژێیننتەوە. ئەم ئاو- هێز-ی ژیانبەخشە وەکو پێشتریش باسکرا زۆر جار ناو و شێوەی دەگۆڕێ، لە (ئۆدیسا)ی یۆنانی، ئەم رۆڵی ژیان بەخشینە بەر دەسمـاڵ دەکـەوێ: «نیـتـۆن رەشەبایەکی هەنارده سەر و کەشتییەکەی تێکشکاند و ئۆلیۆس کەوتە بەردەم مردنێ بەڵام، لیۆکۆنیا پەری دەریا دەسپێشخەری کرد و دەسماڵی ژیان پارێزی خۆی بۆ هەڵدا سەر شەپۆلان تابیگەیێنێتە لێواری ئاسوودەیی» (٢٠٠) ئەم دەسماڵە ژیان دەپارێزێ و ناهێڵێ مەرگ سەرکەوێ، بەڵام ئەم دەسماڵە هی کێیە، لە پەری دەریا باشتر کێ هەیە خاوەنی ئەم دەسماڵە بێ، دەسمـاڵێک کە شەپۆڵەکانی مەرگ= دەریا هێورکاتەوە، لێرەیە دەسماڵ ژیان دەپارێزێ.

خـەیاڵی فـراوانی مـرۆڤ هێندەی بیـر لە مـردن و نەمـردن کـردووتەوە، ئەم بیـرکـردنەوەیەش هەمـوو ڕۆژگارێک و هەمو هەوارێکی گرتووتەوە، هەر ئەمەشە هۆی زۆری و جیاوازی هۆیەکانی نەمرییە، کە هەر خەیاڵی هونەرمەندانەی مرۆڤە، لە هەر جێگایەک و لە هەر ڕۆژگارێک ئەم (هێزی نەمریی)یەی بەشتێک بەخشیوە، ئەگەر لەسەرەتا باسی (گیایی نەمریی)مان کرد کە چۆن گلگامش بەدەستی هێناوە و مار چۆن لێی دزیوە؟ کەچی لە هەندێ ئەفسانەی گەلانی تر و وڵاتانی تر، بەپێچەوانە کە ئەم گیایی نەمرییە، لەژێر دەستی ماردایە «بەپێی ئەفسانەیەکی کریتی کە ئەپۆلۆ دۆرۆس و هیجینۆس بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئەفسانەیەکی لیدی کە بیلینۆس وەری گرتووە، گیایی نەمریی لەدەست ماراندایە» (١٤٢، ص٦٨) ئەگەر هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی ژیانی هەمیشەیی و نەمریی، بێ ئەنجام بوون، ئەوا هەر لە ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە و هەوڵدانە، خەیاڵی داهێنەرانە هێندەی ئەفسانەی شاکارانە هێناوەتە بەرهەم، کە ئەمڕۆ هیچ گەل و نەتەوەیەکی سەر زەوی نادۆزییەوە، کە ئەدەبەکەی واتە ئەدەبە فۆلکلۆرییەکەی چەندین دەقی نەمریی تێدانەبێ، لەو دەقانەی لە دەوروبەری هۆیەکانی نەمریی و گەڕان بەدوای نەمرییدا دەسووڕێنەوە، کە ئەو دەقانە چ بۆ پاڵەوانەکان، چ بۆ نەمریی خۆی چ بۆ ئەو نەتەوەیە و چ بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، دەقی نەمر و زیندوون، کە لێرە دەتوانین بڵێین، بەدەست هێنانی نەمرییەکە، لەنێو ئەدەبدایە، ئەوەش هەر ئەنجامی هەوڵدان و بیرکردنەوەی بەدەست هێنانی ئەو نەمرییەیە کە مرۆڤ بۆ جەستە و گیان و ناو پێکەوە دەیدا.

**٢-٦-٢- هەندێ لە (نەمر)ان:**

ئەگەرچی وەکو پێشتر باسمان کرد، چ لە باوەڕی نێو ئەفسانەی(خواوەند)انی کۆندا، چ بەپێی ئایینە ئاسمانییەکان، مرۆڤ داری مردنێیە و هەرچۆن بژی و هەرچەند بژی و دواجار دەبێ بگاتە ئەو چرکەیەی کە پێی دەڵێین: (مردن!!)، چونکە وەکو لە ئەفسانەکاندا باس دەکەن خواوەندەکان، ژیانی هەمیشەییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و (مردن)یش بۆ مرۆڤ، لە ئایینە ئاسمانییەکانیش هەروەها باس لەوە دەکەن، کەمرۆڤ ڕۆژانی ژیانی دیاری کراوە و هەرچی بکات لە مردن رزگاری نابێ. کە بووە، دەبێ بشمرێ،

بەڵام، (خودا)ی نێو ئایینە ئاسمانییەکان(خودا)یەکی تاک و تەنیاو هەمیشەییە، نەلەکەس بووەو نەکەسی لێدەبێ، نەبووە تابمرێ، هەر هەبووەو هەر هەیەو هەردەبێ. ئەمەش یاسای ژیان و هەمیشەیی خوداو رەوتەنی مرۆڤی کردووە بەباوەڕێکی گشتی و مرۆڤ توانای شکاندنی ئەم بازنەیەی نییە! واقعی ژیانیش تەواو پشتگیریی ئەم بیرو یاسایە دەکات. لەگەڵ ئەم هەموو یاساو باوەڕە پیرۆز کراوانەش، کەژیان بۆ مرۆڤ ماوەیەکی دیاریکراوە! هێشتا مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی(نەمریی) بێکار دانەنیشتووەو هەوڵی زۆری داوە، ئەگەرچی ئەمرۆ لە(ژیان) و لە(واقع) کەسێک بە(جەستە)و(گیان) نادۆزینەوە، کە(نەمریی) بەدەست هێنابێ، بەڵام، چیرۆکە مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینییەکان، هەر لەکۆنەوە باسی هەندێ(مرۆڤ)ی نەمرمان بۆ دەکەن، کە ئەوەتە، یان هەر لەهەوەڵەوە(نەمر) بوون، یان دواجار بەدەستیان هێناوە، جا بەدەست هێنانەکە هەرچۆنێک بێ.

لەشیکردنەوەی چیرۆکی ژیانی(ئادەم)(*-٣٥) بەپێی (تەورات)و(ئینجیل)، (جیمس فرێزەر) دەنووسێ: «چیرۆکەکە باسی ئەوە ناکات کە (ئادەم ) بۆ ئەوە دروست کرابوو بمرێ»، واچاکە لەرەوتی چیرۆکەکە ئێمە ئەوە تێبگەین، مەسەلەی «مردن»و(نەمریی) شتێک بوو، لەدەست خۆیدا بوو. پێویست بوو یەکێکیان هەڵبژێرێ. چونکە درەختی ژیانی لەبەر دەست بوو، بەرهەمەکەی لەو حەرام نەکرابوو، هەر ئەوەندەی دەویست کە دەستی درێژ بکاو بەرهەمی بچنێ و بیخوا بەمەش نەمریی هەتا هەتایی بۆ خۆی بەدەست دەهێنا» (١٢٢، ص١٠٨) لێرە (جیمس فرێزەر) بەجۆرێکیتر رووداوەکان دەخوێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە یەکەم: ئادەم مردنی بەسەردا نەبڕابووەو بڕیارێکی نەگۆڕ نەبوو، کەنەتوانێ- لای کەم بۆ ئەو - لێی دەرباز بێ؛ دووەم: ئەو ئازادیی هەڵبژاردنی هەبوو، لەنێوان، ژیانی هەمیشەیی و ژیانی کاتیدا، سێیەم: ئەوە خۆی بەر پرسیارە لەوەی کەنەمریی هەڵنەبژارد، لەکاتێکدا(هۆی) نەمرییەکەی لەبەر دەست بوو. ئەمەش زەنگی ئەوەمان بۆ لێدەدات کە، ئادەم خۆی بەر پرسیارە لەو چارەنووسەی کە بۆ خۆی هەڵبژارد. واتە لەسێ خاڵدا دووانی لەبەرژەوەندیی ئەودا بوو، کە دەیتوانی سوودیان لێببینێ، لەوەی کە ئەو نەکەوتبووە حاڵەتێک هیچ چارەو رێگایەکی تری لەپێش نەبێ، هەر ئەویش لەنێوان مردن و نەمردندا، مردنی هەڵبژارد، کەخاڵی سێیەمە، لەهەڵبژاردنەکەش هیچ هێزێکی دەرەکی کاری لێنەکردووە، ئەوەی هەبوو بڕیاری ناوەوەی خۆی بوو.

واتە ئادەم - دووجار- مرۆڤێکی (نەمر) بوو، بەرامبەر یەکجار(مردن!)، کەدواجار ئەو دوو خاڵەی واز لێهێنا کەلەبەرژەوەندی ئەو بوون. خاڵی سێیەمی بەکارهێنا کەدژی خۆی کەوتەوە.

لەباسی نەمریی خوداوەندانی ئەفسانەی یۆنانی، وا باسی ئەو خوداوەندانە دەکرێ، کە(نەمر)ن، کەچی وەک مرۆڤ بەرجەستە دەکرێن، لەوسیفەتانەی کە ئەوانی کردووە بە خوداوەند ئاوا شی دەکرێنەوە: «بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە خوێنێک بەناوی(ئیکۆر) لەدەماری ئەواندا دەسووڕێتەوە، خوێنێکە ئاڵوودە نابێ، هەر لەسایەی ئەو خوێنە ئەفسوناوییەیە کە خوداوەندان هیچ کاتێ نابنە پیرو پەککەوتە (...) بەڵام، هەر برینێک کەبەر جەستەی ئەوان بکەوێ هەمیشە چاک دەبێتەوە، هیچ کاتێ توانای کوشتنی ئەوان نییە، هەر بەو هۆیە ئەوان بەگەنجی و جوانی و نەمریی دەمێننەوە.» ( ٦٩، ص ١٤) ئەوەی لەم



وەسف کردنە دێتە دەست ئەوەیە کە ئەو خوداوەندانە خوێنێکی تایبەت لەدەماریاندا دەگەڕێ. کە ئەم خوێنە هۆی نەمریی ئەوانە. هەر بەوەی کەوا باسی جەستەی(خوداوەند)ان دەکەن، وەک ئەوەی مرۆڤ بووبن و پاشان نەمرییان بەدەست هێنابێ و گەیشتبنە پلەی خوداوەندی، هەتا باسی ئەوەش دەکات کە بریندار دەبن، برینەکەیان بەردەوام چاک دەبێتەوە، ئەم بریندار بوونەش هەر حاڵەتێکە هی(مرۆڤ) نەک هی خوداوەندان، ئەمەش هەر ئەو گۆتە کۆنەی یۆنانییەکانمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەڵێن: «خوداوەندەکان، لەسەرەتادا مرۆڤ (پاشا، کاهین )بوون، دوایی بوون بەخوداوەند» چونکە وەسفی خوداوەندانیش زۆرتر وەسفێکە جیا لەوەسفی مرۆڤ، ئەوەی لێرە جیایە لەو وەسفەی یۆنانییەکان- تەنیا نەمرییەکەیە، کەئەویش زۆرتر بۆ ئەوە دەچێ، بەدەستیان هێنابێ، واتە پێشتر مرۆڤ بوون و بەشێوەیەک لەشێوەکان. نەمرییان بەدەست هێنابێ. واتە ئەو خوداوەندە نەمرانە، لەراستیدا«مرۆڤی نەمرن»، نەک خوداوەندی هەمیشە خوداوەندو جەستەیان گەیشتووتە حاڵەتی (لەش ساغی) ئەو لەش ساغییەی کەچەک و نەخۆشی کاری لێ ناکات، بەپێی باوەڕە ئەفسانەییەکە.

لەداستانی(ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس) (ئەخیلی) پاڵەوان یەکێ لەو کەسانەیە کەهۆی نەمریی دەست کەوتووە، بەڵام ئەویش خاڵێکی لاوازی هەیە: «ئەخیل ACHILLES جوانترین و بەهێزترین و ئازاترین پاڵەوانی(ئەلیادەی هۆمیرۆس)ەو کوڕی پلیۆس Peleus و ثیتسە، دایکی بەمنداڵی لە ئاوی رووباری (ستیکس)ی هەڵێناوە، بۆ ئەوەی نەمر بێ و هەمیشە بژی، بەڵام لە پاشپانیرا پێکرا، ئەو شوێنەی کە تەڕ نەبوو، چونکە دایکی کاتێ لە ئاوی هەڵهێنابوو ئەو لەوێوەی گرتبوو» (٢٠٠) وەک دیارە ئەخیل هەر لە منداڵییەوە، بەدەستی دایکی، جۆرێک لە نەمریی بەدەست دێنێ، ئەویش ئەوەیە، کە دایکی لە ئاوی رووباری ستیکسی هەڵێناوە و هەر جێگایەکی بەئاوی ئەو رووبارە تەڕ بووە، هیچ شتێک کاری لێنەکردووە، بەڵام دواجار (پاریس)ی غەنیمی ئەو نهێنییە دەزانێ کە پاشپانی ئەخیل بەو ئاوە تەڕ نەبووە و - ئەوێ- چەک و تیر کاری لێدەکات، بۆیە تیرێکی ژەهراویی لەو شوێنە دەدا و دەیکوژێ. ئەوەی لێرە، جێگای ئەوەیە باس بکرێ، ئەوەیە کە ئەخیل بۆ خۆی هیچ دەستێکی لەوەدا نییە، چ لە بەدەستهێنانی هۆی (نەمریی)یەکەی، چ لە مانەوەی خاڵی لاوازی، کە ئەویش تەڕ نەبوونی پاشپانییە، بەئاوی رووباری ستیکس و مانەوەی ئەو شوێنە تەڕ نەبووە، وەک هەر شوێنێکی مرۆڤی ئاسایی. کە ئەوە دیارە مرۆڤی ئاساییش، مرۆڤی مردنییە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە تەڕبوونی تەواوی جەستەی ئەخیل کە پانتاییەکەی یەکجار زۆرە، بەگوێرەی، ئەو بەشە بچووک و کەمەی کە تەڕ نەبووە، ئەو بەشە زۆر و گەورەیە نەیتوانی ئەو بەشە کەم و بچووکە بپارێزێ، ئەوەش هۆیەکی گرنگە لەوەی کە ئەخیل سوود لەو هێزی نەمرییەکەی نابینێ.

لە باوەڕی هیندییەکاندا ناوی (ئاشوین)ان دێتە ناو کە وەک نەمر باسیان دەکرێ: «ئاشوینەکان هەم لاو و هەم بەتەمەنن، ئەوەی کە ئەوان پێیەوە ناسراون، (ناساتیا (Nastyaیە، کە لە دوو بەشی (نا)و (ئاساتیا)(*-٣٦) پێک هاتووە، بەمانای (ناواقعی نییە) یەکێکی تر لە سیفەتەکانی ئەم دووانە، نەمرییە. کە ئەم دووانەیان بەپزیشکی ئاسمانی ناسیوە، کە نەخۆشییەکانی مرۆڤ چارەسەر دەکەن، چاو

بەکـوێران دەبەخشنەوە، گەنجی و تەندروستی و هەرزانی بەمـرۆڤ دەدەن» (٦١، ص ٥٢–٥٣) ئەم لاوە بەتەمەن و نەمرانە، هەرچەندە وەکو پزیشکی ئاسمانی باس دەکرێن، بەڵام شوێنی کارەکەیان لەسەر زەوی و لەنێـو (مـرۆڤ)ان دایە، کـە ئەمـانەش بەکـار و سـیـفـەتەکـانیـانەوە زۆر لە مـرۆڤ دەچن، ئەگـەر بڵـێین (نەمریی)یەکـەیان بەدەست هێناوە، دەتوانین ئەوە قبووڵ بکەین کە پێشتر مرۆڤ بوون. شتـێک هەیە، نەمـرییـیـەکـەی ئەمـانە بەردەوامـە و خـاڵی لاواز و کـۆتایی پێـوە دیار نیـیـە! کـە ئەمـەش سـیـفـەتێکی هەمیشەیی تەواوە. واتە نەمرییەکە، حاڵەتێکی کاتی نیە! بەڕاستی نەمرییە.

هەندێ کـەسـایەتی ئەفـسـانەیی هەیە، تەنیـا بەیەک شـێـوە باس نەکـراوە، جگە لەوەی کـە لەنێـو میللەتەکەی خۆی دەشێ زیاتر لە شێوەیەکی هەبێ، ئەوا هەر میللەتەش بەشێوەیەک باسی کردووە، یەکێ لەو کەسایەتییانە کە زۆر شێوە باسکراوە (یەمە– جەم)ە. ئەو کەسایەتییە ئێرانییە ئەفسانەییە ناسراوە لە (ویدا)کـاندا بەم شـێـوەیە باس دەکـرێ: «کـەسـایەتیی یەمـە (جـەم ) لە ویداکـاندا بەوە ناسـراوە کـە یەکـەمین کـەسـە لە(نەمـران) کـە مـەرگی هەڵبـژاردووە(ئەو مـردنی هەڵبـژارد بۆ ئەوەی خـوداکـان دڵخـۆش بکات، نەمـریی هەڵنەبژارد بۆ ئەوەی کـوڕانی خۆی شـادمـان کـات)» (٥٢، ص٥٥) واتە بەپێی باوەڕی ویداکـان (یەمـە– جـەم) نەمـر بووە، لەنێـو نەمـرانیش یەکـەمین کـەسـە کـە مـردنی هەڵبـژاردووە، مـردن هەڵبژاردنەکەشی بۆ ڕەزامەندیی خوداکان و دڵخۆشی ئەوان بووە، بەپێچەوانە گوێی بەخواستی کوڕەکانی نەداوە و دڵخۆشی نەکردوون، بەوەی دڵخۆشی و ڕەزامەندی خوداکانی لا گرنگتر و پیرۆزتر بووە، بەڵام خوداکـان بۆچی دڵخـۆشی خـۆیان لە مـەرگی مـرۆڤـدا دەبینن؟! بۆچی نایانەوێ مـرۆڤ نەمـربێ؟؟ ئەمـە پرسـیـارێکە و ئەزەلی! بەڵام، واقـعی حاڵ دەڵـێ، مرۆڤ، مـرۆڤە دەبێ بمرێ. خودا، خـودایە هەمـیـشـە و نەمر!!؟.

(جەم– یەمـە)یش بەم مەرگ هەڵبژاردنەی لای هیندییەکان بووە شـا و خودای مردووان، کـە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە کەسایەتییەکی پیرۆز و(نەمر)ەوە ببێ بەخودای مردن و شێوەی شوومی بنوێنێ بەوەی بووە خودای مردووان جارێکی تر بەگەڵ نەمران کەوتەوە.

ئەگـەر جـەمی هیندی بۆ ڕەزامـەندیی خـوداوەندەکـان مـردنی هەڵبـژارد و وازی لە نەمـریی هێنا، ئەوا (سولەیمانی حەکیم)ی ئەفسانەیەکی (ئەندەنووس)ی لەپێناو کوڕ و نەوە و کەس و کـارەکەی، وازی لە نەمـریی هێنا و ئەویش وەکـو ئەوان (مـردن)ی هەڵبـژارد، وەکـو ئەفـسـانەکە باس دەکـات، «سـولەیمانی حەکیم(ئاوی حەیات) بەدەست دێنێ، کە لەسەرباز و توجارڕ و جووتیارەکانی دەپرسێ، ئەو ئاوە سوودی چیـیـە؟: (جـووتیـار گـوتی: تۆ دەمـینێـیی و کـەس و کـارت دەمـرن» سـولەیمانی حـەکـیم گـوتی: قـەت نایخۆمەوە، ژیانێکم بۆ چییە منداڵە خۆشەویستەکانم لامەوە نەبن؟» (٢٦، ل ٨٤) لەکاتێکدا دەیان و هەزاران کـەس بەدوای ئاوی حـەیات دا دەگـەڕێن و نـایدۆزێتـەوە، بەو داخـەوە سـەر دەنێـتـەوە کـەچی سـولەیمانی حـەکـیم، ئەو ئاوە نـایاب و ئەفـسـانەییـیـەی دەست دەکـەوێ، کـەچی نایخـواتەوە!؟ نەخواردنەوەکەشی زۆر کارێکی باوکانە و مرۆڤانەیە، دەزانێ، ئەگەر خۆی واتە– سولەیمانی حەکیم– ئەو ئاوە بخـواتەوە نامـرێ، بەڵام، کـەس و کـار و منداڵەکـانی دەمـرن ئەویش ژیان و نەمـرییـەکی ناوێ کـە



منداڵەکانی لایەوە نەبن. ئەو رایەی سولەیمانی حەکیم کەپێش خواردنەوەی ئاوی حەیاتێیە، زۆر لە رای ئەو کـابرایە نزیکە، کە لەئەفـسـانەی کـوردییـەکـە پاش خـواردنەوەی ئاوەکـە و ژیانی دەیان سـاڵ و تەنیـا مـانەوەی، ئەو قـەنـاعـەتەی لا دروست بوو. واتە لە خـواردنەوەی ئاوی حەیاتێ پەشـیـمـان بووەوە. بەڵام، پەشیمان بوونەوەکە دادی نەدەدا.

(هەرقـەل) ئەو پاڵەوانی ئازا و سـەرکـێش کـە هەر بەمنداڵی دوو مـار دەخنکێنێ پاشان زنجیـرەیەک سـەرکـێـشی دەکـات و سـەراو و دەراوێکی زۆر دەبینێ و دواجـار دەگـاتە ژیانی نەمـریی: «کـە دەیەوێ جارێکی تر خۆشەویستی هەرقەل بەدەست بێنێتەوە، کراسێکی مەرگاوی بۆ هەنارد هەر ئەوەندە هەرقەل کراسەکەی لەبەرکرد، ژەهری ئەو تیرەی (کە پێشتر) لەگەڵ خوێنی نیسوس تێکەڵ ببوو لە خوێنی گەڕا، هەستی بەژانێکی گران کرد، پارچەیەک گۆشتی جەستەی خۆی پچڕی کە ویستی کراسەکە لەبەر خۆی دادڕێ. لە حەژمەتان رووی لەکێوی ئاویتا کرد، لەوێ سەری خستە سەر تەورزێنەکەی و فەرمانی دا ئاگر لە جەستەی بەردەن، بەڵام خوداوەندان لەگەڵ هیرا لەسەر ئەوە رێککەوتن. کەبیبەنە ئاسمان و دەگەڵ خوداوەندانی بدەن» (٢٠٠) ئەوەی گرنگە، کە خوداوەندان دەیانەوێ هەرقەل لەنێو نەچێ و ببێتە یەکێک لە نەمران، بڕیار دەدەن کە، یەکەم: بیبەنە ئاسمان و لەزەوی واتە نێو (مرۆڤ)انی نەهێڵن. دووەم: لە ئاسـمـان بیـبـەنە ریزی خـوداوەندان. کـە ئەمـەش زۆر لە ئۆتو– ناپشـتم نزیکە، ئەویش کـە خـوداوەندان دەیکەنە یەکێک لەخۆیان – نەمران– دەیبەنە وڵات و خاکی خۆیان و سیفەتی خوداوەندانی دەدەنێ، وەک ئەوەی زمانحاڵی خوداوەندەکان بڵێ، نابێ هیچ (مرۆڤ)ێک بەمرۆڤی نەمر بێ، بەڵکە، ئەگەر ویسترا نەمربێ، دەبێ لە ڕیزی مرۆڤان بێتە دەرێ و لە وڵات و خاکی ئەوان نەمێنێ. ئەوەش ئەوە بیر دەخاتەوە کە خوداوەندان لە سەرەتاوە گوتووبوویان «نەمر خوداوەندانن».

یەکێ لەوانەی(نەمریی) بەدەست دێنێ (ئۆتو– ناپشتم)ە سەیر لەوەدایە، گلگامش کە بەدوای نەمریدا دەگـەڕێ و دواجـار بەدەسـتی ناهێنێ، زۆر لە ئۆتو– نابشـتم بەناوتر و ناسـراوترە، کـە نەمـریی بەدەست هێناوە، گلگامش کە بەدوای نەمریدا دەگەڕێ، لە قۆناغـێکی گەڕانەکەیدا تووشی ئۆتو– نابشتم دەبێ و لێی دەپرسێ:

*«ئەوەتا من سـەیری تۆ دەکـەم، هۆی ئۆتـو– ناپشـتم هیچ جیـاوازییەک لە جەستـەی تۆدا نابینم، تۆش وەکو منی بەڵێ! تۆ هیچ نەگۆڕاوی و لەمن دەچی»* (١٣٣، ص ١٥٠)

پاشان گلگامش دەڵێ:

*«پێم بڵێ! چۆن بەگەڵ گەلی خوداوەندان کەوتی و ژیان و نەمریت دەسکەوت؟» لە وەڵاما ئۆتۆ– ناپشتم دەڵێ:*

*(گلگامش دەرگای نهێنییەکی داپۆشراوت بۆ دەکەمەوە لە نهێنییەکی چارەنووسی خوداوەندان ئاگادارت دەکەمەوە»*

پاشـان ئۆتۆ ناپشـتم باسی لافـاو و کـەشـتی دروسـتکردن و ڕزگـارکـردنی گـیـانلەبەر و زیندەوەر و مرۆڤـەکـانی بۆ دەکـات و چۆن خـوداوەندان لە پاداشـتی ئەو ئازایەتیـیـە، دەیبـەنە نێـو خـۆیـان و ژیانی

هەمیـشـەیی دەدەنێ. بۆ ئەمـەش خـوداوەندان کـۆدەبنەوە و داوا لە(ئەنلیل) دەکـەن ئەم بڕیارە جـێبـەجێ بکات، ئەنلیل دەڵێ:

*«پێش ئێستا (ئۆتنۆ- ناپشتم) هەر تەنیا مرۆڤ بوو*

*بەڵام، لێرە بەدواوە (ئۆتنۆ- ناپشتم) و ژنەکەی وەکو ئێمە دەبنە خوداوەند*

*(ئۆتنۆ- ناپشتم) دوور لە دەمی ڕووباران دەژی*

دوایی دووریان بردم لەکن دەمی ڕووباران دایانمەزراندم ئێـستـا کێ بۆ تۆ خـوداوەندان کۆ دەکـاتەوە، تا کۆڕ بگرن، گلگامش! بۆ ئەوەی ئەو ژیانەت دەسکەوێ، کە بەدوایدا دەگەڕێی؟» (١٣٣، ص١٦٢).

ئەوەی گـرنگە لێـرە، ئۆتنۆ- ناپشــتم و ژنەکـەی لەپلەی مـرۆڤـیـدا نامـێنن و دەبنە خـوداوەند و ژیانی هەمـیـشـەیی بەدەست دێنن، کـە دەتوانین بـڵـێین یەکێ لەڕوونتـرین و سـەرکـەوتووترین بەدەست هێنانی نەمرییـە کە ئۆتنۆ- ناپشتم و ژنەکەی بەدەسـتیـان هێناوە، بەدەست هێنانەکـەش بەبڕیاری کـۆبوونەوەی خوداوەندانە، وەکـو دیاریشـە، سـەرەتا لەشـێـوەی مـرۆڤـیـاندا ناهێـڵن و دواجـار لە وڵاتی مـرۆڤـانیـان دەگوێزنەوە بۆ جیهانی خوداوەندان و ئەوسا ژیانی هەمیشەییبیان دەدەنێ.

لە داسـتـانی (هۆمیرۆس)دا، کە(کالۆیسۆ) (ئۆدۆسیـۆس) و تاقمەکەی لە خنکان ڕزگار دەکات، هەر ئەو دەم عـاشقی دەبێ، بڕیار دەدا بیـانپـارێزێ و گرێی دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە و هیوا دەخوازێ بۆ یەک بین و پێکەوە بژین: «لەپێناو ئەمـەدا دەکـۆشێ پێـکی نەمـریی بخـواتەوە و لە شـێوەی مـرۆڤـیـیـەکـەیدا دەری بێنێ، بەڵام ئۆدۆسـیـۆس دڵگەرمی گەڕانەوەیە بۆ نیـشـتـمـان و کن ژنەکەی» (١٣٨، ص١٠٠) هەرچەندە کالۆیسۆ زۆر لەسەر ئەوە مکوڕە کە ژیانی نەمریی بداتە ئۆدۆسیۆس و بیکاتە کەسێک کە پیری نەبینێ و مـردن نەیگاتێ. زۆر هەوڵدەدا کـە: «خـواردنی خـوداوەندان (ئەمـبـرۆسـیـا)ی دەرخـوارد بدات و مـەی (نکتار)ی ئەوانی پێ بخواتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئۆدۆسیۆس نایەوێ ئاواتی کالۆیسۆ بێتە دی، ئەوەی لا خۆشـترە بگەڕێتەوە نیـشـتـمـان و لای ژنەکەی و ژیانێکی مـرۆڤانە بژی و لەنێـو ئەواندا بژی و بمرێ» (١٣٨، ص١٠٧) ئەوەتا جارێکی تر ئۆدۆسـیـۆس ژیانی هەمـیـشـەیی بۆ دێتـە بەردەست دەتوانێ بچێتە نێو خوداوەندان و لە مرۆڤی بشۆرێ، کەچی، ڕەتی دەکاتەوە، ئەویش وەکو (سولێمانی حەکیم)ی نێو ئەفسانەی (ئەندەنووسی)یان ژیانی، نێو نیشتمان و کەسوکاری لا خۆشترە، لەوەی بەهەمیشەیی و خوداوەندی دوور لە نیـشـتـمان و خۆشەویسـتانی بژی. لەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێـتەوە، کە مرۆڤ لە ئەنجامدا هەر ژیانی مرۆڤانەی بە(بوون و ژیان و مردن)ەوە لا خۆشترە، لەوەی کە ببێتە خوداوەند و دوور لە وڵاتی مـرۆڤـان و ژیانی مـرۆڤـان هەتا هەتایی بژی. سـەیرە ئەو ژیانە هەمـیـشـەییـیـەی کـە پاڵەوانان بەتایبەت گلگامش چ بەزەحمەت بەدوایدا گەڕا، کەچی ئۆدۆسیۆس چ بەئاسانی ڕەتی کردەوە!!. ئەوەی لەنێو ئەو پاڵەوانانەدا سەرنج ڕادەکێشێ کەبەدوای نەمرییدا دەگەڕێن. دوو شتە، یەکەم: بەشێکی گرنگ لەو کەسانە(پاڵەوان)ن، کە ئارەزووی پەیداکردنی هۆیەکانی نەمریی ڕێگای دوور و پڕ مەترسییان دەخاتە پێش. دووەم: پیـاوانی (ئایینی)ن، کـە ئەوانیش زۆرتر دواجـار دەگـەنە ئەم ئاواتە. لەم دوو خـاڵەش دەتوانین، ئەو ڕایە بەدەست بێنین کە، دوو شت زۆرتر دەگەنە ئەنجام، یەکەم: پاڵەوانەتییە کەپشت بەهێز



و زانایی دەبەستێ، دووەم: پیاوی ئایینییە کە پشت بەئیمان و پشوو درێژی و سەبر دەبەستێ. هەرچەندە بەدەسـتـهێنانی ئەم هۆ و نەمرییـیـە هەر تەنیـا لە سنووری ئەم دوو جـۆرە کەسایەتیـیـانە ناوەسـتێ، بەڵام دەتوانین بڵـێین زۆرترین و بەرچاوترینیانن، ئەگەر بمانەوێ، ئەو کەسایەتییانە بەپێی ئەنجامی کارەکانیان دابەش بکەین دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی لەم چەند حاڵەتەدا کۆیان بکەینەوە.

یەکەم: ئەو جۆرە کەس و پاڵەوانانەن کە بەدوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن، بەڵام دەستیان ناکەوێ.

دووەم: ئەو جۆرە کەس و پاڵەوانانەن کە هۆی نەمرییەکەیان دەست دەکەوێ، بەڵام سوودی لێ نابینن.

سێیەم: ئەو جۆرە کەس و پاڵەوانانەن، کە هۆ و نەمرییەکەیان دەست دەکەوێ و ماوەیەک سوودی لێ دەبینن، بەڵام دواجار لەدەستی دەدەن، ئەمانەش سێ جۆرن:

١- ئەوانەی بەشێوەی(قەدەر) لەدەستی دەدەن، وەکو گلگامش پاڵەوانی ئەفسانەی سۆمەری.

٢- ئەوانەی کە بەهۆی خاڵێکی لاواز لەدەستی دەدەن، وەکو ئەخیلی پاڵەوانی ئەفسانەی یۆنانی.

٣- ئەوانەی کە خۆیان ڕەتی دەکەنەوە. ئەمانەش دوو جۆرن:

ا- ئەوەی بەبێ ئاگایی و نەزانی ڕەتی دەکاتەوە، وەک (ئادابا)ی ئەفسانە سۆمەرییەکە.


ب- ئەوەی بەهۆشـیـاری و ئاگـاداری ڕەتی دەکـاتەوە، وەک (سلێـمـانی حـەکـیم) لە ئەفـسـانەی ئەندەنووسی-دا.

چوارەم: ئەو جـۆرە کـەس و پاڵەوانانەن، کـە هۆ و نەمـرییـیـەکـەیان دەست دەکـەوێ و هەتا هەتایی بەنەمریی دەمێننەوە.

ئەمانەش دەبن بەدوو بەش:

١- ئەوانەی دڵشـادن و بەژیانی نەمرییـیـەکەیان رازین، وەکو ئۆتو- ناپشـتم و ژنەکەی لە داسـتـانی گلگامش.

٢- ئەوانەی بێزارن و دەیانەوێ لەو(نەمریی!)یە رزگـار بن، وەک چیـرۆکی (زەلامـێک) لە ئەفـسـانە کوردییەکەدا.






**٢-٦-٣- دۆڕاندنی نەمریی:**

ئەگەرچی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون و ناو و چیرۆکیان ناسراوە، ژمارەیەکی یەکجار کەمن! بەرامبەر بەو مرۆڤانەی کە هیوای نەمریی دەخوازن، چونکە دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین: هەموو مرۆڤێک لەدڵدا هیوای نەمریی و بەدەستهێنانی نەمریی دەخوازێ، بەڵام هێندە هەیە ئەو هیوایە لای هەموو مرۆڤێک نابێتە کردەوە. ئەوانەش کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون، قوربانییەکی زۆریان داوە و زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە. زۆری پاڵەوانەکان لە هەرەتی ژیان و لاوێتیدا واز لە کەسوکار و وڵاتی خۆیان دێنن، هەندێکیان کە پاشا و بەدەسەڵاتن واز لە پاشایەتی وڵات و ژیانی خۆش و نێو وڵات و کەسوکار دەهێنن و ڕێگای هات و نەهات و پڕ مەترسی و ئەنجام ون دەگرنە بەر. لەنێو هەموو ئەمانەشدا- وەکو پێشتر باسمان کرد- هەندێکیان، هیچیان دەس ناکەوێ و هەناسە سارد دەگەڕێنەوە، یا ئەوەتە سەریان تێدەچێ، هەندێکیان دەستیان دەکەوێ، بەڵام، هیچ سوودێکی لێ نابینن، هەندێکیان ماوەیەکی کەم، دەتوانن سوود لە نەمرییەکە ببینن، ژمارەیەکی یەکجار کەمیش ئەو نەمرییە بەدەست دێنن و هەتا هەتایێ- وەک چیرۆکەکان باس دەکەن- بەنەمریی دەمێننەوە، زۆربەی ئەوانەش کە نەمریی بەدەست دێنن، لەباری مرۆڤدا نامێنن و لە جیهانی مرۆڤاندا نامێننەوە، واتە دەچنە بەرگی خوداوەندان و دەچنە(وڵات!)ی خوداوەندان. ئێمە لێرە تەنیا باسی ئەوانە دەکەین، کە نەمرییەکە بەدەست دێنن و پاشان لەدەستی دەدەن.

گلگامش پاڵەوان و پاشا و دوو بەش خوداوەند، دیارترین و ناسراوترین پاڵەوانە، چ لەسایەی گەڕان بەدوای (گیایی نەمریی)دا، چ لەسایەی بەدەستهێنان و دۆڕاندنەکەیدا، وەکو لە داستانەکەدا دیارە دڵگەرمی و موکوڕیی گلگامش لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکدا دەدرێ. کەچی گلگامش پاش ئەوەی ئەو – ڕووەکە سەیرە: بەدەست دێنێ هەموو ئەشق و ماندوو بوون و گرنگیی (گیایی نەمریی)یەکە لەبیر دەکا و بەئاسانی و بەشێوەی (قەدەر) لەدەستی دەدا و دەیدۆڕێنێ، لەکاتێکدا لە ڕێگای گەڕانەوە لا دەداتە سەر بیر و ساردا وێک. ئەو گیا بەنرخە، بەسادەیی لەو گۆڕە دادەنێ و خۆی شۆڕ دەبێتەوە نێو بیر بۆ مەلە، هەر لەو کاتەدا ماری حازر خۆر بۆنی ئەم گیایە دەکات و بێ هیچ بەرهەڵستێک، ڕێک و ڕاست (گیایی نەمریی)یەکە دەخوا، گلگامش کاتێک هەست دەکات، مار لە خواردنی بۆتەوە و خەریکی کراس فڕێدانە، گلگامش هەر هێندەی بۆ دەمێنتەوە، بێ دەسەڵاتانە دەس بەگریان بکات و بەگلەییەوە ڕوو لە(ئور- شەنابی) بکات و بڵێ: دەستەکانم بۆ کێ ماندوو بوون و خوێنی دڵم بۆ کێ داچۆڕا؟ هیچم بۆ خۆم بەدەست نەهێنا؟! ئەوەی من بۆی ماندوو بووم، مار بەئاسانی خواردی، بەم شێوەیە، گلگامش ئەوەی بەزەحمەتی زۆر دەسی کەوت، زۆر بەئاسانی دۆڕاندی. دۆڕاندنێکی قەدەری!!

ئەخیل یەکێکە لەو پاڵەوانانەی کە نەمریی بەدەست دێنێ و ماوەیەکی زۆریش سوود لە نەمرییەکە دەبینێ، بەڵام چونکە نەمرییەکەی هەر لە ئەوەڵەوە خاڵی لاوازی خۆی هەیە، دواجار بەم خاڵە لاوازە، ئەویش ئەم شتە بەنرخە دەدۆڕێنێ، هێندە هەیە، ئیرادەی ئەخیل، لە بەدەستهێنان و دۆڕاندنەکەیدا، هیچ ڕۆڵێکی نییە! بەڵکە دەتوانین بڵێین لە حاڵەتی ئەخیل-دا دوو هۆی دۆڕاندن یەکتر دەگرنەوە، یەکەم،

خالّی لاوازە، دووەم: قەدەرە، ئەخیل کە بەمنداڵی دایکی لە ئاوی ڕووبارێی هەڵدێنێ، ئاوی ئەو ڕووبارەش بەر هەر جێگایەکی جەستە بکەوێ، ئەو جێگایە هیچ چەک و نەخۆشییەک کاری لێ ناکات، واتە خاوەن جەستە نەمر دەبێ. بەڵام، ئەخیل کە دایکی بەمنداڵی لە ڕووبارێی هەڵدێنێ، بەدەست پاشپانییەکی دەگری، جێگای ئەو دەستەی دایکی بەئاوی ڕووبارەکە تەڕ نابێ و ئەو هێزەی بەرناکەوێ، کە خۆ لە بەرامبەر چەک و نەخۆشییان بگرێ. دواجار دوژمنەکانی بەم نهێنییە دەزانن و تیرێک ئاڕاستەی ئەو پاشپانییە تەڕ نەبووە دەکەن و تیر ڕاست بەو جێگایە دەکەوێ و دەبێتە هۆی مردنی ئەخیل و ئەویش دواجار نەمرییەکە دەدۆڕێنێ.

لەوانەی کە هەر بەم هۆیە نەمریی و لەش ساغی دەدۆڕێنێ یەکێکیان (زیگفرید)ە پاڵەوانی ئەفسانەی (ئەڵمانیا)یی، بەڵام، ئەم پاڵەوانە بەئازایەتیی خۆی هۆی نەمرییەکە بەدەستدێنێ: «پاڵەوانێکی گەنج بوو، ئەژدیهایەکی بەترسی کوشت، کاتێ خوێن لە گەرووی ئەژدیها فیچقەی دەکرد، خۆی بەو خوێنە شوشت، هەر لەوکاتەی کە خۆی بەخوێن دەشوشت گەڵای درەختێک کەوتە سەر پشتی و پێیەوە نووسا و ڕێک لەبەرامبەری دڵی و لەسەر پشتی، بەم شێوەیە تەواوی جەستەی - چەک نەبڕی-(*-٣٧) بەدەست هێنا، تەنیا ئەو جێگایە نەبێ کە گەڵاکەی پێوە نووسابوو، هیچ کەسێ خۆی لە بەرامبەر ئەم جەستە چەکنەبڕە نەدەگرت، پاشان دوژمنان بەفڕوفێڵ ئەم خاڵە لاوازەیان دۆزییەوە تیرێکیان لێدا. تیری دوژمنان ڕاستەو ڕاست لەو جێگایە چەقی کە گەڵای دار نەیهێشتبوو بەخوێن ببێ، تیر لەپشتییەوە ڕا لە دڵی زیگفرید چەقی و کوشتی» (٥١، ص ١١٩) ئەگەرچی زیگفرید خۆی هۆی نەمرییەکە بەدەست دێنێ، بەڵام قەدەر دەوری خۆی دەگێڕێ و گەڵای دار لەو وەختە دەکەوێتە سەر پشتی و پێیەوە دەنووسێ کە خۆی بەخوێنەکە دەشوا، ئەم شوێنە بەخوێن نەبووەش وەک خاڵی لاواز دەمێنێتەوە و، دواجار هەر ئەم خاڵە لاوازە دەبێتە هۆی لەدەست دان و دۆڕاندنی نەمرییەکە.

جورێکی تر لە دۆڕاندنی (نەمریی!) دۆڕاندنی- حەوا- یە، لەکاتێکدا وەک (جێمس فرێزەر) باس دەکات، پشت بە (سەردەمی کۆن) ئەو - واتە- حەوا بەرهەمی(داری ژیان)ی لەبەر دەست بوو، ئازادیش بوو لە وەی لەبەرهەمی ئەو دارە بخوات، یان نا! کەچی بێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی، لە بەرهەمی داری ژیانی نەخوارد و، بەرهەمی کاتی و مردنیی خوارد، لێرە ئەگەرچی، خواستی هەڵبژاردن لەدەست خۆیەتی؛ بەڵام دەتوانین بڵێین کە قەدەر دەورێکی کز و پەنامەکیی هەیە، لەوەی کە ئەمیش لە بەرهەمی داری ژیان نەخوات و لە ئەنجامدا نەمریی بدۆڕێنێ.

ئادابای سۆمەری، بەجۆرێکی تر نەمریی دەدۆڕێنێ، کە دەچێتە- بن دنیا- : «خوداوەندان لێیان پرسی- ئادابا- بۆ ڕەشپۆشی گوتی: خەمباری (تەموز و نینگزیدە)مە، ئەو دووانەی ئێمە خەڵکی سەر زەوی خۆشمان دەوێن و وا دەزانین کە مردوون، خوداوەندان بەم وەڵامە دڵخۆش بوون و ڕێگایان دا بچێتە ژوورەوە. سەرکەوت لەوەی کە لە بەرامبەر - ئانۆ- بەرگری لەخۆی بکات، خوداوەند بڕیاری دا- خواردنی ژیان- پێشکەش بەئادابا بکات. کەچی ئەو دەرسی خۆی بەچاکی لەبەر کردبوو، بەڵام، ئەو هیچی وەرنەگرت تەنیا کراسێک و هەندێک چەوری نەبێ خۆی پێ چەور بکات، هەر بەهۆی ئەم ڕەتکردنەوەیە،



نەمرییەکەی دۆڕاند» (١١٩، ص٣٤٦) ئەو ڕەتکردنەوەی ئادابا بەو هۆیە بوو کە پێشتر ئامۆژگاری کرابوو، کە خواردنی مردنی دەدەنێ، نەکا وەری بگرێ. بۆیە هۆی دۆڕاندنەکەی ڕەتکردنەوەیە ڕەتکردنەوەیەکی بەئاگایی و بێ ئاگاییە. بەئاگایە لەوەی کە ڕەتی دەکاتەوە! بێ ئاگایە لەوەی کە ڕەتی دەکاتەوە چییە؟!

یەکێکی تر لەوانەی نەمری بە(ڕەتکردنەوە) دەدۆڕێنێ، (یەمە) جەمی نێو ئەفسانەی هیندییە کە هەر(جەم)ی ئاری و ئێرانییە، بەڵام لێرە بەشێوەیەکی دی باس دەکرێ، بەپێی دەقە هیندییەکە (یەمە- جەم) بۆ خۆی لە نەمرانە! بەڵام بۆ ڕەزامەندی و دڵخۆشیی خوداوەندان، ئەم نەمرییە ڕەت دەکاتەوە، گوێ بەوە نادا کە بۆ خۆشیی خۆی و منداڵەکانی نەمریی هەڵبژێرێ. ئەم ڕازی کردنی خوداوەندانیش، هەر ئەو حاڵەتە هەمیشەیییە دەچەسپێنێ، کە خوداوەندان نەمر و هەمیشەن، بەڵام، مرۆڤ ژیانیان کاتییە و دەبێ، بمرن، (یەمە- جەم)یش کە مرۆڤە، هەر دەبێ بمرێ. بۆیە مردن هەڵدەبژێرێ و نەمریی ڕەت دەکاتەوە. ڕەتکردنەوەیەکی بەئاگاییەوە.

ئۆدۆسیۆس، ئەو پاڵەوانە ئازایە، کالۆیسۆ حەزی لێ دەکا و دەیەوێ، خواردن و خواردنەوەی ژیانی بداتێ و لەنێو مرۆڤان دەری بێنێ و ژیانی هەمیشەیی بداتێ و پێکەوە بژین، وەک ژن و مێرد. بەڵام، ئۆدۆسیۆس بۆ خۆشەویستیی ژن و نیشتمانەکەی، ئەم ژینە تازەیەی- بەژنێکی خوداوەند و ژیانێکی هەمیشەییەوە ڕەت دەکاتەوە و بەهەموو ئاگاییەکەوە دەیەوێ بگەڕێتەوە نێو نیشتمان و باوەشی ژنە خۆشەویستەکەی، کە وەکو خۆی مرۆڤە ژیانی نێو ئەو مرۆڤانە بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکەوە هەڵدەبژێرێ و بەتەواوی ئاگادارییەوە نەمریی ڕەتدەکاتەوە، بەوەش ژیانی هەمیشەیی دەدۆڕێنێ دۆڕاندنێکی بەئاگاییەوە.

یەکێکی تر لەوانەی کە بەتەواوی ئاگادارییەوە، ئاگاداری لە ژیانی هەمیشەیی، بەهۆی ئاوی حەیات و ئاگاداری لە ژیانی کورت و مردنی دواجار بەو هەموو جیاوازییەوە، بەتەواوی ئاگادارییەوە (سولێمانی حەکیم)ی نێو ئەفسانە ئەندەنووسییەکە، ئەم ئاو و ژیانە هەمیشەیییە ڕەت دەکاتەوە، پاش ئەوەی (ئاوی حەیات) بەدەست دێنێ، لە هاوڵاتییەکانی سەرباز و توجارِ و جووتیارەکانی، سوودی ئەو ئاوە دەپرسێ. جووتیار دەڵێ: سوودی ئەو ئاوە لەوەدایە، کەسوکار و منداڵەکانت هەموو دەمرن، بەڵام، خۆت نامری و دەمینێی، ئەویش ئەوە قبووڵ ناکات ئاوەکە بخواتەوە و نەمر بێ، لە کاتێکدا کەسوکار و منداڵەکانی هەموو مردوو بن. دەڵێ: «ژیانێکم بۆ چییە منداڵەکانم لامەوە نەبن» بەمەش ئاوی حەیات و نەمریی ڕەت دەکاتەوە و وەکو کەسوکارەکەی مردن هەڵدەبژێرێ و بۆ هەتا هەتایی نەمریی دەدۆڕێنێ، دۆڕاندنێکی بەئاگادارییەوە.

وەکو خوێندمانەوە دەرکەوت، ئەگەر کەسانێ هەن هەموو سەرمایەی پاشایەتی و دەسەڵاتی دنیا بەجێ دێڵن و بەدوای (ئاوی حەیات) و (نەمریی!!)دا دەگەڕێن، لە گەڕانەکەشدا مل لە چەقۆ دەخشێنن. کەچی دەستیان ناکەوێ! بەڵام، هەر ئەو ئاوی حەیات و نەمرییەش کەسانی تر هەن بەئاسانی دەسیان دەکەوێ و زۆر بەسادەییش ڕەتی دەکەنەوە، (بابا تایەر) شاعیری گەورەی کورد پێش هەزارساڵ زۆر بەجوانی ئەم

حاڵەتەی بەشیعر دەربڕیوە:

*یەکێ دەرد و یەکێ دەرمان پەسندە*

*یەکێ وەصڵ و یەکێ هیجران پەسندە.* (*-٣٨)

بەڵێ یەکێ لە هۆیەکانی بەردەوامیی ژیان، ئەوەیە کە هەرکەسە و شتێکی لە لا گرنگە، کە هەر ئەو شتە گرنگەش لەکن یەکێکی تر، بەهیچ ناچێ و ئەو بەپێچەوانەی ئەوی پێشوو شتێکی تر بەگرنگ دەزانێ، کە ئەم گرنگییەی کەسی دووەم، لای کەسی یەکەم بێ نرخە، ڕاستە یەکێ بەدوای دەردا دەگەڕێ، یەکێکی تر بەدوای دەرمان، یەکێ سەودای پێکگەیشتنە، یەکێکی تر دابڕانی لا خۆشە، هەر ئەم یاسایە ئاوی حەیات و نەمریش دەگرێتەوە، ئەنجامەکەشی بەدەستهێنان و دۆڕاندنە!!.

**٢-٦-٤- مردن بەعەشقەوە:**


لایەنێکی تری کاردانەوەی (مردن!) بەسەر مرۆڤ ئەوەیە، کە پاش ئەم هەموو هەوڵدان و خۆ دزینەوەیە لە مردن و ئەنجامەکانی مردن، پەنای بۆ ڕێگایەکی تریش بردووە تا خۆی لە ترس و ناخۆشییەکانی مردن رزگار بکات. ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لە زۆر حاڵەتدا ڕێگای مردنی بەعەشقەوەی هەڵبژاردووە. عەشق لەپێناو ئەو شتانەی کە خۆشی ویستوون و باوەڕی پێیان هەبووە، عەشق بەئافرەت، نیشتمان، نەتەوە، چین، ئایین و باوەڕ، لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پڕاو پڕە لە نموونەی ئەم جۆرە کەسانەی کە بەعەشق و باوەڕەوە پاڵەوانانە کوژراون و شەهید بوون و مردوون.

ئەو مردنەی کە لای خۆیان خۆشەویستیان کردووە. «لەوەش کە ویستوویە مردن لای خۆی خۆشەویست بکات، دیسان پەنای بۆ زۆر شت بردووە، پشت بەدوو شت. یەکەم: باوەڕ. دووەم: عەشق. ئەم دووانەش زۆر تێکەڵ و پێکەوەن، چونکە مرۆڤ لەسەر هەریەکێکیان مردبێ، ئەوەکەی تری لەگەڵ بووە.

ئەگەر لەسەر «عەشق» بمرێ، دەبێ باوەڕی بەعەشقەکەی ئەوەندەبێ بگاتە ڕادەی باوەڕ! جا عەشقەکەی لەهەر چ شتێکەوە بێ، ئافرەت بێ، نیشتمان بێ، نەتەوە بێ، باوەڕی ئایینی بێ، باوەڕی چینایەتی بێ، عەشقێک کە عاشقەکەی ئەو شتەی لە لا هێندە خۆشەویست و پیرۆز بکات، کە بۆی بمرێ! یانی مردنێک بەعەشقەوە.

دیسان باوەڕیشی بەهەر شتێک و جۆرە باوەڕێک بووبێ، دەبێ باوەڕەکەی بگاتە ڕادەی عەشق، کە خاوەن باوەڕ خۆی بەعەشقەوە بۆ باوەڕەکەی بداتە کوشت، جا باوەڕەکە، ئایینی بێ، نەتەوەیی بێ، چینایەتی بێ، یا مرۆڤایەتی بێ، هەر باوەڕێکی کە خاوەن باوەڕ هێندە بەپیرۆز و خۆشەویستی بزانێ، تا ڕادەی عەشق، کە ئامادەبێ بەعەشقەوە بۆی بمرێ، واتە مردنێکی بەباوەڕەوە.» (٣٧. ل٢٧١-٢٧٢) جا ئەم عاشقە خاوەن باوەڕانە، مردنەکەیان هەر چۆنێک بووبێ و لەپێناو هەر جۆرە باوەڕ و عەشقێکەوە بووبێ، وەک پیرەمێردی شاعیر لە شیعرێکیدا دەنووسێ «لاوان بەعەشقەوە ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە» لەو مەرگەشدا خۆیان بە (شەهید) زانیوە و شەهیدیش جگە لەوەی بەپێی باوەڕە ئایینییەکان جێگایان بەهەشتە، لەم سەر دنیایەش نامرن و- لەسەر قسەی شاعیر «نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین».






**پەراوێزی بەشی دووەم :**

(*-١) قەدەغە شکێنی ئەو حاڵەتەیە کە لەنێو ئەفسانە و چیرۆکە میللییەکان زۆر دووبارە دەبێتەوە، وەختێ پاڵەوان، هەموو شتێک بەدەست دێنێ، تەنیا یەک شتی لێ قەدەغە دەکرێ، بەڵام پاش ماوەیەک قەدەغەشکێنی دەکا و، هەموو شتەکانی تر بەقوربانی ئەو تەنیا شتە قەدەغەکراوە دەکات، یەکەمین قەدەغە شکێن (ئادەم و حەوا)ن کە بەرهەمی ئەو تەنیا دارەیان خوارد لەنێو بەهەشت لێیان قەدەغە کرابوو.

(*-٢) ئەنلیل: «خوداوەندی زەوی و هەوا و ڕەشەبا لە ئەفسانەی سۆمەرییان، لەگەڵ - ئانۆ-و- ئایا- سێیینەیان پێکدێنا و پارێزەری نیپۆر(nippur) بوو، ئەو پەرستگایەی کە ناوی (ئیکۆر) بوو واتە ماڵی شاخاوی» (معجم الفولكلور).

(*-٣) بابلییەکان سوودێکی زۆریان لە شارستانییەتی سۆمەرییەکان بینیوە، لەنێو ئەم شارستانییەتە زمان واتە زمانی سۆمەری ئەویش کاریگەری لە زمانی بابلییەکان کردووە، ئەگەر ئەم زمانەش لە فەرهەنگی ئایینییەوە بێ، ئەوا کاریگەرییەکە دووپات دەکاتەوە.

(*-٤) باوەڕ بەبوون و نەمریی گیان لەکن سۆمەرییەکان پێش میسرییەکان دەکەوێ، ئەگەر مەبەست مۆمیا کردن بێ، ئەوا لەم ناوچەیەی کە ئەمڕۆ کوردستانی پێدەڵێن، مۆمیاکردن لێرەش هەبووە.

(*-٥) هەرچەندە کراسگۆڕین باوەڕێکی بتەوە لەنێو برا ئێزدییەکانمان بەڵام، لە قەولی سەرەمەرگێ، کە قەولێکی بەناوبانگی ئایینی ئێزدییەکانە ئاوا باسی مردن دەکا:

«/ بن عادەمۆ هەزار ساڵ تەمام کەی/

/ میریاتی ل شەرقێ هەتا ب شام کەی/

/دەما یەکێ هەر دێ ژ کاسا مرنێ تام کەی/» (گوندیاتی ل ١٠٨) کە ئەمەش باوەڕ هێنانە بەمردن، ئەمە بۆ خۆی

لێکۆڵینەوەیەک هەڵدەگرێ؟!

(*-٦) : بودا باسی ئەم تەمەنە دەکات، هەرچەندە بەرێژەی تەمەنی مرۆڤی ئاسایی زۆرە، بەڵام، ئەی کە گیان هەمیشە زیندووبێ، کەی دروست بووە؟ یەکەم جار لەسەر چ شێوەیەک دەرکەوتووە؟ ئەم پرسیارانە و زۆری تر بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن؟!

(*-٧) بوونە خوداوەند و یان هەندێ جار گیان لەدوا قۆناغیدا دەبێتە خوداوەند، ئەوەش لە باوەڕی سۆفیگەریمان نزیک دەکاتەوە، کە دەڵێن، دوا قۆناغ (فنا فی اللە)یە، لەپاش(فنا فی اللە) بەقای پاش فەنایە.

(*-٨) کراسگۆڕین- التناسخ، لای کاکەییەکان (دۆنای دۆن)ی پێدەڵێن.

(*-٩) هەر ئێستا لەنێو برا ئێزدییەکان کەسانی وا هەن لە ژیاندان و باسی کراسگۆڕین و ژیانی رابردووی خۆیان دەکەن و بەڵگەی زۆریش دێننەوە، کە ئەو ژیانەی رابردوویان دەسەلمێنێ.

(*-١٠) لە ئایینی زەردەشتی، باوەڕی پەڕینەوە لە (پردی___چینود) زۆر لەگەڵ پردی سیراتی ئیسلام وێکدەچن.

(*-١١) لە باسی بەهەشت و دۆزەخ، مەبەست لەو بەهەشت و دۆزەخەیە کە پێش ئایینە ئاسمانییەکان مرۆڤ باوەڕی پێی هەبوو.

(*-١٢) ئارداو یراف نامە. گەشتی پیاوێکی ئایینی زەردەشتی-یە، کە بەنێو دۆزەخ و بەهەشت-دا دەیکات و ئەوەی بینیویەتی لەناو ئەم یرداف نامەیەدا دەیگێڕێتەوە، باسی حاڵی دۆزەخی و بەهەشتییەکانە بەهەموو جۆرەکانییەوە، لەگەڵ (معراجنامە) زۆر پێکدەچن.

(*-١٣) ویراف = ویراب= ویراز، ناوی ئەو ئیماندارە زەردەشتییەیە کە بەهەڵبژاردن لەنێو هەموو خەڵک حەفت کەس و لەنێو ئەو حەوت کەسە، سێکەس و لەو سێ کەسەش (ویراف) هەڵدەبژێرن و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەخەوێ و(گیان)ی لە پردی چینود دەپەڕێتەوە پاشان بەئاگا دێتەوە و باسی بەهەشت و دۆزەخ بەوردی بۆ خەڵکەکە دەگێڕێتەوە.

(*-١٤) بەپێی باوەڕی کۆنی ئەفسانەیی ئێران، ئەفراندن لەماوەی دوازدە هەزار ساڵی ئەفسانەیی تەواو دەبێ. ئەم دوازدە هەزار ساڵە دابەشی چوار بەشی سێ هەزار ساڵەیی دەکرێ. کە هەر بەش و قۆناغەی سفەتی تایبەتی و زانراوی خۆی هەیە.

(*-١٥) لێرە هۆی دروستکردنی مرۆڤ ئەوەیە، کە خوداوەندان بەگەورە و بچووکیانەوە لە زەحمەتی کارکردن ڕزگاریان ببێ. ئەگەر سەیری ئەو دیمەنانە بکەین کە لەم داستانە دێنە بەرچاو کۆمەڵگایەکی خوداوەندی- مرۆڤ- ئاسامان بۆ دەردەکەوێ، کە کۆمەڵگایەکی پڕ لە چینایەتییە ئەوەتە، خوداوەندە مەزنەکان سوغرە و بێگاری بەخوداوەندە بچووکەکان دەکەن و لە ئەنجامدا خوداوەندە بچووکەکان کۆ دەبنەوە و خۆ پیشاندانێکی پڕ لە ناڕەزایی و داواکاری رێک دەخەن.

(*-١٦) ئاگنی وەکو ناو هەر ئەو ئاتر و ئاگن و ئاگرەیە، کە ئێستا ڕۆژانە بەکاری دێنین، بەڵام، ئەم (خوداوەندی ئاگنی)یە نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆژانێ، زۆر زوو ئاگر پەرستراوە، هەر ئەو پەرستنەی شتەکانی سروشت، دوا جار لەشێوەی جۆرە خوداوەندێک خۆی بەرجەستە کردووە، هەروەکو چۆن باران، کانی، رووبار، دەریا پەرستن دواجار خوداوەندی ئاوی داهێنا.

(*-١٧) حازر خۆر، مەبەست لەوەیە کە لەو قۆناغەی ژیانی مرۆڤ، مرۆڤ بۆ خواردن کاری پێشوەختی نەکردووە، پێشوەخت بەمانای مانگ و ساڵ، وەک ئەو پێشوەختەی لە کشتوکاڵ و مەڕداریدا دواتر مرۆڤ سوودی لێ



دەبینێ، مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەو دەمەی برسی دەبوو- تەواو وەک گیانلەبەرە کێوییەکانی ئەمڕۆ- هەر ئەو دەم بەدوای خواردندا دەگەڕا و چیی دەس کەوتبا ئەوەی دەخوارد.

(*-١٨) مەبەست لە دەستەواژەی- هەوڵدانێکی زانستییانە و تاقیگەیی- بۆ هەوڵدانی ئەم کابرا سەقەتە، ئەوەیە کە کابرا بە- زانیاری-یەوە، با زانیارییەکی سەرەتاییش بێ، چەند گوڵ و هەر گوڵەی چەند جارێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهێناوە، بەکارهێنانەکەش تاقیکردنەوە بووە، بۆیە دەکرێ، ئەو کابرا سەقەتە وەک زانایەکی ڕۆژانی زوو تەماشا بکەین و هەوڵەکەشی بە تاقیکردنەوەیەکی زانستییانەی سەرەتا وەربگرین و ئەشکەوتی- شانەدەر-یش وەک تاقیگەیەک بناسین، یەکەمین تاقیگە.

(*-١٩) هەر لەبارەی دوعای تەمەن درێژییەوە (ئاشور- ناستیر- ئاپلا Ashur- Nastir- Apla جێگایەکی تایبەتی بۆ قوربانی کردن و ڕەزامەندی خوداوەندەکان دروست کرد «بۆ ئەوەی تەمەنی گیانی درێژ بێ و ڕۆژانی ژیانی بێ ژمار بێ» ئاشوور پانیبال-یش کە پەرستگاکانی چاککردەوە و ئاوا دوعای کرد «من کە لە خوداوەندی ئێوە دەترسم، تەمەنێکی درێژ و دڵێکی شادمانم بدەنێ» (تاریخ ادیان ومذاهب در ایران ص٥٨).

(*-٢٠) ئەگەرچی لە(شاهنامە) فردەوسی- اژیدهاک- ضحاک - بەتازی عەرەب دادەنێ، بەڵام رای واش هەیە، کە زوحاک عەرەب نییە!.

(*-٢١) لەنێو کوردەواری ژماردنی ساڵان بەهۆی، زستان و هاوین و پایز و بەهار کارێکی باوە، هەتا هەندێ جار(ڕەمەزان) واتە مانگی ڕۆژووگرتنیش بەکاردێنن، لەسەرەتای هاتنە شاری دەشتەکییە جووتیارەکان. ساڵانی هاتنی خۆیان بە(جۆخین- خەرمان) دەژمارد، (دەیانگوت: حەوت جۆخینە ماڵمان هاتۆتە شار) کاتی جۆخین لوتکەی پێگەیشتنی بەرهەمی کشتوکاڵە، کە ئەویش بەگرنگترین چاوگەی ژیانی جووتیار دادەندرێ، گرنگی و لەسەرزارییەکەشی هەر لەوەوە هاتووە.

(*-٢٢) میر مح ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە، زۆر جۆر دەقی لێ بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی هێڵی سەرەکی هەڵاتنی (میر مح)ە لە مردن و بەدەست هێنانی جێگایەکە مردنی لێ نەبێ، بەڵام، لە پێکهاتەی وردی چیرۆکەکان جیاوازیی گرنگ هەیە.

(*-٢٣) گاڕس، جۆرێ هەرزنی درشتە بەهێشوو دەبێ، زوڕات، (ف) گاروس، سەیری هەنبانە بۆرینە بکە.

(*-٢٤) تەماشای کەلەپووری کورد ژمارە(١٠)ی نەورۆزی ١٩٩٧. ل (١٣٥-١٤٠) بکە.

(*-٢٥) پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: «نەپێڵاوی تەنگ، نەخانەی بەجەنگ».

(*-٢٦) هەرچەندە ئەم حیکایەتەش زۆر دەقی جۆراو جۆری هەیە، بەڵام، سەیری (تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی) بکە (ل٧٥-٨٥)، کە مامۆستا(طارق جمباز) ساڵی ١٩٨٦ هەولێر، بڵاوی کردۆتەوە.

(*-٢٧) ئەم چیرۆکە من زۆر بەمنداڵی لەدایکم بیستووە، زۆری جیایە لەگەڵ ئەو دەقەی کە نووسەر (محەمەد فەریق حەسەن) لە (مەملەکەتی ماسی)دا ساڵی ١٩٩٧ هەولێر لە (ل١٨٥ تا ١٩) لەژێر ناوی (میوانی بێ ئەدەب) بڵاوی کردووتەوە.

(*-٢٨) هەبوونی بەهەشت بیرێکی کۆنی مرۆڤە لەگەڵ یەکەمین ئایین ئەم بیرە سەری هەڵداوە، ئەمە وەکو بیر! بەڵام، بینینی بەهەشت و دڵنیا بوونی مرۆڤ بەدڵدا کەوتن، کە بەهەشت بوونێکی حەقیقەت و واقیعە! بۆ مرۆڤ، هەندێک مرۆڤ ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن و دەیانەوێ شتەکان بەچاوی خۆیان ببینن، زمانی

حاڵیان دەڵێ: (لیطمئن قلبی).

(*-٢٩) لە بارەی نووسەر و شاعیر و دانەری داستانی گلگامش، سەیری ل(٢٣تا ٢٥)ی (ملحمە گلگامش، طه باقر، سنە ١٩٨٦، بغداد) بکە.

(*-٣٠) گلگامش هەرچەندە نەیتوانی وەکو خوداوەندان نەمریی بەدەست بێنێ، بەڵام، لە داستانەکەدا وا باس دەکرێ کە «دوو بەشی خوداوەند بوو، بەشی سێیەمی مرۆڤ» (ملحمە گلگامش ص٧٧).

(*-٣١) زۆربەی ئەو پاڵەوان و کەسایەتییانەی بەدوای نەمرییدا گەڕاون، بەهۆی بینینی مردنی کەسێک! زۆرجاریش کەسەکە خۆشەویست و نزیکی خۆیان بووە، تووشی ئەم پرسیار لەخۆکردنە بوونە، لێرەوە دەست پێکردنی گەڕان بەدوای نەمریی دەستی پێکردووە.

(*-٣٢) هەموو ئەو شیعرانەی لە داستانی گلگامش وەرگیراون و لاپەڕە و سەرچاوەیان دیاری نەکراوە لە(ملحمە گلگامش، طه باقر، ١٩٨٦) وەرگیراون.

(*-٣٣) ڕۆژگاری سۆشیانت. = سۆشیانت، سۆشیانس: «ناوی سێ کەسی دیاریکراوی زەردەشتی-یە کە لەدوا سێ هەزارەی تەمەنی جیهان، (بەپێی باوەڕی زەردەشتییەکان ) بەدەردەکەون و جیهان لە زوڵم و خراپە و فەساد پاک دەکەنەوە» (أساطیر وفرهنگ ایران در نوشتەهای پهلوی ص٥٦١).

(*-٣٤) هەرایتی و هەرە بەرزایتی، وەک ناو و وەک مانا زۆر لە(هەرە بەرز- هەرە بەرزایەتی) ئێستای کوردی نزیکن، کە ئێستا ئەم دەستەواژەیە بۆ لوتکەی شاخی بەرز و بۆ شتی بەرزو بەرز تر لەوانەی دەوروبەری بەکاردێ. هەرا ئێستا بۆ بەرزی بەکاردێ. کە دوور نییە ڕیشەی وشەکانی ئێستای کورد بۆ وشە ئاوێستاییەکە بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوەش بێنینەوە بیرمان کە زۆر لە لێکۆڵەرەوە و ئاوێستا ناسان، زمانی ئاوێستا بە شێوەیەک لە زمانی کوردی ئەو ڕۆژگارە دەزانن.

(*-٣٥) کەباسی کەسانی نەمر بکرێ دەبێ باسی(خدری زیندە)ش بکەین، بەڵام، چونکە لە بەشی سێیەم لە بەشی (کوردی و فارسی)شدا باس دەکرێ، بۆیە لێرە زۆر بەپێویستم نەزانی، باسی بکەم، هەرچەندە ئێستا وەک کەسایەتییەکی (نەمر)ی جیهانیش ناسراوە و هەندێ بیری دروستبوونی دەگەڕێننەوە ڕۆژانی سۆمەرییەکان.

(*-٣٦) : (ناساتیا Nasatya = نائاساتیا)ی هیندی بەمانای نائاسایی و ناواقعی دێت، کە لەڕووی مانا و دەنگەوە (نائاساتیا)ی هیندی لەگەڵ (نائاسایی) کوردی زۆر لێک نزیکن، (نا) هەر هەمان (نا)ی ڕەتکردنەوەیە، (ئاساتیا)و (ئاسایی)ش هەر یەک وشەن بەکەمێک گۆڕانەوە کە لەسەر یەک دەکاتە نائاسایی.

(*-٣٧) چەک نەبڕ، واتە ئەو جێگایەی چەک نایبڕێ چونکە بەئاو یان خوێنی کاریگەر تەڕ بووە.

(*-٣٨) : ئەم شیعرەی بابام بەڕێنووسی ئەمڕۆ نووسییەوە.





# گەڕان بەدوای نەمریی، لە ئەفسانەی کوردی و فارسی-دا

### ٣-١ خدری زیندە و ئەسکەندەر:

ئێستا لەسەر ئاستی جیهانی (خدری زیندە) و(*-١) (ئەسکەندەری چار قوڕنەت)(*-٢) دوو کەسایەتیی ناسراون لەنێو مێژوو و ئایین و ئەفسانەدا. کە یەکەم: واتە (خدری زیندە) گوایە (ئاوی نەمریی) خواردووتەوە و ئێستا بەپێی باوەڕی (ڕەشەخەڵک)ەکە (*-٣)، بەشێوەی تایبەتی خۆی بەردەوام بەدنیادا دەسووڕێتەوە و لەکوێ کەسانی لێقەوماو و هەژار هاواری بکەنێ و داوای یارمەتیی لێ بکەن ئەو یارمەتییان دەدا. دووەم: (ئەسکەندەری چار قوڕنەت)ە کە وەک کەسایەتییەکی واقعی مێژوویی چووەتە ناو ئەفسانە بەوەی کە گوایە بەدوای (ئاوی حەیات)دا گەڕاوە، ئەگەرچی خۆی دەسی نەکەوتووە، بەڵام گەڕانەکەی بەپێی -ئەفسانەکان- چووەتە (وڵاتی ئەفسانە)و چیرۆکێکی ئەفسانەیی دروست کردووە و ئێستا ئەو چیرۆکانە لەنێو هەموو نەتەوەکاندا دەگێڕدرێنەوە هەر نەتەوە و بەشێوەی تایبەتی خۆی، بەڵام خاڵی گرنگ و هێڵی سەرەکی ئەفسانەکە (گەڕانە بەدوای ئاوی نەمریی)دا. کەواتە ئەم دوو کەسایەتییە ئەفسانەییە. جگە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەیان لەنێو کورد و فارسدا وا پێویست دەکا باسی ڕیشەی واقیعەتیشیان بکەین، بە باسێکی مێژوویی و واقعی، ئەوەندەی لێکۆڵینەوەکە ڕێگا دەدا.

### ٣-١-١ خدری زیندە:

هەندێ لێکۆڵەرەوە ڕیشەی (خدری زیندە = خضر الحي) دەبەنەوە سەر چیرۆکی (تەموز و عەشتار)(*-٤) دەگێڕنەوە، کەپاش ئەوەی تەموز دەکوژرێ و دەچێتە (جیهانی ژێرەوە) عەشتار بەدوایدا دەچێ و بەیارمەتیی خوداوەندەکان دەیهێننەوە سەر دنیا، هێنانەوەکەی بەکژە! هەر ساڵەی شەش مانگ لەجیهانی ژێرەوە دەبێ و شەش مانگیش دەگەڕێتەوە سەر زەوی، ئەو شەش مانگەی کە تەموز لەژێر زەوییە، سەر زەوی، وشک و برینگە، کە شەش مانگەکەی تر دێتەوە سەر زەوی، سەر زەوی سەوز و تەڕ دەبێ. ئەم هاتنەوەی تەموز و (سەوز -خضر) بوونەی زەوی، زۆر لەو سفەتەی (خدری زیندە) دەچێ، کە بەپێی وەسفە ئایینییەکە، دەڵێن: لەهەر شوێنێکی وشک و بێ گیا دانیشتبێ، کە هەڵساوە ئەو جێگایە سەوز بووە بەگیای تەڕ و تازە، ئەوەی کەپێک دەچێ و لێکیان نزیک دەکاتەوە، سەوز بوونی ئەو زەوییەیە پاش هاتنی تەمووز و دانیشتنی (خدر - خضر) کە ئەمەش هەردووکیان لە هێزی (باران - ئاو) نزیک دەکاتەوە، ئەگەر ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەندێ لە زانایانی ئیسلام و لێکۆڵەرەوانی (قرآن)، (خدر = خضر) بەیەکێ لەو چوار پێغەمبەرە دەزانن: «چوار لەو پێغەمبەرانە زیندوون، دووانیان

له ئاسمانن عیسا و ئیدریس و دووانیان لەسەر زەوین خدر و ئەلیاس، بەڵام، خضر (=خدر) ئەویان لە دەریایە، کەچی هەڤاڵەکەی لە(سەر) زەوییە» (١٢٦ ،ص٥٧).

کەچی لێکۆڵەرەوەی وا هەیە ئەو ناوی (خدر - خضر)ە دەداتە پاڵ (کەیخوسرەو) کە لە هەندێک سەرچاوە بە: «هوو خشترە (پاشای چاک)و لە ئاوێستا (هئوسرەو) (ناوباش)و هیرۆدۆت (کیاکسار) (کی اخسارکەی ئەخسار) واتە پاشای بەهێز» (٤٩، بخش یکم، ص ١٥٩ ]دەزانن، هەر ئەو سەرچاوەیە دەنووسێ: «ناوی ئەو پاشایە لە ئەفسانەی یۆنانی و سامی بەشێوەی خیستروس (خیشترە)و کسیوتریوس (خسیوتریوس)و خضر باسکراوە» (٤٩، بخش یکم، ص١٦١) هۆی ناوهێنانەکەشی بە(خضر) بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە وەختێ ویستوویەتی (نەینەوا) داگیر بکات سوودی لە ئاوی زۆری دیجلە بینیوە کە بەشێوەی دەستکرد توانیویەتی شوورە گڵێیەکەی پێ بشکێنێ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەفسانەی لافاوی گەورەی بۆ هەڵبەستن، دیسان لە(شاهنامە) باسی گەڕانی زۆری (کەیخسرەو) دەکات لەنێو دەریاکاندا، لێرەوە بەکارهێنانی ئاو، واتا دەست بەسەر ئاوو دەریادا گرتن، هەر ئەم هێز و نەمرییەش دەدرێتە پاڵ (خدر = خضر). لەوەش کە کەیخسرەو بەشێوەیەکی دەستکرد و بە فراوانی ئاوی بۆ شەڕ و داگیرکردن بەکارهێناوە، دەبێ پاش سەرکەوتن، بۆ ئاوەدانی و کشتوکاڵیش بەکاری هێنابێ، دیارە بەکارهێنانی ئاو لەلایەن پاشایەکی بەهێز و بەزانستییەکی پێشکەوتوو (دەستکرد) دەبێتە هۆی ژیانەوە و بووژانەوە و سەوز بوونی وڵات، کە دەکرێ هەر ئەم (سەوز - خضر)ە هۆی ئەفسانە و ناولێنانەکە بێ و خاڵێکیش بێ بۆ ئەوەی لەگەڵ (خضر) پێک بچووێندرێن.

**٣-١-٢- خدری زیندە و (قورئان)ی پیرۆز:**

چیرۆکی (موسی)و (خضر) لە قورئان لە(سورة الکهف)دا زۆر باسکراوە، لە ئایەتی (٦٠ تا ٨٢) وا لێکدەدەنەوە کەئەم ئایەتانە باس لەپێککگەیشتنی ئەم دووە دەکەن، مووسا پێغەمبەر بەناوی راستەقینەی خۆی ناوی دێ، بەڵام، (خضر =خدر) وەک « فوجدا عبداً من عبادنا اتینە رحمة من عندنا وعلمنە من لدنا علماً » (الکهف،٦٥) ناوی هاتووە کە لێرە خودا بە- عبداً من عبادنا- باسی خضر- دەکات و هەر لە قورئان-دا هەندێک ئایەتی سوورەی- (الکهف) بەدووبارە بوونەوەی قسەی خضر- دەزانن: «قال إنك لن تستگیع معي صبراً» (الکهف،٦٧) واتە (خضر = خدری زیندە) بەمووسا پێغەمبەر دەڵێ: تۆ سەبری ئەوەت - نییە- لەگەڵ مندا بی. واتە وەک لە(سورە)ی (الکهف)دا بەدەردەکەوێ، کە خودا باسی هەردووکیان دەکات، موسا و خدر، هەروەها گفتوگۆی هەردووکیشیان لەسوورەتەکە دووبارە دەکرێتەوە. کە ئەمەش بەپێی مەنتقی سوورەتەکە بوونی خدر (خضر) دەسەلمێنێ، لەوەش زیاتر لەو چیرۆکەدا باسی هەندێ لە سیفەتەکانی خدری زیندە دەکات، وەک ئەوەی خدری زیندە لەپڕ دەردەکەوێ، واتە کە مووسا و لاوەکە گەڕانەوە ئەو جێگایەی کە(نەهەنگ)ەکەیان لێ بزرکردبوو: «خضر یان بینی (س.خ) لەسەر وشکە گیا راکشاوە، خۆی بەکراسەکەی داپۆشیوە، کە مووسا سڵاوی لێ کرد، خضر کراسەکەی لەسەر خۆی لاداو وەڵامی سڵاوی دایەوە، خضر لە - جێگایەکی- نەزانراوی ئاڵۆز پەیدا بوو، مووسا و لاوەکە نەیانزانی لەکوێ هاتووە» (١٣١، ص١٩٥) هۆی ناولێنانەکەشی بە(خضر- خدر): (البخاري) لە(أبي



هریرە- خ. ر) ئەویش لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕێتەوە: «بۆیە ناوی لێنرا (خضر= خدر) لەبەرئەوەی لەسەر فەروەیەکی سپی دانیشت، لەپڕ لەژێریا بەسەوزی دەستی بەلەرزین کرد» (١٣١، ص١٧٦) لە باسی (نەهەنگ)ەکەشدا، دەڵێن: «کە خودا فەرمانی بەمووسا دا کە(نەهەنگ)ێکی سوورەوەکراوی خوێ کراو لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ (...) مووسا و لاوەکە خەوتن، نەهەنگ بەخوێ کراوی و سوورەوەکراوی هەڵگیرابوو، دڵۆپە ئاوێکی کانی ژیانی بەرکەوت ژیانی هاتەوەبەر» (١٣١، ص١٩٥) ئەو ئاوەی کە نەهەنگە سوورەوەکراوەکەی ژیاندەوە دەڵێن: (خضر)یش هەر لەو کانییەی خواردووتەوە: «دەستەیەک لە(زانا) موسڵمانەکان بۆ ئەوە دەچن کە(خدری زیندە = الخضر حي) لە ئاوی (کانیی ژیان)ی خواردەوە، ئەوەی کە هەرکەسێک لێی بخواتەوە نامرێ، هەتا ڕۆژی قیامەت» (١٣١، ص١٨١) لە بارەی ساڵ و شوێنی لەدایک بوون و مردنی (خضر) سەرچاوە ئایینییەکان، هیچ هەواڵێکیان پێ نییە: نەبوونی زانیاری لەم رووەوە (خضر- خدر)ی زیاتر پیرۆز و ئەفسانەیی کردووە.

**٣-١-٣ خدری زیندە لەخەیاڵی ئەفسانەیی کورد-دا:**

خدری زیندە لەنێو خەیاڵی رەشە خەڵکەکە، ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە. هەر ئەو ئامادەیی و باوەڕەیە، کە لەنێو زۆر چیرۆک و ئەفسانەکاندا (خدری زیندە) کەسایەتییەکی خێرخواز و رێ پیشاندەرە، لەسەر زۆر شێوە خۆ پیشانی لێقەوماوان دەدا، جگە لە شێوەکانی مرۆڤ، لەسەر شێوەی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەریش دەردەکەوێ.

نیشانەکانی ئەوەیە کە وەختێ وەک پیرەمێردێک دەردەکەوێ «دەستی زۆر نەرم و شڵە هەروەک ئێسقانی تێدانەبێ» (٢٨، ل٤٨) دەستی نەک هەر نەرم و شڵە، بەڵکە دەڵێن خدری زیندە جەستەی بێ ئێسقان و بێ سێبەرە، بەم دوو سفەتەش لەشێوەی مرۆڤی وەدەردەنێن و دەیبەنە (جیهانی باڵا) و نێو فریشتە و پەرییان. جگە لەوە دەڵێن: بەچاو قووچێنێک ئەو سەرو ئەم سەری جیهان دەبڕێ و دەتوانێ، بۆ هەر شێوەیەکی بیەوێ خۆ بگۆڕێ و زانیارییەکی هەیە، هەموو خەڵک و هەموو کەسێک چاک دەناسێ، نەمرەو ئاوی حەیاتێی خواردووتەوە و هەتا ڕۆژی قیامەت، زیندووە. هەر ئەم سفەتانەش دەدەن بە (ئەهریمەن!) بەڵام، وەک رەگەزێکی شەڕ، کە دیسان ئەهریمەنیش زیندووە، تا ڕۆژی قیامەت و ئاخرین کەسە لە جیهان (عزرائیل) فریشتەی گیان کێشان گیانی دەکێشێ، بەم بەرامبەر یەک راگرتنەی (خدری زیندە = هێزی خێر) و (ئەهریمەن= هێزی شەڕ) ئەم باوەڕە لەبیری ئایینی زەردەشتی و باوەڕی (زەروان)مان نزیک دەکاتەوە، هەر ئێستا لەنێو خەڵکی کوردستان سەدان و هەزاران کەس و بنەماڵە هەن، دەڵێن «ئێمە خدری زیندەمان دیوە» (عەبدولڕەقیب یووسف) لە باسی (شاخی سوورێن)دا دەنووسێ: «چەمی خیری زینە (واتە خدری زیندە هاتووەتە ئەو جێیە و ئەو کانییە گەورەیەی تەقاندووەتەوە) لەبەری باکووری دۆڵی (نەوێ) دا و لە خوار (بانی بنۆک) بەرامبەر بە (قەلێی زوحاک)(*-٥) هەڵدەقوڵێت بەدۆڵەکەدا بۆ نەوێ دێت» (٢١، ل١١-١٢) دیارە ئەم ناوی (خیری زینە =خدری زیندە)یە بەهۆی رووداوێک و جۆرە دەرکەوتنێکی خدری زیندەیە (بەپێی باوەڕی خەڵکەکە) بەسەر ئەو چەمە دابڕاوە.

**٣-٢-١- ئەسکەندەری چوار قوڕنەت:** (ئەسکەندەری مەقدۆنی-٣٥٦-٣٢٤- پ-ز)

ئەسکەندەر کوڕی (فیلیب) شای مەقدونیایە، لەمەقدونیا لەدایک بووە، لەشاری (بابل) مردووە شاگردی (ئەرستۆ- ٣٨٤-٣٢٢-پ.ز) بوو لە بیست ساڵیدا حوکمی گرتە دەست لەسایەی لێهاتوویی خۆی سەرەتا ڕۆژئاوای داگیر کرد پاشان ڕۆژهەڵات، سیی و چوار ساڵ تەمەنی تەواو نەکردبوو مرد، لە ساڵی (٣٣٢ پ.ز) لە (گوگامیل- گۆگەمیر)ی نزیک هەولێر (دارا) پاشای فارسی شکاند و هەتا رووباری (سند) رۆیشت لە وڵاتی هند. ئەسکەندەر ئەو پیاوە مێژووییەیە کە لەسایەی سەرکەوتنە گرنگ و کردەوە جیهانییەکانی، بووەتە پاڵەوانی دەیان و سەدان حەکایەتی میللی و ئەفسانەیی لە هەموو جیهان و زۆر کردەوە و کاری ئەفسانەیی دراوەتە پاڵ. بۆ نموونە لە وڵاتی هند: «باسی شەڕەکانی دەکەن لەگەڵ مێرووی گەورە و زەلام و گۆشتخۆرەکان و ماری شەش سەر و کورتە باڵا یەک پێیەکان و ئەسپە سەر مرۆڤەکان و مرۆڤە سەر سەگەکان» (٢٠٠).

**٣-٢-٢- ئەسکەندەر لەنێو خەیاڵی ئەفسانەیی کورددا:**

لەنێو کورد (ئەسکەندەر) بەزۆر شێوە باسی دەکرێ و بووەتە پاڵەوانی زۆر ئەفسانە و زۆر جێگاش هەیە ناوی ئەو سەرکردە یۆنانییەی پێوەیە هەر مامۆستا (وریا قانع) لەزاری باوکی دەگێڕێتەوە، کە زۆر جار بەمنداڵی لێی بیستووە گوتوویەتی: «باسی مردنەکەی (ئەسکەندەر)یشی کرد کە لە (شارەزوور) بەنەخۆشی سک چوون مردووە، لە گۆمێکدا لە (چەمی چەقان)ی (شارەزوور) لەنزیک ئاوایی (زەنگی مەڕ) لاشەکەیان شۆریوە و ئێستاش بەو گۆمە دەڵێن (گۆمی ئەسکەندەر) دار بەروویێکی گەورە لە شوێنی مردنەکەیدا ماوە کە بەداری (ذي القرنين) بەناوبانگە. ئێستاش کە خێڵە جافەکان دەگەنە بن ئەو دارە فاتیحەیەک بۆ گیانی (ئەسکەندەر) دەخوێنن، لەپاش شۆردنی لاشەکەی جەرگ و هەناویان دەرهێناوە لەنزیک ئەو دارە گۆڕێکیان بۆ کردووە کە بەگۆڕی (ئەسکەندەر) دەژمێردرێ، بەڵام لاشەکەیان بردەوە لە شوێنی شاری (ئەسکەندەرییە)ی میسر ناشتیان» ٢٢٧ .

**٣-٢-٣- ئەسکەندەر لەنێو (قورئان)ی پیرۆزدا .**

قورئان دەقێکی لەمێژینەی هەزار و چوار سەد ساڵەییە جگە لە کۆنییەکەی خۆی، باسی زۆر ڕووداو و کەسایەتیی کۆنتریش دەکات، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان و لێکدەرەوەکانی قورئان، (ذووالقرنين)ی نێو قورئان بە ئەسکەندەری مەقدۆنی لێکدەدەنەوە، هەر چەندە هەموو زانایان لەم بارەیەوە رایان وەکو یەک نییە! بەڵام، ئەم رایەی کە دەڵێ (ذووالقرنين) هێمایە بۆ ئەسکەندەر، ئەمەش هێمایەکە بۆ گرنگی و ناوداریی ئەو سەرکردە یۆنانییە، کە لەراستیشدا هەروا بوو.

خودا دەفەرمووێ: (ويسئلونك عن ذي القرنين قل ساتلو عليكم منه ذكراً» (الكهف "٨٣") ئەو زانایانەی کە دەڵێن قورئان باسی ئەسکەندەری کردووە، ئەم (ذووالقرنين)ە وا لێکدەدەنەوە کە مەبەست ئەسکەندەرە، لەوەش کە قورئان راستەوخۆ ناوی ئەسکەندەری نەهێناوە (دکتۆر سەڵاح عەبدولقادر ئەلخالیدی) وای لێکدەداتەوە کە دەڵێ لە قورئاندا: «مەبەست تۆمار کردنی مێژوویی نییە! بەڵکو



مەبەست پەند وەرگرتنە لە چیرۆکەکە» (١٣١، ص٥٥) لەوەش کە ئەسکەندەر بە «ژی القرنين» ناو براوە، زۆر را هەیە، هەر دکتۆر (سەڵاح عەبدولقادر ئەلخالیدی) دەڵێ: «ناویان لێنا - ذی القرنين- چونکە وڵاتی فارسی گرتە ژێر دەست، وەک ئەوەی -وڵات= قرن-ی یۆنانی و قرن =وڵات-ی فارسی کۆکردەوە، کە دوو وڵاتی بەهێزی ئەو ڕۆژگارە بوون.» (١٣١، ص٢٦٠) ئەسکەندەر کە لەم تەمەنە کەمەدا توانی گەورەترین و بەهێزترین دوو وڵاتی ئەو ڕۆژگارەی جیهان بخاتە ژێر رکێفی خۆی و لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بێ و سەرکەوتنە گرنگەکانیشی لە جیهان دەنگی دایەوە، ئەمانە هەمووی رێگای ئەوەیان بۆ خەیاڵی عەوام خۆشکرد کە بیکەنە پاڵەوانی زۆر ئەفسانان، یەکێ لەو ئەفسانانەش گەڕانە بەدوای- ئاوی حەیات-دا، ئەم ئەفسانەیەش زۆر نەتەوەی دنیا تێیدا هاوبەشن، لەو نەتەوانەش کورد و فارس، لە هەمووان لەپێشترن لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: کوردستان لەو ڕۆژگارەدا، چ وەکو وڵات، چ وەکو میللەت بەشێکی گرنگ و دیاری وڵاتی فارس بووە، سەرەڕای ئەوەش، شەڕی (ئەسکەندەر) پاشا و سەرکردەی یۆنانی لەگەڵ، پاشا و سەرکردەی فارس (دارا) لە خاکی کوردستان و لە نزیک شاری (هەولێر) و رێک لە (گۆگەمیر) بوو، ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی گرنگە بۆ ئەوەی ئەم شەڕ و سەرکردەیە لەنێو خەیاڵی ئەفسانەیی ئەو خەڵکە جێگای خۆی بکاتەوە و ببێ بە پاڵەوان و کەرەستەی زۆر ئەفسانەی ئەو میللەتە.

دووەم: میللەتی فارس، چ وەک میللەت، چ وەک پاشا و سەرکردە و لەشکر، بەشی دووەم و گرنگی ئەو ڕووداو و مێژووەن، کەئەسکەندەر تێیدا براوە بوو، شکستی دارا و شکانی لەشکر و داگیرکردنی وڵاتی فارس لەلایەن ئەسکەندەرەوە ئەمەش ڕووداوێکە لەمێژووی فارس و لە خەیاڵی ئەفسانەیی عەوام، رەگێکی قووڵ و کاریگەرییەکی زۆری هەیە. ئەگەر مێژوونووسانی فارس زۆریان لەبارەوە نووسیوە، ئەوا خەیاڵی ئەفسانەسازی عەوامیش کەمی بۆ نەکردووە.

**٣-٣-١- فەڕی ئیزەدی:**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی نەمرانی ئەفسانەی فارسی، کە ئەویش سەرچاوە لە ئەفسانە ئێرانییە کۆنەکانەوە دەگرێ، بوونی- (فرەَ و ایزدی، خورنە، هوم)ە، کە ئەمانەش وەک هێز و پیرۆزی و ڕووناکی، هەر پاشا و پاڵەوانێک هەیبوایە، لە دوو لاوە سوودی لێ دەبینی. یەک: لە رووی جەستەوە ئەو کەسە هیچ نەخۆش نەدەکەوت و بریندار نەدەبوو و نەدەمرد. دوو: هەر کارێکی بیویستبایە دەیتوانی بیکات و بەسەر هەر دوژمن و دێوێکدا سەردەکەوت. ئەم فەڕی ئیزەدییە تایبەت بەبنەماڵەی پاشا رەسەن و رەواکانی ئێران بوو، واتە هەموو کەسێ نەیدەتوانی بەدەستی بێنێ، تایبەتمەندییەکی تری ئەو فەڕی ئیزەدییە ئەوەبوو، خاوەنەکەی واتە ئەو کەسەی ئەو فەڕەی هەبووایە، هەتا لە پێناو خێر و چاکە و لە دژی شەڕ دیوان بەکاری هێنابوایە، ئەوا ئەو هێز و ڕووناکییەی لەبەردەستدا بوو، هەر هێندە لەرێگەی لادابا، ئەوا فەڕی ئێزەدی لێی دوور دەکەوتەوە و هێز و توانای لەدەست دەدا و رووی لە شکست دەکرد وەکو (جەمشید).

- فەڕ: وەک هەندێ لە فەرهەنگەکان مانایان لێکدراوەتەوە.

– فرَ: «واته شان و شەوکەت و پایە بەرزی و بەمانای رووناکیش هاتووە» (١٩٠).

– فەڕ: «ودم، پیرۆزی، بەهرە، فایدە» (١٨٩).

– فر: (فرە، شان و شەوکەت، پایە بەرزیی، جوانی، رەونەقی هەڵبژاردە، پرتەوە، رووەک» (١٩٣).

وشەی (فەڕ) ئێستاش لەنێو کورد ڕۆژانە بەکار دێت، وەک ئەوەی بەکەسێک دەڵێن: «کابرایەکی بێ فـەڕە» واتە کـابرایەکی بێ خـێـرە، یان دەڵێن: «کـابرایەکی بەد فـەڕە» واتە شـەڕاوییـە و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە بەدی و خراپەیە.

– هوم: «هەومە: هومە (سەومەی ویدایی) خوداوەندێکە کە لەش ساغی و هێز دەبەخشێ و بەرو بووم و نەوە زۆر دەکـات، – هوم: نـاوی گیـایـەکـە کە توانایەکی شفـابەخشی هەیە، باوەڕ وایە کـە لە جنسی (ئافـدرا) یە، (٠٠٠) بڕوا وابـوو کـە ئەم خـوداوەندە هێـزێکی وای هەیە هەر دوژمنێک دەشکێنێ، لەراستیدا کە (کەیخەسرەو) پاشای توران (ئەفراسیاب)ی دواتر شکاند سوودی راستەوخۆی لە (هوم) بینی» (١٠٥، ص١٧)

-خەوەرنە: «دەقە زەردەشتییەکانی پاشتر، وەکو (دینکرد = دینکەرد) باسی ئەوە دەکەن کە چۆن فرە = فەڕە (خەوەرەنە =خورنە) و گیان پاسەوان (فر و هر= فەروە هەر) پێشتـر لە دایکی ئەو پێغەمبەرە هەبووە، فەڕە لەجیهانی رووناکی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان رووناکیی وەرگرتبوو، لەوێوە چووە نێو ئاگردانی ئەو بنەماڵەیە. دایکی زەردەشت (دوغدو) فـەڕەی لە بەدەنی خۆیدا هەڵگرتبـوو. ئەو فـەڕەیە هێندە رووناک بوو کە ئەو ژنە لە تاریکیدا دەدرەوشایەوە» (١٠٥، ص ٦٥)

«لەبارەی پەیدابوونی (فـەڕەی زەردەشت) (*-٦) هەتا پێش لەدایک بوونی، کـە چل و پێنج سـاڵ پێش ئەوەی زەردەشت بگاتە ئەو تەمەنەی قسـە لەگەڵ (ئورمز = خـودا) بـکات، کـاتی کـە فـەرینی = داپیـری زەردەشت لە دایکەوە- دایکی زەردەشتی ببێ، کـە ناوی دوغـدو بوو، (فـرە زردەشت= فـەڕەی زەردەشت=) لەشێوەی ئاگرێکی رووناک دابەزی و تێکەڵ ئەو ئاگرە بوو کە لە پێش ئەو بوو. فـەڕە لەو ئاگـرەوە تێکەڵ دایکی زەردەشت بوو و ئەو فـەڕەیە سێ شـەو و ڕۆژان، لە هەر چواردەوری مـاڵەکـەیان گەشاوە بوو، کە ڕێبواران بەردەوام لەسایەی ئەو رووناکییە بەڕێدا دەڕۆیشتن، کاتێ کە دوغدو گەیشتە پازدە سـاڵان بەهۆی ئەو فـەڕەی کـە لەودا هەبوو، کـە بەڕێوە دەڕۆیشت، رووناکـیی دەوروبەری روون دەکردەوە» (٦٥، ص١٢١)

فـەڕی ئیـزەدی: «خەڵکەکـەی تر کە لە شەش کـیشـوەری جیـهـان نیشـتـەجێن لە نەوەی (مەشـیـە) و(مـەشـیـانە) بوون، ئەوان بەسـواری گـای ئەفـسـانەیی (سریسوگ = سـەریسـوگ) لە دەریا پەڕینەوە و گەیشتنە نێوەندی هەرێمەکان، چونکە لە کیشوەرێک بۆ کیشوەرێکی تر تەنیا بەهاوکاریی خوداوەند یان بەفەڕ ئیزەدی دەیانتوانی بپەڕنەوە» (٩٧، ص٢٠)

-هوم: «لە ئاوێستا و هئوم لەڕیگ ویدا سوما soma ناوی گیایەکە خۆشاوی هومی لێ دروست دەکەن (...) لەکن بەرهەمنەکـان سومـا نـاوی خـودایە، هەروەکـو هوم لە مـەزدەیەسـەنا نـاوی فـریشـتـەیەکـە». (١٩٢).



-هوم: «قسە وایە کە لەمردنی موبد= پیاوی ئایینی، (ئیزەدی= خودایی) لە ڕێ و رەسمی قوربانیی ژیان هێز بە ئیمانداران دەگات (...) هومە: خدایەکە: بۆ خۆی لەڕێ و رەسمی قوربانی دەبێتە قوربانی تا خەڵکی ژیانیان دەست کەوێ» (٥٢، ص٥٢) لەبارەی فروهەری زەردەشتەوە: «فروهەرەکەی لە هوم و فڕەکـەشی لە شیری مـانگاوە داهێنرا، کـاتێ دایک و باوکی خـواردیان، ئەو کات زەردەشت پەیدا بوو» (٦٥، ص١٢٢)

گەو کەرەنە: گوکرنە، یان هومی سپی کە هەموو خەڵک دەرمانی نەمریی لەکاتی ئەفراندنەوەی جیهان لەوەوە بەدەست دێنن» (٥٢، ص٢٨).

وەک لە خـوێندنەوەی سـەرچاوە کۆنەکـان بەدەردەکەوێ، فـەڕ، یان فـەڕی خودایی، شـتێکە خـوداوەند، دەیداتە پیاوانی خۆی، لە پێغەمبەر و ئیمـاندار و پیاوچاکان، هەروەها مـیراتێکی بنەماڵەشە و لە بابەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە، کـەسێ کـە نەیبێ ناتـوانێ بەدەسـتی بێنێ وەک کـە زوحاک نـەیتـوانی، بەڵام هەیە لەدەستی دەدا، وەک ئەوەی کە جەمشید دۆڕاندی.

بەڵام، هوم و خـەوەرنە خـۆشـاوی گـوشـراوی جۆرە گـیـایەکن و لە بۆنە ئاییـنییـەکـاندا پیـاوانی ئایینی بەدەستی دێنن و دەیبەخشنەوە، هەندێ جاریش لـە شیر یان جاری وا هەیە لە بەزی گا و مـانگا بەدەست دەهێنرێ، واتـە دەگیرێتەوە، هەمووشیان واتـە فەڕ و هوم و خەوەرنە و سوماکە وەکو ناو دووبارە بوونەوەی یەکـتـرن، هۆن بۆ خـۆشگوزەرانـی و دەسـەڵاتداری و نەمـریی. هەر ئەو هۆیەش جـەمـشـیـد و فـەرەیدوون هەیانبوو، زوحاکیش هەوڵی دا بەدەستی بێنێ.

### ٣-٤-١ کورتەی ئەفسانەکان بۆچی؟!

مەبەست و کرۆکی سـەرەکیی ئەو لێکۆڵینەوەیە، بەراوردی تیمەی گەڕانە بەدوای نەمری لە ئەفسانەی کـوردی و فـارسـیدا، لەبەر ئەوەی ئەم جـۆرە ئەفـسـانانەش تا ئێـسـتا چ لـەنێـو کـورد چ بەبەراورد لەگـەڵ زمانێکی تر شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسراوە و نەکەوتوونەتە نێو فەرهەنگی گشتییەوە، سەرەڕای ئەوەش وا بـەکـۆمـەڵ و لەسـەر یەک و بەراورد لەگـەڵ فـارسی هەر یەکـجـار دەگـمـەنن، دیسـان ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری و پراکـتـیکـیـیـە، بۆیە پێـویست دەکـات کورتەیەکی دەقی ئەفسانە کوردی و فـارسییەکـان بخرێتە پێش چاو بۆ ئەوەی زەمینەی بەراوردکارییەکە لەبەر چاو بێ، لەم کارەدا ڕەچاوی دوو خاڵ کراوە:

١- زۆربەی ئەفسانە کوردی و فارسییەکان زۆر درێژن و لێرە کورت کراونەتەوە.

٢- لە کورت کردنەوەکەدا تەنیا گرنگی بەلایەنی گەڕانەکە دراوە و ئەو مەبەستە روون دەکاتەوە.

خـاڵێکی تر کـە شیـاوی باسکردن بێ ئەوەیە، کـە لەنێـو ئەفـسـانە کـوردی و فـارسـیـیـەکـاندا، من ئەو ئەفسـانانەم هەڵبژاردووە کە لەگەڵ کرۆکی نامەکەدا دەگونجێن و لەنێو ئەفسـانەکـاندا دەستم کەوتوون، لەوەشدا ئەوە تێبینی دەکرێ، ئەفسانە کوردییـەکان زۆربەیان ئەفسـانەی ئاسایین و کەمتریان ئەفسـانەی خوداوەندانن، کەچی ئەفسانە فـارسییەکـان -بەپێچەوانە- زۆربەیان ئەفسـانەی خوداوەندانن و کـەمـتریان ئەفسانەی ئاسایین.

**٣-٤-٢- کورتەی دەقی ئەفسانە کوردییەکان:**

**داستانا میرمح:**

ئەم دەقەی داستانی میرمح، برای نووسەر (بەدەل فەقیر حەجی Bedel– Feqirheci) لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری لالش لە بەشە لاتینییەکەی لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکدا بڵاوی کردووتەوە، لاپەڕە (٥ تا ٣٨)ی گرتووتەوە. میرمح چیرۆکێکی کۆن و بڵاوی کوردییە، بەتایبەت لە ناو برا ئێزدییەکان زۆر بڵاوەو بەزۆر شێوەی دەگێڕنەوە.

**١- کورتەی «داستانی میرمح»** (٢١٢، ٥، ل٥، -٣٨)

میرمح کوڕی میرێکی دەوڵەمەند و مەزن بوو، بابی تەنیا ئەو کوڕەی هەبوو، منداڵی تاقانەش خۆشەویستە، بابی نەیدەویست کوڕەکەی هیچ لەبارەی ژیان و مردن بزانێ، خانووەکی تایبەتی بۆ کردبوو، هەڤاڵ و برادەری دەهێنا کن و نەیدەهێشت ئەو لە ماڵێ بچێتە دەرەوە، هەتا گەیشتە تەمەنی ژن هێنان بابی کچێکی وەکو کوڕەکەی خۆی دۆزییەوە ئەویش هیچی لە ژیان نەدەزانی. ژیانی میرمح بەم شێوەیە بەردەوام بوو، بەڕۆژ لەگەڵ برادەران و شەو لەگەڵ ژنەکەی لە ماڵ دەرنەدەکەوت، شەوێک میرمح برادەرەکانی هەتا بەردەرگای بەڕێ کرد، لەو کاتی عزرائیل هات و گیانی دەزگیرانەکەی کێشا، میرمح هاتەوە وای زانی نووستووە، بانگی کرد، هیچ وەڵام نەبوو، ئێوارەی پاشتر برادەرەکانی گوتیان: کوا دەزگیرانەکەت؟ گوتی: لە دوێنێوە نووستووە. کە چوون سەیریان کرد، گوتیان میرمح ئەوە مردووە – !«میرمح: مرن چییە؟» ئەوسا تێیان گەیاند کە مردن چۆنە و چۆن مردوو لە گۆڕ لەژێر خاک دەشێردرێتەوە. گوتی: «هەتا کەنگی؟» گووتیان «هەتا هەرو هەر.» ئەوسا میرمح گوت: «باشە ئەزی ژی دێ هۆڵی ئێم؟»

لە وەڵامدا میرمح تێدەگات کە کەس نامێنێ و ئەویش دەمرێ! لێرە لەم دەقە بەیتەکی دووردرێژ– کە لەکاتی گێڕانەوە بە ئاواز و مۆسیقا دەگوترێ– باس لە ژیان و مردن و غەریبی مرۆڤ دەکات، ئەو بەندانە لەسەر زاری میرمح-ەوە دەگوترێن.

پاشان میرمح «گوت ئەزی چم وێ عەردی، عەردێ مرن لێ نییە!» هەرچی دایک و باوک و کەسوکاری دەیانەوێ لەوە حاڵی بکەن کە مردن لە هەموو جێگایەکی هەیە و کەس لەمردن رزگاری نابێ، میرمح پەشیمان نابێتەوە. «خاترا خۆوە ژ دای و باب و کەس و کار و هەڤاڵێت خواست و ل جوانێ خۆ سوار بوو دەستەکی تولە و تاژی یا دانە دوخۆەو ب دنیایی کەفت» ماوەیەکی زۆر رۆیشت و زۆر چیا و بیابان و شار و ئاوەدانی بڕی. ڕۆژێک میرمح «گەهیشتە جوتیارەکی ل رەخ دەریایەکی جۆت دکر گوتێ: ماندوونەبی جووتیار و پاشان جووتیار تێگەیشت کە ئەو میوانە لە چ دەگەڕێ :«گوتی هەر ل نک من بە، مرن لە هێر نینە!» –چەوا؟ گوتی هەتا ئەڤ بەحرە زوها دبت و دبتە ئەرد و خەڵک جۆت و جوبارێ لێ دکەت ژ نوهەنگی مرن دێ ل هێرە هەبت» میرمح بەوە رازی نابێ و دەڕوا. پاش رۆیشتنەکی زۆر، باڵندەیەکی دی دەبینێ لەسەر بەردەکی هەڵنیشتووە و گەلییەک گاڕسی لایە، پاشان لەگەڵ باڵندەش لێک ئاشکرا دەبن و باڵندە دەڵێ مەڕۆ لێرە مردن نییە! من هەر ڕۆژ دەنکە گاڕسەکی دەخۆم و نامرم،



هەتا ئەو گەلییە گاڕسە مابێ منیش دەمێنم! تۆش لێرە بەو لەو گاڕسە بخۆ، میرمح بەوەش رازی نابێ و دەڕوا، ئەمجارە تووشی مارێک دەبێ، لەگەڵ مارەکەش تێکدەگەن، کە میرمح لە جێگایەک دەگەڕێ مردنی لێ نەبێ، مارە دەڵێ: وەرە مردن لێرە نییە! من هەر ساڵەی جارەکی- کراس-ی خۆم لەنێو ئەو دۆڵەی فڕێدەدەم، هەر وەختەکی ئەو دۆڵە پڕبوو لە کاژوکراسی من، ئەو کاتە من دەمرم، میرمح گوتی، ڕۆژێک دێت ئەو دۆڵە پڕ دەبێتەوە! دیسان رۆیشت. ئەم جارە تووشی پیرەمێردێکی بوو، ئەو پیرەمێردەش، پاش ئەوەی زانی میرمح لە چ دەگەڕێ گوتی: وەرە لێرە بە، من هە ڕۆژەی جارێکی سەرقەلینە -سبیلەک-ی لەو- ئاخ = خۆڵ-ەی، خۆڵی ئەو گردەی داوێمە نێو ئەو گەڵییەی. وەختی ئەو گەڵییە پڕ بووەوە، ئەو وەختە من دەمردم. میرمح گوتی: ڕۆژێک دێ ئەو گەڵییەش پڕ دەبێتەوە. دیسان میرمح بەساڵ و مانگان رۆیشت. تا گەیشتە مرازی خۆی گەیشتە ئەو عەردەی کە مردنی لێ نییە! گەیشتە (قوببا فەلەکێ). پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان میرمح و (فەلەکی)، میر بەسەرهاتی خۆی بۆ (فەلەکێ) گێڕایەوە، فەلەکیش تەگبیرەکی بۆ کرد، گوتی لاوۆ هەرچی دەتەوێ لێرە بیکە و بیخۆ تەنیا مەچووە سەر ئەو (گرێ هەی هایی) میرمح پتر لە (١٥٠٠ ساڵ)ان لەوێ مایەوە، ڕۆژێک میرمح چووە سەرگردی هەی هایێ، گرد هێندە بەرز بووەوە هەتا میرمح توانی بۆن و بیری ماڵە باب و کەس و کاری بکات و غەریبی هەڵسا و فرمێسکی داباراند. کە فەلەک زانی چووەتە سەر گردی و دەگریێ، گوتی: ئێستا لە وڵاتی تۆ ئەو ساڵ دەم نەماوە و کەسوکارت هەمووی مردوون، تۆش گەیشتوویتە مرادی خۆت کەئە و جێگایەی مردنی نییە! بەڵام، میرمح هەر پێی داگرت و گوتی دەچمەوە! فەلەک سێ سێوی دایە میرمح و گوتی: ئەو سێوانە مەچوێنە، هەتا ئەو سێوانەت لابێ، خۆت و ئەسپ و تاژییەکەت هەر وا بەگەنجی دەمێننەوە، میرمح بەڕێ کەوت و پاش ماوەیەکی گەیشتەوە ئەو پیرەمێردەی کەبەسبیلەکەی خۆڵی گردی لە دۆڵەکەی دەکرد، کە میر گەیشتە لای دوا سبیلە خۆڵی هەڵدایە ناو گەلی گوتی: من چاوەڕێی تۆ بووم و مرد. میرمح گوتی: من دەمزانی مردن لێرەش هەیە. پیرەمێردی شاردەوە و کەوتە رێ. ئەو جارە گەیشتەوە باڵندەکە و سەیری کرد، ئەو گەلییەی کە پڕ گاڕس بوو، هیچی تێدا نەماوە، دوا دەنک لە دەمی باڵندەکە بوو، باڵندەکە گوتی من چاوەڕێی تۆ بووم، دوا دەنکە گاڕسی خواردو مرد. میرمح دیسان بەڕێ کەوت.. ئەمجارەش گەیشتەوە مارەکەی، مار دواکراسی فڕێدا و ئەویش مرد. میرمح گوتی: دەمزانی تۆش ڕۆژێ دێ دەمری، ئەویشی بەجێهێشت. ئەوجارە گەیشتە جووتیارێکی جووتی دەکرد، زانی ئەو جووتەی لەو جێگایەی دەکات کە پێشتر بەحر بوو، ئێستا ئەو بەحرە وشکی کردووە و بووەتە زەوی پێی دەڵێن: «زەڤیا بەحرەکێ!» ئەمجارەش رۆیشت تا گەیشتەوە گوندەکەی خۆیان سەیری کرد بووەتە شارێکی گەورە، جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد و ئەسپ چووە بەردەمی کۆنە ماڵی خۆیان، لەو ماڵە کەس نەیناسییەوە میرمح گوتی: ئەوە ماڵی ئێمەیە! پیرەمێردی ماڵەکە داوای نیشانەی لە میرمح کرد. «میرمح گوت: ئەخڕی جوانیا من ل سەر بکۆڵن دێ دەستەکا زێڕا دبندا بینن و ل سەر دەستەکێ سێلەک یادانایە ئوهەڤسارێ ڤێ جوانیا من ل سەر سیلی ێ دانایە» کە جێگایەکەیان هەڵکۆڵی ئەو زێڕ و هەوسارە لەوێ بوو. پاشان بەپرسیار و لە پیرەمێردان دەزانن کە وەختی خۆی کوڕێک سەری خۆی لەم

شاره هەڵگرتووە و بەدوای نەمرییدا گەڕاوە. میرمح چونکە دایک و باوک و کەسوکاری خۆی نەمابوو کەسیش نەیدەناسییەوە، جارێکی تر سەری خۆی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ قوببا فەلەکێ. «پشتی میرمح رێ بویە ئەمین جبریل گۆتە خودێ دلۆڤان هەکە میرمح گەهیشتە قوببا فەلەکێ مرن ل سەر نامینێت» خودا فەرمووی: «هەرە پێشێ» جبراییل لەسەر شێوەی دەروێشێکی منداڵ نەخۆش چووە پێش میرمح و گوتی: بۆنی سێوت لێ دێ و منداڵەکەم نەخۆشە و داوای سێو دەکا، میرمح گوتی: ئەو بەرو بازارە پڕی سێوە، ئەو رەز و باخە پڕ سێوە، بەڵام دەروێش واز ناهێنێ و سێوێک لە میرمح دەستێنێ. «دوێ گاڤێ دەموێت سپی دناڤ پرچێ دا دیارکرن ئو گوهێت وی پیچەک گران بون ئو رونیا چاوێ ل کێم دا، راستی یا پشتا وی وەکی بەرێ نەما» ئەوەی بەسەر میرمح هات بەسەر جوانی و تاژییەکانیش هات. جاری دووەمیش دەروێش توانی بەو فێڵە سۆزی میرمح بجووڵێنێ و سێوێکی تریشی لێ بستێنێ، ئەم جارەش پیری زیاتر لەخۆی و ماین و تاژییەکانی بەدەرکەوت، بەڵام هەر چۆنێ بوو، هەر بەردەوام بوو لەسەر رۆیشتن بەرەو قوببا فەلەکێ بۆ جاری سێیەمیش دەروێش هاتەوە پێش میرمح و لە جاری یەکەم بە سۆزتر پاڕایەوە و داوای سێوی لێ کرد، میرمح ئامۆژگاری فەلەکی هەر لەبیر بوو، لەو کاتەدا فەلەک لەسەر گردی هەی هایێ دانیشتبوو، هاواری کرد: «نەدێ.. نەدێ.. نەدێ. میرمح گوت (جبراییل؟) (*-٧) فەلەک چ دبێژێت؟ ( جیراییل= دەروێش) گوت فەلەکی دبێژی سێڤێ بدێ.. بدێ ئو تو نهۆ دگەهییە ناڤ رەزی سێڤا ئو تە پێتڤێ ئو هەوجەیێ نەما. میرمح رابو سێڤ دا جبرایل ئو دوێ گاڤێ دا میرمح ل گەل ماهین و تاژی فینەکا خۆ بونە کومکێت هێشتیا (٢١٢،٥ ،ل ٥-٣٨)

٢- مامۆستا (وریا قانع) چیرۆکێکی فۆلکلۆری کە لە زاری باوکی بیستووە، بۆی نووسیمەوە ئەو چیرۆکە باسی (ئەسکەندەر) و(خدر) و (ئەلیاس) دەکات، ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دەشێ، کورتەکەی دەگوێزمەوە ئێرە. «وتی ئەسکەندەر بەشوێن ئاوی حەیاتدا دەگەڕا، چونکە لە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەکانەوە بیستبووی هەر کەسێک لەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز نامرێت. نیشانەکانی (ئاوی حەیات) ئەوەبوو ئاوەکە لە کانییەکە دێتە دەرەوە لە دوای مەترێکی دەچێتە ژێر زەوی ئەسکەندەریش بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بەشوێن ئەو کانی و ئاوەدا دەگەڕا. لەنێو سەربازەکانیدا دوو کەس هەبوون بەناوی (خدر) و (ئەلیاس) ئەم دوو سەربازە لە کاتی گەڕاندا لە تاریکستانێکدا رێیان کەوتە سەر کانییەکە خۆیان تێریان لێ خواردەوە. ئەمجا ویستیان بچن بەشوێن ئەسکەندەر-دا و مژدەی دۆزینەوەی ئاوەکەی پێ راگەیەنن لە کاتی رۆیشتنەکەیانا دەنگێک لە غەیبەوە بانگی کردن و وتی: ( ئەی خدر و ئەلیاس ئێستا ئێوە لە رێزی مرۆڤدا نەماون و بوون بەفریشتە لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەین کە نەگەڕێنەوە بۆ لای ئەسکەندەر) لە ئەنجامیشدا خدر کە ئێستە پێی دەڵێن خدری زیندە ئەرکی فریاکەوتنی لێقەوماوانی لە وشکاییدا پێ سپێردرا و ئەلیاسیش ئەرکی فریاکەوتنی لێقەوماوانی ناو دەریای پێ سپێردرا و. لەو رۆژەوە ئەو دوو مرۆڤە بوونە فریشتە و ژیانی جاویدانیان پێ بەخشرا» (٢٢٧).

لەو دەقەی کە (دایکم) لە منداڵییەوە تا ئێستا دەیان جاری بۆ گێڕاومەتەوە و لەژێر ناوی (خدری زیندە)یە، بەجۆرێکی تر باسی خدری زیندە دەکات، کە لێرە یەکێکە لە یاران و سەربازەکانی ئیسلام لەژێر سەرکردایەتیی پێغەمبەر (د.خ).



**کورتەی پێویستی ئەو چیرۆکە**

**٣- «خدری زیندە» (٢٢٤):**

« دەڵێ پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێ، جارەک لە جاران لە غەزایێ دەگەڕایەوە، زۆر قەڵاو لەشکری شکاندبوو و کردبوونییە ئیسلام. لە رێگای گەڕانەوە ویستی شتێک بەئەسحابەکان و لەشکری ئیسلام پیشان بدات» بەو رێگایەدا نەگەڕایەوە کە لێوەی هاتبوو، پاش رۆیشتنێکی زۆر تووشی ئەشکەوتێک بوون، پێغەمبەر ئەمری کرد لەشکر بەنێو ئەشکەوتدا بڕوا، ئەو لەشکرە زۆرە بەئەسپ و حوشتر و فیلەوە لە دەرگای ئەشکەوت چوونە ژوورەوە، پاش ماوەیەکی (گەیشتنە جێگایەکی تاریکاییەک بوو چاوچاوی نەدەدی)، دەڵێ لەوتاریکاییە شتێک لەژێر پێی سوار و پیادەکان خڕەی دەهات لە پێغەمبەریان پرسی: (پێغەمبەری خوای ئەوە چییە لەبن پێیان خڕەی دێت؟) پێغەمبەر جەوابی دایەوە گوتی: (شتێکە هەر کەسێک هەڵیبگرێ و بیهێنێ پەشیمان دەبێتەوە. هەر کەسێ نەیهێنێ ئەویش هەر پەشیمان دەبێتەوە!) ئەوانیش بەناڵی هەندێک نایهێنن و هەندێکیش کەمێک لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

دەڵێن: خدری زیندە یەکێک بوو لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر و لەنێو لەشکری ئیسلامدا بوو، ئەویش لەو تاریکاییە چاوی بەکانییەکی دەکەوێ و ئاوی کانییەکەی جوان هەڵدەقوڵێ و کەچی نەزیاد دەکات و نەکەم. لەنێو هەموو ئەسحابەکان تەنیا خدر لەو ئاو و کانییە دەخواتەوە. کە لە تاریکی و ئەشکەوت دێنە دەرەوە، ئاشکرا دەبێ ئەوەی کە لەژێر پێیان خڕەی دەهات و هەندێک هێناویانە و هەندێک نەیانهێناوە، دوڕ و جەواهێر بووە، بۆیێ ئەوەی کەمی هێنابوو هەر پەشیمان بوو، ئەوەی هیچی نەهێنابوو هەر پەشیمان بوو. ئەو ئاوەش کە خدر خواردبوویەوە (ئاوی نەمریی) بوو. لەنێو هەموو لەشکر و ئەسحابەکان تەنیا خدر زیندوویێتیی بەدەست هێنا، لەو رۆژەوە ئەو بەزیندوویێتی ماوەتەوە و لە دنیایێ دەگەڕێ، دەگەڕێ و هەتا رۆژی قیامەتێ دەمێنێ و دەڵێن ئەو دوا کەسە لەسەر ئەو زەوییە و لەنێو ئیمانداران کە پاش هەموو کەسەکی دەمرێ» (٢٢٤).

٤- مامۆستا (کامل خودێدا) دەقێکی تری چیرۆکی (ئەسکەندەر)ی بۆ ناردووم، کە لەژێر ناوی(ئەسکەندەری چار قوڕنەت)ە لەو دەقەش باسی(خدر) و (ئەلیاس) دەکرێ، کورتەی چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە.

**«چیرۆکا ئەسکەندەری چار قوڕنەت»**

ئەسکەندەر پاشایەکی گەورەبوو، دەسەڵاتی بەسەر هەر چوارقوڕنەی دنیاییێدا رادەگەیشت. «شیرەتکارەک هەبوو ناڤێ وی (قەمبەر) بوو، هەروەسا ل دەوروبەرێ ئەسکەندەری کوڕەکی گەنج هەبوو ناڤێ وی (خدر)بوو، ئەڤێ گەنجێ مامەکی کال هەبوو ناڤێ وی (لیاس = ئەلیاس) بوو». قەمبەر رقی لە خدر دەبووەوە چونکە ئەسکەندەر گرنگیی بەو دەدا، داوێکی دانایەوە بۆ ئەوەی لەنێوی ببات، «قەمبەری گۆتە ئەسکەندەری، ئەرێ ما تو بۆچی مال و دنیایا تە وەزیر و زەڤینە تەو مەزنیاتە بۆ چیە ئەگەر تو بمری؟» ئێمە دەمانەوێ تۆ نەمری و کەس نەتوانێ جێگای تۆ بگرێتەوە. «ئەسکەندەری گۆت:

ئەرێ با دەرمانێ نەمرنێ چیە؟» قەمبەری گۆت: «دەرمانێ نەمرنێ- ئاڤا هیوان = ئاوی ژیان- ێیە!» هەر قەمبەر ئەسکەندەری و اتێگەیاند کە ئەو ئاو و دەرمانە تەنیا بە خدری پەیدا دەبێ، ئەسکەندەر داوای ئەو ئاوە لە خدری دەکات و خدر ناچاری دەکات بەدوای ئەو ئاوەدا بگەڕێ، خدریش بۆ ئەم کارە پرس بە ئەلیاسی مامی دەکات کە پیرەمێردێکی دنیا دیتە و زانایە. ئەو تێدەگا ئەوە داوە و (قەمبەر) بۆ (خدر)ی داناوەتەوە، بەڵام، رێگایەکی راست بۆ خدر دیاری دەکات. سەرەتا دەڵێ: هەڕوو بلێ دەچم، بەڵام، با خەرجیی ئەم رێگایە لەسەر قەمبەری بێ. هەروەها باسی ئاوی حەیاتیی بۆ دەکا و دەڵێ: «هەرە بخۆ هندەک ماسیا بگرە و بقەلینە و هورکە و دناڤ پادەکی کە، هەر وەختی ئەڤ هورکی ماسیا دئاڤیدا ساغبوو بزانە ئەڤە ئاڤا هیوانێیە» هەروەها کاتێ گەیشتییە تاریکستانێ (جەهنوو = جوانی یا) خۆت لە دارەکی ببەستەوە، چونکە تۆ رێگا ناناسی، بەڵام، ماینەکەت دەگەڕێتەوە کن جووانووەکەی خۆی. خدر بەڕێکەوت و دەگەیشتە هەر ئاوێک کەمێک هوردەی ماسی تێدەکرد، لە یەکێ لە ئاوەکان یەکسەر «هورکی ماسییا بوونە ماسی و ساغ بوون، ئێکسەر زانی ئەو ئاڤە هیوانێیە» خدر بۆ خۆی تێری ئاو خواردەوە و دایە ماینەکەش و(جەوتکێ = جەوەندە)ی لێ پڕ ئاو کرد بۆ ئەسکەندەر و گەڕایەوە، خدر رێگای نەدەزانی، بەڵام ماینەکە یەکسەر چۆوە کن جوانووەکەی، سەیر دەکا دارەکەی جوانووی لێ بەسترابووەوە، وشک بووە و جوانووەکەش مردووە، خدر بەماندوویی و دڵی پڕ خەمەوە جەوەندەکەی بەدارێ وەکرد و لێی نووست. وەک ئێزدی دەگێڕنەوە: «خودێ مەزن گۆتە(ملک جبراییل) ئەگەر ئەو ئاڤا هیوانێ بگەهتا ئەسکەندەر)ی ئەسکەندەر نامرت و ئەڤە ژی چێ نابت» جبراییل هەندێک باڵندەی هەنارد جەوەندەکەیان دڕاند و کە ئاوەکە ڕژا بەئەمری خودای دارە وشک بووەکە سەوز بووەوە و جوانووەکە زیندوو بووەوە، خدر کە لە خەو هەڵسا بینی دارەکە سەوز بووەتەوە و جوانووەکە زیندوو بووەتەوە و جەوەندەکەش دڕاوە و ئاوی تێ نەماوە.

خدر گەڕایەوە چیی دیبوو بۆ ئەسکەندەری گێڕایەوە، ئەسکەندەر بڕوای کرد، بەڵام، قەمبەر گوتی: «دڤێت ئەم فرمانا پیرەمێرا راکەین و هەمووا بکوژین» و پاشان هەموومان بەدوای ئاوی حەیاتێدا بچین، لەوەش مەبەستی لەناوبردنی ئەلیاسی مامی خدری بوو. ئەسکەندەر لەمەش بەگوێی قەمبەری کرد، خدریش مامی خۆی شاردەوە، ئەسکەندەر بەلەشکرەوە بەڕێکەوت بۆ بەدەستهێنانی ئاوی حەیاتێ، خدریش مامی لەنێو سندووقەکی شاردەوە و لەگەڵ خۆی برد. لە رێگا جبراییل خۆی کردە دەروێشێک و گوتی: ئەسکەندەر بەدوای ئاوی حەیاتێدا نەچی، ئەو ئاوە بەکەڵکی تۆ نایێ! ئەسکەندەر گوتی: ئاخر نەچم من دەمرم!! «دەروێشێ گوتێ تو نامری هەتا ل بن تە نەبتە (رصاص) و ل سەرتە نەبتە (طاس)،» ئەسکەندەریش گوتی: کەوایە هیچ جارێک لێناگەڕێم ئاوها بێ. ئەسکەندەر گەڕایەوە لە رێگا بارانەک دایکرد، لەشکری ئەسکەندەری جێگایەکیان بۆ چاکرد لەسەر شیر و لەژێر مەتاڵی. لەو کاتە جبراییل هات گوتی: ئەسکەندەر ئەوە چییە لە ژێرت؟ گوتی: (رصاص). ئەدی ئەوە چییە لەسەرت؟ گوتی: (طاس) جبراییل گوتی شەرتی ئێمە گەیشتە جێگا و ڕۆژی مردنتە!! ئەسکەندەر گوتی: مۆڵەتی ئەوەم بدە وەسیەتەکی بۆ دایکم بکەم. رووی لە سەربازەکانی کرد و گوتی: سەد کەس دەس بەدوعا، سەد



کەس بەشیرو ڕمەوە، سەد کەس بەتاسی زێڕەوە لە دەوری جەنازەکەم بێ. جبراییل (*-٨) گیانی ئەسکەندەری کێشا. کە دایکی هات، گوتی: ئەگەر بەشەڕ بووایە، نەدەمرد، شەڕکەری هەیە. ئەگەر بەماڵی دنیایێ بووایە نەدەمرد، ماڵ و زێڕی هەیە. ئەگەر بەدوعایێ بووایە هەر نەدەمرد، ئەوا سەد کەس بۆی دەپاڕێتەوە دواجار دایکی ئەسکەندەر بۆی دەسەلمێندرێ کە کەس نییە مردووی لێ نەمردبێ و کەس نییە! نەمرێ،«ئەو گۆت: مریێ تەبای خەڵکی نەی مریە!» (٢٢٦).

یەکێکی تر لەو دەقانە، ئەو دەقەیە مامۆستا (تاریق کارێزی) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردووتەوە و ئەویش لە (تاها حەمەدەمین مستەفا)ی بیستووە کورتەی ئەم دەقەش بەم شێوەیە:

٥-: «زەلامێک ڕۆژێ لە ڕۆژان وا دێت بەمێشکیا بچێت بەدوای (ئاوی حەیاتێ)دا بگەڕێ، رێگایەک دەگرێتە بەر و دەگاتە قەلایەک، بەتەخمین و مەزەندە وای بۆ دەچێت کە لەم قەلایەدا ئاوی نەمری وەدەست دەهێنێ، دەکەوێتە هەڵکەندنی قەلا تا ماوەیەک... ڕۆژێ لەڕۆژان کرمێکی سپی دەدۆزێتەوە. کرمەکە پەروەردە دەکات بەرە بەرە تا وای لێ دێت شێوەی منداڵ وەردەگرێت. منداڵەکەش پەروەردە دەکات. منداڵەکە گەورە دەبێ و بەقسە دەیێ، لە زەلامەکە دەپرسێت کە بۆچی هاتووە؟! لە وەرامدا کابرا دەڵێت: لە ئاوی نەمریی دەگەڕێم. منداڵە کرمەکە رێنمایی دەکات و دەڵێ: نەکەی ئاوی نەمریی بخۆیتەوە چونکە وەک منت لێ بەسەر دێ من کە ئەو ئاوەم خواردووتەوە. وەکو دەبینی لە کرمەوە گەورە دەبم و دەبمەوە بەمرۆڤێکی کامل و تەواو پاشان بەرە بەرە گچکە دەبمەوە، تا دەبمەوە بەو کرمەی کە بینیت، بەم شێوەیە من ژیان و گوزەران بەسەر دەبەم. زەلامەکە ئەم بەسەرهاتەی بیست بڕیاری پاشگەزبوون وگەڕانەوەی دا» (٨٩٨،٢٢٣)

٦- چیرۆکێکی تر هەیە، زۆر بڵاوە، ئەویش چیرۆکی ئەو پیرەژنەیە کە لەدەست مردن رادەکات و بەدوای نەمرییدا دەگەڕێ. ئەویش چیرۆکێکە هەموومان زۆر جارمان بیستووە! کورتەی بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە:

«دەگێڕنەوە پیرەژنێک تەنیا کوڕێکی دەبێ. هەموو ڕۆژێ داوا لە کوڕەکەی دەکات بیباتە جێگایەک کە مردنی لێ نەبێ. هەرچی کوڕەکەی دەڵێ: دایە گیان مردن لە هەموو جێگایەک هەیە، هیچ جێگایەک نییە کە مردنی لێ نەبێ ژنە بەردەوام دەڵێ: کوڕم من لە مردن دەترسێم، نامەوێ بمرم ژیان خۆشە. کوڕە ناچار ڕۆژێ دایکی سواری پیرە کەرێک دەکا و گوندە و گوند و شارە و شار بەدوای جێگایەکدا دەگەڕێ کە مردنی لێ نەبێ. دەگاتە شارێک خەڵکەکە دەڵێن: لێرە مردن نییە! دایکە دەڵێ: کوڕم ئێرە بۆ من باشە، لەحەوشێکا ژوورێک دەگرن و کوڕە خەریکی کارو کاسبی دەبێ. دایکە زۆر دڵخۆشە کە مردن نییە و ئەویش نامرێ!، ڕۆژ و هەفتە و مانگ تێدەپەڕن ڕۆژێ کوڕە ماندوو لە کار دەگەڕێتەوە ماڵ، کاتێک خواردنی بۆ دێنن، سەیر دەکا سەرێکی مرۆڤی تێدایە، دەپرسێ: ئەو گۆشتە چییە؟ دەڵێن: گۆشتی دایکتە، کوڕە دەڵێ: چۆن؟ ئەی ئێوە نەتان گوت لێرە مردن نییە! گوتیان: راستە بەڵام، هەرکەسێ نەخۆش کەوێ پێش ئەوەی لاوازبێ سەری دەبڕین و گۆشتەکەی دەخۆین. کوڕە روو لەسەری دایکی دەکا و دەڵێ:

*نەنێ... نەنێ*
*قایل نەبووی بەگۆڕ خەنێ*
*سەریان لێنای بەترخێنێ»* ( ٢٢٥ )

**٧- ئەفسانەی کوردی و هەندێ لە نەمرانی تر:**

چیرۆکی نەمران و کەسانی عەودالّ بەدوای نەمریی، لە ئەفسانەی کوردیدا تەنیا لەو چەند چیرۆکە کۆ نابێتەوە کە پێشتر کورتەیەکمان لێ خستنە بەرچاو، لەم لاو لەو لای چیرۆک و ئەفسانەی کوردی، بە چەندین شێوە باس لەم کەس و حالّەتانە دەکرێ، پێویستە بە کورتی هەندێ کەس و چیرۆکی تر باس بکەین.

٨- پیاوی ئاغای: لە چیرۆکی (ئەسحابە) لەبەر ئەوەی (پیاوی ئاغا)ی چاکەی لەگەلّ (ئەسحابە) دەکات، ئەسحابە دوعای بۆ دەکات و پیاوی ئاغای بێ مردن و گیان کێشان دەچێتە بەهەشتێ. لەگەلّ ئەسحابەی لە بەهەشتێ دەبن.

«چوو چووە کن ئەسحابەی، ئەسحابە لەسەر کورسییەکی دانیشتییە، لەناو مێرگەکی، چوو لەسەر (چینچک)ان لەکنی دانیشت،

گوتی: بروسکەک دەهات تێپەڕ دەبوو، ئەسحابە دەیگۆ: «ئێک، بروسکەکی دیکە تێپەڕ بوو، ئەویش هەر لەسەر چینچکان دانیشتییە، گوتی هەتانەکونێ حەفتێ هەزار ساری لەسەر چینچکان دانیشت لەناو مێرگێ بحێشتێ، لەکنی وایە سەحاتەکە، لەکنی وایە دەقیقەکە.»

گوتی: «وەڵاهی ئەسحابە ئەمن چیدکە دانانیشم، پارەکەم بدێ دەبەمەوە!»

گوتی: «کوڕە کابرا ئەتوو بێ هەموو ئازابی و بێ هەموو روح کێشان خوای نەجاتی توی دایە، ئەتوو هاتییە مرکێ بحێشتێ ئەتوو چیشت لە پاشایە، ئەو زەمان نمایە و ئەو بەشەر نمایە و، ئەتوو لۆ لۆخۆ دانانیشی، ئەتوو حەفتێ هەزار سارە لەسەر چینچکان لێرە دانیشتی.»

کوڕە بابە گوتی: «ئەسحابە حەفتێ هەزار ساری چی، ئەمن یێک دەقیقە دانیشتیمە، پارەکەم بدێ ئەمن خۆ شەرمەزاری ئاغای ناکەم، لۆ پارەی هاتیمە. (خوا نەجاتی نادا) وەلێ گوتی پارەکەی وێداوە»

وەکی دەچی دەبینی دەستە ناو ئەو مەقلوقاتەی نە مەقلوقاتی جاران و نە چشتی جاران و کەس نزانی چییە؟

گوتی: «حەککو چم لە خۆ کرد. بە قسەی ئەسحابەم نەکرد خۆم مار وێران کرد.» (٣٥، ل١٤٤-١٤٥).

لەم چیرۆکە. پیاوی ئاغای بێ ئەوەی خۆی بیەوێ و پێ بزانێ، بێ (مردن) و (روح کێشان) دەچێتە نێو بەهەشت، کەچی ئەویش وەکو (ئادابا) دەیدۆڕێنێ، ئەوەی جێگای سەرنجە تێپەڕبوونی زەمانە - دەقیقەیەک- بە حەفتێ هەزار سالّ.

٩- شێخ فەرخ: چیرۆکی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی لە نێو کوردەواری چیرۆکێکی پڕ لە کاری سەیر



و ئەفسانەییە، شێخ فەرخ، هەر لە منداڵی کە تازە لە دایک دەبێ، دەکەوێتە قسە، خەڵکەکە ئەمە بە عاجباتی تێدەگەن. ئەگەر وانەبێ: «دەنا قەت بووە منداڵی یەک ساحەتە دەزگی دایکی بکا قسانە؟!» (٤ بەشی دووەم، ل٧٥) ئەو منداڵەی کە هەر زوو کە تازە لە دایک دەبێ دەست بە قسان دەکات، هەر ئەو منداڵە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی گەورە دەبێ و لە ژیانیدا دنیایەک کاری سەیر و لێک ناتەبا دەکات، هەر بەم کارانە لە دلّ و دەروونی خەڵک جێگایەکی تایبەت بۆ خۆی دەکاتەوە و خەڵکی سەرەڕای کارە بێ شەرعی و بێ ئەدەبییەکانی هێشتا بە وەلیی دەزانن و: «دەڵێن شێخ فەرخ نەمردووە و ئاگای لە هەموو شتێکە.» (٣، بەشی یەکەم، ل١٧٨)

هەرچەندە لە کۆتایی چیرۆکی شێخ فەرخ، فەرخ دەمرێ، بەڵام، باوەڕی ئەفسانە ئامێزی خەڵک نایانەوێ بمرێ و بە مردووی حسێب ناکەن، چونکە ئەو کەسێکی ئاسایی نەبوو، هەر ئەو جۆرە کەسانە ژیانیان زیاتر لە واقعی خۆی ئەفسانە ئامێز دەکرێ. بۆیە شێخ فەرخیش بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

١٠- کەیخەسرەو: «لەلایەکی ترەوە کتێبە پەهلەوییەکان باس لەوە دەکەن کە لەکن هۆزی ماد و پارس (کەیخەسرەو) (هو خشترە پێنجەمین فەرمانڕەوای گەورەی ماد) بە هۆی بەدەستهێنانی یەکێتیی ئارییەکان زۆر خۆشەویست بووە و لە نەمرەکانی زەردەشتی و رزگارکەری جیهان دەژمێردرێ لە کۆتایی جیهان. لە کیتابی پەهلەوی دینکەرد- ؟- (کیتابی نۆیەم، بەشی٣٣ بند ١-٥) لەم بارەوە نووسراوە: بەپێی نووسینی سوتگرنەسک (یەکێ لە بەشەکانی ئاوێستا) لە کاتی زیندوو بوونەوە کەیخەسرەو لەگەلّ ئیزەد (وای) - خوداوەندی هەوا - خودایەک کە لەگەلّ مردووەکان و کاری زۆری لەسەر زیندوو بوونەوەی مردووەکان هەیە، یەکتر دەبینن و لەو دەپرسێ بۆچی ئەو هەموو خەڵکەی کە بە فەڕ و شکۆی خۆوە بەناوبانگ بوون، لە نێو بردووە؟ (وای) وەڵامی قسەکانی کەیخەسرەو دەداتەوە پاشان کەیخەسرەو دەیگرێ و دەیکاتە وشتر و سواری پشتی دەبێ (وای) ئەو لەگەلّ ئێرانییەکان دەباتە ئەو جێگایەی کە (هەئوایشت) کوڕی (گئورو). (یەکێ لە نەمرانی زەردەشتیان)ی لێ نووستووە.

کەیخەسرەو ئەو ئازاد دەکات و بەردەوام دەبێ لە ڕۆیشتنی خۆی تا ئەو جێگایەی کە تووشی شەڕکەر (توشیای کیمیری، یەکێکی تر لە نەمران) دەبێ نووستووە، لەوێ کەیخەسرەو و پاڵەوانان دەگەنە جێگایەک کە ئاپیوە (ئۆپیتە دووەمین فەرمانڕەوای ماد) لەوێیە. کە لەوێ تێپەڕین سوشیانس (چاوەڕوانکراوی زەردەشتیان) دەبینن، سوشیانس دەپرسێ: ئەوەی کە سواری پشتی (وای) بووە کێیە؟ کەیخەسرەو خۆی دەناسێنێ، سوشیانس سوپاسی کارە گەورەکانی ئەو دەکات کە بتخانەی کەناری دەریاچەی چیچست (ورمێ) قەڵای ئۆرارتوئی (تیشی بائینی) و کوشتنی ئەفراسیاب و (مادیای ئەسکیتی)، پاشان گرشاسب (ڕۆستەمی زابلی) گورز بەدەست خەریکە دەگات، توس لە خەوی لەمێژینەی بەئاگا دێت، گرشاسب لەبەر ئەوەیە تا بەکێشی پیرۆز (گاتایی)و (ئاوێستایی) بگەڕێ و ئەوەدەم دوا شەڕ (شەڕێک بۆ لە نێوبردنی دارودەستەی ئەهریمەنی لەوانە زوحاکی لە زنجیر رزگار بوو، دەست پێدەکات)(٥٠، ص٧٣-٧٥)

کەیخەسرەو ئەویش بەهۆی خۆشەویستییەوە لەکن خەڵک بەنەمر حسێب دەکرێ، جگە لەوە ئەو

پاشایەی ماد خوداوەندی (وای) دەگرێو پاش ئەوەی لێی دەپرسێ بۆچی ئەو کەسانەی کە خاوەنی (فەڕ) بوون لەنێو بردووە، وای دەکاتە وشتر و سواری پشتی دەبێ. هەتا دەگاتە ئەوەی لەگەڵ سوشیانس شەڕی، دوا شەڕی زوحاک دەکات و خەڵک و جیهان و جیهانی ئەولاش لە شەڕی ئەهریمەنی رزگار دەکات.

**٣-٥-١- کورتەی دەقی ئەفسانە فارسییەکان:**

یەکێ لە پاڵەوان و ناودارەکانی ئەفسانە و مێژووی فارسی (جەم- جەمشید)ە کە هەر ئەو جەمشیدەش یەکێکە لەو پاڵەوانانەی کە تەمەنێکی درێژی هەیە و هۆی نەمرییشی بە دەستەوەیە، کورتەی بەسەرهات و چیرۆکەکەی بەم شێوەیە:

١- «جەمشید»

جەمشید کوڕی (تەهموورث)ە، تەهمورث کوڕی (هۆشەنگ)ە، هۆشەنگ کوڕی (کیومەرپ)ە.

«ناوی جەمشید لە دوو بەش پێکهاتووە. جەم= جمک، دوانە. شید= رۆشن و درەخشان» (١٩٢ ص٢٥٢).

ئەم پاشایە لە سەرەتا وەک شاهێکی خۆشەویست و پیرۆز و بە توانا کەوتە ئاوەدان کردنەوەی وڵات. لەسەردەمی ئەودا سەرەتا حوکم عەدالەتێکی وا وڵاتی گرتەوە کە:

زمانە بر آسود از داوری    بەفرمان او دیوو مرغ و پری(١٨٣أ)

دادوەری و رەوا وڵاتی گرتەوە دێو باڵندە و پەری لە ژێر ئەمری ئەودا بوون. «هرمزد دینی دایە دەست جەم (جەمشید) و جەم بە پێغەمبەری رازی نەبوو، پاشان هرمزد پارێزگاری و سەرداری جیهانی دایە دەست ئەو. لە حوکمداریەتیی جەم-دا بەڵای ئەهریمەنی و مەرگ و پیری نەبوو، پاشان جیهان پڕ مرۆڤ و گیانلەبەر بوو، جەم بەرەو نیوە راست رۆیشت و جیهانی سێ ئەوەندە فراوان کردەوە» (١٩٨، ص٢١٥) لەگەڵ کارکردن و بەدەستهێنانی شتی تازە جەمشید دڵشاد و بەختەوەری دەیگرتەوە، گوتی:

منم گفت بافرّ ایزدی    همم شهریاری همم موبدی(١٨٣أ)

گوتی منم لە سایەی فەڕ و بەرەکەتی خودایی، هەم پاشام و هەم پیاوی ئایین و خودا.

لە سایەی ئەو دادوەری و بەرەکەتی خوداییە توانی دروستکردنی ئامێری جەنگ و شیر و رم و خوودە و زرێ هونەر بنوێنێ. دیسان لە ئارمووش و خوری و کتان پۆشاک بچنێ و بدروێ. دێو و جنی خستە کار و زۆری سوود لە کارەکانیان بینی و کۆمەڵی بەسەر چوار چین دابەشکرد. پیاوانی ئایین و سەرباز و جوتیار و پیشەساز، شاری دروستکرد و ئاسن و زێڕ و زیوی دەرهێنا و نهێنیی دەرمانسازیی دۆزییەوە و بە کەشتی بەدەریاکاندا گەڕا و بە سواری کەژاوە کە دێو و جن هەڵیاندەگرت بە ئاسماندا سووڕایەوە «بڕیاری دا کورسییەکی لە زێڕ بۆ دروست بکەن، بە تاج و بەرگی زێڕینەوە کاتێ لەسەر ئەو کورسییە دانیشت و تیشکی رۆژی بەرکەوت جیهانی رووناک کردەوە، ئەو رۆژەیان ناو نا (نەورۆز) لەو رۆژەوە ئەو رۆژە وەک جەژن ساڵ بەساڵ یاد دەکرێتەوە» (١٩٠).

لەکاتی ئەو وڵات ئاوەدانی و دادوەری و پێشکەوتنەدا بەفەرمانی (دادار= خوداوەند) جەمشید ئاگادار



کرایەوە کە سێ ساڵی پڕ سەرما و بەفر و باران دێتە پێشەوە پێویستە (وەرجەمکەرد) قەڵای ژێر زەمینی دروست بکەی و مرۆڤ و زیندەوەر و گیاکان لە لەنێوچوون بپارێزی، جەمشید ئەو باغ و قەڵایەی (*-٩) دروست کرد و هەموو مرۆڤە جوان و لەشساغ و گیانلەبەرە چاکەکان و رووەکە بە سوودەکانی لەو قەڵایەدا پاراست.

جەمشید کە ماوەیەکی درێژ نزیکەی (هەزار ساڵ) حوکمی کرد و لەو ماوەیەدا زۆر کاری تازەی کرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەرە بەرە لە خۆبایی بوو گوتی: ئەو جیهانە سەرتاسەر من دروستم کردووە.

خورو خواب و آرامتان ازمن است    همان کوشش و کامتان از من است (١٨٣أ)

خەو و خواردن و ئاسایشتان لە سایەی منە و ئەو رەنج و بەدەستهاتانەتان هەمووی بە هۆی منەوەیە، لە بەرامبەر ئەم کفر و لە خۆبایی بوونە کەس بە دەنگ نەهات و هەتا پیاوانی ئایینیش سەریان بۆ لەقاند،

چو این گفته شد فرّ یزدان ازوی    بگشت و جهان شد پر از گفت گوی (١٨٣أ)

کە جەمشید ئەم (قسە- کفر)انەی کرد فەڕی خودایی لێی جیا بووەوە و خەڵک کەوتنە چپە چپ:

به جمشید بر تیرەگون گشت روز    همی کاست آن فر گیتی فروز (١٨٣أ)

ئەو فەڕی جیهان رووناک کەرەوەی جەمشید هەر لە کەمی دەدا و رۆژگاری لێ تاریک داهات. سەرەڕای ئەوەی کە نور و بەهرەی خودای لێی جیابووەوە خەڵکەکەش پشتیان تێکرد؛ نەک هەر هێندە هەر ئەو خەڵکە پەنایان بۆ (دەشتی سواران) برد و داوای یارمەتییان لە (ضحاک= ئەژی دەهاک) کرد لە دەست ئەو پاشا (بێ فەڕ)و لە خۆباییییەیان رزگار بکات، ئەو ئەژدیهاکی -وەک لە شاهنامەدا هاتووە- بە رەگەز عەرەب(*-١٠) دەبێتە پاشا و جەمشید لەنێو دەبات و دەیکوژێ.

لەبارەی کوشتنەکەی رای جیاواز هەیە، «لە بەندی ٤٦ زامیاد یەشت هاتووە کە سپیتیورە spityuar جەمی بە مشار دوولەت کرد. لە بەشی ٣١ بەند و هەش بەندی ١٥ دەڵێ: سپیتورە برای جەمشیدە و لەگەڵ (ئەژدیهاک= ضحاک) جەمشیدی کوشت (یشتها. ج١،ص١٨٧» (١٩٢، ص٢٥٣)

کەچی لە شاهنامە باسی ئەوە دەکات کە ئەژدیهاک لەسەر خواستی خەڵکەکە دێت، جەمشید دەڕوا و بۆ ماوەی سەد ساڵ خۆی دەشارێتەوە. پاش سەد ساڵ بە دەردەکەوێتەوە و ئەمجارە ئەژدیهاک هەر زوو دەیگرێ و بە مشار دەیبڕێتەوە.

چو ضحاکش آورد ناگە بچنگ    یکایک ندادش سخن را درنگ

به ارەش سراسر بدونیم کرد    جهان را ازاو پاک بی بیم کرد (١٨٣أ)

زوحاک کە -جەمشید-ی کەوتە دەست هەندی بڵێی یەک و دوو بە مشار دووکەرتی کرد و جیهانی لێ پاک کردەوە.

٢- یەکێکی تر لەو ناودار و تەمەن درێژ و نەمرانەی تا ڕۆژی دوایی نامرێ، (ئەژدیهاک= ضحاک)ە، ئەو ئەژدیهاکەی لەسەر تەختی شاهی جەمشید دادەنیشێ و هەزار ساڵ لەو وڵاتە حوکم دەکات.

حوکمێکی پڕ خوێن، کورتەی بەسەرهاتە ئەفسانەییەکەی بەم شێوەیە.

**((زوحاک))**

لە دەشتی سواران - کە مەبەستی فردەوسی وڵاتی عەرەبە- پیاوێکی ناودار و شایەکی ناسراو هەبوو، ئەو پاشایە ناوی (مرداس) بوو، ئەو شایە خاوەنی چوارپاییێکی زۆری دۆشین و ئەسپێکی زۆری سواری بوو، کە لە ژمارە نەدەهات. ئەو پاشایە کوڕێکی ئازا و دڵ بە دنیاوەی هەبوو ناوی (بیوراسب) بوو پێیان دەگوت (ضحاک).

جهانجوی را نام ضحاک بود　　　دلیر و سبکبار و ناپاک بود(١٨٣أ)

ئەو کوڕە کە هەردەم لەسەر پشتی زین بوو، خەریکی ژیان و ئارەزووی خۆی بوو، زینی ئەسپەکانی هەمووی لە زێڕ و زیو بوو. بەردەستێکی ئەجندەی هەبوو، ئەو ئەجندەیە لەسەر شێوەی کوڕێکی گەنج خۆی بە زوحاک ناساندبوو ببووە جێگای باوەڕی. پەیمانی ئەوەی لەگەڵ زوحاکدا بەستابوو کە ئەو هەموو شتێک بۆ زوحاک بکات و زوحاکیش هەموو قسەیەک بە گوێی ئەو بکات. پاشان (ئیبلیس= شەیتان) داوای لە زوحاک کرد باوکە پیرەکەی بکوژێ و بۆ خۆی ببێتە پاشا، هەرچەندە زوحاک جاری یەکەم سەری نەهێنا بەرێ، بەڵام، دواجار شەیتان توانی رازیی بکات. شەو باوکی بە هیوای شەو و خوداپەرستی رووی لەنێو باغ کرد، کەچی کوڕەکەی لەسەر رێگای چاڵێکی هەڵکەندبوو، سەری چاڵەکەشی بە پووش داپۆشی بوو، باوکی بێ ئاگا کەوتە نێو ئەو چاڵە و پشتی شکا، ئیبلیس هەر لەوێ خۆڵی بەسەردا کردو شاردییەوە. زوحاک بەم شێوەیە جێگای باوکی گرتەوە.

به سر بر نهاد افسر تازیان　　　برایشان ببخشید سود زیان (١٨٣أ)

پاش ئەوەی زوحاک بووە پاشا و تەواو جێگای باوکی گرتەوە، ئەمجارە ئیبلیس لەسەر شێوەی ئاشپەزێکی شارەزا هاتەوە خزمەتی زوحاک و خۆشترین خواردنی بۆ دروست کرد، گۆشتی بەستەزمانانی بۆ لێدەنا، پاش ئەوەی تا ئێستا رووەک خواردنی سەرەکی بوو. بەم خواردنە خۆش و تازانە پاشا (ئاشپەز=ئیبلیس)ی زۆر کەوتبووە بەر دڵ و دڵی نەدەشکاند. پاشا ویستی لە جێگای ئەم هونەر نواندنەی ئاشپەز دیارییەکی بداتێ، گوتی: «بخوازە چیت دەوێ!» ئیبلیس بە دەست و دەم کەوتە دوعا کردن و گوتی: «یەک ئارەزووی بچووکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردوو شانت ماچ بکەم. شا ئەم خواستەی زۆر بچووک و ئاسان هاتە بەرچاو، شانی بۆ رووت کرد، ئیبلیس پاش ئەوەی هەردوو شانی ماچ کرد، یەکسەر لەبەرچاو گوم بوو. هەر ئەو دەم پاشا بەڵایەکی بەسەرهات، کە کەس نەیدیوە:

دومار سیه از دو کتفش برست　　　غمی بگشت وازهر سویی چاره جست (١٨٣أ)

لە جێگای ماچەکان و لەسەر هەردوو شانی دوو ماری رەش رسکان، هەرچی دەیان بڕین، کەچی هەر ئەو دەم پەیدا دەبوونەوە. هەرچی پزیشک و حەکیمی وڵات هەبوو هێنایان کەس چارەی نەکرد. ئەمجارەش ئیبلیس خۆی کردە حەکیمێکی شارەزا و هات و چارەیەکی بۆ دۆزییەوە، چارەکەش ئەوە بوو،



کە پێویستە هەر ڕۆژە مێشکی دوو کەس دەرخواردی ئەو مارانە بدات، بۆ ئەوەی ئارام بگرن. دەنا هیچ چارێکی تریان نییە! ڕۆژانە بە فەرمانی پاشا دوو کەس سەر دەبڕان و مێشکیان دەرخواردی مارەکان دەدرا.

وەکو پێشتر لە باسی جەمشید گوتمان، زوحاک لەسەر خواستی خەڵکەکە جێگای جەمشیدی گرتەوە و لەسەر کورسیی پاشایەتیی ئەو دانیشت، هەر ئەو دەمیش زوحاک دوو کچەکەی جەمشیدی بردە بارەگای خۆی و کە ناویان -ئەرنەواز و شەهنەواز- بوو،

چو ضحاک شد برجهان شهریار　　　برو ساليان انجمن شد هزار (١٨٣أ)

زوحاک هەزار ساڵ شایەتیی کرد، لە سەردەمی ئەودا هەموو شتێک وەرگەڕابوو.

هنر خوار شد جادویی ارجمند　　　نهان راستی آشکارا گزند (١٨٣أ)

هونەر و راستی بێ نرخ بەلا نرابوو، درۆ و جادوویی نرخی پەیدا کردبوو، راستی و دادوەری بە دزی باس دەکرا، درۆ و خراپە بەئاشکرا دەکرا.

ڕۆژگار بەم شێوەیە بەسەردەچوو، هەر ڕۆژ دوو گەنج بەزیندوویی سەر دەبڕان و مێشکیان دەرخواردی مارە رەشەکانی سەر شانی زوحاک دەدرا، تا دووکەسی خوێن پاک لە نەوەی پاشایان و دوو کەسی لە خودا ترس کە:

یکی نام ارمایل پاکدین　　　دگر نام گرمایل پیشبین (١٨٣أ)

ئەم دووە لە زۆر رووەوە بیریان لە حاڵی وڵات و خەڵکەکە کردەوە، وایان بە چاک زانی خۆ بکەنە ئاشپەزی پاشا و لەوێوە کارێک بکەن، ئەوەیان بۆ رەخسا و بوون بە ئاشپەزی پاشا و بە زانایی خۆراکی چاکیان بۆ پاشا ئامادە دەکرد، کە هاتە وەختی ئەوەی کە دوو گەنجەکە سەر ببڕن، بە دڵی پڕ لە خوێنەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە:

از آن دو یکی را بپرداختند　　　جز این چاره ای نیز نشناختند (١٨٣أ)

لەم دووە یەکێکیان ئازاد دەکرد و لە جێگای ئەو مێشکی مەڕێکیان دەهێنا و لەگەڵ ئەوەی تر تێکەڵیان دەکردو دەرخواردی مارەکانیان دەدا. بەم جۆرە هەر مانگەی سی کەس رزگاری دەبوو، ئەوانە روویان لە کێوان کرد و چیتر نەهاتنەوە ئاوەدانی.

کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد　　　که زآباد نآید بدل برش یاد (١٨٣أ)

ئێستا کورد لە نەوەی ئەوانەن و هەر لەبەر ئەوەشە حەز لە ئاوەدانی ناکەن.

پاشا بە خوێن رشتن و مارەکان بە مێشک خواردنەوە ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد، تا ئەو ڕۆژەی کە چل ساڵێک لە تەمەنی پاشا مابوو، شەوێک زوحاک کە لەگەڵ ئەرنەواز خەوتبوو، خەوێکی زۆر ناخۆشی بینی، لەترسان بەهاوارێک بەئاگا هات، کە ئەو کۆشکە سەد ستوونەی لەرزاندەوە. دەست و پەیوەند و جوانە کچان هەموو بە ئاگاهاتن. ئەرنەواز رووی لە زوحاک کرد و گوتی: تۆ بەئارامی لەماڵی خۆتدا خەوتووی. چی وای لێکردی هێندە بترسی؟- حەوت کیشوەر لەژێر فەرمانی تۆدایە و دێو و درنج و ئادەمیزاد لەژێر ئەمری تۆن؟-

زوحاک گوتی: ئەگەر خەونی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە، هیچ ئومێدێکتان بەمن نامێنێ.

پاشـان هەمـوو خـەون زان و ئەسـتـێـرە ناس و پیـاوانی ئایینیی وڵاتی کـۆکـردەوە و خـەونی خـۆی بۆ گێڕانەوە، خەونەکە هێندە ترسناک بوو، کەس نەیوێرا ماناکەی بۆ لێبداتەوە، سێ ڕۆژ بەم شێوەیە، ڕۆژی چوارەم پاشـا زۆری لێکردن، تـا یەکێ لەدنیـادیدەکـان هات و لەپێش پاشـا چەمـایەوە و گـوتی: کـەس لەدایک نەبووە، بۆ ئەوەی نەمـرێ، پیـاو هەرچەند بەهێـز بێ و مـاڵ و دەسـەڵاتی هەبێ، ڕۆژێ دێ هەر دەمرێ و تۆش ڕۆژگارت بەدەستی یەکێ کۆتایی دێت کە ناوی (فەرەیدوون)ە و هێشـتا لەدایک نەبووە. (باسی لەدایک بوونی فەرەیدوون لەگەڵ بەسەرهاتەکەی لە بەسەرهاتی فەرەیدوون دەخوێنینەوە) زوحاک کە باسی لێـهاتوویی و ئازایەتیی فـەرەیدوونی بیـست لەخۆچوو لەسەر تەختی کـەوتە خوارەوە، پاشـان (فەرەیدوون)و (کاوە) یەک دەگرن و زوحاک لەسەر تەختی پاشایەتی دێننە خوارەوە، دواڕۆژی زوحاک بەزۆر شێوە باس دەکرێ.

لەبەر ئەوە زوحاک لە نەوەی شاهانی ئێرانی نییە لە فەڕی خودایی بێ بەشە، بۆیێ هەوڵدەدا ئەم هێز و ڕووناکییە بەدەست بێنێ: «لە بەشێکی تری ئاوێستا بەناوی ئابان یەشت، ئەژی دەهاک = ضحاک داوا لە ئەناهیتا خوداوەندی ئاو دەکات کە لە هەوڵی بەدەست هێنانی فەڕ= فرە (خودایی) یارمەتی بدات» (١٠٥ ، ص٢٤ ) کەچی لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نابێ.

وەکو زوحاک خۆی خەون دەبینێ و ئەستێرەناسەکان بۆی لێدەدەنەوە، ئاوا دەردەچێ و دواجار کۆتایی زوحاک بەدەستی فەرەیدوون دێت.

دواجار «فەرەیدوونی پاڵەوان کچەکانی جەمشیدی لە دەست زوحاک رزگار کرد و، زوحاکیشی لە کێوی دەماوەند زیندانی کرد، ئەو هەتا کۆتایی مێژوو لەوێ دەمێنێتەوە، ئەوسا دووبارە هێرش دەکاتەوە سەر جیهان و دوو لە سێی گیانلەبەران قووت دەدا و زیان بە ئاو و ئاگر و گیا دەگەیەنێ، تا سەر ئەنجام بە دەستی گرشاسب(*-١١) کە دووبارە زیندوو دەبێتەوە، (زوحاک) دەکوژرێ» (٥٢ ، ص٥٨ ).

٣- یەکێکی تر لەو پاڵەوان و شاهانەی ئەفسانەی فارسی کە خاوەنی (فەڕی ئیزەدی)و تەمەنێکی ئەفسانەیییە (فەرەیدوون)ە. ئەو فەرەیدوونەی کە لەگەڵ کاوە کۆتایی بە زوڵم و زۆری زوحاک دێنن. کورتەی چیرۆکەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە.

**فەرەیدوون:**

فەرەیدوون دایکی ناوی (فرانک) بوو، باوکی ناوی (ئابتین)و لە نەوەی پاشایان بوو، ئابتین ئەویش یەکێک بوو لەو کەسانەی مێشکی سەریان دەرخواردی مارەکانی سەر شانی زوحاک درابوو.

زوحاک کە خەوی بینی و یەکێ لە زانایەکان خەونەکەی بۆ لێکدایەوە و گوتی: تۆ هەرچەندە بژی و تەمەنت درێژ بێ، دواڕۆژ هەر دەمری و مەرگی تۆش بە دەست کوڕێکی ئازایە و گورزێکی سەرەگای(*-١١) بە دەستەوەیە و لە نەوەی پاشایانە و ناویشی (فەرەیدوون)ە و هێشتا لە دایک نەبووە.

هنوز آن سپهبد زمادر نزاد نیامد گه برسش وسرد باد (١٨٣أ)



کجا نام او افریدون بود زمین را سپهری همایون بود (١٨٣أ)

زوحاک کە ئەمەی بیست بەئاشکرا و بەنهێنی خەڵکی بەدوای فەرەیدوون-دا پەرت کرد و بەشەو و بەڕۆژ بەوڵاتدا دەسووڕانەوە.

کە فەرەیدوون هاتە دنیا ، دایکی بۆ ئەوەی لەپیاوەکانی زوحاکی بپارێزێ، بردییە لای کابرایێک کە بەمێگەڵ مەڕ و بەگاڕان مانگای هەبوو، ئەو کابرایە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشیری مانگا بەخێوی کرد:

سەسالش همی داد زآن گاو شیر هوشیار بیدار زنهار گیر (١٨٣أ)

لەبەر ئەوەی زوڵم و زۆری زوحـاک کـۆتایی نەدەهات و نـاوی فـەرەیدوون لەرزی دەهێنایێ، بەردەوام پیاوەکانی خۆی هاندەدا تا بیدۆزنەوە، لەم ترسە دایکی ناچارە ئەمجارەش فەرەیدوون بباتە جێگاییێکی ئەمینتر.

کوڕەی هەڵگرت و بردییە سەر چیا و لای پیاوێکی خواپەرست:

یکی مرد دینی برآن کوه بود که از کار گیتی بی اندوه بود (١٨٣أ)

ئەم پیـاوە خـواپەرسـتـە مندالەی لە دایکی وەرگرت و زۆر بەچاکی کـەوتە پاراستن و پەروەردەکـردنی. فەرەیدوون لە ڕەنگ و ڕوو و قەد و باڵا پاڵەوان و نەوەی شاهان بوو، بۆ زیرەکی و لێوەشاوەیی بێ وێنە بوو، کە گەورەبوو گەیشتە تەمەنی شازدە ساڵی:

چو بگـذشت ازآن بر فریدون دوهشت زالبرز کوه اندر آمد به دشت (١٨٣أ)

لەکێوی ئەلبورز هاتە خوارەوە و چووە لای دایکی و گوتی: ئەوەی کە تا ئێستا نهێنییە بۆم باس بکە، من لە چ نەوەییێکم و کوڕی چ کەسێکم؟ دایکی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: لە وڵاتی ئێران پیاوێکی ناو (ئابتین) هەبوو:

زتخم کیان بود و وبیدار بود خردمند و گرد بی آزار بود (١٨٣أ)

پاش ئەوە دایکی هەمـوو زوڵم و خـوێنڕێژییـەکـەی زوحـاکی بۆ باس کـرد و کـوژرانی باوکی و کوێرەوەرییەکانی خۆی بۆ گێڕایەوە، فەریدوون گوتی:

کنون کردنی کرد جادو پرست مرا برد باید به شمشیر دست (١٨٣أ)

کە ئەو جادوو پەرستە ئاوای کردووە پێویستە بەو شمشێرە دەستی ببڕم، دایکی گوتی: کوڕم ئەم کارە بەخوێن گەرمیی گەنجانە ناگاتە ئەنجام، پێویستە عەقڵی پیرانە بەکاربێنی.

لەولاوە زوحـاک لەترسی فـەرەیدوون خـەو و خۆراکی نەمـابوو، بۆ ئەوەی نـاو و دەنگی خـراپی خـۆی بگۆڕێ، هەمـوو پیـاوە ناودار و سـەرکـردە و پیاوانی ئایینی کـۆکـردەوە و گەواهیـنامـەییێکی نووسی، کـە هەمـووی باس لەپیاو چاکی و دادپەروەریی زوحاک دەکات، ئەو گەواهینامەی یەک بەیەک پێ مۆرکردن، لەم کـاتـەدا دەنگە دەنگ و هەرایێکی نائاسـایی بەرەو بارەگـای زوحـاک هات و هاواری دەکـرد، ئەم زوڵم زۆرییە تا کەی؟. زوحاک گوتی: بابزانین ئەوە کێ غەدری لێکردووە؟ کابرا بەداد و هاوار گوتی:

خروشیدو زد دست برسر ز شاه کەشاها منم کاوەء داد خواە

یکی بی زیان مرد آهنگرم        زشاه آتش آید همی برسرم (١٨٣أ)

پاشا، کاوەی غەدرلێکراو منم و پیاوێکی ئاسنگەر و بێ زیانم، سەرەڕای ئەوەش لەسایەی تۆوە ئاگرم بەسەردا دەبارێ و کوڕەکانت هەموو کوشتم، پاشا فەرمانی دا دوا کوڕی پێ ببەخشن، بەومەرجەی ئەویش گەواهینامەکە وەک هەموو پیاوانی ئەو ڕۆژە بۆ مۆر بکات، کاوە کە تەواوی گەواهینامەکەی خوێندەوە، رووی لە سەرکردە و پیاوانی ئایینی کرد و بەلۆمەکردنەوە گوتی:

ئێوە هەموو لە راستیتان لاداوە و شایەدی بەناحەق دەدەن.

خروشیدو برجست لرزان زجای        بدریدو بسپرد محضر بەپای (١٨٣أ)

هاواری کرد و هەڵسایە سەر پێیان و گەواهینامەکەی دڕاند و بەپێیان بەسەری کەوت، کوڕەی دا پێشە خۆی و بەرکۆشەی ئاسنگەرانی کردە ئاڵاو بانگی خەڵکی کرد بۆ راپەڕین.

کە کاوە چووە دەرەوە، ئەندامانی ئەنجومەنی مات و سەرسام بوون، روویان لە زوحاک کرد و گوتیان.

چرا پیش تو کاوە خام گوی بسان همالان بود سرخ رووی؟ (١٨٣أ)

هەر چەندە زوحاکیان لە کاوە هاندەدا، بەڵام، زوحاک خۆشی ترسی لێ نیشتبوو گوتی: «بەڕاستی کە کاوە دەرکەوت، وەک ئەوە وابوو کە کێوی ئاسن لەنێوان من و ئەودا پەیدابێ، هەر لەخۆوە ترس دایگرتم، کە لەسەری خۆیدا دڵم راچەنی، تێکچووم و سەرم لێ شێوا.» (١٨٦، ص٢٥)

کاوە بەبانگ و ئاڵای تازە لەنێو شاردا دەسووڕایەوە، خەڵک دەوریان دا، کاوە گوتی: پێویستە هەموومان بچین فەریدوون بدۆزینەوەو لە سەر تەختی پاشایەتیی دابنێین. رۆیشتن و بەپرسیاران جێگای فەرەیدوون-یان دۆزییەوە. کە فەرەیدوون ئەم خەڵکەی بینی و چاوی بەئاڵای بەرز کەوت، ئەوەی وەک سەرەتایەکی خۆش لێکدایەوە،

فەرەیدوون یەکسەر چووە خزمەت دایکی و گوتی:

کەمن رفتنی ام سوی کارزار    ترا جز نیایش مباد هیچ کار (١٨٣أ)

ئەوا من دەچمە دوای کاری خۆم و تۆش تەنیا دوعام بۆ بکە، دایکی لەخۆشیان دەستی بەگریان کرد و کەوتە دوعا و خێرکردن.

فەرەیدوون دوو برای هەبوو بەناوی (کەیانوش)و (پەرمایە) کە هەردووک لەو گەورەتربوون، هەردووکی لەوە ئاگادار کردەوە کە دەچێتە شەڕی زوحاک و بانگی ئاسنگەرانی کرد تا گورزی سەرەگای بۆ دروست بکەن. ئاسنگەر هاتن و فەرەیدوون بەدڵی خۆی رایسپاردن و بەدڵی ئەوانیش زێڕ و زیوی پێدان. فەرەیدوون بەرێکەوت و پاش رۆیشتنەکی زۆر لەرێگای تووشی خەڵکێکی خواپەرست هات و شەو لای ئەوان مایەوە. شەو یەکێ لەخواپەرستان ئامۆژگارییەکی زۆر و بەسوودی فەرەیدوونی کرد. فەرەیدوون تێگەیشت کە ئەمە لەخواوەیە، فەرەیدوون شەو خەوتبوو: «دوو برایەکەی کە لەوانەیە لە دایکێکی تر بن، کە ئەم نیشانەی پیرۆزی و سەرکەوتنەی فەرەیدوونیان بینی، تێگەیشتن کە دەبێتە پادشا، لەدڵی خۆیان ژەنگیان هەڵێنا و کەوتنە خەیاڵی لەنێوبردنی، هەر ئەو دەم و هەڵسان و سەر چیا کەوتن و بەردێکی گەورەیان بەرەو جێگای خەوتنی فەرەیدوون غلۆرکردەوە. چونکە خوداوەند ئاگادار بوو



دەیویست بەدەستی ئەو ئێران لەدەست زوحاک رزگار بکات و پێش بخا، فەرەیدوون بەدەنگی بەردەکە بەئاگا هات و بەرد لەجێگای خۆی راوەستا و فەرەیدوون توانی خۆ لە زیانی ئەو بەردە بە دووربگرێ» (٨٦ أ، ص٣٠).

فەرەیدوون ئەمەی بە رووی براکانی هەڵنەهێنا، بەیانی بەسوپاوە بەرێکەوت، کاوە بەخۆ و بەئاڵای (درفشی کاویانی)وە لەپێشەوە دەڕۆیشت، رۆیشتن و گەیشتنە رووباری (دیجلە) فەرەیدوون، هەواڵی نارد تا کەشتی بێنن لەوبەر تا سوپا بپەڕێتەوە، بەڵام کەشتیوان رازی نەبوون و گوتیان: زوحاک گوتوویەتی هەرکەسێ پەروانەی مۆرکراوی منی لا نەبێ، کەشتیی ناخەنە بەردەست و ئەو لە رووبار ناپەڕێنینەوە. فەرەیدوون کە ئەمەی بیست بە سواری ئەسپ لە ڕووباری دا و پەڕییەوە، ئەوانی تریش دوای کەوتن. کە پەڕینەوە فەرەیدوون گوتی: وا چاکە هەرچی زووە ڕوو لەشار بکەین و لێنەگەڕێین دوژمن لە هاتنی ئێمە ئاگادار بێتەوە هەر زوو هێرشیان بردە سەر کۆشکی پاشا، هەر چەندە پاسەوانان ویستیان بەرگری بکەن، بەڵام خۆیان نەگرت و هەر زوو خۆیان دایەوە دەست. فەرەیدوون چووە ناو کۆشک و هەر کەسێ دەهاتە پێشی بە گورزی گران دەیکوتا، تا گەیشتە جێگای زوحاک و زوحاک لەوێ نەبوو، لەسەر کورسی پاشایەتی دانیشت و تاجی کەیانیی لەسەرنا.

زوحاک بۆ شەڕ و خوێنڕشتن چووبووە هیند، لەم کاتەدا وەزیری زوحاک (کندرو) گەڕایەوە و فەرەیدوونی بەگورزەوە لەسەر کۆشکی پاشایەتی بینی، لەترسان نەیتوانی هیچ بکات ئەوە نەبێت کە پیرۆزبایی لە پاشا بکات.

فەرەیدوون داوای لە کندرو کرد گۆرانیبێژ و مۆسیقا ژەنان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی جەژنی سەرکەوتن بگێڕن، شەو ئاهەنگێکی شایستە-یان گێڕا، بەیانی بێ ئەوەی کەس ئاگاداربێ. کندرو سواری ئەسپ بوو خۆی گەیاندە زوحاک و پاشایەتیی فەرەیدوونی بۆ گێڕایەوە، زوحاک بەجوێن و قسەی ناشیرین کندروی داگرت، وا ترس دایگرتبوو نەیدەویست بڕوابکات، گوتی: دوور نییە میوان بێ! کندرو گوتی: میوان چۆن بەگورزی سەرەگاوە لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێ و شەهرناز و ئەرنەواز لای خۆی دادەنێ! زوحاک بەتووڕەیییەوە گوتی: جارێکی تر پاسەوانیی کۆشک بەتۆ ناسپێرم! کندرو گوتی: لام وایە تۆ جارێکی تر لەسەر تەختی پاشایەتی دانانیشی، چاکتر وایە بیر لە چارەیەک بکەیتەوە، زوحاک بەترس و تووڕەیییەوە سوپای بەرەو شار و فەرەیدوون تاو دا. فەرەیدوون کە بیستی زوحاک و لەشکرەکەی هاتنەوە، کەوتە شەڕ لەگەڵیان، شەڕێک کە هەرچی دەیدی لێی دەدا و دەیکوشت، خەڵکی شاریش کە لەزوحاک دڵپڕ و بێزار بوون بەژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە لەسەربان و لەکۆڵانان، یارمەتیی فەرەیدوون-یان دا و لەشکری زوحاکیان داگرت. زوحاک حاڵی لەشکری خۆی بینی زانی دواییەتی، خۆی دزییەوە وەک دزان ویستی لەپشتەوە بچێتە ناو کۆشک و کە سەرکەوت لەسەربانڕا، فەرەیدوونی بینی لەنێوان شەهرنەواز و ئەرنەواز دانیشتووە، خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەنەعرەتەوە ڕووی کردە فەرەیدوون، فەرەیدوون ئازایانە بەگورزی سەرەگا لە تەپڵی سەری دا. کە گورزی لەسەری زوحاک دا: «بەهۆی لێدان ئەو گورزە ژمارەیەکی زۆر لە زیندەوەرە ترسناکەکان لە لاشەی بەدی ئەو هاتنە دەرەوە،

لەترسی ئەوەی نەوەکو جیهان پڕ بێ لە زیندەوەرە زیانکارانە کە مار و دووپشک و مارمیلۆک و کیسەڵ و بۆق بوون، فەرەیدوون زوحاکی پارچە پارچە نەکرد» (٥٢، ص٦٠-٦١) لە جێگایەکی تر دەڵێ فەرەیدوون ویستی زوحاک تەواو بکوژێ، بەڵام «دەنگێکی ئاسمانی ئاگاداری کردەوە کە نەیکوژێ و بیباتە کێوی (دەماوەند) (*-١٣) و لەوێ بەزنجیر بیبەستێ و زیندانی بکات» (٨٦ أ، ص٤٢) لەبارەی زوحاکەوە دەڵێن: «گرشاسب جارێکی تر خەڵک لەدەست ئەژدیهاک رزگار دەکات، چونکە ئەژدیهاک لەزیندانێ رادەکات و بەتووڕەیی دێوێک بەردەبێتە گیانی خەڵک و تاوانی زۆر گەورە دەکات و سێیێکی خەڵک و گیانلەبەران هەڵدەلووشێ، خوداوەند گرشاسب هاندەدا و ئەویش بەگورزە ناسراوەکەی خۆی لێی دەدا و دەیکوژێ» (٥٢، ص٦٢).

پاش نەمانی زوحاک فەرەیدوون بەدڵنیایی لەسەر تەختی شاهی دانیشت و خەریکی دادپەوەری و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بوو، وڵات = دنیایی ئاوەدان کردەوە:

بیاراست گیتی بسان بهشت     بجای گیاه سرو گلبن بکشت (٨٣ أ).

فەرەیدوون کە گەیشتە تەمەنی پەنجاساڵی، خودا سێ کوڕی پێ دا، لە کچەکانی جەمشید، کە لە خۆی مارەکردبوون، کە گەیشتنە تەمەنی ژن هێنان سێ خوشکی بۆ خواستن کە کچی شای یەمەن بوون (*-١٤)، ماوەیەک کوڕەکان لای خەزووریان پاشای یەمەن مانەوە، کە وەختی گەڕانەوەیان هات باوکی ویستی تاقییان بکاتەوە: «خۆی کردە نەڕەدێو، کە شێر لێی دەترسا، مەیدانی لە کوڕەکانی خواست، کوڕی گەورە بۆ سەر سەلامەتیی خۆی هەڵات، دواتر باوکی ناوی لێنا (سلم =سەلم) کوڕەی ناوەنجی شمشێری هەڵکێشا و هاتە مەیدان، ناوی لەو نا (تور)، بەڵام کوڕی کچکە هاتە مەیدان و گوتی: من کوڕی فەرەیدوونم! ئەگەر دەتەوێ بەزیندوویی بمێنیتەوە مەیدان چۆڵ کە، باوکی ناوی لەوەش نا (أیرج = ئیرەج).» (١٢٨، ص٢٠).

پاشان فەرەیدوون وڵاتی کردە سێ بەش و بەسەر کوڕەکانی دابەشکرد، ئیرەجی کردە جێگری خۆی، پاشماوەیێک براکان لەوە بێزار بوون کە باوکیان گرنگی بە ئیرەج دەدا و کردوویەتییە جێگری خۆی، دواجار (تور) ئیرەجی برای دەکوژێ، ئەم کارە زۆر کار لە فەرەیدوون دەکات، کوڕی ئیرەج گەورە دەکات کە ناوی (مەنوچەهر)ە، دواجار ئەم مەنوچەهرە تۆڵەی باوکی دەکاتەوە و مامەکانی دەکوژێ.

هەر چەندە فەرەیدوون خاوەنی فەڕی ئیزەدی دەبێ،

ببالید برسان سرو سهی   همی تافت زو فر شاهنشهی (٨٣ أ)

لەگەڵ ئەو فەڕی شاهەنشاهیەش، ئەو تەمەنە درێژ و پڕ کارەساتە لە ژیانی ماندوو بێزاری دەکات:

ورا بد جهان سالیان پانصد  نیفکند یک روز بنیا بد (٨٣ أ).

پاش ئەو تەمەن و ئەو هەموو کارەساتە، فەرەیدوون بەمردنێکی ئاسایی دەمرێ.

در دخمه بستند بر شهریار  شد ان ارجمنداز جهان زارو خوار(٨٣ أ).

کە دەمرێ وەک داب و نەریتی ئەو ڕۆژگارە لاشەکەی دەخەنە نێو کووپە و دەیشارنەوە، جێگای شاردنەوەکەی: «لەمێژووی مەرعەشی دەڵێ: گۆڕی ئیرەج و تور و سەلم لە ساری لەڕۆخ گۆڕی



فەرەیدوونە) (تاریخ طبرستان ورویان مازندران ص١٠٧) هەورەها دەڵێن: گۆڕی فەرەیدوون لە نزیک مزگەوتی شەهرسارییەکە ڕۆژانی زوو ئاتەشکەدەبووە. (مازندران استراباد ص٩٤» (١٩٢، ص٥٢٥).

ئەسکەندەر بەزۆر شێوە چووەتە ناو ئەفسانەکانی فارسی، یەکێ لەو ئەفسانە دوورو درێژ و ناودارانە (اسکندەر نامە)یە، ئەو ئەفسانەیە باسی هەموو ژیانی ئەسکەندەر دەکات، تا دەگاتە ڕۆژی مردنێ، دیارە بەپێی ئەو ئەفسانەیە ژیانی ئەسکەندەر پڕاو پڕە لە ئەفسانە ئەمەی خوارەوە کورتەیەکی یەکجار کورتی ئەم ئەفسانەیە.

**٤- ئەسکەندەر نامە(١٠٧):**

وا دەگێڕنەوە کە «ئەسکەندەری -ذوالقرنین- کە گەیشتە تەمەنی لاوی، بیری لەوە کردەوە کە وڵاتان داگیر بکات، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر ئێران بگرمە ژێر دەستی خۆم وەک ئەوە وایە کە تەواوی دنیا لەژێر فەرمانی من بێ» (١٠٧، ص٢) ئەو خەیاڵی ئێران گرتنە هەروا بەسانایی نایەتە دەست، خوێنی زۆری بۆ دەڕێژێ و شار و ئاوەدانیی زۆری بۆ وێران دەکات. کە ئەسکەندەر دەگاتە مەرام و ئێران دەگرێ، وا بیر دەکاتەوە کە تەواوی جیهان لەژێر فەرمانی ئەودایە، خەیاڵی ئەوە دەکا کە بزانێ (ڕۆژ) لەکوێ هەڵدێ «پاشای مەزن فەرمووی بەداخەوە ئەو هەموو زەحمەتەی لەسەر ڕووی زەوی کێشام و ئەو هەموو شمشێر وەشاندنەی کە سەری پاڵەوانانم پێ خستە سەر زەوی، هەموو مەبەستم ئەوە بوو، کە بچم کوڕەی ڕۆژی ببینم» (١٠٧، ص٢٤٩) دەوروبەر گوتیان: پاشای مەزن کەس توانای ئەوەی نییە سەیری ڕۆژهەڵهاتن بکات: «ئەو وەختەی کە ڕۆژ سەر دەردێنێ، نەعرەتەیەکی وا لێدەدا، کە تەواوی دنیا دەلەرزێنێ، هەر باڵدار و لەوەڕکار و دڕندە و ئادەمیزادێک گوێی لەو نەعرەتەیە بێ، سەری تێدەچێ! پاشا فەرمووی هەر چۆنێ بێ دەبێ بچم!» (١٠٧، ص٢٤٩) ئەم پێ داگرتنەی ئەسکەندەرو بەردەوامییەی تووشی چەند قۆناغێکی دەکات کە هەر قۆناغە و پەند و دەرز دادانێکە «ڕۆژێ لەڕۆژان ئەسکەندەر مامزێک دەبینێ کە شاخێکی زێڕە و یەکی زیو، جلێکی ئەڵماس درووی لەپشتە!» (١٠٧، ص٢٥٠) ئەسکەندەر کە چاوی بەم مامزە دەکەوێ دەڵێ: من هەر خۆم بەتەنیا بەدوای ئەو مامزەدا دەڕۆم، سێ شەو و سێ ڕۆژ دوورو نزیک بەدوای مامزەکەدا دەڕوا بۆی ناگیرێ، مامز وەک نهێنییەکی پەند ئامێز خۆ ناداتە دەست ئەسکەندەر پاش ڕۆژی چوارەم کە بەردەوام هەر دەڕوا «لەناکاو جەماعەتێک دەبینێ کەلەبەر تێنوان هاواریان دەکرد، خنکاین؛ دەستەیەکی تر پێیان دەگوتن: نەکەن لەو ئاوە سوێرە بخۆنەوە! هەرکەسێ لەم ئاوە بخواتەوە تێنوێتیی زۆرتر دەبێ. کەمێک ئارام بگرن دەگەینە کانییەکی خۆش و شیرین لەو بخۆنەوە، تێنووەکان گوێیان لێ نەدەگرتن» (١٠٧، ص٢٥٠) ئەسکەندەر زۆر بەسەرسامییەوە لەهۆی ئەم حاڵەتەی پرسی! کەس وەڵامی نەدایەوە. بەسەرسامییەوە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بوو، تا تووشی دەستەیەکی تر هات «کە لەو بیابانە هەموو خۆیان رووت کردووتەوە و ئاگرێکیان هەڵایساندووە و خۆ داوێنە ناو ئەو ئاگرە» (١٠٧، ص ٢٥٠) دیسان بەسەرسامییەوە دەپرسێ! کەچی کەس وەڵامی ناداتەوە.

ئەسکەندەر بەسەرسامییەکی زۆرتر درێژە بەڕۆیشتنەکەی دەدا، ئەمجارە «پیرەژنێکی پشت چەماوەی

بینی کە چەرخی بادەدا و تەشی دەڕست. چەند منداڵێکی ڕووت دەوریان دابوو و لە رووتیان دەگریان، پیرە دەیگوت: رۆڵەکانم من بۆ ئێوە چەرخی بادەدەم تا بەرگتان بۆ بدرووم و پۆشتەتان بکەم. بەڵام کە دەیڕست، کەمەندێکی بازە و رەش و سپی دەکرد و لە ملی منداڵەکانی دەنا و دەیخنکاندن» (١٠٧، ص٢٥٠) ئەسکەندەر لێرەش لە پیرەژنی پرسی! دیسان پیرەژنیش وەڵامی نەدایەوە. ئەسکەندەر هەر دەڕۆیشت و پرسیار و سەرسامی زۆرتر دەبوو؛ نەدەگەیشتە هیچ وەڵامێک، جارێکی تر «تووشی باغ و شینایییەکی خۆش هات، کە وەک بەهەشت خۆش بوو، چەند مێوەیەکی لەم باغە کردەوە، کەچی مێوەکان ڕەش و کرماوی بوون» (١٠٧، ص٢٥٠)

ئەسکەندەر بەوپەڕی سەرسامییەوە لەسەر رۆیشتن بەردەوام بوو، «لەناکاو پیرەمێردێکی نوورانی لەو بیابانە پەیدا بوو، کە گوڕ گوڕ نوور لە روخسارییەوە هەڵدەستا، بۆ لای پاشا دەهات. پاشا کە گەیشتە ئەم پیرەمێردە، کە حەزرەتی (خضر) بوو، ئەوی ناسی و سڵاوی لێکرد و پرسی پێغەمبەری خودا ئێرە کوێندەرە کە منی تێکەوتووم، ئەوانە چ کەسانێک بوون کە من دیمن؟ حەزرەت فەرمووی ئەسکەندەر ئێرە وڵاتی ڕۆژهەڵاتە» (١٠٧، ص٢٥١) ئەو کانییەی کە بینیت کانی تەماع بوو، ئەوانەی کە دەیانخواردەوە تێریان نەدەخواردەوە، ئەوانە کەسانی دنیا پەرست و تەماعکاربوون، بەهیچ تێر نەدەبوون، ئەوانەش کە نەیاندەخواردەوە، کەسانێک بوون تەماعە ماڵی دنیایان نەبوو. ئەوانەی بەرگیان لەبەر بوو کەسانی راست بوون و رووتەکان کەسانی بەتەماع بوون کە خۆیان لە ئاگردا دەسووتاند. ئەو پیرە ژنە چەرخی ڕۆژگاربوو کە بەردەوام دەسووڕا، ئەو داوە رەش و سپییەش شەو و ڕۆژ بوو، منداڵەکانیش خەڵکی ئەم جیهانەن کە وەک گوڵ پەروەردە دەکرێن، دواجار بەژەهری ئەجەل – مردن– دەکوژران، ئەو باغەی کە بینیت دنیایە، مرۆڤانی ئەم دنیایە لەبەرچاو چاک و بەردڵن، بەڵام لەناخدا کێمدار و خوێناوین. ئەم قسانە ئەسکەندەری خستە دەریای بیرکردنەوە. حەزرەتی خدر (س) گوتی: ئەسکەندەر لەشکرەکەی خۆت دەدۆزییەوە، ئەمەی گوت و خوداحافیزی کرد و لە چاو بزر بوو.

ئەسکەندەر پاش ئەوەی گەیشتەوە لای لەشکرەکەی، دیسان بیری سەرکێشییەکی دی کەوتەسەر، کێوێک لە بەرامبەریان بوو «گوتی: یاران ئەو کێوە چییە؟ من هەموو دنیا گەڕاوم کێوێکی ئاوام نەدیوە! گوتیان: پاشا ئەم کێوە، کێوی تیشکی پێ دەڵێن، گەورە پیاوان و مێژوونووسان گوتوویانە، لە دامێنییەوە تا سەری چیا ساڵە ڕێیەکە» (١٠٧،ص٢٥١) گوتی: دنیام هەموو دیوە، کەسێکم دەوێ هەواڵی ئەودیوی ئەو کێوەم بۆ بێنێ.

ئەو کەسەی کە شیاوی ئەو ڕێگایە بێ (مەهتەرنەسیم) بوو، (ئەرستۆ) «گوتی: من مەرهەمێکی بۆ دروست دەکەم. کە هەر کەسێ ویستی سەر چیاکەوێ پێی بەچیاوە بەند دەبێ و لە بۆنی ئەو مەرهەمە جانەوەران نیو فرسەنگ دوور دەکەونەوە» (١٠،ص٢٥١) مەهتەر نەسیم، بەشەش مانگ شەو و ڕۆژ رۆیشت جا توانی سەر کێوەکە بکەوێ، لە رێگا هەر جانەوەرێکی دەدی، لێی دوور دەکەوتنەوە لەبەر بۆنی مەرهەمەکە خۆیان نەدەگرت. کە گەیشتە سەر چیا سەیری کرد هەرتەنیا ئاو دیارە، لەنێو ئاوەکە جانەوەری سەیر هەبوون، مەهتەر نەسیم تووشی کەسێک هات وەکو خۆی بوو بەکەمەند گرتی، هەر



پرسیارەکی لێ دەکرد، وەڵامی نەدەدایەوە، لەگەڵ خۆی هێنایەوە خوارەوە،، لە خوارەوەش کەس لە زمانی نەدەگەیشت، ئەرستۆ گوتی: وا چاکە ژنێکی بدەینێ و منداڵێکیان ببێ، ئەو منداڵە دەتوانێ زمانی باوکی فێربێ و تێمان بگەینێ، کە ئەو پیاوە لەکوێ هاتووە، بۆچی هاتووتە سەر چیا؟ دیسان ئایا دنیا لێرەوە کۆتایی دێ یا ئەوەتە دنیایەکی تر هەیە؟ ژنیان دایێ و منداڵێکی بوو، پاش هەشت ساڵ کوڕە پرسیارەکانی ئەسکەندەری بەباوکی گوت: لە وەڵامدا گوتی:

من خەڵکی ئەودیوی چیام و پاشای من لەوێ چوار سەد ساڵە ئاڵای ئازادیی خۆی هەڵداوە و جیهانی ئەودیو بەتەواوی لەژێر فەرمانی ئەوە، کە گەیشتە لای ئەو کێوە فەرمانی بەمن کرد بۆ ئەوەی بێم و هەواڵی ئەم دیوەی چیای بۆ ببەرمەوە، کە گەیشتمە سەر چیا ئەو پیاوە منی گرت، ئەسکەندەر کە ئەمەی بیست گوتی: یاران! من وام دەزانی هەموو دنیام گرتووە، کەچی وا نەبوو، کابرا ئازاد دەکات و ئەمجارە دەیەوێ باج لە (ڕۆژ) بستێنی، دەڕوا و دەگاتە ئەو جێگا و، کانی و بیرەی کە ڕۆژ لەوێوە هەڵدێ. هەر چۆنێ بێ دەبینێ ڕۆژ سواری شێرێک بووە و بەرز دەبێتەوە، پاش چەند جار ئەسکەندەر ملوانکەیەکی مرواری وەک باج لە ڕۆژ دەستێنی و دەگەڕێتەوە».

لە زۆربەی ئەفسانەکانی ئەسکەندەر، کە بەدوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ، ئەسکەندەر، ئەو ئاو و نەمرییەی گیرناکەوێ. لە شاهنامە دەڵێ: گەیشتنە تاریکاییەکی، کە لەوێ کانی (ئاوی حەیوان) هەیە و دەڵێن: هەرکەسێ لەو کانییە خۆ بشوات، لە گوناهان پاک دەبێتەوە و هەر کەسێ لەو ئاوە بخواتەوە نامرێ! ئەسکەندەر بەچاو ساغی خدر بەجوانی تازە و سواری هەڵبژاردە و خواردنی چل ڕۆژە ئەو ڕێگایەی گرتبووە بەر، دوو ڕۆژ رۆیشتن ڕۆژی سێیەم خدر لەوان دابڕا و ڕێگایەکی تری گرتەبەر و تووشی تاریکاییەک هات و (کانی ژیان– چشمە و حیوان)ی دۆزییەوە لەو کانییە خۆی شوشت و ئاوی خواردەوە و گەڕایەوە، کەچی ئەسکەندەر هەر رۆیشت و تا گەیشتەوە رووناکی، ئاوی نەمریی دەست نەکەوت..

٥- ئەفسانەی خدری زیندە (خضر)ی فارسی لە ئەفسانەی فارسیش وەک ئەفسانەی گەلانی تر، (خضر)ی نێو ئەفسانەی فارسی چیرۆکی سەربەخۆی-نییە- یان راستتر دەست من نەکەوتووە! بەتایبەت ئەو چیرۆکەی کە بەدوای (ئاوی نەمریی)دا دەگەڕێ، بەڵکە بەردەوام لەئەفسانەکان (خدر) کەسایەتیی دووەمە و لە کۆتاییشدا هەر ئەو ئاوی نەمریی دەدۆزێتەوە و لێی دەخواتەوە و نەمریی بەدەست دێنێ. هەر بۆیێ کۆتایی چیرۆکی (ئەسکەندەر و خضر)ی نێو (شاهنامە) وەک نموونەیەکی چیرۆکی خدری زیندە بۆ ئێرە بەباش دەزانم. لەو جێگایەوە دەست پێدەکەین کە ئەسکەندەر و خدر و لەشکرەکەیان تووشی تاریکاییێک دێن «لەو تاریکاییە کانییەک هەیە، کە پێی دەڵێن: (ئاوی ژیان – آب حیوان) ئەگەر خۆتی تێدا بشۆری لە گوناهان پاک دەبییەوە، هەرکەسێ لەو– ئاو–ە بخواتەوە نامرێ، ئەسکەندەر بۆ ئەوەی لەو تاریکییە گوزەر بکات، هەزار جوانییە ئەسپی چوار ساڵە و لە سوارەکان سواری هەڵبژاردە و ئازا و خۆراکی چل ڕۆژی هەڵگرت و بەچاو ساغی (خضر– خدر) بەتاریکیدا کەوتەڕێ. دوو شەو و دوو ڕۆژ ئاژووتی، ڕۆژی سێیەم خدر دابڕاوەکانی ئاوی ژیانی دۆزییەوە، لەو ئاوەی خواردەوە و خۆی شۆرد و گەڕایەوە، بەم شێوەیە خدر دیسان ئاوی نەمریی دۆزییەوە و لێی خواردەوە و نەمریی بەدەست هێنا، بەڵام

ئەسکەندەر لەم ئەفسانەیەش وەک هەموو ئەفسانەکان و ئەفسانەی هەموو گەلان لە هەوڵەکەیدا سەرنەکەوت. کەچی خدر بەپێچەوانەی ئەو وەک هەموو جارێک و لەهەموو ئەفسانەکان- ئەفسانەی هەموو گەلان- نەمریی بەدەست هێنا و- بەپێی ئەفسانەکان بە (خدری زیندە)ی ناو دەبەن.

٦- ئەفسانەی فارسی و هەندێ لە نەمرانی تر:

جگە لە چیرۆکی ئەو کەسانەی کە لە ئەفسانەی فارسییەکاندا لە نەمران دەژمێردرێن و کورتەی چیرۆکەکانمان خوێندەوە، لەم لاو لەو لاش لە مێژوو و ئەفسانەی فارسی باسی چەندین ناوی تر دەکرێ، کە ئەوانیش نەمرییان هەبووە یان هۆی نەمرییان ئەوەتە دواجار نەمرییان بەدەست هێناوە، بەپێویستی دەزانین بەکورتی هێمایەک بۆ هەندێکیان بکەین.

٧- پشوتەن: لە ئاوێستا پشوتەتنوی پێ دەڵێن، بەمانای (لەش قایم) (مزدیسنا ج٢، ص٤٥) (...) زەردەشت دوعای بۆ گورشتاسب دەکرد، دەیفەرموو: «خۆت بشۆ تا بێ ناخۆشی و بێ مەرگ بی وەکو پشوتەن».

«پشوتەن گەورەترین کوڕی گورشاسبە، لە دەستووری زەردەشتی شیر و (نانی پیرۆز)ی دایێ و ئەوی کردە کەسێک کە نەمرە و لەنێوناچێ» (١٩٢، ص٢٠٦) پشوتەن کەسێکە لەسایەی زەردەشت و بەهۆی شیر و نانی پیرۆز نەمری بەدەستدێنێ.

٨-سوشیانت: «پاشان ئورمز و هەموو ئەفراندراوەکان بۆ لای خۆی دەگەڕێنێتەوە. بەڵام چونکە (گیان) نەمرە و تەن لەنێو دەچێ، سوشیانت و یارانی بەڕێ و رەسمی ئایینی (یەزەشن)(*-١٦) دەکەن.

-لەو یەزەشنەدا خۆشاوێک لە شیر و هومی سپی چێ دەکەن کە هەموو بوونەوەر بەخواردنەوەی کەمێکی ئەو خۆشاوە نەمری بەدەست دێنن. ئەوانەی کە لە تەمەنی گەورەییدا مردوون دەگەڕێنەوە سەر تەمەنی پازدەساڵی و ژن و مێرد و منداڵان هەموویان پێکەوە ژیانێکی نەمرییان دەست دەکەوێ» (٤١، ص١٣٩).

لێرە جگە لە سوشیانت، لە کۆتایی جیهان هەموو خەڵک گەورە و بچووک بەهۆی خۆشاوی شیر و هومی سپی کە لە یەزەشندا دەگیرێتەوە، نەمریی هەمیشەییان بەنسیب دەبێ.

٩-ئورو تەت نەر: «ناوی کوڕی دووەمی زەردەشتە، یەکێکە لە نەمرەکان، وەختی کە(فرشکرد = فرەشکەرد- نوێکردنەوەی دین و جهان) بەیارمەتی سوشیانت هەڵدەستێتەوە = زیندوو دەبێتەوە- (٥٤ ،جلددوم، ص٩٣١).

وا بەدەردەکەوێ کە ئوروتەت نەریش لەو خۆشاوە دەخواتەوە کە سوشیانت و یارانی لێی دەخۆنەوە، دیسان ئەویش لەکۆتایی جیهان زیندوو دەبێتەوە.

١٠- خەسرەو: «لە ٥٣١ز خەسرەوی یەکەم، کە مەزنترین فەرمانڕەوای وڵات بووە، (...) ئەو شایە هێندە خۆشەویست و جێگای ڕێز بووە، کە لەپاش مردنی ئەفسانەیەک بڵاوبووەوە، کە ئەو شایە، بێ ئەوەی مردبێ چووەتە ئەو دنیا، لە کۆتایی جیهان بەلەشکرێکەوە دەگەڕێتەوە تا ئەو دێوانە لەنێوببات کە هێرشیان هێناوەتە سەر ئێران» (٥٢، ص١٨) ئەو شایە لە خەیاڵی ئەفسانەیی خەڵک بەهۆی



خۆشەویستی و ناوداریییەوە، نەمریی بەدەست دێنێ و ئەو هۆیانەی دەدرێتێ کە پیاوانی ئایین وەریان گرتووە.

١١- گورشاسب: «کەیخوسرەو و گورشاسب دێنە سەر ئایین و هەموو خەڵک دەبنە ئیماندار لەوە بەدواوە کەس نامرێ(...) خەڵک بەخواردنی (آنوش= ئانوش) کە خۆراکی بێ مەرگییە، هەموو نەمرییان دەست دەکەوێ، ئاسمان دێتە خوارەوە و گورزەکانمان دەگاتە ئەوێ، لەوێ ئاسایش و خۆشی تەواو هەیە، خەڵک هیچ کارێک ناکەن جگە لە دیداری هرمز و ستایشی ئەو» (٩٨، ص٢٧٦).

لێرەش گورشاسب و کەیخوسرەو بەهۆی ئیمان هێنان و خواردنی خۆراکی ئانوش جاویدانییان دەست دەکەوێ، دیسان ئەو دەستکەوتنە لە کۆتایی جیهانە و لەگەڵ هەموو خەڵکیشە.

١٢- زاڵ: «لە شاهنامەش هیچ هەواڵێک لەبارەی مەرگی (زاڵ)ەوە بەدەست ناکەوێ، هەر لەبەر ئەوە (رۆستەم) هێشتان زیندووە، ئەو دەستوورەی کە سام و زاڵ دەیانپاراست، هەر بەردەوامە (٨٠، ص٩٢٢).

لێرەش ڕۆستەم لەسەر دەستووری باب و باپیرانی کە سام و زاڵن ئەوەیش نەمرە، واتە نەمرییەکەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە.

١٣- ئەسفەندیار: «ئەفسانە سازانی خۆش خەیاڵ لە باسی ئەسفەندیار ئەو لە مردن دەپارێزن، بەدەستی پیاوێکی خودایی لە جەوهەری ئاهورامەزدایی واتە زەردەشت، دەیگەیننە ئاوی پیرۆز تا چڵک و پیسی لە تەنی خۆی بکاتەوە، ئەسفەندیار وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەکاتی خۆ لەئاو نقوم کردندا چاوەکانی دەنووقێنی- فێڵی ئەهریمەن سەر دەگرێ- ئاو بەرچاوەکانی ئەسفەندیار ناکەوێ، لاوازی چاوەکان دەبێتە هۆی مردنی ئەسفەندیار» (٥١، ص١١٩).

ئەسفەندیار بەهۆی ئاوی پیرۆز تەنێکی قایم و خۆڕاگری دەبێ، بەڵام، بەهۆی خاڵی لاواز کە تەڕنەبوونی چاوەکانییەتی، دواجار لە چاوەکانیڕا بەهۆی کارلێکردنی تیر دەمرێ.

- کۆرش: «کۆرش ئەو گەورەپیاوەی مێژوو، ئەو دواپەیامبەری فەرهەنگی ئێران، کە بەهۆی چەند بەڵگەیەکەوە و لەسەر باوەڕی ئێرانیانی کۆن، ئەو لەوانە دەژمێری کە هەر هەزار ساڵ جارێک پەیدا دەبن، ئەو مەسیح و رزگارکەری ئایین و جوانە» -١٩٥، ص هفت-) .

کۆرش بەپێی خەیاڵی ئەفسانەیی خەڵک و بەهۆی گەورەیی و خۆشەویستیی خۆیەوە، بووە بەیەکێ لە پیاوانی ئایینی، ئەوانەی کە هەر هەزار ساڵ جارێک دەردەکەون.

### ٣-٦-١-گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە کوردییەکاندا .

#### ٣-٦-١-١- کێن ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن؟

ئەگەر بەوردی سەرنجی ژیانی هەموو ئەو کەسانە بدەین کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون و لەدەست مەرگ هەڵاتوون، چ لەسەر ئاستی جیهانی چ لەسەر ئاستی نەتەوەکان بەتایبەتی (کورد)و (فارس)دا دەبینین هەموو کەسایەتییەکان چەند خاڵێک کۆیان دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانە لە هەمووواندا هەیە، ئەگەر (گلگامش) وەک کۆنترین کەسایەتی و جیهانیترین کەسایەتی، بەنموونە وەربگرین، ئەوا

سەیر دەکەین لە کەسایەتیی گلگامشدا ئەو خاڵانەی خوارەوە بەرچاون.

١-گلگامش پاڵەوانێکی لێهاتوو و کەم وێنەو ئازابوو، چەندین کاری پاڵەوانانەی کردبوو کە هەر لەخۆی دەهات. ئەوەیش چ لە مێژووی ژیانی گلگامش و چ لە ئەفسانەکاندا باسکراون.

٢- گلگامش پاشاو کوڕە پاشا بووە، لە مێژوودا بەپێنجەمین پاشای سۆمەری داندراوە.

٣- کەسایەتییەکی ئایینی بووە، چ لەوەی کە لەو سەردەمی مێژووەدا پلەی ئایینی و دەسەڵاتی پاشایەتی یەکیان دەگرتەوە، چ بەوەی کە لەرووە ئەفسانەیییەکەی کەسایەتییەک بوو، دوو لەسەر سێی خوداوەندبوو.

٤- لە ژیانیدا وەک پاڵەوان و کوڕە پاشا و پاشا زۆر خۆش ژیابوو، ئەوەش ژیانی لا خۆشەویست کردبوو، نەیدەویست لە ژیان دابڕێ.

٥- لەژیانیدا هەرچی پێی خۆش بووە و دڵی ویستوویەتی کردوویەتی، ئەوەش ڕێگای ئەوەی بۆخۆش کردبوو، کە وابیر بکاتەوە کە دەتوانێ (نەمریی)ش بەدەست بێنێ.

٦- کە لاشەی مردووی هاوڕێکەی (ئەنکیدۆ) دەبینێ بۆ یەکەم جار ترسی مردن دایدەگرێ. ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی گلگامش سەیری ژیانی ئەو کەسایەتییانە بکەین کە لە ئەفسانە کوردییەکاندا بەدوای نەمرییدا گەڕاون لەگەڵ جیاوازیی دەقەکان و ئەو گۆڕانانەی کە بەدرێژایی ڕۆژگار بەسەر- ڕووداو- و-دەق-ەکاندا هاتووە، هێشتا خاڵە هاوبەشەکان بەئاسانی دەدۆزرێنەوە و خۆماندوو کردنێکی زۆریان ناوێ.

### ٣-٦-١-١- کەسایەتییەکان لەئەفسانە کوردییەکاندا

**١-میر مح:**

میر مح وەک کەسایەتییێک و دەقێکی ئەفسانەیی یەکجار کۆنی کوردی (*-١٧) تا ئێستا چەند دەقێکی لێ بڵاوکراوەتەوە (*-١٨) لە هەموو دەقەکان ئەو خاڵە هاوبەشانە هەن، کە لەو خاڵانە نزیک دەبنەوە کە لە کەسایەتیی گلگامشدا هەبوون.

میر مح کوڕە (پاشا)و میر و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارە و تاقانەی دایک و باوکییەتی و بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردە کراوە، چ لەرووی پەروەردە و زانیارییەوە- کە باوکی پێ لەسەر ئەوەدا دەگرێ هیچ لەبارەی (مردن)ەوە نەزانی، چ لەبارەی بەدەنییەوە راهێنانە لەسەر پاڵەوانییەتی و یارییەکانی تر کە بۆ خۆشی دەکرێن، لەم ژیانەشدا هەرچی ویستوویەتی وەک کوڕە پاشا و کوڕە میرو دەوڵەمەند و تاقانە بۆی ئامادەکراوە و دڵی نەشکاوە، میر مح هیچ لەبارەی (مردن!) نازانێ، پاش ئەوەی کچێکی هاوچەشنی خۆی بۆ پەیدا دەکات، بەماوەیەکی کەم کچە، واتە ژنی میر مح دەمرێ، تا ئەو کاتە مردن و مردووی نەدیوە و هەتا (وشە)ی (مردن)یشی نەبیستووە، کە دەزانێ مردن چییە و ڕۆژێکیش دێ ئەویش دەمرێ. زەنگی مردن بۆی لێ دەدا و ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئەویش وەکو ئەم خەڵکە بمرێ، چونکە لە ژیان هەرچی ویستوویەتی بەئاسانی دەستی کەوتووە، هەر ئەو هۆیەشە وای لێ دەکات کەوا بیربکاتەوە، کە



(نەمریی!)شی بەو ئاسانییە دەست دەکەوێ، بۆیە بەپێ داگرتنەوە سەرهەڵدەگرێ و بەدوای ئەو جێگایەدا دەگەڕێ کە مردنی لێ نییە!

**٢- ئەسکەندەر:**

ئەسکەندەر چ وەک ژیانە واقعییەکەی، چ وەک کەسێکی ئەفسانەیی، کوڕە پاڵەوانە و لەژێر دەستی مامۆستایەکی وەکو (ئەرستۆ) پەروەردە کراوە و رەگەزی خۆی بۆ خوداوەندەکان دەگێڕێتەوە، لە ژیانیدا چ لەسەر ئاستی خواستە ڕۆژانەکانی، چ لە هەوڵە مەزن و جیهانییەکانی بەردەوام سەرکەوتن بەدەست دێنێ، کە لەوەدا سەردەکەوێ کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم سەرکەوتن و دەسەڵات و خۆشییەی خۆی بکاتە هەمیشەیی، ئەوەش نابێ ئەگەر (نەمریی!) بەدەست نەهێنێ، کە لە ژیانیدا ئەوەی کە بەپارە بۆی بەدەست نەهاتبێ ئەوا بە (شمشێر!) بەدەستی هێناوە. ئەم بەدەست هێنانی بەردەوامە ئەسکەندەریش دەخاتە سەر ئەو رایە کە بەدەست هێنانی شتێکی ئەستەمی وەک (ئاوی حەیات)یش کارێکی ئەستەم نییە!، لەوەشدا پەنا بۆ (زانا)کان و (سەرباز)ەکانی دەبات، واتە هێز و عەقڵ بەکاردێنێ ئەویش بەزانایییەوە لەشکر دەداتە دوای خۆی و بەدوای (ئاوی حەیات)دا دەگەڕێ. ئەگەر لەم دەقە ئەفسانەیییە، ئەسکەندەر وەک سەرکردە و پاشا بەڕا و تەگبیر بەدوای ئەو ئاوە ئەفسوناوییەدا دەگەڕێ و دەستی ناکەوێ، ئەوا لە نێو لەشکرەکەیدا دوو سەرباز هەن (خدر)و (ئەلیاس) ئەم دووە بە ڕێککەوت لە کانی ئەو ئاوە دەخۆنەوە و نەمری بەدەست دێنن، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرچەندە کەسانێ هەن وەک پاشا و پاڵەوان و دەوڵەمەند بەلەشکری زۆر و زێڕی زۆرەوە بە دوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێن، ئەوا خەڵکانێکیش هەن، بێ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێن وەک ڕێککەوت ئەو ئاوە دەگمەن و ئەفسووناوییەیان دێتە ڕێگا.

**٣- خدری زیندە:**

لەم دەقەدا سەرکردە پێغەمبەرە (د.خ) لە گەڕانەوەیدا دەیەوێ وەک پەند و ئامۆژگاری هەندێ شتی دەگمەن و جێگای نەبینراو بەیارانی خۆی پیشان بدا، لێرەش ڕێککەوت ڕۆڵی خۆی دەبینێ و، (خدری زیندە) یەکێکە لە یاران و جەنگاوەرانی لەشکرەکە، بەڕێککەوت و بە تەنیا ئەو ڕێی دەکەوێتە سەر ئەو کانییە و لێی دەخواتەوە و بەم ڕێککەوت و ئاوخواردنەوەش بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ (نەمریی!) بە دەست دێنێ، لێرەدا هەرچەندە خدری زیندە سەرکردە و پاڵەوان نییە و خۆشی بە ئاگاداری و پێ داگرتنەوە بە دوای نەمرییدا نەگەڕاوە، بەڵام ئاوی نەمریی بەدەست دێنێ، دەتوانین، خدری زیندە وەک کەسایەتییەکی تر دەستنیشان بکەین، بەوەی کە ئاوی حەیاتی دەست کەوتووە، بەڵام ناکرێ، لەو کەسانەی بژمێرین کە بە دوای (نەمریی!)و (ئاوی حەیات)و ئەو جێگایەدا دەگەڕێن کە (مردنی لێ نییە!) چونکە ئەوان هەموویان لە زۆربەی ئەو خاڵانە یەکتر دەگرنەوە کە لە کەسایەتیی گلگامشدا هەیە، بەڵام ئەو خاڵانە- لای کەم لەم دەقەدا- لە کەسایەتیی (خدری زیندە)دا نابینین.

### ٤- ئەسکەندەری چار قوڕنەت

لەم دەقە ئەفسانەیییەدا کە لەگەڵ دەقەکەی پێشوو زۆری جیایە، ئەسکەندەر لەگەڵ ئەوەی خاوەنی هەموو ئەو خاڵانەیە کە پێشتر باسمان کرد و لە کەسایەتیی گلگامشدا هەیە، بەڵام ئەوەی وای لێ دەکات کە بەدوای ئاوی نەمریدا بگەڕێ، خواست و مەبەستی خۆی نییە! بەڵکە ئەو رق و ئیرەیییە بوو کە (قەمبەر)ی شیرەتکار لە (خدر)ی دەبووەوە، چونکە ئەسکەندەر گرنگی بە خدر دەدا، خدر گەنجێک بوو لە دەوروبەری ئەسکەندەری ئەو گەنجە واتە خدر مامێکی پیری هەبوو ناوی (ئەلیاس) بوو، لێرە خدر و ئەلیاس مام و برازان و ئەلیاس پیرە و خدر گەنج، کەچی لە دەقەکەی پێشوودا، هەردووکیان واتە خدر و ئەلیاس دوو سەربازی نێو لەشکری ئەسکەندەر بوون. قەمبەر هانی ئەسکەندەر دەدا کە خدر بە دوای ئاوی حەیاتدا بگەڕێ، نەک بۆ ئەوەی ئاوەکە بۆ ئەسکەندەر بە دەست بێنێ، بەڵکە بۆ ئەوەی خدر لەو رێگایە سەری تێدا بچێ، جا لێرەش حاڵەتی تر دێتە پێشەوە، هەرچەندە ئەسکەندەر داوای ئاوی حەیات دەکات و ئاوەکەش بۆ ئەوە، بەڵام ئەوەی بە دوای ئاوەکەدا دەگەڕێ، خدرە، گەڕانەکەشی لە سایەی گەنجیی خۆی و ئامۆژگارییەکانی (ئەلیاس)ی مامیەتی، وەکو دەرکەوت خدر بۆ خۆی نییە کە بە دوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێ و لەسەر خواستی خۆشی نییە! بەڵام دیسان بە رێککەوت ئەو ئاوە دەگمەن و ئەفسووناوییە بۆ ئەو دەبێ و ئەو لێی دەخواتەوە و نەمریی بە دەست دێنێ. دیسان ئەو ئەنجامەش ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە زۆر جار (رێککەوت) لە هێز و دەسەڵات و نەخشە و پلان چاکتر ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوتر بە دەستەوە دەدا. ئەویش ئەوەیە کە، لەم دەقەدا، ئەو کەسایەتییەی کە خاڵە هاوبەشەکانی هەیە، (ئەسکەندەر)ە، ئەوەی ئاوەکە داوا دەکات لە بنەڕەتدا (قەمبەر)ە و ئەوەش ئاوی حەیاتیی دەست دەکەوێ خدری زیندەیە، بۆیە دەتوانین خاڵەکان لە هەرسێکیاندا کۆبکەینەوە، واتە بە هەرسێکیان ئەو کەسایەتییە پێکدێنن کە بە هێز و دەسەڵات و خواستەوە بە دوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ. هەرچەندە مەبەستی سەرەکیی (قەمبەر) لەنێوبردنی (خدر)ە!!. نەک بەدەست هێنانی نەمریی!

### ٥- زەلامێک!

ئەم دەقە زۆر بە کورتی بڵاوکراوەتەوە، بە لێوردبوونەوە ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەم دەقە زۆر درێژترە! ئەو کەسایەتییە کە دەقەکە بە (زەلامێک) ناوی دەبات زەلامێکی ئاسایی نییە! هەروەها ڕۆژێ بە عەقڵیدا هاتبێ و بە دوای ئاوی نەمرییدا گەڕابێ، بەڵکە نیشانەی پاڵەوانیی پێوە دیارە، کە لە (قەڵا!)یەکدا زەوی هەڵدەکەنێ، ئەمەش رێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکات بڵێین: کە ئەم قەڵایە بەهێز و لەشکر گیراوە، ئەم قەڵاهەڵکەندنەش لەشکر و سوپای کارکەری دەوێ. لەوەوە رێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەبێ، کە بڵێین: ئەو (زەلام)ە پاشاییێک یان سەرکردەیەکی بە دەسەڵات بووە و لە ژیانی خۆی رازی بووە و ویستوویەتی نەمر بێ! بۆ ئەم نەمریی بەدەست هێنانەش هێزی لەشکر و پلانی زانیاری و وزەی زۆری بەکارهێناوە، بەوەش چەند خاڵێکمان دەست دەکەوێ، کە دەبێتە مایەی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی کە بە ئاگادارییەوە و لەسەر خواستی خۆیان و بەسەرکردەیی لەشکر و بەکارهێنانی سەرو ماڵ بەدوای ئاوی نەمرییدا گەڕاون و رێگای دووریان بڕیوە و رەنجی زۆریان کێشاوە.



### ٦- پیرەژنێک!

ئەوە یەکەمین دەقە لەنێو دەقە کوردی و فارسییەکان کە پاڵەوان یان ئەو کەسەی بە دوای نەمرییدا دەگەڕێ کەسایەتییەکی (ئافرەت) بێ! تێپەڕینی ڕۆژگار لە درێژی ئەم دەقەشی کەم کردووتەوە و تەنیا کرۆکی کێشەکەی هێشتووتەوە، ئەویش هەڵاتنە لە دەست مردن و گەڕانە بە دوای شوێنێک کە مردنی لێ نەبێ، چونکە لەم دەقەشدا وەک ئەوەی پێشوو بۆنی ئەوە دەکەین کە ئەو پیرەژنە کەسایەتییەکی ئاسایی نییە! کە بە دووری نازانم کەسایەتییەکی سەرکردەیی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی بووبێ سەرەڕای سۆزی دایکایەتی، کە ئەمانە پێکەوە لەگەڵ ترس لە مردن و خۆشەویستیی ژیان بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم (پیرەژن!)ە لە دەست مردن هەڵێ و بە دوای ئەو شار و وڵاتەدا بگەڕێ کە مردنی لێ نییە! چونکە گەڕان بۆ کارێکی وا گران و شتێکی وا ئەستەم هێز و سەرمایەی پاشا و لەشکر و سەرکردەی دەوێ، بە دووری نازانم، کە ئەم (پیرەژن!)ە ئەم هۆیانەی هەموو لەبەر دەست بووبێ، بەڵگەش بۆ ئەمە گەڕان و رۆیشتنەکەیە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: جگە لەوەی ئەم کەسایەتییە ئافرەتە، ئافرەتێکی دەسەڵاتدار و سەرکردەش بووە، گەڕانەکەشی وەک زۆربەی کەسایەتییە (پیاو!)ەکان لە سایەی هێز و سەرمایە و دەسەڵاتەوە خواستەکەی خۆی خستووتە کار و رێگای دوور و جێگای پڕ ئەستەمی بۆ بڕیوە.

### ٧- هەندێ لە نەمرانی تر:

ئەگەر پێشتر باسی ئەوە کرا کە هەندێ کەس هەن خۆیان بە خواست و هێز و سەرمایەوە بە دوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن و هەندێک هەن بە رێککەوت ئەو هۆیەیان دەست دەکەوێ، ئەوا کەسانێکی تریش هەن بە جۆرێکی تر نەمریی بەدەست دێنن، ئەویش خەڵک نەمرییان پێ دەبەخشێ، بەزۆریش پاش (مردن!) یان خەڵک هەر بە زیندوویان دەزانن.

### ٨- پیاوی ئاغا:

پیاوی ئاغا لە چیرۆکی (ئەسحابە) کەسایەتییەکە ئەویش بە رێککەوت و بە شێوەیەکی تر (نەمریی) بەدەست دێنێ، لە سایەی (دوعا- نزا)ی ئەسحابە بێ ئەوەی ئازاری مردن ببینێ، هەر بەزیندوویی و بەپێی خۆی دەچێتە (میرکێ بحێشتێ)و حەفتێ هەزار ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام، دواجار ئارەزووی گەڕانەوەی سەر دنیا دەکات، هەرچەندە ئەسحابە پێی دەڵێ ئێستا (ئەو زەمانە نمایە و ئەو بەشەر نمانە)، بەڵام پیاوی ئاغا (خوا نەجاتی نادا)و بەهەشت لە دەست خۆی دەدا و چۆن چووەتە نێو بەهەشت ئاوا دەگەڕێتەوە، بەڵام، پاش چی؟ پاش ئەوەی کە دەڵێ: (حەککو چم لە خۆ کرد. بە قسەی ئەسحابەم نەکرد خۆم مار وێران کرد نە ئاغا مایە نەکەس مایە و نە ملەت مایە و بوویتە دەورو زەمانەکی دی.) لێرە نەمرییەکەی پیاوی ئاغا لە دوو خاڵدا کۆ دەبێتەوە، یەکەم: ئەو پاش ئەوەی بە زیندوویتی دەچێتە نێو بەهەشت و بە قسەی خۆی لەکنی وایە دەقیقەیەکە یان سەعاتەکە بەڵام، ئەسحابە پێی دەڵێ ئەوە حەفتێ هەزار ساڵ ڕابورد، پیاوی ئاغا ئەو کاتە بۆی روون دەبێتەوە کە راستە زەمەن گۆڕاوە(*- ١٩) کە دەگەڕێتەوە شاری خۆی دەبینێ زەمان و خەڵکەکە زۆر گۆڕاون و ئەوسا پەشیمان دەبێتەوە. دووەم:

دەقەکە باسی مردنی پیاوی ئاغا ناکات وەک ئەوەی پێمان بڵێ: نەمریی بە دەست هێناوە! بەڵام، لەگەڵ زەمەن و خەڵکەکە ناگونجێ ئەم تەمەنە درێژە -حەفتێ هەزار ساڵ-ە ئەگەر زەمەنێکی ئەفسانەیی بێ، هێشتا نیشانەی ماوەیەکی زۆرە و ئەم بێ هەواڵییەش لەبارەی (مردن!)ی پیاوی ئاغا نیشانەی نەمرییەو زمانحاڵی ئەفسانەکە دەڵێ (پیاوی ئاغا) کابرایەکە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ نەمریی دەست کەوتووە و خەڵک کە ئەفسانەکە زمانحاڵیانە بە زیندوو و نەمری دەزانن.

**٩- شێخ فەرخ:**

بەسەرهاتی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی) بەسەرهاتێکی پڕ لە فانتازیایە، هەر لە دایک بوونییەوە هەتا ڕۆژی مردنی، کارەکانی هەمووی کاری کەسایەتییەکی نا ئاساییین ئەم جۆرە کەسانەش هەمیشە لە نێو عەقڵی عەوام ئەفسانە ئامێز دەکرێن و کاری لە رادەبەدەریان دەدرێتە پاڵ هەر ئەوەشە، کە پاش ئەوەی فەرخ دەمرێ و گۆڕەکەی دەبێ بە (چاک) هێشتا عەوام ئەو (مردوو)ە بە (زیندوو) دەزانن و دەڵێن: (شێخ فەرخ نەمردووە و ئاگای لە هەموو شتێکە). واتە ئەوە خەڵکەکەن نەمریی بە شێخ فەرخ دەبەخشن، نەک شێخ فەرخ خۆی بە دوای نەمرییدا گەڕابێ و بە دەستی هێنابێ. واتە شێخ فەرخ جۆرێکی ترە لە (نەمران!) کە نەمرییەکەی خەڵک پاش مردنی پێیان بەخشیوە.

**١٠- کەیخەسرەو:**

کەیخەسرەو پێنجەمین فەرمانڕەوای ماد، بەو هۆیەی کە یەکێتیی ئارییاییەکانی بە دەست هێنا و زۆر کاری گەورەی کردووە و سەرکەوتنی زۆری بە دەست هێناوە، لە نێو خەڵکدا زۆر خۆشەویستە و هەتا ئەویش بە یەکێ لە (نەمران) دەزانن، ئەو نەمرانەی بەپێی ئایینی زەردەشتی لە کۆتایی جیهان زیندوو دەبنەوە و ئەرکی ئایینی و کاری خێرخوازانەی خۆیان جێبەجێ دەکەن. لێرەش ئەوە دیارە کە کەیخەسرەو مردووە، بەڵام خەڵک لە سایەی کارەکانییەوە خۆشیان دەوێو بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە (نەمریی)یان پێ بەخشیوە، واتە کەیخەسرەویش پێیەوە دیار نییە بەدوای هۆیەکانی نەمریدا گەڕا بێ، ئەو (خەڵک)ەن نایانەوێ وەک هەر کەسێکی ئاسایی بمرێ، چونکە ئەو لە ژیانیدا کەسێکی ئاسایی نەبوو. جگە لەوەی پاشایەتی کەیخەسرەو زۆر خاڵی دەداتێ کە لەگەڵ خاڵەکانی گلگامش و گەڕاوەکان بەدوای نەمرییدا هاوبەش بێ واتە زەمینەی گەڕان بە دوای نەمرییدا هەبووە کەچی خۆی بەدوایدا نەگەڕاوە، بەڵام، ئەو خەڵکە نەمریی و زیندوویێتییان پێ بەخشیوە. ئەویشیان هێناوەتە ڕیزی ئەوانەی کە خۆیان -واتە خەڵک- نەمریی پێ دەبەخشن و بەزیندوویێتی دەهێڵنەوە.

دواجار تێبینی ئەوە دەکرێ کە سێ جۆر کەسایەتی هەن.

١- ئەو کەسەی خۆی بە خواست و هێز و سەرمایەی خۆی بە دوای نەمرییدا دەگەڕێ. وەک گلگامش و میرمح و ئەسکەندەر...

٢- ئەو کەسەی کە بە ڕێککەوت هۆی نەمری بەدەست دێنێ. وەک خدری زیندە و ئەلیاس.

٣- ئەو کەسەی کە دەمرێ، بەڵام، عەقڵی عەوام نەمریی پێ دەبەخشێ. وەک شێخ فەرخ و کەیخەسرەو.



**٣-٦-١-٢- کەسایەتییەکان لە ڕێگا تووشی چی دەبن؟**

ئەگەر گەڕان بەدوای (نەمریی)و بەدەست هێنانی هۆیەکانی و دواجار لەدەست دانی ئەو نەمرییییە، ئەفسانە و چیرۆکێک و پەندێکە مەبەستێکی تایبەتی و دیاری هەیە، ئەوا لەزۆر لەو چیرۆکانە، ئەوەی لە ڕێگای (چوون) و (هاتن)ەوەش پاڵەوان تووشی دەبێ، هەمووی پەند و حیکمەتن بۆ ئەوەی پاڵەوان زۆر چاک و لەزۆر ڕووەوە بێتە قەناعەت کە (مرۆڤ) هەرچی بکات لە دەست مردن ڕزگاری نابێت و لە ئەنجامدا ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی بێ سوودە.

١- داستانی (میرمح) لەپاش داستانی (گلگامش) کۆنترین و تەواوترین و ڕێکترین داستانە کە باس لە گەڕان بەدوای نەمرییدا دەکات و باسی ئەوە دەکات چۆن (میرمح) ئەو جێگایە دەدۆزێتەوە کە نەمریی تێدا بەدەست دێنێ و دواجار چۆنیشی لەدەست دەدات. ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە ئەو پێشهاتە پەند ئامێزانەیە کە لە ڕێگای چوون و هاتنەوە میرمح تووشیان دەبێ.

لە ڕێگای چووندا یەکەم جار تووشی جووتیارێک دەبێ کە لە تەنیشت دەریایەک جووت دەکات. کە جووتیار تێدەگات. میرمح بەدوای چیدا دەگەڕێ، پێی دەڵێ: وەرە لەکن من بمێنەوە، (لێرە مردن نییە) تا ئەو دەریایە وشک نەکات و لەجێگای ئەو دەریایە جووتیار جووتی نەکات، جووتیار لێرە مەبەستییەتی کە تا ئەو ڕۆژەی ئەو دەریایە وشک دەکات و جێگاکەی دەبێتە کێڵگە، ڕۆژگارێکی زۆر دەخایەنێ، ئەو ڕۆژگارە زۆرەش لای جووتیار جێگای نەمریی دەگرێتەوە؛ بەڵام میرمح دەڵێ: لێرە نابم، چونکە ڕۆژێ دێ ئەو دەریایەش وشک دەکات و ئەو کاتە (من!)یش دەمرم، بۆیە لەسەر ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێ، ئەمجارە باڵندەیەکی دێتە ڕێگا، لەگەڵ باڵندەکەش لێک ئاشکرا دەبن و باڵندەکەش دەڵێ: وەرە لەکنە من بە، ئەو گەڵییە (گاڕس= زوڕات)ە دەبینی! من هەر ڕۆژەی دنکەک لەو گاڕسە دەخۆم و تەمەنی خۆمی پێ درێژ دەکەم، هەتا گاڕس لەو گەڵییە مابی، ئێمەش دەمێنین! میرمح بەوەش دڵی ئاوێ ناخواتەوە و دەڵێ: ڕۆژی دێ ئەو گەڵییە گاڕسەش تەواو دەبێ، ئێرەش بەجێ دێڵێ و ئەمجارە لەگەڵ (مار)ێک لێک ڕاست دێن، کە مارەکەش تێدەگا میرمح بەدوای چیدا دەگەڕێ، دەڵێ: وەرە لێرەبە، تۆ نامری هەتا ئەو گەڵییە لە(کراس- کاژ)ی من پڕ نەبێ، من هەر ساڵەی جارێک کراسی خۆم دەگۆڕم و دەیهاوێمە ئەو گەڵییە، میرمح لێرەش بەند نابێ و دەڵێ: ڕۆژێ دێ ئەو گەڵییەش پڕ دەبێ لە کراسی تۆ. میر لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێ، دواجار تووشی (پیرەمێرد)ێک دەبێ، کەپیرەش دەزانێ میرمح بەدوای نەمرییدا دەگەڕێ دەڵێ: لێرەبە و مەڕۆ، من هەر ڕۆژەی سەر قەلینە خۆڵەکی لەو گردەی داوێمە نێو ئەو گەڵییە، کەی ئەو گەڵییە پڕ بووەوە، ئەو کاتە من دەمرم. میرمح دیسان دەڵێ: ئەو گەڵییەش پڕ دەبێتەوە. زمانحاڵی هەریەک لەو جووتیار و مار و باڵندە و پیرەمێردە بە (میرمح) دەڵێن: تۆ دەتوانی تەمەنی درێژ بەدەست بێنی، بەڵام هەر دەبێ بمری! کەچی میرمح بەو تەمەنە درێژانە ڕازی نابێ. پاش ئەوەی میرمح لە بەهەشتی پەرییان غەریبی هەڵدەستێ و دەگەڕێتەوە شاری باوکی لە ڕێگا هەموو ئەو جووتیار و مار و باڵندە و پیرەمێردانە، لە دوا ڕۆژی ژیانیاندا دەبینێ، پیرەمێرد دوا سبیلی خۆڵی بەدەستەوەیە و چاوەڕێی میرمح دەکات، کە میر دەگات دوا سبیلە خۆڵ لە گردەکە دەخاتە نێو گەڵی

و گەڵییەکە و گردەکە لەگەڵ یەک یەکسان دەبن و پیرەمێردیش، دوا هەناسەی ژیان دەدا و دەمرێ. میر پیرەمێرد بەخاک دەسپێرێ و لەگەڕانەوەی بەردەوام دەبێ، ئەمجارە دەبینێ ئەو باڵندە کە دوا دنکی گارسی لەدەمدایە و چاوەڕێی میرمح دەکات، لەگەڵ گەیشتنی میر، باڵندەش دوا دنکی گارس دەخوا و دوا هەناسەی ژیان دەدا، میر ئەویش بەجێ دێڵێ و لەسەر گەڕانەوە بەردەوام دەبێ. ئەمجارە مار چاوەڕێیەتی و دواکراسی فڕێ دەدا و گەڵییەکە پڕ کراس دەبێ و ئەویش چاو لێکدەنێ. میرمح ئەویش بەجێ دیلێ و دەگاتەوە جووتیارەکە، دەبینێ ئەوا دەریاکە وشکی کردووەو جووتیار خەریکن لەجێگای دەریاکە جووت دەکەن. کە میر دەگات و جووت دەست پێدەکات، کابرای جووتیاریش دوا هەناسە دەدا و لەبەرچاوی میر گیان دەسپێرێ و ئەویش دەمرێ، بەقسەی پەرییەکانی نێو بەهەشتێ میرمح (١٥٠٠ ساڵ) لەوێ ماوەتەوە، کەواتە هەریەک لە جووتیار و مار و باڵندە و پیرەمێرد لەکاتی چوونی (میرمح)ەوە هەتا گەڕانەوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ بەهۆی (هۆ)یەکانی نەمرییانەوە ژیاون. ئەویش ئەو تەمەنە درێژە بوو کە هەریەکە بۆ میرمحیان پێشنیار دەکرد، کەچی میر ڕازی نەبوو، دواجاریش هەر هێندە ژیا، چونکە لە گەڕانەوەیدا جاری دووەم بۆ بەهەشتی پەرییان، ئەو سێوانەی لەدەست دا کە هۆی نەمریی ئەو بوون. لەم پەندانەش مەبەستی هەر یەکێکیان هەر ئەوەبوو، کە بەمیرمح بڵێین: دەتوانی زۆر بژی، بەڵام، ناتوانی (نەمر!)بی!!

٢- لە دەقی (ئەسکەندەر)ی مامۆستا (وریا قانع)دا لە ڕێگای چوون و هاتنەوە هیچ پەند و پێشهاتێک ناخوێنینەوە، جگە لەوەی کە (خدر)و (ئەلیاس) کە ئاوی حەیاتێ دەخۆنەوە دەیانەوێ، بچنە لای ئەسکەندەر و ئەم هەواڵەی بدەنێ، کەچی دەنگێک لە غەیبەوە ئاگاداریان دەکاتەوە و دەڵێ: نەکەن ئەم هەواڵە بدەنە ئەسکەندەر، چونکە ئێوە ئێستا لەریزی مرۆڤدا نەماون. ئەمەش ئەسکەندەر- بەپێی دەقەکە- لێی بێ ئاگایە. ئەم دەق گۆڕانەش لەنێو فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بەتایبەتی کارێکی ئاساییە. وەک لە دەقی داهاتووی ئەسکەندەر دەخوێنینەوە، کە چوون و گەڕانەوەی ئەسکەندەر پڕ لە بەسەرهات و پەندی بەنرخە.

لە دەقی (خدری زیندە)دا پێغەمبەر (د.خ) سەرلەشکرە، بەڵام ئەو بەدوای ئاوی حەیاتدا ناگەڕێ، کەچی دەیەوێ بەپێشهاتی سەیر ئامۆژگاریی موسڵمانان بکات. هەر چەندە خدر بەرێککەوت تووشی ئاوی حەیات دەبێ، بەڵام پەندی ڕێگا لەوە دایە کە لەشکری ئیسلام لە تاریکاییدا هەست بەخڕە خڕی ژێر پێیان دەکەن و لە پێغەمبەر دەپرسن ئەمە چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: هەرکەسێ هەڵیبگرێ پەشیمان دەبێتەوە، ئەوەش کە هەڵینەگرێ هەر پەشیمان دەبێتەوە، کە دەگەنە ڕووناکایی و سەیر دەکەن ئەوەی هەڵیان گرتووە دوڕ و ئەڵماسە! ئەوەی کە هەندێکی هێنابوو، پەشیمان بوو لەوەی کە بۆچی زۆرتری نەهێناوە، ئەوەش کە هیچی نەهێنابوو، هەر پەشیمان بوو لەوەی کە بۆچی ئەویش لەگەڵ خۆی هیچی نەهێناوە. لەوەش نیگەرانی و دوودڵی مرۆڤمان بۆ ئاشکرا دەبێ، بەوەی کە هەمیشە دوودڵە و نە بەکەم رازییە نە بەزۆر..!!

٣- ئەسکەندەری چار قوڕنەت- لەم دەقەدا سەرەتا ئەسکەندەر خۆی بەدوای ئاوی نەمرییدا ناگەڕێ



بەفیتی (قەمبەر) خدر بۆ ئەم ڕێگایە دەنێرن. خدر کە ئاوی دەست دەکەوێ و دێتەوە و دەیەوێ بیداتە ئەسکەندەر، خودای مەزن بانگی جبرائیلی دەکات و دەڵێ: نابێ ئەو ئاوی نەمرییە بگاتە دەست ئەسکەندەر، چونکە ئەو ئاوە بگاتە دەست ئەسکەندەر، ئەسکەندەر ئیتر (نامرێ!) (ئەڤەژی چێ نابت!) بۆیە جبرائیل هەندێک باڵندە دەنێرێ و ئەو جەوەندەی کە خدر بەدارە وشک بووەوەکەی هەڵواسیوە، بەدندووک دەدڕن و ئاوەکە دارە وشک بوو جوانییە مردووەکە زیندوو دەکاتەوە، لەوەش ئەو مانایە دێتە دەست، کە مرۆڤ، هەرگیز ناتوانێ نەمریی بەدەست بێنێ، چونکە داری مردنێیە هەر دەبێ بمرێ. کە خدر دەگەڕێتەوە و ئەم باسە بۆ ئەسکەندەر دەگێڕێتەوە، ئەم جارەش قەمبەر ئەسکەندەر هان دەدا، دواجار ئەسکەندەریش خۆی بەلەشکرەوە ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر کە بەرەو ئاوی حەیاتی دەبا، دیسان (جبرائیل) خۆی دەکاتە دەروێشێک بەئەسکەندەر دەڵێ: ئەو ئاوە بەکەڵکی تۆ نایێ. ئەسکەندەر دەڵێ: ئاخر نەچم دەمرم! جبرائیل دەڵێ: تۆ نامری هەتا بنت نەبێتە ڕەساس و سەرت نەبێتە تاس، ئەسکەندەر گوتی: کەوایە هیچ کاتێ لێناگەڕێم ئاوها بێ. گەڕاوە لەرێگا باران دایکرد. جێگایەکیان بۆ ئەسکەندەر چاک کرد و لە سەر (شمشێر = ڕەساس) و لە ژێر (مەتاڵ =تاس) جبرائیل هات و گوتی: ئەسکەندەر ئەوە چییە لەژێر و لەسەرت ؟ شەرتی ئێمە گەیشتە جێ و ڕۆژی مردنتە! ئەسکەندەر گوتی: مۆڵەتی ئەوەم بدەیێ تا وەسیەتەکی بۆ دایکم بکەم. ڕووی لە سەربازەکان کرد و گوتی: سەد کەس دەس بەدوعا، سەد کەس دەس بەشمشێر و ڕمەوە، سەد کەسیش بەتاسی زێڕەوە لە دەوری جەنازەکەم ڕاوەستن، کە دایکم هات ئاوا جەنازەکەم ببینێ، کە دایکی هات، ئەمانەی بینی تێگەیشت، ئەگەر بەدوعا بوایە کوڕەکەی نەدەمرد، ئەوە سەد کەس دوعای بۆ دەکەن. ئەگەر بەهێز بوایە، نەدەمرد، ئەوا سەد کەس بەڕم و شمشێرەوە لە دەوری ڕاوەستاون ئەگەر بەماڵ و زێڕ بوایە نەدەمرد! ئەوا سەد کەس بەتاسی زێڕەوە دەوریان داوە، ئەم پەندەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هیچ شتێک لە مردنمان ڕزگار ناکات، نەدوعا و نەهێز و نەماڵ. هەمووومان دەبێ بمرین، ئەمەش دایکی ئەسکەندەری لەوە حاڵی کرد، کەمردنی کوڕەکەی وەک مردنی هەر کەسێکی تر کارێکی ئاساییە! هەر چەندە لەشکری زۆر و ماڵی بێ شمار و دوعاگۆی زۆریشی هەبوو!!.

٤- دوا دەق دەقی (زەلامێک) و(پیرەژنێک)ە ئەم دوو دەقەش وەک پێشتر باسکران، زۆر کورتکراونەتەوە و تەنیا کرۆکی ئەفسانەکان ماوە، چونکە دەقەکان هەموو ئەو هۆیانە لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە کە لە دەقەکانی تردا هەن، ئەویش هۆیەکانی گەڕان و بەسەرهاتەکانی ڕێگا و بەدەست هێنان و لەدەستدانی هۆیەکانی نەمرییە، بۆیە دوور نییە! پەند و ئامۆژگارییەکانی ڕێگای چوون و هاتنەوە، لە دەقێکی تری ئەو دەقانە هەبن کە ئێمە نەماندیبێ یان هێشتا بڵاونەکرابنەوە. ئەگەر ڕۆژێ ئەو دەقانەش بڵاوبکرێنەوە، پەندەکانی ڕێگا هەر ئەوە دەسەلمێنن کە گەڕان بەدوای (نەمریی!) کارێکی بێ هوودەیە.

٥- لەبەشی (هەندێ لە نەمرانی تر!) لە ئەفسانە کوردییەکان، پاڵەوان بەشێوەیەکی تر نەمرییان دەست دەکەوێ، کە خواست و گەڕانی خۆیان تێدا نییە، بەمەش دەقەکان (چوون و هاتنەوە)یان تێدا نییە! بەڵام، لە دەقی (ئەسحابە) پیاوی ئاغا بەدوای شتێکی تر- کە کیسە پارەکەیتی- بەدوای ئەسحابەدا دەچێ و دواجار دەگەڕێتەوە، لەم چوون و هاتنەوەش بەهەشت و دۆزەخ دەبینێ و سزا و

پاداشتی خراپە و چاکەی سەر دنیا دەبینێ کە مردووەکان لەو دنیاوە رێ دەگرنەوە. جگە لەوەی کە دەگەڕێتەوە، هەست دەکات قسەی ئەسحابە راست دەرچووە دەورو زەمان لە شار و وڵاتەکەی ئەو زۆر گۆڕاون، پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام پاش چی؟!

کەچی دوو کەسایەتییەکەی تر (شێخ فەرخ و کەیخەسرەو) ئەگەرچی ژیانیان پڕە لە کاری سەیر و مەزن، بەڵام چونکە بەدوای نەمرییدا نەگەڕاون چوون و هاتنەوەیان نییە و هیچ پەند و بەسەرهاتێکی تایبەتییان بەو گەڕان و چوون و هاتنەوەیە لێ بەجێ نەماوە.

**٣-٦-١-٣- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی بەدەست دێنن؟**

چونکە (نەمریی!) حاڵەتێکی ئەستەم و نایابە، بەدەست هێنانیشی کارێکی گران و پڕ زەحمەتە، لێرەمەبەست بەدەست هێنانی یەکجارەکییە، دەنا بەپێی ئەو دەقانەی کە خوێندوومانەتەوە هەندێ کەس زۆر بەئاسانی دەستیان دەکەوێ. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەوکەسانەی بەئاسانی دەستیان دەکەوێ، لەبنەڕەتدا خۆیان بەئاگادارییەوە بەدوای ئەو نەمرییەدا نەگەڕاون.

میرمح کە مەرگی ژنەکەی دەبینێ و بۆ یەکەم جار (مردن!) دەبینێ و تێدەگات مردن چییە و ئەوەش دەزانێ کە ئەویش ڕۆژێک دێت دەمرێ! بیر لەوە دەکاتەوە (بچێتە جێگایەک کەمردنی لێ نەبێ!) بەسواری ئەسپ و بەتاژی راو و بەو تەمەنی گەنجی خۆی ئەو رێگایە دوور و پڕ پەند و حیکمەتە دەبڕێ کە پێشتر باسمان کرد. پاش ئەوەی دوا قۆناغی پەندەکانی جێهێشت کە(پیرەمێرد)ەکە بوو، پاش ماوەیەک گەیشتە (قوببا فەلەکێ) پاش ئەوەی میرمح خواست و بەسەرهاتی خۆی بۆ (فەلەک) گێڕایەوە، فەلەکیش ئامۆژگاریی کرد و گوتی: هەرچی دەتەوێ بیکە و بیخۆ لەم جێگایە، تەنیا مەچۆرە سەر (گرێ هەی هایێ)(*- ٢٠) واتە میرمح-یش گەیشتە ئەو جێگایەی کە مردنی لێ نییە! واتە گەیشتە بەهەشت، بەڵام ئەویش وەکو (ئادەم) تەنیا یەک کاری لێ قەدەغەکرا، واتە لەم (جێگا- بەهەشت)ە میرمح نەمریی بەدەست هێنا، چونکە لێرە مردن نییە! ئەم نەمرییەش لێرە مەرجێکی هەیە، ئەویش نەچوونە سەر گردی هەی هاییە دیارە ئەم گردەش نهێنی خۆی هەیە. (باسکردن لەو گرد و نهێنییە بۆ بەشی لەدەست دان و دۆڕاندن هۆیەکانی نەمریی هەڵدەگرین).

لە ئەفسانەی (ئەسکەندەر) دەقی مامۆستا (وریا قانع) هەر چەندە ئەسکەندەر خۆی بەدوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ، بەڵام، خۆی ئەو ئاوە نادۆزێتەوە، کە خدر و ئەلیاس لەئاوەکە دەخۆنەوە و دەیانەوێ ئەسکەندەر ئاگادار بکەنەوە دەنگێک (لە غەیبەوە) ئاگاداریان دەکاتەوە کە نابێ ئەسکەندەر لەم ئاوە بخواتەوە واتە بەدەست هێنانی نەمرییەکە بۆ ئەسکەندەر، بەدەست نەهاتووە؛ بەڵام ئەگەر دەنگەکەی لە غەیبەوە نەبوایە! ئەوا ئەویش ئەو ئاو و نەمرییەی بەدەست دەهێنا، لێرە هێزێکی دەرەکی (غەیبی) دێتە ناو و ئەسکەندەر لە بەدەست هێنانی ئەو ئاوە گرنگە بێ بەش دەکات. لە ئەفسانەی (خدری زیندە)، خدر کە موسڵمانێکی نێو لەشکری ئیسلام و ژێر ئاڵای پێغەمبەرە، بەرێککەوت ئاوی نەمریی دەخواتەوە، کاتێ پێغەمبەر لە گەڕانەوەیدا بۆ پەند و ئامۆژگاری لەشکری ئیسلام بەرێگایەکی تایبەت و بە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا دەبات. خدر کانییەک دەبینێ کە ئاوێکی جوانی لێ هەڵدەقوڵێ و کەچی



نەکەم دەکا و نەزیاد، بەرێککەوت لەو ئاوە دەخواتەوە و هەر بە رێککەوتیش ئەو ئاوە ئاوی نەمریی دەبێ. واتە بەدەست هێنانی ئاوی حەیات بۆ خدر تەواو کارێکی رێککەوت بوو، نەک خواست و نەخشە بۆدانان و هێز و سەرمایە بۆ خەرج کردن.

لە دەقی (ئەسکەندەری چار قورنەت) سەرەتا ئەسکەندەر خۆی بەدوای ئەو ئاوەدا ناگەڕێ، (قەمبەر) بۆ لەنێوبردنی (خدر) ئاوی حەیات دەکا بەهەنجەت. جاری دووەم کە ئەسکەندەر خۆی بەلەشکرەوە بەدوای ئەو ئاوەدا دەگەڕێ، (جبرائیل) خۆی دەکاتە دەروێشێک و داوا لە ئەسکەندەر دەکا و واز لەم بیرە بێنێ، بەڵام ئەسکەندەر دەڵێ: نەچم! واتە ئاوی حەیات بەدەست نەهێنم دەمرم!. دەروێش رێگایەکی تری پیشان دەدا بۆ ئەوەی خۆ لەمردن بپارێزێ، ئەسکەندەر بەو مەرجە ڕازی دەبێ، بەڵام هێندە ناخایەنێ، باران ئەسکەندەر ناچار دەکات، ئەو کارە بکات، کە دەبوایە نەیکات، ئەویش لەجێگایەک دانەنیشێ، کە بنی رەساس بێ و سەری تاس. بەڵام باران دەبێتە هۆی ئەم مەرج شکاندنە، هەر ئەو دەم جبرائیل ئەسکەندەر لەبن رەساس و لەسەر تاس دەگرێ و پێی دەڵێ: تەنیا ئەم کارە دەبووە هۆی مردنت! ئەوا ئەم کارەشت کرد و ئێستا وەختی رۆحکێشان و مردنتە. ئەسکەندەر ئەوەندەی بۆ دەمێنتەوە تەنیا مۆڵەتی وەسیەتێک لە جبرائیل -عزرائیل- بخوازێ، واتە ئەسکەندەر ئەگەرچی ئاوی نەمریی نەخواردەوە، بەڵام توانی (نەمریی!) بەدەست بێنێ، ئەویش بەوەی تەنیا خۆی لە یەک حاڵەت بپارێزێ. بەڵام! دەتوانێ؟!

لە دەقی (زەلامێک!) کابرا دەگاتە (قەڵا) یەک و دەکەوێتە هەڵکەندنی پاش ماوەیەک کرمێکی سپی دەدۆزێتەوە، ئەو کرمە گەورە دەبێ و دەبێتە- منداڵ- و لە منداڵەوە دەبێتە (گەنج)و بەقسە دێ، کەدەزانێ کابرا بەدوای چیدا دەگەڕێ، زۆر دڵسۆزانە و راستگۆیانە ئامۆژگاری دەکات کە واز لەم فیکرەیە بێنێ و بەدوای ئاوی نەمرییدا نەگەڕێ، چونکە ئەویش لەم ئاوەی خواردووتەوە-واتە ئاوی نەمریی- و ئێستا وای بەسەرهاتووە، هەر چەندە نامرێ، بەڵام لەنێوان کرم و کەترەیی لەنێو (بازنەی نەمریی!)(*- ٢٢)دا دەسووڕێتەوە، ئێستاش لەو ژیانە بێزار بووە و بەدڵ ئارەزوو دەکات بمرێ! کەچی نامرێ! کرمە، یان راستتر کابرای نەمر مەبەستی ئەوەیە بڵێ: من ڕاستە داوای نەمریم کردووە، بەڵام! هەڵەم دەبوایە داوای (هەمیشە گەنجی) (*- ٢٣) بکەم چونکە ئەگەرچی نەمریم بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ سوود و خۆشییەک لەو نەمریی نێوان کرم و کەترەییەدا نابینم. لەوەش ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەو (زەلام!)ەی بەدوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕا، ئاوەکەی نەدۆزییەوە، بەڵام کەسێکی دی دۆزییەوە کە ئەو ئاوەی خواردووتەوە و نەمریی بەدەست هێناوە. بەڵام، چ نەمرییەک! کابراکە وەک نموونەیەکی زیندوو بەرچاوخۆی پێشانی (زەلام!)ەکە دەدا، ئەو زەلامەش دێتە قەناعەت و واز لەم گەڕانە دێنێ و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. هەر چەندە ئاوەکەی بەدەست نەهێنا، بەڵام ئەو پەندەی بەدەست هێنا کە واز لەم ئاوی حەیات و نەمرییە بێنێ، چونکە هەوڵدان بۆ ئەم ئاوە سوودی نییە.

لە دەقی (پیرەژنێک) پیرەژن هەرچەندە (بەقسە!) دەگاتە ئەو شوێنەی کە مردنی لێ نییە! بەڵام نەبوونی مردنەکە لەوەدا نییە کە خەڵک لەوێ نامرن. بەڵکە هۆیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە پێش ئەوەی بمرن! هەر نەخۆش کەوتن زوو سەریان دەبڕن، سەربڕینەکەش بۆ ئەوەیە تا گۆشتەکەی بخۆن! چونکە وەکو

لە دەقەکەدا دیارە لەو جێگایە گۆشتی (مرۆڤ!) دەخۆن. واتە پیرەژن نەچووبووە ئەو جێگایە کە مردنی لێ نییە! بەڵکە مردن لەوێ بەشێوەیەکی ترە! ئەو دەقەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هیچ جێگایەک نییە مردنی لێ نەبێ، ئەوەش ئەو ئەنجامە دەداتە دەست کە پیرەژن هەر لە ئەوەڵەوە نەیتوانییوە نەمریی بەدەست بێنێ، ئەوەی ئەو پێی رازی بووە تراویلکە بووە نەک راستی.

وەکو خوێندمانەوە، ئەوەی نەمریی بەشێوەیەکی تەواو بە دەست هێناوە، تەنیا (خدری زیندە و ئەلیاس)ن، ئەم دووانەش کە نەمریی بەدەست دێنن، لەرێزی (مرۆڤ!) دەچنە دەرەوە و دەچنە جیهانی فریشتان. ئەوانەی تریش کە بەدەستیان دێنن، هەریەکە بەهۆیەک- کە پاشتر باسی دەکەین- لە دەستیان دەدەن. تەنیا (زەلامێک) نەمریی بەدەست دێنێ بەڵام، ئەویش زۆر لەئارەزووی بەدەست هێنانی پتر هیوا دەخوازێ کە کاریگەری ئەو ئاو و ئەو نەمرییەی لەسەر لابکەوێ و ببێتەوە مرۆڤێکی ئاسایی بەئاسایی بژی و بمرێ.

لێرە ئەوە بەدەردەکەوێ، کە ئەوانەی نەمریی بەدەست دێنن، نەمریی تەواو، لەرێزی مرۆڤی ئاسایی نامێنن، بەڵکە دەبنە فریشتە! وەک خدر و ئەلیاس، ئەوانیش وەک (ئۆتۆ- ناپشتم) کە ئەویش چووە رێزی خوداوەندان. دەنا هیچ مرۆڤێک بەشێوەی مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ نەمرێ، ئەگەر هۆیەکەشی بەدەست هێنا، بەهۆی غەریزە مرۆڤانەکەی کە (خاڵی لاواز)یەتی لەدەستی دەدا.

**بەدەست هێنانی نەمریی لە بەشی هەندێ لە نەمرانی تر!**

لەم دەقانەدا کەسایەتی خۆی بەدوای نەمرییدا ناگەڕێ، بەڵکە خەڵک نەمرییان پێ دەبەخشن، لە دەقی (ئەسحابە) پیاوی ئاغا بەوەی چاکە لەگەڵ ئەسحابە دەکات، ئەسحابەش لە پاداشتدا نەمریی پێ دەبەخشێ- بەڵام، لەنێو بەهەشت نەک لەسەر دنیایێ، لەرێگای چوونیشی بەدوای کیسە پارەکەیدا کە بەنێو گۆڕەوە ڕەت دەبێ، بەهەشت و دۆزەخ دەبینێ، شتێکی تریش کە پیاوی ئاغا دەیبینێ، ئەویش (تێپەڕ بوونی بروسک)ە کە ئەوەش نیشانەی بەسەرچوونی ڕۆژگارە، بەقسەی ئەسحابە، ئەو دەقیقە یان سەعاتەی کە پیاوی ئاغا لەوێ دانیشتووە (حەفتێ هەزار ساڵ)ە ئەمەش دەتوانین بەدوو زەمەنی یەک کاتی ناوببەین کە زەمەنی نێو بەهەشت و دۆزەخ جیایە لەگەڵ زەمەنی سەر دنیا، ئەم جیاییە لەگەڵ میرمح یش بەرچاو دەکەوێ جیاییەکەش لە هەست پێکردنی جیای ئەسحابە و پیاوی ئاغایە، ئەو زەمەنەی کە ئەسحابە هەستی پێدەکات، پیاوی ئاغا هەستی پێناکات. تا کە دەگەڕێتەوە سەر دنیا ئەوسا دەبینێ خەڵک و زەمان گۆڕاوە و پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ: (حەککو چم لەخۆ کرد!؟) کەواتە ئەوەی کە پیاوی ئاغا لەرێگا چوون و هاتنەوە دەیبینێ، بینینی بەهەشت و دۆزەخ بەچاوی خۆی و گۆڕانی زەمان و خەڵکە بەڕادە و ماوەیەکی یەکجار زۆر، لەم چوون و هاتنەوەش، بێ ئەوەی بمرێ و ئازاری گیانکێشان ببینێ دەچێتە نێو بەهەشت و لەوێ نەمریی پێ دەبەخشن. بەڵام، بێ ئەوەی بزانێ ڕەتی دەکاتەوە!!.

شێخ فەرخ، وەک لەبەسەرهاتە سەیر و ژیانە پڕ عاجباتییەکەی دیارە، خۆی بەدوای نەمریی و هۆیەکانی نەمرییدا نەگەڕاوە، هەر چەندە خۆی کەسیەتییەکی ئەفسانەییە، بەڵام دەمرێ و گۆڕەکەی دەبێ بەچاک (*-٢٤) کەچی پاش مردنی، خەڵک بەپێی عەقایدی خۆیان بە زیندووی دەزانن و لایان وایە



نەمردووە ئەمەش دیاری عەوامە بۆ خەڵکانی دیار و بەناو و ژیان نائاسایی.

کەیخەسرەو کە پێنجەمین پاشای مادەکانە، چونکە پاشایەکی دیار و خاوەن کردەوەی مەزن بووە و خەڵک خۆشیان ویستووە و کاری گەورەتر و زۆرتریان داوەتە پاڵ و هەرخۆشیان لەسایەی ئەم کارانە - کارە مێژوویی و ئەفسانەییەکانی- کردوویانە بەیەکێ لە نەمرانی زەردەشتی ئەوانەی کە دوارۆژ، واتە ڕۆژی قیامەت- بەپێی باوەڕی زەردەشتیان- زیندوو دەبنەوە، هەر چەندە وشەی زیندوو بوونەوەیان بۆ بەکار دێنن، بەڵام بڕوایان وایە کە نەمردوون. ئەم نەمریی و زیندوویی بەخشینەش بەکەیخەسرەو دیاری خەڵکانی سەر ئایینی زەردەشتییە بەشێوەیەکی تایبەتی، لەوانەوە بۆ نێو خەڵک بڵاوبووەتەوە. واتە کەیخەسرەویش دەژی و دەمرێ، بەڵام عەقڵی عەوام زیندوویی و نەمریی پێ دەبەخشن، ئەویش خۆی بەدوایدا نەگەڕاوە. بۆیە چوون و هاتنەوەی نییە! بەدوای ئاوی حەیاتدا هەر لەبەر ئەمەشە هیچ پەندێکی ڕێگا باس نەکراوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بەشە نەمرییەکان بەکەسایەتییەکان دەبەخشرێن، بێ ئەوەی کەسایەتییەکان داوای بکەن، یان ئاگادارین و بەدوایدا بگەڕێن.

**٣-٦-١-٤- هۆیەکانی نەمریی چین؟:**

لەوەتەی مرۆڤ بیری لەوە کردووتەوە کە نەمریی بەدەست بێنێ لەسەر ئەو باوەڕەش بووە کە (هۆیەک!) هەیە یان چەندین هۆ هەن کە دەبنە هۆی ئەو نەمرییە گلگامش ئەگەر یەکەمین مرۆڤە بەدوای نەمرییدا گەڕاوە، (ئۆتۆ-ناپشتم) (گیایی نەمریی!) ژێر دەریای بۆ دەست نیشان کرد، واتە لای گلگامش هۆی نەمریی و تەمەندرێژی و هەمیشە گەنجی ئەو گیایە بوو، هەر چەندە لە ئەفسانە سۆمەرییەکان باس لە هۆی تریش دەکرێت وەک (نانی ژیان و ئاوی ژیان) بەڵام، لە ئەفسانە کوردییەکان، باسی زۆر هۆی تر دەکرێ کە دەبنە هۆی نەمریی.

لە داستانی میرمح ئەو داستانە کۆنە کوردییە باسی زۆر (هۆ) دەکرێ کە هەر یەکە و بۆ خۆی دەبێتە هۆی نەمریی و تەمەندرێژی.

سەرەتا میرمح بەدوای ئەو جێگایەدا دەگەڕێ کە مردنی لێ نەبێ، ئەو جێگایەش دەدۆزێتەوە کە لە دەقەکەدا بە (قوببا فەلەکێ)ی ناو دەبا، وەکو لە دەقەکەدا دیارە هەر زیندەوەرێ بگاتە ئەو جێگایە، نامرێ! وەک چۆن میرمح و جوانی و تاژییەکانی، نەک هەر نەمردن، بەڵکە هەر بەو تەمەنی گەنجی و جوانییە مانەوە، کە تێیدا چووبوونە نێو (قوببا فەلەکێ).

یەکێکی تر لە هۆیەکانی نەمریی ئەو ماوەیەیە کە دەریا وشک دەکا و تا جێگاکەی دەبێتە ئاقار و جووتیار جووتی لێ دەکا، ئەو ماوەیەش ماوەیەکی درێژە کە دەکاتە هەزار و پێنج سەد ساڵ.

پاش ئەوەی ئەو گەڵییە پڕ لە (گارِس = ذرات)ە کە باڵندە هەر ڕۆژێ یەک دنک لەو گارِسە دەخوات و لەسەر قسەی خۆی - واتە باڵندەکە- عومری خۆی درێژ دەکات ئەو گەڵییە گارِسەش بەشی ئەو ماوەیە دەکا تا کە میرمح دەگەڕێتەوە، ئەو ماوەیەش هەمان ماوەی دەریا وشک کردنەکەیە. پاش ئەو (کراسی مار- کاژ) هۆیەکە بۆ نەمریی، بەوەش کە مارەکە بەمیرمح دەڵێ: من و تۆ نامرین! تا ئەو گەڵییە پڕ

نەبێ لە کراسی من، کە من هەر ساڵەی یەک کراس داوێمە ئەو گەڵییە، ئەو گەڵییەش بەهەمان ئەو ماوەیە پڕ دەبێ، کە گەڵی گارِس تەواو دەبێ و دەریا وشک دەکات. یەکێکی تر لە هۆیەکان، پڕ کردنەوەی گەڵییەکە بەخۆڵ بەهۆی (سبیڵ – قەننە)ی پیرە مێردێک، کە تا ئەو گەڵییە پڕ لە خۆڵی گردەکە دەبێ و ئەو خۆڵەش بەهۆی ئەو سبیڵە و هەر ڕۆژەی یەک سبیڵ خۆڵ دەگوێزرێتەوە. ماوەی گواستنەوەی ئەو گردە بۆ ئەو گەڵییە وەک ماوەکانی تر هەزار و پێنج سەد ساڵی دەوێ، هەتا خۆڵی ئەو گردە مابێ و ئەو گەڵییەش پڕ نەبوویێتەوە، پیرەمێرد نامرێ! هەر بۆیە وەک لە دەقەکەدا دیارە، کە میرمح لە گەڕانەوەیا دەگاتە لای پیرەمێرد، پیرەمێرد دوا سبیڵە خۆڵی لا ماوە کە دوا سبیڵ روو دەکا یەکسەر دەمرێ، واتە ماوەی گواستنەوەی خۆڵەکە بە سبیڵ هۆیەکە بۆ مان و نەمردنی پیرەمێرد و تەواو بوونی کارەکە دەکاتە تەواو بوونی تەمەنی پیرەمێرد.

لە دەقی داستانی میرمح (سێو!) دوا هۆی (نەمریی!)یە ئەو سێ سێوەی کە(فەلەک) لەکاتی گەڕانەوەی میرمح دەیداتە میرمح و پێی دەڵێ: ئەو سێوانە نەچوێنی هەتا ئەو سێوانەت لابێ، تۆ نامری. بەڵام، لە گەڕانەوە یا (خودا) داوا لە جبرائیل دەکات خۆی بکاتە مامە دەروێش و بەفێڵێک ئەو سێوانە لە میرمح بستێنێ، چونکە ئەگەر میر بگاتەوە قوببا فەلەکێ ئەوا جارێکی تر نامرێ و ئەویش مرۆڤە، مرۆڤ دەبێ بمرێ. جبرائیل یان راستتر مامە دەروێش سوود لە سۆزی مرۆڤانە وەردەگرێ، کە لێرە خاڵی لاوازی (میرمح)ە، هەرسێ سێو یەک لە دوای یەک لە میر دەستێنێ، سەیر لەوەیە کە میرمح یەکەم سێو دەداتە مامە دەروێش، یەکسەر پیری لە خۆی و جوانی و تاژییەکەی بەدەردەکەوێ، پاش سێوی دووەم هەر زۆر پیر و کەترە دەبێ، کەچی دەرس وەرناگرێ و گوێی لە پەرییەکان نابێ کە دەڵێن: مەیدەرێ مەیدەرێ دوا سێو دەداتە مامە دەروێش و دوا هەناسەی ژیان لەدەست دەدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرە سێوەکان، هۆی پیرنەبوون و هەمیشە گەنجی و نەمردنن، کە ئەو پیرنەبوونە لەوانەی پێشوودا نەبوو، بەڵکە تەواو بوون و یەکسەر مردن، پێکەوە بوون.

ئەوەی کە داستانی میرمح لە داستانەکانی تر و دەقە ئەفسانەییەکانی نەمریی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە میرمح زۆر هۆی نەمریی و تەمەن درێژی دێتە ڕێگا کە دوانیان هۆی نەمریی هەمیشەیین، ئەویش قوببا فەلەکێ و سێ سێوەکەی قوببا فەلەکێیە، کە ئەگەر لە قوببا فەلەک بمابایەوە و نەهاتبایە دەرەوە هەرگیز جارێکی تر نەدەمرد. ئەگەر سێوەکانی لەدەست نەدابایە، نەپیر دەبوو نەدەمرد. ئەو چوارەکەی تریش- وشک کردنی دەریا و، تەواوبوونی گەڵی گارِسێ و پڕ بوونەوەی گەڵی بەکراسی مارو، گواستنەوەی گردێک بۆ نێو گەڵییەک بەهۆی سبیڵ، ئەمانە هۆی تەمەن درێژین، چۆن دەرکەوت هەریەکەیان کۆتاییەکی هەیە، کۆتاییەکەش هۆی مردنی ئەو کەسەیە کە چاوەڕێی تەواوبوونی دەکات.

لە دەقی ئەسکەندەری وریا قانع هۆی نەمرییەکە (ئاوی حەیات)ە و نیشانەکەشی ئەوەیە کە لە کانییەکدایە، کە کانییەکە هەڵدەقوڵێ و لەپاش مەترێک جارێکی تر دەچێتەوە ژێر زەوی وەک لە خدر و ئەلیاس-دا بەدەردەکەوێ لەو تەمەنەی خواردوویەتیانەوە هەر لەو تەمەنە دەمێنن و پیرنابن و نامرن.

لە دەقی (خدری زیندە)شدا، هۆیەکە هەر (ئاوی حەیات)ە و لە کانییەکدایە کە کانییەکە هەڵدەقوڵێ،



کەچی نە کەم دەکات و نە زیاد، لێرەش ئەو ئاوە ئەوەی بیخواتەوە، لە چ تەمەنێکدا بێ هەر لەو تەمەنە دەمێنتەوە و نامرێ.

لە دەقی(ئەسکەندەری چارقوڕنەت) هۆی نەمرییەکە هەر ئاوی (حەیات- ئاڤا هەیوان)ێیە، ئەو ئاوەش لە کانییەکی دوورە دەستە، نیشانەکەشی ئەوەیە کە وردە ماسیی مردووی برژاوی تێ بهاوێی یەکسەر زیندوو دەبێتەوە، دیسان داری وشک بوو و جوانی مردوو زیندوو دەکاتەوە، خدریش کە ئاوەکەی خواردووتەوە، لەو تەمەنەی کە خواردوویەتییەوە، لەو تەمەنەدا نەمریی بەدەست دێنێ.

هۆیەکی تری نەمریی لەو دەقەی ئەسکەندەر ئەوەیە کە جبرائیل بەئەسکەندەر دەڵێ: تۆ نامری هەتا لەبنتدا رەساس نەبێ و لەسەرتدا تاس، واتە ئەسکەندەر نامرێ هەتا ئەو ڕۆژەی کە ئەو مەرجە دێتەپێش، بەداخەوە ئەو ڕۆژە زۆر ناخایەنێ و ئەسکەندەر سەری دەبێتە تاس و بنی دەبێتە رەساس، بەمەش ڕۆژی مردنی دێتە پێش و نەمرییەکەی نامێنێ.

لە دەقی زەلامێکدا، هۆی نەمریی لەویش هەر ئاوی حەیاتە، بەڵام کاریگەرییەکەی بەجۆرێکی ترە! ئەویش ئەوەیە راستە هەر کەسێ بیخواتەوە نامرێ! بەڵام لەنێوان کرم و کەترەییدا دەسووڕێتەوە، واتە لە سووڕێکی بەردەوام و لە گۆڕانێکی هەمیشەییدا بەنەمریی دەمێنێتەوە، کە لێرە ئەو ئاوە لە هەموو (ئاوی حەیات)ێیەکانی تر جیایە.

لە دەقی پیرەژن، هیچ هۆیەکی نەمریی نییە! جگە لە وەهمی وشە! کە ماناکەی وا دەکەوێتەوە، مردن نییە! بەڵام، سەربڕین گۆشت و خواردنی مرۆڤ هەیە، پیرەژن هەروای بەسەردێ، کە نەخۆش دەکەوێ سەری دەبڕن و گۆشتەکەی دەخۆن.

لە بەشی هەندێ لە نەمرانی تر، هۆی نەمرییەکە بۆ پیاوی ئاغا جێگا- واتە ئەو دنیا-یان راستتر بەهەشتە ئەگەرچی خۆی پێی نازانێ، بەڵام بۆ (شێخ فەرخ) و (کەیخەسرەو) هۆی نەمرییەکەیان باوەڕی نێو خەڵکە، واتە عەقڵی عەوام پاش مردنیان نەمریی و زیندوویێتیان پێ دەبەخشن، واتە شتێکی ماددی نییە! نەمرییەکەیان، بەڵکە هۆیەکی مەعنەوی، هەیە کە ناهێڵێ بمرن و. نەمرییەکەشیان لەنێو زیهنی خەڵکدایە.

### ٣-٦-١-٥- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی لەدەست دەدەن؟

زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی کە زۆر بەپێداگرتنەوە بەدوای (نەمریی)دا دەگەڕێن، کە هۆی گەڕان و پێداگرتنەکە قەناعەت و رای نەگۆڕی کەسایەتی خۆیانە، کەچی دۆڕاندن و لەدەست دانی (هۆ)ی نەمرییەکەش هەر هۆی بوونی (خاڵی لاواز!)ی خودی خۆیانە، کە هیچ مرۆڤێک نییە! لە رووێکەوە خاڵێک یان زیاتری لاوازی نەبێ، کە ئەم خاڵی لاوازە زۆر جار هۆی لەدەستدانی خێر و خۆشی و شتی گرنگ هەتا (ژیان)یشە. لە داستانی گلگامش کە (گیایی نەمریی) بەدەست دێنێ، هۆی لەدەست دانەکەی ڕێککەوت یان راستتر (قەدەر)ە،کە لەکاتی سانەوەی گلگامش (مار) یان (شێری خۆڵێ) – وەک دەقەکە دەڵێ: ئەو گیایە دەخوا و گلگامش رەنج بەخەسار دەبێ. دیارە ئەو رەنجەی کە گلگامش لەپێناو ئەو گیایەی داویەتی، زۆربەی کەسایەتییەکانی تریش، بەتایبەت ئەوانەی کە بەنەخشە و هێز و

سەرمایەوە بەدوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن ئەو ڕەنجە دەدەن و ماندووبوونی زۆر دەکێشن.

لە داستانی میرمح، ئەگەرچی پاڵەوانیەتیی پێوە دیار نییە! بەڵام، ئەم ڕێگا دوور و ئەم هەموو قۆناغە کە میرمح دەیبڕێ، بێ ماندووبوون و بێ دەردی سەر نییە! ئەگەر لەداستانی (میرمح) پێشتر گوترا لەو داستانە زیاتر لە هۆیەک هەیە؛ لە (هۆ)یەکانی نەمریی! ئەوا میرمح یش زیاتر لە جارێک و پتر لە هۆیەک لەدەست دەدا. لە ڕێگای چوون و گەڕان بەدوای -ئەو جێگایەی کە مردنی لێ نییە!- لەم دەقەدا چوار کەسایەتی دێتە ڕێگا و هەریەکەی پێشنیاری هۆیەکی تەمەندرێژی و نەمریی بۆ دەکات، کەچی میرمح بەهیچیان دڵی ئاوێ ناخواتەوە و دەڵێ: (ڕۆژێک دێ ئەوانەش تەواو دەبن) ئەگەرچی مەزەندە و پێشبینییەکەی ڕاست دەردەچێ! بەڵام، خۆشی لەو تەمەنە زیاتر ناژی کە هەریەک لە هۆیەکانی دەبنە هۆی ئەم تەمەندرێژییە کە دواتر دەردەکەوێ ماوەکە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد ساڵە، هۆیەکان کە لەبەشی - هۆیەکانی نەمریی چین؟-دا باسکران، میرمح ئەو چوارەی یەکەمیان بەیەک شێوە لەدەست دەدا، ئەویش ئەوەیە کە ئەم هۆیانە، بەهۆی (تەمەندرێژی) تێدەگا و ئەو خۆی بەدوای (نەمریی!)دا دەگەڕێ. ئەگەر بەتەمەندرێژی ڕازی نابێ، ئەوا لەسایەی بەردەوامی و پێداگرتن لەسەر بەدەست هێنانی هۆی نەمریی هۆیەکە بەدەست دێنێ، بەڵام، بەهۆی خاڵی لاوازی (مرۆڤ!)انەی دواجار هەردووکیان لەدەست دەدا، هۆی یەکەم، کە جێگایەکە (مردن!)ی لێ نییە! ئەویش (قوببا فەلەکێ)یە. لەم جێگایە میرمح ئازادە هەرچی بکات، تەنیا یەک شتی لێ قەدەغە دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە نەچێتە سەر (گرێ هەی هایێ) دواجار غەریزەی (قەدەغە شکاندن!) (*-٢٥) هانی دەدا و دەچێتە سەر ئەو گردە و گرد هێندە بەرز دەبێتەوە، تا میرمح لەسەر ئەو گردەڕا لەو دوورییە شار و وڵاتی دایک و باوکی خۆی دەبینێ و (سۆزی غەریبی) هەڵدەستێ و دەست دەکات بە گریان، ئەو سۆزی غەریبییە دەبێتە خاڵی لاواز و دەیخاتە سەر ئەو ڕایەی کە پاش ئەو هەموو ساڵە بگەڕێتەوە شار و وڵاتی خۆی و -بەقسەی خۆی- دایک و باک و کەس و کاری خۆی ببینێ، بەوەی کە بەهۆی سۆزی غەریبی -(خاڵی لاواز)ی پێ دادەگرێ بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو جێگایە لەدەست دەدا کە مردنی لێ نییە! واتە (قوببا فەلەکێ). لێرە بەهۆی ئەو (قەدەغەشکێنی)ییەی کە میرمح دەیکات، ئەویش چوونە سەر گردی هەی هاییێیە، خاڵی لاوازی سەر هەڵدەدا کە سۆزی غەریبی کەس و کارە، ئەو خاڵە لاوازەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی (قوببا فەلەکێ) کە جێگایەکە مردنی لێ نییە! دووەم جار کە هۆی (نەمریی!) لەدەست دەدات، لەدەستدانی (سێ سێو!)ەکەیە، ئەو سێوانە کە (فەلەک!) دەیداتێ و پێشی دەڵێ: نابێ ئەو سێوانەی بچوێنێ، چونکە ئەو سێوانە هۆی پیرنەبوون و نەمردنی میرمح و ئەسپ و تاژییەکانیەتی. بەڵام، لە گەڕانەوەیدا کە (خودا) فەرمان بە (جبرائیل) دەدا خۆی بکاتە دەروێش و ئەو (سێو)انە لە میرمح بستێنێ، جبرائیل سوود لە خاڵێ لاواز -سۆزی بەزەیی- میرمح وەردەگرێو بەهەنجەتی منداڵی نەخۆش هەر سێ سێو یەک لە دوای یەک لە میرمح دەستێنێ، لێرەش میرمح جارێکی تر قەدەغە شکێنی دەکا و ئامۆژگاری فەلەک لەگوێ ناگرێ و سێوەکان دەداتە -دەروێش- جبرائیل- ئەوەی کە سەیرە، هەر کە میرمح یەکەم سێو دەداتە - دەروێش- یەکسەر پیریی لێ بەدەردەکەوێ، پیرییەکی بەرچاو، نەک هەر بەتەنیا میرمح بەخۆی! بەڵکە



ئەسپ و تاژییەکانیشی وەک ئەو پیر دەبن، کەچی میرمح پەند وەرناگرێ و سێوی دووەمیشی دەداتێ، ئەمجار لەپیرییەوە دەگاتە کەترەیی! کە چاو و گوێی کز و تەپ دەبن، بەو حاڵەشەوە، هەرچەندە لەنێو قوببەی فەلەکێ بانگی دەکەن -نەدەی - نەدەی- واتە میرمح سێوەکە نەدەیتە دەروێش؛ کەچی سێوی سێیەمیشی دەداتێ و پێش ئەوەی بگاتە قوببەی فەلەکێ دواهەناسەی ژیان دەدا و دەمرێ.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم داستانی (میرمح)ە، ئەوەیە کە میر بەدوای یەک هۆی نەمرییدا دەگەڕێ، کەچی زیاتر لە هۆیەکی دەست دەکەوێ، کەچی یەک لەدوای یەک هۆیەکان لەدەست دەدا، ئەویش لە پەنا غەریزەی (قەدەغەشکاندن)و (سۆزی غەریبی)و (سۆزی بەزەیی) کە ئەمانە هەموویان (خاڵی لاواز)ی (مرۆڤ)ن، ئەگەرچی زۆر جار (قەدەغەشکێنی) هۆی بەدەست هێنانی خواست و ئارەزووەکانە، ئەوا هەر ئەو خاڵەش زۆر جاری تر، دەبێ بە خاڵی لاواز و لەو خاڵە لاوازەش، هۆیەکانی شکان و لەدەستدانی شتە بەنرخەکان لەنێو خودی مرۆڤ خۆیدا پەیدا دەبن، ئەوانەش هەموو ئەو پەندە سۆمەرییە دەسەلمێنن کە دەڵێ: «خوداوەندەکان هەر لە زووەوە مردنیان بۆ مرۆڤ داناوە و نەمرییش بۆ خۆیان».

- لە دەقی (ئەسکەندەر)ی (وریا قانع) ئەوەی نەمریی بەدەست دێنێ، ئەسکەندەر نییە! کە خۆی بەدوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێ، ئەوە (خدر و ئەلیاس)ن کە دوو سەربازی نێو لەشکرەکەی ئەسکەندەرن، ئەوانیش لەوانەن کە بەڕێککەوت ئاوی حەیاتیان دەست کەوتووە، نەک خۆیان بەدوایدا گەڕابن، کە ئاوی حەیاتیشیان خواردووەتەوە، وەک دەقەکە باس دەکا لەڕیزی (مرۆڤ!)دا نەماون و چوونەتە ڕیزی فریشتان، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ -بەئاساییەتی مرۆڤییەوە- هەرگیز ناتوانێ (نەمریی!) بەدەست بێنێ، ئەسکەندەر بۆی ڕێکناکەوێ کە ئاوی حەیات بخواتەوە؛ بەڵام، کە خدر و ئەلیاس دەیانەوێ لەبوونی ئەو ئاوە ئاگاداری بکەنەوە، بۆ ئەوەی لێی بخواتەوە، دەنگێک لە غەیبەوە ئامۆژگاری خدر و ئەلیاس دەکات کە نابێ ئەسکەندەر لەو ئاوە بخواتەوە، واتە هۆی ئەوەی کە ئەسکەندەر ئاوی حەیات لەدەست دەدا، دەنگێکی غەیبییە، هەرچەندە هێشتا ئاوەکەی بەدەست نەهێناوە، ڕاستتر ئەوەیە کە دەنگەکە دەبێتە هۆی بەدەست نەهێنانی، نەک هۆی لەدەستدانی.

لە دەقی (خدری زیندە) کەس بەدوای ئاوی حەیاتدا نەگەڕاوە، ئەوە خدری زیندەیە کە بەڕێککەوت لەو کانی و ئاوە دەخواتەوە، (خدر!)یش نەک هەر لەم دەقە بەڵکە لە تەواوی دەقەکان- نەک هەر دەقە کوردییەکان، هەموو ئەو دەقانەی کە باسی -خدری زیندە- دەکەن، لە هیچیان ئەو نەمرییە نادۆڕێنێ و لەدەستی نادا، چونکە خدر لەزۆربەی هەرە زۆری دەقەکان وەک پیاو چاک و ئیماندار دێتە بەرچاو، بەوەش کە ئاوی نەمریی دەخواتەوە -وەک لە دەقی پێشوودا باسکرا- لەڕیزی مرۆڤدا نامێنێ و دەچێتە ڕیزی -پێغەمبەر و فریشتان- ئەوەش دیسان ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوەی نەمریی بەدەست دێنێ و لەدەستی نادا، ئەوانەن کە لەڕیزی مرۆڤی ئاساییدا نامێنن و دەچنە جیهانی باڵا.

لە دەقی (ئەسکەندەری چارقوڕنەت) ئەسکەندەر دوو جار نەمریی لەدەست دەدا، جاری یەکەم: کە (جبرائیل) ساردی دەکاتەوە لەوەی بەدوای ئاوی نەمرییدا بگەڕێ، جاری دووەم: کە مەرجی (جبرائیل) دێتە دی، کە ئەسکەندەر نامرێ تا ئەو ڕۆژەی بنی دەبێتە ڕەساس و سەری دەبێتە تاس. کە باران

هەڵدەکا، جێگایەک بۆ ئەسکەندەر چادەکەن، ڕێک ئەو مەرجەیە، کە جبرائیل بۆ ئەسکەندەری دانابوو، ئەویش دانیشتنی ئەسکەندەر لەسەر ڕەساس و لەژێر تاس، کە ئەمەش ڕوودەدا، جبرائیل یەکسەر ئامادە دەبێ و دەڵێ: ئەسکەندەر، ئەمڕۆ ڕۆژی مردنتە! لێرە خاڵی لاوازی ئەسکەندەر دوو خاڵە، یەکەم: بەقسەی جبرائیل واز لە بەدەست هێنانی ئاوی حەیات دێنێ، دووەم: کە بۆ ئەوەی خۆ لە (باران) بپارێزێ دەچێتە جێگایەک کە مەرجی لەدەستدانی (نەمریی!)یەکەیە.

لە دەقی (زەلامێک!)دا دوو کەسایەتی هەن، یەکەمیان کە سەرەکییە، بەدوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ، بەبەڵگەیەکی بەرچاو و مەنتقی واز لەو بیرە دێنێ کە بەدوای ئاوی نەمرییدا بگەڕێ، ئەویش ژیانی کابرای کرمە! کە ئاوی حەیاتی خواردووتەوە نەمریی بەدەست هێناوە، بەڵام، زۆر پەشیمانە و بەدڵ ئارەزووی ئەوە دەکا کە ئەو ئاوەی نەخواردبایەوە، کە خواردوویەتییەوە بتوانێ لە ئەفسوونی ئەو ئاوە ڕزگار بێ. واتە یەکەم: هەر چەندە بەدەستی نەهێناوە؛ بەڵام، بیر و گەڕانی بەدەست هێنانەکە لە دەست دەدا بەوەی دێتە قەناعەت و واز دێنێ. دووەم: بیری گرنگی و پیرۆزی ئەو ئاوە لەدەست دەدا و لەو نەمرییە بێزارە کە بەدەستی هێناوە، پاش ئەوەی لەنێوان کرم و کەترەییدا دەسووڕێتەوە.

لە دەقی (پیرەژنێک) پیرەژن هەر زوو بیری بەدەست هێنانی (نەمریی!) لەدەست دەدا، بەوەی کە بەهەڵە بەوە رازی دەبێ لەو جێگایە بمێنێتەوە -بەقسەی خەڵکەکە- کە مردنی تێدا نییە! بەڵام، ئەوە نەمریی نییە! بەڵکە سەربڕینی نەخۆش و گۆشت خواردنی مرۆڤە! واتە پیرەژن هەر لە سەرەتا بیری گەڕان بەدوای نەمریی ڕاستەقینەی لەدەست داوە.

لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر!) پیاوی ئاغا ئەو نەمرییە لەدەست دەدا، کە نە بەدوایدا گەڕاوە و نە ئاگاداریشە کە بەدەستی هێناوە، تەنیا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە سەر دنیا و دەبینێ قسەی (ئەسحابە) ڕاستە و دەورو زەمان گۆڕاوە، پەشیمان دەبێتەوە؛ بەڵام، پاش چی!.

شێخ فەرخ و کەیخەسرەویش خۆیان بەدوای نەمرییدا نەگەڕاون و بەرێککەوتیش بەدەستیان نەهێناوە، ئەوە کۆمەڵانی خەڵک و عەوامن بەهۆی خۆشەویستی و ناودارییانەوە پاش (مردن!) بە نەمریان دەزانن.

**٣-٧-١- گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە فارسییەکاندا،**

**٣-٧-١-١- کێن ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن؟**

لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا - بەپێی ئەو دەقانەی لێرەدا سوودیان لێ دەبینین- ئەو کەسانەی کە - فەڕی ئیزەدی-یان هەیە، یان بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن، ئەوانیش کەسایەتیی پاشا و پاڵەوان و دیارن و زۆربەی ئەو خاڵانەیان تێدایە کە لە -گلگامش-دا هەبوون.

١- جەمشید پاشایەکی کوڕە پاشای ناودار و لێهاتووە و لە سەردەمی ئەو زۆر تایبەتمەندی هەن کە لە سەردەمەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەون و جەم زۆر کاران دەکات کە یەکەم جارە لە مێژوودا دەکرێن، هەتا لە سەردەمی ئەو نە(پیربوون)و نە (مردن) هەبوون، کە ئەمانە بەکاری ئەهریمەنی دەژمێردران، جەمشید هەر لە هەوەڵەوە خاوەنی (فەڕی ئیزەدی) بوو، لەسایەی کارە چاکەکانی و ئەو فەڕە، خوداوەند ویستی بیکا بەپێغەمبەر، کەچی جەمشید قبووڵی نەکرد، ماوەیەکی زۆر دەوری نۆ سەد ساڵ جەم بەم شێوەیە



ژیا، پاشان کە ئەم تەمەنە درێژەی بەسەر برد و زۆر کاری داهێنەرانەی کرد، لەخۆبایی بوو و گوتی: (من خودام، یان ڕاستتر بەخەڵکەکەی گوت: من خودای ئێوەم و هەموو کارێکتان لەدەست مندایە) کە ئەم وشە کفر ئامێزانەی دەربڕی، فەڕی ئیزەدی لێی جیا بووە وەو ئەو هۆیەی لەدەست دا کە هەر بەمیرات هەی بوو، کە فەڕی دۆڕاند، هێزی ئەو فەڕەی لا نەما کە تا ئێستا دەیپاراست. ئەوا ئەگەر بەکفر کردنەکەی فەڕی ئیزەدی لەدەست دا؛ بەڵام، بەوەی کە داوای خوداوەندی کرد، گیانی خۆشی لەدەست دا، کەواتە جەمشید کەسایەتییەکی پاڵەوان و پاشا و ناودارە و هێزێکی ئایینی هەبوو-خوداوەندیش پێغەمبەرایەتیی دەداتێ- هەرچەندە وەری ناگرێ؛ بەڵام، نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی پاشایەتی و ئایینیی لە دەستە و لە ژیانی خۆی ڕازییە و نەک هەر نایەوێ بمرێ، بەڵکە داوای خوداوەندیش دەکات، کەواتە کەسایەتییەکە، ئەو خاڵانەی هەیە کە زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکەن تا بەدوای نەمرییدا بگەڕێ.

٢- زوحاک ئەگەرچی هەر لە هەوەڵەوە لای خەڵک خۆشەویست نییە بەڵام، کوڕە پاشایە و دەسەڵاتدارە، کە جەمشیدیش لەرێگا لادەدا، خەڵکەکە بۆ خۆیان بەدوای زوحاک-دا دەچن و داوای یارمەتیی لێ دەکەن و دەیانەوێ ببێ بەپاشایان، زوحاک ئەگەرچی -لە فەڕی ئیزدەی- بێ بەرییە، چونکە لە نەوەی پاشایانی -ئێران-ی نییە بەڵام، هەر زوو ئەهریمەن پەیمانی لەگەڵ دەبەستێ کە زوحاک بەگوێی ئەهریمەن بکات و ئەهریمەنیش هەرچی زوحاک بیەوێ بۆی بکات، واتە زوحاکیش هێزێکی هەیە، کە هێزی ئاسایی مرۆڤ نییە- بەڵام، هێزەکەی هێزێکی خودایی نییە وەک فەڕی ئیزەدی، بەڵکە هێزەکە هێزی ئەهریمەنە، زوحاکیش دەوری هەزار ساڵ دەژی و لە ژیانیشی زۆر کاری وا دەکات-ئەگەرچی کاری چاکە و خێر نین- بەڵام، کاری گەورە و دیارن، بەمانەش زوحاک زۆری ئەو خاڵانەی هەیە، کە زەمینەی ئەوەی بۆ خۆش بکەن تا بەدوای نەمرییدا بگەڕێ، بۆیە داوا لە (ئەناهیتا) دەکات تا ئەویش فەڕی ئیزەدی بەدەست بێنێ؛ بەڵام، ئەو فەڕە شتێکە تایبەت بەشاهانی ئێرانی، ئەگەر زوحاک لەوەدا سەرناکەوێ کە نەمرییەکی خودایی بەدەست بکەوێ، ئەوا کە فەرەیدوون بەسەریدا زاڵ دەبێ لە کێوی دەماوەند زنجیری دەکات و هەتا کۆتایی مێژوو بەزنجیرکراوی و زیندوویی دەمێنێتەوە.

وەک دەرکەوت زوحاک هەموو ئەو خاڵانەی هەیە، کە دەبنە هۆی ئەوەی تا بەدوای نەمرییدا بگەڕێ، بەڵام زۆربەی خاڵەکان و هەموو کارەکانی کاری ئەهریمەنین، واتە زوحاک بەوە خۆی لە کەسایەتییە ئاسایی و ئایینییەکان جیا دەکاتەوە کە لەسایەی سیفەتە ئەهریمەنییەکانی دەیەوێ نەمریی بەدەست بێنێ و لەڕاستیدا کەسایەتییەکی ئەهریمەنی ناودارە.

٣- فەرەیدوون یەکێکی ترە لەو کەسایەتییانەی کە خاوەنی فەڕی ئیزەدییە، ژیانی فەرەیدوون چ لە ڕەگوریشە و بنەماڵەوە، چ لە جۆری لەدایکبوون و گەورەبوونی، ژیانێکی شاهانە و نائاساییە، ئەگەر بەڕەچەڵەک کوڕە پاشایە و خاوەنی فەڕی ئیزەدییە، ئەوا لە سەرەتا ژیانێکی یەکجار ناخۆش و پڕ مەترسی بەسەردەبا. کە بەردەوام لە مەترسی کوشتندایە، بەهۆی ئەوەی زوحاک، مەرگی خۆی لەدەستی ئەودا دەبینێ، هەر زوو هەوڵی کوشتنی دەدا، لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشی و مەترسییەشدا، دیسان بەیارمەتیی گاوان و پیاوانی ئایینی فەرەیدوون شاهانە و پاڵەوانانە پەروەردە دەکرێ و دواجاریش بەسەر

زوحاکدا زاڵ دەبێ و دەبێتە پاشای ئێران و زۆرکاری مەزن دەکات، ئەمانەش هەمووی خاڵی هاوبەشن لەنێوان ئەو کەسانەی کە بیر لە نەمریی دەکەنەوە، فەرەیدوون هەرچەندە خاوەنی فەڕی ئیزەدیش بوو؛ بەڵام، هەر دەوری پێنج سەد ساڵێک ژیا و دواجار لە ئەنجامی شەڕی نێوان کوڕەکانی لە ژیان بێزار بوو، ئەوە بوو ژیانێکی پڕ لەکارەساتی بەسەر برد و مردنێکی ئاسایی مرد، واتە فەرەیدوونیش ئەو زەمینەیەی هەبوو، کە ئەگەر ویستبای دەیتوانی بەدوای نەمرییدا بگەڕێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ژیانی فەرەیدوون - فەڕی ئیزەدییەکەی لە ڕۆژانی مردنی هیچ کاریگەرییەکی پێوە دیار نییە هەرچەندە پێشتر لەسایەی ئەو فەڕە تەمەنێکی درێژ ژیاوە.

٤- ئەفسانەی ئێرانی بەگشتی و فارسی بەتایبەتی گرنگییەکی زۆری بە (ئەسکەندەر) داوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە گرنگترین کارەکانی ئەسکەندەر بەشەڕ و ئاوەدانییەوە لەگەڵ خەڵکی ئێران و وڵاتی ئێران بوو. هەر بۆیە لە ئەفسانە فارسییەکان، لە زۆر جێگا و بەزۆر شێوە ناوی ئەسکەندەر بەرچاو دەکەوێ.

لەدەقی (ئەسکەندەرنامە) (١٠٧) کەسایەتیی ئەسکەندەر لە هەموو ڕووێکەوە کەسایەتییەکی شیاوە و ئەو خاڵانەی تێدایە و زەمینەی ئەوەی بۆ سازە کە بەدوای نەمرییدا بگەڕێ، لە ڕەگەوە ریشەیەکی ئایینی و خوداوەندی بۆ خۆی دیاری دەکات، لەبەردەستی زانایەکی وەکو (ئەرستۆ) پەروەردە دەبێ، پاڵەوانێکی لێهاتووی لێ دەردەچێ، زۆر سەرکەوتنی بێ وێنە تۆمار دەکات، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخاتە ژێر دەستی خۆی، زۆر لە ژیانی خۆی رازی دەبێ و لە ژیانیشیدا هەر کارێکی ویستبێتی کردوویەتی و هەرچی ویستبێ بەدەستی هێناوە، کەسایەتییەکی دڵ پڕ هیوا و ئاواتی بێ سنوور بوو، ئەمانە هەمووی یەکیان گرتەوە و وەک دەقە ئەفسانەییەکانی ئەسکەندەر باس دەکەن، دواجار بەدوای-ئاوی حەیات-دا دەگەڕێ، کەسایەتییەکی وەکو ئەسکەندەر پاشا و پاڵەوان و دەسەڵاتدار هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

٥- خدری زیندە، کەسایەتییەکە لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا، هاوبەشییەکی زۆری لەگەڵ ئەفسانە - ئیسلامییەکان- هەیە، واتە ئەو دەقانەی لەنێو وڵات و نەتەوە ئیسلامییەکاندا دەگێڕدرێنەوە، (خدر) لە هیچ دەقێکیان خۆی بۆ خۆی بەدوای ئاوی حەیاتدا نەگەڕاوە زۆربەی زۆری دەقەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە خدر بەرێککەوت ئاوی کانیی نەمری دەخواتەوە. ئەگەرچی خدر بەردەوام لە ئەفسانەی هەموو نەتەوە ئیسلامییەکان وەک پیاوچاک و کەسایەتییەکی ئایینی دێتە بەرچاو؛ بەڵام، لەزۆربەی خاڵەکانی تر بێ بەشە کە دەبنە هۆی ئەوەی خاوەنەکەیان بەدوای نەمرییدا بگەڕێ، بەڵام، جێگای سەرنج ئەوەیە ئەو کەسایەتییە -جیا لە هەموو کەسایەتییەکانی تری دەقەکانی گەڕان بەدوای نەمریی- بەردەوام ئاوی نەمریی دەخواتەوە و نەمریی بەدەست دێنێ و لە هیچ دەقێکیش باس لەوە ناکات کە ئەو (نەمریی!)یە لەدەست بدا، بۆیە خدر هەمیشە وەک کەسایەتییەکی زیندوو و نەمر-لای کەم تا ڕۆژی قیامەت- دێتە بەرچاو و قبوولێش دەکرێ.

٦- لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر)ی دەقە فارسییەکاندا، هەندێ ناوی تر هەن، کە لە ئەفسانە ئێرانییە کۆنەکانەوە هاتوونەتە نێو ئەفسانەکانی فارسی، ئەوانیش هەریەکە بەهۆیەک، هۆی نەمریی



بەدەست هێناوە، ئەوەتا (پشوتەن) کە گەورە کوڕی (گوشتاسب)ە، بەدەستووری زەردەشت لە شیر و (نانی پیرۆز) دەخوا و دەخواتەوە و نەمریی بە دەست دێنێ. هەروەها (سوشیانت)و یارانی لەڕێو ڕەسمی ئایینی (یەزەشن)دا خۆشاوێک لە شیر و هومی سپی دروست دەکەن، هەر زیندەوەرێک ئەو خۆشاوە بخواتەوە نەمریی دەست دەکەوێ، جگە لەوەش لە هەر تەمەنێک بیخواتەوە دەگەڕێتەوە سەر تەمەنی پێشتری. هەروەها (ئوروتەت نەر) ناوی کوڕی دووەمی (زەردەشت)ە، یەکێکە لە نەمران و پێدەچێ ئەویش لە خۆشاوەکەی خواردبێتەوە، ئەوەتا (گورشاسب)و (کەیخەسرەو) بەهۆی ئیمان هێنانەوە و خواردنی خۆراکی (ئانوش) جاویدانییان بەنسیب دەبێ، دیسان (زاڵ) هیچ هەواڵێک لەبارەی مردنییەوە نییە، ئەویش وەکو ڕۆستەم و سام نەمرە و نەمرییەکەیان بەمیرات بۆ ماوەتەوە. (ئەسفەندیار) بەهۆی (ئاوی پیرۆز) تەنێکی قایم و خۆڕاگری دەبێ، ئەم کەسایەتییانە هەموویان ریشەی شاهی و بەشی ئایینییان هەیە و هەندێکیان پاڵەوانن و کاری گەورەشیان کردووە، ئەم خاڵانەش خاڵی ئەوەن کە ڕێگای گەڕان بەدوای نەمرییدا بگرنە بەر. هەرچەندە گەڕانی بەپلان و هێز و سەرمایەیان دیار نییە: دیسان بەدەست هێنانی هۆیەکانی نەمرییان زۆرتر لەڕێگەی ئایین و پیاوی ئایینییەوەیە.

لێرە دوو کەسایەتی هەن، کە پاش مردنیان خەڵک (نەمریی!)یان پێ دەبەخشن، یەکەم: خەسرەوی یەکەم، هێندە خۆشەویست بوو پاش مردنی عەقڵی عەوام نەمرییان پێ بەخشی و بێ مردن ناردیانە ئەو دنیا. دووەم: کۆرش، ئەویش لەبەر خۆشەویستی عەقڵی عەوام نەمرییان پێ بەخشیوە و کردوویانە بەیەکێک لەو کەسایەتییانەی کە بەپێی ئایینی زەردەشتی هەر هەزار ساڵ جارێک بەدەردەکەون.

لەم بەشەدا کەسایەتییەکان بەدوای نەمرییدا ناگەڕێن، بەڵام، لەڕێگای ئایین و پیاوانی ئایینی و هەندێکیان خۆشەویستی خەڵک، نەمریی بەدەست دێنن، ئەگەرچی خۆیان بەدوای نەمرییدا نەگەڕاون، بەڵام، هەموویان هەریەکە و چەند خاڵێکی هاوبەشیان تێدایە لەو خاڵانەی کە ڕێگای گەڕانیان بۆ خۆش دەکات و لەگەڵ (گلگامش) لێکیان نزیک دەکاتەوە. یان زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش دەکات تا خەڵک نەمرییان پێ ببەخشن.

### ٣-٧-١-٢- کەسایەتییەکان لە ڕێگا تووشی چی دەبن؟

جەمشید پاشایەکی دیار و دەسەڵاتداری مێژوو و ئەفسانەیە ئەگەری ئەو خاوەنی (فەڕی ئێزەدی)یە، دیسان دواجار بۆ نەمریی و هەمیشەیی ژیان داوای خوداوەندی دەکات، لەوەش دەیەوێ هەم نەمریی بەدەست بێنێ و هەم دەسەڵات و پیرۆزیی خوداوەند. جیاوازیی کەسایەتیی جەمشید، لەگەڵ کەسایەتییەکانی تر ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن، لەوەدایە کە جەمشید تەنیا بەدوای ئاوی نەمریی - یان راستتر هۆی نەمریی-دا ناگەڕێ بەڵکە دەیەوێ هەموو دەسەڵات و پیرۆزی و نەمرییەکان بەیەکجار بەدەست بێنێ، ئەویش لەڕێگای بەدەست هێنانی- خوداوەندیی- هەوڵدانەکەشی گەڕان نییە کە چوون و هاتنەوەی تێدابێ تا لەڕێگای چوون و هاتنەوە بەسەرهاتی پەند ئامێزی بێتە ڕێگا، چونکە جەم پاشایە و هەر لەشوێن و وڵاتی خۆی داوای خوداوەندی دەکات، دواجار لەپێناو ئەم داواکردنە، هەم (فەڕی ئێزەدی) کە بەمیرات هەیبوو، لەدەست دەدا، هەم ژیانی خۆشی لەسەر دادەنێ.

ئەم جۆرە داواکردنە هەر تەنیا جەمشید ناگرێتەوە. (بەڵکە فەرەیدوون و زوحاک)یش، هەر بەم شێوەیەن. فەرەیدوون، ئەویش خاوەنی فەڕی ئێزەدییە، هەر لەسایەی ئەو فەڕەش تەمەنێکی پێنج سەدساڵی بەسەر دەبا، بەڵام، کە دواجار لەسایەی کارە براکوژییەکانی هەر سێ کوڕەکەی لەژیان بێزار دەبێ، ئەو فەڕی ئێزەدییە، هیچ کاریگەرییەکی پێوە دیار نییە، بۆیە جیایی فەرەیدوون لەگەڵ کەسایەتییەکانی تر لەوەدایە کە – وەک لە دەقەکەدا بەدەردەکەوێ– مردنەکەی بەڕەزامەندیی خۆیەتی، واتە بەدوای نەمریدا نەگەڕاوە، هەرچەندە خاڵ و زەمینەی گەڕانی لەبەر دەست بوو.

زوحاک لەتەمەن درێژی و دەسەڵاتی پاشایەتی و دۆستایەتیی ئەهریمەن، هەموو ئەو خاڵانەی لەبەر دەست بوو کە داوای نەمریی بکات، داواشی کرد بەڵام، خاڵ و زەمینەکەی – وەکو پێشتر گوتمان – ئەهریمەنی بوو، تا دەتوانین: پەیمانبەستنەکەی لەگەڵ ئەهریمەن، بەرامبەر فەڕی ئێزەدی پاشاکانی تر رابگرین. بۆیە ژیانی پاشایەتی و کردەوەکانی و داوای (فەڕی ئێزەدی) کردنەکەی وەک گەڕان وایە بەدوای نەمرییدا، هەرچەندە ئەویش وەک جەمشید هەر لەجێیەوە بوو، بۆیە کار و بەسەرهاتەکانی دەکرێ وەک پەندی رێگای گەڕان بەدوای نەمرییدا لێ وەربگیرێ.

لە دەقی (ئەسکەندەر نامە)ی فارسیدا، دوای (گلگامش)ی سۆمەری و (میرمح)ی کوردی، دەگەینە تەواوتر و رێکترین دەقی گەڕان بەدوای نەمرییدا. کە ئەسکەندەریش کەسایەتییەکە هەموو خاڵەکانی گەڕان بەدوای نەمرییدا هەیە و لەچوون و هاتنەوەش زۆر بەسەرهاتی پەند ئامێزی دێتە رێگا.

یەکەمین شت کە دەیبینێ، مامزێکە شاخێکی لە زێڕە و یەکی لە زیو و جلێکی ئەڵماس درووی لەپشتە، ئەسکەندەر بەتەنیا بەدوایدا دەچێ، بۆی ناگیرێ. پاش سێ ڕۆژ بزری دەکات، ئەوەش وەک ئەوە وایە: کە ئەسکەندەر لەوە تێبگات کە (دنیا!) وەک ئەو مامزە جوان و بەنرخە؛ بەڵام، بۆ کەس ناگیرێ دوای ئەو هەندێ کەسی تر دەبینێ کە لە تینووان هاوار دەکەن و لە ئاوی سوێر دەخۆنەوە تینوێتییان ناشکێ، هەندێ کەسی رووت دەبینێ خۆ داوێنە نێو ئاگر، پیرەژنێک دەبینێ، بەنی رەش و سپی دەڕێسێ و لە ملی منداڵە ساواکانی دەنێ و دەیانخنکێنێ، لەوانە رەت دەبێ، دەچێتە نێو باغێک پڕ لە میوەی جوان، کەمیوەکان لێدەکاتەوە هەموو ناویان کرمێ و بۆگەنە.پاش ئەمانە تووشی پیاوێکی نوورانی دەبێ و ئەو پیاوەش خدری زیندەیە، خدر مانای ئەم پێشهاتانەی بۆ لێکدەداتەوە، ئاوا دەست پێدەکات و دەڵێ: تینووەکان لەکانی (تەماع)یان دەخواردەوەو تێریان نەدەخواردەوە. ئەوانەش نەیاندەخواردەوە کەسانی بێ تەماع بوون و چاویان لە ماڵی دنیا نەبوو، ئەوانەی بەرگیان لەبەر بوو کەسانی بێ تەماع بوون رووتەکان کە خۆیان دەهاوێشتە ناو ئاگر تەماعکار و دنیا پەرست بوون. ئەو پیرەژنە چەرخی ڕۆژگار بوو کە بەردەوام دەسووڕێ و ئەو داوە رەش و سپییە شەو و ڕۆژ بوو، منداڵەکانیش خەڵکی ئەم جیهانە بوون و بە – ژەهری ئەجەل – و بەنی مەرگ دەخنکان! ئەو باغەش دنیایە و میوەکانیش مرۆڤی ئەم دنیایەن، لە رووکار جوان و بەر دڵن، لە ناوەڕۆکدا رەش و کرماوین؛ ئەم قسانەی (خدر) تەواو بوو، ئەسکەندەر کەوتە بیرکردنەوە و خدری لەبەرچاو بزر بوو.

لەپاش ئەم پەندانەش ئەسکەندەر هەر واز ناهێنێ و کێوێک دەبینێ و دەیەوێ بزانێ ئەم کێوە چییە؟



لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەو لای وایە هەموو دنیای خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی هەڵەیە! لەپشتی ئەو کێوەش دنیایەکی تر و خەڵکانێکی تر دەژین، کە ئەو هیچیان لەبارەوە نازانێ. ئەمجارە دەیەوێ باج لە (ڕۆژ) بستێنێ، ئەمەش دەکات و ملوانکەیەک لە (ڕۆژ) وەردەگرێ.

لێرە ئەسکەندەر گەڕانێکی – تەواو– بەنەخشە و پلان و هێز و سەرمایەوە دەکات و پەندێکی زۆری دێتە رێگا، لەوەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە ڕاستە ئیرادەی بەهێز زۆر کار ئەنجام دەدات، بەڵام، مەسەلەی دنیا و مەرگ ئەوەیە کە کەس لە دنیا تێری نەخواردووە و هەتا سەر نەیتوانیوە هەرچی بیەوێ بیکات و بەدەستی بێنێ، (مەرگ!)یش شتێکە کەس لێی دەرباز نابێ و مرۆڤ هەرچی بکات دواجار مەرگ یەخەی دەگرێ. ئەسکەندەریش یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە لە رێگای گەڕان بەدوای ئاوی حەیاتدا زۆرترین بەسەرهاتی پەند ئامێزی دێتە رێگاو پەندەکانیش هەموویان بێهوودەیی ئەم گەڕان و حەتمییەتی مردن دەسەلمێنن.

کەسایەتیی (خدر) ئەگەرچی کەسایەتییەکی سەرەکی نییە! لە دەقی گەڕان بەدوای نەمرییدا و گەڕانەکانیشی هیچ لەسەر خواست و پلانی خۆی نییە! ئەگەر چوون و هاتنەوەشی هەبێ، کەمتر پێشهاتی پەند ئامێزی دێتە رێگا، ئەویش لەبەر ئەوەیە وەکو پێشتر باسکرا، خدر کەسایەتییەکی پیاو چاک و ئایینییە تەماعی دنیا و دەسەڵاتی نییە! بۆیە خۆی پێویستی بەوە نییە! کە پەندی ئەوەی بۆ دابدرێ، کە دنیا هیچ نییە و نەمریی مەحاڵە! ئەوە ئەسکەندەر و کەسانی وەک ئەو چاو لە دنیان کە پێویستیان بەپەند و ئامۆژگاری هەیە. خدر هەر لەبەر ئەو کەسایەتی و (پیاو چاک)یشە لە هەموو دەقەکان بەئاسانی ئاوی حەیاتی دەست دەکەوێ.

لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر!)ی دەقە فارسییەکان ئەو کەسایەتییانەی کە نەمریی بەدەست دێنن، هیچیان نەمرییەکەیان بەهۆی گەڕان نییە! بەڵکە لە رێگای پیاوانی ئایینی و مەراسیمە ئایینییەکان و هەندێکیان پاش مردنیان خەڵک واتە عەقڵی عەوام نەمرییان پێدەبەخشن، بۆیە کە گەڕانیان نییە؛ چوون و هاتنەوەشیان نییە، تا پەند و پێشهاتی پەند ئامێزیان بێتە پێش، پشوتەن لەسەر خواستی باوکی زەردەشت نەمریی پێ دەبەخشێ، سوشیانت لە رێگەی مەراسیمی ئایینییەوە خۆشاوێک لە شیر و هومی سپی دەخواتەوە، ئوروتەت نەر کوڕی زەردەشتە و یەکێکە لە نەمران، گورشاسب بەهۆی ئایین و خواردنی (ئانوش) نەمریی دەست دەکەوێ، زاڵ هەر بەبنەماڵە لە نەمران دەژمێردرێ و خەسرەو کۆرش و ئەسفەندیار خەڵک لەبەر خۆشەویستی لەپاش مردنیان بەزیندوو و نەمریان دەزانن، کەواتە ئەم کەسایەتییانە ئەگەرچی نەمرییان دەست دەکەوێ؛ بەڵام، نەمرییەکەیان لەرێگای خواست و نەخشەدانان و بەکارهێنانی هێز و سەرمایەی خۆیان نییە، بۆیە هیچ رێگایەکیان نەبڕیوە دوور یان نزیک تا لە چوون و هاتنەوە پێشهاتی پەند ئامێز ببینن، بۆیە کەسایەتییەکان تووشی هیچ نەهاتوون.

**٣-٧-١-٣- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی بەدەست دێنن؟**

لە ئەفسانە فارسییەکان زۆربەی کەسایەتییەکان هەر بەبنەماڵە و میرات خاوەنی فەڕی ئێزەدین، ئەو فەڕەش لە نەخۆشی و پیری نەمرییان دەپارێزێ، جەمشید ئەو پاشا بەناوبانگ و بەدەسەڵاتە، لەسایەی

ئەو فەڕی ئێزەدییە نزیک بەهەزار ساڵ دەژی و پاشایەتی دەکات، وەک لە دەقەکەدا دیارە، ئەگەر لەخۆبایی نەبووایە و داوای خوداوەندیی نەکردایە، ئەو فەڕە هەتا هەتایێ دەیپاراست، بۆیە دەتوانین بڵێین: جەمشید چۆن هۆی نەمریی لەدەست دا. ئەم لەخۆبایی بوونە نەک هەر بووە هۆی ئەوەی فەڕی ئێزەدی لێ دوور بکەوێتەوە، بەڵکە بووە هۆی ئەوەی گیانیشی لەدەست بدا، ئەویش بەخراپترین شێوە و بەدەستی زاڵمترین کەس، کە بەمشار زوحاک دوو کەرتی کرد.

زوحاک پاشایەکی تەمەن درێژ و ئەهریمەنییە، ماوەی هەزار ساڵ حوکم دەکات، چونکە لەبنەماڵەی شاهانی ئێرانی نییە! -وەک لە شاهنامەدا باس دەکات- لە خێر و بێری- فەڕی ئێزەدی بێبەشە، بەو هەموو زوڵم و زۆرو خوێن رشتنە و ئەو هەموو ناخۆشی و نیگەرانییەی خۆی کە دوو مار بەسەر شانییەوەن، هێشتا لە ژیان بێزار نابێ و داوا لەئەناهیتای خوداوەند دەکات، تا ئەویش فەڕی ئێزەدی بەرکەوێ و لەسایەی ئەو فەڕە خۆ لەنەخۆشی و پیربوون و مردن بپارێزێ، لەم هەوڵ و داوایەی هیچ دەست ناکەوێ، بەڵام، کە فەرەیدوون سەردەکەوێ و زوحاکی دەکەوێتە دەست، زوحاک ناکوژێ و لە کێوی دەماوەند بەزنجیر کراوی و زیندوویی دەهێڵێتەوە تا کۆتایی مێژوو، واتە زوحاک نەمرییەکی پڕ سزا و بەدبەختی بەدەست دێنێ، نەک نەمریی و خێر و بێر، بەم شێوەیە، زوحاکیش بەشێوەی گلگامش و میرمح و ئەسکەندەر بەدوای نەمرییدا نەگەڕاوە، بۆیە ڕێگای چوون و هاتنەوەی نییە! تا تووشی پێشهاتی پەند ئامێز ببێ.

فەرەیدوون ئەویش لە نەوەی پاشایانی ئێرانی بوو، هەر بەمیرات خاوەنی فەڕی ئێزەدی بوو، ئەگەرچی لەگەڵ (کاوە)و خەڵکە راپەڕیوەکە گەورەترین زاڵمی ڕۆژگاریان لەناوبرد و قۆناغێکی تری پڕ لە دادپەروەری لە وڵاتەکە دەستی پێکرد و بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ پاشایەتی کرد، بەڵام، فەرەیدوون بەم شێوە راستەوخۆیە بەدوای نەمرییدا نەگەڕاوە و دواجار هەرچەندە خاوەنی فەڕیش بوو، مردنێکی ئاسایی وەک هەر مرۆڤێک مرد. بۆ مردنەکەی دەتوانین بێزارییەکەی لە ژیان، بەهۆی شەڕی براکوژیی کوڕەکانییەوە بەڕازی بوون بەمردن حسێب بکەین. هەر بۆیەش فەڕەکەی هیچ ڕۆڵێکی نییە لە پێشگرتنی مردنەکەیدا. بۆ نەمرییەکەشی دەتوانین نەمرییەکی مەعنەویی بۆ تۆمار بکەین، بەوەی کە تاریکترین و درێژترین ڕۆژگاری ئەو سەردەمەی ئێرانی گەیاندە کۆتایی سەردەمێکی نوێی و پڕ لە دادپەروەری دەست پێکرد.

-ئەسکەندەر لە ئەفسانە فارسییەکەدا پاش سەرکەوتنە مەزن و شەڕە گرنگ و کارە ئەفسانەییەکانی، کەوا دەزانێ هەموو دنیای گرتووە، بیر لە ژیانی هەمیشەیی دەکاتەوە و بۆ ئەو ژیانەش بەدوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێ، لەم ئەفسانەیەش وەک هەموو دەقەکانی تری ئەسکەندەر، ئەسکەندەر لە بەدەست هێنانی ئاوی نەمریی سەرناکەوێ و ناگاتە ئەو کانی و ئاوە و لێی ناخواتەوە، لەوەشدا گەڕان و هەوڵی بێ ئەنجامی هەیە، ناگاتە ئەو ئاوەی ئەسکەندەر بەتەن زیندوێتی و نەمریی دەسکەوێ، بەڵام، ئەسکەندەریش یەکێکە لە پێشەوەی ئەوانەی کە گەڕانێکی تەواو، بەئیرادە و نەخشە و هێز و سەرو ماڵەوە دەکات. هەربۆیە ئەویش وەک زۆرانی تر ئەگەر نەمریی جەستەیی دەست ناکەوێ، ئەوا نەمریی



مەعنەویی و زیندوێتیی ناو و مێژووی جیهانی گرتووەتەوە، هەر بۆیێ بەدەست هێنانی نەمرییەکەی، لە ڕێگای نەمریی ناوەکەیەتی و خۆشی ئەسکەندەر کەسایەتییەکی زیندوو و نەمریی نێو مێژوو و ئەفسانەیە.

-خدری زیندە، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە لەدەقی ئەفسانەیی هەموو نەتەوەکان نەمرییەکی هەمیشەیی بەدەست دێنێ، شتێکی بەرچاو و گرنگ لە ژیانی خدر ئەوەیە، کە خدر هیچ ڕۆژێک خۆی بەدوای نەمرییدا نەگەڕاوە، هەمیشە لەپەنا گەڕاوێک و بەرێککەوت ئاوی حەیات و نەمریی دەست کەوتووە، لەم دەقەشدا (دەقە فارسییەکە، هەرچەندە دەقێکی تایبەت بە خدر خۆی نییە!) بەڵام، دیسان ئاوی نەمریی دەخواتەوە و بێ نەخشە و پلان ئەو ئاوە ئەفسانەیی و گرنگە بەدەست دێنێ، بۆیە خدر لەگەڕاندا هەمیشە کەسایەتییەکی لاوەکییە، بەڵام، لە بەدەست هێنانی هۆو نەمرییەکە کەسایەتییەکی سەرەکییە.

لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر)ی دەقە فارسییەکان، کەسایەتییەکان ڕێگای بەدەستهێنانی نەمرییەکەیان، بەهۆی گەڕان نییە، بەدوای نەمرییدا بەشێوە زانراوەکە، بەڵکە بەیارمەتیی پیاوانی ئایینی و لە بۆنە ئایینییەکان و بەهۆی خواردن و خواردنەوە و خۆشاوە ئامادەکراوەکان کە هەر کەسێک ئەو خواردن و خواردنەوە خۆشانە بخوات و بخواتەوە، نامرێ و دەبێتە یەکێک لە بێ مەرگان.

پشوتەن کوڕی گەورەی گوشتاسب، بەهۆی زەردەشت و لە سایەی شیر و نانی پیرۆز دەبێتە یەکێک لە نەمران، ئوروتەت نەر یەکێکە لە نەمران و ئەویش خۆشاوی نەمرانی خواردووتەوە، کەیخوسرەو گوڕاشتاسب بەهۆی خواردنی (ئانوش) کە خۆراکی بێ مەرگییە، نەمریی دەست دەکەوێ. ئەسفەندیار لەسایەی (ئاوی پیرۆز)و بەیارمەتیی زەردەشت پاک دەبێتەوە و نەمریی بەدەست دێنێ. ڕۆستەم و سام و زاڵ بەهۆی دەستوورێک و بەمیرات دەگەنە ئەو نەمرییە. خەسرەوی یەکەم و کۆروش، پاش ئەوەی دەمرن خەڵک لەسایەی خۆشەویستیان، بەزیندوو و نەمریان دەزانن، ئەمەش جۆرێکە لە نەمریی، بەڵام، نەمریی لە زیهن و عەقڵی عەوامدا.

**٣-٧-١-٤-هۆیەکانی نەمریی چین؟**

-دەقە ئەفسانەییە فارسییەکان، لەدیارکردنی هۆیەکانی نەمریی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن، ئەو تایبەتمەندییەش لە ئەفسانە ئێرانییە کۆنەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، ئەویش (فەڕی ئێزەدی)یە، ئەو فەڕەش بەبنەماڵە و نەوە بۆ نەوە دەمێننەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو بنەماڵەیە، هەرچەندە بنەماڵەی شا و دەسەڵاتدارن و شا و دەسەڵاتەکەی خۆشیان بەپیرۆز دەزانن، چونکە ریشەی خۆیان دەبەنەوە سەر خوداوەندەکان و بەردەوامیش بەشێک لە پێغەمبەری و خوداوەندی لە خۆیاندا دەبینن، ئەوەتا (جەمشید) دەڵێ:

منم گفت بافره ایزدی همم شهریاری همم موبدی (١٨٣أ).

واتە من بەو فەڕ و بەرەکەتی خواییە هەم شام و هەم پیاوی ئایین و خودا، جەمشید تەمەنێکی درێژ سوودی لەم (فەڕی ئێزەدی)یە بینی و لەسایەی هێزی ئەم فەڕە زۆر ژیا و زۆر کاری گرنگی کرد، کەواتە

هۆی نەمرییەکەی جەمشید لە سەرەتاوە تا لەخۆبایی بوونی (فەڕی ئێزەدی)بوو. هەرچەندە هەوڵی دا هۆیەکی تری نەمریی بەدەست بێنێ، ئەویش (خوداوەندی) بوو، بەڵام، سەرنەکەوت. کەواتە جەمشید هۆیەکی نەمریی کە (فەڕی ئێزەدی)یە هەیەتی و بۆ هۆیەکی تریش هەوڵ دەدا کە سیفەتێکی (خوداوەندی)یە کە ئەویش (نەمریی) و هەمیشەییییە.

زوحاک ئەگەرچی، لە نەوەی پاشایانی ئێران نییە و ئەمەش مانای بێ بەش بوونییەتی لە خێر و بێری (فەڕی ئێزەدی) لەگەڵ ئەو بێبەش بوونەش لە ئەفسانەکەدا هەزار ساڵ حوکم دەکات، دەکرێ ئەم حوکم کردن و تەمەن درێژییەی لەسایەی هێزی (ئەهریمەن)ەوە بزانین، ئەگەر ئەوە لەبیر نەکەین کە (زوحاک)و (ئەهریمەن) هەر زوو پەیمانیان لەگەڵ یەک بەستبوو، دیارە بەو بێ (فەڕی ئێزەدی)یەش زوحاک لە هەندێ لەو پاشایانە زۆرتر ژیا کە خاوەنی فەڕ بوون، زوحاک هەر بەوەندە وازی نەهێنا، کە پاشای وڵاتی ئێران بوو و ویستی لەو بەهرەیەی شاکانی ئێرانیش سوودمەند بێ، هەر بۆیە داوای لە(ئەناهیتا)ی خوداوەندی ئێرانی کرد تا (فەڕی ئێزەدی) پێ ببەخشێ، لێرەدا دەگەینە ئەوە کە بڵێین: زوحاک لەسایەی (هێزی ئەهریمەنی) هەزار ساڵ ژیا و حوکمی کرد، هەوڵی دا، (فەڕی ئێزەدی) کە ئەویش هۆیەکی تەمەن درێژی و نەمرییە بەدەست بێنێ، دواجار کە گیراش بەزیندوویی زنجیر کرا، واتە بە(نەمریی-) لە کێوی دەماوەند وەک سزایەک زنجیر کرا، هەرچەندە ئەم زیندوو مانەوەی هیچ هۆیەکی نەمریی پێوە دیار نییە تەنیا ئەگەر سزایەک بێ بۆ کارە خراپەکانی تەمەن درێژییەکەی.

فەرەیدوون ئەو پاشایە گرنگ و دادوەرەی کە وڵاتی ئێرانی لە زوڵم و ستەمی بێ سنووری هەزار ساڵەی (زوحاک) رزگار کرد، ئەویش لە نەوەی پاشایانی ئێرانی بوو و خاوەنی (فەڕی ئێزەدی) بوو، فیردەوسی دەنووسێ:

ببالید برسان سر و سهی همی تافت زو فرّ شاهنشهی (١٨٣أ).

بەو قەد و باڵایەی خۆی دەنازی و (فەڕی شاهەنشاهی) لێ دەدرەوشایەوە ئەم فەڕی شاهەنشاهییەش هەر فەڕی ئێزەدییە، واتە کەسێ فەڕی ئێزەدی هەبێ و لە نەوەی ئێرانییان بێ، مافی ئەوەی هەیە ببێتە شاهەنشا کەواتە ئەم فەڕی ئێزەدییە فەڕی شاهەنشاهیشە. فەرەیدوونیش هەر لەسایەی ئەو فەڕەبوو ستەمکارترین و تەمەندرێژترین پاشای لەنێوبرد و حوکمێکی دادپەروەرانەی دامەزراند و پێنج سەد ساڵ حوکمی کرد، دواجار بەبێزاری و ئارەزووی خۆی، رێگای بۆ مردن خۆشکرد، چونکە هیچ هەوڵێکی فەرەیدوون لەبەرچاو نییە! کە ویستبێتی زۆرتر بژی یان نەمر بێ، هەر بۆیە (فەڕی ئێزەدی)یەکەش لەخۆیەوە هیچ کارێک ناکات، کە بۆ ئەویش هۆی تەمەندرێژی و(نەمریی)یە ئەگەر ویستبای.

ئەسکەندەر وەک پاشایێک، لە خوێنی پاشایانی ئێران نییە و بێ بەشە لە (فەڕی ئێزەدی) هەر بۆیە کە ئێران و ڕۆژهەڵات تەواو دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بیر لە (هۆ)یەکی نەمری دەکاتەوە؛ ئەویش بەدوای (ئاوی نەمریی)دا دەگەڕێ ئەو ئاوەش بە ئاوی کانییەک دەزانێ کە بە(کانی ئاوی حەیات) ناودەبردرێ. کەواتە ئەسکەندەر لەچاو پاشا ئێرانییەکان تەمەنێکی یەکجار کورت ژیاوە، واتە تەمەن درێژ نەبوو بەدوای ئاوی نەمرییدا گەڕا ئەویشی دەست نەکەوت. کەواتە هۆی نەمریی بۆ ئەسکەندەریش



هەر ئاوی حەیات یان ئاوی نەمرییییە کە ئەم ئاوە ناسراوترین و بڵاوترین هۆیە لە هۆیەکانی نەمریی، نەک هەر لەنێو ئەفسانە کوردی و فارسییەکاندا بەڵکە لەسەر ئاستی ئەفسانە جیهانییەکانیش. خدری زیندە یەکێ لەو کەسایەتییانەیە، نەک هەر بەتەنیا لە ئەفسانە فارسی و کوردییەکاندا، بەڵکە لەسەر ئاستی هەموو ئەفسانەکانی کە باس لە (خدر) دەکەن بەتایبەت ئەفسانە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەکان، زیندوویێتییەکەی لەسایەی ئاوی حەیات یان ئاوی نەمرییییە، ئەو ئاوەش دیسان هەر زۆر جار ئاوی کانییە و لە تاریکاییدایە، کانییەکەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە کانی ئاوی ئاسایی جیایە، لە هەر ئەفسانەیەک جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە لەگەڵ دەقەکانی تر جیایە، لێرە لەم دەقەدا، کانییەک هەیە لە تاریکاییدا و پێی دەڵێن: (آب حیوان- ئاوی ژیان) ئەگەر خۆتی تێدا بشۆری لە گوناهان پاک دەبییەوە و ئەگەر بشیخۆیتەوە ئەوا نەمریی بەدەست دێنی، کەواتە لە بەسەرهاتی خدری زیندەش هۆی نەمرییییەکە هەر (کانی ئاوی ژیان) و (ئاوی حەیات)- یان (ئاوی نەمریی)یە.

لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر)ی دەقە فارسییەکاندا هەندێ هۆی نەمریمان دەکەوێتە بەرچاو کە لێرە، ئەو تایبەتمەندییە لە ئەفسانە فارسییەکان سەر هەڵدەدا کە لە ئەفسانە کۆنەکانی ئێران و ئایینە کۆنەکانی ئێرانەوە هاتوونەتە ناو ئەفسانەی ئەمڕۆی فارسی.

(پشوتەن) کە کوڕی (گوشتاسب)ە لەسایەی زەردەشت و بەهۆی (شیر و نانی پیرۆز) نەمریی بەدەست دێنێ، (سوشیانت) لەڕێ و رەسمی (یەزەشن)دا (خۆشاوێک) لە (شیر و هومی سپی) چێ دەکەن، ئەو خۆشاوە هەر زیندەوەرێک بیخواتەوە نەمریی بەدەست دێنێ. (گورشاسب) و (کەیخەسرەو) لەسایەی ئایینی نوێ و خواردنی (ئانوش) کە خواردنی بێ مەرگییە بێ مەرگی و نەمرییان بەنسیب دەبێ.

رۆستەم و زاڵ و سام هەرسێکیان بەپێی دەستوورێک کە بەمیرات هەیانە باس لە مردنیان ناکرێ.

ئەسفەندیار لەسایەی (ئاوی پیرۆز) ئەو ئاوەی کە تەن پاک دەکاتەوە و بەهەر جێگایەکی جەستە بکەوێ، ئەو جێگایە نە نەخۆش دەکەوێ، نە پیر دەبێ، نە چەک کاری لێدەکات، بەڵام، لێرەش خاڵی لاوازی ئەسفەندیار و ئەو ئاوە پیرۆزە ئەوەیە کە، لە کاتی خۆ لە ئاو نقوم کردنا ئەسفەندیار چاو دەنووقێنێ و چاوی ئاوی بەرناکەوێ و تەڕ نابێ و ئەم چاو تەڕ نەبوونەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەک کاری لێ بکات دواجار تیری بەردەکەوێ.

کەیخەسرەو و ئەسفەندیار و کۆرش پاش مردنیان عەقڵی عەوام نەمرییان پێدەبەخشن.

ئەوەی شیاوی گوتنە لەم بەشەدا ناوی هەندێ هۆی نەمری دێتە پێشەوە کە لەگەڵ شتە سروشتی و حازرەکان جیان وەک (ئاوی حەیات) بەڵکە لەڕێ و رەسمی تایبەتی ئایینی و کەسانی دیار و پیاوی ئایینی ئامادەیان دەکەن، کە زۆرتر لەگرتنەوە و دروستکردن دەچێ، چونکە دروستکردنەکەیان لە چەند شتێک و جۆرە خواردن و خواردنەوەیەک پێک دێت. سەیر کە (شیر و نانی پیرۆز) (شیر و هومی سپی) خواردنی (ئانوش) ئەمانە هەموویان دروستکراون و لە دروستکردنەکەشیان چەند خواردن و خواردنەوەیەک تێکەڵ کراون، واتە ئەم هۆیانە کە هۆی نەمرین دەستکرد و زانستکردن، هەتا سروشتکرد. ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری ئەو هۆیە نەمرییانەی ئەفسانە فارسییەکانە.

### ٣-٧-١-٥- کەسایەتییەکان چۆن هۆیەکانی نەمریی لە دەست دەدەن؟

خاڵێکی گرنگی هۆیەکانی نەمریی لە ئەفسانەی هەموو گەلان ئەوەیە کە کەسەکان زۆربەیان دواجار ئەم هۆیە لەدەست دەدەن، جا ئەگەر بە(گەڕان) بەدەستیان هێنابێ، یان ئەوەتە بە(ڕێککەوت) کەوتبێتە دەستیان، یان هەر (بەبنەماڵە و میرات) هەیانبووبێ.

لە ئەفسانە فارسییەکان (جەمشید) کەسایەتییەکە لەبنەماڵەی شاهانی ئێران و بەمیرات خاوەنی هۆی نەمریی(فەڕی ئیزەدی)یە. ئەگەرچی لەسایەی ئەو فەڕە تەمەنێکی درێژ دەژی؛ بەڵام، سوود لە هێزی نەمرییەکەی نابینێ، چونکە دواجار لەخۆبایی دەبێ و قسەی کفر ئامێز دەکات و داوای خوداوەندی دەکا، هەر بۆیە ئەم (فەڕی ئیزەدی) کە وەک لە دەقەکان دیارە تەنیا پشتگیری کاروبێری (خێر!) دەکات، هەتا جەمشید روو لە خێرە لەگەڵیەتی، کە لەخۆبایی دەبێ، ئەو فەڕە بەجێی دێڵێ و پشتی تێدەکات. کە فەڕ پشتی تێکرد مەرگیش زەفەری پێ دەبات، دواجار بەمردنێک دەمرێندرێ و دەکوژرێ زۆر تایبەتە. ئەویش بڕینەوە و دوو کەرت کردنیەتی بەمشار. کەواتە جەمشید هۆی نەمرییەکەی بە لەخۆبایی بوون لە دەست دا، کە هەوڵی دا (نەمریی خوداوەندی) بەدەست بێنێ ئەویش دەست نەکەوت.

فەرەیدوون ئەویش کە هۆی نەمرییەکەی هەر (فەڕی ئیزەدی) بوو، ئەویش نەیتوانی سوود لە هێزی نەمرییەکەی ئەو فەڕە ببینێ، هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە شەڕی برا کوژیی کوڕەکانی و دواجار کوژرانی هەر سێ کوڕەکەی لە ژیان بێزاری کرد و (هیوای زۆر ژیان و نەمریی) نەما، ئەم بێزاری و بێ هیواییەش، ڕەزامەندیی بەرامبەر بە(مەرگ!) نواند و دواجار پاش تەمەنێکی پێنج سەد ساڵی مردنێکی ئاسایی مرد.

– زوحاک ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە بەکاری بەد و ئەهریمەنی دەست پێدەکات و تەمەنێکی هەزار ساڵی بەهێزی پاشایەتییەوە زوڵم و ستەم دەکات، دواجار دەیەوێ (فەڕی ئیزەدی)ش بەدەست بێنێ، کە فەڕێکی تایبەتە بەشاهانی ئێرانی، لەم هەوڵە سەرناکەوێ کە هۆی نەمریی پەیدا بکات بەڵام، کە فەرەیدوون سەردەکەوێ و زوحاکی دەکەوێتە دەست، بەزیندوویی و نەمریی دەهێڵێتەوە، هێشتنەوەیەک بەزنجیرکراوی لە کێوی دەماوەند هەتا کۆتایی مێژوو.

ئەو هۆیانەش کە لە ئەفسانەی زوحاک باس دەکرێن دووانن، یەکیان (فەڕی ئیزەدی)یە کە زوحاک خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا، کەچی دەستی ناکەوێ ئەوی تریان، ئەو نەمریی و زیندووێتییەیە کە فەرەیدوون وەک سزایەک بەزنجیرکراوی بەسەریدا دەبڕێ واتە زوحاک ئەوەی خۆی دەیەوێ دەستی ناکەوێ، ئەوەش کە دەستی دەکەوێ لەسەر خواستی خۆی نییە! واتە زوحاک ئەو نەمرییی دۆڕاند کە خۆی دەیویست و نەیتوانی بەدەستی بێنێ! ئەوەش کە بەسەریدا سەپا خۆی نەیدەویست، جا لە هەردوو باراندا بەخواست و ئارەزووی خۆی نەبوو، کەواتە هەردووکیان هەر دۆڕاندنە.

ئەسکەندەر یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە زۆر بە (تەواو)ی بەدوای ئاوی حەیات هۆی نەمرییدا دەگەڕێ، گەڕانەکەشی زۆر بەشەوق و هیواوەیە، کەچی پاش سەراو و دەراوێکی زۆر، ئەم ئاوە بەدەست ناهێنێ، لێرە لەو دەقە ئەوەی گرنگە، کە هۆی نەمرییەکە بۆ ئەسکەندەر بەدەست نایێ، نەک بەدەستی



بێنی و لەدەستی بدا.

بۆیە لەم دەقەدا بۆ ئەسکەندەر، نە خاڵی لاواز هەیە، نە چۆنیەتیی لەدەستدان، ئەگەر شتێک بۆ لەدەستدانەکەی حسێب بکەین، ئەو رەنجە زۆر و پێ داگرتنەیە کە لەئەنجامدا بێ سوود بوو، واتە ئەسکەندەر هێز و وەخت و سەرمایەکی زۆری لەدەست دا؛ بەڵام، بێ هوودە بوو، نەمرییەکەی بەدەست نەهێنا.

خدری زیندە وەک کەسایەتییەکی نەمریی دەستکەوتوو لە هیچ دەقێک- نەک هەر دەقە فارسییەکان- باس لەوە ناکرێ کە ئەو نەمرییە لەدەست بدات، کە لەدەستی نادا هەر ئەوەیش یەکە کەسایەتییە بەپێی ئەفسانەکان- بەردەوام بەزیندوویی دەمێنتەوە.

لە بەشی (هەندێ لە نەمرانی تر)ی فارسیدا، دوو جۆر نەمر هەن، یەکێکیان ئەوانەن کە نەمرییەکانیان لەسایەی ئایین و خواردن و خواردنەوە دروستکراوە ئایینییەکانە، ئەوانە هیچ باس لەوە ناکرێ کە بمرن و هۆی نەمرییەکە لەدەست بدەن، ئەوانەی تریش، ئەو کەسایەتییانەن کە خەڵک لەبەر خۆشەویستی پاش (مردن) زیندووێتییان پێ دەبەخشن، کەواتە ئەم دوو دەستەیە، نەمرییەکەیان هەمیشەییە، یەکەمیان نەمریی تەواو بە جەستە و گیان دووەمیان: نەمریی مەعنەوی و لە زیهن و خەیاڵی عەوام و خەڵکدا.

### ٣-٨-١-بەراوردی ئەفسانە کوردی و فارسییەکان:

کورد و فارس دوو نەتەوەی زۆر لێک نزیکن، چ لە رووی رەگەز و خوێنەوە، چ لە رووی جوگرافی دراوسێیەتییەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە مێژوویێکی هاوبەش و تێکەڵ و لێک نزیکیان هەبێ، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە زەمینەیەکی لەبار دروست ببێ بۆ کارلێککردنی فەرهەنگی چ لە ئەدەبی کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە بەگشتی، چ لە ئەدەبی نووسراو و داهێنراودا. لە سەرتاوە بەشێکی کورد و فارسی لە (سانسکریت) و (هیند) و تا کۆچی (ئاری)یەکان هاوبەشی یەکترن، لەدروستبوونی ئیمپراتۆریەتی (ماد)ەکان و لێک جیابوونەوەی هۆزەکانی (ماد)و (پارس) ئەگەرچی هێشتا بەگشتی لەژێر کاریگەریی یەک فەرهەنگدا بوون، ئەوا سەرەتای تایبەتمەندیی نەتەوەیی هەریەکێکیان ئەو وەختە سەری هەڵدا، بەتایبەت لەڕووی فەرهەنگییەوە، لەنێو فەرهەنگدا (ئەفسانە و ئەفسانەی خوداوەندەکان) جێگایەکی دیاری هەیە، چونکە ئەفسانە بەگشتی و بەتایبەت ئەفسانەی خوداوەندەکان لە ئایین بەتایبەتی تر ئایینە سەرەتاییەکانی جیا ناکرێنەوە.

لە دوای ئەم مێژووە درێژە و لە پەنای ئەم هەموو هاوبەشییە، زەمینەیەکی لەبار هاتە کایەوە بۆ ئەوەی زەمینەی (ئەدەبی بەراوردکاری)(*-٢٦) لە نێوان هەردوو ئەدەب و واتە ئەدەبی کوردی و فارسیدا بخەملێ و پێ بگات چونکە هەموو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری لەنێوان هەردوو نەتەوە و لەنێو هەردوو ئەدەبدا زۆر بەرچاون.

ئەگەرچی پێچکوون و کاریگەریی هەموو ئەفسانەکانی جیهان لەسەر یەکتردا زۆرە، هەتا نەتەوە و وڵاتە زۆر لێک دوور و لێک جیاکانیش لە ئەفسانەدا هاوبەشییان لەنێواندا هەیە، ئەوا سەرەڕای ئەم

خاڵەش ئەفسانەی کوردی لەسەرەتاوە و تا کۆتایی ئەو قۆناغەی پێی دەگوترێ (ئەفسانەی ئێرانی) ئەوا کورد و فارس تێیدا هاوبەشن، هاوبەشییەکەی میللەتی کورد هیچی لە میللەتی فارس کەمتر نییە! ئەگەر زیاتر نەبێ.

ئایین بەگشتی و ئایینە سەرەتاییەکان بەتایبەت مندالّدانی ئەفسانەن، ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی سەرەکی و کوردستان بەتایبەتی وڵاتی سەرهەڵدانی زۆر ئایین و ئایینزایە، ئەمەش هۆیەکی گرنگی دەوڵەمەندیی ئەفسانەیە لە ناوچەکەدا.

لەنێو ئەفسانەشدا (بیر!)ی گەڕان بەدوای نەمرییدا هەر لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە -گلگامش- تا ئێستا کۆنترین و ناسراوترین کەسایەتی و تەواوترین ئەفسانەی گەڕانە بەدوای نەمریدا، ئەو پاشا سۆمەرییە کە پێنجەمین (*- ٢٧ ) پاشای سۆمەرە، هەر زوو چیرۆکی گەڕانەکەی بەسەر زاراندا بڵاوبووەتەوە و کۆنترین دەقی نووسراویشە کە تا ئێستا لە جیهاندا کەوتبێتە دەست. ئەوە داستانی - گلگامش-ە کە کۆنترین داستانی گەڕان بێ لە ناوچەکەدا، ئەو هۆیە کە بۆ بڵاوبوونەوە، ئەم بڵاوبوونەوەنە، زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کردووە، کە هەم خەڵکانی تریش بیر لەوە بکەنەوە بەدوای نەمرییدا بگەڕێن، هەم چیرۆکی گەڕانی گلگامش لەنێو خەڵکدا هۆیەکە بۆ دروستبوون و بڵاوبوونەوەی چیرۆکی تر لەم بارەیەوە، چونکە عەقڵی عەوام برەو بەبیرە ئەفسانەییەکان دەدات و زۆر جۆر و زۆر شێوەی لێ دێنێتە بەرهەم. هەر چەندە ناتوانین لەوە بەگومان بین! کە کەسانی تریش هەبووبن وەکو گلگامش ئەوانیش بیریان لەوە کردووتەوە کە بەدوای نەمرییدا بگەڕێن، بەڵام، داستانی گلگامش بەو گرنگی و پیرۆزیی و ئەو بەربڵاوییەی کە لەکۆنەوە هەیەتی، هۆیەکە، هەموو کەسایەتییە گەڕاو و چیرۆکەکانی گەڕان بەدوای نەمرییدا کە لەدوای (گلگامش)ەوە سەریان هەڵداوە، کاریگەری ئەو کەسایەتی و ئەفسانەیان بەسەرەوە بێ. داستانی (میرمح)ی کوردی و ئەفسانەی (ئەسکەندەر) دەقە فارسییەکەی، هەردووکیان کاریگەریی گلگامشیان بەسەرەوەیە. ئەگەر ئەسکەندەر سەردەمی ژیانی دیارە و کەسیەتییەکی واقعی مێژووییە، ئەوا (میرمح)ی داستانە کوردییەکە سەردەمی ژیانی وەک ڕووە مێژووییەکەی بزرە، بەڵام، لە خوێندنەوەی دەقەکان (*- ٢٨ ) ئەوە دێتە ئەنجام کە بۆ ڕۆژگارێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە کە زۆر پێش زایینە. هەر چەندە بیری نەمریی و گەڕان بەدوای نەمرییدا بیرێکی (مرۆڤ)انەی کۆنە، بەڵام، میللەتی (سۆمەر) و (وڵاتی سۆمەر) لانکی کۆنترین دەقی نووسراو و بەردەستێ تا ئەمڕۆ. پێشتر لە (بەشی یەکەم)ی ئەم نامەیەدا گوترا: کە سۆمەرییەکان بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد، ئەوا ئەم ڕایە ڕێگا زیاتر بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بڵێین: کاریگەریی گلگامشی سۆمەری. ئەمڕۆ بەسەر ئەفسانەی هەردوو میللەتی کورد و فارس-ەوە هەیە، کە وەکو گوترا خزمایەتییەکی زۆر لەنێوان سۆمەر و کورد و کورد و فارسدا هەیە، ئەوا لەڕووی مێژووییەوە ئەم چەند وشەیە پێویست بوو.

بەڵام، لەپێک گرتنی ئەو دەقە ئەفسانەییانەی کە ئێستا لەبەردەستن ئەگەرچی زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەوا هەر ئەفسانەیەک! واتە ئەفسانەی هەریەک لە میللەتی کورد و میللەتی فارس



خاوەنی تایبەتمەندیی خۆشیەتی.

ئێستاش ئەو خاڵە هاوبەشانە بەسەردەکەینەوە کە لەنێوان ئەفسانەکانی گەڕان بەدوای نەمرییدا هەیە، لە ئەفسانە کوردی و فارسییەکان.

**٣-٨-١-١- خاڵە هاوبەشەکان:**

* لە ئەفسانە کوردییەکان زۆربەی کەسایەتییەکان بەدوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن و لەنێو جوگرافیایەکی فراوان و ئەفسانەییدا دەسووڕێنەوە، ئەم تایبەتمەندییە لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە: ئەسکەندەر و خدری زیندە.

* لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکان کەسایەتییەکان، کوڕە پاشا و میر و کەسانی پاڵەوان و دیار و کەسانی ئایینین کە بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن، ئەم پاشا و پاڵەوان و پیاوی ئایینییانەش لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا زۆر بەرچاوە، وەک نموونە: لە کوردیدا میرمح و لە فارسیدا ئەسکەندەر.

*لە هەندێک لە ئەفسانە کوردییەکان لەڕێگای گەڕان بەدوای (هۆ)یەکانی نەمرییدا کەسایەتییەکان هەندێ بەسەرهاتی پەندئامێزیان بەسەردێ، ئەم بەسەرهات و پێشهاتە پەند ئامێزانە لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا هەن، وەک میرمحی کوردی و ئەسکەندەری فارسی.

* لەهەندێ ئەفسانە کوردییەکان، کەسایەتییە سەرەکییەکان کە بەدوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن، دەستیان ناکەوێ، ئەو (هۆ) دەست نەکەوتنە لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە: ئەسکەندەری چارقوڕنەت لە کوردی و ئەسکەندەر لە فارسی.

* لەهەندێ لەئەفسانە کوردییەکان، کەسایەتییەکان کە بەشەوق و هێزو سەرمایەوە بەدوای هۆیەکاندا دەگەڕێن، چنگیان ناکەوێ، بەڵام، کەسایەتیی تر لەو گەڕانە بەرێککەوت ئەو هۆی نەمرییەیان دەست دەکەوێ، وەک خدری زیندەی کوردی و لەدەقە فارسییەکانیش هەروایە.

* لە زۆربەی هەرە زۆری ئەفسانەکان لە دەقە کوردییەکان، ئەو کەسانەی کە بەدوای هۆیەکانی نەمرییدا دەگەڕێن، دەستیان دەکەوێ، بەڵام دواجار لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئەو هۆی نەمرییە لەدەست دەدەن، لە ئەفسانە فارسییەکانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم لەدەستدانە هەیە، وەک لەدەستدانی میرمحی کوردی و جەمشیدی فارسی.

* لە هەموو ئەفسانە کوردییەکان کە باسی خدری زیندە دەکات و بەرێککەوت لە ئاوی نەمریی دەخواتەوە، هەتا سەر بەو نەمریی و زیندووییە دەمێننەوە، ئەم دیاردەیە لەنێو ئەفسانە فارسییەکانیشدا بۆ (خدر) هەر بەو شێوەیەیە.

* لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکان هۆی نەمریی ئاوی حەیاتە، لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیش ئاوی حەیات هەر هۆیەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی نەمریی..

* لە هەندێ لە ئەفسانە کوردییەکان ئاوی حەیات لە کانی حەیات-دایە و کانی حەیاتیش لەنێو تاریکایی-دایە. ئەم کانی ئاوی حەیات و شوێنە تاریکییە لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیش هە

روایە. لە ئەسکەندەر و خدری زیندەی کوردی و ئەسکەندەری فارسی.

* لە هەندێ لە ئەفسانە کوردییەکان کانی ئاوی حەیات تایبەتمەندییەکی هەیە، بۆ ئەوەی بناسرێتەوە، وەک زیندووکردنەوەی ماسی مردوو و داری وشکەوەبوو یان جۆری هەڵقولانیەتی، کە لێرە هەڵدەقولێ و هەر لەنزیکی خۆی دەچێتەوە ژێر زەوی یان کانییەکە هەڵدەقولێ کەچی نە زیاد دەکات، نە کەم. ئەم تایبەتمەندییە بۆ ناسینەوەی کانی ئاوی حەیات لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیش هەروایە. لە ئەسکەندەری چار قوڕنەتی کوردی و ئەسکەندەری فارسی.

* زۆربەی هۆیەکانی نەمریی لە ئەفسانە کوردییەکان کە بەدەست دێن، ئەو کەسەی هۆیەکەی دەست دەکەوێ، لە چ تەمەنێک بێ لەو تەمەنە رادەوەستێ و پیرنابێ و ناشمرێ، هەتا هۆیەکەی لابێ، ئەمە لە هەندێ لە دەقە فارسییەکانیش هەر بەو شێوەیە. بۆ نموونە: خدری زیندە لە ئەفسانەی هەردوو نەتەواندا.

* لە ئەفسانەی کوردی، بەتایبەت لە داستانی (میرمح) ئەو سێ سێوەی کە فەلەک دەیداتە (میرمح) کە دەیەوێ بگەڕێتەوە وڵاتی کەسوکاری سێوەکان لە پیربوون و لە مردنی دەپارێزن، لە ئەفسانەی فارسیشدا، خۆشاوی (هوم و شیری سپی)، ئەو کەسانەی کە بیخۆنەوە، جگە لەوەی کە نەمریی بەدەست دێنن، لە چ تەمەنێکدا بن، دەگەڕێنەوە سەر تەمەنی پێشتریان، واتە گەنجتر دەبنەوە. واتە سێوەکان لێناگەڕێن میرمح پیر ببێ و خۆشاوی هوم و شیری سپیش ئەگەر پیر بێ دەیگەڕێننەوە سەر تەمەنی پێشتر و گەنجی.

* لە ئەفسانە کوردییەکاندا زۆر هۆی جۆراو جۆر هەن کە دەبنە هۆی تەمەندرێژی و لەشساغی و پیرنەبوون و نەمریی، لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا هۆیەکانی لەشساغی و پیرنەبوون و نەمریی زۆرن.

* لە ئەفسانە کوردییەکاندا هەندێ کەسایەتی بەناو و مێژوویی هەن، خەڵک پاش مردنیان، بەنەمر و زیندوویان دەزانن، ئەم جۆرە کەسانە لە هەندێ لە ئەفسانە فارسییەکانیشدا هەروایە، بۆ نموونە لە کوردیدا شێخ فەرخ و لە فارسیشدا کۆرش.

* لە ئەفسانەی کوردیدا (شوێن) هەیە وەک (قوببا فەلەکێ) جێگایەکە کە مردنی لێ نییە! لەدەقی زوحاک (کێوی دەماوەند)یش جێگایەکە بۆ زوحاک مردنی لێ نییە! واتە چۆن میرمح لەو قوببا فەلەکێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە، زوحاکیش ئاوا لە کێوی دەماوەند بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

* زۆربەی کەسایەتییەکانی دەقە فارسییەکان کەسایەتیی مێژووییشن، واتە جگە لە ئەفسانە مێژووش باسیان دەکات لە کوردییەکان ئەسکەندەریش هەر کەسایەتییەکی مێژووییە، ئەوانی تریش ئەگەر ڕۆژگارە مێژووییەکەیان زۆر روون نییە! بەڵام، لەوەدەچن کەسایەتیی مێژوویێکی دیار و بەناوبووبن لە سەردەمی خۆیان، چونکە ئەفسانە زۆرتر کەسایەتییە مێژووییەکان دەکاتە کەسایەتیی ئەفسانەیی.

**٣-٨-١-٢- جیاوازییەکان، لەنێوان دەقە کوردی و فارسییەکاندا:**

لەو دەقە ئەفسانەییانەی کە لەنێو ئەفسانە کوردی و فارسییەکان لێرە لەبەردەستن، چەند خاڵێکی جیاوازیش هەیە لەنێوانیاندا، کە جیاوازییەکەیان، یا ئەوەتە جیاوازیی تەواوە و لە یەکێکیان هەیە و لەوەی تر نییە! یا ئەوەتە شێوەیان لێک جیایە، ئەم خاڵە جیاوازانەش بۆ هەر یەکێ لە ئەفسانە کوردی و



فارسییەکان دەچنە خانەی تایبەتمەند هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تر بەو خاڵە تایبەتییانە لێک جیادەبنەوە.

**٣-٨-١-٣- جیاوازی و تایبەتمەندیی ئەفسانە کوردییەکان:**

– لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا یەکێ لەو کەسایەتییانەی کە لە دەست مردن هەڵدێ و بەدوای نەمرییدا دەگەڕێ (پیرەژنێک)ە، واتە کەسایەتییەکی (ژن)ە، کەچی لە دەقە فارسییەکان کەسایەتییەکان هەموویان پیاون کە هۆی نەمرییان هەیە یان بەدوایدا دەگەڕێن. یا ئەوەتە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستیان دەکەوێ.

– لە یەکێ لە دەقە کوردییەکان کە باسی ئاوی حەیات دەکات دەڵێ: هەر کەسێ بیخواتەوە ڕاستە نەمریی دەست دەکەوێ! بەڵام، لە نێوان کرم و منداڵ و جەوان و لاو و جوامێر و پیر و کەترەییدا دەسوورێتەوە و بەردەوام لەنێو ئەو بازنەیە دایە، لە هیچ یەکێ لە دەقە فارسییەکان باسی ئاوی حەیات بەم شێوەیە ناکات و هیچ کەس وای بەسەرنەهاتووە.

– لە دەقێکی کوردیدا (زەلامێک) کە خۆی ئاوی نەمریی خواردووتەوە و نەمریی بەدەست هێناوە چونکە جۆری نەمرییەکەی بەدڵ نییە! ئامۆژگاری ئەوەی تر دەکات کە تازە بەدوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ، کە ئەو ئاوە نەخواتەوە چونکە وەکو ئەوی بەسەردێ، ئەو خۆی لەم ئاو خواردنەوە و ئەم شێوە نەمرییە پەشیمانە، نایەوێ ئەویش تووشی ئەو پەشیمانییە ببێ! لەنێو دەقە فارسییەکان ئەم جۆرە نەمریی و ئەم کەسایەتییە نییە! تا ئاوا ئامۆژگاریی خەڵک بکا!

– لە دەقە کوردییەکان بەتایبەت لە (میرمح) و (ئەسحابە)دا، کە میرمح دەچێتە نێو (قوببا فەلەکێ) و (پیاوی ئاغا) دەچێتە کن ئەسحابەی، بۆ هەردووکیان زەمەنێکی یەکجار زۆر تێدەپەڕێ، میرمح هەزار و پێنج سەد ساڵ، پیاوی ئاغای حەفتێ هەزار ساڵ وەک دەقەکان باس دەکەن واتە دوو جۆر (زەمەن) لە یەک کاتدا هەست پێ دەکرێ، کەچی لە دەقە فارسییەکاندا ئەم زەمەن تێپەڕین و دووکاتییە بەرچاو ناکەوێ.

– لە دەقە کوردییەکان بەتایبەت (میرمح)ی کوردی لە سەرەتا نازانێ (مردن!) چییە و هیچ لەبارەی مردنەوە نازانێ؛ بەڵام، کە ژنەکەی دەمرێ و دواجار تێدەگات کە ئەویش ڕۆژێک دێ دەمرێ، ئینجا دەیەوێ بچێتە جێگایەک کە مردنی لێ نەبێ! بەڵام لەنێو ئەفسانە فارسییەکان کەسایەتییەک بەم شێوەیە نییە!

– لە ئەفسانە کوردییەکان چەند کار و ڕووداوێک هەن هەتا تەواو نەبن و روو نەدەن، کەسایەتییەکان نامرن واتە هەندێ شت هەن رێگە لە مردن دەگرن یان ڕاستتر مردن دوا دەخەن بۆ میرمح نەمانی سێوەکان، بۆ جووتیار و باڵندە و مار و پیرەمێردیش، وشک بوونی دەریا و تەواو بوونی گەڵییە زوڕات و پڕبوونەوەی گەڵییە بە(کراس – کاژ)ی مار و پڕ بوونەوەی گەڵییە بەسبیلٚ و لە خۆڵی گردەکە و لە ئەسکەندەر ژێر پێی بێتە رەساس و سەری ببێتە تاس. بەڵام، لە ئەفسانە فارسییەکان باسێک لەم جۆرە مردن راگرتنە نییە!.

– له ئەفسانه کوردییەکان– بەتایبەت میرمح و ئەسکەندەر– باس لەوە دەکات، جگە لە میرمح خۆی، ئەسپ و تاژییەکانیشی نەمریی بەدەست دێنن، لە ئەسکەندەری چار قوڕنەت داری وشک و جوانووی مردوو بەئاوی حەیات زیندوو دەبنەوە، لە دەقە فارسییەکان ئەم جۆرە نەمرییە بۆ گیانلەبەران بەم شێوەیە نییە!.

– له ئەفسانە کوردییەکان –بەتایبەت میرمح و ئەسکەندەر– دواجار خودای تاک و تەنیا بۆ خۆی (جبرائیل) ئاگادار دەکاتەوە کە نابێ میرمح بگاتەوە قوببا فەلەکێ، چونکە ئەگەر بگاتەوە ئەوێ، ئەوە بەیەکجاری نامرێ! دەبێ پێش ئەوەی بگاتەوە ئەو جێگایەی کە مردنی لێ نییە! سێوەکانی لە دەست دەربێ و بمرێ. ئەسکەندەریش نابێ لە ئاوی نەمریی بخواتەوە، چونکە مرۆڤە! نەمرییش هەر بۆ خوداوەندان و ئەوانەیە کە لەڕیزی مرۆڤاندا نامێنن، ئەمەش هەر لەسەر فەرمانی (خودا)یە و بەهۆی دەنگێ لە غەیبەوەیە، بەڵام، لە ئەفسانە فارسییەکان (خودا) بەم شێوە راستەوخۆیە دەست لەکارەکان وەرنادا.

### ٣-٨-١-٤- جیاوازی و تایبەتمەندیی ئەفسانە فارسییەکان:

– لە ئەفسانە فارسییەکاندا زۆربەی کەسایەتییەکان بەڕەچەڵەک و بنەماڵە (فەڕی ئیزەدی = هۆی نەمریی)یان بۆ ماوەتەوە، لەنێو دەقە کوردییەکان هیچیان هۆی نەمرییان بەمیرات بۆ نەماوەتەوە و هەموویان یا ئەوەتە بەدوایدا گەڕاون یان بەرێککەوت دەستیان کەوتووە، یان هەندێکیان دوای مردنیان خەڵک نەمرییان پێ بەخشیون.

– لە هەندێ لە دەقە فارسییەکان هۆیەکانی نەمریی هۆی پیرۆز و ئایینین و زیندوویی و نەمریی زوحاکیش ئەهریمەنییە، واتە هۆیەکان هۆی خێر و شەڕن؛ بەڵام، لە دەقە کوردییەکان هەر هەموویان هۆی بێ لایەنن، واتە باس لە خێر و پیرۆزی و ئایینی یان بەدفەڕی و ئەهریمەنی ناکرێ.

– لە هەندێ لە دەقە فارسییەکان، هۆیەکانی نەمریی وا دێنە بەرچاو کە دەستکرد و زانست کردبن، چونکە دەگێڕێنەوە و دروست دەکرێن، گێڕانەوەو دروست کردنیش نیشانەی ئەوەن کە بەزانیاری بەرهەم هاتوون بەڵام، لە دەقە کوردییەکان هەموو هۆیەکانی نەمریی هۆی سروشتی و بەرهەمی خۆڕسکن و هیچ نیشانەییێکی دەستکردیان پێوە دیار نییە.

– لە دەقە فارسییەکان، جەمشید لەگەڵ ئەوەی خاوەنی (فەڕی ئیزەدی)یە و دەتوانێ لەسایەی ئەو فەڕە چۆن زۆر ژیا ئاواش نەمر بێ! کەچی بەوەندە راناوەستێ و داوای (خوداوەندی) دەکات و بەدوای هۆیەکی تری نەمرییدا دەگەڕێ. کەچی لەنێو دەقە کوردییەکان هیچ کەسایەتییەک نییە! کە هۆیەکی نەمریی هەبێ و بەدوای یەکێکی تریشدا بگەڕێ.

– لە دەقە فارسییەکان، کەسایەتییەکان جگە لە خدری زیندە هەموویان پاشان و حوکمی وڵات دەکەن کەسایەتیی مێژوویین کە لە کوردییەکاندا، جگە لە ئەسکەندەر و خدر کە دووبارە دەبنەوە، ئەوانی تر لە ئێستای دەقەکان وەک کەسایەتیی نێو خەڵک و ئاسایی باس دەکرێن.

– لە ئەفسانە فارسییەکاندا مێژووی دەقەکان، چ وەک ئەفسانە چ وەک بارە مێژووییەکەی ڕۆژگاری



کەسایەتی و رووداوەکان ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنە و دەقەکان هەموویان ئەوەیان پێوە دیارە کە بۆ پێش زایین دەگەڕێنەوە، بەڵام، دەقە کوردییەکان لەڕووی مێژووییەوە، دەقەکانی ئێستایان زۆربەیان کراوەترن و خۆیان بە زەمەنێکی دیاریکراو نابەستنەوە. ئەگەرچی بەگشتیش نیشانەی کۆنیان پێوە دیارە.

### ٣-٩-١- نەمریی، لە نێوان ئەفسانە و واقعی ژیان لە ژێر رۆشنایی ئەفسانە کوردی و فارسییەکاندا:

له ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی ئەفسانە کۆنەکان و سەرچاوە مێژووییەکان و کتێبە ئایینییەکاندا دەگەینە ئەوە کە (مرۆڤ) هەر لە کۆنەوە هەوڵی ئەوەی داوە کە بگاتە حاڵەتی (نەمریی!)و ئەو نەمرییەش بەهۆی بەدەستهێنانی یەکێ لە (هۆ!)یەکانی نەمریی زانیوە، ئەگەرچی دوا قۆناغ و دوا مەبەستی ئەم هەوڵانە بەدەستهێنانی نەمریی بووە، بەڵام، لەو رێگایە هەوڵی تریشی داوە و دەسکەوتی تریشی بەدەست هێناوە، لەوانە (لەشساغی)و (هەمیشە گەنجی) واتە پیر نەبوون و (تەمەن درێژی)و دواجار (نەمریی!). دیارە لێکۆڵەرەوان ئەوەیان سەلماندووە، کە سەرچاوە ئەفسانەیی و مێژوویی و ئایینییەکان بێ بەش نین لە هەواڵی (راست)و (بەرهەمی زانستی) (*–٢٩) جگە لەوەش سالانێکە زاناکانی سەردەم زۆر شیکردنەوە و سەلماندنی زانستییانە لە زۆر رووەوە بۆ (کار)و (هەواڵ)ە ئەفسانەیی و مێژوویی و ئایینییەکان بڵاودەکەنەوە، ئەگەر لە ئەفسانە کوردی و فارسییەکان باسی کەسانێ دەخوێنینەوە کە لەشساغ و تەن قایم بوون و (چەک و نەخۆشی) نەیانتوانیوە کاریان تێ بکەن، ئەوا ئەمڕۆ ماوەیەکی زۆرە زۆر نەخۆشیی کوشندە کە ڕۆژانێ بە سەدان و هەزاران و ملیۆنانی دەکوشت ئێستا زۆر بەئاسانی چارەسەر دەکرێن بەتایبەت دۆزینەوەی ئەم دواییەی (D.N.A)و (پڕۆژەی جینەکانی مرۆڤ) (*– ٣٠) کە نەک هەر دەتوانی لەشێکی ساغ دروست بکات، بەڵکە دەبێتە هۆی تەمەندرێژی و (سەرهەڵدانی هەندێ مرۆڤ کە نەمرن) (*–٣١)، ئەمەی ئەمڕۆ زانست بەرهەمی دێنێ، پێشتر لە (ئەفسانە و ئایین و مێژوو)دا باسکراون. لە ئەفسانە فارسییەکاندا –ئەسفەندیار– کە خۆ لە (ئاوی پیرۆز) نقوم دەکات و هەموو جەستەی (نەخۆشی و چەک کاری لێ ناکات) تەنیا چاوی نەبێ کە لەکاتی خۆ نقوم کردندا چاوی نووقاندووە و بە ئاوی پیرۆز تەڕ نەبووە. واتە ئەم ئاوە پیرۆزە هۆیەکی لەشساغی بووە. (میرمح) جگە لەوەی کە دەگاتە (قوببا فەلەکێ) ئەو جێگایە هەزار و پێنج سەد ساڵ هەر لەو تەمەنەی دەهێڵێتەوە کە تێیدا چوونەتە ئەوێ، ئەویش تەمەنی تازە گەنجییە، ئەوا (سێ سێو)ەکەی کە لە فەلەکیشی وەردەگرێ، ئەو گەنجییەی رادەگرن هەتا سێوەکان لە دەست نەدا، کە سێوەکانیش لە دەست دەدا، لەگەڵ نەمانی هەر سێوێک رادەیەکی پیری لێ بەدەردەکەوێ، هەتا لەگەڵ نەمانی سێوی سێیەم، بەیەکجاری (میرمح) دەمرێ. ئەوەی لێرە مەبەستە، بەدەستهێنانی لەشساغی و هەمیشە گەنجییە واتە پیر نەبوون، لە ئەفسانەدا و ئەویش لە سایەی (ئاوی پیرۆز و سێ سێو) ئەگەر ئەم دووانە وەک هێمایەکی ئەفسانەیی قبووڵ بکەین، ئەوا دەتوانین ئەم دوو هێمایە، (ئاوی پیرۆز و سێ سێو) بەرامبەر بە هێمای (D.N.A) تازە داهاتووی زانستی رابگرین، کە ئەمەش –وەک زاناکان رایانگەیاند– هەر ئەو کارە لە واقعدا دەکات کە ئاوی پیرۆز و سێوەکان لە ئەفسانەدا کردوویانە. کە لەشساغی و هەمیشە گەنجی و پیر نەبوون لە ئەفسانە و ئایین و مێژوودا باسکراون و زانستیش ئەمڕۆ ئەمانە دەسەلمێنێ، ئەو

تەمەندرێژییەش بێ شک ئەنجامێکی سروشتی ئەو لەشساغی و هەمیشە گەنجی و پیر نەبوونەیە. پێشتر هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە باسی (تەمەندرێژان) باسی چەند نموونەیەکمان کرد. جەمشید نۆ سەد و پەنجا ساڵ ژیا و زوحاک نزیکەی هەزار ساڵ و هەروەها لە سەرچاوە ئایینییەکان تەمەنی نووح دەگاتە نۆ سەد و پەنجا ساڵ، ئەگەر جەم تەمەندرێژییەکەیی لە سایەی (فەڕی ئیزەدی) بوو (نووح) لە سایەی ئایین و پێغەمبەرایەتی بوو، ئەی زوحاک لە سایەی چی بوو، خۆ ئەو کەسایەتییەکی خوێنڕێژ و ئەهریمەنی بوو؟! کەواتە شتێکی بێ لایەن- واتە زانستی- هەیە کە دەبێتە هۆی تەمەندرێژی، ئەم هەواڵانە کە هەواڵی ئەفسانەییو ئایینی بن، ئەوا هەر ئێستا هەواڵی زانستی پشتگیری ئەو تەمەندرێژییە دەکات، لە باسی (جینە بۆماوەییەکان) نووسراوە: «ئەو تاقیکردنەوە چڕانەی دەربارەی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو شفرانە و ئاشکراکردنی نهێنیی پێکهاتەکانی، وای لە یەکێک لە زانا بەناوبانگەکانی بەریتانیا کردووە کە بە باوەڕێکی زۆرەوە رابگەیەنێت کە لە ماوەیەکی کورتدا لە توانای مرۆڤدا دەبێت کە تێکڕای تەمەنی درێژ بکاتەوە و بە قەد دوو ئەوەندەی تێکڕای تەمەنی ئێستای و لەوانەیە بتوانێت تەمەنی مرۆڤ بگەیەنێتە ١٢٠٠ ساڵ» (٣١٣٣،٢٢٢) ئەو تەمەنەی کە ڕۆژێ زاناکان بە دەستی دێنن بۆ مرۆڤ -کە بەرهەمێکی زانستییە- زۆر لەو تەمەنانە نزیکە کە جەمشید و زوحاک و زاڵ و میرمح لە ئەفسانەدا و (نووح) لە کتێبە ئایینییەکان هەیانبوو. ئەمەش زیاتر واقیعیەتی تەمەنی مرۆڤی نێو ئەفسانەکانی رابردوو لەگەڵ تەمەنی چاوەڕوانکراوی هەوڵی زاناکان لێک نزیک دەکاتەوە.

ئەگەر تەمەندرێژیی نێو ئەفسانەکان ئێستا زانست پشتگیریی لێ دەکات و بۆی هەوڵدەدات بیکاتە واقعێکی ڕۆژانەی ژیان. ئەوا هەر زانستیش هەوڵی بەدەستهێنانی جۆرێک لە (نەمریی!) هەیە، ئەوەتا (جۆن هاریس، یاریدەدەری کارگێڕی بەرنامەی توێژینەوە لە نهێنییەکانی جینی مرۆڤ) لە ڕۆژانی راگەیاندنی هەواڵی گرنگی مادەی (D.N.A) دەڵێ: «سەرکەوتنی زاناکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ مادەی (D.N.A) دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زۆر گەورە لەسەر ئاستی نۆژداریی مرۆیی، هەروەها (جۆرێک رێگرتن لە مردن) یان لەسەرخۆ کردنەوەی (ئەجەل) بەهۆی درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤ» (٢٢٢، ٣١٣٣) ئەوەتا (جۆن هاریس)ی زانای پرۆژەی نهێنی جینەکانی مرۆڤ، باسی ئەوە دەکات کە ئەو دەسکەوتە گەورەیەی زانست دەبێتە هۆی (جۆرێک رێگرتن لە مردن) دیارە ئەم زانایە نایەوێ بەڕوونی بڵێ: (تەواو رێگە لە مردن دەگیرێ) بەڵام، هەر لەم راگەیاندنە زانایەکی بەریتانیا دەڵێ: «پێشکەوتن لە بواری مامەڵە کردن لەگەڵ جینەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ مرۆڤ کە (نەمرن)،» (٣١٣٣،٢٢٢) هەروەها ئەو زانایە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «لێکۆڵینەوە لە ئارادایە کە دەبێتە هۆی درێژ کردنەوەی ماوەی ژیان بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو، بەڵام، لە بیروبۆچوونی زانایاندایە کەوا بگاتە ڕادەی نەمری مرۆڤ» (٣١٣٣،٢٢٢) ئەوا لە ئەنجامی هەوڵی بێ وچانی زاناکان خەریکە لەشساغی و تەمەندرێژی دەبێ بەشتێکی بەردەست. وەک ئەو زانایەی دەڵێ: لە بیر و بۆچوونیشیاندایە بیگەیەننە رادەی نەمریی، ئەگەر ئەفسانەکان باسی نەمرییان زۆر دووبارە کردووەتەوە، ئەوا زاناکانیش زۆر بە زانایییەوە بۆی هەوڵدەدەن.



ئەگەر لەشساغی و تەنقایمی و تەمەندرێژی و پیر نەبوون و نەمریی لە ئەفسانە جیهانییەکان زۆر باسکراوە و لە نێو ئەفسانەی کوردی و فارسیشدا نموونەمان لێ هێنایەوە، ئەوا ئەم خواستانەی مرۆڤ لە نێو ئەفسانە، هەر خەونێکی لە مێژینەی مرۆڤ نەبووە ! دوور نییە ڕۆژانێ خەڵک لەسایەی زانستی سەردەمی خۆیانەوە بە لەشساغی و تەمەندرێژی ژیابن و هەوڵی (نەمریی)یشیان دابێ، ئەو خواستانە لە رابردووش هەر تەنیا بە یەک رێگا بۆیان هەوڵ نەداوە، لەنێو ئەم هەوڵانە هەوڵی سەرکەوتووی زانستیشی تێدا بووە. هەر ئەو هەوڵە زانستییەی رابردووە ئێستا بەشێوەی تازە و هاوچەرخ مرۆڤ بەپێ داگرتن و دڵسۆزی و زانایییەوە برەوی پێ دەدا و لەسەری بەردەوامە، هەر هەوڵی زانستییانەشە زۆر ئەفسانەی رابردووی ئەمڕۆ کردووە بە واقعێکی ڕۆژانە و بەردەست، لەسەرکەوتن و بەدەست هێنانی لەشساغی و تەمەندرێژیش نابێ لە هەوڵی زانستییانەی مرۆڤ بۆ سبەینێ بێ هیوا ببین.

**٣-١٠-١-نەمریی خوداوەند و مەرگی مرۆڤ!!**

نەمریی خواستێکی لە مێژینەی مرۆڤە، پێش ئەوە (گلگامش) مەرگی (ئەنکیدۆ) ببترسێنێ و بەدوای نەمرییدا بگەڕێ، (ئوتو-ناپشتم) خۆی و ژنەکەی لە سایەی چاکەیەکی کە لەگەڵ خوداوەندانی کردبوو، لە پاداشتدا خوداوەندەکان لە ریزی (مرۆڤ!)یان دەرهێنا و بردیانە وڵاتی خوداوەندان و کردیان بە یەکێ لە نەمران، گلگامشیش ترسی (مەرگ!) سەری پێ هەڵگرت و بە دوای (گیایی نەمریی) چوو لە (ئوتو-ناپشتم) بپرسێ، کە چۆن دەتوانێ نەمریی بەدەست بێنێ؟! لە رێگا ڕێی دەکەوێتە مەیخانەیەک و ژنەی خاوەن مەیخانە کە لە مەبەستی گلگامش حاڵی دەبێ بە دوای چیدا دەگەڕێ پێی دەڵێت:

«ئەوە بۆ کوێ هەڵدەکوتی: گلگامش؟
ئەو ژیانەی بە دوایدا دەگەڕێی، نایدۆزیتەوە!
ڕۆژێ خوای مەزن مرۆی دروست کرد.
مردنی کردە بەشی مرۆڤ
ژیانیش بۆ خۆی» (١٣٣، ص٣٥-٣٨)

ئەوەی ژنە بە بیر گلگامشی دەهێنێتەوە، کار و بڕیاری پێشتری خوداوەندانە، کە هەر زوو (ژیان-نەمریی)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و (مردن)یشیان کردووەتە بەشی مرۆڤ، بۆیە ئەوەی کە گلگامش بە دوایدا دەگەڕێ نایدۆزێتەوە! یا راستتر ئەگەر بشیدۆزێتەوە و دەستیشی بکەوێ، دەبێ دواجار لە دەستی بدا، چۆن گلگامش (گیایی نەمریی) لە دەست دا. چونکە (مرۆڤ!) بەشێوەی مرۆڤی خۆی ناتوانێ نەمریی بەدەست بێنێ، ئەوەتا (ئوتو-ناپشتم) بووە بەیەکێ لە خوداوەندان. هەر لە ئەفسانەی کوردیش کە (خدر و ئەلیاس) ئاوی نەمریی دەخۆنەوە و دەیانەوێ ئەسکەندەر لەو ئاوە ئاگادار بکەنەوە، دەنگێک لە غەیبەوە پێیان دەڵێ: ئێوە کە ئاوی نەمرییتان خواردووتەوە لە رێزی (مرۆڤ)اندا نەماون، (ئەسکەندەر) نابێ ئەو ئاوە بخواتەوە، مەبەست ئەوەیە ئەسکەندەر مرۆڤە و مرۆڤیش نابێ لەم ئاوە بخواتەوە و نەمر بێ، هەر لە ئەفسانەی (میرمح) کە جاری دووەم بە (سێو)ەوە بۆ قوببا فەلەکێ دەگەڕێتەوە، (خودا) بە (جبرائیل) دەڵێ: کە ئەو سێوانەی لێ بستێنی، نابێ بگاتە قوببا فەلەکێ

چونکە مرۆڤە، مرۆڤیش -داری مردنییە- ماناکەی وا دەکەوێتەوە. چونکە هەتا لەم ئەفسانانەی کە کەسایەتییەکان نەمرییش بەدەست دێنن دواجار لە دەستی دەدەن. ئەوەش هەر ئەو رایە دەسەلمێنێ کە لە ئەفسانەکان پێشتر خوداوەندکان (ژیان-نەمریی)یان بۆ خۆیان داناوە و (مەرگ)یش بۆ مرۆڤ، هەر ئەو دەستوورە ئایینەکانیش دووبارەیان کردووتەوە، جیا لەوەی کە لە ئەفسانەکان فەرمانی (خوداوەند)ـانە و لە ئایینەکان، بەتایبەت (قورئان) فەرمانی (خودا)یە! ئەوەتا لە قورئان ڕوو لە مرۆڤ دەکات و پێی دەڵێ:

«قل ان الموت الذي تفرون منه فانه ملاقيكم»(الجمعة "٨" )واتە: بڵێ، ئەو مردنەی ئێوە لەدەستی هەڵدێن، هەر دەتانگاتێ. واتە ئێوە هەرچی بکەن لەدەست مردن رزگار نابن، ئەوەش تەواو لەگەڵ قسەی ژنەی خاوەن مەیخانەی داستانی گلگامش یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ: (ئەو ژیانەی بەدوایدا دەگەڕێی، نایدۆزیتەوە) ئەگەر ئەم ئایەتە بەڵگەی مەرگی حەتمیی مرۆڤە، ئەوا هەر لە(قورئان)دا ئەوە دووبارە دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە ئەوەی کە دەمێنێ هەر (خودا)یە، ئەوەتا خودا دەفەرمووێ: «ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام»(الرحمن"٢٧") واتە ماناکەی وایە کە: ئەوەی کە هەر دەمێنێ، خودا هەر خۆیەتی بەمەزنی و پیرۆزی، دیسان ئەو فەرموودەیەش لەگەڵ قسەی خوداوەندانی نێو ئەفسانە یەک دەگرێتەوە کە گوتوویانە: (ڕۆژی خودای مەزن مرۆڤی دروست کرد، مردنی کردە بەشی مرۆڤ، ژیانیش بۆ خۆی) ئەوەی لە قورئاندا زۆر دووبارەی دەکاتەوە و پێی لەسەر دادەگرێ ئەوەیە کە (خودا هەر دەمێنێ و هەر هەبووە) (*-٣٢) ئەوەش ئەفسانەکان بەزۆر شێوە گوتوویانە و سەلماندوویانە هەر ئەوەیە کە خوداوەندەکان (ژیان = نەمریی)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.

ئەوەی کە ئەفسانە و ئایینەکان زۆر دەیلێنەوە (نەمریی!) (خودا) و(مردن)ی (مرۆڤ)ە، ئەمەش مەنتیقێکی واقعیی فەلسەفیی ئەخلاقیی ژیانە تا ئێستا.

ئەگەرچی هەموو ئەفسانە و کتێبە ئایینییەکان پڕاو پڕن لە پەندی فەلسەفی و مەنتقی، کە ئەوە دەسەلمێنن، مرۆڤ ناتوانێ (نەمریێ!) ئەوەی کە نەمرە هەر (خودا)یە، هێشتا لە ئەفسانە و ئاییندا نموونەی ئەو کەسانە هەن کە توانیویانە بەجۆرێک لە جۆرەکان نەمریی بەدەست بێنن، هێندە هەیە، ئەو کەسانەی کە نەمرییان بەدەست هێناوە لە ڕیزی مرۆڤدا نەماون. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە (مرۆڤ)ە و (نەمریی) بەدەست هێناوە، جا چۆنی بەدەست هێناوە لای ئێمە ئەو چۆنیەتییە مەبەست نییە! (ئۆتو-ناپشتم)ی ئەفسانە و (خدری زیندە)ی ئایین، هەردووکیان (مرۆڤ)ن و چوونەتە ریزی (نەمران)، ئەمەش بایی ئەوە ماوە بۆ (زانا)کان دەیلێتەوە کە لەگەڕان بەدوای نەمرییدا بێ هیوا نەبن! ئەگەر ڕۆژێک کەسانێک هەبوون لەسایەی ئایین و بە یارمەتیی (خوداوەند)و (خودا)وە توانییان، نەمریی بەدەست بێنن! ئەوا ئەمڕۆ- وەک زۆر بەدەست هاتووی تر- ناکرێ لەسایەی (زانست)و (زانا) کانەوە هەوڵەکانیان ببێتە هۆی (سەرهەڵدانی هەندێ مرۆڤ کە نەمرن) یان ئەوەتە بتوانن (جۆرێک ڕێگرتن لە مردن) بەدەست بێنن؟ باشە ئەگەر مرۆڤ وەک کابرای چیرۆکی (زەلامێک) جۆرێک نەمریی لەسایەی زانست بەدەست هێنا، ئەرێ دواتر لێی پەشیمان دەبێتەوە؟ یا ئەوەتە ئەگەر بەدڵی بێ دیسان بەهۆیەک



لەهۆیەکان لە دەستی دەدا؟

هەر چۆنێک بێ، ژیان سەلماندوویەتی، نە مرۆڤ لە ژیان بێ هیوا دەبێ و نە ئیماندارەکان لەپاڕانەوە دەکەون و نە زاناکان واز لە هەوڵدان دێنن. ئەمەش هۆیەکی گرنگ و گەشی بەردەوامیی ژیانە.

**پەراوێزی بەشی سێیەم :**

(*- ١) ناوی خدری زیندە لە ئەفسانە کوردییەکان بەزۆر شێوە دەنووسرێ. خضر، خدر، خدری زیندە، خیری زینە، قۆجە خدر.

(*- ٢) ئەسکەندەر وەک کەسایەتییەکی مێژوویی ئەگەرچی مێژووی ژیانی زانراوە، هێشتا لە ئەفسانە جیهانی و کوردییەکان بەزۆر شێوە ناوەکەی دەگوترێ. لێرە مەبەست وایە کە ئەسکەندەر چوار قوڕنەی جیهانی گرتووە لە قورئانیشدا بە(ذی القرنین) ناوی هاتووە و لێکۆڵەرەوان پتر لە مانایەکیان داوەتێ.

(*- ٣) لەناو عەوام وا باوە (خدری زیندە) بەزۆر شێوە خۆی بەخەڵک پێشان دەدا، جگە لە پیرەمێردێکی ریش سپی و شێوەی مرۆڤانە لەسەر شێوەی ئاژەڵیش بەدەردەکەوێ.

(*- ٤) بۆ زیاتر ئاگاداری سەیر بابەتی (خدر-الیاس) بکە لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری لالش ل٦٩.

(*- ٥) قەڵای زوحاک، ناوی زوحاک لەم شوێنە لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ، چۆن زۆر شوێنی تر لەم ناوچەیە ناوی زوحاکی دەدرێتە پاڵ. ئەم دووبارە بوونەوەیە ریشەیەکی مێژوویی هەیە.

(*- ٦) لێرە (فەڕی زەردەشت) بەکارهاتووە، هەندێ جاریش (فەڕی شاهەنشاهی) بەکار دێ و هەموو هەر لە (فەڕی ئیزەدی)یەکەوە هاتووە.

(*-٧) نووسینەوەی دەقی فۆلکلۆری بەهەموو جۆرەکانییەوە کارێکی پڕ هونەرە، زۆرجار حەکایەتخوان جێگۆڕکێ بەناوی کەسەکان دەکات، کۆکەرەوە دەبێ ئاگاداربێ، لێرە لەبابەتی (جبرائیل) فەڵەک بەکار هاتووە و لەباتی دەروێش جبرائیل.

(*-٨) ئەوەی کە گیانان دەکێشی (عزرائیل)ە نەک (جبرائیل).

(*-٩) ئەو باغ و قەڵایەی جەمشید کە هەموو مرۆڤە جوان و لەشساغ و گیانلەبەرە چاکەکان و ڕووەکە بەسوودەکان دەپارێزێ زۆر لە کەشتیی نووح دەچێ کە مرۆڤە ئیماندارەکان و ڕەگەزەکان دەپارێزێ.

(*- ١٠) لەوەی کە (فیردەوسی) لە (شاهنامە) (زوحاک)ی بەرەگەز کردووتە عەرەب هەندێ لە نووسەرانی ئێرانی ئەوە بەکاردانەوەی ئەو داگیرکردن و کوشتن و وێرانکردنەی عەرەب دەزانن بۆ وڵاتی ئێران، دەنا بۆ ڕەگەزی زوحاک ڕای تر هەیە.

(*- ١١) گرشاسب یەکێکە لە نەمرانی باوەڕی زەردەشتی، کە زوحاک لە کۆتایی مێژوو زنجیر دەپسێنی لەگەڵی دەکەوێتە شەڕ و زوحاک دەکوژێ.

(*-١٢) گورزی سەرەگا یەکێ لە نیشانە و پاشماوەی شاکانی ئێرانی کۆنە کە شاکان وەک چەکێکی پیرۆز بەکاریان دەهێنا.

(*-١٣) ئەم بەزنجیرە بەستانەوەی زوحاک لە کێوی دەماوەند و ئەم پیاوە تەنیا ئێسک ماوەی بەزنجیر بەستراوەی کە (ئەولیا چەلەبی) لە کتێبی (کورد لە مێژووی دراوسێکاندا) باسی دەکات لەلاپەڕە (١٥٧) دەبێ هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێ؟؟.

(*-١٤) له(یەمەن) هەندێ سەرچاوە بە وڵاتی یەمەنی ئێستای نازانن، دەڵێن مەبەست دەوروبەری خوزستانە.

(*-١٥) ئەوەی زانراوە ئەرستۆ مامۆستای ئەسکەندەر بووە لە واقیع لێرە لەم ئەفسانەیەش وەک زانا و ریش سپی دەوری هەیە.

(*-١٦) یەزەشن: بۆنە و داب و دەستوورێکی خوداپەرستییە لە ئایینی مەزدیە سەنا.

(*-١٧) (میرمح) کە دوور نییە ناوەکەی لە (میرمیهر)ەوە هاتبێ و لە خوێندنەوەی دەقەکە بەدەردەکەوێ کە زۆر کۆنە و بەڕێز (پیر کونجی پیرخێرۆ) لە دەقەکەی خۆی کە لە گۆڤاری (کەلەپووری کورد) ژمارە ١٣ بڵاوی کردووتەوە، میرمح دەباتەوە سەر بنەماڵەی (موسا پێغەمبەر) بەڵام، بە ڕای من لەوەش کۆنترە.

(*-١٨) ئەوەی من ئاگادابیم، تا ئێستا چوارد ەقی جیا لە داستانی (میرمح) بڵاوکراوەتەوە.

(*-١٩) بۆ گۆڕانی زەمەن سەیری ل١٢٨-١٣٥ کتێبی (قەدەغەشکێنی)بکە.

(*-٢٠) ئەم گری هەی هایێ بەپێی دەقەکان دەگۆڕێ لە دەقی (قەناتی کوردۆ)دا داری خەتەرە، بەڵام، هەر چەند بگۆڕێن، ئەوا ئەو سفەتەیان هەر دەمێنێ کە وەکو ئۆتۆماتێک و کۆمپیوتەر لەخۆوە بەرز دەبنەوە بەرزبوونەوەیەکی زۆر و سەیر و هەر لەخۆشیانەوە نزم دەبنەوە.

(*-٢١) ئەوەی کە گیان دەکێشێ (عزرائیل)ە، کەچی لێرەش دراوەتە پاڵ جبرائیل.

(*-٢٢) بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ل١٢٨-١٧٩ بکە لە کتێبی قەدەغەشکێنی.

(*-٢٣) لەوانەی بەدوای نەمرییدا گەڕاون گلگامش باسی ئەم گەنجی و هەمیشە گەنجییە دەکات، کە (گیانی نەمریی) دەست دەکەوێ، دەڵێ: دەیبەمەوە شاری ئوروک و لەکاتی پیریدا دەیخۆم بۆ ئەوەی گەنج ببمەوە و هێزی ئەو گیایەش ناو دەبا بەئەفسووناوی چونکە پیران گەنج دەکاتەوە.

(*-٢٤) کەسایەتیی (شێخ فەرخ) کارەکانی-وەک لەدەقەکاندا دیارە- زۆر لەگەڵ ئایین و شەرع ناگونجێ، کەچی عەوام گۆڕەکەیان کردووە بە (چاک) عەقڵی عەوام وایە زۆر شت جێگۆڕکێ پێ دەکات.

(*-٢٥) قەدەغە شکاندن رەوشتێکی هەمیشەیی مرۆڤە، لە ئەفسانەکان زۆر دووبارە دەبێتەوە، هەندێ جار هۆی بەدەستهێنانی شتی گرنگ و دەگمەنە، هەندێک جاریش دەبێتە هۆی لەدەستدانی.

(*-٢٦) لە بواری بەراوەردکاری لە ئەدەبی کوردی و فارسییدا بەتایبەت شیعری کلاسیکی مامۆستایان (دکتۆر ئەمین موتابچی) و(دکتۆر محەمەد نوری عارف) جێ دەستیان دیارە.

(*-٢٧) لە ڕووی مێژوویی و ژیانی واقعی گلگامش. لە مێژوو زنجیرەی پاشاکانی سۆمەر گلگامش مێژوویێکی دیار و کاریگەری هەیە، بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانین (ملحمە گلگامش)ی دکتۆر (تاهە باقر) بەتایبەت پێشەکییەکەی بخوێنینەوە.

(*-٢٨) وەکو پێشتریش باسمان کرد، ئەوەی من زانیومە و خوێندوومەتەوە تا ئێستا چوار دەقی (میرمح)بڵاوکراوەتەوە و هەر دەقەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ بەڵام، لە هەموو دەقەکانی نیشانەی کۆنی بیر و ڕووداوەکان روونە.

(*-٢٩) مێژووی زانست لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دەست پێدەکات و بەرهەمی زانستی هەر سەردەمێکیش. بەرهەمی دوا قۆناغ و هەوڵی زاناکانی ئەو سەردەمەیە، بەکارهێنانی چەقۆ بەردینەکان بەکارهێنانی یەکەم ئامێری داهێنراوی زانستی مرۆڤە، کە ئێستا گەیشتوونە بەکارهێنانی تیشکی لێزەر لەزۆر بواری ئەستەمدا.



(*-٣٠) ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/٢٦ لەبەر گرنگیی دۆزینەوەی (پڕۆژەی جینەکانی مرۆڤ) بێل کلینتۆن سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەگەڵ چەندین زانای ئەم بوارە لەجیهان، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەم هەواڵە گرنکەیان راگەیاند.، بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (٣١٢٥)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٣ بکە.

(*-٣١) (سەرهەڵدانی هەندێ مرۆڤ کە نەمرن!)و (جۆرێک رێگەگرتن لە مردن) و (لەوانەیە بتوانێت تەمەنی مرۆڤ ١٢٠٠ ساڵ) ئەم -نەمر-و - رێگەگرتن لە مردن -و- ١٢٠٠ساڵ- ژیانە دوا را و تازەترین رای زاناکانە کە زۆر بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ دەری دەبڕن، واتە زاناکان بڕوای تەواو زانستییانەیان هەیە بۆ بەواقعی کردنی ئەم خەونە لەمێژووینەی مرۆڤ کە لە ئەفسانەکان بەشێوەی جۆراو جۆر رەنگی داوەتەوە.

(*-٣٢) لەکتێبە ئاینییەکان بەتایبەت لە قورئاندا زۆرجار ئەو بیرەی (نەمریی خودا)و (مردنی مرۆڤ) دووبارە بووەتەوە.

# ئەنجــام !

ئەم لێکۆڵینەوەیە تا ئێستا یەکەمین لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا بەگشتی و تیمەی (گەڕان بەدوای نەمریی) بەتایبەتی دەکۆڵێتەوە. هەر ئەم نەبوونی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەفسانە تا ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگییەکی تایبەت بەئەفسانەی کوردی بدات بەشێوە گشتییەکەی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکە دوو جۆر ئەنجامی لێ بکەوێتەوە،
یەکەم: ئەو ئەنجامەی لە بەراوردی ئەفسانەی کوردی و فارسیدا بەگشتی لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە.
دووەم: ئەو ئەنجامەی بەتایبەتی لە بەراوردی تیمی (گەڕان) لەنێوان ئەفسانەی هەردوو میللەتدا – بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە دەست لێکۆڵەرەوە کەوتوون– لێکۆڵەرەوە پێی گەیشتووە.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەفسانەی کوردی و فارسی بەگشتی.**

١– لێکۆڵەرەوە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا گەیشتووتە ئەو رایەی کە مێژووی ئەفسانەی کوردی، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەفسانەی ئەو مرۆڤانە سەر هەڵدەدا کە لە کۆنەوە لە کوردستان ژیاون، لە ژیانی ئەشکەوتەوە بۆ گوندە سەرەتاییەکان و سەرهەڵدانی رۆڵی هۆز و میللەتەکان، بەتایبەت ئەو هۆز و میللەتانەی کە زاناکان بەبەشێکیان دەزانن لە پێکهاتەی میللەتی کورد.

٢– ئەو ئەفسانانەی کە دەکرێ بەئەفسانەی کوردی بژمێردرێن، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو ئایینانە سەریان هەڵداوە و پەیدابوون کە لە کوردستان سەریان هەڵداوە و هەردوو لا واتە ئایین و ئەفسانەکان کاریان لێک کردووە.

٣– لێکۆڵەرەوەی کورد بەپشکنین و لێکۆڵینەوەی دەقە ئەفسانەییە کۆنەکانی –ئێرانی– کوردی دەتوانێ کاریگەریی ئەو ئایینە کۆنانە بزانێ کە لەزووەوە لە کوردستان سەریان هەڵداوە.

٤– ئەو مێژووەی کە فارسەکان بۆ ئەفسانەی کۆنی ئێرانی دەست نیشان دەکەن، هەر ئەو مێژووە، مێژووی بەشێکی گرنگی ئەفسانەی کوردییە. بەشی میللەتی کورد لەو مێژووەدا بەشێکی دیارە.

٥–ئەو دەق و سەرچاوە ئەفسانەییانەی کە فارسەکان بە(دەقی ئەفسانەی ئێرانی) ناو دەبەن، کوردیش بەدڵنیاییەوە مافی ئەوەی هەیە زۆربەی ئەم دەق و سەرچاوە ئەفسانەییانە بە بەشێکی گرنگ و بەدەق و سەرچاوەی ئەفسانەی خۆی بزانێ.

٦– بەشێکی مێژووی ئەفسانەی کوردی، ئەو بەشە لە ئارییە کۆچ کردووەکانەوەن واتە لە مادەکانەوە بەر کورد دەکەوێ، لەگەڵ دامەزرانی ئیمپراتۆرییەتی ماد و لێک جیابوونەوەی (ماد و پارس) دەست پێدەکات، ئەو مێژووە بۆ فارسەکانیش هەر وایە.

٧– بەشێکی ئەفسانەی کورد لەگەڵ پەیدابوونی زەردەشت و بڵاوبوونەوەی ئایینەکەی سەر هەڵدەدا و پەرەدەسێنێ و بڵاو دەبێتەوە و کە تایبەتمەندیی ئەو ئایینە و کۆنتریشی بەسەرەوەیە.

٨– دەقی(ئەفسانەی خواوەندەکان)ی کورد دەتوانین لەنێو ئەو (اسطورة– ئەفسانەی خواوەندەکان)ی



ئێران بدۆزینەوە کە ئێستا بە (اسطورەء ایرانی) ناو دەبردرێ.

٩– ئەو تیمانەی کە لە ئەفسانەی خواوەندەکان – اسطورە– ی ئێرانیدا هەیە، زۆربەی ئەو تیمانە راستەوخۆ یان بەکەمێک گۆڕانەوە لە ئەفسانەی ئاسایی ئەمڕۆی کورددا هەیە، چونکە ئاشکرایە – اسطورە– واتە ئەفسانەی خواوەندەکان لە ئەفسانەی ئاسایی کۆنترە.

– ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، بەتایبەت لەبەراوردی تیمە و ئەفسانەکانی گەڕان بەدوای نەمرییدا.

لە کۆتایی بەشی سێیەمدا، لێکۆڵەرەوە ئەو خاڵانەی دەستنیشان کردووە کە لە نێوان ئەفسانەی هەردوو میللەت هاوبەشن، هەروەها جیاوازیی نێوان دەقە کوردی و فارسییەکان دیاری کردووە، جیاوازی و تایبەتمەندیی هەر یەک لە ئەفسانەی کوردی و فارسی خستووتە بەرچاو، کە دەکرێ ئەم بەندانە وەک ئەنجامی گشتیی لێکۆڵینەوەکە لەبەرچاو بگیرێ، لێرەش جارێکی تر پێ لەسەر زۆر لەو خاڵانە دادەگرینەوە کە لێکۆڵەرەوە تەواو بەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەزانێ.

١– گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانەدا، تایبەت نییە! بەچینێک و میللەتێک و سەردەمێک، بەڵکە نەمریی بیرێکی کۆنی تەواوی مرۆڤایەتییە، نموونەی لە ئەفسانەی هەموو میللەتاندا هەیە.

٢– کۆنترین دەقی گەڕان بەدوای نەمریی، تا ئێستا ئەوەی کە زانراوە، (داستانی گلگامش)ە، کەچی لێکۆڵەرەوە سەرە داوێکی لە ژیانی ( کابرای سەقەت)ی ئەشکەوتی شانەدەر هەڵکردووتەوە و زەمینەی ئەوەی خۆش کردووە– پشت بەلێکۆڵەرەوە مێژوویی و ئەرکیۆلۆژییەکان– بڵێ: ئەو کابرا سەقەتەش بەدوای لەش ساغی و تەمەندرێژی و نەمرییدا گەڕاوە.

٣– لێکۆڵەرەوە گەیشتووتە ئەو ئەنجامەی کە، کۆنترین و تەواوترین ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمریی، یەکەم (داستانی گلگامش)ە و دووەم (داستانی میر مح)ە و سێیەم (گەڕانی ئەسکەندەر)ە کە هەموو مەرج و قۆناغەکانی گەڕانی تێدابێ.

٤– لە ئەنجامی شیکردنەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەرکەوت، زیاتر لە هۆیەک هەیە، بۆ بەدەستهێنانی نەمریی، ئەوا سەرەڕای هۆیە سروشتییەکان، وەکو ئاو – و –گیا– ی نەمریی– خواردنی دروستکراو و خۆشاوی گیراوەش هەیە، لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە مردنی تێدا نییە!

٥ – لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵەرەوە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو کەسانەی کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون، دواجار کەسانی ناودار و بەدەسەڵات بوون.

٦– خدری زیندە لە ئەفسانەی کوردی و فارسییەکاندا کەسایەتییەکی سەرەکی نییە لە گەڕانەکەدا، کەچی لە هەمووان ئاسانتر و دامێتر ئەو ئاو و ژیانە بەدەست دێنێ و لە هیچ دەقێکیش نەکەوتووتە بەرچاو کە دواجار ئەم ئاوەی دۆڕاندبێ، جگە لەوەش لە دەقەکان بەردەوام باس لەوە دەکرێ کە خدری زیندە لە ریزی مرۆڤی ئاساییدا نەماوە و چووتە ریزی فریشتە و مەلایکەتان.

٧– هەموو ئەوانەی کە ئەو ئاوی نەمریی، یان هۆیەکانی نەمریی بەدەست دێنن، زۆربەی هەرە زۆریان دواجار لەدەستی دەدەن، ئەوانەش کە لەدەستی نادەن هەندێکیان لەو ژیانە بێزار دەبن و لەو داخوازییە پەشیمان دەبنەوە، ئەو کەسەی کە هەتا سەر بەنەمریی دەمێننەوە، دەچێتە ریزی فریشتە و

خوداوەندان.

٨ - دەرکەوت سێ جۆر نەمریی هەیە، ئەوانەی کە کەسایەتییەکان خۆیان بەدوای ئەو نەمرییەدا دەگەڕێن، ئەوانەی کە بە ڕێککەوت هۆیەکی نەمرییان دەست دەکەوێ، ئەوانەی کە پاش مردنیان خەڵک بەنەمریان دەزانن.

٩- ئەو کەسایەتییانەی کە بەدوای نەمرییدا گەڕاون، لە ئەفسانە فارسییەکاندا هەر هەموویان (پیاو !)ن، لە ئەفسانە کوردییەکانیش تەنیا یەکێکیان (ژن!)ە.


١٠- لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت، ئەگەرچی زۆرکەس بەشەوق و سەرکێشی و پێداگرتنەوە سەر و ماڵ لە ڕێگای بەدەستهێنانی نەمریی دادەنێن، کەچی کەسانی واش هەن، زۆر بەئاگاداریی‌یەوە ئەو هۆی نەمرییە ڕەت دەکەنەوە.

١١- لە ئەفسانەکان دەرکەوتووە کە خوداوەندان بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەرەتاوە. نەمریی و ژیانی هەمیشەییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و (مردن)یشیان کردووتە بەشی مرۆڤ، هەر ئەم بیرە ئایینەکانیش پشتگیریان لێ کردووە.

١٢- لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت، ئەگەر مرۆڤ زۆرجار لەوە سەرنەکەوتووە کە نەمریی هەمیشەیی دەست بکەوێ، بەڵام، زۆرجاریش لەش ساغی و تەمەندرێژیی بەدەست هێناوە.


١٣- لێکۆڵەرەوە گەیشتووتە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بەدوای نەمرییدا گەڕاون، دواجار لە بەدەست هێنانی هەمیشەییدا سەرنەکەتوون، ئەمە وەک حیکمەتێکی ژیان و سەلماندنی ئەو رایەی کە دەڵێ: «مرۆڤ هەرچی بکات لەدەست مردن رزگاری نابێ» بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕێژەیەکی زۆر کەم هەیە کە نموونەن بۆ بەدەست هێنانی ژیانی هەمیشەیی لەنێو ئەفسانەکاندا، ئەم ڕێژە یەکجار کەمەش تروسکەی کزی ڕێگای بەردەوامی ئەو گەڕانانەیە.

# پاشکۆی وێنەکان




**گلگامش لە کاتی شێر کوژیدا:**

گلگامش پاشای پێنجەمی سۆمەرییەکان و خوداوەندی پەرستراوی سەردەمێکی ئێلامییەکان و پاڵەوانی ئەفسانەی گەڕان بە دوای ( گیایی نەمریی)دا، لێرە لەکاتی شێر کوژیدا بە هونەرێکی جوان بەرجەستە کراوە.



**بەشێک لە داستانی گلگامش:**

بەئەلف و بێ و زمانی سۆمەری، ئەو سۆمەرییانەی کە وەکو دەرکەوتووە، بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی میللەتی کورد، لێرەدا ژنەی خاوەن دوکان ئامۆژگاری گلگامش دەکات، کە واز لە بیری بەدەستهێنانی (گیایی نەمریی) بێنێ و هەوڵی دڵخۆشکردنی ژنەکەی بدا و دەست بەسەر منداڵەکانیدا بێنێ.



**وەڵامی ئۆتۆناپشتم:**

لێرە، ئۆتۆناپشتم – نوح – باسی ئەوە دەکات کە چۆن توانی نەمریی بەدەست بێنێ، ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارەی (گلگامش)ە کە پێشتر لێی پرسیبوو! تۆ چۆن توانیت نەمریی بەدەست بێنی؟



**ئەشتاری خوداوەند:**

خوداوەندی بەدەسەڵاتی ئێشق و دڵداری، کە چیرۆک و ئەفسانەی زۆری ئەم خوداوەندە ئێستا لەبەر دەستە، ڕۆژانێک بە (عەشتاری ئەربیل – هەولێر) ناسراوە، هەندێک لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە پەیوەندییەکی زۆر لەنێوان – ئەفرۆدیت و ئەناهیتا و عەشتاردا هەبێ.





**ئەناهیتای خوداوەند:**

ئەو خوداوەندەی لە زۆر سەردەم و لە زۆر لای کوردستان پەرستراوە، وێنەکە بۆ سەدەی هەفتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە ناوچەی لوڕستان دۆزراوەتەوە، ئەو خوداوەندە ژنە لێرە بەماسی و گوڵ دەورەدراوە، لەوە دەچێ، لەم وێنەیەدا وەک خوداوەندی دەریا و ئەشق بەرجەستە



**ڕێوڕەسمی پاشایەتی:**

نەرسی پاشای ساسانییەکان چەمبەری پاشایەتی لە دەستی ئەناهیتای خوداوەند وەردەگرێ، ئەمەش پشتگیری خوداوەند – ئایین –ە بۆ پاشا کە لەو ڕۆژگارەدا پێویستییەکی پاشایەتی بوو. ئێستاش لە کوردستان ناوی ئەم خوداوەندە – ئەناهیتا – بەشێوەی – ناهید – و – ناهیدە – بۆ کچ و ژنان ماوەتەوە.



**ئەناهیتای خوداوەند:**
شێوەیەکی تری ئەناهیتای
خوداوەند، کە دوو زولفی
تا سەر پێیەکانی
شۆڕبووەتەوە، ئەم
پەیکەرە لە (سەمەرقەند)
دۆزراوەتەوە.




**گۆڕێک پێش مێژوو:**
شێوەی لە گۆڕنان و
شاردنەوەی ئەم مردووە، باس
لە باوەڕی ئایینی و
دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو
خەڵک و سەردەمە دەکات،
کە بڕوایان بە
زیندووبوونەوەیەکی تر
هەبووە، جەرە و کووپەکان و
خواردنەوەی مردووەکەی تێ
کراوە.گۆڕەکە لە (حەسەنلو)





**کووپەگۆڕ:**
جۆرێکی تر لە ناشتنی
مردوو، کە پاش ئەوەی
ئێسک بەتەنیا دەمایەوە،
ئێسکی مردووەکە دەخرایە
نێو کووپە، ئەم کووپە گۆڕانە
لە کوردستانیش زۆر
دۆزراونەتەوە.



**پادشایەکی گووتی:**
ئەمە پەیکەری پادشایەکی
گووتییەکانە، کە لە هەزارەی
سێیەمی پێش زایین ژیاوە،
پەیکەرەکە کاری
پەیکەرسازی ئیلامییەکانە،
ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی
پەیوەندی گووتی و
ئیلامییەکانە، کە
هەردوولاشیان هەریەکە و
بەشێکن لە پێکهاتەی
میللەتی کورد.



**بازاڕی گەورەی کوردستان:**

لەم وێنەیەدا ژیانی ڕۆژانە و بازاڕێکی گەورەی کوردستانی هەزارەی دووەمی پێش زایین خراوەتە بەرچاو، کە لەم بازاڕەدا کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی مەڕ و گا و باڵندە و دانەوێڵە و کەرستەکان بەڕوونی دیارە و بازاڕەکە پڕە لە دوو چەرخەی جوان و پێشکەوتوو، کە بە گا و ئەسپ و وڵاخی بەرزە ڕادەکێشرێن.



**خوداوەندی میترا:**

لە کاتی هاتنە دنیای ئەم خوداوەندە، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی، بەدەستێکی بڵێسەی ئاگری بەدەستەوەیە، دەستەکەی تری کێردێکی تیژ.






**پەیکەری میترای خوداوەند:**

لە کاتی قوربانیکردنی گایەکدا، ئەم جۆرە پەیکەرانە لە زۆر لای جیهان بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش نیشانەی بڵاوبوونەوەی ئایینی (میهر پەرستی)یە کە سەردەمانێک لە کوردستانیش ئایینێکی بڵاوبووە.




**دوو سواری سیکەکان:**

ئەو میللەتەی کە لە ساڵوەگەڕی مردنی پاشاکەیان، پەنجا پاڵەوان بەئەسپەوە خۆیان بۆ پاشا مردووەکەیان دەکردە قوربانی.



**دوو شێری باڵدار:**
لەکاتی شەڕ و
ئامبازبوونی یەکتردا
بەرجەستە کراون، ئەم
جۆرە دەستکرادنە
بەهونەری لوڕستان
ناسراون، کە
شێوەیەکی ئەفسانەیی
و سوریالییان
دراوەتێ.



**کابەی زەردەشت:**
ئەو پەرستگایەی کە بە دژنڤیشت –
– دژنویشت. قەڵای نووسین –
کتێبخانەی – کتێبی ئاوێستای ناو
دەبەن، ئەو ئاوێستایەی کە گوایە
بەئاوی زێڕ لە دوازدە هەزار
پێستەگا نووسرابووەوە و
ئەسکەندەری مەقدۆنی سووتاندی،
هەر لەبەر ئەو ئاوێستا سووتاندنەش
بوو کە زەردەشتییەکان
بەئەسکەندەرییان دەگوت
(لەعنەتی).





**شازادەیەکی میدییەکان:**
وێنەیەکی بچووکی
قەڵایەکەی خۆی
بەدەستەوەیە و بە یەکێکی
لە خۆی مەزنتری پیشان
دەدا. ئەمەش نیشانەی
پێشکەوتنی ئەندازیاری
بیناکاری و قەڵاسازییە لەو
سەردەمەدا.




**سەرکردەیەکی میدییەکان:**
لەوە دەچێ لەم کاتەدا جڵەوی
ئەسپێکی بەدەستەوەبێ، بە
هەیبەتەوە بەرەو پێش دەڕوا،
هەر ئەو جلوبەرگەی لەبەردایە
کە لە زۆر وێنەی میدییەکان
دووبارە دەبێتەوە،
گونجانیکی زۆر لە نێوان
کلاو و سەربەرگ و بێڵاوە
قایشپێچەکەیدا هەیە.



**جەنگاوەرێکی میدییەکان:**


بە هەردوو دەست رمێکی ئەستووری بەدەستەوە گرتووە و بە شان و شەوکەتەوە ئامادەی جەنگە، هونەرمەندەکەش بە هونەرێکی پێشکەوتوو وەک دیواربەندێک دایهێناوە.



**جەنگاوەرە میدییەکان لە کاتی شەڕدا:**


دوو جەنگاوەری میدی لە کاتی شەڕ لەگەڵ سیکەکان، هونەرمەند وێنەی میدییەکانی بالاتر و لێهاتووتر و سەرکەوتوو خستووتە بەرچاو، کە تیر و کەوان و بەرگیان لە هی سیکەکان پێشکەوتووترە.





**قەڵای میدییەکان:**

ئەمە وێنەی دوو قەڵای میدییەکانە، کە لە پاشماوە ئاشوورییەکانەوە بەدەست کەوتوون، هەر ئەم جۆرە ( شارە قەڵا )یەش بوو، کە پاشای میدییەکان بە شێوەیەکی، ئەفسانەیی تێیدا دەژیا.




**دوو بەردەنووسی میدییەکان:**

هێرۆدۆتس باسی زمان و نووسینی میدییەکان دەکات، کە ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی گرنگی پیشکەوتن و شارستانییەتی میدییەکانە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە لە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتەکەیان پێشینەیەکی پێشکەوتوو و لەمێژینەیان هەبووە. ئەم دوو بەردەنووسەش نموونەیی نووسین و جۆری نووسینی میدییەکانە، لەوە دەچێ هێشتا زۆر نووسینی تر لە ژێر زەویدا بێ و چاوەڕێی دەستی زانا و دڵسۆزەکان بن.



**هونەری میدییەکان:**

ئەم خەنجەر و پەرداخە دەستکردی هونەرمەندانی میدییەکانن و هەردووکیان زۆر بە هونەرەوە لە زێڕ دروستکراون، ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی پیشەسازی و هونەری بەرزی ئەوانە.



**کۆچی بە زۆر:**

ئەم خەڵکەی بە دوایی یەکدا ریزبووینە، بە ژن و پیاو و منداڵەوە کە پیاوەکان دەستیان بەستراوە، میدییەکانی دانیشتووی ئەم شارە قەڵایەن کە دەرگاکەی دیارە، ئەوەش ئاشوورییەکانن بە زۆر رایاندەگوێزن، لە وینەکەشدا دیارە کە خەڵکەکە هەر هێندە ماڵی خۆیان لە گەڵ خۆ دەبەن کە ژنەکان بەشان بۆیان هەڵدەگیرێ ئەکۆچڕەوەش لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین رووی داوە، ئەمەش بەڵگەیەکی تری هەبوونی میدییەکانە پێش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان وەک خاوەن قەڵا و حکومەت جگە لەوەی بەڵگەیەکیشە، کە میدی -کورد- زۆر لە مێژەو بە زۆر شێوە لە قەڵا و شار و وڵاتی خۆی دوور دەخرێتەوە.





**ئەسکەندەری شاخدار:**

ئەم وێنەیە لە سەدەی دووەمی پێش زایین دروستکراوە، لێرە ئەسکەندەر وەک سەرکردەیەکی شاخدار بەرجەستە کراوە، کە لە سەرچاوە مێژوویی و دەقە ئەفسانەییەکان، هەندێکیان باسی ئەوە دەکەن، کە ئەسکەندەر دوو شاخی هەبووە، هەندێکیش (ذوالقرنین) بە مانای خاوەنی دوو شاخ لێکدەدەنەوە. ئەسکەندەر بۆ خۆی و شاخدارییەکەشی زیاتر کردوویەتی بە پاڵەوان و کەسایەتییەکی ئەفسانەیی.



**ئەسکەندەری غەمبار:**

ئەمەش وێنەیەکی تری ئەسکەندەرە و هەر لە سەدەی دووەمی پێش زایین دروستکراوە؛ بەڵام، لەم وێنەیەدا وەک خواوەندێکی گەنج و غەمبار بەرجەستە کراوە.

# سەرچاوەکان:

تێبینی: لەگەڵ داوای لێبوردن، هەندێک لەژمارەی کتێبەکان دووبارە دەبنەوە و بە (أ) لێک جیا کراونەتەوە، هەڵەیەکی هونەری بوو، زۆرمان هەوڵدا بۆمان چاک نەکرا.

**کتێبە کوردییەکان:**

(١) ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی- کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێرانی: سەعید ناکام. بەغدا-١٩٧٩.

(٢) ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێرانی: برهان قانع (دار الحرية للطباعة بغداد) چ١، عێراق، بەغدا-١٩٧٨,.

(٣) ئۆسکارمان، تحفه ء مظفريه، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی. هێمن موکریانی. ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٥.

(٤) ئۆسکارمان. تحفه ء مظفريه، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی، هێمن موکریانی، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-١٩٧٥.

(٥) تاریق کارێزی، سام و جەمشیر، چ١، کوردستان، هەولێر- ١٩٩٩.

(٦) جەلال تەقی، شەوانی گوێی ئاگردان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ب ١، چ٢، هەولێر- ١٩٨٤.

(٧أ) جەمال نەبەز، سەرنجدانێک لە میتۆلۆژیای کورد. بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر ستۆکهۆلم، سوئید-١٩٨٦.

(٧) جەمال ڕەشید، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری، بلاوکردنەوەی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی، چ١، بەغدا-١٩٨٨.

(٨) چیرۆک نڤیس، مەمی ئالان کۆی کردووتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، صالح عەلی گوللی و ئەنوەر قادر محەمەد لە رێنووسی لاتینییەوە هێناویانەتە سەر رێنووسی؟ کۆڕی زانیاری کورد و فەرهەنگیان بۆ کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا- ١٩٧٧

(٩) حەسۆ هورمی، پەرستگەها لالش، چاپخانا دهۆک، چ١، دهۆک- ٢٠٠٠.

(١٠) حەسۆ هورمی، مرن ل جەم ئیزدیان، چاپخانەی هاوار، دهۆک-٢٠٠٠.

(١١) خالد حسێن، دەرگەهەک بۆ فۆلکلۆری کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی. بەغدا- ١٩٨٥.

(١٢) خدرێ سلێمان، گوندیاتی، چاپخانەی (الحوادث) چ ١، بەغدا- ١٩٨٥.

(١٣) رەشاد میران، (دکتور) رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، چ٢، هەولێر- ٢٠٠٠

(١٤) سەلام مەنمی، بەراوردی دە ئەفسانە و چیرۆکی میللی، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک،

چاپخانەی زاموا، کوردستان، سلێمانی-١٩٩٩.
(١٥) شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار، چاپخانەی جەواهیری چ٢، ئێران، تاران- ١٩٨١.
(١٦) شاکر فەتاح، یەزیدییەکان و ئاییینی یەزیدی، چاپخانەی کامەران، چ١، سلێمانی- ١٩٦٩.
(١٧) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، ب١، انتشـــــارات ناجی، ایران، بانە. کردستان- ١٣٧٠.
(١٨) طە باقر، داستانا گلگامێش، وەرگێڕانی: سەلاح سەعدلا، بەلاڤ کرنا ئەمینداریا گشتی یا رەوشەنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانێ، چاپخانا (دار الحرية للطباعة) چ١ ١٩٨٨.
(١٩) طارق جمباز، چل کەزی، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، چ١، هەولێر- ١٩٨٩.
(٢٠) عەزیز گەردی. ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا- ١٩٨٢.
(٢١) عبدالرقيب يوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سوورین، بەیارمەتی رێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە، ساڵی - ١٩٩٤.
(٢٢) عبدالرحمن نقشبندی، هەبوو.. نەبوو، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، مطبعة (شفیق) بەغدا- ١٩٨٠.
(٢٣) عیزەدین مستەفا رەسول (دکتور)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی لەچاپ دراوە، چ٢، ساڵی چاپ- ,١٩٧٩
(٢٤) قەناتی کوردۆ- کوردۆیف (پرۆفیسۆر)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، هێنانە سەر رێنووسی کوردی و ساغ کردنەوە و وشە و لێکدانەوەی مامۆستایان: شکور مستەفا، ئەنوەر قادر محەمەد. پێشەکی و پێداچوونەوەی د. ئەورەحمان حاجی مارف.
(٢٥) کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، مێژوو. چاپخانەی (دار آفاق عربية -بغداد) چ١، بەغدا- ,١٩٨٣
(٢٦) کاوس قەفتان (دکتۆر) ئەفسانەکانی میللەتانی ئاسیا، لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی (علاء) چ١، بەغدا-١٩٨٥.
(٢٧) مەولود ئیبراهیم حەسەن. قەدەغەشکێنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی-,٢٠٠٠
(٢٨) محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران موکری)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب١، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٨٤.
(٢٩) محەمەد کەریم شەریف، سوار چاکی لە لاوکی کوردەواریدا، چاپخانەی (ئەسعەد)، چ١، بەغدا ١٩٧٨.
(٣٠) محەمەد کەریم شەریف، هەقایەتی کوردەواری، بەغدا- ١٩٨٥.
(٣١) محەمەد ئەمین زەکی، کوردو کوردستان، جلد (١-٢-٣)، چاپخانەی دار السلام، بغداد، ساڵی چاپ-١٩٣١.



(٣٢) محەمەد فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری، ژمارەی (٢٦) چ١، هەولێر-١٩٩٧.
(١٣٣)- محەمەد نادری، چیرۆکی دروست بوون و ئادەم و حەوا، چاپخانە (؟) ولات و شار (؟) ساڵی چاپ-,١٩٩٩

**کتێبە فارسییەکان:**

(٣٣) کتاب مقدس یعنی کتب عهد عتیق و عهد جدید، به نفقه جماعت مشهور بەبریتش وفون بیبل سوسائیتی، دار السلطنة لندن- مطبوع گردیده فی سنه ,١٩٠١
(٣٤) آلن کاردک، کتاب ارواح، ترجمه، دکتر محسن فرساد، ناشر دنیای کتاب، پیک ایران، تهران- ١٣٧١.
(٣٥) ابو القاسم اسماعیل پور، اسطوره‌ء آفرینش در آیین مانی، انتشارات فکر روز، تهران ١٣٧٥.
(٣٦) ابو الریحانی، فلسفه هند قدیم. ترجمه: دکتر اکبر دانا سرشت، چ٣، تهران- ١٣٦٣.
(٣٧) احمد تفضلی، تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام به کوشش دکتر ژاله آموزگار، تهران- ١٣٧٧.
(٣٨) اریک فون دانکین، الهه‌های گذشتگان، مترجمان: هایون حرم، رضا رامز، انتشارات مؤسسه‌ء فرهنگی انتشارات محسنی، چ٢، ایران-١٣٧٣.
(٣٩) ایرج بهرامی، اسطوره اهل حق، نشر آتیه، چ١، تهران- ١٣٧٨
(٤٠) آیت الله محمدی، جغرافیای تاریخی ایوان کلهر- چ١ - ایران- ١٣٧٦.
(٤١) بهرام فرەوشی (دکتر) جهان فروری، ایران، تهران، چ١، ١٣٦٤.
(٤٢) بهرام فرەوشی (دکتر)، ایرانویج، انتشارات دانشگاه تهران ١٣٧٤.
(٤٣) پورداود، پنجا گفتار پورداود، بکوشش: مرتضی گرمی، انتشارات امیر کبیر، ایران وهند (تریا) سال چاپ - ١٣٤٣.
(٤٤) پورداود، گاتها، سرودهای مقدس پیغمبر ایران حضرت سپنتمان زردشت، اوستا، ازسلسله و انتشارات انجمن زردشتیان ایران، بمبئی وایران- سال چاپ(؟).
(٤٥) پورگریمال،اسطوره های خاور میانه، ترجمه‌ء: مجتبی عبدالله نژاد، انتشارات ترانه، ایران مشهد، چ١- ١٣٧٦.
(٤٦) پیرامیه، تاریخ عیلام ترجمه‌ء: شیرین بیانی، انتشارات دانشگاه تهران، چ٢، تاریخ انتشار- ١٣٧٢.
(٤٧) تئودور نولدکه، حماسه ملی ایران، ترجمه‌ء: بزرگ علوی، بامقدمه و سعید نفیسی، انتشارات دانشگاه تهران، چ١،- ١٣٢٧.
(٤٨) ترسیلات گات توشانو، آمازون، اساطیر وافسانه‌ها، ترجمه‌ء: سیروس شاملو، انتشارات فکر روز، چ١، تهران-١٣٧٧
(٤٩) ج. مفرد، نیاکان باستان کرد در تأریخ واسطوره ها، کتاب ارزان، ب١، چ١ سوئید- ١٩٩٤.

(٥٠) ج. مفرد، نیاکان باستان کرد در تاریخ واسطوره ها، کتاب ارزان، ب٢، چ١، سوئید-١٩٩٥.
(٥١) جابر عناصر، شناخت اساطیر ایران، انتشارات سروش، چ١، ایران، تهران- ,١٣٦٨
(٥٢) جان هینلز، شناخت اساطیر ایران، ترجمه‌ء: ژاله آموزگار- احمد تفضلی، ایران چ١، تهران-١٣٦٨.
(٥٣) جلیل دوستخواه، اوستا گزارش وپژوهش، ج١، انتشارات مروارید، چاپ گلشن، ایران، چ٣، تهران- ١٣٧٥.
(٥٤) جلیل دوستخواه، اوستا گزارش وپژوهش، ج١، انتشارات مروارید، چاپ گلشن، چ٣، تهران-١٣٧٥.
(٥٥) جلال ستاری، اسطوره در جهان امروز، انتشارات امور خارجه، نشر مرکز، چ١ ، ایران، تهران-١٣٧٦.
(٥٦) جمال میر صادقی، داستان وادبیات،چ١، ایران، تهران- ١٣٧٥.
(٥٧) چقری هاوس هولد، گزنفون، بازگشت ده هزار یونانی، ترجمه‌ء: منو چهر امیری، انتشارات نیل، چاپ امیر کبیر، طهران -١٣٣٩.
(٥٨) حبیب الله تابانی، کردستان، برسی اوضاعي طبیعی اقتصادی انسانی، (در نموونه کردستان مکری) انتشارات سیدیان، چاپ رچائی، چ٢- ١٣٥٨.
(٥٩) حسن صفوی (دکتر)، انسان پس ازمرگ، انتشارات مرکز، تهران، چ١- ١٣٦٣
(٦٠) حسین میرکاظمی، افسانه های دیار همیشه بهار، سروش، تهران- ١٣٧٤.
(٦١) داریوش شایگان، ادیان و مکتبهای فلسفی هند، ج٢، مؤسسه‌ءانتشارات امیرکبیر، چ٢، تهران-٢٥٣٦(؟).
(٦٢) داریوش شایگان، ادیان و مکتبهای فلسفی هند، ج٢، مؤسسه و انتشارات امیرکبیر، چ١، تهران-٢٥٣٦(؟).
(٦٣) دونا روزنبرگ، اسطوره های خاور دور، ترجمه‌ء: مجتبا عبدالله نژاد، انتشارات ترانه، چ١، ایران، مشهد-١٣٧٥.
(٦٤) رحیمی عفیفی (دکتر)، اساطیر و فرهنگ ایران درنوشته های پهلوی، انتشارات توس، چ١، ایران، تهران- ١٣٧٤.
(٦٥) ژاله آموزگار (دکتر) احمد تفضلی، اسطوره زندگی دشت، انتشارات (؟) چاپ اول، ایران، تهران- ١٣٧٠.
(٦٦) ژاله آموزگار، تاریخ اساطیر ایران، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) تهران-١٣٧٤.
(٦٧) س. سولوکوف، زبان اوستائی، ترجمه‌ء: دکتر رقیه بهزادی، مرکز انتشارات علمی فرهنگی،چ١، ایران -١٣٧٠.



(٦٨) شاهرخ مسکوب، چند گفتار در فرهنگ ایران، انتشارات چشم چراغ، چ١ ،تهران- ١٣٣٧١.
(٦٩) شجاع الدین صفا، افسانه و خدایان ، ناشر پنگاه مطبوعاتی کوتمبرگ، چاپخانه اتحاد،سال چاپ(؟).
(٧٠) صدیق صفی زاده (بوره‌که‌یی)، واژه‌های همانند درپهلوی وکردی،چاپ رشیدیه، تهران-١٣٥٠.
(٧١) عباس قدیانی،تاریخ ادیان ومذاهب درایران، انتشارات انیس، چ١ تهران- ,١٣٧٤
(٧٢) عبدالحسین زرین کوب، پله پله تاملاقات خدا، انتشارات علمی، چاپخانه‌ء مهارت، چ١. تهران-١٣٧٥.
(٧٣) عزیز الله جوینی(دکتر)، شاهنامه، انتشارات دانشگاه، ج١، ج٢، چ١، تهران-,١٣٧٥
(٧٤) عزیز الله جوینی (دکتر)، نبرد اندیشه‌ها در حماسه‌ء رستم واسفندیار از دستنویس موزه‌ء لینینگراد انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم تهران-١٣٧٢.
(٧٥) ع، پاشائی، تاریخ آیین بودا، (هینه یانه) انتشارات (؟) ج١، چ١، تهران-,١٣٦٩
(٧٦) عليّ شریعتی (دکتر)، تاریخ ادیان - جامعه شناسی، مؤسسه‌ء ارشاد، ایران طهران، ١٣٥٠.
(٧٧) علی درویشیان، افسانه‌ها نمایشنامه‌ها و بازیهای کردی، انتشارات (؟) ج١، چ١، تهران-١٣٦.
(٧٨) عليّقلی محمود بختیاری، زمینه فرهنگ وتمدن ایران، نگاهی به‌عصر اساطیر، دفتر یکم، چ٣، ایران- ١٣٥٨.
(٧٩) عماد الدین دولت شاهی، رستم سهراب، انتشارات خیام، چ١، ایران- ١٣٧٧.
(٨٠) غلامرضا ستوده (دکتر)، نمیرم ازین پس که من زنده‌ام،، انتشارت دانشگاه تهران، چ١ ایران-١٣٧٤.
(٨١) فریدون شایان، سیر در تاریخ ایران باستانی، چاپ اشنا، چ٣، ایران، تبریز-١٣٥١.
(٨٢) فریدون جنیدی، زندگی ومهاجرت نژاد آریا براساس روایات ایرانی، انتشارات بلخ، چ١ ایران -١٣٥٨.
(٨٣أ) فردوس: شاهنامه، براساس چاپ مسکو، انتشارات ققنوس، نه‌جلد، ایران، تهران- ١٣٧٨.
(٨٣) فضل الله رضا، پژوهش دراندیشه های فردوسی، شرکت انتشارات قلمی وفرهنگی دفترهای اول و دوم وسوم، چ٣، ایاران- ١٣٧١.
(٨٤) کارل توب، اسطوره‌های ازتکی ومایایی، ترجمه‌ء: عباس مخبر، نشر مرکز، چاپ١، تهران-١٣٧٥.
(٨٥) لوی ستروس و دیگران، جهانی اسطوره شناسی، ترجمه‌ء: جلال ستاری نشر مرکز چ١، ایران،-١٣٧٧.
(٨٦أ) م. اورنگ، رستاخیز فریدون. چاپ رنگین، ایران، تهران.١٣٤٦.
(٨٦) م. اورنگ کردشناسی، چاپخانه و رنگین چ١، تهران- ١٣٤٦.

(٨٧) م.ا.ل. مالووان، بين النهرين وايران باستان، ترجمهء: رضا مستوفى، انتشارات دانشگاه تهران، تاريخ انتشار- ١١٣٧٤.
(٨٨) م.ن. رودينكو. افسانه‌هاى كردى، ترجمهء: كريم كشاورزى، انتشارات آگاه، چ١، ايران، تهران- ١٣٥٢.
(٨٩) محمد علىّ فروغى وآقاى حبيب يغمائى، منتخب شاهنامه، چاپخانه و بانک ملى ايران تهران - ١٣٢١.
(٩٠) محمد على اسلامى ندوشن (دكتر)، زندگى ومرگ پهلوانان در شاهنامه، انتشارات اپار، چ٦، ايران، تهران- ١٣٧٤.
(٩١) محمد مقدم (دكتر)، چند نمونه ازمتن نوشته هاى فارسى باستان، انتشارت فروهر، چاپ رشيديه، چ٢، تهران- ١٣٦٣.
(٩٢) محمد جواد مشكور (دكتر)، تاريخ ايران زمين، ناشر انتشارت اشرفى، ايران چ٣، تهران- ١٣٦٦.
(٩٣أ) محمد دارا شكوه، اوپانيشاد (سراكبر) ازمتن سانسكريتى، بامقدمه وحواشى و تعليّقات و لغتنامه واعلام، بسعى واهتمام دكتر تاراچند، سيد محمد جلالى نايئنى، چ٣ تهران- ١١٩٨٨.
(٩٣) محمد سهرابى، لرستان وتاريخ قوم كاسيت، انتشارات افلاک، چ١، ايران، خرم اباد- ١٣٧٦.
(٩٤) محمود روح الامينى (دكتر)، مبانى انسان شناسى، انتشارات (؟) ايران، چ٨، ايران، تهران - ١٣٧٧.
(٩٥) مرتضى ثاقب، شاهنامه فردوسى وفلسفه تاريخ ايران، نشر قطره انتشارات معين چ١، تهران- ١٣٧٧.
(٩٦) مهرداد بهار. اساطير ايران. انتشارات بنياد فرهنگ، ايران، تهران-١٣٥٢.
(٩٧) مهرداد بهار (دكتر)، ازاسطوره تا تاريخ، نشر چشمه، ايران، تهران- ,١١٣٧٧
(٩٨) مهرداد بهار (دكتر)، پژوهش در اساطير ايرانى، پاره و نخست و دوم، چاپ سپهرنفش تهران اگاه، چاپ سوم، تهران- ١٣٧٨.
(٩٩) مهرى باقرى (دكتر)، كارنامه و اردشير بابكان، نشر قطره، ايران، چاپ اول تهران - ١٣٧٨ .
(١٠٠) مير چالياده، جاودانه بازگشت اسطوره، ترجمهء بهمن، سركاراتى، نشر قطره، ايران، تهران- ١٣٧٨.
(١٠١) ميرچالياده، اسطوره رويا راز، ترجمهء رويا منجم، چاپ انتشارات روز، چ١، ايران، تهران- ١٣٧٥.
(١٠٢) مير صادقى، داستان و ادبيات، چ١، انتشارات(؟) سال چاب (؟)
(١٠٣) منوچهرى كريم زاده، چهل قصه گزيده قصه‌هاى عاميانه ايرانى، انتشارات (؟) گرح نو، چ٣، ايران، تهران- ١٣٧٧.



(١٠٤) واسيلى نيكتين، كرد و كردستان، ترجمهء :محمد قاچى، انشتارات تيلوفر، چ٢. ايران- ١٣٦٦.
(١٠٥) وستا سرفوس كريتس، اسطوره‌هاى ايرانى، ترجمهء: عباس مخبر، انتشارات(؟) ايران- تهران- ١٣٧٣.
(١٠٦) يدالله سحابى، (دكتر)، خلقت انسان، انتشارات شركت سهامى، چ٣ تهران- ,١٣٥١
ئەم كتێبانە ناوى نووسەريان بەسەرەوە نييە.
(١٠٧) اسكندرنامه، جايگان فروش شركت نسبى كانون كتاب، هفت جلد تهران- ناصر خسرو سال چاپ (؟).
(١٠٨) فلسفه در ايران، مجموعه و مقالات فلسفى، ايران، تهران- ١٣٥٨.

**كتێبە عەرەبييەكان:**

- القرآن الكريم
(١٠٩أ) أدوارد كيبرا، ترجمه وعلق عليه دكتور محمود حسين أمين. الناشر مكتبة دار المتنبي- بغداد ١٩٨٤.
(١٠٩)احمد كمال زكي (الدكتور) الاساطير- دراسة حضارية مقارنة، دار النشر (؟) ط٢، بيروت- ١٩٧٩.
(١٠٩أ) احمد خاني، مم وزين، ترجمة: الدكتور عزالدين مصطفى رسول، مطبعة اوفسيت صفوت، ط١، سليمانية -٢٠٠٠.
(١١٠) احمد رشدي صالح، الادب الشعبي، دار النشر، ط٢، مصر، القاهرة- ١٩٧١.
(١١١) احمد افندي نجيب، الاثر الجليل لقدماء وادي النيل، الناشر مكتبة مدبولي، القاهرة، سنة الطبع (؟).
(١١٢) احمد محمد عبدالخالق (الدكتور)، قلق الموت، عالم المعرفة، مطابع الرسالة، ط١، كويت- ١٩٨٧.
(١١٣) احمد حامد الصراف، الخيام، منشورات مكتبة المثنى، ط٣، العراق، بغداد- ,١٩٦١
(١١٤) اشلي مونتاغيو، البدائية، ترجمة: محمد عصفور، الناشر عالم المعرفة، كويت - ,١٩٨٢
(١١٥أ) ايج. أي. ايل، ملرش، ترجمة عطا بكري. مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٧١.
(١١٥) بيوار خنسي، بحيرة وان، مطبعة الثقافة، ط١، اربيل- ١٩٩٨.
(١١٦) توماس بلفينش، عصر الاساطير، ترجمة: رشيد اسيسي، الناشر النهضة العربية، مطبعة البلاغ، مصر، القاهرة، سنة الطبع(؟).
(١١٧) ثامر مهدي، من الاسطورة الى الفلسفة والعلم، دار النشر (؟) ط١، بغداد- ١٩٩٠.
(١١٨) جمال رشيد احمد (الدكتور) و د. فوزي رشيد، تاريخ الكرد القديم، جامعة صلاح الدين، اربيل- ١٩٩٠.

(١١٩) جورج كونتينو، الحياة اليومية في بلاد بابل وآشور، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي وبرهان التكريتي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، العراق، بغداد ١٩٧٩.
(١٢٠) جون ماركوري، الوجودية، الترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، دار النشر (؟) الكويت)١٩٨٢.
(١٢١) جيمس فريزر، الغصن الذهبي، ترجم باشراف الدكتور احمد ابوزيد، ج١، دار النشر (؟) مصر- ١٩٧١.
(١٢٢) جيمس فريزر، الفولكلور في العهد القديم (التوراة) ترجمة: د. نبيلة ابراهيم، ج١، دار المعارف، ط٢، القاهرة- ١٩٨٢.
(١٢٣) خليل سعيد، معالم من حضارة وادي الرافدين، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية، ط١، دار البيضاء - ١٩٨٤.
(١٢٤) دبليو، اي، ويگرام، وادكار، تي، اي ويگرام، معهد البرشية، الحياة في شرق كردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، مطبعة الزمان، بغداد- ١٩٧١.
(١٢٥) ديفيد وجوان اوتيس، نشوء الحضارة، تعريب وايضاحات د. يوسف حبي، دار الرشيد للنشر، ط١، بغداد- ١٩٨٠.
(١٢٦) ريتا عوض، اسطورة الموت والانبعاث، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١ ، بيروت - ١٩٧٨.
(١٢٧) سليمان، مصر الفرعونية، مركز الحضارة العربية للاعلام والنشر، ط١، مصر، الجيزة. ١٩٩٤.
(١٢٨) سمير مالطي، شاهنامه، ط١، لبنان، بيروت- ١٩٧٧.
(١٢٩) صالح حمادي، دراسات في الاساطير والمعتقدات الغيبية، دار ابو السلامة، ط١، تونس- ١٩٨٣.
(١٣٠) صبري سليم حمادي، اثر التراث الشعبي في الرواية العراقية، دار النشر(؟) ط١، بيروت - ١٩٨٠.
(١٣١) صلاح عبدالفتاح الخالدي (الدكتور)، مع القصص السابقين في القرآن، دار القلم للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، دمشق-١٩٨٩.
(١٣١أ) صموئيل نوح كرمير، الاساطير السومرية، ترجمة: يوسف داود عبدالقادر، مطبعة المعارف، بغداد- ١٩٧١.
(١٣٢) طه باقر (الدكتور)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، منشورات دار البيان، ط١، مطبعة الحوادث، بغداد-١٩٧٣.
(١٣٣) طه باقر (الدكتور)، ملحمة گلگامش وقصص اخرى عن گلگامش والطوفان، ط٥، بغداد- ١٩٨٦



(١٣٤) عدد من الباحثين السوفيت المختصين، نظرية الادب، ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي، المركز العربي للطباعة والنشر، بيروت، توزيع الدار الوطنية للتوزيع والاعلان، بغداد-(؟).
(١٣٥) عبدالرضا على، الاسطورة في شعر السياب، منشورات وزارة الثقافة والفنون، سلسلة الدراسات جمهورية العراقية، مطبعة (بلا) بغداد- ١١٩٧٨.
(١٣٦) عبدالحميد يونس (الدكتور)، الحكاية الشعبية، طبعة خاصة بالعراق،ط١ بغداد- (؟).
(١٣٧) عبدالجليل فيلي، اللور (والكورد) الفيليون في الماضي والحاضر، مطبعة وزارة التربية ط١، اربيل- ١٩٩٩.
(١٣٨) عبدالمعطي الشعراوي (الدكتور)، هوميروس، مطبعة الثقافة، مصر- , ١٩٧١
(١٣٩) عبدالمنعم شميس، الجن والعفاريت في الادب الشعبي المصري، دار النشر (؟) مصر- ١٩٧٦.
(١٤٠) عبدالناصر محمد نوري عبدالقادر، الاسطورة وعلم الاساطير، في الموسوعة البريطانية دار النشر (؟) العراق، بغداد-١٩٨٦.
(١٤١) عزالدين اسماعيل، القصص الشعبي في السودان- دراسة فنية للحكاية الشعبية و وظيفتها، دار النشر (؟) عراق، بغداد-(؟)
(١٤٢أ) على الجزيري، الادب الشفاهي الكردي (بحوث)، منشورات رابطة كاوا للثقافة الكردية،ط٢، كردستان العراق، اربيل-٢٠٠٠
(١٤٢) على الشوك، الاساطير بين المعتقدات القديمة والتوراة، دار الام، لندن- , ١٩٨٧
(١٤٣) ف. م، جيرنوفسكي، الدراسات الادبية المقارنة، ترجمة : د. عزالدين مصطفى رسول، ج١، السليمانية- ٢٠٠٠.
(١٤٤) فاضل عبدالواحد على (الدكتور) والدكتور عامر سليمان، عادات وتقاليد الشعوب القديمة. دار النشر (؟) العراق، بغداد-١٩٧٩.
(١٤٥) فاضل عبدالواحد على (الدكتور)، عشتار ومأساة تموز، افاق عربية، ط٢. عراق، بغداد - ١٩٨٦ .
(١٤٦) فاضل عبدالواحد على (الدكتور)، سومر، اسطورة وملحمة، وزارة الثقافة والاعلام، العراق، بغداد ٢٠٠٠.
(١٤٧) فاضل عبدالواحد على (الدكتور)، الطوفان، مطبعة اوفسيت الاخلاص، ط١، عراق، بغداد- ١٩٧٥.
(١٤٨) فخر الرازي (الامام)، التفسير الكبير، الناشر مركز النشر، مكتب الاعلام الاسلامي ط٤٠، سنة الطبع- ١٤١٣ ه. ق.
(١٤٩) فخرالرازي (الامام)، التفسير الكبير، الناشر مركز النشر، مكتب الاعلام الاسلامي،

ج٢٠،ج٢١،ط٤٠، سنة الطبع ١٤١٣.
(١٥٠) فراس السواح، لغز عشتار، طبع في مطابع العجلوني، ط٥، سوريا، دمشق-١٩٩٣.
(١٥١) فراس السواح، مغامرة العقل الاولي، دراسة الاسطورة، سوريا وبلاد الرافدين، دار الحكمة للنشر، لبنان، بيروت- ١٩٨١.
(١٥٢) فريد ريش فون دير لاين، الحكاية الخرافية، ترجمة: الدكتورة نبيلة ابراهيم، مراجعة الدكتور عزالدين اسماعيل، ط١، لبنان، بيروت -1973.
(١٥٣أ) فوزي رشيد (دكتور)، قواعد اللغة السومرية، وزارة الاعلام، بغداد -1972.
(١٥٣) قيس النوري (الدكتور)، الاساطير وعلم الاجناس، طبع على مطابع مؤسسة دارالكتب للطباعة والنشر في جامعة الموصل، الجزء ١-٢، العراق، بغداد-١٩٨١.
(١٥٤) كاظم سعدالدين، الحكاية الشعبية العراقية، دراسة ونصوص، وزارة الثقافة والفنون، العراق، بغداد- ١٩٧٩
(١٥٥) كاوك غوستاف يونغ، الانسان ورموزه، ترجمة: سمير على، دار النشر(؟) العراق، بغداد - ١٩٨٤ .
(١٥٦) ك، ك، رانفين، الاسطورة، ترجمة: جعفر صادق الخليلي، منشورات عويدات، ط١، لبنان، بيروت- ١٩٨١.
(١٥٧) كلود ليفي شتراوس، الاسطورة والمعني، ترجمة وتقديم، د. شاكر عبدالحميد، مراجعة د. عزيز حمزة، دار النشر (؟) ط١، العراق، بغداد- ١٩٨٦.
(١٥٨) كولن ولسن، مابعد الحياة، ترجمة: الدكتور فاضل السعدوني، منشورات مكتبة التحرير، العراق، بغداد- ١٩٩٠.
(١٥٩) كمال الحناوي، اساطير فرعونية، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت سنة الطبع(؟).
(١٦٠) كمال فؤاد (الدكتور)، ملاحظات انتقادية حول كتاب، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، دار النشر (؟) سليمانية-٢٠٠٠.
(١٦١) محمد عبدالمعيد خان (الدكتور)، الاساطير والخرافات عند العرب، دار النشر (؟) ط٢، لبنان، بيروت- ١٩٨١.
(١٦٢) محمد الجوهري، علم الفولكلور، ج٢، ط١، مصر، القاهرة- ١٩٨٠.
(١٦٣) محمد خليفة حسن احمد (الدكتور)، الاسطورة واالتاريخ في التراث الشرقي القديم، دار النشر (؟) ط١، ١٩٨٨.
(١٦٤) محمود القمي (سيد)، الاسطورة والتراث، الناشر اسينا للنشر، ط٢، مصر، القاهرة-١٩٩٣.
(١٦٥) محمود سليم الحوت، الميثولوجيا عند العرب، دار النشر (؟) ط٢ لبنان، بيروت -١٩٧٩ .
(١٦٦) مرغريت روين، علوم البابليين، تعريب وايضاحات ، د.يوسف حبي، دار الرشيد للنشر.



العراق، بغداد. ١٩٨٠.
(١٦٧) مسعود سعيد ياسين، السومريون ترى من يكونون ان لم يكونو كردا؟ مطبعة (هاوار) ط١، دهوك-١٩٩٩.
(١٦٨) مصطفى على الجوزو، من الاساطير العربية والخرافات، دار النشر (؟) ط٢، لبنان، بيروت - ١٩٨٠ .
(١٦٩أ) مينورسكي، الاكراد، ترجمة: الدكتور معروف خزندار، مطبعة النجوم-١٩٦٨.
(١٦٩) ميتامرفوزس، مسخ الكائنات، ترجمة وقدم له د. ثروت عكاشة، راجعه على الاصل اللاتيني د. مجدي وهبه، الهيئة المصرية العامة مصر-١٩٨٤.
(١٧٠) ميريلا غاليتي، تراث الكرد في مؤلفات الايطاليين، تعريب وتعليق وايضاحات د. يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد-١٩٨١.
(١٧١) نائل حنون، عقائد مابعد الموت. في حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة، دار النشر (افاق العربية) ط٢، العراق، بغداد - ١٩٨٦.
(١٧٢أ) ناصر حلاوي. بنية الاسطورة عند شتراوس، ترجمة، ط١ ، سنة الطبع (بلا)
(١٧٢) نبيلة ابراهيم (الدكتورة)، اشكال التعبير في الادب الشعبي، مطبعة النهضة، ط٢، مصر، القاهرة-١٩٧٤.
(١٧٣) نوري جعفر (الدكتور)، طبيعة الانسان في ضوء فسلجة بافلوف، مكتبة التحرير، الحلقة الثانية، ط٢، العراق، بغداد-١٩٧٨.
(١٧٤) وليم رايتر، الاسطورة والادب، ترجمة: صبار سعدون، مراجعة الدكتور، سلمان داود )الواسطي، دار النشر (؟) العراق ، بغداد- ١٩٩١.
(١٧٥) هـ. فرانكفورت اخرون، ماقبل الفلسفة، ترجمة: جبرا ابراهيم حبرا، ط٢، لبنان، بيروت-١٩٨٢.
(١٧٦) هوشنگ بروكا، دراسات في ميثولوجيا الديانه الايزدية، اصدار خاص،ط١- ١٩٩٥.
(١٧٧) هنري برجسون، الطاقة الروحية، الترجمة: الدكتور سامي الدوري، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر- ١٩٧١.
- ئەم کتێبە ناوی نووسەری بەسەرەوە نیە.
(١٧٧أ) رجوع، علم التجسد، منشورات، بهكتي فيدانت- ١٩٨٤.

نامەی ئەکادیمی:

(١٧٨) زهرة محمود امين قرداغي، خلود الروح في الفكر الرافدي. باشراف الدكتور على حسين الجابري، جامعة بغداد، كلية الاداب، بغداد-١٩٩٩. (رسالة ماجستير).

**فەرهەنگە کوردییەکان:**

(١٧٩) جگەر خوێن، فەرهەنگ کوردی، بەرگی (١-٢) بالیکاریا جامعا بغداد هاتیە چاپکرن، بغداد- ١٩٦٣.

(١٨٠) حەمـیـدی ئیـزەد پەناه، فـەرهەنگی لەک و لوڕ، لیـدوان و بەراوردکـردنی مـەحـمـوود زامـدار، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیای کورد، بەغدا-١٩٧٨.

(١٨١) صـدیق صـفی زاده (بۆرەکـەیی) ج١، د. فـرهنگ مـاد، مـؤسـسـه مطبـوعـاتی عطائی، چ١ . ١٣٦١.

(١٨٢) ضیاءالدین پاشا الخالدي المقدسي الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة، حققه وقدم له مع دراسة لغویة، الاستاذ الدکتور محمد فکري. بیروت- ١٩٧٥.

(١٨٣) عبدالرحمن محمد زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، ب١،(د)، ب٢(ب)، چاپخانەی کۆڕی زانیای کورد بەغدا ١٩٧٩.

(١٨٤) فاضل نظام الدین، ئەستێرەگەشە، کۆماری عێراق وەزارەتی پەروەردە، چ١٩٨٩،٢.

(١٨٥) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چ١. ساڵی-١٩٩٩

(١٨٦) گیـوی مـوکریانی، فـەرهەنگی مەهاباد، چاپخـانـەی کـوردسـتـان، هەولێـر سـاڵی چاپ، ٢٥٧٣ی کوردیی.

(١٨٧) محمدی خاڵ فەرهەنگی خاڵ جزمی (١-٢-٣).

(١٨٨) محەمەد هەورامانی، فەرهەنگی ئیریەن ڤاچ و کوردی کۆن و هی نوێ ئەمینداریەتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان یارمەتی لەچاپدانی داوە، بەغدا-١٩٧٨.

(١٨٩) هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ، کردی- فارسی. ج١-٢، سروشت چ١، تهران- ١٣٦٨.

**فەرهەنگە فارسییەکان:**

(١٩٠) ابن خلف تبـریزی حسین منخلص ببـرهان، برهان قـاطع، ناشـر مـؤسـسـه و مطبـوعـات فـریدون علمی، بقلم محمد عباس، ایران، سال چاپ(؟).

(١٩١) بهـرام فـرەوشی (دکـتـر)، فـرهنگ زبان پهلوی، انـتـشـارات دانشگاه تهـران، چا٣ تجـدید نظر، تهران.١٣٥٨.

(١٩٢) حسین شهیدی مازندرانی، فرهنگ شاهنامه نام کسان و جای ها.

(١٩٣) حسن عمید، فرهنگ عمید، مؤسسه و انتشارات امیر کبیر، ج١-٢ چ٨.

(١٩٤) سعید عریان، واژەنامه پهلوی - پازند (فرهنگ پهلوی)، حوزه و هنری تهران-١٣٧٧.

(١٩٥) شـهرام هدایت (دکـتـر)، واژەهای ایرانی در نوشـتـه های باسـتـانی (عـبری- ارامی- کـلدانی) همراه بااعلام ایرانی، ناشر مؤسسه انتشارات وچاپ دانشگاه تهران، چ٣، تاریخ- ١٣٧٧.

(١٩٦) صـادق هدایت فـرهنگ عـامیـانه و مردم ایران، گرداورنده؛ جهـانگیـر هدایت، نشـر چشـمه،چ١، تهران-١٣٧٨.



(١٩٧) علی اکبر دهخدا، لغت نامه و دهخدا، ج١-١٥ چ١ از دوره جدید،١٣٧٢.

(١٩٨) محمد التونجی (الدکتور)، فرهنگ طلائی، دار العلم للملایین، بیروت- ١٩٦٩.

(١٩٩) مهشید مشیری (دکتر) فرهنگ زبان فارسی، سروش، چ٣ تهران- ١٣٧٤.

**فەرهەنگە عەرەبییەکان:**

(٢٠٠) عبدالحمید یونس، معجم الفولکلور. مکتبة لبنان- ط١، لبنان. بیروت، ١٩٨٣ .

(٢٠١) المنجد - دار الشرق لبنان، ط٢٣، بیروت ١٩٨٦.

**فەرهەنگی ئینگلیزی و فەرەنسی.**

[202] A KURDISH- ENGLISH DICTIONARY. BY TAUFIQ WAHBY AND G. J. EDMONDS. PRINTED IN GREAT BRITAIN. 1966.

[203] New Collegiate Dictionary- 1973.- Websters

[204] Petit Larousse, illuste, 1983.

**گۆڤارە کوردییەکان:**

تێبـینی: هەر گـۆڤـارێک یەک ژمـارەی بۆ داندراوە، ئەم ژمـارەیە لەگـەڵ ژمـارەی گـۆڤـار خـۆی دووبارە دەبێتەوە.

هێما: (ژمارەی زنجیرە، ژمارەی گۆڤار، ژمارەی لاپەڕە ).

(٢٠٥) ئاوێنە، ئێران، تەهران، ژ(١٧-١٨).

- ئاوێنە، = ، =، ژ(٣٢-٣٣).

- ئاوێنە = ، =، ژ(٣٤-٣٥).

(٢٠٦) ڕامـان مـانگـانەیەکی ڕۆشنبـیـری گشـتی ئازادە، دەزگـای ڕۆشنبـیری و ڕاگـەیاندنی گـوڵان دەری دەکات.

- ڕامان، ژ، (٨)

- ڕامان، ژ، (٤٢)

- ڕامان، ژ، (٤٣).

(٢٠٧) شانەدەر، گۆڤارێکی زانستی وەرزییە بایەخ بەشوێنەوار و مێژوو دەدات، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان- عێراق دەری دەکات، هەولێر.

-شانەدەر، ژ،(٧).

(٢٠٨) کەلەپووری کورد، گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆری وەرزییە، کۆمەڵەی کەلەپووری. فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات.

- کەلەپووری کورد، ژ،(٤) - کەلەپووری کورد، ژ،(٥) - کەلەپووری کورد، ژ،(٦)

- کەلەپووری کورد، ژ،(٨) - کەلەپووری کورد، ژ، (٩) - کەلەپووری کورد، ژ، (١٠)

گۆڤاری کاروان: ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دەری دەکات. هەولێر

(٢٠٩) گۆڤاری کاروان، ژ- (٨٣)

(٢١٠) كاروانى فـۆلكلۆر، پاشكۆى گۆڤـارى كـاروان، ئەمـينداريەتيى گشـتى رۆشنبيـرى و لاوان دەرى دەكات، هەولێر

- كاروانى فۆلكلۆر، ژ (١) ساڵى يەكەم، هەولێر، ١٩٩٠.

(٢١١) كـۆڕى زانيـارى كـورد، بەرگى يەكـەم، بەشى يەكـەم ، چاپخـانەى كـۆڕى زانيـارى كـورد، بەغدا،١٩٧٣.

- كۆڕى زانيارى كورد، عێراق، دەستەى كورد، بەرگى سيازدەهەم، بەغدا- ,١٩٨٥

(٢١٢) لالش، مجلة ثقافية دورية يصدرها مركز لالش باللغتين الكوردية والعربية- دهوك.

- لالش، ژ،(٥) - لالش، ژ، (٦) - لالش، ژ،(٧) - لالش، ژ،(٨)
- لالش، ژ،(٩) - لالش، ژ،(١١) - لالش، ژ، (١٢)
- گۆڤاى مەتين، لقى يەكى پارتى ديموكراتى كوردستان بەزمانى كوردى و عەرەبى دەردەكات، گۆڤارێكى مانگانەيە، سياسى و رۆشنبيرى- دهوك

(٢١٣) مەتين، ژ، (٧٣)

- مەتين، ژ، (٧٤)
- گۆڤارى هەزار مێرد، گۆڤارێكى زانستييە، لە شوێنەوار و مێژووى سلێمانى- وەزارەتى رۆشنبيرى حكومەتى هەرێمى كوردستان دەرى دەكات.

(٢١٤) هەزار مێرد، ژ، (٦).

- هەزار مێرد، ژ، (٧)
- هەزار مێرد، ژ، (١٠)

**گۆڤارە عەرەبييەكان:**

(٢١٥) الاقلام، الجمهورية العراقية، العدد الرابع، بغداد- ١٩٩٩.

(٢١٦) التراث الشعبي، الجمهورية العراقية. العدد الفصلي الثالث- بغداد. ١٩٨٦

(٢١٧) الثقافة الاجنبية، تصدرها وزراة الثقافة والاعلام دار الشؤون الثقافية العامة، السنة الحادية العشر.

- الثقافة الاجنبية، العدد الثاني، بغداد- ١٩٩١.
- الثقافة الاجنبية، العدد (٢) بغداد- ١٩٩٩.

(٢١٨) گولان العربي، مجلة شهرية سياسية ثقافية عامة، تصدر عن مؤسسة (گولان) للثقافة والاعلام، السنة الرابعة. العدد (٤٥) شباط- ٢٠٠٠.

(٢١٩) المدى العدد (١٢) سنة، ١٩٩٦.

(٢٢٠) نوروز العراق، الجزء العاشر، بغداد- ١٩٨٩ .

**گۆڤارى فارسى**

(٢٢١) پيام يونسكو، شماره (٣١) تهران، تاريخ انتشار- ١٣٧٠.



رۆژنامە كوردييەكان:

(٢٢٢) برايەتى، ژمارە (٣١٢٥) رۆژى ٢٠٠٠/٧/٣.

- برايەتى، ژمارە، (٣١٣٣) رۆژى ٢٠٠٠/٧/١٣.

(٢٢٣) هاوكارى، ژمارە، (٨٩٨) رۆژى ١٩٨٧/٧/٩.

- هاوكارى، ژمارە، (٩٠٢) رۆژى ١٩٨٧/٨/١٣.
- هاوكارى، ژمارە، (١١١٠) رۆژى ١٩٨٩/٩/٨.
- هاوكارى، ژمارە، (١١١١) رۆژى ١٩٨٩/٩/٢١.

دەسنووس: ئەم دەقە ئەفسانە كوردييانەم لەم بەرێزانەى خوارەوە وەرگرتووە و بۆ يەكەم جار بڵاودەكرێنەوە و زۆر سوپاسى دڵسۆزى و هاوكاريان دەكەم.

(٢٢٤) بەڕێز بەهيە محەمەد ڕەشيد، ژنى ماڵەوە: ئەفسانەى (خدرى زيندە).

(٢٢٥) بەڕێز بەهيە محەمەد ڕەشيد ژنى ماڵەوە: ئەفسانەى (پيرەژنێک)

(٢٢٦) بەڕێز كامل خوديدا نووسەر: ئەفسانەى (ئەسكەندەرى چارقورنەت).

(٢٢٧) بەڕێز وريا قانع نووسەر: ئەفسانەى (ئەسكەندەر).

## پێڕست


**پەیفی چاپ** ........ 5

**پێشەکی** ........ 8
هەڵبژاردنی ناونیشان ........ 8
گیروگرفتەکان ........ 9
گیروگرفتە تایبەتییەکانی لێکۆڵەرەوە خۆی لە چەند خاڵێکدا کۆدەبنەوە ........ 9
پلانی لێکۆڵینەوەکــە ........ 9
هەوڵەکانی پێشتر ........ 11
ئەنجـــام ........ 12
پەراوێزی پێشەکی ........ 13

**بەشی یەکـەم** ........ 15
چەمک و پێناسە و پێکهاتە و مێژووی ئەفسانەی کوردی ........ 15
١-١- چەمکی ئەفسانە ........ 15
١-١-١- وشەی ئەفسانە ........ 15
١-١-٢- مانای (اسطورە) ........ 16
١-١-٣- کۆنیی وشەی (اسطورە) ........ 16
١-١-٤- ئەفسانە بێژ ........ 18
١-١-٥- جۆرەکانی ئەفسانە ........ 20
١-١-٦- رەگەزەکانی ئەفسانە ........ 24
١-٢-١- تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی ........ 24
١-٢-٢- خاڵە تایبەتییەکانی ئەفسانەی کوردی ........ 24
١-٣-١- جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی ........ 25
١-٤-١- پێناسەی ئەفسانە ........ 28
١-٤-١-١- ئەفسانە و مێژوو ........ 29
١-٤-١-٢- ئەفسانە و زانست ........ 30
١-٤-١-٣- ئەفسانە و هێماکاری ........ 31
١-٤-١-٤- ئەفسانە و شیعر ........ 32
١-٥-١- هەندێ پێناسەی تایبەت ........ 33
١-٦-١- ئەفسانەی کوردی ........ 34
- نەخشەی هێڵکاریی چاوگی ئەفسانەی کوردی ........ 35

١-٦-١-١- مێژووی نەتەوەی کورد ........ 36
١-٦-١-٢-لەبن عەرد و لەنێو ئەشکەوت ........ 36
١-٦-١-٣- ئەفسانەی سۆمەرییەکان ........ 39
١-٦-١-٤- مێژووی ئارییەکان ........ 41
١-٦-١-٥- مێژووی ئەفسانەی (ماد)ەکان ........ 47
١-٦-١-٦- کورد و (ماد)ەکان ........ 50
- هێڵکاریی کۆچی درێژخایەنی ئەوانەی پێیان دەگوترێت (ئاری) ........ 52
١-٧-١- کوردستان سەر زەمینی مێژوو و ئەفسانەی لافاو ........ 53
١-٧-١-١- هۆی روودانی لافاو ........ 55
١-٧-١-٢- سەرچاوەی لافاو ........ 56
١-٧-١-٣- ئەفسانەی ترس و تەماع ........ 56
١-٧-١-٤- پاڵەوانی لافاو ........ 56
١-٧-١-٥- نیشتنەوەی کەشتی ........ 56
١-٧-١-٦- چیای (بێخێر) ........ 57
١-٧-١-٧- چیای سنجار (ژەنگار) ........ 58
١-٧-١-٨- ئاڤا کانیا سپی ........ 58
١-٧-١-٩- ماڵا ڕەش ........ 58
١-٧-١-١٠- ژیانی پاش لافاو ........ 58
١-٧-١-١١- یەکەمین گوند ........ 59
١-٧-١-١٢- یەکەمین شار ........ 59
١-٧-١-١٣- پاراستنی هەوێنی سەر و ماڵ ........ 60
١-٨-١- بەرەو پێگەیشتنی میللەتی کورد ........ 62
١-٨-١-١- مێژووی ئایینی کورد ........ 66
١-٨-١-٢- لە ئەشکەوتەوە بۆ ئاسمان ........ 66
١-٨-١-٣- زەردەشت ........ 69
١-٨-١-٤- ناوی زەردەشت ........ 70
١-٨-١-٥- سەردەمی زەردەشت ........ 71
١-٨-١-٦- پەیامبەریی زەردەشت ........ 71
١-٨-١-٧- ئاوێستا ........ 72
١-٨-١-٨- زمانی کوردی ........ 73
١-٨-١-٩- ئاوێستا و زمانی کوردی ........ 75



١-٨-١-١٠- کۆنترین یەکەمین ........ 76
١-٨-١-١١- لە بارەی ئەفسانەی کوردییەوە ........ 78
١-٩-١- مێژووی ئەفسانەی (فارس)ەکان ........ 79
پەراوێزی بەشی یەکەم ........ 83
**بەشی دووەم** ........ 88
گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا ........ 88
٢-١- بەرەو پێگەیشتنی مرۆڤ ........ 88
٢-١-١- ترسی سەرەتا ........ 90
٢-١-٢- نیگەرانیی مردن ........ 92
٢-١-٣- گیان ........ 93
٢-١-٤- گیان چییە؟ ........ 93
٢-٢-١- کراسگۆڕین (التناسخ) ........ 96
٢-٢-٢- جۆرەکانی کراسگۆڕین ........ 97
٢-٢-٣- هەندێ لە کراسگۆڕەکان ........ 98
٢-٢-٤- دوا وشە لە بارەی کراسگۆڕینەوە ........ 100
٢-٣-١- ناشتنی مردوو ........ 101
٢-٣-٢- شینگێڕی ........ 104
٢-٣-٣- بەهەشت و دۆزەخ ........ 107
٢-٤-١- خودا و (خوداوەند) ........ 110
٢-٤-٢- گیانپەرستی ........ 111
٢-٤-٣- دایکپەرستی ........ 111
٢-٤-٤- مرۆڤپەرستی ........ 111
٢-٤-٥- ئەفراندانی مرۆڤ ........ 114
٢-٤-٦- گەیشتن بەخودا ........ 115
٢-٥-١- گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا ........ 118
٢-٥-١-١- نەمریی چییە؟ ........ 118
٢-٥-١-١- لەشساغی ........ 119
٢-٥-١-٢- کابرای سەقەت ........ 120
٢-٥-١-٣- هەمیشە گەنجیی ........ 122
٢-٥-١-٤- تەمەن درێژیی ........ 124
٢-٥-١-٥- یارانی ئەشکەوت ........ 128

٢-٥-١-٦- زیندووبوونەوە ... 128

- هێڵکاریی درەختی کاردانەوەی مردن ... 131

٢-٦-١- گەڕان بەدوای نەمرییدا ... 132

٢-٦-٢- هەندێ لە نەمران ... 138

- هێڵکاریی ئەنجامی گەڕان بەدوای نەمرییدا ... 145

٢-٦-٣- دۆڕاندنی نەمریی ... 146

٢-٦-٤- مردن بەعەشقەوە ... 149

پەراوێزی بەشی دووەم ... 150

**بەشی سێیەم** ... 154

گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانەی کوردی و فارسیدا ... 154

٣-١- خدری زیندە و ئەسکەندەر ... 154

٣-١-١- خدری زیندە ... 154

٣-١-٢- خدری زیندە و (قورئان)ی پیرۆز ... 155

٣-١-٣-خدری زیندە لە خەیاڵی ئەفسانەیی کورددا ... 156

٣-٢-١- ئەسکەندری چوار قوڕنەت ... 157

٣-٢-٢- ئەسکەندەر لەنێو خەیاڵی ئەفسانەیی کورددا ... 157

-٣-٢-٣- ئەسکەندەر لەنێو قورئانی پیرۆزدا ... 157

٣-٣-١- فەڕی ئیزەدی ... 158

٣-٤-١ کورتەی ئەفسانەکان بۆچی؟ ... 160

٣-٤-٢- کورتەی دەقی ئەفسانە کوردییەکان ... 161

٣-٥-١- کورتەی دەقی ئەفسانە فارسییەکان ... 169

٣-٦-١- گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە کوردییەکاندا ... 182

٣-٦-١-١- کێن ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن؟ ... 182

٣-٦-١-١- کەسایەتییەکان لە ئەفسانە کوردییەکاندا ... 183

٣-٦-١-٢- کەسایەتییەکان لە ڕێگا تووشی چی دەبن؟ ... 188

٣-٦-١-٣- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی بەدەست دێنن؟ ... 191

٣-٦-١-٤- هۆیەکانی نەمریی چین؟ ... 194

٣-٦-١-٥- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی لە دەست دەدەن ... 196

٣-٧-١- گەڕان بەدوای نەمریی لە ئەفسانە فارسییەکاندا ... 199

٣-٧-١-١- کێن ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن؟ ... 199

٣-٧-١-٢- کەسایەتییەکان لە ڕێگا تووشی چی دەبن؟ ... 202





٣-٧-١-٣- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی بەدەست دێنن؟ ... 204

٣-٧-١-٤- هۆیەکانی نەمریی چین؟ ... 206

٣-٧-١-٥- کەسایەتییەکان چۆن نەمریی لە دەست دەدەن؟ ... 209

٣-٨-١- بەراوردی ئەفسانە کوردی و فارسییەکان ... 210

٣-٨-١-١- خاڵە هاوبەشەکان ... 212

٣-٨-١-٢- جیاوازییەکان لەنێوان دەقە کوردی و فارسییەکاندا ... 213

٣-٨-١-٣- جیاوازی تایبەتمەندیی ئەفسانە کوردییەکان ... 214

٣-٨-١-٤- جیاوازی تایبەتمەندیی ئەفسانە فارسییەکان ... 215

٣-٩-١- نەمریی لەنێوان ئەفسانەو واقعی ژیان لەژێر ڕۆشنایی ئەفسانە کوردی و فارسییەکاندا... 216

٣-١٠-١- نەمریی خوداوەند و مەرگی مرۆڤ ... 218

پەراوێزی بەشی سێیەم ... 220

**ئەنجام** ... 223

**پاشکۆی وێنەکان** ... 227